# مێژوویەک

## لە یادەوەریدا

(دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا)

ئێدیتۆر

**سالار ڕەشید**

ناوی کتێب: مێژوویەک لە یادەوەریدا
بابەت: دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا
ئامادەکردنی: سالار ڕەشید
نەخشەسازی بەرگ: سەردار عەبدوڵا کەریم
سەرپەرشتیی چاپ: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
چاپ و دابەشکردن: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: ژمارە (      )ی ساڵی (٢٠١٤)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێ دراوە

## پێشکەشە:

*※ بە گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و بەرابەری.*

*※ بەو تێکۆشەرانەی لەو پێناوەدا ڕەنج و باجیان دا.*

*※ بە دایکم، دایە فەریدە، کە لە ڕۆژگارە تاریک و ترسناکەکاندا، بڵاوکراوە و پەڕاوە حەرامکراوەکانی بۆ دەشاردینەوە و ماڵەکەشی بۆ ڕێکخستن بنکە و بۆ هاوڕێکانم پەناگە و شوێنی خۆحەشاردان بوو.*

# پێرست


- دەستپێک ........................................ ٧
- "ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان" (گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان محەمەد کەریم) ........................................ ٩
- "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران"، "ئەڵقەی کۆمۆنیستیی بڵێسە"، "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری" (گفتوگۆ لەگەڵ جەبار مستەفا) ............... ٢٥
- "ڕێکخراوی برووسک"، "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران" و "ڕەوتی کۆمۆنیست" (گفتوگۆ لەگەڵ نادر عەبدلحەمید) ........................................ ٧٣
- "گرووپی مارکسییە لێنینییەکانی عێراق/ ڕێکخراوی کار" (گفتوگۆ لەگەڵ زاهیر باهیر، ئیبراهیم ئیسماعیل و مەلا ڕەئووف) ................................ ١٢١
- "بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان/ بەرزە" (گفتوگۆ لەگەڵ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا) ........................................ ١٣٧
- بیست ساڵ لەمەوبەر... مانگرتنی عەزیمی خوێندکاران، نووسینی: سالار ڕەشید ........................................ ١٥٥
- مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٨٤ (چاوپێکەوتنی سایتی دەنگەکان لەگەڵ سالار ڕەشید) ........................................ ١٥٩
- "مانگرتنی دووەمی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین" (گفتوگۆ لەگەڵ سەمیر نووری) ........................................ ١٧٣
- "کرێکارانی کۆمۆنیست"، "هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست" و "سەرنجی کرێکار" (گفتوگۆ لەگەڵ ئاسۆ کەمال) ........................................ ١٨١
- "ئالای شۆڕش/ ئاش" (گفتوگۆ لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین) ........................ ١٩١
- "گرووهی پرۆژەی نووسینەوەی بەرنامە" (گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر ئەمین عوسمان) ........................................ ٢٠٩
- کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست/ کۆتک (گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد) ........................................ ٢١٥
- "ئەڵقەی ئۆکتۆبەر" (گفتوگۆ لەگەڵ جەمال ئەیووب) ................................ ٢٢٥

- "ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" (گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان) .......... ٢٣٧
- "ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" (گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) .......... ٢٥٥
- "ڕێکخراوی "پرۆلیتاریای کۆمۆنیست" (گفتوگۆ لەگەڵ جەمال ئەحمەد) .......... ٢٦٧
- "دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا"، هەستە" و "سەرنجی کرێکار" (گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم).......... ٢٨٣
- ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" و "شوورا کرێکارییەکان" (گفتوگۆ لەگەڵ سەمیر نووری) .......... ٢٩٩
- "زیندانییەکی ئەمنە سوورەکە لە بەردەم ٩٦ پرسیاردا" (گفتوگۆ لەگەڵ لوقمان مستەفا عەبدوڵا) .......... ٣٢٧
- ساتێک لە تەمەن (سەرگوزەشتەی نەریمان ئەمین عومەر) .......... ٣٦١
- "یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست" (گفتوگۆ لەگەڵ تاهیر ساڵح شەریف) .......... ٣٨٧
- "ڕێکخراوی یەکێتیی بێکاران" (گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد مەدحەت) .......... ٤١٥
- بڵاوکراوە و بەڵگەنامەکان .......... ٤٣٣
- پرۆفایلی سالار ڕەشید و بەشێک لە نووسراوەکانی .......... ٤٨٣

# دەستپێک

بیرۆکەی نووسینەوەی مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا بۆ ساڵانێکی زۆر بەر لە نووسینەوەی ئەم پەڕاوە دەگەڕێتەوە. نەبوونی هیچ باس و بابەتێک و تەنانەت یادەوەرییەکیش لەو ڕووە و پێشنیاری هاوڕێیانێکیش بۆ من، کە بە کارێکی لەو جۆرە هەستم، منی خستە سەر ئەوەی، کە ئیتر بە عەمەلی دەست بەکارێکی ئاوها بکەم.

ئیدی لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٩)ەوە چوومە نێو کارەکەم و ملی ڕێگام گرتە بەر. بەڵام کاتێک، کە هیچ کەرەستە، سەرچاوە، ئەرشیف و دۆکیۆمێنتێکم لەبەردەستدا نەبێ، تا بەکاریان بەرم و ئیشەکەمی پێ ڕایی بکەم، باشترین ڕێگاچارە هەر ئەوەبوو، ڕوو لە هاوڕێیانێک بنێم، کە لەو دەم و دەورانەدا بۆخۆیان بە کردەوە دەنێو ئەو مێژووەدا بوونە و زیندەگی هەر یەکەشیان گۆشەیەکی ئەو مێژووەی پێک هێناوە. هەر لەبەر ئەوەش ڕێگای گفتوگۆ، دواندن و چاوپێکەوتنم گرتە بەر، کە دیارە هەر یەکە بەگوێرەی بیرتیژی خۆی و لە گۆشەنیگای خۆیەوە وەڵامی پرسیارەکانم ئەداتەوە، کە مەرج نییە بۆ هەموو دیدێک هەر وا بێت. جا لەبەر ئەوە، ناکرێت و نادرووستە ناوی کارەکەمان بنێین، مێژوو. هەر لەو سۆنگەیەوە، ناوی ئەم پەڕاوەمان نا، "مێژوویەک لە یادەوەریدا". بەڵام دەتوانین بڵێین، ئەم پەڕاوە بۆ سیاسەتمەداران، مێژوونووسان و لێکۆڵەران سەرچاوەیەکی چاک، دەوڵەمەند و پڕ بایەخە، تاوەکوو بکارن بە وێنەی کەرەستەی خاو بۆ کارەکەیان بەدەستییەوە بگرن.

ئەم کارەی ئێمە دەچێتە سەر باسی گێڕانەوەی مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمێک، کە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ هەر دوو هێڵ و بلۆکی نەریتی و باوی ئەو دەمە، یانی سۆڤێت و چین نەک هەر جوودایە، بەڵکوو سەرەنجام بە سنووربەندیی خۆی لەگەڵ ئەواندا و بە گەڕانەوە بۆ ئەرتەدۆکس و سەرچاوە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم هێڵێکی دیکەی بۆ خۆی پێک هێنا، کە ئەو دەورانەش دەکاتە نیوەی دووهەمی دەیەی هەفتاکان، دەیەی هەشتاکان و سەرەتای دەیەی نەوەدەکان.

دیارە لەو نێوەدا، کە ئێمە خەریکی ئەم کارەین، چەند هەوڵێکی هاوشێوە بۆ نووسینەوەی ئەو مێژووە دراوە و هیوادارم باقیی هاوڕێیانی دیکەش، کە چمکێک

لەو بیرەوەری و مێژوویەیان لە لایە، دەست بە نووسینەوەی بکەن و لە نەمان و فەوتان ڕزگاری بکەن و کەسانێکیش بێن، لێکۆڵینە و توێژینەوەی بۆ بکەن و قامک بخەنە سەر لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ئەو بزووتنەوەیە و دەرس و ئەزموونی بۆ داهاتوو لێ هەڵبهێنجن.
بەپێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەم، ئەو پرسیارانەی، کە من لێرەدا کردوومن، مەرج نییە هەمووی ڕەنگدانەوەی ڕوانینی من بێت و ناکرێت ئەو ئەنجامگیرییەی لێ بکرێت.

سالار ڕەشید
سویسرا
٢٠١٤/٣/١٨

salarrasheed@yahoo.com

# "ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان"
## (گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان محەمەد کەریم)

*"ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان" یەکێک بوو لەو ڕێکخراوە چەپانەی نیوەی دووەمی ساڵی حەفتاکان لە کوردستان، کە لە کۆمەڵەی مارکسی_ لێنینی کوردستان جیا بووەوە و پاش ماوەیەکی کەم لە کار و هەڵسووڕان کەوتە بەر شاڵاوی گرتن و ئیعدام و سەرەنجام بەو هۆیەوە، تەواوی ڕێکخراوەکە هەڵوەشایەوە و فەوتا. بۆ شارەزابوون لە گەلێک لایەنی نادیار و شاراوەی ئەم ڕێکخراوە، دەچینە دیداری عوسمان محەمەد کەریم یەکێک لە کادران و بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە لەو دەمەدا، کە بۆخۆی یەکێکیش بووە، لەو کەسانەی بەر ئەو شاڵاوە کەوتووە و زیندانی کراوە.*

**پرسیار:** بەڕێز عوسمان محەمەد کەریم! ئێمە ئەمانەوێ دەربارەی دیاردە و ڕووداوێک قسەمان بۆ بکەیت، کەوا نزیکەی چوار دەیە دەبێت، لێی دوور کەوتووینەتەوە. بۆیە وەڵامدانەوەیان هەر وا سانا نییە، بەتایبەتی هیچ بەڵگە و تەنانەت لەتە وەرەقەیەکیش نییە، مرۆڤ پشتی پێ ببەستێت، جگە لە کرۆشتنی مێشک.
لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کۆمەڵە کەسێک لە "کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی کوردستان/ کملک" جیا دەبنەوە، پاشان ڕێکخراوێک بەنێوی "ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان" دائەمەزرێنن. پرۆسەی پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە چۆن بوو؟ لە چ ساڵێکدا بنیات نرا؟ دامەزرێنەرانی کێ بوون؟
**عوسمان محەمەد کەریم:** کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی کوردستان هەر وەکوو بە ناوەکەیدا دیارە، هەر لە کاتی درووستبوونییەوە ڕێکخراوێکی مارکسیی لێنینیی بوو، وە پشتی بە تیۆرەکانی ماوتسیتۆنگ بەستبوو، تا ئەو دەمەی، خاڵە شەهاب و بەشێک لە ڕابەرایەتی و کادرانی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیر ئەکرێن. دوای ئەوان ئارام (شاسوار جەلال) جڵەوی سەرکردایەتی ئەگرێتە دەست و کۆمیتەی هەرێمەکان درووست ئەکات و گۆڕانکاری لە ڕێبازی سیاسیی کۆمەڵەدا ئەکات، کە دیارترینیان: لابردنی ناو و ڕێبازی ماو لە پاڵ مارکس و لێنین، لابردنی ڕێبازی

سیاسیی سێ جیهانی، باسکردن لە حیزبێکی مارکسیستی بۆ کوردستانی عێراق، پتەوکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە مارکسیست و شۆڕشگێڕەکانی عێراق و بەرێخستنی شۆڕشی دیموکراتی لە عێراقدا.
ئەم ئاڵوگۆڕانەی ناو کۆمەڵە، بوو بەهۆی تووڕەیی کۆمەڵێ کادری کۆمیتەی سلێمانی و جیابوونەوەیان لە کۆمەڵە. ئەمە سەرباری ئەوەی، ئەو کادرانە پێیان وابوو، کە نابێ ڕێکخراوێکی مارکسیستی وەک کۆمەڵە کەسێکی وەک مام جەلال ڕابەرایەتی بکات و جڵەوی سیاسی بەدەستەوە بگرێت. لەبەر ئەو هۆیانە، ئەو کۆمەڵە کادرەی کۆمیتەی سلێمانی کۆمەڵە لەساڵی ١٩٧٦ ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستانیان دامەزراند، کە دیارترین ڕابەرانیشی ئیبراهیم خەلیل، ئیبراهیم حەسەن، کەمال حەمە ساڵح، کاک عەبدوڵا (ئەم دووانەی دواییان لە ساڵی ١٩٧٧ لە زیندانی مووسڵ لەسێدارە دران) بوون.

**پرسیار:** بیر و بۆچوون و تێڕوانینی ئەم ڕێکخراوە چۆن بوو؟ ئایا لەسەر بازنەی کاری ئەم ڕێکخراوە ناکۆکیتان لەنێواندا هەبوو، واتە: کۆمەڵە ڕێکخراوێک بێت بۆ کوردستانی گەورە، یان کوردستانی عێراق، وە یان عێراق؟ وە یان لەسەر چۆنیەتیی پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ یەکێتی، یانی کۆمەڵە نەچێتە نێو نیمچە بەرەیی یەکێتییەوە، وە یان با بچێت، بەڵام بەمەرجی ئەوەی، کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ، وە یان ڕۆڵی پێشڕەو لە یەکێتیدا بگێڕێ؟
**عوسمان محەمەد کەریم:** کێشەی ڕێکخراوی ڕەنجدەران لەگەڵ کۆمەڵە لەسەر ئەوە بوو، کە کۆمەڵە کەمتر کوردستانییە و ئەمان پاگووشارییان لەسەر تیۆری سێ جیهانی دەکرد و پشتیان بە ڕێبازی سیاسیی ماوتسیتۆنگ دەبەست. ئەمەش بە کۆمەڵێک ناڕۆشنیی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە. بەڵام هەرچی کۆمەڵە بوو، هەروەکوو لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد، دوای گرتنی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی و گرتنە دەستی بەرپرسیارێتی لە لایەن ئارامەوە، ئیتر باسی تیۆریی سێ جیهانی خرایە لاوە و نێوی ماوتسیتۆنگیش لە نێوی کۆمەڵە کرایەوە و ماو و چین وەک ئەزموونێک سەیر دەکرا.
هەروەها خاڵێکی دیکە کە خولیا و ئاواتی ڕابەرایەتی ئەم ڕێکخراوە بوو، ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستان لە دەستی ڕابەرایەتی مام جەلال و بنەماڵەی بارزانی بوو. جا لەبەرئەوەی کۆمەڵەش لەژێر کاریگەری مام جەلالدا بوو، هەمیشە

لەناوهێنانیدا دەیانگوت، شێخ شەهاب و دارودەستەکەی و لە هەموو موناقەشە و لە هەر باسێکدا ئەمەیان ئەوتەوە.

**پرسیار**: : ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان بڵاوکراوەیەکیان هەبوو، نێوی ئەو بڵاوکراوەیە چی بوو؟ چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟ ئایا سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی هەبوو؟ ئەگەر بێتەوە یادت، باسەکانی دەربارەی چی بوون؟ ئایا بەدەست نووسرابووەوە، وە یان بە چاپ؟ ئایا ئەبێ هیچ دانەیەکی لێ مابێتەوە؟

**عوسمان محەمەد کەریم**: بەڵێ! ڕێکخراوی ڕەنجدەران بڵاوکراوەیەکی بە نێوی "ڕەنجدەران"ەوە هەبوو، کە تەنها یەک ژمارەی لێ دەرچوو، دوای ئەوە ئیتر بەهۆی شاڵاوی گرتنەوە ئەم ڕێکخراوە هیچی بەسەر هیچەوە نەما. بڵاوکراوەی ڕەنجدەران نە سەرنووسەر و نە دەستەی نووسەرانی هەبوو. تەنانەت نووسەریشی نەبوو، بە تەنها ئیبراهیم خەلیل خۆی دەری ئەکرد. چونکە لەو هەلومەرجە مێژووییەدا ئەو کەسانەی کە دەستی نووسینی سیاسییان لە بزووتنەوەی چەپدا هەبوو، زۆر کەم بوون. ئەمەش نەک بە تەنها لە کوردستان، بەڵکوو لە سەرتاسەری عێراقیش هەر بەو جۆرە بوو. ئەم مەسەلەیەش هۆکاری زۆری هەبوو، کە لێرەدا جێگای باسکردن نییە.

وتار و نووسینەکانی بڵاوکراوەی ڕەنجدەران ئەوەندەی لە بیرم مابێ، تەشهیری شەخسی و ڕەخنەی غەیرە سیاسی لە سەرکردەکانی کۆمەڵە و یەکێتی بوون. لاپەڕەکانیشی بە ئامێری ڕۆنیۆی دەستکرد ڕاکێشرابوون، کە ئیبراهیم حەسەن خۆی دروستی کردبوو و چەند وێنەیەکی داس و چەکوش و کرێکاری بازوو ئەستووری تێدا بوو، زۆر بەجوانی کێشرا بوون. لە سەر ئەم وێنانەش لاوێکی خوێنگەرم بە ناوی ئەحمەد خدر، کە خوێندکاری زانکۆ بوو، لە سێدارە درا. ئەوەندەی من پرسیارم کردبێ لەو کەسانەی کە دۆست و لایەنگری ئەم ڕێکخراوە بوون، تاقە یەک ژمارەشی لای کەس نەماوە.

**پرسیار**: ئەم ڕێکخراوە کۆمیتە، شانە، ئەندام و لایەنگری لە چ ناوچە و شارێکدا هەبوو؟

**عوسمان محەمەد کەریم**: ڕێکخراوی ڕەنجدەران ڕابەرایەتییەکی نهێنی هەبوو، لە ٤ کەس پێک هاتبوو، کە جگە لەو چەند کەسەی سەرکردایەتی، کەسی تر ئەوانی نە

ئەناسی. لە دوای کۆمیتەی سەرکردایەتی، کۆمیتەی شارەکان هەبوو، بەڵام لە گشت کوردستاندا، تەنها لە سلێمانی و کەرکووک کۆمیتە هەبوو. لە شار و ناوچەکانی تر ڕێکخستنیان هەبوو، هەر دوو_ سێ کەس پەیوەندییان بە کادرێکەوە هەبوو، ئەو کادرانە زۆربەیان لە دوو کۆمیتەی سلێمانی و کەرکووکەوە ئەنێردران. لە شاری هەولێر ڕێکخستنیان زۆر بوو، بەڵام ڕابەرایەتییان کەم بوو، نەیان ئەتوانی کۆمیتەی پێ درووست بکەن، قەناعەتیشیان بەوە نەبوو، کە ئەندامان و بەرپرسی کۆمیتە لە شارەکانی ترەوە بۆ شارێکی تر بچن. لە دهۆک ڕێکخستنیان زۆر کەم بوو، بە پەنجەی دەست ئەژمێردران. لە ناوچەی گەرمیان و دەوروبەری تا ئەگاتە دەربەندیخان ڕێکخستنی باشیان هەبوو. ئەمانیش زیاتر لە ڕێگای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوو و زۆربەیان پەیوەندییان بە کۆمیتەی کەرکووکەوە هەبوو. لە شارەکانی بەغدا و مووسڵ، بە تایبەتی لە زانکۆکان ئەفراد و کادریان هەبوو، ئەوانیش کەسانی تریان بۆ دیراسە و موناقەشەی سیاسی ئاراستە ئەکرد و بۆ ڕیزەکانی ڕێکخستن ئامادەیان ئەکردن.
لەو هەلومەرجە مێژووییەدا، چەند کارەساتێک ڕووی دابوو، کە وای کردبوو، خەڵکی کوردستان تینووی دۆزینەوەی دەروازەیەک بن، کە کاری سیاسی تێدا بکەن. ئەو ڕووداوانەش ئاشبەتاڵی بزووتنەوەی چەکداریی ساڵی ١٩٧٥ و گرتنی ڕابەرایەتیی کۆمەڵەی مارکسیی لینینی کوردستان بوو. ئەگەر ئەو زەربە کوشندەیە نەبووایە، یاخود شاڵاوی گرتنەکان گسکی لە ڕێکخستنەکان نەدایە، ئەوە ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان ئەبووە ڕێکخستنێکی زۆر پانوبەرین و فراوان.

**پرسیار:** قسەوباسی نێو شانە و کۆبوونەوەکانتان لەبارەی چییەوە بوون؟ چۆن باسی شکستی بزووتنەوەی چەکداریی پارتی و بارزانی ساڵی ١٩٧٥ ئەکرا؟

**عوسمان محەمەد کەریم:** زۆربەی قسە و باسەکانی کۆمیتە و ڕێکخستنەکان لە سەر چەند مەسەلەیەک تەوەرەی بەستبوو:

یەکەم، هێرشی زۆر سەرسەختانە بۆ سەر پارتی و بارزانی سەبارەت بە هەڵاتنی ڕابەرایەتییەکەیان بۆ دەرەوەی کوردستان و دەستبەرداربوونی خەڵک. لە سەرەتای ئاشبەتاڵەوە خەڵکانێکی زۆر سەیری ئەو ڕووداوەیان وەک کارەساتێکی تراژیدی ئەکرد و چەندین پانۆرامای ئەفسانەییان بۆ سەرکردەکان درووست ئەکرد و تەبلیغی ئەوەیان ئەکرد، کە سەرکردەکان لە مەڵاسدان، چاوەڕوانی فرسەتن بۆ

ئەوەی شەڕی چەکداری دەستپێ بکەنەوە. بەڵام ڕێکخراوی ڕەنجدەران دەورێکی کاریگەری لە پووچەڵکردنەوەی ئەو چیرۆک و ئەفسانە خەیاڵییانەی کە حەز و خەیاڵی خەڵکی کوردستان تامەزرۆی بوو، هەبوو.
دووەم، قسە و باسی بەردەوام لە سەر یەکێتی و سەرکردەکانی بە تایبەتی مام جەلال و خاڵە شەهاب. کۆمەڵەش ئەو کات و ساتە دەورێکی وەهای لەناو شارەکاندا نەما بوو، بە تایبەتی دوای گرتنی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی، ئەتوانم بڵێم، ڕێکخستنیان بە ڕادەی سفر بوو. بۆیە ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان ساحەکەی بۆ چۆڵ ببوو، کە لە لایەک یەکێتی ئەو کارەساتەی بە سەردا هاتبوو، وە لە لاکەی ترەوە پارتی ئاشبەتاڵی کردبوو. ئەگەر یەکێتی کەموکورت خەڵکی مابووەوە، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی و هەندێک جار شتێکیان بڵاو ئەبووەوە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان داری بەسەر بەردییەوە نەمابوو، نە لە ڕووی هێزی سەربازییەوە، نە لە ڕووی ڕێکخستنەوە. بۆیە قسە و باسەکانی ڕەنجدەران وەک سەنگی مەحەک جێگەی خۆی ئەگرت.

**پرسیار:** هەر وەکوو بڵاوە، ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان بەهۆی زەبرێکی کوشندەی گرتن و ڕاوەدوونانەوە کۆتایی پێ هات. ئەو زەبرە کەی بوو؟ وە چۆن دەستی پێ کرد؟ لە کوێ لێکۆڵینەوەتان لەگەڵدا کرا و لێکۆڵینەوەکان چۆن بوون؟ لە کوێ دادگایی کران و جۆری حوکمەکان چی بوون؟
**عوسمان محەمەد کەریم:** ئەو گرتن و ڕاوەدوونانە لە کۆتایی مانگی سێی ساڵی ١٩٧٧ دەستی پێ کرد، هەتاوەکوو مانگی شەشی هەمان ساڵ درێژەی هەبوو.
ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان لەو هەلومەرجە مێژووییەدا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان خەریکی گفتوگۆ بوو، بۆ ئەوەی ئەمانیش وەک کۆمەڵە و بزووتنەوە و خەتی گشتی، ببنە ئەندامی ئەو بەرەیەی یەکێتی درووستی کردووە. وەفدی گفتوگۆکە بە تەنها ئیبراهیم حەسەن بوو، کە ئەندامی ناوەندی و کەسی دووەمی ڕێکخراوەکەش بوو، وە لەبەر باری ئەمنی دەبوو بەتەنها بێت، چونکە ئەو کات ڕژێم هێزی سەربازیی یەکجار زۆری لە کوردستان جێگیر کردبوو، بۆ سەرکوتکردنی بچووکترین ناڕەزایەتی و جووڵانەوە ئەگەر هەبێ و لەگەڵ ئەمانەدا هەوڵێکی زۆری ئەدا، بۆ ئەوەی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، دەیەها و سەدەها سیخوڕی نهێنی درووست بکات، بۆ بەرگرتن بەو شەپۆلی ناڕەزایەتییەی

کە لە ناخی هەر تاکێکدا پەنگی خواردبووەوە، کە هەمیشە وەک بورکان ئەگەری تەقینەوەی هەبوو. ئەو کەسەی کە کۆبوونەوەکانی ڕێک ئەخست، وەستا ئەنوەری هەڵەبجە بوو، کە دواتر لە لایەن ڕژێمی دڕندەی بەعسەوە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو و لە هەیئەی کەرکووک گیانی لەدەست دا. چەندین جار ئیبراهیم حەسەن بۆ گفتوگۆ لە ڕێگای وەستا ئەنوەرەوە بەرپرسانی یەکێتی ئەبینێ و لە ئەنجامدا ئەگەنە سووکە ڕێککەوتنێک، کە دانیشتنی ئەم جارەیان دوا دانیشتن ئەبێت.
ئیبراهیم حەسەن لەو گوندەی کە دانیشتنی تێدا کردبوو، بۆ هەڵەبجە ئەگەڕێتەوە و ئەچێتە ماڵی وەستا ئەنوەر، بەڵام وەستا ئەنوەر لە ماڵ نابێ، بۆیە دائەنیشێ و چاوەڕوانی ئەکات. لەپڕ وەستا ئەنوەر بەشپرزەییەوە خۆی بە ماڵدا ئەکا، کە ئیبراهیم حەسەن ئەبینێ، زۆر وەزعی تێک ئەچێ و بە ئیبراهیم حەسەن ئەڵێ: خێرا خۆت بپێچەوە و بڕۆ! ئەویش لە هەڵەبجە، لە وەستا ئەنوەر زیاتر کەسی دی ناناسێ. پێی ئەڵێ: بۆ کوێ بڕۆم، کەس ناناسم؟! وەستا ئەنوەر ئەڵێ: بڕۆ بۆ مزگەوت و خۆت بە دەستنوێژ و نوێژکردنەوە مەشغووڵ بکە، تا هەلومەرجی ناو هەڵەبجە ئارام ئەبێتەوە، ئەوسا وەک ڕێبوارێک بۆ گەراج بڕۆ و سواری سەیارە ببە و بگەڕێرەوە شاری سلێمانی، چونکە لەناو شاری هەڵەبجە تەقینەوە بووە و چەند کەسێک کوژراو و بریندار هەیە و هەموو جادە و کۆڵانەکان بە سەرباز و سیخوڕ تەنراون!
ئیبراهیم حەسەنیش لە ماڵ دەرئەچێ و ڕوو ئەکاتە یەکێک لە مزگەوتەکان. زیاتر لە کاتژمێرێک خۆی مەشغووڵ ئەکات، بەڵام لەوە زیاتر بەڕاستی نازانێ، لەو شوێنە بمێنێتەوە. بۆیە لە مزگەوت دەرئەچێ و ڕوو ئەکاتە گەراجی هەڵەبجە_-سلێمانی. لەوێ ئەبینێ، کە چەند کەسێکی زامدار خەریکن سواری سەیارەیەکی لاندکرۆزەر ئەبن، تا بۆ چارەسەر بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی بڕۆن. ئەویش خۆی بە سەیارەکەدا ئەکات و ئەڵێ من خزمی ئەو زامدارانەم. بە هەر حاڵ سەیارە بەرەو شاری سلێمانی بەڕێ ئەکەوێ. لە تەنیشت شارۆچکەی خورماڵ ڕژێم بازگەیەکی سەربازیی کاتی دائەنێ، کە لە چەندین تانک، زرێپۆش، سەرباز و ئەفسەری پلەدار، پێک دێت. سەیارەکە ڕائەگرن و ئەیپشکنن. پێش ئەوەی بگەنە بازگەکە، ئیبراهیم حەسەن بە شۆفێرەکە ئەڵێ، بە ئەفسەرەکان بڵێ: ناتوانم ڕاوەستم، چونکە برینداری خەتەرم پێیە. بەڵام ئەم قسانە هیچ سوودی نابێت و هەموویان لە سەیارەکە دائەگرن و دەست بە پشکنین ئەکەن. دوای پشکنین کەسێک دێنن، کە جلێکی

سەوزی جەیشی شەعبی لەبەردا، کاسکێتێک لە سەری و چاوێلکەیەکی ڕەشیشی لە چاودا ئەبێت. ئەفسەرەکە پێی ئەڵێ: ئەمانە کەسیان ئەناسی؟ ئەویش یەکسەر دەست بۆ ئیبراهیم حەسەن درێژ ئەکات. ئیبراهیم حەسەن ئەگرن و ئەیبەن سواری تانکێکی ئەکەن. دوای کاتژمێرێک، قافڵەکە بەرەو ئۆردووگایەکی سەربازی نزیک شارۆچکەی خورماڵ ئەکەوێتە ڕێ. ئیتر لێرەوە لێکوڵینەوە لەگەڵ ئیبراهیم حەسەن دەستپێ ئەکات. یەکەم پرسیار پێی ئەڵێن: تۆ بەرپرسی یەکێک لە ڕێکخراوەکانی دژی ڕژێمی و هاتووی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی. ئیبراهیم حەسەن ئینکاری ئەکات و ئەڵێ: من خوێندکاری زانکۆم و هاتووم بۆ ماڵی کەسوکارم و هیچ پەیوەندیم بە سیاسەتەوە نییە، هەر کەسێکیش ئەو بوختانەم بۆ درووست ئەکات، ئەبێ بەڵگەی هەبێ، ئەگەر بەڵگەی نەبێ، ئەوە درۆیەکی شاخدارە و ئەبێ ئێوە بە تۆمەتی هەواڵدەری درۆکەر بیدەنە دادگا. بەو جۆرە هەوڵێکی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەفسەرەکان ئەدات، بۆ ئەوەی ئازادی بکەن. بەڵام ئیبراهیم خۆی ئەزانێ، ڕزگاربوونی زەحمەتە، چونکە ئەو کەسە عەینەک لەچاوە، یەکێک ئەبێ لەو پێشمەرگانەی کە لە یەکێک لە دانیشتنەکانی ئیبراهیم لەگەڵ یەکێتیدا پاسەوان ئەبێ. ئیبراهیم حەسەن دڵی بەوە خۆش ئەبێت، ئەم پێشمەرگە بەزیوە، کە تەسلیم بە ڕژێم بووەتەوە، هیچ شتێک دەربارەی ئەو نازانێ. بۆیە بە ئەفسەرە باڵاکەیان ئەڵێ: ئەگەر ئەم کابرایە درۆ ناکات، پێی بڵێن: ناوی سیانیم چییە؟ کار و پیشەم چییە؟ ماڵم لە کوێیە؟ ئەگەر هیچ نەبێ، ناوی ئەو ڕێکخراوەی کە منی پێ تاوانبار ئەکات چییە؟ ئەگەر ئەمانە نەزانێ و بە تەنها بڵێ: من ئەو کەسەم لەوێ بینیوە، ئەوە زۆر کەس هەیە، لەیەک ئەچن، ڕەنگ و ڕوو، باڵا و شێوەی ئاخاوتنیان! چۆن ئەکرێ، بە تەنها لەسەر ئەوەی، ئەو کەسێکی لەوێ بینیوە، کە بە شکڵ و شێوە بە من ئەکات، ئێوە دەستگیرم بکەن؟! من ئەگەر ڕزگارم بێت، واز لەو کابرایە ناهێنم و لە دادگا شکاتی لێ ئەکەم، کە تاوانی بۆم درووست کردووە.

ئەفسەرە پلەدارەکەیان قەناعەت بە قسەکانی ئیبراهیم حەسەن ئەهێنێ و بانگی پێشمەرگە بەزیوەکە ئەکات و پێی ئەڵێ: ئەتدەم بە دادگا، چونکە تۆ بەبێ بەڵگە کەسێکت تاوانبار کردووە! ئەویش ئەڵێ: گەورەم، ڕاستە من بەڵگەم نییە، بەڵام من دڵنیام، ئەمە ئەو کەسەیە، کە بۆ گفتوگۆ هاتبوو و ئەگەر سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدەیتێ، ئەوا من هەموو بەڵگەیەکت بۆ ئەهێنم. ئەگەر بەڵگەم نەهێنا، ئەوە ئامادەم لە سێدارەم بدەن.

دوای سێ ڕۆژ پێشمەرگە سیخوڕەکە ئەگەڕێتەوە و هەموو بەڵگەکانی پێ ئەبێ: هەر لە ناوی سیانی، ناوی ڕێکخراوەکەی، کار و پیشەکەی و تەنانەت ناونیشانی ماڵەکەشیان. ئیتر ئیبراهیم حەسەن یەکسەر ئەڕووخێ و بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەزمان ئەکەوێ. هەر چەند پرسیاری لێ ئەکەن، ناتوانێ وەڵام بداتەوە. ئیتر ئەفسەرە پلەدارەکە دڵی پێ ئەسوتێ و ئەڵێ: جارێ وازی لێ بهێنن، با بێتەوە سەرخۆی، ئەوسا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەکەین! بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بە جێی ئەهێڵن، لەو ماوەیەدا خواردن و خواردنەوە و جۆرەکانی میوە و جگەرە و جل و بەرگ و هەموو ئەو شتانەی بۆ ئەبەن. دوای ئەو چەند کاتژمێرە ئەفسەرە پلەدارەکە بانگی ئەکات و بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی ئەڵێ: کاک ئیبراهیم! من پێم خوش نەبوو، کە تۆ کەوتیتە بۆسەکەمانەوە، بەڵام ئامادەم لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی خۆمدا هەموو ئاسانکارییەکت بۆ بکەم. ئیبراهیمیش پێی ئەڵێ: تازە کار لەکار ترازاوە، تۆش ناتوانی هیچ یارمەتییەکم بدەی، بەڵام من تەنها یەک داواکاریم لێت هەیە، کە تا دوو ڕۆژی تر نەمگەڕێنیتەوە بۆ سلێمانی، ئەوە من زۆر مەمنونت ئەبم، هەتا ئەمرم ئەم هەڵوێستەم لەبیر ناچێ. ئەفسەرەکە هاوسۆزی زۆری بۆ ئەبێ و یەکسەر بە داواکارییەکەی ڕازی ئەبێت و پێی ئەڵێت: تۆ دوو ڕۆژی تر میوانی ئێمەی و هەر داواکارییەکی تریشت لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتییەکەی مندا هەیە، ئامادەم جێبەجێی بکەم. ئیتر ئیبراهیم دوو ڕۆژی تر لەو ئۆردووگا سەربازییەدا ئەمێنێتەوە. هۆی ئەو داواکارییەش ئەوەیە، کە ڕێککەوتن و بڕیارێک لە سەرکردایەتیدا ئەبێت، کە هەر کەسێک لە ئەندامانی ڕابەرایەتی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دیار نەما و دەنگوباسیان نەزانی، ئەوە هەم خویان جێگە و شوێنی خۆیان بگۆڕن، وە هەم ئەو ئامێر و ئالەتانەی کە هەیە، لە جێگای دیاریکراو ئاڵوگۆڕی پێ بکەن، بۆ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نەمێنێ. ئەو دەمە ئەو کەسە بە تەنها هەر خۆی تووش ئەبێت و مەسەلەکەش کۆتایی پێ دێت.

بەڵام بەداخێکی زۆرەوە، دوای شەش ڕۆژ لە دیارنەمانی ئیبراهیم حەسەن، ئەندامانی ڕابەرایەتی نە جێگە و شوێنی خۆیان ئەگۆڕن، نە ئامێر و ئالەتەکان و نە ئەدەبیاتە سیاسییەکان جێگۆڕکێ پێ ئەکەن.

ئیبراهیم حەسەن لە یەکەم لیکۆڵینەوە بەبێ ئەوەی ئەشکەنجەی بدەن، ناوی ئەندامانی ڕابەرایەتی و ناونیشانی ماڵەکانیان بۆ لێکۆڵەرەکان ئاشکرا ئەکات، بە تەنها جێگا و شوێنی ئیبراهیم خەلیل نازانێ. ئەمنی سلێمانیش یەکسەر مەفرەزەکانی

دەرئەکات و ئیبراهیم حەسەنیش لەگەڵ خۆی ئەبات، بۆ ئەوەی ماڵەکانیان پێنیشان بدات. کاتێک کە ئەچنە سەریان، هەموو شتەکان لە جێگای خۆیاندا ئەبن و خۆشیان لە ماڵ ئەبن. لە ماوەی نیو کاتژمێردا دوو ئەندامی ڕابەرایەتی و ئەندامێکی کۆمیتەی سلێمانی ئەگرن بە هەموو نهێنییەکانەوە، بە ئامێر و بڵاوکراوە سیاسییەکانەوە. ئەم ڕووداوە ئیبراهیم حەسەن تووشی شۆک ئەکات و ئەوەندەی تر ئەڕووخێ و بە تەواوەتی تەسلیم بە ڕژێم ئەبێت.
بەرپرسی ئەمنی سلێمانی لە ڕێگای ئیبراهیم حەسەنەوە لەوە تێئەگات، کە ئەمە ڕێکخراوێکی پانوبەرینە و لە زۆربەی شارەکان کادر، ئەندام و لایەنگری هەیە. بۆیە یەکسەر پەیوەندی بە ئەمنی عامەوە ئەکات و ڕووداوەکەیان بۆ ئەگێڕێتەوە. ئەوانیش ڕاستەوخۆ لیژنەیەک لە لێکۆڵەری شارەزا و پلە بەرز بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئیبراهیم حەسەن و هاوڕێکانی ڕەوانەی سلێمانی ئەکەن و بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ لە شاری سلێمانی ئەبن، بۆ سەرکەوتنی ئەو ئەرکەی کە پێیان سپێردراوە. دوای هاتنی ئەو لیژنەیە بۆ سلێمانی وادە و بەڵێنی زۆر شت بە ئیبراهیم حەسەن ئەدەن و پێی ئەڵێن: ئەگەر تۆ دان بە هەموو مەسەلەکاندا بنێی، ئەوە ئێمە ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن تەسلیم بە ئەو ڕێکخراوەی ئێوە ئەکەین و کەسیش نە حوکم و نە لە سێدارەیشی ئەدەین و دوای لێکوڵینەوەش لێبووردنی گشتی بۆ هەمووتان دەرئەکەین.
دیارە ئیبراهیم حەسەن قەناعەتی بەو قسانە کردبوو. ئەوەنەبێ لیژنەکە ئیبراهیم حەسەنیان خەڵەتاندبێ، بەڵکوو لیژنەکە خۆیان قەناعەتی تەواویان بەو بەڵێنانە هەبوو و بەڵێنیشیان لە سەرووی خۆیانەوە وەرگرتبوو، بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ئەمەی ڕەت کردەوە و دادگای لێکوڵینەوەی تایبەتیی کەرکووکیش مەسەلەکەی ئاسایی وەرگرتوو و وەکوو هەموو مەسەلەیەکی سیاسیی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا کرد و بەڕێی کرد.
بەڵام ئیبراهیم حەسەن هیچی نەهێشتەوە، کە نەیڵێت، نەک بە تەنها دەربارەی ڕێکخراوی ڕەنجدەران، بەڵکوو هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی گرتەوە و کارەساتێک و ئەزمەیەکی قووڵی لەو دەورانەدا درووست کرد و بوو بە داردەستی ڕژێم و وای لێهات خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵماندا ئەکرد و بە ئەشکەنجەدەرەکانی ئەوت: ئەمانە خەڵکی شۆڕشگێڕن، بە ئەشکەنجەی ئاسایی ئیعتیراف ناکەن، ئەبێ

ئەشکەنجەی نا ئاسایی بدۆزنەوە. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگ بوو، کادر و ئەندامەکانی کۆمیتەکان، دانیان بە ڕێکخستنەکانی خوار خۆیانەوە نە نا.
من زیاتر لێکۆڵینەوەی کۆمیتەی کەرکوک ئاگادارم، کە بەرپرس و ئەندامانی کۆمیتەی کەرکووک، لەخوار خۆیانەوە، یەک کەسیان بەگرت نەدا. بە تەنها یەکێک لە کادرەکان دوو ئەندامی تری شاری کەرکووکی بەگرت دا، ئەوانیش یەکی پێنج ساڵ و مانگێک حوکم دران.
کۆمیتەی کەرکووک نەک بە تەنها نەبەردییەکەی لەوەدا بوو، کە هیچ کەسێکیان تووشی گرتن و ئەشکەنجەدان نەکرد، بەڵکوو لە دانپێنانەکاندا هەر پێنجیان بەڵێنیان بە یەکتری دابوو، کە بڵێن، ئێمە لە ڕێکخستن نەبووین و تەنها لایەنگری ڕێکخراو بووین و بڵاوکراوەکەمان خوێندووتەوە و کۆمەکیشمان کردووە. هەرچەندە ئەمنی کەرکووک فرتوفێڵ و ئەشکەنجەی زۆر نامرۆڤانەی لەگەڵیان بەکار ئەهێنا، بەڵام ئەو بەڵێنەی کە بە یەکترییان دابوو، تا کۆتایی لێکوڵینەوە لەوە زیاتریان نەدرکان و بەڵێنەکەیان بردە سەر، بە مەرجێ کۆمیتەی کەرکووک ئەندام و لایەنگری لە کفری، کەلار و دێیەکانی دەوروبەری ئەو دوو قەزایە، حەویجە و لەناو شاری کەرکووک، زۆر بوو و زۆربەشیان پەیوەندییان بە بەرپرسی کۆمیتەکەوە هەبوو، بەڵام تەنها یەکێکیش تووشی گرتن و ڕاوەدوونان نەبوو.
کۆمیتەی کەرکووک پێک هاتبوو لە: عوسمان محەمەد کەریم (بەرپرسی کۆمیتەی کەرکووک)، حەسەن عەلی، ستار محەمەد کەریم (فوئاد سادق)، ڕەحمان داود، محەمەد نەجم.
لێکوڵینەوەکان لە ئەمنی سلێمانی، کەرکووک و هەولێر کران و هەر کەسێ بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی. بەڵام دواتر هەموو بەندکراوەکانیان لە هەیئەی کەرکووک کۆ کردەوە و لێکوڵینەوە تازە کرایەوە. زۆرێک لە ئەندامان لە دانپێنانەکانیان پەشیمان بوونەوە، کە لە شارەکانی خۆیان لەگەڵیاندا کرابوو، چونکە ئەشکەنجەدان لە هەیئەی کەرکووک لەچاو ئەمنی شارەکان ئەهوەنتر بوو. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەو لێکوڵینەوەیەی کە لە هەیئەی کەرکووک ئەکرا، ئەوە بۆ دادگاییکردنەکە ئەیخوارد، بۆیە زۆر شت لە هەیئە ئەگۆڕێ.
دوای ئەوەی کە لێکوڵینەوە کۆتایی پێ هات، پەروەندەکانمان ڕەوانەی دادگای تایبەتیی کەرکووک کران و یەک ڕۆژ بۆ دادگاییکردنەوەکەمان دیاری کرا و

سەرەنجام حوکمی جۆراوجۆرمان بەسەردا درا: پێنج ئەندامانمان سزای لە سێدارەدان و ئەوانی دیکە لە ٣_ ١٥ ساڵ حوکم دران.

**پرسیار:** ئەگەر بکرێ ناوی هەندێک لەو کەسانەی ڕێکخراوەکەتان کەبەر ئەو شاڵاوە کەوتن، بهێنی! هەروەها بەهۆی ئەو شاڵاوەوە، ژمارەیەک ئەندام و هەڵسووڕاوی "کملک"، "حیزبی شیوعیی عێراقی/ قیادەی مەرکەزی" و "عێراقییەکان" گیران. ئەگەر بێتەوە یادت، ئەوانە کێ بوون؟

**عوسمان محەمەد کەریم:** ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵ ئێمە گیرابوون، ئەوەی لە یادم مابێ، ئەوانەی خەڵکی کەرکووک بوون: عوسمان محەمەد کەریم، ڕەحمان داود، محەمەد نەجم، محەمەد حاجی ڕەشید، حەسەن عەلی، نەجمەدین (مامۆستا جوامێر)، ستار محەمەد کەریم (فوئاد سادق)، عەدنان کەریم (ئەحمەد موعین)، ئیسماعیل قادر (سمکۆ)، عەفان عوسمان، مەحموود مستەفا چایچی، مامۆستا مەحموود، خالید، بەکر ڕەحیم، کەریم سابیر، نەعمان شوانی، ئەمین عەبدلجەبار، سابیر کاکی، جومعە حاجی ڕەشید، عەلی ڕەشید، عادیل مسەوەر، عوسمان ئیبراهیم. ئەو هاوڕێیانەیش کە خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بوون: کەمال حەمە ساڵح، عەبدوڵا، ئەحمەد خدر، کاک فایەقی جابی، عەلی (ئەم پێنج هاوڕێیە لە سێدارە دران)، زەینەدین نەجمەدین (دکتۆر ساجید)، کاکە سوور، ئەحمەد مەولوود، سەردار محەمەد ئەمین (قەڵادزێ)، ڕەفیق برای عەبدوڵا، کاوە حەمە ساڵح برای کەمال، عەباس برای عەلی، جەبار خەیات، نزار، فەرهادی موهەندیس، فەرەیدوون، عەدالەت تاڵەبانی، محەمەد حەمە کەریم، ئاوات، ئاراس، دکتۆر عومەر محەمەد ئەمین، ئەحمەد کاکاو، سیروان، هێرش موحەڕەم، سەرداری خەیات، عەبدوڵا حەسەن خەیات، شازاد هەورامی، بەهادین (شەقڵاوە)، پێنج برینپێچ بە ناوەکانی: شێخ بەهادین، شێخ عەزەدین، سەردار، حەمید، حوسێن، کچێکیش بە ناوی هاوین، کە خوێندکاری کۆلێجی ئەندازیاری بوو، دواتر لە دادگا بە ساڵێک زیندانی بەبێ تەنفیز ئازاد کرا، وەستا ئەنوەر هەڵەبجەیی، سەلاح سەعید، سەلاح ئەحمەد، ئەکرەم محەمەد، سەردار محەمەد، کاک ئەحمەد هەڵەبجەیی و چەند هاوڕێیەکی تری خەڵکی هەڵەبجە، پێنجوێن، سلێمانی و هەولێر، کە بە داخەوە ناوەکانیانم لە یاد نەماون. ئەو هاوڕێیانەیش کە لەسەر کۆمەڵە گیرابوون و ئەوەی لە یادم مابێت: ئازادی مەلا محەمەد (ئازادی مەلا)، لەتیف شێخ عومەر، عادیل ڕەحیم (مامۆستا عادیل)، محەمەد ڕەحیم (ئاسۆ ڕەحیم)، تەهای

حەمە ڕەش، جەبار مستەفا (جەلال محەمەد)، کە دوو تۆمەتی لەسەر بوو: یەکێکیان، کۆنە کۆمەڵە بوو، ئەوی تریان، یەکێک لە کەسە دەرکەوتووەکانی ڕەوتی سەرانسەری (عێراقی) بوو، شێخ هیشام بەرزنجی و عەلی میرزا بە تۆمەتی ئەندامێتییان لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی (قیادەی مەرکەزی)، محەمەد مستەفا (ئازاد مستەفا)، کە سکرتێری پاسۆک و مامۆستا فەرهاد ئەندامی سەرکردایەتیی پاسۆک لەنێو گیراوەکاندا بوون.

**پرسیار:** کەی و لە کوێ دادگایی کران؟ دوای دادگاییکردن بۆ کوێ بران؟ چەند ساڵ لەزیندان مانەوە؟ کەی وە چۆن ئازاد کران؟ قسە و باسەکانتان لەو دەمە و لەنێو زینداندا لەدەوری چی بوون؟ پەیوەندیتان لەگەڵ زیندانیانی سەر بەلایەنەکانی دیکە چۆن بوو؟ تۆ و هەندێکی تریش، هەتا ئەو دەمەی کە چوونە زیندان، شەڕتان لەسەر کوردستانیبوونی کۆمەڵە ئەکرد! بەڵام کاتێک کە لە زیندان دەرچوونە دەرەوە، تەواو بە پێچەوانەوە، شەڕتان لەسەر عێراقیبوونی سازمان دەکرد! ئەگەر بکرێ، لەو ڕووەوە شتێکمان بۆ باس بکەیت.

***عوسمان محەمەد کەریم:*** لە بەرواری ١٩٧٧/٦/١٥ لە هەیئەی کەرکووک دادگایی کراین و ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کراین. زیاتر لە دوو ساڵ و سێ مانگ لە زیندان ماینەوە. دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٩ بە بڕیاری لێبووردنی گشتی ئازاد کراین.

سەبارەت بەو گۆڕانکارییە فکری و سیاسییەی بەسەر ئێمەدا هات، پێویستە ئاوڕێکی کورت لە مێژووی کۆمەڵە بدەینەوە. کۆمەڵە هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەڵگری سێ بیروبۆچوونی لە ناوەڕۆک یەک و لە ڕواڵەتدا دژ بەیەک. ئەگەر ململانێ سیاسییەکانی ئەو کاتی ڕیزەکانی ناو کۆمەڵە لە یەک دێڕدا پێناسە بکەین، ململانێ بوو لەسەر کردنی کۆمەڵە بە ڕێکخراوێکی کوردستانی، یان بە ڕێکخراوێکی سەرانسەری عێراقی. بەشی زیاتر لە ڕابەری و کادیرەکان خوازیاری کۆمەڵەیەکی کوردستانی بوون. بەشێکی کەمتریش لە ڕابەری و کادیرەکان، خوازیاری کۆمەڵەیەک بوون، کە سەرانسەری خاکی عێراق بکاتە گۆڕەپانی خەبات. بەشێکی تریش لە کادیرە دیارەکانی کۆمەڵە لەنێوان ئەو دوو ڕەوتەدا بوون و بەمەرجەوە لایەنگرییان لە لایەک دەکرد. بۆ نموونە، ئەمان پێیان وا بوو، ئەگەر ماتەریاڵی ئینسانی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی مارکسی لە ناوەڕاست و خوارووی

عێراق بوونی هەیە، ئەوە ئەتوانن ڕێکخراوێک بۆ سەرانسەری عێراق دامەزرینن، بەڵام ئەگەر ئەو ماتەریاڵە بوونی نییە، ئەوە کۆمەڵە کوردستانی بێت باشترە.

بە حوکمی باڵادەستیی گرووپی زیندان بەسەر جومگەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەدا و سووربوونیان لەسەر کوردستانیبوونی کۆمەڵە، لە دوو مێژووی جیاواز و نزیک بەیەکدا چەند کەسێک لە ڕابەری و لە کادیران بەتەواوی لە کۆمەڵە کشانەوە. دیارترین کەسی ئەم گرووپە، فوئاد قەرەداغی بوو. دەرکەوتووترین کەسانی گرووپی دووەمیش، دلێر سەلاح، جەبار مستەفا بوون. کادیرەکانی ڕەوتی ناوەندیش، کە لە پۆستی حیزبی دوور خرابوونەوە، ناسراوترین کەسیان، شەهید ئارام بوو.

دوای زیندانیکردنی زۆربەی ڕابەریی باڵادەستی ناو کۆمەڵە، ڕەوتی ناوەند فرسەتی بەدەستەوەگرتنی ڕابەرایەتیی کۆمەڵەی بۆ ڕەخسا و کۆمیتەی هەرێمەکانیان پێک هینا و کەوتنە دژایەتیکردنی ئەو کەسانەی، کە بەرگرییان لە تیۆری سێ جیهانی ئەکرد و لە هەمان کاتدا ناوی ماوتسیتۆنگیان لە پاشکۆی کۆمەڵە لابرد و وەکوو گرووپی زیندان شانازییان بە کوردستانیبوونی کۆمەڵەوە نە دەکرد. ئەمانە هەر چەندە بەرگرییان لە سەربەخۆیی کۆمەڵە ئەکرد، بەڵام نەیانتوانی کاریگەریی جەلال تاڵەبانی لەسەر کۆمەڵە کەم بکەنەوە.

ئەم ئاڵوگۆڕانەی کە کران، بوونە هۆکار کە دەستەیەک لە کادیری کۆمەڵە، لەپێش هەمووشیانەوە، ئیبراهیم خەلیل، کە دواتر بوو بە سکرتێری ڕێکخراوی ڕەنجدەران، واز لە "کملک" بهێنن و ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان دابمەزرێنن. ئێمەیش وەک کۆمەڵە لاوێکی تازەپێگەیشتوو و کەمئەزموون لە باری سیاسی و تیۆرییەوە توانای هەڵسەنگاندنی ورد و ڕۆشنی هەلومەرجەکە و ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامانەمان نەبوو، بەڵام وەکوو شتێکی زۆر سادە و ساکار لە ڕابەرایەتیی تەقلیدیی بزووتنەوەی کوردایەتی وەڕس و بێزار بووین و زۆر بەلامانەوە سەیر و ئەستەم بوو، ڕێکخراوێک نێوی خۆی نابێت، کۆمەڵەی مارکسیی لێنینی، کەچی جەلال تاڵەبانی ڕابەری بێت. هەر ئەم هۆکارانەیش بوو، وای لە ئێمە کرد، کە بە ڕێکخراوی ڕەنجدەرانەوە پەیوەندی بکەین. هەر چەندە دەستەیەک لە هاوڕێیانی کومیتەی کەرکووک ماوەیەکی زۆر کەم لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی ڕەنجدەران مانەوە و زۆر بەزوویی کشانەوە.

دواتریش له زیندانی ئەبوو غریب قسه و باسەکان چڕ و پڕ و قووڵتر بوونەوە، به تایبەتی زۆربەی سەرانی باڵەکانی نێو کۆمەڵەی لێ بوو و زۆر له نزیکەوە شارەزای بیروبۆچوونی ڕابەرایەتیی کۆمەڵە (گرووپی زیندان) بووین و پاساوەکانیان بۆ کوردستانیبوونی کۆمەڵە زۆر بێ هێز و ئاست لەخوار بوون. ئەو شتانەی ئەوان زۆرتر شانازییان پێوە ئەکردن، ئامانج و خواسته نەتەوەییەکان بوون و له دوور و نزیکەوە پەیوەندییان به چینی کرێکار و ئامانجەکانیانەوە نەبوون. کێشه و ململانێکانی ناو زیندان سەرئەنجام ئێمەی له سەر سووربوون بۆ خەباتی سەرانسەری ساغ کردەوە. لەناو ئێمەیش دوو بۆچوون هەبوو، بەشێکی کەممان باوەڕمان بەوە هەبوو، که هێشتا بۆ گۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵەدا فرسەت ماوە و زۆربەیشمان هیچ ئومێدێکمان به گۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵەدا نەمابوو، وە پێمان وابوو، درووستر وایە، بڕۆین و ڕێکخراو یان حیزبی خۆمان پێک بهێنین. به تایبەتی لێکنزیکبوونەوەیەکی فکری و سیاسیی زیاترمان لەگەڵ هاوڕێیانێکی عەرەبزمان، که پێش ئێمه لەسەر حیزبی شیوعیی عێراقی (قیادەی مەرکەزی) گیرابوون، هەبوو.
دواتر که له زیندان ئازاد کراین، ئەو بەشەمان که باوەڕیان به گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵەدا هەبوو، گەڕانەوە ناو کۆمەڵە و نەک نەیانتوانی گۆڕانکاری بکەن، بەڵکوو بەشی زۆریان بوون به دەمڕاستی نەک به تەنیا سیاسەتەکانی کۆمەڵە، بەڵکوو سیاسەتە چەوتەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش. بەشەکەی ترمان لەگەڵ هاوڕێیانێکی تری دەرەوەی زیندان ڕێکخراوی "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران"یان (که منیش لەم بەشه بووم) دامەزراند.
له سەرەتاوە وتم باڵەکانی ناو کۆمەڵە له ناوەڕۆکدا لەیەک ئەچوون، لەیەکچوونی ناوەڕۆکیان ئەگەڕایەوە بۆ دابەزاندنی ململانێی سیاسیی مارکسیستی و کۆمۆنیستی و بەرگریکردن له بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار بۆ ئاستی ململانێ لەسەر جوگرافیا و بازنەی کارکردن. شەڕ لەسەر ئەوە بوو، کۆمەڵە، ڕێکخراوێکی کوردستانی بێت، یان عێراقی، ئیتر ناوەڕۆکی ئەم ڕێکخراوە چی بێت و چۆن بێت، زۆر کەمتر جێگای ململانێ بوو. هەر چەنده ڕەوتی سەرانسەری لەم بارەیەوە ڕادیکاڵتر بوو، وە بڕوایان به یەکپارچەیی چینی کرێکاری عێراق و هەڵگرتنی درووشمی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس هەبوو.... هتد..

**پرسیار:** بەو پێیەی ئەم ڕێکخراوە بیروباوەڕی ماوییان هەبوو، ئەبێ باوەڕیان بە خەباتی چەکداری، شەڕی پارتیزانی و شەڕی درێژخایەن هەبووبێت، ئایا بۆ ئەم مەبەستە هیچ هەنگاوێکیان نا؟ مەبەستم ئەوەیە: ئایا هەوڵی ئەوەیان دا، دەستەی چەکداری پارتیزانی پێک بهێنن؟

**عوسمان محەمەد کەریم:** دوای شاڵاوی گرتنە بەرفراوانەکەی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەوانەی لەو شاڵاوی گرتنە ڕزگاریان بوو، چوونە شاخ و چەند مەفرەزەیەکیان بە ڕابەریی کەسی یەکەمی ڕێکخراوەکە کە ئیبراهیم خەلیل بوو، درووست کرد. بەڵام ئەم مەفرەزە چەکدارانەش لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کورتدا هەر هەموویان لە ناوچوون و تەنها یەک کەسیان لێ ڕزگار نەبوو، بۆ ئەوەی سەرگوزەشتەی ئەو کارەسات و لەناوچوونەیان لانیکەم بۆ مێژوو بمێنێتەوە. خەڵکی ئەو ناوچەیەش کە ئەوانی لێ بوون، چەند ڕیوایەتێک ئەگێڕنەوە، بەڵام ئەو ڕیوایەتەی کە عەقڵ و مەنتیق ڕێی پێ ئەدات، ئەم چیرۆکەی خوارەوەیە:

ئەو چەند مەفرەزەیە لە ناوچەی دەوروبەری دەربەندیخان بوون. سەرکردایەتیی یەکێتی پێش ئەو کارەسات و شاڵاوی گرتنانە، پەیوەندی پێوە کردبوون، کە بێنە ناو یەکێتییەوە، بەڵام وا دەرئەکەوێ، زیاتر پیلانێک بووبێ، بۆ لەناوبردنیان. بۆیە دوای گرتنەکان و دەرچوونی ئەو چەند مەفرەزەیە بۆ ناوچەی دەربەندیخان و پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتیی یەکێتییەوە، بڕیار وا ئەبێ، کە وەفدێکی یەکێتی لە شوێنێکی دیاریکراو دانیشتنیان لەگەڵدا بکات و بگەنە ڕێکەوتن. ئەو شوێنەش لە ئۆردووگایەکی سەربازیی ڕژێمی بەعسەوە نزیک ئەبێ و ئەو وەفدەی یەکێتیش کە دێت، یەکسەر لە مەفرەزەکەی ڕەنجدەران ئەدەن و هەر لە سەرەتاوە ئیبراهیم خەلیل و چەند کەسێکیان لێ ئەکوژرێ و ئەوانی تریش پەرتەوازە ئەبن. لەگەڵ تەقەکردن بەرەو دواوە پاشەکشێ ئەکەن. لە پشتەوەش ئۆردووگاکەی ڕژێم دەست بە تۆپبارانکردنیان ئەکات. لەم لێدانی پێش و پاشەش چەند کەسێکی تریان ئەکوژرێ و پاشماوەکەشیان بەناچاری خۆ هەڵئەدەنە ئاوی سیروانەوە و کۆتاییان پێ دێت. ئیتر ڕاست و درووستی ئەم ڕیوایەتەش وەکوو شتەکانی دیکەی ڕێکخراوی ڕەنجدەران بێ بەڵگەیە.

ئابی ٢٠١٣

# "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران"، "ئەڵقەی کۆمۆنیستیی بڵێسە"، "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری"

(گفتوگۆ لەگەڵ جەبار مستەفا[1])

"یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران" یەکێکە لە سازمانە کۆمۆنیستییە سەرەتاییەکانی چەپی نوێ لە کوردستان، کە سەنگ و کاریگەریی دیاری لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا هەبوو. "ئەڵقەی کۆمۆنیستیی بڵێسە" کە دواتر ناوەکەی کرا بە "دەستەی کرێکارانی پێشڕەو" یەکێک بوو لەو ئەڵقە کۆمۆنیستییە چالاکانەی دەیەی هەشتاکان کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا ڕۆڵ و کاریگەریی هەبوو. هەروەها "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری"یش کە لەدوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ەوە پێک هات، یەکێک بوو لەو سازمانە کۆمۆنیستییانەی کە قورسایی خۆی هەبوو، وە دواتر کۆڵەکەیەک بوو لە بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق.

بۆ ڕوونکردنەوەی چەندین لایەنی ئەم گرووهانە، گفتوگۆیەک لەگەڵ "جەبار مستەفا" وەک کەسایەتییەکی ناسراو و کاریگەر، وەک یەکێک لە ڕابەران و بنیاتنەرانی ئەو گرووهانە ساز ئەکەین.

**پرسیار**: بەڕێز جەبار مستەفا! هەر وەکوو تێبینی ئەکرێ، زۆربەی هەرە زۆری ڕابەران و کادرانی سەرەتایی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی نوێ لە

---

[1] جەبار مستەفا (جەلال محەمەد) لە ساڵی ١٩٥٢ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و بەشێک لە ناوەندی لە خانەقین و پاشان سلێمانی و دواناوەندیش لە شاری بەسرە تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٣ چووەتە زانکۆی سلێمانی بۆ خوێندنی بەشی ئابووری. بەڵام لەسەر هەڵسووڕانی سیاسی زیندانی دەکرێت و پاش ئازادبوونی، لە ساڵی ١٩٨٠ زانکۆی ئەلموستەنسرییە لە شاری بەغدا تەواو دەکات.

جگە لە زمانی کوردی بە زمانی عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی ئاشنایە. لە فارسییەوە کۆمەڵێک نووسراوی مەنسوور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

لە ساڵی ١٩٩٦ بەدواوە لە ئوسترالیا دەژی و ئێستا ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە.

کوردستان، کە هەڵسووڕاوی دوو دەیەیساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوونە، لە هەناوی ڕێکخراوی "کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی کوردستان/ کملک"ەوە هاتوونەتە دەرەوە، کە دیارە خۆشت نەک هەر یەکێکی لەو هاوڕێیانە، ڕەنگە تاکە کەسێکیش بیت، کە لە بەرەبەیانی چەپی نوێوە دەستت پێ کردبێ و تا هەنووکەش هەر لەسەر هەمان ڕەوت درێژە بەکاری خۆت بدەیت. ئەکرێ بڵێین، مێژووی سیاسیی خودی جەبار مستەفا، بەشێکی گرنگ و لایەکی گەورەی مێژووی چەپ و کۆمۆنیستیی نوێی کوردستانیشە. بۆیە سەرەتا پرسیارەکانمان لە "کۆمەڵە"وە دەستپێ ئەکەین.

لە چ ساڵێکدا پەیوەندیت بە "کملک"ەوە کرد و کەی وازت هێنا، بۆچی وازت هێنا؟ کاتێک کە وازتان هێنا ژمارەتان چەند کەس بوو؟

**جەبار مستەفا:** سوپاس بۆ پێشەکییەکەت. پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە، پێم خۆشە، ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم: ئەوە ڕاستە من وەک هەڵسووڕاوێکی کۆمۆنیست لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە نەرم دەکەم، بەڵام هێشتا ئاگاداری مێژووی لایەنێکی ئەم بزووتنەوەیەم، نەک هەمووی. نووسینەوەی سەرتاپای مێژووی بزووتنەوەکە، دەبێ کاری دەستەجەمعی و بەکۆمەڵ بێت. من کە لەم مێژووە دەدوێم، لە ڕوانگەی خۆمەوە لێی دەدوێم، چۆن ڕووداوەکانم دیوە و چۆن تێیان گەییشتووم، ئاوا باسیان دەکەم. دڵنیام، ئەمە سەرجەمی ڕاستییەکان نییە و گێڕانەوەی تر و تێگەییشتنی تر هەیە. من دڵنیام، هەموو ڕاستییەکان لای من نین و ئەوەی من باسیان دەکەم، بەشێکن لە ڕاستییەکانی ئەم مێژووە. جگە لەمانە و ئەوەی کە زۆر گرنگە بەلای منەوە ئەوەیە، کە خەسڵەتی هەرە سەرەکیی مێژوو، هەر مێژوویەک بێت، "بابەتیبوون"ەکەیەتی، ناکرێ مێژوو لەپێناو ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان هەر ئامانجێکی تر ئارەزوومەندانە لێی بدوێیت، یان بینووسیتەوە، چونکە مێژوو مێژووە. هەڵسووڕاوان و ڕابەرانی خەباتی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان پێویستییان بە پاڵەوانبازی و پاڵەوانی ئەفسانەیی نییە، بەڵام زۆر پێویستییان بەوەیە کە شارەزایی ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی مێژووی خەباتی چینەکەیان بن، بە هەموو خاڵە بەهێز و لاوازەکانییەوە.

ئێستا ئێمە خەریکین قسە لەسەر نزیکەی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر دەکەین، بێ ئەوەی نووسین و ئامار و دۆکومێنتی ئەو سەردەمە لەبەردەستماندا بێت، تەنها پشت

بەهێزی وەبیرهاتنەوەی خۆمان دەبەستین. من دڵنیام ئەم هێزەش لەم تەمەنەی ئێمەدا و دوای ئەم هەموو ساڵانە سەد دەرسەد پێرفێکت نییە. بۆیە من داوای لێبووردن لەو هاوڕێیانە دەکەم، کە وەک خۆی باسیانم نەکردووە، یان لە باسکردنی هەر بڕگەیەکدا هەر هەڵەیەکی ترم کردبێت.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ و سەرەتای ١٩٧٣ کاتێک وەرزی خوێندن لە زانکۆکان لە مانگی ٩ بەدواوە دەستپێ دەکات، هاتمە زانکۆی سلێمانی. ئەو کاتە ماڵمان لە شاری بەسرەی خواروی عێراق بوو. ئەو سەردەمە لە ڕێگای بەدواداچوونی خۆمەوە دەمزانی ڕێکخراوێک یان گرووپێکی مارکسیستی لە کوردستاندا هەیە و بەنهێنی کار دەکات. لەڕاستیدا من بەدوایدا دەگەڕام و هیچم لەسەر نەدەزانی، هەر ئەوەندە نەبێت، کە جیاوازە لە هەردوو باڵی حیزبی شیوعیی عێراق. لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندن، زۆر زوو بە هیوا غەفوور ئاشنا بووم. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بووینە دوو هاوڕێی نزیک و خۆشەویستی یەکتر و قسە و باسی سیاسی لەنێوانماندا زۆر زوو کرایەوە و من بەئاشکرا خۆم وەک مارکسیستێک دەناساند و ئەم مەسەلەیەش لەو سەردەمەدا زۆر ئاسایی بوو، تەنانەت لە پۆلی دەرسەکانیشدا لەبەرامبەر بیروبۆچوونی هەندێ مامۆستادا قوتابی زۆر بەئاسایی قسەی خۆی دەکرد. بە هەر حاڵ هاوڕێ هیوا کە دواتر لە ساڵی ١٩٧٤ لە بۆردوومانەکەی شاری قەڵادزێ گیانی لەدەست دا، بە چەند کەسێکی تری ناساندم و پێشنیاری ئەوەی کرد، کە مارکسیزم بە شێوەیەکی جەماعی دیراسە بکرێت باشترە. من یەکسەر تێگەییشتم و پێشنیارەکەیم پەسەند کرد. هەر ئەو کاتە کۆمەڵێک جیاوازیم لەگەڵ هیوا هەبوو و لەسەرووی هەموویانەوە بابەتی ئەوەی: ئایا چینی کرێکاری کوردستان پێویستی بە حیزبی مارکسیست_ لێنینیستی خۆی هەیە، یان نا؟ من موخالیفی ئەم مەسەلەیە بووم و دەمزانی، کە ئەمە بە تەنها بۆچوونی خۆی نییە.

پاش بەسەربردنی ماوەیەکی کورت لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکاندا لە ڕێگای هیواوە زانیم، کە ئێمە بەشێکین لە "کۆمەڵەی مارکسیی لێنینی/ بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ" و لە سەرەتای ١٩٧٤ بەفەرمی بوومە ئەندامی کۆمەڵە و بۆ یەکەم جار لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ محەمەد فەتحوڵا بە سەرپەرشتی کەمال عەلی دەستووری کۆمەڵەمان خوێندەوە. دەستووری کۆمەڵە بریتی بوو لە کورتەیەک لە ناو و ئامانج و شێوەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە، کەسێک ئەندام نەبووایە نەیدەبینی.

له سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا کە وردەوردە شەڕ هەڵگیرسانەوە لەنێوان پارتی و ڕژێمی بەعس مەعلووم دەبوو، سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە سەرەتای مارتدا نووسراوێکی دەروونی لە ڕیزەکانی خۆیدا (بۆ ئەندامان) بڵاو کردەوە، کە قسە لە شەڕی هەردوو لا دەکات و دەڵێت: ئەم شەڕە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە شەڕێکی ڕەوایە، چونکە بەشێکە لە خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی، بەڵام سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە کۆنەپەرستە، بۆیە بەشداریکردن لە شەڕەکەدا بە ئەرکی خۆمان دەزانین، بەو ئامانجەی کە سەرکردایەتییەکەی وەلا بنێین و حیزبێکی مارکسیست_ لێنینست سەرکردایەتییەکەی بگرێتە ئەستۆ. ئەوەبوو، بەشێکی بەرچاو لە سەرکردایەتی و ئەندام و دۆستانی کۆمەڵە ڕێی شاخیان گرت و چوونە دەرەوە. لە پایزی ١٩٧٤دا کە من لە ماوەت لە شانەیەکی کۆمەڵەدا لەگەڵ فوئادی مەجید میسریی نووسەر لە شانەیەکدا کارم دەکرد، نووسراوێکی دەروونیمان بۆ هات، کە بەبێ ئەوەی ڕەخنەی ئاشکرا لە بۆچوونی کۆمەڵە بگرێت، ڕەخنە لە بزووتنەوەکە دەگرێت و بە بزووتنەوەیەکی سەرتاپا کۆنەپەرستی دەناسێنێت، چونکە سەرکردایەتییەکەی کۆنەپەرستە و ئامانجی بزووتنەوەکەی بە سیاسەتی شای ئێران و تەنانەت ئیسرائیلیشەوە بەستۆتەوە. وا بزانم، ئەم بۆچوونە هی سەرکردایەتیی هەرێمی سلێمانی بوو، کە ئەو کاتە ئاوات عەبدلغەفوور لێپرسراوی بوو، کەچی پاش ماوەیەک ئەو نووسراوە ڕەت کرایەوە. ئێمە ئەندامان و هەڵسووڕاوانی ڕێکخراو زانیمان، کە ناکۆکی لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا هەیە. لە سەروبەندی ئاشبەتاڵدا زۆر کتوپڕ کۆمەڵێک هاوڕێی کۆمەڵە بە لێپرسراوێتی دلێر تاهیر بە کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنییەوە گەیشتینە ماوەت و پێیان وتین، کە پارتی ئاشبەتاڵی کردووە و سەرکردایەتیی کۆمەڵە بڕیاری بەرگری لە ناوچەی شارباژێڕەوە (کە شەهابی شێخ نووری خەڵکی ئەم ناوچەیە و گوندی بارێی گەورەیە) داوە و لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگای ئێران و پێنجوێنەوە دەگەنە ناوچەکە. تا گەیشتنی دلێر و هاوڕێیانی تر نە پارتی و نە خەڵکی ماوەت نەیان بیستبوو، کە ئاشبەتاڵە. کاتێک ئێمە هەواڵەکەمان بڵاو کردەوە، پارتی و پاراستن خەریک بوون، دلێر بگرن. ئێمە بەپەلە چووینە لای لێپرسراوی ئەوسای ناوچە (تالیب ڕۆستەم) و ئەو هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە. لەڕاستیدا ئەوە لە گرتن ڕزگاری کرد، کە برازای عومەر دەبابە بوو. بەهەر حاڵ بڕیاری سەرکردایەتیی کۆمەڵە شۆڕوشەوقێکی سەیری بە ئێمە دا، ڕەنگە بڵێم،

چرکە و ساتمان لە چاوەڕوانی گەیشتنی هاوڕێیاندا دەژمارد. کەچی دوای چەند ڕۆژێک لە کۆتایی مانگی مارتی ١٩٧٥دا لە سلێمانییەوە بڕیارێکی سەرکردایەتیمان بۆ هات، کە دەبێ، بۆ شار بگەڕێینەوە و کۆمەڵەش بەرگری ناکات. ئەم مەسەلەیە نائومێدی و نیگەرانییەکی زۆری لەناوماندا درووست کرد و بووە مایەی ڕەخنەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی. هەر ئەو ساڵە ئێمە لەناو شار، مەبەستم ئەو ئەندام و کادرانەی کە لە شاخ بووین، لە هێڵێکی ڕێکخراوەیی جیاوازدا سازمان دراین و لەو دەمەشدا دەنگۆی ئەوەمان بیست، کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە خۆی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعس ئامادە دەکات. ئەوەی ئەم مەسەلەیەی بەهێز کرد، قسەکردنی لێپرسراوانی نزیک لە سەرکردایەتییەوە، لەوەی کە کۆمەڵە دەبێ لەم کاتەدا، کە لە کوردستاندا تەنیا هێزی سیاسییە، بە ئۆتۆنۆمییەکی فراوان قایل بێت و دیارە ئەم مەسەلەیەش بە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا دەچێتە پێشەوە. لێرەوە ناکۆکی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا تەقییەوە و ڕۆژبەڕۆژ قووڵ دەبووەوە. من لەگەڵ سەلاح حوسێن و کەمال عەلی لە یەک شانەدا بووین و لێپرسراوی شانەکەمان حەمە سەعیدی فەقێ عەلیی شاور بوو، هیچ کۆبوونەوەیەکمان بۆ تەواو نە دەکرا، تا وای لێ هات، سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەرچییەکی دەووت، ئێمە پێی موخالیف بووین. لەولاشەوە سەلاح پەیوەندی بە دلێر تاهیر و چەند کادرێکی ترەوە هەبوو، ناکۆکییەکان لەسەر سێ مەسەلەی سەرەکی چەقیان بەستبوو: هەڵوێستی نادرووستی کۆمەڵە لە مەسەلەی بەشداریکردن لە شەڕی ١٩٧٤دا، چونکە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە بوو و کاتێک کە ئاشبەتاڵ بوو، دەبووایە، سەرکردایەتی مقاوەمەتی بکردایە. ئۆتۆنۆمی درووشمێکی بۆرژوازییانە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتییە و کۆمەڵە دەبێت مافی دیاریکردنی چارەنووس بە درووشمی خۆی بزانێت و لەڕاستیدا ئۆتۆنۆمی ڕێگاخۆشکردنە بۆ مفاوەزات لەگەڵ ڕژێمدا. لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥دا دلێر تاهیر و سەلاح حوسێن سەرەتا بە ڕەسمی دەستیان لەکار کێشایەوە و منیش بە ڕێکخستنم ڕاگەیاند، بە مەرجێک دەمێنمەوە، کە مافی دەربڕینی جیاوازییەکانم لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا هەبێت. وەڵامی ئاسۆی شێخ نووری کە ئەو کاتە لێپرسراوی کۆمیتەی هەرێمی سلێمانی بوو، وابزانم ناوی "ئەستێرەی سوور" بوو، ئەوە بوو، کە ڕێگا نادەین جەبار مستەفا پشێوی لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا بنێتەوە. دوابەدوای ئەم وەڵامە بە فەرمی دەستم لەکار (لەگەڵ سەلاح حوسێن و محەمەد فەتحوڵا) کێشایەوە. هەر ئەو

کاته سەلاح، زەینەدین نەجمەدین (کە لە ساڵانی دواییدا لەناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە د. ساجید ناسرا و چەند ساڵێک لەمەوبەر بە نەخۆشی گیانی لەدەست دا، یادی بەخێر)ی پێ ناساندم. سەلاح پەیوەندی بە بەختیار مستەفا و ئازاد جەلال و دلێر تاهیر و دلێریش پەیوەندی بە عەلی موراد (یادی بەخێر لە ساڵانی دواییدا بە نەخۆشی گیانی لەدەست دا)ەوە هەبوو. لە سلێمانی هەروەها سەلاح یان دلێر پەیوەندییان بە هیوا و ئاسۆ ڕەئووفەوە، کە لە بەغدا قوتابی بوون، هەبوو. جگە لەمانە و لە هەمان کاتدا ئیبراهیم خەلیل (یادی بەخێر، لە ڕووداوێکی نارۆشندا لە ناوچەی هەڵەبجە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی چەکداریدا گیانیان لەدەست دا)، ئیبراهیم حەسەن، وەستا کەمالی کارەباچی (یادی بەخێر لە گرتنەکەی ١٩٧٧دا لە سێدارە درا) ناکۆکییان هەبوو، بەڵام بە بۆچوونێکی جیاواز لە ئێمە. ئاگادار بووم، کە سەلاح زۆر لەگەڵ ئیبراهیم خەلیل قسە و باسی دەکرد، بەڵام نەگەییشتنە ئەنجام.

بە کورتی پاش ماوەیەکی کەم سەکردایەتیی کۆمەڵە نووسراوێکی دەروونی لە سەر ئەو جیاوازی و وازهێنانە دەرکرد و دەڵێ، ئەوانە ١٣ کەسن، بەشێکیان بە هەلپەرستی ڕاسترەو ناو دەبات، کە مەبەستی گرووپەکەی ئیبراهیم خەلیل بوو، کە دواتر "ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان"یان دامەزراند. بەشەکەی تریان بە هەلپەرستی چەپڕەو ناو دەبات، کە ئێمە بووین، دواتر بە عێراقییەکان دەناسرێن و پاش چەند ساڵێک دەبن بە یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران.

**پرسیار**: هەر وەکوو ڕۆشنە، دوو_ سێ ساڵی کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ساڵانی شکڵگرتنی ڕێکخراوی کۆمەڵە بوو. هۆکاری ئەم شکڵگرتنە بە زۆر شت لێک ئەدرێتەوە، وەکوو لەئارادابوونی چینی کرێکار بەوێنەی چینێک بەتایبەت لەدوای ڕیفۆرمی زەویی ساڵی ١٩٥٨ و ساڵانی دواتر، ئیعتیباری کۆمۆنیزم وەکوو بزووتنەوە و تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕزگاریی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەلانی بندەست لە ئاستی جیهاندا. لەپاڵ ئەمانەشدا حیزبی شیوعیی عێراقی بە هەردوو باڵەکەیەوە جێگای ڕەخنەی بەشێکی زۆری کەسانی چەپ و کۆمۆنیست بوون. ئەمانە گشت وای کرد، بیر لە بنیاتنانی ڕێکخراوێکی ماویستی وەکوو کۆمەڵە بکرێتەوە. قسەی تۆ لەم ڕووەوە چییە؟

**جەبار مستەفا:** ئەگەر هەندێک وردتر قسە لەسەر هۆکاری شکڵگرتنی کۆمەڵە لەو ڕۆژگارەدا بکەین، دەبێ بڵێم، گەشەکردنی چینی کرێکار لە سەرانسەری عێراق و هاتنەکایەوەی بزووتنەوەی خواستەکانی ئەم چینە کە بە ڕادەیەکی فراوان لەپاڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکانی تردا بەتایبەتی قوتابییان فشاری زۆریان خستبووە سەر ڕژێمی عەبدلڕەحمان عارف. ڕێپێوان و مانگرتن لە کۆتایی شەستەکاندا ببووە دۆخێکی ڕۆژانە و فشارێکی زۆری بۆ ئەم ڕژێمە هێنابوو، جگە لەمە سەرهەڵدان و گەشەکردنی توێژێکی ڕۆشنبیر لە شارەکانی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسی، کە بە ڕادەیەکی بەرچاو بێزار بوون لە سەرکردایەتیی خێڵەکیی مەلا مستەفا و باڵی جەلالییەکان (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان) و شەڕی ناوخۆیان و ئەنجامە کارەساتبارەکانی ئەم شەڕە بێهوودەیە و ئەوەی کە مەلاییەکان چوونەتە پاڵ شای ئێرانی کۆنەپەرست و جەلالییەکان پاڵیان بە ڕژێمی بەغداوە داوە و هاوکاری تەواوی دەکەن، ئەمە ئیتر جاشایەتییەکی تەواوە و لە ئاستی کۆمەڵگادا بۆ هیچ کەس پاساو نەدەدرا. جگە لەمە بەرجەستەبوونەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکانی ئەو سەردەمەی نێوان حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی و حیزبی کۆمۆنیستی چین، کە لە ناوچەکە بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهانی ناسرابوون، بەتایبەتی لە عێراق و ئێران کەم تا زۆر هۆکارێک بوون لە شکڵپێدانی کۆمەڵەدا، لە لایەکەوە سیاسەتی ڕیفۆرمیستی و هەلپەرستانەی حیزبی شیوعیی عێراق، نەبوونی هەڵوێستێکی ڕۆشن بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی و ملکەچبوونی بۆ باڵێکی ناسیۆنالیستی کورد و پیادەنەکردنی سیاسەتێکی درووست بەرامبەر بە داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە ڕژێمەکانی بەغدا، فرسەتی بەوە دا، کە حیزبێکی قەومپەرستی وەک پارتی و سەرەک خێڵێکی وەک مەلا مستەفا ببێتە مەیدانداری خەباتی بەرحەقی خەڵکی کوردستان و بەپێی قازانجی کۆنەپەرستانەی چینە دواکەوتووەکانی کوردستان ئەو بزووتنەوەیە بە لاڕێدا بەرێت و لە کوردستانیشدا ببێتە قارەمانێکی نەتەوەیی. ئەم واقیعەتە بە پشتگیری حیزبی شیوعی لە ڕژێمی قاسم، هەوڵی نزیکبوونەوەی لە ڕژێمی عەبدلسەلام عارف ئەوەندەی تر لە کوردستاندا چەسپا و بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ ناسیۆنالیزمی کوردی کردە مۆتەکەیەک بە سەرسەری جەماوەری کوردستانەوە.

هەرچی باڵی جیاوەبووی حیزبی شیوعیی قیادەی مەرکەزی بوو، ئەگەرچی لە هەندێک سیاسەت و هەڵوێستدا لە باڵی لیژنەی مەرکەزی ڕادیکاڵتر بوو، بەڵام ئەو

گێژاوە فکری_ سیاسییەی، کە تووشی هاتبوو و ئەو شکستە قورسەی کە لە ساڵی ١٩٦٨ لەدوای ڕاپەڕینی ئەهوارەکاندا بەسەریاندا هات، بووە هۆی ئەوەی کە هەرگیز نەتوانن ڕۆڵێکی سیاسیی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا بگێڕن.
لە لایەکی ترەوە هاتنی چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیی باڵی جیاوەبووی حیزبی تودەی ئێران بە ناوی "سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە" لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان و نیشتەجێبوونیان لە بەکرەجۆ، کە بارەگای سەرەکیی جەلالییەکان بوو و پەیوەندیی توندوتۆڵیان بەیەکەوە، بووە مایەی ئاشنابوونی کۆمەڵێک کادر و هەڵسووڕاوی ئەم باڵەی پارتی و تەنانەت خودی جەلال تاڵەبانیش بە ماویزم.
دەڵێن، کۆرش لاشائی کە لە بەکرەجۆ بە د. جەلال ناسرابوو، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و کەسانی تری سەرکردایەتیی حیزبەکەیدا بەردەوام لەسەر ماویزم خەریکی گفتۆگۆ و سیمینارگێڕان بوون. کارکردی ئەم بۆچوونانە بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر هەڵسووڕانی جەلالییەکان ڕەنگیدابووەوە، بەتایبەتی لە گۆڤاری ڕزگاری، کە زۆربەی ژمارەکانی باسی تەرجومەکراوی ماوتسیتۆنگی بڵاو دەکردەوە.
نووسەرانی ئەو سەردەمەی گۆڤاری ڕزگاری، نەوشیروان مستەفا (سەرنووسەر)، بەکر حوسێن، عومەر فەتاحی قوتابیی کۆلێجی ئەندازیاری، فازیلی مەلا مەحموود، مەحموودی مەلا عیزەت و کۆمەڵێکی تر سەرباری خودی جەلال تاڵەبانی باسەکانیان لە "ڕزگاری" و لەو سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوانەدا کە لە بەکرەجۆ دەیان بەستن، لەبەر ڕۆشنایی وتەکانی سەرۆک ماودا دەکرد. دەڵێن، نامیلکەی "چەپکێک لە وتەکانی سەرۆک ماو" خودی برایم ئەحمەد کردوویەتی بە کوردی. کتێبخانەی بیری نوێ لە بەغدا کە تەنها کتێبەکانی ماوی بە نرخێکی زۆر هەرزان دەفرۆشت، هی ئەمان بوو.
ڕاستە کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠دا واتە، ساڵی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار و لێخۆشبوونی مەلا مستەفا لە سەرکردایەتیی پارتی شۆڕشگێڕ و گەڕانەوەی ڕێکخستنەکانی ئەم حیزبە بۆ باوەشی پارتی دایک پێک هات، بەڵام ئەوەندەی من لە کادرە دێرینەکانی ئەم ڕێکخراوەم بیستووە، بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی لەم جۆرە لە ساڵی ١٩٦٨وە هاتۆتە ئاراوە و تەنانەت بە جیا لە جەلال تاڵەبانی. ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە، کە فەلسەفەی پێکهاتنی کۆمەڵە واتە، پێویستیی پێکهێنانی کۆمەڵە، لە ڕوانگەی دامەزرێنەرانییەوە، لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاماژە بە درووشمێکی چکۆلە دەکەم، کە

بەوردی و بەدەستخەتێکی ڕۆشن لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی گەڕەکی ئیسکانی شاری سلێمانی بەبێ ناو نووسرابوو و تا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩٢ش هەر مابوو، دیارە ئەم دروشمە لە سەردەمی دەسەڵاتی جەلالییەکاندا نووسرابوو، پێدەچی بەشێکی چالاکی ئەو باڵە ماویستییەی ناو جەلالییەکان بێت، هەموو ڕۆژێک کە لەماڵەوە بۆ زانکۆ دەچووم، دەم خوێندەوە، دروشمەکە دەڵێت: "سۆشیالیزم باشترین چارەسەرە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی". دیارە مەبەست لە مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردە. بە بۆچوونی من ئەم دروشمە زۆر بەڕوونی و بەکورتی بەرنامە و ئامانجی کۆمەڵە بەیان دەکات و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەدوای چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردەوە بوون و لە ڕوانگەی خۆیانەوە لەو سەردەمەدا مارکسیزم و سۆسیالیزم لە ماویزمدا بەرجەستە دەبووەوە.

**پرسیار:** هەر وەکوو باس دەکرێت، لە سەرەتادا، کاتێک کە کۆمەڵە لە بەرواری ١٩٧٠/٦/١٠ پێک دێت، ئەوە گرنگ بووە، ڕێکخراوێک بنیات بنرێ، وەکوو ئاڵتەرناتیڤی حیزبی شیوعی (بە هەردوو باڵەکەیەوە) لە عێراق و پارتی (بە هەردوو باڵەکەیەوە) لە کوردستان. ئیتر ئەوە زۆر جێگەی بایەخ نەبووە، بازنەی کار و سنووری هەڵسووڕانی ئەو ڕێکخراوە کوێیە. بەڵام زۆر نابات. ئەو مەسەلەیە وەکوو ناکۆکییەک سەرهەڵئەدات و لە مانگی تەمووز یان ئابی ساڵی ١٩٧١ ئەم ڕێکخراوە لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەبێتە دوو کەرتەوە. ئەم دووکەرتبوونەش بە جۆرێک ئەبێت، ئەو چوار کەسە (شەهابی شێخ نووری، فەرەیدوون عەبدلقادر، مەحموودی مەلا عیزەت، فوئاد شێخ ئەنوەر قەرەداغی)ی کە دامەزرێنەری کۆمەڵە بوون، ئەبنە دوو بەشەوە: دووانی یەکەمیان لایەنگری "کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی کوردستان/ بیری ماوتسیتۆنگ" ئەبن، دووانی دووەمیشیان لایەنگری "کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی عێراق/ بیری ماوتسیتۆنگ" ئەبن.
لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئێوە وەک دەستەیەک لە ئەندام و کادرانی کۆمەڵە لەسەر هەمان بنەما لەو ڕێکخراوە جیا دەبنەوە، بەڵام دیارە بۆ ئەوانەی ساڵی یەکەم بەجۆرێکی تر بووە، چونکە هەر وەکوو وتمان لە سەرەتای پێکهێنانی کۆمەڵەدا، ئەو مەسەلەیە یەکلا نەکرابووەوە، هەرچی بە ئێوە دەگەڕێتەوە، بە جۆرێکی تر بووە، چونکە ئەو دەمە کۆمەڵە یەکلا بوو، کە عێراقی نییە! ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ئێوە سەرەتا کوردستانی (یان ڕاستر: داش عێراق) بوونە و

پاشان لە پرۆسەیەکدا ئاڵوگۆڕتان بەسەردا هاتووە. ئایا ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئێوە درووستە؟ ئەگەر وایە ئەو پرۆسەیە چۆن بووە؟
**جەبار مستەفا:** دەبێ ئەوە بڵێم، کە زانیاری وردم لەسەر ئەو جیابوونەوەیە نییە، من لە مانگی ١٩٧٢/٩ بەدواوە لە ڕێگای "ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانەوە" بە کۆمەڵەوە پەیوەست بووم، هەرچییەک لەسەر ئەم بابەتە بڵێم، کۆمەڵێک زانیارین، لە هاوڕێکانی ترەوە بیستوومن. بە بۆچوونی من ئەو کێشەیە جیابوونەوە نەبوو، بەڵکوو وازهێنانی کاک فوئاد قەرەداغی و مەحموودی مەلا عیزەت و هەندێک کەسی تر بوون (فازیلی مەلا مەحموود، فەوزی مەلا مەحموود، ئەشرەف تاڵەبانی، عەبدوڵا دەباغ و...). فازیل هەر زۆر زوو بە قیادەی مەرکەزییەوە پەیوەست بوو، بۆیە لەناو کۆمەڵەدا دەوترا، فازیل بەنیاز بووە، کۆمەڵە بەرێتە ناو ئەو حیزبەوە. ئەوانی تر بۆ ماوەیەک درێژەیان بە هەڵسووڕانی سەربەخۆی خۆیان دا و پێیان دەووتن، عێراقییەکان. دواتر یان لە کاری حیزبی دوورکەوتنەوە، وەک کاک فوئاد قەرەداغی و مەحموودی مەلا عیزەت، یان بە حیزبێک لە حیزبەکان پەیوەست بوونەوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەم گرووپە تا ساڵی ١٩٧٤ چالاکییان هەبوو، بەڵام لە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ئەو ساڵە بەدواوە دەنگیان نەما. بڕیار وا بوو، کۆمەڵە ببێتە ئاڵتەرناتیڤی هەردوو باڵی حیزبی شیوعی و پارتی لە کوردستاندا. هەرچی باڵی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانە، دامەزرێنەران و لایەنگرانی کۆمەڵە هەوڵێکی زۆریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی دا، بەتایبەتی دوای لێخۆشبوونەکەی مەلا مستەفا لێیان. ئەوە بوو، لە دوا کۆنگرەی خۆیان لە ساڵی ١٩٧٠دا سەرباری ناڕەزایەتییەکی زۆری باڵەکەی عومەر دەبابە ئەو بڕیارەیان دا.
ئەو ناکۆکییانە لە وەڵام بەو پرسیارەی، کە ئایا کۆمەڵە دەبێت ڕێکخراوێک بێت بۆ کوردستانی گەورە (لە هەر چوار پارچەکەدا)، یان بۆ کوردستانی عێراق، یاخود بۆ عێراق، لە درێژەی قسە و باسەکاندا مەسەلەی کوردستانی گەورە زۆر زوو ڕەت دەکرێتەوە. بەڵام ناکۆکیی نێوان لایەنگرانی دوو بۆچوونەکەی تر بەردەوام دەبێت و سەرئەنجام لایەنگرانی کوردستانی عێراق و سەرکردایەتیی دواتری کۆمەڵە دەڵێن: کۆمەڵە تا ئێستا ڕێکخراوێکی نهێنییە و هێشتا خۆی بە جەماوەر نە ناساندووە. مەسەلەیەکی لەم جۆرەش دەبێ جەماوەر خۆی بڕیاری لەسەر بدات. بۆیە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە بۆ کاتی ئاشکراکردنی کۆمەڵە هەڵدەگرین. لایەنگرانی عێراقیبوونی حیزب ئەم پێشنیارە ڕەت دەکەنەوە و ڕیزەکانی کۆمەڵە

بەجێ دەهێڵن. هەر وەکوو وتم، ئەم گرووپە تا ماوەیەک درێژە بە هەڵسووڕانی خۆیان دەدەن و دواتر بڵاوەی لێ دەکەن. لەو کەسایەتییانەی ئەم گرووپە کە ناسیمن، عەبدوڵا دەباغ، مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە کۆلێجی ئادابی سلێمانی بوو. کەسێک بوو، بەئاشکرا لەنێو قوتابییاندا تەبلیغی بۆ مارکسیزم دەکرد و تەنات یەکێک لە کتێبەکانی ماکسیم گۆرکی کردبووە بابەتی خوێندنی ئەدەبیی ئەو زمانە. لە ڕادەبەدەر کەسێکی سادە بوو و پەیوەندیی فراوانی بە قوتابییانەوە هەبوو. لەوە دەچوو، کەم تا زۆر ئاگاداری پەیوەندیی من بە کۆمەڵەوە بێت. یەک_ دوو جار قسەی لەگەڵ کردم، هەر دوو جارەکە باسی کۆمەڵەی کرد و وتی: ئاگاداری خۆت بە، ئەمانە هەر جەلالییەکانن و کۆمەڵەش پرۆژەی خودی جەلال تاڵەبانییە! من ئەم قسانەی ئەوم لە کۆبوونەوەکاندا باس کرد، وەڵامی لێپرسراوی ئەڵقەکەمان (هیوا غەفوور) ئەوە بوو، کە ئەم کەسە سەربە عێراقییەکانە و هەوڵ بدە زۆر قسە و باسی لەگەڵدا نەکەیت. کەسی دووهەم فەوزی مەلا مەحموود بوو، کە بەهۆی خزمایەتیی نزیک و تێکەڵاویی زۆری لەگەڵ هیوای ڕێکخەرمەوە، ئاشنایەتیمان بۆ درووست بوو. لەو سەردەمەدا زۆر هانی دەدام بۆ خوێندنەوەی کلاسیکی مارکسیزم و زۆرێک لە بۆچوونەکانی بە لای هەندێک هاوڕێی کۆمەڵەوە بە ترۆتسکییانە لەقەڵەم دەدران. بە هەر حاڵ لە ساڵی ١٩٧٧دا باسی لە پەیوەندیی دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ پاشماوەی قیادەی مەرکەزیدا بۆ کردم، کە ئەو کات بڵاوکراوەی "وحدة القاعدة"یان دەردەکرد و چەند نووسینێکی لەسەر مەسەلەکانی ئەو کاتە بەدەستەوە بوو. دواتر لە ساڵەکانی ١٩٧٧ بەدواوە زانیم کە چووەتەوە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و تا ساڵەکانی ٨٧ بەدواوە دۆستایەتیمان هەر مابوو. لەوە بەدوا بە ماڵ و منداڵەوە بۆ هەندەران دەربازبوون. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩٢دا ناویم لە یەکێک لە دۆسییەکانی ئاسایشی سلێمانی بەرچاو کەوت، کە لەگەڵ شانەیەکی ڕێکخستنی کۆمەڵەدا هاتبوو. بەداخەوە لەم ساڵانەی دوایی لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا خوێندمەوە کە فایلدارە و وەک ئەندامێکی دەزگای زانیاری سەربە یەکێتیی نیشتمانی هاوکاری دەزگای موخابەراتی ڕژێمی بەعسی کردووە.

وەک ئاماژەم پێ دا، کاتێک کە من بە کۆمەڵەوە پەیوەست بووم، ئەوەی کە کۆمەڵە دەبێ ببێتە ئەڵتەرناتیڤی پارتی و هەر دوو باڵی حیزبی شیوعیی عێراق بڕابووەوە، ئەگەرچی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەڕاشکاوی ئەم مەسەلەیەیان باس نە دەکرد. هەر لە سەرەتای ئاشنابوونم بە هیوا غەفوور و محەمەد فەتحوڵا، کە دواتر لە یەک

شانەی کۆمەڵەدا ڕێک خراین، مەسەلەی عێراقیبوونی کۆمەڵە بۆ من مەسەلەیەکی جیدی بوو. بۆچوونی من ئەو کاتە ئەوە بوو، کە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی مارکسیستی لەسەر بناغەی قەومی شتێکی نادرووست و دژ بە فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیای مارکسیزمە و لەڕاستیدا بۆچوونێکی قەومییە. لە لایەکی ترەوە ئەگەر پێکهێنانی ڕێکخراوێکی مارکسیستی لە سەرانسەری عێراقدا درووست بێت، ئێمە بۆ نەچینە ناو قیادەی مەرکەزییەوە، ناکۆکییەکان لەگەڵ ئەواندا چین؟ دیارە باڵی لوجنە مەرکەزیمان بە تەحریفی دەزانی، کە لە بناغەوە لە مارکسیزم لایانداوە. لەسەر ئەم بابەتە زۆر دواین و ماوەی چەند مانگێک من لەگەڵ هیوا و محەمەددا مشتومڕم لەسەر کرد. هەستم دەکرد، هیوا ئەو بابەتانە لەگەڵ کەسی تردا، لە سەروو پلەی ڕێکخراوی خۆیدا باس دەکات و زۆر جار دەهاتەوە، شتی تازەی دەهێنایە ناو باسەکانەوە.

سەبارەت بە قیادەی مەرکەزی لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین، یان وردتر بڵێم، چووینە سەر بۆچوونی هیوا کە دەیووت: ئەم ڕێکخراوە زیاتر گیڤاریستین، تا ئێستاش لەناو خەڵکی کوردستاندا خۆشەویست نین، بەهۆی ئەوەی خەڵکی لەگەڵ لەباڵی لوجنە مەرکەزیدا زۆر لێکیان ناکاتەوە و... هتد. هەرچی خاڵی یەکەمیشە کۆمەڵە لە سەرەتای درووستبوونیدایە و تا ئێستا زۆر بەنهێنی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا کار دەکات، ئێمە با یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ کاتێک هەڵبگرین، کە کۆمەڵە خۆی بە خەڵکی کوردستان دەناسێنێت. با ئەو کاتە جەماوەر خۆی بڕیار بدات، کە چ جۆرە ڕێکخراوێک پێک دەهێنێت. هەموو لەسەر ئەمە بڕاینەوە. کەچی دوای تێپەڕاندنی نزیک بە ساڵێک لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکاندا واتە، ئەو کاتەی بەفەرمی لە کۆمەڵەدا سازمان درام، بۆ یەکەمجار دەستووری کۆمەڵەمان لە کۆبوونەوەیەکدا خوێندەوە، زانیم، کە هەم دەستوورەکە (دەستووری کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی ماوتسیتۆنگ/ کوردستانی عێراق) بۆ کوردستانی عێراقە، هەم کوردستانی عێراق و ئەو کوردانەی عێراق کە لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوور نیشتەجێن پانتایی جوگرافی و ئینسانیی هەڵسووڕانی کۆمەڵەیە. بەکورتی ئەگەر لە سەرەتای درووستبوونی کۆمەڵەدا هەندێک ناڕۆشنی یان تێکەڵاوییەک سەبارەت بە کوردستانیبوونی کۆمەڵە هەبووبێت، ئەوە لەدوای وازهێنانەکانی ١٩٧١وە کۆمەڵە، یان لانیکەم سەرکردایەتییەکەی، بەتەواوی لەسەر کوردستانیبوونی ساخ ببوونەوە و ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە دواتر بڕیاری لەسەر دەدرێت، زیاتر بۆ بێدەنگکردنی

ئەو ئەندام و کادرانە بوو، کە ئەم بابەتەیان باس دەکرد. ئەگەرچی ئەم بابەتە تا هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە هەر مایەوە و هەر ماوەماوە بە جۆرێک سەری هەڵدەدا و ڕۆژ بەڕۆژ سەرکردایەتیی کۆمەڵە توندتر بەرەو ڕووی لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەبووەوە. تا وای لێهات لە سەردەمی مەترەحبوونی کۆمەڵە و خەباتی شاخدا، لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە بە دەیان شێوە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ئازار دەدران، تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەسترا، دەگیران و تەنانەت هەوڵی تیرۆرکردنیشیان دەدرا. ئەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی و کۆمەڵە بەسەر مەلا بەختیار و ئالای شۆڕشیان هێنا، لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر دیار و مەعلوومە.

ئەوەندەی بە جیابوونەوەی ئەو گرووپەی ئێمە دەگەڕێتەوە، وا نییە، کە لەسەر مەسەلەی عێراقیبوون و کوردستانییبوونی کۆمەڵە وازمان هێنابێ، دیارە مەبەستم ئەوە نییە، کە ئێمە عێراقی نەبووین. من تەنها ئەوە دەڵێم، کە ئەم مەسەلەیە بابەتێکی سەرەکی، یان تەنانەت بابەتی ئەو باس و جیاوازییانەی ئێمە و سەرکردایەتیی کۆمەڵە نەبوو. ئێمە دواتر لەدرێژەی باس و لێکۆڵینەوەکانی خۆماندا بەو ئەنجامە گەییشتین. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە هەر ئەو جیابوونەوەیەی ئەو کاتە (هاوینی ١٩٧٥) بەتەنها ئێمە نەبووین، کە لەگەڵ خەتی فەرمی کۆمەڵەدا کەوتینە ناکۆکییەوە، بەڵکوو هاوکات لەگەڵ ئێمەدا گرووپێکی تر جیابووەوە، زۆر ناسیۆنالیستتر لە کۆمەڵە، کە پاش چەند مانگێک سازمانی "ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان"یان پێک هێنا (ئیبراهیم خەلیل و ئیبراهیم حەسەن و...) و هەر زۆر بەپەلە مەفرەزەیەکی چەکداریان پێک هێنا و زۆر زوو لە شەڕێکدا دژ بە هێزەکانی بەعس هەموو چەکدارەکانیان تێداچوون.

ئەوەی مەبەستمە ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە، لەسەر کۆمەڵێک مەسەلەی سیاسیی ئەو سەردەمە و کۆمەڵێک هەڵوێستی کۆمەڵە، ناکۆکی کەوتە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە. عێراقیبوون و کوردستانیبوونی کۆمەڵە یەکێک لەو بابەتانە نەبوو، بەڵکوو هەندێک بابەتی دیکە بوون، کە باسیان دەکەم. ئەو ئەندام و کادرانەی کە لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵە کەوتنە ناکۆکییەوە، نە لە ڕەخنەکانیاندا لە سەرکردایەتی و خەتی باوی کۆمەڵە، نە لە ئەنجامگیرییەک، کە لە کۆتایی ئەو دەورانەدا بەدەستیان هێنا، یەکخەت و هاوبەش نەبوون، بەڵکوو جۆرێک لە تێکەڵاویی فکری و سیاسی هاتبووە ئاراوە، کە ماوەی چەند مانگێکی پێویست بوو، تا ڕەوەندی باسەکان ڕۆشن ببنەوە و مەعلووم بن، هەر گرووپە چی دەوێت و چی دەکات. ئەنجامی ئەو

کێشمەکێشانە بە وازهێنانی کۆمەڵێک کادر و هەڵسووڕاوی مامناوەندی واتە، لەخوار سەرکردایەتییەوە کۆتایی هات و دواتر بوونە دوو گرووپی زۆر جیاواز لەیەکتر لە ڕووی سیاسییەوە. جیاوازییەکی تری ئەم جیابوونەوەیە لەگەڵ ئەوەی ساڵی ١٩٧١دا ئەوە بوو، کە گرووپی یەکەم درێژەیان بە هەڵسووڕانیان نەدا، بەڵکوو هەر وەکوو پێشتر ئاماژەم پێی دا، پاش چەند ساڵێک لە هەڵسووڕانی فکری واتە، خوێندنەوە، گفتوگۆ، نووسین و پەیوەندیکردن بە کەسی تازەوە لە ئاستێکی زۆر تەسکدا، بڵاوەیان لێ کرد. لە کاتێکدا جیابوونەوەی دووهەم بە هەر دوو گرووپەکەوە کەوتنە هەڵسووڕانی بەردەوام و یەکێکیان لە ئەنجامی هەڵسووڕانیاندا و لەو بارە سەخت و دژوارەدا کە ڕژێمی بەعس سەپاندبووی لەناو چوو. ئەوی تریان مایەوە و ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هات و لەڕاستیدا بووە هێزێکی سەرەکیی چەپی کوردستان (کارگەران، ڕەوتی کۆمۆنیست، بڵێسە، کرێکارانی کۆمۆنیست و... هتد) و دواتر هەڵسووڕاوانی ڕۆڵی دیاریان لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا هەبوو.
هەر وەکوو ئاماژەم پێی دا، جیاوازییەکانی ئەو گرووپەی ئێمە تاوەکوو جیابوونەوەشمان لە کۆمەڵە مەسەلەی عێراقیبوون یان کوردستانیبوونی کۆمەڵە نەبوو. سەرەتای ئەو جیاوازییانە لەڕاستیدا بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە، کاتێک کە پەیوەندیی ڕژێمی بەعس و سەرکردایەتیی پارتی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو ئاڵۆزبوون دەچوو و بەتەواوی مەعلووم بوو، کە پارتی خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات. سەرەتای مانگی مارتی ١٩٧٤ سەرکردایەتیی کۆمەڵە ڕاگەیاندنێکی ناوخۆیی بڵاو کردەوە، کە باس لەوە دەکات، شەڕهەڵگیرسانەوە مسۆگەرە و ئەم جەنگە جەنگی عادیلانەی خەڵکی کوردستان دژ بە ڕژێمی فاشیستی بەعسە، بەڵام بە سەرکردایەتییەکی کۆنەپەرست. ئەرکی کۆمەڵە لەم جەنگەدا بریتییە لە بەشداریکردن، بەڵام بۆ گۆڕینی سەرکردایەتییەکەی بە سەرکردایەتییەکی مارکسیست، کە ئامانجەکانی میللەتی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسیدا بەدەست بهێنێ. من یەکێک لەو ئەندامانەی کۆمەڵە بووم، کە بە کۆمەڵێک ڕێنماییەوە، پێم ڕاگەیەندرا، لەگەڵ قوتابییانی زانکۆی سلێمانی بچمە دەرەوە و لەگەڵ هاوڕێیانی تردا درێژە بە کارەکانی خۆمان بدەین. شەوی ١٠ لەسەر ١١ی مارت بە ڕێنمایی پارتی بەشێکی زۆری خەڵک شاری سلێمانی و شارەکانی تریان چۆڵ کرد. چەند تیمێکی کۆمەڵە لە سلێمانی کۆمەڵێک

درووشمیان لەسەر دیواری چەند گەڕەکێکی شار بەبێ ناو نووسی. سەرەکیترین درووشمیان ئەوە بوو، کە دەڵێت: "مارکسیزم ئاڵامانە، حەمرین سنوورمانە".
ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەش لەگەڵ خەڵکدا ڕوویان کردە دەرەوە. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، پاش ئەوەی لە بۆردوومانی شاری قەڵادزێدا ٣ ئەندامی کۆمەڵە و قوتابییانی کۆلێژی ئادابی سلێمانی (محەمەد هیوا غەفوور، هاوڕێی نزیک و یەکەمین ڕێکخەرم لە کۆمەڵەدا، حەمە ساڵح سامسام و بورهان عەبدوڵا شاسوار) لەگەڵ ٢٠٥ کەسی تردا گیانیان لەدەست دا، سەرکردایەتیی کۆمەڵە ئاگاداری کردینەوە، کە لە وەرگرتنی کار و ئەرکی مەترسیدار خۆمان بپارێزین و بەتایبەتی هەوڵ بدەین نەچینە ڕیزی پێشمەرگەوە.
لە هاوینی هەمان ساڵدا ڕاگەیاندنێکی ترمان (لەوە دەچوو، لە سەرکردایەتیی هەرێمی سلێمانییەوە بێت) دەربارەی ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە و هەڵوێستی کۆمەڵە بۆ هات، کە تیایدا هاتبوو: ئەم جەنگە لە لایەن هەردوو لاوە ناڕەوایە، چونکە سەرکردایەتییەکەی کۆنەپەرستە و سەرتاپای بزووتنەوەکەی بە سیاسەتی ئێران، ئیسرائیل و ئەمەریکاوە بەستۆتەوە و بەتەواوی ڕێگای بۆ خۆش کردوون، کە دەست لە کاروباری وەر بدەن و... هتد. پاش ماوەیەک ئەو بەیانە سەحب کرایەوە و پێمان ڕاگەیەندرا، کە هەڵوێستی ڕەسمیی کۆمەڵە هەر ئەوەیە، کە لە ڕاگەیاندنی سەرەتای مارتی ١٩٧٤دا هاتووە. ئێمە تێگەییشتین، کە جیاوازی، یان ناکۆکی لە نێوان سەرکردایەتیی کۆمەڵە و ڕابەریی هەرێمی سلێمانیدا هەیە. پاش نزیکەی یەک ساڵ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە، یەکێک لە خاڵەکانی ناکۆکیی ئێمە لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵە. لە سەروبەندی ئاشبەتاڵدا دلێر تاهیر ئەندامی کۆمیتەی سلێمانی و برازای عومەر دەبابە کە ئەو کات لە دارایی لە چۆمان فەرمانبەرێکی بەرز بوو، لەگەڵ مەفرزەیەکی کۆمەڵە کە بریتی بوون لە هاوڕێیان: دڵشاد عەبدوڵا، ئەنوەر شاکەلی شاعیر و چەند هاوڕێیەکی تر کە بەداخەوە ناویانم نایەتەوە بیر، لەگەڵ کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی بۆ ناوچەی ماوەت هاتن و بڕیاری سەرکردایەتیی کۆمەڵەیان پێ ڕاگەیاندین، کە بریتی بوو، لە بەرگری. ئێمە ئەو کاتە کەوتینە خۆمان و چەند هاوڕێیەکی کۆمەڵە کە ئەو کاتە لەو ناوچەیە بووین، بەهۆی ئەوەی هەندێک کاری کۆمەڵایەتیمان کردبوو، تا ڕادەیەک ناسراو بووین و متمانەی بەشێک لە خەڵکی ناوچەکەمان بەدەست هێنابوو. سەرباری ئەوەی کە دلێر وتەنی خزمەکانی خاڵە شەهاب لە دەوروبەری دێی بارێی گەورەن، ئەمەش زەمینەیەکی باشە بۆ

دەستپێکردن. بەگوێرەی قسەکانی دلێر دەبووایە ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ڕێگای ئێرانەوە بۆ پێنجوێن بچن و لەوێشەوە بۆ ناوچەی ماوەت بێن. لە چاوەڕوانیی گەییشتنی سەرکردایەتیدا ڕۆژێک لەناکاو سەلاح حوسێن گەییشتە لامان و وتی، دەبێ خۆتان تەسلیم بکەنەوە، سەرکردایەتی هەموویان ڕۆیشتوونەتەوە و چەند ڕۆژێکە لە شارن! ئەم هەواڵە بۆ ئێمە شۆکێکی گەورە بوو، کە دواتر دەبێتە خاڵی دووهەمی ناکۆکییەکانمان.

پاش گەڕانەوەمان بە تووڕەیی و پەستی لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە، سەلاح حوسێن، کەمال عەلی و من لە شانەیەکی سەرەکیدا سازمان دراین، کە بەشێک بوو لە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ، بۆ ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە کە چوونەتە دەرەوە. هەر لەو کاتەدا هەواڵێک بە نا فەرمی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا بڵاو بووەوە، کە گوایە سەرکردایەتی وا بار و دۆخی کوردستانی دوای ئاشبەتاڵ و ئەو بۆشاییە سیاسییەی هاتۆتە ئاراوە شی دەکاتەوە، گوایە: ئەگەری بوونی کۆمەڵە بە ئاڵتەرناتیڤی پارتی لە کوردستاندا زۆرە و ڕەنگە ڕژێمی بەعس مفاوەزاتمان لەگەڵدا بکات! شانبەشانی ئەمەش باسی مەسەلەی نەتەوایەتی لە سەرەوەی ڕێکخستنەوە بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە دابەزی و قسەیان لە ڕازیبوون بە جۆرێک لە خودموختاریی فراوان دەکرد. ئەم بابەتە بار و دۆخەکەی تەقاندەوە و کار وای لێ هات، کە کۆبوونەوەی هەفتانەمان مشتومڕ بوو لەسەر ئەم هەڵوێستەی سەرکردایەتی و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا درێژەی کێشا بۆ باسکردنی ئەو دوو خاڵەی تریش کە لە سەرەوە ئاماژەم پێی دابوو. کار بەوە گەییشت، لە شانەکەی خۆماندا کە هاوڕێ حەمە سەعیدی فەقێ عەلیی شاور لێپرسراوی بوو، تەنات کۆکردنەوەی ئابوونەش دەبووە جێگای مشتومڕ و سنووری ڕێکخستن بەهای نەما و لە هەموو لایەکەوە دەست بە قسەکردن لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە لەو مەسەلانەدا بە خاوەن بۆچوون دەناسران، کرا. لەو ڕۆژانەدا بوو، بە سەلاح حوسێن و منیان ڕاگەیاند، کە لە ناوچەی سلێمانییەوە کەسێک بۆ لێکۆڵینەوە لە بار و دۆخێک کە هەردووکتان لە شانەکەی خۆتاندا پێکتان هێناوە، دێت بۆ لاتان. پاشان هاوڕێ محەمەد فەتحوڵا قوتابیی ئەندازیاری لە زانکۆی سلێمانی و ئەندامی ناوچە هات و دانیشتنەکەمان یەک شەوی تەواوی خایاند. سەرلەبەیانی زوو لە کۆتایی دانیشتنەکەدا ڕایگەیاند، کە ئەویش بەتەواوی لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێمەدایە و دێتە پاڵ ئێمە. بە هەر حاڵ ئەم مەسەلانە لە لایەن سەرکردایەتیی "کۆمەڵە"وە

نەک هەر وەڵام نەدرانەوە، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ جیاوازییەکان قووڵتر دەبوونەوە، تا کار بەوە گەییشت، دلێر تاهیر، سەلاح حوسێن، محەمەد فەتحوڵا بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەیان دا و منیش وتم، ئەگە ڕێگام پێ بدرێت، بۆچوونەکانی خۆم ئازادانە لەناو ڕێکخستندا باس بکەم، ئەوا دەمێنمەوە. لە ڕێگای ڕێکخەرەکەمەوە ئەم داخوازییەم بەرز کردەوە. وەڵامی ئاسۆی شێخ نووری کە ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی ئەستێرەی سوور واتە، سەرکردایەتی و لێپرسراوی سلێمانی بوو، ئەوە بوو، کە جەبار مستەفا دەیەوێت لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا ئاشووب بنێتەوە. ئیتر زانیم، کە جگە لە دەستکێشانەوە چارێکی ترم نییە. هەتا ئێرەش مەسەلەی عێراقی و کوردستانی لەئارادا نەبوو. مەسەلە سەرەکییەکان ئەوانە بوون، کە باسم کردن. ئەمە جگە لەوەی کە لەدرێژەی مشتومڕەکاندا مەسەلەی سەیرکردنی خودی کۆمەڵە بۆ مارکسیزم_ لینینزم و بیروباوەڕی ماو درایە بەر باس و ئێمە بەوە گەییشتین، کە بیروباوەڕی ماو بەشێکە لە مارکسیزم_ لینینزم و لە درێژەی ئەواندایە، بەڵام لەناو کۆمەڵەدا بووە بە هەموو شتێک و بووە بە ئەڵتەرناتیڤی ئەوان. ئێمە تا ئێستا نە مارکسیزم دیراسە دەکەین، نە لینینزم، هەرچییەکمان هەیە، هەر ماویزمە. ئەمە کارێکی نادرووستە و دەبێ بۆ مارکسیزم بگەڕێینەوە، چونکە ئەوە سەرچاوەی خودی ماویزمیشە.

دلێر تاهیر کە ئەو کات لەباری تیۆرییەوە کەسێکی زۆر بەتوانا بوو، کۆرسێکی دیراسەکردنی ئامادە کرد، لە هیگڵ و فۆیەرباخەوە دەستپێ دەکات. مەبەستم، لە فەلسەفەوە تا دەگات بە ئابووری و سیاسەت، بەڵام وابزانم سەرمایەی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوەی گوایە، زۆر قورسە. بەهەر حاڵ هەرگیز ئەو کۆرسەمان بۆ تەواو نەکرا، بەڵام خاڵی پۆزەتیڤی ئەوەبوو، کە سەرنجی بەلای سەرچاوە سەرەکییەکانی کلاسیکی مارکسیزمدا ڕاکێشاین و کەم تا زۆر هەر یەکەمان لە شوێنی خۆیەوە دەستمان دایە دیراسەکردنیان. هەر لەو ماوەیەدا و لەناو خۆماندا مەسەلەی کوردستانی و عێراقیبوون بە جۆرێکی تر هاتنە پێشەوە و گەییشتینە ئەوەی کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە جۆرێک ئەم پرسە دێنێتە ئاراوە، کە هەر لە سەرەتاوە وەڵامەکەی بە قازانجی لایەکدا بشکێتەوە، کە خۆیان مەبەستیانە. ئەوان پرسیارەکە وا دەکەن: ئایا میللەتی کورد، کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مافی جیابوونەوەشەوە مافێکی ڕەوای خۆیەتی، مافی ئەوەی هەیە، کە ڕێکخراو یان حیزبی مارکسیستی خۆی هەبێت، یان نا؟ لەبەرامبەر ئەم پرسیارەدا ئێمە وتمان:

ئەمە وانییە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئێستا، کە عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە وڵاتێکی نیمچە دەربەگیی نیمچە داگیرکراوە و کوردستانیش لە ڕووی ئابووری و سیاسی و یاساییەوە بەشێکە لێی. مەسەلە بنەڕەتییەکانی شۆڕش لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە بریتین لە: ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەعس و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراسی نوێ و چارەسەرکردنی تەواوەتیی مەسەلەی زەوی و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردستان بە دیاریکردنی مافی چارەنووسیشەوە، ئایا جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە حیزبێکی مارکسیستی کوردستانی دەخوازێ، یان حیزبێکی عێراقی؟ ئەمە جگە لەوەی کە یەکپارچەیی چینی کرێکار لە چوارچێوەی یەک یەکەی ئابووریی سیاسیی قانوونیدا مەسەلەیەکی پایەیی مارکسیزمە و قابیلی گۆڕین نییە. هەر زۆر زوو لەسەر ئەم بابەتە ساخ بووینەوە. لەولاشەوە سەرکردایەتیی کۆمەڵە ڕاگەیاندنێکی ناوخۆیی بڵاو کردەوە، کە باس لە دەستلەکارکێشانەوەی ١٣ ئەندام دەکات و دەڵێت، ئەمانە بەشێکیان هەلپەرستی ڕاستڕەون (ئیبراهیم خەلیل و ئەوان) و بەشێکی تریان هەلپەرستی چەپڕەون (کە مەبەستی ئێمە بوو). وە زۆر بەخێرایی لە لایەن سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە بە عێراقییەکان ناسراین و هەڵسووڕاوان و لایەنگرانمان یەکبەیەک لە لایەن لێپرسراوانی کۆمەڵەوە بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵە دەستنیشان دەکران. هەر بۆ نموونە، خۆم لە زانکۆ زیاتر لە کەسێک و دووان، کە بەڕێکەوت و بەبێ ناسینی لەوەوپێش هاتوونەتە لام و بەبێ پێشەکی وتوویانە: کاک جەبار! من کوردستانیم لە عێراقی پێ باشترە. ئەم کارە ناڕەوایە بەرامبەرمان، ئەگەرچی لەو کاتەدا لە ڕووی ئەمنییەوە زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام لە لایەکی ترەوە زۆر خزمەتی بە ناساندنمان کرد و ڕێگای بۆ گفتوگۆ و پێکهێنانی پەیوەندیی سیاسی و فکریی لەگەڵ چەندین کەسدا خۆش کرد، کە دواتر بوونە هاوڕێ و هەڵسووڕاوی گرووپەکەمان.

**پرسیار:** ئەو ساڵانەی تۆ لەنێو کۆمەڵەدا بووی، قسە و باسەکانی نێو کۆمەڵە چی بوون و ناکۆکییەکان لەدەوری چی تەوەرەیان بەستبوو؟ ئەوەندەی تۆ ئاگادار بیت، ئایا تێڕوانینێکی لەو جۆرە هەبوو، کە کۆمەڵەش وەکوو حیزبی شیوعیی عێراقی لەگەڵ حیزبی بەعسدا بەشداری بەرەی نیشتمانی بێت؟

**جەبار مستەفا:** سەرەتای پەیوەندیی هەر کەسێک بە کۆمەڵەوە، لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانەوە دەستی پێ دەکرد. دیارە ئەو کەسەی، کە تازە پەیوەندی پێوە

دەکرا، بەم ناوە ئاشنا نەبوو و نەیدەزانی، کە ئەمە ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیرییە. ئەم ناوە تەنها ئەندامانی کۆمەڵە یان ئەوانەی کە زۆر لە ڕێکخستن نزیک بوون، دەیانزانی. ئەندامان و هەڵسووڕاوان سەرەتا پەیوەندییان بە کەسانێکەوە دەکرد، کە مارکسیزمیان قبووڵ بێت، یان لانیکەم بۆ بڕواهێنان پێی ئامادە بن، بەڵام هەندێک ناڕۆشنییان لەسەری هەبێت. دەبووایە بەتەواوی لای کۆمەڵە ناسراو بووایە و هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە پاراستن و ڕژێمی بەعس یان هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکەوە نەبووایە. سەرەتای کار لەگەڵیدا بەوە دەستی پێ دەکرد، کە مارکسیزم پێویستە بە کۆمەڵ دیراسە بکرێت و هەر زۆر زوو لێپرسراوی ئەڵقەکە لیستێک لە کتێبی دەهێنا و پێشنیاری دەکرد، کە بەیەکەوە بخوێندرێنەوە. هەموو ئەڵقەیەک بەزۆری لە ٣ کەس پێک هاتبوو. لیستی کتێبەکان کە هەمووی عەرەبی بوون، لە "المادیة االدیالکتیکیة" و "المادیة التاریخیة"یەکەی "یاخود دۆبۆستنیک"ەوە دەستی پێ دەکرد، تا کتێبەکەی "ل. سیگال" لەسەر قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ و نامیلکەکانی ماو لەسەر شیکردنەوەی چینایەتیی کۆمەڵگای چین و کتێبەکەی جەلال تاڵەبانی "کردستان والحرکة القومیة الکردیة" بە تایبەتی دوابەشی کە باس لە پێویستیی پێکهێنانی حیزبی پێشڕەو دەکات و تا بە کتێبێکی مونیر شەفیق کە باس لە حیزبی مارکسیست_ لینینستی پێشڕەو دەکات، دەگەییشت. هەر کەسێک ئەم کۆرسەی تەواو بکردایە، لێپرسراوی ئەڵقەکە، کە ئەندامی کۆمەڵە بوو، گوزارشی لەسەر دەدا. ئەگەر چالاک بووایە لەباری خوێندنەوە و پەیوەندیکردن بە کەسی تازەوە و... هتد.، لە کۆبوونەوەیەکدا کە زۆر جار بە کەسێکی تازە دەناسێنرا، پێیان ڕادەگەیاند، کە تۆ لە ئێستاوە ئەندامی "کۆمەڵەی مارکسی_ لینینیی گۆشکراو بە بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگی کوردستان"یت. دەستووری کۆمەڵەی بۆ دەخوێندرایەوە، ئەگەر ڕازی بووایە، ئەوا بڕی ئابوونەی مانگانەی بۆ دیاری دەکرا و دەچووە شانەی ئەندامانەوە. ئینجا ئەو بەگوێرەی چالاکیی خۆی، دەبووە لێپرسراوی ئەڵقەیەک، یان چەند ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری، یان لانیکەم چەند کەسێک، کە ئامادەی دەکردن بۆ ئەوەی لە ئەڵقەدا ڕێکیان بخات.

لە شانەکانی ڕێکخستندا بەرنامەیەکی دیراسەی فراوانتر و موشەخەستر بەڕێوە دەچوو. کتێبەکانی ستالین، ماوتسیتۆنگ، مونیر شەفیق دەخوێندرانەوە. دیارە هەر وەکوو وتم، هەمووی بە زمانی عەرەبی بوون. جگە لەمانە، گۆڤاری ناوخۆیی کۆمەڵە (ئاڵای سوور) دەخوێنرایەوە و قسە و باسی لەسەر دەکرا. ئەوەندەی من

ئاگادار بم، لە ماوەی ٣ ساڵدا دوو ژمارەی لیَ دەرچوو. بابەتەکانی سیاسیی کۆمەڵایەتی بوون. لە یەکێک لە ژمارەکانیدا شیکردنەوەیەکی چینایەتی بۆ شاری ڕانییە کرابوو، بە هەمان شێوەی ماو، کە کۆمەڵگای چین شی دەکاتەوە، سەرنجی هەمووومانی زۆر ڕاکێشا.

لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بەو ناکۆکییانە دا، کە دوای ئاشبەتاڵ هاتنە کایەوە و بووە مایەی جیابوونەوەی دەستەیەک لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥. جگە لەمە و ئەوەندەی من بزانم، تا ساڵی ١٩٧٥ ناکۆکییەکی ئەوتۆ لەناو کۆمەڵەدا نەبووە، بەڵام لەسەر کاری ڕۆژانە کە زیاتر بریتی بوون، لە ڕاکێشانی کەسانی تازە بۆ ناو ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان، یاخود لەسەر مەسەلەی کارکردن لەناو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، کە بۆ هەڵسووڕانی ئەندامانی کۆمەڵە مەیدانێکی سەرەکی بوو، هەندێک جار جیاوازی دەهاتە ئاراوە. ئەم جیاوازییانە نە دەگەیشتنە ڕادەی ناکۆکی و ئەگەر تا ڕادەیەک بەردەوام بووایە، بۆچوون و بڕیاری سەرەوە دەیبڕاندەوە.

سەبارەت بە دوابەشی پرسیارەکە هەر وەکوو لە پرسیاری پێشوودا باسم کرد، تا ساڵی ١٩٧٥ واتە، ساڵی ئاشبەتاڵ، باسێکی لەو جۆرە لەناو کۆمەڵەدا نەبوو. بەڵام دوای ئاشبەتاڵ باسێکی لەو جۆرە هاتە ئاراوە، ئەو باسەش بەشداریکردنی کۆمەڵە لە "بەرەی نیشتمانی..." بەعسدا نە بوو، بەڵکوو باسکردن بوو، لە ڕازیبوون بە ئۆتۆنۆمییەکی فراوانتر لەوەی بەعس کە لە ساڵی ١٩٧٤دا ڕایگەیاند. ئەم بابەتەش، وەکوو وتم، لەو بۆچوونەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە هاتبوو، کە گوایە، دوای ئاشبەتاڵ بۆشاییەکی سیاسی لە کوردستاندا هاتۆتە کایەوە، ئەگەری پەیوەندیکردنی ڕژێمی بەعس بە کۆمەڵەوە لە ئارادایە. ئەم بۆچوونە ئەگەرچی بەفەرمی لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا باس نەکرا، بەڵام پێدەچێت، لەناو سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا هەبووبێت، چونکە دوای چەند ساڵێک واتە، ١٩٧٨ لە بەندیخانەی ئەبوغرێب یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆنی کۆمەڵە کە لەگەڵ ٧ کەسەکەی لە دووهەم شاڵاوی گرتندا بۆ ئێران ڕۆیشتن و گیران و ڕادەستی ڕژێمی بەعس کرانەوە، بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە و وتی: ڕژێمی ئێران لە سنووری پێنجوێنەوە ڕەوانەی عێراقی کردینەوە. تەنها ٢ پۆلیسیان لەگەڵدا ناردین و لە کاتێکدا ئێمە ٧ کەس بووین. ئەو دوو پۆلیسەش زۆر بەخاوی و بەبیَ خەم لەگەڵماندا دەڕۆیشتن. هەندێکمان وتمان، با ئەم دوو پۆلیسە بگرین، چەکیان بکەین و خۆمان دەرباز بکەین، فەرەیدوون عەبدلقادر زۆر سەرسەختانە دژمان وەستایەوە و کارێکی وای

کرد، پۆلیسەکان هەستیان بە شتێک کرد. ئینجا کەوتنە خۆیان و هەندێک لێمان دوور کەوتنەوە، تا گەییشتینە سنووری عێراق. کە لێم پرسی، باشە فەرەیدوون بۆ وای کرد؟ لە وەڵامدا وتی: ئەو بڕوای وابوو، کە ڕژێم وەک سەرکردایەتیی سیاسی نەک هەر هیچمان لێ ناکات، بەڵکوو مفاوەزاتیشمان لەگەڵدا دەکات.

**پرسیار**: تۆ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧ و بەهۆی ئیعترافاتی ئیبراهیم حەسەن، یەکێک لە ڕابەرانی "ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان"ەوە دەسگیر و زیندانی کرایت و نزیکەی دوو ساڵ لە زیندانی ئەبوغرێب مایتەوە. شێوەی کاری سیاسیی ئێوە لەنێو زینداندا چۆن بوو؟ ناکۆکی و ململانێکان چۆن ڕیزی بەستبوو؟ پەیوەندیت لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی دەرەوەی زیندان، کە دوای وازهێنانت لە کۆمەڵە پێکەوە لە ئەڵقەیەکدا یەکتان گرتبوو، چۆن بوو؟

**جەبار مستەفا**: ژیان بەسەربردن لە بەندیخانەدا بە شێوەیەکی گشتی زۆر لە ژیانی ئاسایی ناو کۆمەڵگا جیاوازە. یەکێک لە جیاوازییە هەرە سەرەکییەکانی هەموو بەندیخانەیەک لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان ئەوەیە، کە تۆ ناچاریت، ئەو ماوەیەی کە بۆت دیاری کراوە، لەگەڵ کەسانێکدا بەسەر بەریت، کە لەوەوپێش نەتناسیون، نەتدیون، نازانی چۆنن، یان بەبێ پرس و ئیرادەی خۆت و ئەوانیش دەبیتە هاوشوێن و هاودەم و هاو زۆر شتیان. ئەم تایبەتمەندییانە لە زیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا زۆرتر دەبن، بەتایبەتی سەبارەت بە بەندکراوی سیاسی. چونکە لەو سەردەمەدا کار و ئەرکی سەرەکیی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس و لەسەروو هەمووشیانەوە بەندیخانەکان، لە یەک ئەرکی سەرەکیدا چڕ دەبووەوە، ئەویش، تێکشکاندن و هاڕینی گیانی ڕێزلەخۆگرتن و بەرگریکردن لەو پرانسیپ و بەهایانەی کە بەندکراوێکی سیاسی بڕوای پێیانە و پەشیمانکردنەوەی لەو مەسەلەیەی کە لەسەری گیراوە و ئەشکەنجە و حوکمیش دراوە. وە ئەوەی کە هەڵەیەکی گەورەی بەرامبەر بە "ڕژێمی نیشتمانی" کردووە، دەبێ هەتا زووە لەو هەڵەیە بە پراکتیک پەشیمان بێتەوە. پەشیمانبوونەوە، خۆ بە ئاژاوەگێڕ و موخەڕیب سەیرکردن، چاوەڕوانی زەلیلانەی "مەرحەمەتێکی"ڕژێم بە بۆنەی جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان یان بە بۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی سەرۆکی فەرماندەوە، ئامانجی سەرەکیی سیاسەتێکی داڕێژراوی ڕژێمی بەعس بوو، کە دەبووایە دەزگاکانی سەرکوت لە بەندیخانەکاندا بەرامبەر بە هەموو زیندانییەکی سیاسی بەبێ جیاوازی جێبەجێی

بکەن. ئەم پرۆسەیە لە یەکەم ڕۆژی گرتنەوە دەستی پێ دەکرد، بەلام لە ماوەی لێکۆڵینەوە و تەحقیقدا ئامانجی ڕاستەوخۆ بەدەستهێنانی زۆرترین و وردترین زانیاری لەسەر هەڵسووڕان و پەیوەندییە سیاسییەکانی گیراوەکە بوو. ئێمە کە ئەم پرۆسەیەمان تێپەڕاند، وامانزانی لە بەندیخانەی ئەبوغرێب پشوویەک، هەناسەیەک دەدەین، بەلام کە گەییشتینە ئەوێ، هەر زۆر زوو تێگەییشتین، کە بار و دۆخی ئەبوغرێب بواری هەناسە و پشوودانی نییە. یان دەبێ بەگوێرەی بار و دۆخی ئەو بەندیخانەیە کە لە زیندانیی سیاسی و نا سیاسی لێوانلێو بوو، درێژە بە هەڵسووڕانی خۆمان بدەین، یان سەرتاپای ژیانمان دەبێتە شتێکی پووچ و بەتاڵ.
یەکەم خاڵ کە سەرنجمانی ڕاکێشا، قەرەباڵغی بەشەکانی ئەبوغرێب بوو. هەموو بەشەکانی حوکمە قورسەکان (أحكام ثقيلة) واتە، لە ٥ ساڵ زیاتر، لە زیندانی جمەی دەهات. کە بەسەر بەشەکاندا دابەشیان کردین، مامۆستا ئازادی مەلا محەمەد و من بەر قاف ٦ کەوتین. زیاتر لە ٣ هەفتە، بەڕۆژ، لەدوای هاتنەوەمان لە کارگەی فەرشچنین بە نۆرە لەسەر جێگای دوو هاوڕێی تر (ڕەفیق و جەبار)، کە پێش ئێمە گەییشتبوونە ئەوێ، دائەنیشتین و ئێوارانیش جێگاکانمان دەبردە حەوشەی قافەکەوە. دوای ئەو ٣ هەفتەیە هەردووکمان سەرو ٢ مەتر ئەرز و یەک قەرەوێڵەمان لە ڕێڕەوی نهۆمی سەرەوەدا دەستکەوت. دوای چەند ڕۆژێک هاوڕێ تەهای حەمە ڕەش هاتە لامان و هەرسێکمان تا ماوەی چەند هەفتەیەکی تر لەو شوێنە ماینەوە.
گەورەترین کێشە لەو چەند هەفتەیەدا کە بۆمان هاتە پێشەوە، دزینی شتەکانمان بوو. ڕۆژێک لە کارگە ئەهاتینەوە سەرەغازەکەمان دزرابوو. ڕۆژێکی تر مەنجەڵێکمان دیار نەبوو. کاتێکی تر جانتاکانمان شکێنرابوون...هتد. ئەم بار و دۆخە بەردەوام بوو، تا محەمەد ڕەحیم هەڵەبجەیی کە دواتر لەناو یەکێتیدا بە ئاسۆ ناسرا و ئێستا لەگەڵ بزووتنەوەی "گۆڕان"دایە، هاتە لامان. محەمەد لەژێر ئەشکەنجەدا و لە ئەنجامی هەڵواسیندا هەر دوودەستی لەکار کەوتبوون. زۆر بەسەختی خواردنی بۆ دەخورا. نەیدەتوانی ڕیشی بتاشێت و خۆی بشوات. بە هەر حاڵ هاتنی ئەو لە دزیی ڕزگاری کردین. چونکە ئەو نەیدەتوانی بۆ کارگە بێت و بەڕۆژ بەدیار جێگاکانمانەوە دادەنیشت.

لە ئەبوغرێب سزای هەر جۆرە پەیوەندییەکی سیاسی، ڕێکخراوەیی، بە دەرەوەی زیندان، چەند سادە و سەرەتایی بووایە، لەسێدارەدان بوو. هەر جۆرە پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی، سیاسی لەناو خودی بەندیخانەدا بە پەتی سێدارەی دەگەیاندیت.

ئاسایشی بەندیخانە کە ئەو کاتە نەقیب مەدحەت کۆیی لێپرسراوی بوو، تۆڕێکی زۆر فراوانی لە هاوکارانی خۆی بڵاو کردبووەوە و بەزۆری لە حوکمدراوە نا سیاسییەکان (دز، پیاوکوژ، تاوانی سێکسیی جۆراجۆر...) بوون. زۆر دڵسۆزانە و زۆر جار لەسەر هیچ گوزارشیان لەسەر دەنووسیت. دەسەڵاتی بەعس بەوەش نەوەستابوو، کە زیندانییە سیاسییەکانی تێکەڵاوی زیندانییەکانی تر کردبوو، ماوەماوە بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بانگیان دەکردین و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردین. گوایە لەگەڵ کەسی تردا قسە و باسی سیاسیمان کردووە، یان پەیوەندیمان بەدەرەوە هەیە، یاخود کتێبی قەدەغەکراو دەخوێنینەوە... بەڵام پێش ئەوەی پێمان بڵێن، لەسەرچی بانگ کراوین، دەیانپرسی تۆ لەسەر چی گیراوی؟ لە وەڵامدا دەبووایە بڵێیت، کەمن ئاژاوەگێڕ (مخرب) بووم. ئەوسا دەیان گوت: دەی باشە! مادام پەشیمانی لەو کارەی کردووتە، بەڵێنی نووسراومان بدەرێ، کە هاوکاری ئاسایش بکەیت و گوزارش لە هەر کەس بدەیت، کە دژی حیزبی سەرکردە و شۆڕش هەڵسوکەوت بکات. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بتوتایە، من سیاسیم، یان بە بەندی یاسایی ٢٠٤ یاخود لەسەر (قضايا ألشمال) گیراوم، ئەوە یەک ژەمی باش ئەشکەنجەت دەخوارد و ئیتر وەک کەسێکی حاقد و قین لەدڵ بەرامبەر بە "حیزب و شۆڕش" دەچوویتە ڕیکۆردیانەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت، ئەم پێشەکییەم بەپێویست زانی، چونکە یەکەم مەسەلە کە زیندانی سیاسی لەو ساڵانەدا ڕووبەڕووی دەبووەوە، مەسەلەی هەڵوێستگیری بەرامبەر بە سیاسەتی ئاسایشی بەندیخانە بوو. زیندانە سیاسییەکان، بە کورد، عەرەب، تورکمان و ئاشووری و... هتد.، بەگوێرەی هەڵوێستیان لەم مەسەلەیە دەبوونە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان دەیانگوت: پێویست ناکات، ڕووبەڕووی ئاساییش ببینەوە و با زۆر تێکەڵاوی یەکتر نەبین. تێکەڵاوی ئەو سیاسییانە نەبین، کە لەوەوپێش نەماننناسیون. سیخوڕەکان بدوێنین و کەمەکەمە پەیوەندیشمان لەگەڵیاندا هەبێت. پێویست ناکات، ئێمە کارێک بکەین، کە ئاساییش لێمان تووڕە بێت. ئاخر ئێمە لەبەردەستیانداین. با خۆمان بۆ دەرەوە ئامادە بکەین... بەکورتییەکەی، ئەم بەشە دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتبوو، با

نەیبات. هەرچی بەشی دووهەمە، ئەم هەڵوێستەی ڕەت دەکردەوە بەوەی، کە ئێمە تازە حوکم دراوین، واتە، لای ڕژێم ئاشکرا بووین. ماوەتەوە ئەوەی، کە ڕێز لە خۆمان و لە مەسەلەیەک بگرین، کە لەسەری زیندانی کراوین. ملکەچکردن بۆ سیاسەتەکانی ڕژێم، جگە لەوەی کاری وا، بێ ئەندازە سووکایەتی بەخۆکردنە و لە ئاستێکیشدا ناوەستێت. لە کارێکدا ملکەچیان بوویتایە، دوو شتی تریان لێ داوا دەکردیت. ئەم بەشە هەر لە سەرەتاوە تێکەڵاوی سیخوورەکانی ئاساییش نە دەبوون، سەرباری ئەوەی بەزۆر شێوەی جیاواز ئەوان هەوڵیان دەدا، کە پەیوەندییان لەگەڵدا پێک بهێنن. هەر لە یەکەم جارەوە کە بۆ ئاساییش بانگ دەکران، بە هیچ جۆرێک ملیان بەوە نەدەدا، کە ئاژاوەگێڕ بن، خۆیان بە سیاسی دەزانی و دەیانگوت، ئێمە بە ماددەی ٢٠٤ (ئاسایشی دەوڵەت) زیندانی کراوین. ئێمە ئاژاوەگێڕ نین، ئێمە کاری سیاسیمان کردووە و لەسەر ئەوەش حوکم دراوین. لەسەر ئەم هەڵوێستە تووشی ئەشکەنجەدان دەبوون، بەڵام بەم هەڵوێستەیان مشتێکی توندیان بەناو دەمی ئەو دڕندانەدا دەکێشا.

مەیدانێکی تری هەڵسووڕانی ئێمە، تێکەڵاوبوون بە زیندانییە سیاسییەکانی تر و ئاڵوگۆڕی بیروڕای سیاسی سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژ و مەسەلە فکری و ئایدیۆلۆجییەکان، مارکسیزم، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد و عەرەب، مەسەلەی فەلەستین، ناکۆکییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ماویزم، کۆمۆنیزمی ئەلبانی، خەباتی چەکداری لە کوردستاندا بوو. لەو ڕۆژانەدا گردبوونەوەی نیشتمانی عێراقی (التجمع الوطني العراقي) هەبوو، کە ڕێکخراوێکی بەرەیی بوو و زۆربەی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی لەخۆ گرتبوو. یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش هەر لە سەرەتای پێکهاتنییەوە بووە ئەندامی. هەواڵی تازەی ئەم ڕێکخراوە، بەرنامە، درووشم و ئامانجە سیاسییەکانی (کە ئێمە زیاتر ئاگاداریان بووین، چونکە تازە بووین لە ئەبوغرێب)، مەسەلەیەکی تر بوو، کە ماوەیەک سەرقاڵی قسە و باس بووین لەسەری و لە ئەنجامدا کۆمەڵێکمان گەییشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم بەرەیە، بەرەی حیزبە بۆرژوازیییەکانی عێراقە و مافی بەسەر چینی کرێکارەوە نییە.

پرۆسەی تێکەڵاوبوونمان بە زیندانییەکانی ترەوە (جگە لە ئەندامانی کۆمەڵە) هەتا دەهات فراوانتر دەبوو. ئێمە کە گیراین، تەنها من و هاوڕێ زەینەدین نەجمەدین، بەڕەسمی ئەندامی چالاکی گرووپەکەی خۆمان بووین. بەڵام پێش ئەوەی بگیرێین،

لەگەڵ مامۆستا ئازادی مەلا محەمەددا لە ڕووی فکری و سیاسییەوە زۆر نزیک بووین، کە بەڕێکەوت ڕۆژێک پێش گرتنەکەی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی بە کۆمەڵە دابوو. هەروەها لەگەڵ لەتیفی شێخ عومەریش، کە ئەندامێکی چالاکی یەکێتیی خوێندکاران بوو. جگە لەمە، هەر لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئیستیخباراتی فرقەی ٧ لە سلێمانی نزیکایەتی و هاوفکرییەکی تەواو لەنێوان تەهای حەمە ڕەش و مندا درووست بوو. هەروەها لە هەیئەی کەرکووک لە گەڵ ستار محەمەد کەریم (فوئاد سادق)، عوسمان محەمەد کەریم، ئیسماعیل عەبدلقادر. جگە لەم هاوڕێیانە، عەلی موراد کە لە زانکۆی سلێمانی کرێکاری بیناسازی بوو و پێش ئێمە لەگەڵ ئاسۆی شێخ نووریدا گیرابوو، هاوڕێیەکی تری گرووپەکەی ئێمە بوو و یەکێک بوو لەوانەی کە لە سەرەتای وازهێنانمانەوە لەگەڵماندا بوو. ئەمە جگە لە بەختیار مستەفا، کە ماوەیەکی کەم پاش گرتنی ئێمە ئازاد کرا و فرسەتی یەکتربینینمان لە ئەبوغرێب نەبوو.
تێکەڵاوبوونمان لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵسووڕاوی قیادەی مەرکەزی کە لەساڵی ١٩٧٤وە گیرابوون، تا دەهات قووڵتر دەبووەوە. ئەمانە هەموویان پێشتر بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو، بەڵام دواتر کرابوو بە بڕیاری ئەبەدی. ئەم کۆمەڵە هاوڕێیە بە سەرسەختترین زیندانیی سیاسی ئەو ساڵانە لە عێراقدا ناسرابوون. ئەمانە لەڕووی فکری و سیاسییەوە بەتوانا بوون. لەبەرامبەر سیخوڕ و ئاسایشدا بوێر و چاونەترس بوون. لە ڕاستیدا ئاسایش لە بەرامبەریان دۆش دامابوو و نەیدەزانی چییان لێ بکات. جۆری ئەشکەنجە و ئازاردان نەمابوو، لەگەڵیاندا تاقی نەکاتەوە. سیخوڕی چەقۆکێش نەمابوو، بۆ ترساندنیان کە نەینێرێتە گیانیان. ڕۆژانە یەک دووانێکیان بۆ ئاسایش بانگ دەکران و بە جۆرەها شێوە ئازار دەدران. بەڵام ئەمان چاونەترسانە بەرگرییان لە خۆیان دەکرد. بەکورتی، هەر ئەم هەڵوێستەیان وای لێ کردبوون، کە زیندانە ئاساییەکانی ئەبوغرێب ڕێزی زۆریان لێ بگرن و سیخوڕەکانی ئاسایش سڵیان لێ بکەنەوە،
ئەم هاوڕێیانە هەر کە بیستیان ئێمە خەڵکانێکی مارکسیستیین، زوو بە پیرمانەوە هاتن و هەر زۆر زوو هەر دوو لا بووینە جێ متمانەی یەکتر و قسە و باسی سیاسی لەسەر مارکسیزم، ڕیڤیژینیزمی سۆڤێت، تێزی سێ جیهان، کۆمۆنیزمی ئەلبانی، بابەتەکانی بڵاوکراوەی "وحدة القاعدة" (کە تا کاتی گرتنمان ١٢ ژمارەی لێ بڵاو کرابووەوە و من خوێندبوومنەوە)، هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی قیادەی مەرکەزی

و کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی/ ماوتسیتۆنگ کوردستان لەنێوانماندا دەستی پێ کرد. پاش ماوەیەک لە قسە و باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتانە گەییشتینە ئەوەی، کە لە ئێستادا حیزبی سەرتاسەریی چینی کرێکار لە عێراقدا بوونی نییە و ئەرکی لەمەودوامان بریتییە لە خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو حیزبە. بڕیارمان دا، وەک یەک گرووپ کار بکەین. یەکەم کار دوای ئەم بڕیارە، کردنەوەی خولێکی فکریی سیاسیی ڕۆشنبیری بوو. مەسەلەکە لە سەرەتادا لەنێوان سەباح عەبدلڕەزاق، عەلی عەباس، ئەبو سەلاح و مندا باس کرا و دواتر من لەگەڵ مامۆستا ئازاد و لەتیفی شێخ عومەر باسم کرد. بابەتەکانی خولەکە لە فەلسەفەوە دەستی پێ دەکرد و سەرەتایەک لە فەلسەفە و مێژووی فەلسەفە تا دەهاتە سەر فەلسەفەی مارکسیزم و ڕەخنە لە فەلسەفەی هیگل و فۆیەرباخ، ئابووریی سیاسی و ڕژێمی سەرمایەداری و تیۆرییە ئابوورییە سەرەکییەکانی مارکسیزم و دواتر مەسەلەی خەباتی سیاسی، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، حیزبی سیاسی و حیزبی مارکسیی لینینیی چینی کرێکاری عێراق و... هتد. هەر یەکەمان لە ڕێگای پەیوەندییەکانی خۆیەوە ئەم کارەی دەکرد و بار و دۆخێک لە قسە و باس و جەدەلی گەرموگوڕ هاتە کایەوە، کە تا ڕۆژی ئازادبوونمان لە زیندان هەر بەردەوام بوو.

**پرسیار:** ئێوە لە سەرەتای جیابوونەوەتان لە کۆمەڵە، ئەوەندەی من بزانم نزیکایەتیتان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقی/ قیادەی مەرکەزی زۆر بوو. بەڵام جیاوازییەکانتان چی بوون؟

**جەبار مستەفا:** کاتێک ئێمە وازمان لە کۆمەڵە هێنا، قیادەی مەرکەزی وەک ڕێکخراوێکی سیاسی نەمابوو. چونکە ئەو بەشەی کە لە کوردستان چەند ئۆردووگا و بنکەیەکیان هەبوو، لەگەڵ ئاشبەتاڵی پارتیدا خۆیان ڕادەستی ڕژێم کردەوە. بۆ چەند ساڵێک دوای ئەوە، واتە، لە ساڵی ١٩٧٦وە ڕۆژنامەی "وحدة القاعدة" دەرچوو، کە ئەرکە سەرەکییە ڕاگەیەندراوەکەی بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی قیادەی مەرکەزی دانابوو. لەو ژمارانەی کە من فریایان کەوتم، کە بیانخوێنمەوە، لەسەر ناکۆکییەک لەنێوان یەکێک لە نووسەرە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکە (بەناوی "عادیل"وە بابەتی دەنووسی، کە وابزانم، ئەو کەسە فازیلی مەلا مەحموود بوو) و چەند نووسەرێکی تر، لەسەر مەسەلەی ناساندن یان سروشتی ڕژێمی ئەوسای بەعس بوو. لایەنێک ڕژێمیان بە نیمچە دەرەبەگی_ نیمچە

داگیرکراو دەناساند و شۆڕشی داهاتووی عێراقیان بە شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی بە ڕابەریی چینی کرێکار دەزانی. لایەنەکەی تر ڕژێمیان بە سەرمایەداری و شۆڕشیان بە شۆڕشی سۆسیالیستی دەزانی. پەیوەندییەکانی ئێمە زیاتر لە ئاڵوگۆڕی بیروبۆچووندا بوون و زیاتر لە ڕێگای هاوڕێیان ئازاد جەلال و سەلاح حوسێنەوە بوو. کاتێک هێرشی گرتنەکانی ساڵی ١٩٧٧ دەستی پێ کرد، ئازاد و سەلاح دوای چەند مانگێک ڕوویان لە ئەورووپا کرد و پەیوەندیمان نەما. پاش ماوەیەک دووبەرەکی کەوتە نێو ڕێکخراوی "وحدة القاعدة"وە و بوون بە دوو بەشەوە.

بە هەر حاڵ ئەو نزیکایەتییە لەگەڵ گرووپێکی عێراقیدا، کە هێشتا ساغ نەبوونەتەوە و مەعلووم نییە، بەرەو کوێ دەڕۆن، زیاتر پەیوەندییەکی دۆستانە بوو. بەداخەوە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی بەعس مەودای درێژەدانی ئەو پەیوەندییەی پێ نەدایین. بەڵام بیروبۆچوونمان لەسەر قیادەی مەرکەزی لە ساڵانی دواتر و لە زیندانی ئەبوغرێب یەکلا کردەوە.

**پرسیار:** لە ماوەی کاری ئەڵقەییتاندا چۆن کارتان ئەکرد و سەرەنجام چۆن هاتنەسەر بیرۆکەی پێکهێنانی "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران/ کارگەران"؟ لە ساڵی چەند ئەو ڕێکخراوەتان پێک هێنا و دامەزرێنەرانی کێ بوون؟

**جەبار مستەفا:** ماوەیەکی کەم پاش جیابوونەوەمان لە کۆمەڵە، دلێر تاهیر کە کەسایەتیی سەرەکی گرووپەکەمان بوو، ئیعتیرافی لەسەر کراو لە کاتی تاقیکردنەوەکانی خولی دووهەمدا ئاسایش بۆی هاتن، بەڵام خۆشبەختانە لەدەستیان ڕایکرد و دەرباز بوو. دلێر پێش وازهێنانی لە کۆمەڵە ئەندامی کۆمیتەی شاری سلێمانی بوو. ئیتر ماوەیەک خۆی شاردەوە و دواتر مامی (عومەر دەبابە) ناردی بەدوایدا و ڕووی کردە شاخ و پاش ماوەیەک بۆ هەندەران ڕۆی و پەیوەندی بە ئێمەوە نەما. تا ئەو لە کوردستاندا بوو، خۆی و سەلاح حوسێن و من جارجار یەکترمان دەبینی و قسە و باسمان لەسەر کارەکانمان دەکرد. دواتر لە سلێمانی، سەلاح حوسێن و محەمەد فەتحوڵا و من یەکترمان دەبینی و ڕاستییەکەی زۆربەی کات هەر پێکەوە بووین. ئەویش، هەم بەهۆی نەبوونی شوێنی خۆحەشاردان، تا دوای دادگاییکردنی گیراوەکانی خولی یەکەم (عەلی موراد، ئاسۆی شێخ نووری، شێخ شەهاب و هاوڕێکانی) و هەم بەهۆی ئەوەی کە تازە

دەکەوتینە سەرخۆمان و سەرقاڵی دیاریکردنی سەرخەتی گشتیی کارەکانمان بووین. ئەو سەردەمە ئێمە بووبووین بە ئەڵقەی سەرەکیی گرووپەکەمان لە سلێمانی. لە مانگی ١٩٧٧/٥ من و زەینەدین نەجمەدین گیراین. دیارە پێش ئەو کاتەش محەمەد فەتحوڵا دەستی لە کاری سیاسی کێشابووەوە. سەلاح خۆی حەشار دا و پاش ماوەیەک لەگەڵ ئازاد جەلالدا بۆ لای مەفرەزیەکی قیادەی مەرکەزی لە شاخ چووبوون و لە وێشەوە بەرەو هەندەران. لە ماوەی دوو ساڵ زیاتر لە زیندانیی ئێمەدا، هیوا ڕەئووف، عەلی حەمە فەرەج، بەختیار مستەفا (کە پاش ماوەیەک لە گیرانی ئێمە لە ئەبوغرێب ئازاد کرا) ئەڵقەی سەرەکیی گرووپەکەیان پێک هێنابوو و کۆمەڵێک پەیوەندیی تازەشیان درووست کردبوو. کە ئێمە ئازاد کراین، من پەیوەندیم بە ئەڵقە سەرەکییەکەوە کرد و کەوتینە هەڵسووڕانێکی فراوانتر. پەیوەندییەکان لە فۆرمی هەرەمیدا نەبوو، بەڵکوو جۆرێک بوو لە پەیوەندیی بازنەیی و لەناو ئەڵقە سەرەکییەکەدا ناوی کەس لە پەیوەندییەکان نەدەهێنرا. لەگەڵ گەشەکردنی هەڵسووڕانماندا، ژمارەی ئەڵقەی سەرەکی دەگۆڕا. لە پایزی ١٩٨٢دا هاوڕێیان بەختیار مستەفا و عەلی حەمە فەرەج لە شاخ، عوسمانی حاجی مارف، هیوا ڕەئووف، لەتیفی شێخ عومەر و من لەناو شار ئەندامی ئەڵقەی سەرەکی بووین.

لەو هاوڕێیانە جگە لە لەتیف و هیوا، هەروەها لەگەڵ ئاسۆی کەریم زەند سەردانی کۆمەڵەی ئێرانمان لە نزیک شاری بۆکان کرد. ئەو دەمە لەگەڵ یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستدا سەرقاڵی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. بۆ یەکەم جار ئەوان پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردین، کە ناوێک بۆخۆمان دیاری بکەین. ئێمەیش پاش بەجێهێشتنی ئەوان و هەر لە ڕێگاوە سەرقاڵی دیاریکردنی ناوێک بووین. پاشان لە کۆبوونەوەیەکدا، کە عوسمانی حاجی مارف، لەتیفی شێخ عومەر، بەختیار مستەفا و من ئامادەی بووین، ناوی "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران"مان پەسەند کرد. هەر وەکوو وتم، ئەمە لە پایزی ساڵی ١٩٨٢دا بوو.

سەبارەت بە دامەزرێنەرانی کارگەران، ئەگەر ئەڵقەی ناوەندی بە دامەزرێنەران دیاری بکرێن، ئەوا ئەو کەسانە بوون، کە ئاماژەم پێیان دا، سەرباری ئاسۆی کەریم زەند، کە هاوڕێی سەردانەکەی ئێرانمان بوو. ئەگەریش سەرجەمی هاوڕێیانی ئەندام لە گرووپەکەدا بە دامەزرێنەر دیاری بکرێن (کە خۆم ئەمەم پێ

درووسترە)، ئەوە من ناتوانم گشت ناوەکان دیاری بکەم، چونکە زۆرن و من هەموویان ناناسم.

**پرسیار:** ئایا کارگەران هیج بەرنامە و پەیڕەوێکی هەبوو؟
**جەبار مستەفا:** نەخێر، کارگەران هیچ بەرنامە و پەیڕەوێکی ناوخۆی نووسراوی نەبوو. کارگەران تا هەڵوەشاندنەوەی و درووستبوونی ڕەوتی کۆمۆنیست شێوەکاری ئەڵقەیی پیادە دەکرد. بەو هیوایەی کە لە قۆناغێکی گەشەکردنیدا بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ بنووسێتەوە و کۆنفرانسیش بگرێت. بەڵام تا ئەو دەمەی هەڵوەشایەوە، هیچیانی نەکرد. کارگەران لە ژیانی ناوخۆیی خۆیدا پشتی بە کۆمەڵێک پرانسیپ و شێوەکاری ڕێکخراوەیی دەبەست، کە لەناو ڕێکخراو و حیزبە مارکسیستەکانی جیهاندا باو بوون. ئەمە سەرباری کۆمەڵێ ڕەوشت و سوننەت کە لە زەین و بیری ڕابەرانیدا بوون و لە ژیانی سیاسییانەوە فێریان بووبوون.
کارگەران لە سەرەتای درووستبوونییەوە هەتا کۆتایی تەمەنی، سەرەڕای دەور و کارکردی لە شەپۆلی خۆپێشاندانی قوتابییان و جەماوەریی شارەکاندا، وەک ئەڵقەیەکی فکری مایەوە و نەیتوانی ببێتە ڕێکخراوێکی سیاسی.

**پرسیار:** ئەو قسە و باسە تەوەرەییانە چی بوون، کە کارگەران پێوەی خەریک بوو؟ ئایا ئەوانەی بە وێنەی نووسراو بڵاو کردەوە؟
**جەبار مستەفا:** بەکورتی، ئەو باسانە دوو جۆر بوون: یەکەمیان، قسە و باس و لێدوان لەسەر مەسەلە بناغەییەکانی مارکسیزم، مەسەلە گرنگەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهان، مەسەلە سیاسییە پایەییەکانی عێراق و ناوچەکە، ناوەڕۆکی ڕژێمی بەعس و سیاسەتەکانی، ناوەڕۆک و سیاسەتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردستان بوو. ئەم باسانە زیاتر بۆ لێدوان و ڕۆشنکردنەوە بوون. بەشی دووهەمیان، مەسەلە سیاسی و هەنووکەییەکانی ڕۆژ بوون، کە دەکران بە نووسراو و هێندێکیان لە بازنەیەکی تەسکدا بڵاو دەکرانەوە و ئەوانی تریشیان دەکران بە بەیاننامە و لە ئاستێکی "فراوان"دا بەنێو شارەکاندا بڵاو دەکرانەوە.

**پرسیار:** کاریگەریی شۆڕشی ئێران و بەدیاریکراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لەسەر ئێوە چۆن بوو؟ ئەو باسانەی ئەوان کە کاریگەریی تەواوی لە هەڵتەکاندنی بنەمای فکریی ئێوەدا هەبوو، کامانە بوون؟

**جەبار مستەفا:** زێدەڕەوی ناکەم، ئەگەر بڵێم هێڵی فکری_ سیاسیی کارگەران ڕەنگدانەوەی کارکردی شۆڕشی ئێران و دەور و نەخشی ڕاستەوخۆی کۆمەڵە لەسەر مەحفەلێکی پۆپۆلیستی ماویست_ ئەلبانی ئەو سەردەمەی ئێمە بوو. ئێمە کە لە کۆمەڵە جیابووینەوە، مەحفەلێکی تەواو ماویستی بووین. نووسراوەکانی ماوتسیتۆنگ و مونیر شەفیق سەرچاوەی سەرەکی دید و بۆچوونەکانمان بوون. تەنانەت لە زۆر کاتدا جێگای نووسراوەکانی مارکس، ئەنگڵس و لینینیشی بۆمان دەگرتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ بەدواوە ناکۆکیی نێوان چین و ئەلبانیا لەسەر تیۆری سێ جیهانی قووڵ دەبێتەوە و بەرە و جیابوونەوەی یەکجاری دەڕۆن. لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جیاوازییانەوە لەنێو خۆماندا بڕیارمان دابوو، کە یەکێتیی گرووپەکەمان تا ئەو کاتەی کە بۆمان ڕۆشن دەبێتەوە، ئەم جیاوازییانە چ کارکردێکیان لەسەر بەرنامە و هێڵی سیاسیمان سەبارەت بە عێراق دەبێت، بپارێزین. بڕیارەکەمان ئەوە بوو، کە لە چوارچێوەی یەکێتیدا ناکۆکییەکانمان بۆ پێشەوە بەرین. کاتێک ئازاد بووین، سەرتاپای هاوڕێیانی دەرەوە، جگە لە عوسمان پێنجوێنی، لایەنگری تیۆری سێ جیهانی بوون. بەتایبەتی دەستەی ڕابەریی گرووپەکە کە ئەو کات لە هاوڕێیان هیوا محەمەد ڕەئووف، بەختیار مستەفا، عەلی حەمە فەرەج پێک هاتبوو. لە کاتێکدا ئەو بەشەی کە لە بەندیخانە لەدەوری یەک کۆبووینەوە، کە لە ڕۆژی ئازادبوونماندا نزیکەی ١٥ کەس (زەینەدین نەجمەدین، مامۆستا ئازاد محەمەد، لەتیفی شێخ عومەر، محەمەد ڕەحیم، تەهای حەمە ڕەش، سەرداری قەڵادزێ، عەدنان کەریم، ستار محەمەد، عوسمان محەمەد، ئیسماعیل عەبدلقادر، خالید سەرسپی، عەلی موراد، محەمەد عوسمان، جەبار مستەفا) دەبووین، جگە لە کۆمەڵێک دۆست و لایەنگر و کۆمەڵێک هاوڕێی عەرەبزمان کە تا ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە نەمان دینەوە، سەرتاپامان نەک هەر دژی تیۆری ناوبراو بووین، بەڵکوو خودی بیروباوەڕی ماویش لەلامان کەوتبووە ژێر پرسیارەوە و کۆمەڵێک لە بۆچوونە سەرەکییەکانیمان ڕەت دەکردەوە. دیارە لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی ئەلبانییەوە.

له ساڵی ١٩٨٠ جموجووڵێک کەوتە نێو گرووپەکەمانەوە. هەندێک نووسراومان بە دەستنووس لە چوارچێوەیەکی تەسکدا لەسەر مانگرتنی ١٩٨٠ شاری پێنجوێن، جەنگی عێراق ئێران و... بڵاو کردەوە. کەوتینە پەیوەندیکردن بە هاوڕێیانی بەندیخانە و کۆمەڵێک پەیوەندیی تر. هاوڕێیان بەختیار مستەفا، ئاسۆی کەریم زەند، کامیل محەمەد، عەلی حەمە فەرەج، نەجمەدین فاتیح... چوونە دەرەوە بۆ ناوچەکانی یەکێتیی نیشتمانی، بەبێ ئەوەی ببنە ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی ناو "یەنک".

لە هاوینی ساڵی ١٩٨١دا لە کاتێکدا زانکۆی سلێمانی بەنیازی گواستنەوە بوو بۆ هەولێر، لە کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆدا و لە ئەنجامی چالاکییەکی چاونەترسانەدا، تیپێکی گرووپەکە، کە لە نەجات محەمەد دەروێش ناسراو بە نەجاتی موهەندیس، نووری کەریمی موهەندیس، جەمال مستەفا، لەتیف شێخ عومەر، جەبار مستەفا پێک هاتبوو، دەستمان بەسەر ڕۆنیۆ و تایپێکدا گرت و ئیتر لە بەدەستنووسین و کۆپیکردن ڕزگارمان بوو.

لە لایەکی ترەوە، لە ئاستی کاری جەماوەریدا و لە چلەی مامۆستا ئازاددا، کە ڕێکەوتی نەورۆز بوو، بۆ یەکەمین جار لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، سەرباری هەوڵەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بە ڕێگرتن لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری، لەسەر گۆڕی هاوڕێ ئازادەوە لە گردی سەیوان، ڕێپێوانێکمان بەڕێ خست. تا گەییشتە بەردەم ئامادەیی سلێمانی کچان و لەوێ لەگەڵ دوو ئۆتۆمبیلی پۆلیسی فریاکەوتن دەرگیر بووین، هاوڕێ هیوا هەر لە سەرەتاوە لەناو ڕێپێوانەکەوە هاواری کرد: بەرد هەڵگرن! کاتێک پۆلیسەکان لە ڕێپێوانەکە نزیک بوونەوە، بەرد بەسەریاندا باری و لە یەک چرکەدا شووشە بە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە نەما و ئیتر بەپەلە پاشەکشەیان کرد. ڕێپێوان تا نزیک فلکەی ئاسۆی دەلاک بەردەوام بوو. کاتێک کە هێزی تایبەت بەسەریاندا دابارین، ئەوجا بڵاوەیان پێ کرد. هەندێ کەس گیران، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەکەی هەموویان بەربوون.

لە ڕێکەوتی ٤/٢٤ی هەمان ساڵدا، لە ڕێگەی هاوڕێیانی شاخەوە و وەک بەشێک لە ئامادەکاری بۆ یادکردنەوەی بۆمبارانکردنی شاری قەڵادزێ، هاوڕێیانمان لە هەرێمی جووتیاران چوونە مزگەوتی سەرەکیی شاری قەڵادزێوە و بانگەوازی دانیشتووانی شارەکەیان بۆ ڕاپەڕین کرد. لە هەمان ڕۆژدا ئێمە لە سلێمانییەوە ئامادەکاری تەواومان بۆ هەمان بۆنە کرد. ئیتر ڕێپێوان لە هەموو لایەکەوە تەقییەوە.

لەم بار و دۆخەی هەڵسووڕانی گرووپەکەدا و پاش ئەوەی هاوڕێیانی شاخ (بەختیار مستەفا، ئاسۆی کەریم زەند)، چەند جارێک چەند لێپرسراوێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێرانیان دیبوو، سەرەنجام لەسەر دیدارێک ڕێکەوتبوون، کە چەند ئەندامێکی ئەڵقەی سەرەکیی ناو شاریش تیایدا بەشدار بن. ئەوەبوو عوسمانی حاجی مارف و من لەناو شار و ئاسۆی کەریم زەند، بەختیار مستەفا و عەلی حەمە فەرەج لە شاخەوە بۆ بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە بەڕێ کەوتین، کە ئەو کات لە گوندی ئاجیکەندی نزیک بۆکان بوو. لە دوو کۆبوونەوەی دوورودرێژدا لەگەڵ هاوڕێی گیانبەختکردوو د. جەعفەری شەفیعی و هاوڕێ حەسەن ئەندامانی ناوەندیی کۆمەڵە قسە و باسی زۆرمان کرد. بەکورتی ئەتوانم بڵێم، کە لەو دوو ڕۆژەدا سیستەمی فکری و سیاسیی پۆپۆلیستیی کارگەرانیان هەڵوەشاندەوە و بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئاشنایان کردین. ئاشنایان کردین بەوەی، کە ئیمپریالیزم هەر سەرمایەدارییە، بەڵام لە قۆناغێکی باڵادا، مەسەلەی نیشتمانیبوون و پێشکەوتنخوازیی بەشێک لە چینی بۆرژوازی ئەفسانەیەکی ڕووتە، عێراقیش وەکوو ئێران وڵاتێکی سەرمایەدارییە، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا (ژێردەستەیی)، ناکۆکیی سەرەکی لەم وڵاتانەشدا هەر ناکۆکیی نێوان کار و سەرمایەیە، شۆڕشی بێ وچان و...هتد.، هەروەها دەیان گوت: کارکردن بەبێ ناو، بێ ئەندازە هەڵسووڕانێکی بێ هودەیە. هەوڵ بدەن، لەناو بزووتنەوەی چەکداریی کوردستاندا بوونی سەربەخۆ و هێزی چەکداری سەربەخۆتان هەبێت و ئێمەیش بۆ هەموو جۆرە یارمەتییەک ئامادەین. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەم دیدارە نەک هەر سیستەمی فکری و سیاسیی گرووپەکەمانی هەڵوەشاندەوە، بەڵکوو کردی بە شێوە ڕێکخراوێک و ڕێکخراوەکەشی خستە سەر ڕەوتی بنبەست.

ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە لە دوو تەوەرەی سەرەکیدا دەرکەوتن: یەکەم، خۆئاشکراکردن و فراوانکردنی هەڵسووڕانی جەماوەریمان. یەکەم کارێک دوای گەڕانەوەی هاوڕێیانی ناوشار، دیاریکردنی ناو (کارگەران) و ڕاگەیاندنی بە بەیاننامەیەک کە لە سلێمانی، کەرکووک و دواتر لە هەولێر بڵاو کرایەوە. چڕکردنەوەی هەڵسووڕانمان لە شارەکاندا بە تایبەتی لەناو قوتابییانی زانکۆکانی سەلاحەدین، مووسڵ و تا ڕادەیەکیش بەغدا. هەروەها لە ئاستی جەماوەری و لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم، کە یەکێک لەو پرانسیپانەی کە هەمیشە دەستمان پێوە گرتبوو، ئەوەبوو، کە هیچ ئەندامێکی حیزبێکی سیاسیی تر وەرنەگرین و هەرگیز خەت مایلمان وەرنەگرتووە، چونکە کارمان پێی نەبوو.
بەهەر حاڵ بەو ڕادەیەی هەڵسووڕانمان لە شارەکاندا فراوانتر دەبووەوە، بە هەمان ڕادە دۆست و لایەنگرمان لەناو ڕیزی پێشمەرگەدا زیادی دەکرد و لە هەمان کاتیشدا فشاری سەرکردایەتیی "یەنک" و لێپرسراوانی بۆ سەر هاوڕێیانمان چڕتر دەبوونەوە. لە زۆر شوێندا هاوڕێیانمان بۆ لێپرسینەوە بانگ دەکران. زۆر جار نەیان دەتوانی لە هەندێک شوێن تەنانەت وەک سەربازی ڕاکردووش بژین. لەناو شارەکاندا لە ڕێگای هەندێک چەقۆکێشەوە هاوڕێ نووری کەریمیان بە مەستی کوشتن بەرچەقۆ دا. بەڕاستی تەنها لێهاتوویی و چاونەترسیی خۆی کە بەدەستی بەتاڵەوە بەرەنگاریان بوەوە، پاراستی. کار بەوە گەییشت، دەنگۆی هەوڵی چەند لێپرسراوێکی "یەنک" بۆ تێرۆرکردنی چەند هاوڕێیەکمان بڵاو بووەوە. لە دوا هەوڵی سەرکردایەتیی "یەنک"دا، لەپێش مفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٤دا، جەلال تاڵەبانی داوای کرد، کە لەگەڵمان کۆ بێتەوە. کۆبوونەوەکە ئەنجام درا و ئەو داوای لێمان کرد، کە ئەندامانی خۆمان جیا بکەینەوە و بارەگا دابمەزرێنین. بەڵێنی یارمەتیشی پێ داین. بەڵام ئێمە بەو ئەنجامە گەییشتین، کە "یەنک" هەرگیز ئەوەندە دیمۆکراتی نییە و ئەم داوا و بەڵێنە تەنها بۆسەیەکە بۆ لێدانمان.
تەوەرەی دووهەم، کێشانەوەی هاوڕێیانی ئەڵقەی ناوەندی و ئەندامان لە شاخ، چەقبەستن لەناو شارەکان و سەرکردنە سەر دیراسەکردنی مارکسیزم بەتایبەتی کلاسیکی مارکسیزم، نووسراوەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و هەڵسەنگاندنی بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ئەوسای کوردستان، کە لە سەرەتادا ڕۆڵی سەرەکیمان تیایاندا گێڕا. هەروەها هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی چەکداریی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بەگشتی. ئەم کارە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤وە بەچڕی دەستی پێ کرد و تا هەڵوەشاندنەوەی کارگەران لە پاییزی هەمان ساڵدا درێژەی کێشا.

**پرسیار:** سەرەنجام کارگەران لە ساڵی ١٩٨٤ هەڵوەشایەوە. ئایا نەدەکرا بەشێوەی پلمیک و وتوویژ ئاڵوگۆڕی فکری بەسەر کارگەران بهێنرایە و هەڵنەوەشێنرایەتەوە، هەر وەکوو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، کە چۆن ڕەخنەیان لە پۆپۆلیستیی خۆیان

گرت؟ وە یان هەر وەکوو ڕەوت بۆ خۆیشی، کە چۆن ڕەخنەیان لە دیدی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی خۆیان گرت و ڕەوتیشیان هەڵنەوەشاندەوە؟
پاشان دەپرسین: تۆ یەکێک بووی لەو کەسانەی کە ئەو هێڵەت بەردا و لەگەڵ ڕەوت نەکەوتی، هۆکاری ئەمە چی بوو؟
**جەبار مستەفا:** بە بۆچوونی من دەکرا بە شێوەی وتووێژ و پلمیک ڕێگا بە هەڵوەشاندنەوەی کارگەران بەو جۆرەی کە ڕووی دا بگیرێت. ئەمە وەڵامی کورتی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتە. بەڵام من پێم خۆشە برێک زیاتر لەسەر ئەم بەشە بڕۆم. لە ساڵی ١٩٨٤ کارگەران لەباری سیاسی و فکری و ڕێکخراوەییەوە بە قۆناغێک گەییشت، کە دەبوو ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی بەسەردا بێت. ڕۆژ بەڕۆژ باسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەسەر سیستەمی فکری_ سیاسیی پۆپۆلیستیی گارگەران سەنگینی دەکرد و فشاری بۆ دەهێنا. من پێشووتر ئاماژەم بەوە دا، کە جگە لە من زۆربەی ئەندامانی دەستەی ڕابەری سەر بە تیۆری سێ جیهانی و ئەوانی دیکە (بە خۆیشمەوە) سەر بە خەتی ئەلبانی بوون. کەچی لە ساڵی ١٩٨٤دا هیچ کەسێک باسی نە ماویزم و نە فکری ئەنوەر خۆجەی دەکرد. هەر دوو لا بە خشکەیی و بە بێدەنگی و بەبێ ئەوەی هیچ باس و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیەک نە لە ئاستی کۆمەڵگادا و نە لەناو ڕیزەکانی ڕێکخستندا بکرێت، وازمان لە هەر دوو خەتەکە هێنا و خۆمان بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ناساند. لەباری ڕێکخراوەییەوە کارگەران زۆر فراوان ببووەوە، بە تایبەتی لەناو شارەکاندا. شانەکانی ڕێکخستن گەییشتبوونە شارەکانی هەولێر، کەرکووک، گەرمیان، مووسڵ و بادینان. سەرباری لایەنگرانی تر، کە لە هەموو شوێنێکەوە سەریان هەڵدەدا و کاریان بۆ ڕێکخستن دەکرد. ئەمە جگە لەوەی کە فشاری "یەنک" لەسەرمان زۆر زیادی کردبوو. هەر لەو کاتەدا جەلال تاڵەبانی کۆمەڵێک هاوڕێی ئێمەی بانگ کردبوو و پێی ڕاگەیاندبوون، کە ئەوان باش دەزانن، کە ئەوان سەر بە کارگەرانن و داوای لێ کردبوون، کە لەناو "یەنک"دا کاری ڕێکخستن نەکەن و خۆیان جیا بکەنەوە و پێشنیاری کردبوو، کە بارەگا بکەنەوە و بەڵێنی یارمەتیشی پێ دابوون. ئێمەش ئەم بابەتەمان زۆر باس کرد و بە ئاشنایەتییەک کە تا ئەو کات لەسەر "یەنک" هەمان بوو، بڕوامان بەو بەڵێنانە نەکرد و وتمان ئەمە تەڵەیەکی سەرکردایەتیی "یەنک" و تاڵەبانییە. ئەگەرچی ئێمە هەرگیز کاری ڕێکخستنمان لە ڕیزەکانی "یەنک"دا نە کردووە، بەڵام دوای دانیشتنی دووهەم و پاشان ئاگربەست و

مفاوەزاتی ١٩٨٤ "یەنک" لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، بڕیارمان دا، گشت هاوڕێیانمان بۆ ناو شارەکان بێنەوە و بەنهێنی بژین و کاری سیاسی بکەن. دیارە ئەم بڕیارەش قورساییەکی زیاتری خستە سەرمان. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر دۆشداماںی ڕابەریی ئەوسای کارگەران بوو، بەرامبەر بە مەسەلە سیاسییەکانی کۆمەڵگا لەو سەردەمەدا، کە گرنگترینیان مەسەلەی جەنگی عێراق_ ئێران و مەسەلەی مفاوەزاتی یەنک_ بەعس و هاتنەوەیان بۆ ناو شارەکان و شەپۆلی ناڕەزایەتیی جەماوەری دژ بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی بەعس و نادیاری و نەبوونی ستراتیژێکی ڕۆشن لەبەردەم کارگەراندا، کە ئەم ناڕەزایەتییانە بەرەو کوێ دەڕوات. بەکورتییەکەی، ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بەتایبەتی لە زانکۆکانی هەولێر و مووسڵ و تا ڕادەیەک بەغداش شەپۆلی دەدا، هەزاران سەربازی هەڵاتوو لە جەنگ نەیان دەزانی چی بکەن و ڕوو لە کوێ بکەن. کەچی سەرکردایەتیی کارگەران خەریکی تێپەڕاندنی پۆپۆلیزمەکەی بوو، ئەویش بە دیراسەکردن. نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن وای کرد، ئەوەندەی تر قەیرانی کارگەران قووڵ بێتەوە و لە ئاستی قەیرانێکی دەروون تەشکیلاتیدا دەربکەوێت. لەو هاوڕێیانەی ناوەند ئاسۆی کەریم زەند بڕیاری دا بۆ دەرەوەی وڵات بڕوات. هاوڕێ هۆشیار قادر لە ناوەند دابڕا و کەمتر ئامادەی کۆبوونەوەکان دەبوو. هاوڕێ بەختیار مستەفا قسەی لەسەر سەختیی پێکهاتنی ڕێکخراوی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەکرد و جارجار بیری لە ڕۆیشتن بۆ دەرەوە دەکردەوە. بار و دۆخێکی وا هاتە پێشەوە، کە باسکردن لە بچووکترین مەسەلە لە ناوەندا ناکۆکیی زۆری لێ دەکەوتەوە. کۆبوونەوەی لاوەکی و نا شەرعی لە ئاستی ناوەندا دەستی پێ کرد. ناڕەزایەتی، داپچڕان و وازهێنان لەناو کادر و هەڵسووڕاوانی ڕێکخستندا دەستی پێ کرد. زۆرێک لە مەسەلە شەخسی و تایبەتییەکان دەبوونە مەسەلەی گەورە و هەڵوێستیان لێ وەردەگیرا. لەبیرمە، ئەو کات بار و دۆخێکی سەیر هاتە ئاراوە، هەندێک لە هاوڕێیانی ناوەند (کە خۆم یەکێکیان بووم) گلەیی ئەوەیان دەکرد، کە گوشارێکی تەشکیلاتی ڕۆژانەی زۆریان لەسەرە و بەهۆی کۆبوونەوە و کاری زۆری ڕێکخستنەوە، بواری دیراسەکردنیان نییە، تا زیاتر بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئاشنا ببن. هەندێکی تریشمان (وەکوو هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد، کە ئەو دەمە بە هاوڕێ ڕێبوار دەناسرا) گلەیی ئەوەیان هەبوو، کە هەرچی کارە

تیۆرییەکانە ئەوان دەیکەن، کەچی دەدرێنە پاڵ کەسانی (دیارە مەبەستی من بوو) دیکە. بەکورتییەکەی، هەر وەکوو وتم، کارگەران بە بنبەست گەییشت.
تا ئەو کاتەی کە سکرتێری ڕێکخستن نەبوو، ئەتوانم بڵێم، کەسایەتیی یەکەمی کارگەران بووم. لەدوا کۆبوونەوەی ناوەندا کە من ئامادەی بووم، بەڕاشکاوانە وتم: تا ئێستا هیچ کەسێک لە ئێمە نوێنەرایەتیی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ناکات و بە بۆچوونی من، کارگەران لە ئەزمەدایە و هەم خودی خۆشم هەست دەکەم، کە لە ئەزمەی فکریدام. بۆیە بڕیارم داوە، واز لە ئەندامێتیی ناوەند بهێنم و بچمە خوارەوە، دیراسە بکەم.
پاش ئەم کۆبوونەوەیە، ئەو هاوڕێیانە کۆبوونەوەیەکی دیکەیان ڕێک خستبوو، من دواتر زانیم، کە بە دانیشتنی تری لاوەکی خۆیان ئامادەیان کردبوو، منیشیان بۆ کۆبوونەوەکە، کە لە ماڵی هاوڕێ هیوا حەمە ڕەئووف بوو، بانگ کرد. لەڕاستیدا من چووم. بەڵام هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف کە کۆبوونەوەکەی ساز دابوو، کاتەکەی بە هەڵە بە من وتبوو. کاتێک کە چووم، زۆرم لە دەرگا دا، کەس نەی کردەوە، ئیتر منیش بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. پاش ماوەیەک عوسمان بەدوامدا هات و وتی، وەرە بۆ کۆبوونەوەکە! من کە لەو هەڵەیە زۆر پەستبووم، نەچووم و وتم، من هیچ باسێکم نییە، بڕیاری خۆمم ڕاگەیاندووە، دەچمە خوارەوە و دیراسە دەکەم.
پاش ماوەیەک هاوڕێ جەمال (نادر عەبدلحەمید) بۆ لام هات و پێی ڕاگەیاندم، کە ئەوان نوێنەرایەتیی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکەن و من (جەبار) لەو ڕەوتەدا نیم و ئەوان نووسین لەسەر ئەو بار و دۆخە بڵاو دەکەنەوە. لە وەڵامدا وتم، ئەوەی کە ئێوە مارکسیزمی شۆڕشگێڕن، ئەوە بۆچوونی خۆتانە، من قسەی خۆمم لەم بارەیەوە کردووە. سەبارەت بەوەش کە نووسراو بڵاو دەکەنەوە، زۆر باشە. بەڵام منیش شت دەنووسم و مافی خۆشمە لەناو ڕێکخستندا بۆم بڵاو بکەنەوە. لە وەڵامدا وتی، ئەگەر ناوەند لەسەری ڕازی بێت، بۆتی بڵاو دەکەینەوە. من زۆر بە وەڵامەکەی پێکەنیم و وتم، من لە دژ ئەو بۆچوونانەی ئێستا باسی دەکەیت، کە هی ناوەندە شت دەنووسم، ئیتر چۆن ئەوان ڕازی دەبن! بەهەر حاڵ من دڵنیام بڵاوی ناکەنەوە، بەڵام خۆم ئاگاداری هەموو هێڵەکانی ڕێکخستنم و پێیانی دەگەیەنم. پاش چەند هەفتەیەکی تر بە مەلا سیروانی برامدا، کە ئەویش کارگەران بوو، هەواڵی دەرکردنمیان بۆ نارد. بە بیستنی هەواڵەکە بەپەلە بۆ ماڵی موئەیەد کە لە نزیک ماڵی خۆمان بوو، چووم، هەستم کرد، خۆی لێ شاردمەوە و نەهاتە دەرەوە! دوای چەند

ڕۆژێک عوسمانی حاجی مارف بۆ ماڵەوە بۆ لای مەلا سیروان هات، تاوەکوو هەندێک چەک و کەلوپەلی تر کە لە لای بوو، وە لە حەشارگەیەکدا هەڵگیرابوو، وەربگرێتەوە. بە عوسمانم وت: حەقی خۆمە بزانم، لەسەر چی دەرتان کردووم؟ بەبێ زەحمەت دەقی ئەو بڕیارەم بۆ بنێرن! لە وەڵامدا وتی، کە ئێمە هیچت بۆ نانێرین، نووسین لەسەری بڵاو دەکەینەوە. وتم، نووسین شتێکی ترە، من داوای ئەو بەشە لە گوزارشی کۆبوونەوەکە دەکەم، کە پەیوەندی بە منەوە هەیە. دیسانەوە وتی، کە ئێمە هیچ نانێرین. هەروەها پێم وت، هەندێ قسەی شەخسیم لەسەر ئێوە بیستۆتەوە، ڕایگرن، جوان نییە! ئەم قسانە ئاسانە هەموو کەسێک بیکات، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و ڕۆیشت. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نازانم، لەسەر چی دەرکرام! بەڵام ئیتر من پەیوەندی شەخسیم لەگەڵ پچڕین و یەکمان نەدییەوە، تا پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. لەوە ئەچێت، هاوڕێیانی ناوەند بڕوایان بە قسەکانی دوا کۆبوونەوەم نەکردبێت و وایان زانیبێت، کە من بە نیازی جیابوونەوەم. چونکە پێشتر هەندێکیان (بە تایبەتی هاوڕێ موئەیەد) زۆر لەوە نیگەران بوون، کە من جارجار هەندێک هاوڕێی ڕێکخستنم بە شەخسی دەبینی. لەوانە، سەرداری قەڵادزێ کە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری باسەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بوو و فارسییەکی باش فێر ببوو. تەهای حەمە ڕەش و نەبیلی موهەندیس، کە هەرسێکیان لە شاخ بوون و تازە بۆ ناوشار گەڕابوونەوە. هەروەها نەجات محەمەد دەروێش و نووری کەریمی موهەندیس. ئەم هاوڕێیانە لە کارگەران ناڕازی بوون و ڕەخنەی جیدییان لێی هەبوو. لێرەدا بە پێویستی ئەزانم، ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

یەکەم، ئەزمە و بنبەستی کارگەران لە ڕاستیدا ئەزمەیەک بوو، کە گشت چەپی عێراقی گرتەوە. باسەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئەگەرچی لە ئێران و لەسەر دەستی هاوڕێ مەنسوور حیکمەت هاتە ئاراوە، بەڵام بەوە نەوەستایەوە، کە پۆپۆلیزم تەنها لە ئێراندا تێک بشکێنێ، بەڵکوو ئەم کارکردەی لە کوردستانی عێراقیشدا درێژەی هەبوو. کارگەران کە سەرەکیترین باڵی چەپی ئەوسا بوو، بەرزە (بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان)، هەروەها "گرووپی کار"یش، ئەگەر چی ئەمان هەندێک جیاوازییان لەگەڵ دوو ڕێکخراوەکەی تردا هەبوو، کە زیاتر چەپی لیبراڵ بوون، کەچی ئەمانیش هەر ئەو کاتە بەو بیانووەی کە پرۆلیتاریا لە عێراقدا وەکوو پرۆلیتاریای ئەورووپا پێشکەوتوو نییە، بارگەیان بەرەو ئەورووپا پێچایەوە. بەڵام

ئەوەی جێی داخە کە خودی تێکشکانی پۆپۆلیزم لە ئێران ئەنجامێکی عەمەلیی بەرجەستەی لێ کەوتەوە و بە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆتایی هات، کەچی لە عێراقدا یان لە کوردستاندا ئەم ئەنجامەی بەدەستەوە نەدا، بەڵکوو ٧ تا ٨ ساڵی تر و ئاڵوگۆڕی زۆر جیدیتری ویست، تا بگاتە ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پێک بێت.

دووهەم: بنبەستی کارگەران و دروووستبوونی ڕەوتی کۆمۆنیست نەک هەر نەبووە مایەی یەکریزی یاخود هاتنەکایەی هێڵێکی سیاسی_ فکری و پێکهاتنی ڕێکخراوی سەربەخۆ، کە زۆربەی مەحفەل و گرووپە چەپەکانی ئەو سەردەمە کۆ بکاتەوە و لە ئاستی سیاسیدا بتوانێت ببێتە هێزێکی بەرچاو، هەم لەناو چینی کرێکاردا و هەم لە ئاستی کۆمەڵگادا، بەڵکوو ئەوەی کە درووست بوو، مەحفەلێک یان لە باشترین حاڵدا ڕێکخراوێکی تر چووە پاڵ مەحفەلەکانی تر بە هەندێک ئاڵوگۆڕی زۆر مەنفییەوە، کە لەسەرووی هەموویانەوە سیکتاریزمە.

بە درووستبوونی ڕەوت کۆمەڵێک کادری بەرجەستە پەرتەوازە بوون و ناوەندیی ڕەوت تەنها بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانە ڕەخنەیان هەیە، ئیجرائاتی لەگەڵدا کردن، کە ئەویش دوورخستنەوە بوو.

دۆخەکە گەییشتە ئاستێک کە بە پێوانەی زۆر ورد ڕادەی یەکڕابوون، یان جیاوازی لەگەڵ بۆچوونەکانی "ڕەوت"دا ببووە پێوانە بۆ ئەندامەتی لە ڕەوتدا.

جگە لەمانە، مەسەلەی نەبوونی بەرنامە کرایە بیانوویەک بۆ دەرگا داخستن لەسەر هەر جۆرە هەڵسووڕانێکی سیاسیی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەناو چینی کرێکاردا. ئەمە بەدەر لە ڕاستی و درووستی ئەو قسەیەی کە ئەو سەردەمە بەناوی هاوڕێ نادر عەبدلحەمیدەوە بڵاو بووەوە، کە گوایە وتبێتی: ئێمە ڕۆشنفکرێکی کۆمۆنیست بە ١٠ کرێکاری پێشڕەو ناگۆڕینەوە. خودی ئەم وتەیە باری ئەو سەردەمەی ڕەوتی عەکس دەکردەوە. خوێندنەوە و دیراسە هەموو شتێک بوو. ماوەیەک هەواڵی ئەوە بڵاو بووەوە، کە هاوڕێیانی ڕەوت خەریکی خوێندنەوەی سەرمایەن. ماوەیەکی تر، ئاها ڕەوت تەواوی دانراوەکانی لێنینیان دەستکەوتووە. من نە ئێستا و نە ئەو کاتیش لە بایەخی ئەم کارانە کەم ناکەمەوە، بەڵام کاتێک کە ئەمانە جێی هەڵسووڕانی سیاسی دەگرێتەوە، ئیتر مەسەلەکە شتێکی ترە.

سێهەم: مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کە لەبەرامبەر پۆپۆلیزمی باوی ناو چەپی ئێراندا سەری هەڵدا و تێکی شکاند، بۆ خۆی ڕەوتێکی فکریی سیاسی بوو و لە ڕاستیدا لە

یەک خاڵی سەرەکیدا چڕ دەبووەوە: گەڕانەوە بۆ ئوسووڵی مارکسیزم و پاککرنەوەی ئەو تەپوتۆزەی کە لە ئەنجامی باڵادەستی ڕەوتە بۆرژوازییە جۆراوجۆرەکانی وەک، ستالینیزم، ماویزم، ترۆتسکیزم... لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، لێی نیشتووە، کە خەباتی چینی کرێکار بە لاڕێدا دەبات. ئەم بزووتنەویە لە ڕاستیدا بزووتنەویەکی فکری بوو و بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆتایی هات. ئەرکی لەوە بەدوای کۆمۆنیستەکان بریتی بوو، لەوەی کە هاوڕێیانی ئێران لە کۆنگرەی دووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە ناویان لێ نا، بە کرێکاریکردنی کۆمۆنیزم و دواتریش لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بەرجەستە بووەوە. هاوڕێیانی ڕەوت لەگەڵ سەرجەم گرووپ و مەحفەلەکانی چەپی کوردستاندا کاتێک شەڕیان لەسەر بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕبوون دەکرد، کەچی خودی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کۆتایی هاتبوو و لەم شەڕەشدا تاکە پێوانە قبووڵکردنی تێگەییشتنی ڕەوت لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بوو. ئیتر بواری هیچ جۆرە جیاوازییەک نەبوو، دەنا دەبوویتە ئیکۆنۆمیست، پاسیڤیست و زۆر شتی تر.
بەکورتییەکەی بڵێم، ڕەوت هەر ئەو کارەی کرد، کە گرووپ و مەحفەلەکانی تری چەپ کردیان و هەر هەموویان بەیەکەوە بوونە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ. دیارە لە کاتێکدا و بەدەر لەوەی کە کامیان زۆر مارکسیست بوون، پێداویستی بەرەوپێشبردنی خەباتی چینایەتی شتێکی تر بوو، نەک ئەوەی ڕەوت و مەحفەلەکانی تر. لەدوا قۆناغیشدا هەر بەیەکەوە، ڕەنگە بڵێم، هەندێکیان ئاسانتر لە ڕەوت بەرەوپیری کۆمۆنیزمی کرێکاری چوون و بە ڕۆحییەتێکی کۆمۆنیستی کراوەتر و بەمەرجی کەمتر و سیکتاریزمێکی سووکتر لەوەی ڕەوت حیزبیان پێک هێنا.

**پرسیار**: لە لایەن تەواوی سازمان و ئەڵقە کۆمۆنیستییەکانەوە ڕەوتی کۆمۆنیست وەک ڕێکخراوێکی سیکتاریست و ئاکادیمیست، وە لە لایەن یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و باقی حیزبە ناسیۆنالیستە کوردستانییەکانەوە تەنها ڕەوت وەک ڕێکخراوێکی کۆمۆنیست دەناسرا. بۆ ئەم دوو حاڵەتە چ شرۆڤەیەکت هەیە؟
**جەبار مستەفا**: ئەم دوو حاڵەتە ناکوک و دژ بەیەک نین. دەکرێ ڕێکخراوێک لە ئاستێکی عەلەنی و فراواندا هەم لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە و هەم

له ئاستی جەماوەریشدا بناسرێت، له هەمان کاتیشدا هەمان ڕێکخراو دەکرێت، سیکتاریست و ئاکادیمیست و تەنانەت شتی تریش بێت. ئەوەی که تەنها ڕەوتی کۆمۆنیست له لایەن حیزبه ناسیۆنالیسته کوردەکانەوه دەناسرا، به بۆچوونی من دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی که تەنها ڕێکخراوی ڕەوت له یەکەمین ڕۆژەکانی مارتی ١٩٩١وه خۆیان وەک ڕێکخراوێکی سیاسی ناساند و هەر زوو بارەگا و مەقەڕیان کردەوه و ئالای سووری ڕێکخراوەکەیان لەسەر بەرز کردەوه، هێزی چەکداریان له چەند شارێک پێک هێنا، ئەوان تەنانەت له شووراکانیشدا جەختیان له سەربەخۆیی و جیاوازیی خۆیان لەگەڵ ڕێکخراو و گرووپه چەپەکانی تر دەکردەوه. هەڵسووڕاوەکانیان به ناوی ڕەوتەوه قسه و بانگەوازیان دەکرد و وتاریان دەخوێندەوه. له کاتێکدا باقی هەڵسووڕاوانی تر وەک کەسانێکی کۆمۆنیست یان چەپ، واته، بەبێ ناو هەمان کاریان دەکرد. له ڕۆژانی دواتریشدا ڕەنگه له گەڵ حیزب و ڕێکخراوه سیاسییەکانی تردا گفتوگۆ و پەیوەندییان گرتبێت. ئەم کارەی ڕەوت بێگومان کارێکی ئیجابییه و ئەو ئەنجامەی لێ کەوتەوه.

**پرسیار:** تۆ یەکێک بووی له بنیاتنەرانی "ئەڵقەی کۆمۆنیستیی بڵێسه"، له چ ساڵێکدا ئەم ئەڵقەیه پێک هات؟ کێ بوون بنیاتنەرانی؟ چ کاره بوون؟ خەڵکی چ شار و ناوچەیەک بوون؟ ئەی ئەو ماوەیەی که دەکەوێته نێوان وازهێنانت له هێڵی "کارگەران" تا دەگاته پێکهێنانی ئەڵقەی کۆمۆنیستی بڵێسه هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکتان هەبوو؟ بیرۆکەی پێکهێنانی ئەم ئەڵقەیه چۆن پەیدا بوو؟ ئامانجێک که لەبەردەم خۆی دایناوبوو، چی بوو؟ پاش ماوەیەک نێوی ئەم ئەڵقەیه به دەستەی کرێکارانی پێشڕەو دەگۆڕن! ئایا پەیوەندی به چەندایەتی و چۆنایەتی ئەڵقەکەتانەوه هەبوو؟

**جەبار مستەفا:** لەڕاستیدا من که وازم هێنا، یان له کارگەران "دەرکرام"، تەنها نەبووم، ئەو پرۆسەی وازهێنانه یان دەرکردنه، پرۆسەیەکی بەکۆمەڵ بوو، سەر تا پێی کارگەرانی گرتەوه، له خوارەوه بۆ ئەڵقەی ناوەند. له ئاستی ناوەندا لەتیفی شێخ عومەر وازی هێنا و تا ماوەی چەند ساڵێک دوای ئەوه لەکاری سیاسیماندا بەیەکەوهماینەوه. ئاسۆی کەریم زەند هەر زوو بەرەوه ئێران ڕۆی و لەوێوه بۆ ئەورووپا. هۆشیار قادر له کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی کشایەوه. بەختیار مستەفا پاش ماوەیەک بۆ ئەورووپا ڕۆیشت. هیوا حەمه ڕەئووف وازی هێنا. بەکورتییەکەی، له ناوەندی کارگەران تەنها موئەیەد ئەحمەد، عوسمانی حاجی

مارف و نادر عەبدلحەمید (کە تازە ببووە ئەندامی ناوەند) مانەوە. لە ئاستی کادر و هەڵسووڕاوانی خوار ناوەند، ژمارەیەکی زۆر وازیان هێنا، یاخود ناوەندی ڕەوت لێیانی نەپرسییەوە، کە ئەستەمە ناوی گشتیانم بیر بێتەوە. بە هەر حاڵ لەگەڵ وازهێنانمدا باسەکانی ئەو سەردەمە تا چەند مانگێک بەردەوام بوو.
لەو کاتەدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆم بەم هاوڕێیانەوە هەبوو: نەجات محەمەد دەروێش، نووری کەریمی موهەندیس، عەدنان کەریم (ئەحمەد موعین)، لەتیفی شێخ عومەر، تەهای حەمە ڕەش، سەرداری قەڵادزێ، نەبیلی موهەندیس، سیروان مستەفای برام، کامیلی پارێزەر، هەروەها ستار محەمەد کەریم (فوئاد سادق) و عوسمان محەمەد کەریم لە گەرمیان. دیارە ئەم هاوڕێیانەش کەم تا زۆر پەیوەندیی تریان هەبووە.
ئێمە بەهیچ جۆرێک هەوڵی لەتبوونی ڕەوتمان نەدا. هەر وەکوو وتم، باسەکانی ئەو سەردەمە زیاتر هەڵسەنگاندنی کارگەران و پرۆسەی وازهێنانی هەڵسووڕانی تازەی ڕەوت بوو. لەو هاوڕێیانە هێندێکیان ڕۆیشتن بۆ ئەورووپا.
پاش چەند مانگێک و لە وەڵام بەوەی چی بکەین، وە بەتایبەتی دوای ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵێک کادری حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پتەو کردبووەوە، هاتینە سەر ئەوەی کە لە زستانی ساڵی ١٩٨٥دا ئەوەندەی بیرم بێت، هاوڕێیان نەجاتی موهەندیس، سیروان مستەفا، عەدنان کەریم و من ئەڵقەی کۆمۆنیستیی بڵێسەمان دامەزراند و یەکسەر پەیوندیمان بە گشت ئەو هاوڕێیانەی کە پێشتر ناوم هێنان، جگە لە سەرداری قەڵادزێ کرد. لەگەڵ نەبیلی موهەندیس کە ڕۆیشت بۆ ئەورووپا، ڕەخنەی سەرەکی ئەو سەردەمەمان لە ڕەوت ئەوە بوو، کە ئەوان بە بیانووی نەبوونی بەرنامەوە، ڕێگای هەڵسووڕانی سیاسی بەتایبەتی لەناو کرێکاراندا دەبەستن. دەکرێ هەر ئێستا بەم توانا فکری و سیاسییەی خۆمانەوە بۆ کاری هۆشیارکردنەوە دەستبەرین. بە ڕێکخستنی کرێکاران لە ئەڵقە و مەحفەلی کۆمۆنیستیدا، وەڵام بە مەسەلەی خەباتی ڕۆژانەیان بدەینەوە. هەر زۆر زوو و بە نووسراو وەڵامی بڕیاری حکوومەتی بەعسمان سەبارەت بە بەفەرمانبەرکردنی چینی کرێکار کە لە نووسینی من بوو، دایەوە. نووسراوێکمان لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی کە لە نووسینی عەدنان بوو، بڵاو کردەوە. یەکێک لە باسە سەرەتاییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە سۆڤێت، کە من بۆ عەرەبی وەرمگێڕابوو، بڵاو کردەوە.

لەگەڵ یەکەمین نووسراو، ئەڵقەی سەرەکی کە بریتی بوون لە: نەجاتی موهەندیس، سیروان مستەفا، عەدنان کەریم و من (هەر هەموومان لە سلێمانی دەژیایین) لەسەر ناوی ئەڵقەی کۆمۆنیستیی بلێسە ڕێک کەوتین. لە تاقیکردنەوەی ساڵانی پێشووەوە ئەوە فێربووین، کە هەرگیز بەبێ ناو کار نەکەین.
ئەندامانی بلێسە بەواقیعی لە شارەکانی سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، کەلار بوونیان هەبوو. هەر لە سەرەتاوە دەستمان بۆ پێکهێنانی ئەڵقەی کرێکاری لە شوێنی ژیان و کاریاندا برد. هاوڕێ نەجات لە گەڕەکی سەرشەقامی سلێمانی کەسێکی ناسراو و بە ئۆتۆریتە بوو. هەر ئەو کات هەستمان دەکرد و لە ساڵانی دوایشدا بۆمان دەرکەوت، کە تۆڕێکی فراوانی لە هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست کە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە سلێمانی لەسەر دەستی ئەوان دەستی پێ کرد، پێک هێنابوو. من دەستم گەییشت بە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و ئەڵقەیەکی دوو کەسیم لەوێ پێک هێنا.
خەسڵەتی سەرەکیی بلێسە کرانەوەی بەرامبەر بە هەڵسووڕاوانی چەپ چ وەک ڕێکخراو چ وەک تاک بوو. ئەو سیکتاریزمە ڕێکخراوەییەی کە بە درووستبوونی ڕەوتی کۆمۆنیست تەشەنەی کرد، بە درووستبوون و گەشەسەندنی بلێسە پاشەکشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ئەوەندەی من لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی چەپ ئاگادار بم، سەرجەم ڕێکخراوەکان و زۆرێک لە هەڵسووڕاوانی ئەڵقە و مەحفەلە جیاجیاکانی چەپ لەو سەردەمەدا، جگە لە ڕەوت، جۆرێک لە پەیوەندیی دۆستانە، هاوکاری، بیروڕاگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبوو. بەڵام هاوڕێیانی ڕەوت هیچ جۆرە حیسابێکیان بۆ ئەو تەیفە فراوانە نە دەکرد. لەبیرمە کە هاوڕێ سەلاحی موهەندیس (حەیدەر هیدایەت)مان ناسی، هاوڕێیانی ئێمە لە کەلار (فوئاد و عوسمان) بۆ ماوەیەکی باش لە ماڵی خۆیاندا حەشاریان دا و تەنانەت مەسرەفی ڕۆژانەشیان ئەکێشا. پاش ئەوەی بڕیاری دا، بۆ سلێمانی بێت، ئێمە نەک هەر شوێنی ژیانیمان بۆ ماوەیەکی باش بۆ دابین کرد، بەڵکوو لەو پرۆژە مالییەی کە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تردا هەمان بوو، مانگانەمان بۆ بڕییەوە. من بۆخۆم چەند جارێک لە هەڵەبجە (کە لە ماڵێکدا لەگەڵ سامان کەریم دەژیا و بەمەرجێک من نە لەگەڵ سامان و نە لەگەڵ حەیدەر لەباری سیاسییەوە دەگونجاین) سەردانیم کرد. هەروەها بەدرێژایی چەندین ساڵ پەیوەندییەکی هاوڕێیانەمان لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەدی ئێستا هەبوو، کە بۆ ڕۆژێکیش ئەندامی بلێسە نەبوو. لەڕاستیدا

پەیوەندیمان گەییشتبووە ڕادەی ئەنجامدانی هەڵسووڕانی زۆر تایبەت، کە مەترسی زۆر جدی بۆ سەر ژیانی هەر دوو لامان هەبوو.
بە هەر حاڵ، یەکێک لە مەیدانە زۆر گرنگەکانی هەڵسووڕانی بڵێسە ئەو کۆمەکە مالییە بوو، کە مانگانە بۆ کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دەنارد. سەرچاوەی ئەو کۆمەکە پرۆژەیەکی دەستبەسەراگرتن لە بەغدا بوو. ئەوەندەی بیرم بێت، لە ناوەڕاستی ١٩٨٧ەوە دەستی پێ کرد و نزیکەی ٢ ساڵی خایاند. ٢ تیم ئەنجامیان دەدا، تیمی یەکەم، ڕێبوار ئەحمەد و وەستا عەلی کفری، تیمی دووهەم فوئاد سادق و من. لەو کۆمەکە یارمەتی مانگانەی هێندێک هاوڕێ دەدرا، لەوانە من و تەهای حەمە ڕەش. هەروەها مانگانەمان بۆ هێندێک هاوڕێی دەرەوەی بڵێسە بڕیبووەوە، لەوانە حەیدەر هیدایەت و مانگانەش ١٠٠٠ دیناری عێراقیمان بۆ کۆمەڵە بەناوی هاوڕێیانی کۆمۆنەوە دەنارد، کە هەموو جارێکیش لە ڕادیۆی کۆمەڵەوە دەخوێنرایەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە جارجار داوای کۆمەکی فەورییان بەتایبەتی بۆ ڕادیۆی کۆمەڵە لێ دەکردین.
نووسراوەکانی بڵێسە هەر هەموویان جگە لە بەیاننامەکان کە بە ڕۆنیۆی دەستی ئامادەمان دەکردن، دەستنووس بوون. دیارە تیراژیان کەم بوو، باسە سیاسییەکان لە ١٠ ژمارە و بەیاننامەکانیش لە چەند سەدێک تێنەدەپەڕین.
ماوەتەوە ئەوە بڵێم، کە ئەڵقەی کرێکارانی پێشڕەو هەمان ئەڵقەی بڵێسەیە و لەڕاستیدا پاش گرتنی هاوڕێ نەجات من و عەدنان بڕیارمان دا، کە تا چارەنووسی نەجات ئاشکرا نەبێت، هیچ شتێک بە ناوی بڵێسەوە بڵاو نەکەینەوە، نەوەک فشاری لێکۆڵینەوەی لەسەر زیاتر بکات. بە هەر حاڵ پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت، کە ئەو هاوڕێ ئازیزەمان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست داوە، بەبێ ئەوەی یەک وشە بدرکێنێت، دیسانەوە ناوی بڵێسەمان بەکار هێنایەوە.
هاوڕێ نەجات لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢٩ لە خاڵی پشکنینی کەرکووک_ سلێمانی بە کۆمەڵێک بەیاننامەی بڵێسەوە کە بە بۆنەی یەکی ئایارەوە دەریکردبوو و بەتەما بوو بۆ هەولێر بیانبات و لەوێ بڵاویان بکاتەوە گیرا. هەر لەوێ هەوڵی ڕاکردنی دابوو، بەڵام گرتبوویانەوە و پاش چەند ڕۆژێکی کەم لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست دا. پاش چەند مانگێک کە ئەو هەواڵەمان بیست، من بۆ کەرکووک چووم و لەڕێی دۆستێکمانەوە (ئیسماعیل عەبدلقادر) زانیمان، کە تەرمەکەیان داوەتە شارەوانی کەرکووک و لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە کەرکووک ناشتوویانە.

**پرسیار:** لەو دەمەدا چ ئەڵقە و سازمانێکی دیکەی کۆمۆنیستی لە ئارادا بوون؟ پەیوەندیتان لەگەڵیاندا چۆن بوو؟ قەوارەی ئەم ڕێکخراوە پێش هەڵوەشاندنەوەی چەند بوو؟ بازنەی هەڵسووڕانتان کوێی گرتبووەوە؟

**جەبار مستەفا:** پاش پێکهاتنی بڵێسە بە ماوەیەکی کەم و لە ڕێگای فوئاد سادق و عوسمانی برایەوە و هەر لە ماڵی خۆشیان لە کەلار بە هاوڕێ حەیدەر هیدایەت ئاشنا بووم. دیارە پاش قسە و باسێکی کورت ئێمە زانیمان کە ئەویش پەیوەندی بە چەند هاوڕێیەکی ترەوە هەیە و بەبێ ناو کار دەکەن. هەر دوو لامان بۆمان دەرکەوت، کە جیاوازیی فکریی سیاسیمان هەیە و ناکرێ داوای کارکردنی لە بڵێسەدا لێ بکەین. بەڵام هاوکاری و نزیکایەتیمان وەک خۆی مایەوە. پاشان ئەو ڕۆیشتە سلێمانی و لەوێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تریدا (خەسرەو سایەی ئێستا، سامان کەریم و...) "دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا"یان پێک هێنا. دوای ئەوەش پەیوەندیمان تا هەڵوەشاندنەوەی دەستە و بڵێسە هەر مایەوە. جگە لەو، هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێی دا، هەر لە ماڵی فوئاد و عوسمان ڕێبوار ئەحمەدم ناسی، کە ماوەیەک بوو لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران جیا بووبووەوە و دەمان زانی کە ئەوانیش گرووپێکن و نزیکایەتی فکریی سیاسی و تەنانەت شەخسیش لەنێوانماندا زۆر بەهێز بوو. پاش ماوەیەک ئەو چووە لای کۆمەڵە بۆ دەورەی ئامووزشی و پاش گەڕانەوەی لەسەر هەندێک وردەکاری ڕێک نەکەوتین، ڕەنگە ئێستا بڵێم، بیرم نایات، کە چی بوون. پاشان ئەو لەگەڵ هاوڕێیان: سالار ڕەشید و ڕەحمان داود "کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست/ کۆتک"یان پێک هێنا و بڵاوکراوەی "بەرەو سۆسیالیزم"یان دەردەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پەیوەندیی سیاسیی پتەومان لەنێواندا هەبوو. بەجۆرێک کە هەموو ژمارەکانی "بەرەو سۆسیالیزم"ی بۆ دەهێناین و لەسەر زۆربەی مەسەلەکانی ئەو سەردەمە بیروڕامان دەگۆڕییەوە. ئەمە جگە لەو چالاکییەی کە پێشووتر باسم کرد. پەیوەندیمان هەر بەردەوام بوو، تا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستەکان و بڵێسە. لەڕاستیدا دوای ئەو قۆناغە پەیوەندیی من و ڕێبوار چووە ئاستێکی ترەوە. بە تایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئاشنابوونمان پێی. ئیتر وەک دوو کەسی نزیک لەیەک، بێ ئومێد لە چەپی ئەوسا، بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕاین. تا کار بەوە گەییشت، هاتە سلێمانی و بۆ ماوەیەک لە ماڵی خۆمان دەژیا. سەرەتا

هەردووکمان بە "کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار"ەوە پەیوست بووین و دواتر "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری"مان لەگەڵ تاهیر حەسەن و عەدنان کەریمدا پێک هێنا.

**پرسیار:** ئەم ئەڵقەیە کەی هەڵوەشایەوە؟ بۆچی؟

**جەبار مستەفا:** بڵێسە وەک زۆربەی ئەڵقە و ڕێکخراوەکانی چەپ، بە سەرهەڵدانی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئاشنابوونی هەڵسووڕاوانی چەپ پێیان، هەروەها بەبێ وەڵام مانەوەی لە بەرامبەر بار و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوسای عێراق، تووشی قەیران و بنبەست بوو. ئەگەرچی چەپی ئەو سەردەمەی کوردستان زیاتر ڕەوتێکی فکری بوو و کەمتر بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگا و بەتایبەتی نارەزایەتی و خەباتی چینی کرێکار کاری تێ دەکرد. هەر بۆیە بە بۆچوونی من لە بنبەستبوونیدا فاکتەری یەکەم زیاتر ڕۆڵی بینی.

من پێشتر ئاماژەم بەوە دا، کە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەک ڕەوتێکی فکریی سیاسی، لە ئەنجامی شۆڕشی ئێران و لەبەرامبەر پۆپۆلیزمدا سەری هەڵدا و بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە ئەنجامی خۆی گەیيشت. لە کۆنگرەی دووهەمی هەمان حیزبەوە هاوڕێیانی ئێران بەتایبەتی مەنسوور حیکمەت ئەم ڕاستییەی وتووە، کە بەرەوپێشبردنی خەباتی چینی کرێکار بەتایبەتی لە ئاڵوگۆڕە جیهانداگرەکانی ئەو سەردەمەدا، پێویستی بە شتێکی تری زیاتر لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕە. کەچی چەپی عێراق هەتا ماوەیەکی زۆر و نزیک لە ساڵی ١٩٨٧_ ١٩٨٨ لە هەمان پرۆسەی بوون بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا بوون.

بە هەر حاڵ، بار و دۆخی سیاسیی ئەوسای عێراق و کوردستان، جەنگی عێراق و ئێران و درێژەکێشانی بۆ ماوەی ٨ ساڵ و ئاکامە فەلاکەتبارەکانی، خەستبوونەوەی لە ڕادەبەدەری سەرکوتی بەعس و ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان لە لایەک و بێ وەڵاممانەوەی چەپ، زۆربەی مەحفەلەکانی گەیاندبووە بنبەست. ئەوەندەی بە "بڵێسە"وە پەیوەستە، کە من یەکێک لە دامەزرێنەرانی بووم، دوو فاکتەری گرنگ لەو ئەڵقەیە بێ ئومێدیان کردم. لە سەرەتای ١٩٨٧وە بۆ دابینکردنی زیندەگی کەوتمە پرۆژەیەکی میرییەوە لە شاری بێجی کە هەندێک کاری کارەبامان لەگەڵ سیروان مستەفا و چەند کەسێکی تردا گرت. ئەو پرۆژەیە زیاتر لە ٤٠٠٠ کرێکاری لێ بوو، کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان و ئاسیاوە

هاتبوون. ماوەی نزیک بە دوو ساڵ لەوێ ماینەوە و تێکەڵاوییەکی زۆرمان لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا پەیدا کرد. بەڕاستی ئەوە دەرفەتێک بوو کە تێ بگەم، جیهانی ئەو چەپەی کوردستان و جیهانی چینی کرێکار زۆر جیاوازن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی باسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و مەنسوور حیکمەت و ئیرەجی ئازەرینم دەست دەکەوت و دەمخوێندنەوە، ئەوەندەی تر ئەو بۆچوونەم لا پتەو دەبوو. هەر لەو ماوەیەدا عەدنان کەریم، لەتیفی شێخ عومەر، فوئاد سادق نووسراوێکیان بە دەستخەت نووسی، لە ڕوانگەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە ڕەخنەیان لە بڵێسە گرتبوو و بە ئیکۆنۆمیست باسیان کردبوو، چونکە زیاتر خەریکی کاری عەمەلییە، نەک بەرنامەیی. کە نووسراوەکەم بینی، تێگەییشتم ئەمە باسی چەند ساڵێک لەمەوبەرە و پێم وتن، هاوڕێیان: ئەم مارکسیزمە شۆڕشگێڕەی ئێوە باسی دەکەن، لە خێو دەچێت، هیچ شتێکی دیار نییە، ئاخر کوا دەرکەوتەکانی، کوا سوننەتی خەبات و هەڵسووڕانی؟! باسەکە زیاتر لە باسەکانی دەستەی پێشڕەوان دەچوو و دواتریش زانیم، کە هەر بە کارکردی ئەوان دەرچووە. بە هەر حاڵ، من لەگەڵیان نەڕۆیشتم. ئەوانیش ناوێکی تریان لە خۆیان نا، بەداخەوە ئێستا بیرم نایات کە چی بوو.

لەولاشەوە من لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەددا قسە و باسمان دەکرد، ئەتوانم بڵێم، هەردووکمان لە چەپی ئەو ڕۆژگارە بێ ئومێد بووبووین و وردەوردە ئومێدی زۆرمان بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری پەیدا دەکرد. دیارە هیچ نووسراوێکمان نەدیبوو، بەڵام بیستبوومان کە ڕەخنە لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەگرن. بەم جۆرە ئیتر کەس نەما، بەناوی بڵێسەوە هەڵسووڕێت و قسە بکات. ئەوەندەی نەبرد، سەرجەم ئەڵقە و سازمانەکانی تر، جگە لە ڕەوت چوونە ڕیزی بڵێسەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ یان کۆتایی ١٩٨٩ ڕەوت نووسراوێکی بڵاو کردەوە بە ناوی "کۆمۆنیزمی کرێکاری و واقیعەتی ئێمە"، کە تیایدا ڕایگەیاندبوو، ئیتر لەمەودوا ڕەوت سەر بە کۆمۆنیزمی کرێکارییە.

**پرسیار:** هاوڕێ جەبار! یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ دەورەی خۆی سازمانێکی چالاک و هەڵسووڕاو بوو. ئەگەر بکرێ، ڕوونکردنەوەیەکمان لەمەڕ چۆنیەتیی پێکهێنانی ئەم سازمانە پێ بدەیت. کێ بوون بنیاتنەرانی؟ چ کارە بوون؟

خەڵکی کوێ بوون؟ هەروەها بۆ ئەو دەمە، بەچی خۆتان لەگەڵ باقیی سازمان و گرووهەکانی دیکە جیا دەکردەوە؟

**جەبار مستەفا:** پاش هەڵوەشاندنەوەی بلێسە، من پەیوەندیم لەگەڵ ئەڵقەیەکی کرێکاری لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار هەر بەردەوام بوو. لەملاشەوە لە ساڵی ١٩٨٩وە لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد پەیوەندیی سیاسی و شەخسیی نزیکمان هەبوو، هەم بەیەکەوە کارمان دەکرد، هەم بۆ ماوەیەک لە ماڵی ئێمە لە سلێمانی دەژیا. لە ڕێگای ئەوەوە بە کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار ئاشنا بووم. ڕێبوار هەندێکیانی بە شەخسی دەناسی. وەکوو، تاهیر حەسەن و ئیبراهیم محەمەد (بلە سوور). پاش قسە و باسێک لەسەریان بڕیارمان دا، لەگەڵیان کار بکەین و بۆ ماوەی چەند مانگێک بۆ بڵاوکراوەکەیان (خەباتی کرێکار) کە بەدەست دەنووسرایەوە و بە تیراژێکی کەم بڵاو دەبوەوە، دەستمان بە نووسین کرد.

داگیرکردنی وڵاتی کوێت لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بار و دۆخی سەرانسەری عێراق و کوردستانی گۆڕی و لە ئاستی جیهانیشدا کە گەرمەی ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سەرهەڵدانی نەزمی نوێی جیهان بوو، مەعلووم بوو، کە عێراق تووشی جەنگێکی خوێناوی لەگەڵ ئەمەریکا دەبێت و ئەمەش بە ئەگەری زۆر ڕاپەڕینی لێ دەکەوێتەوە. ئەو سەردەمە ئێمە وەک بەشێک لە چەپ کەوتینە خۆمان و کەوتینە قسە و باس و گفتوگۆی بەردەوام لەسەر ئەو بار و دۆخە. لە میانەی ئەو هەوڵانەدا من کە عەدنان کەریمم دەناسی، هەستم دەکرد، ئەو ئەڵقەیەی دوای بلێسە پێکیان هێنابوو نەماوە. ڕێبوار و تاهیریش هەواڵیان پرسی و سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٩٠ لە ماڵی ئێمە لە سلێمانی لەسەر پێکهێنانی یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕێکەوتین. ئەوەندی من بیرم بێت، لەو دانیشتنەدا ڕێبوار بە نوێنەرایەتی ئەڵقەی ١ی ئایار ئامادە بوو. منیش بە نوێنەرایەتیی ئەڵقە کرێکارییەکەی کارگەی چیمەنتۆ و عەدنانیش بە نوێنەرایەتیی گرووپێک لە هەڵسووڕاوان بەتایبەتی لە گەڕەکی سەرشەقام و جوولەکانی سلێمانی، لەوانە: نەبەز خالید، شەونمی هاوسەری، خالیدی مەلا عەلی، لەتیف محەمەد دەروێشی برای هاوڕێ نەجاتی موهەندیس و کۆمەڵێک هەڵسووڕاوی تر، کە بەداخەوە ناوەکانیان نازانم. دیارە ئەم هاوڕێیانە لە شوێنی خۆیانەوە پەیوەندی تریان هەبوو، کە من نایانزانم. بەڵام ئەزانم لە کەرکووک و هەولێریش یەکێتیی خەبات هەڵسووڕاوی هەبوو.

یەکەم کارێک کە دەستمان بۆی برد، دەرکردنی پلاتفۆرمێک بوو لەسەر شۆڕش یان ڕاپەڕینێ کە پێمان وابوو، لە عێراقدا بەرپا دەبێت. ئەوەندەی لە یادم بێت، لەو پلاتفۆرمەدا باسمان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیمۆکراتیی شۆڕشگێڕ لە ڕێگای شووڕای کرێکاران و شووراکانی خەڵکەوە لە کارگە و گەڕەکەکاندا کردبوو. دوابەدوای ئەوە، کەوتینە پێکهێنانی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین یان ڕوونتر بڵێم، دەستماندایە هەڵسووڕان لەو کۆمیتانەدا. چونکە ئەو کۆمیتانە لە زۆر شوێن هەر درووست دەبوون.

لەو سەردەمەدا جگە لە ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتیی خەبات، سازمان و ئەڵقەیەکی تری وا نە مابوو، یان لانیکەم ئێمە ئاگاداریان نەبووین. دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا دوای بڵاوبوونەوەی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک زۆربەی ڕێکخراوەکانی چەپ تووشی ئەزمەیەکی فکریی سیاسی بوون و بەتایبەتی دوای دەستکێشانەوەی حەیدەر هیدایەت لە هەڵسووڕانی سیاسی (کە بە بڕوای من کەسی یەکەمی دەستە بوو) ئەزمەکەیان ئەوەندەی دیکە قووڵ بووەوە. بۆ نەگبەتیش لەو ڕۆژگارەدا ژمارەیەکی زۆریان کەوتنە بەر زەربەی ئاسایشی ڕژێم و تا ڕاپەڕین لە ئەمنە سوورەکە مانەوە.

سەبارەت بە جیاوازی ئێمە و ڕەوتیش، جگە لەو بۆچوونە کۆنەی لەگەڵ درووستبوونی ڕەوتدا هاتە کایەوە و زۆر جار باس کراوە، مەبەستم سیکتاریزمی ڕەوت و ئاکادیمیستبوونییەتی، ئەو ڕۆژانە ڕەوت هیچ بوارێکی بۆ قسە و باس یان کاری هاوبەش نە ڕەخساندبوو و بە تێڕوانینێکی تاکڕەوانەوە دەیڕوانییە سازمان و ئەڵقەکانی تری چەپ. ئەم بۆچوونە لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا زۆر بەڕۆشنی دەرکەوت و هەڵسووڕاوانیان تا بۆیان بکرایە، نەدەهاتنە نێو شووڕای گەڕەکەکانەوە، ئەویش بەو بیانووەی کە ئەمانە شووڕای خەڵکن و هی کرێکاران نیین. ئەگەریش بهاتبانایە، ئەوە بە دەمامکەوە دەهاتن، بۆئەوەی بۆ خەڵک نە ناسرێن. ئەمانە جگە لە خۆیان هەموو چەپیان بە پۆپۆلیست دەزانی. بەهەر حاڵ ئەم بۆچوونانە لە پێکهاتنی حیزبیشدا کەم تا زۆر ڕەنگی دایەوە.

ئابی ٢٠١٢

# "ڕێکخراوی برووسک"، "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران" و "ڕەوتی کۆمۆنیست"

(گفتوگۆ لەگەڵ نادر عەبدلحەمید[1])

"ڕێکخراوی برووسک" یەکێک بوو لەو ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییانەی کۆتایی ساڵانی هەفتاکان و سەرەتای ساڵانی هەشتاکان لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن دەنێوجەرگەی کێشمەکێش و ململانێیەکی توندی لەمێژینەی نێوان جووتیاران و ئاغا و دەرەبەگەکانی ئەو دەڤەرە چەکەرەی کرد و خەمڵی و لە درێژەی ئەو کێشمەکێشەشدا هێزێکی چەکداریان لەنێو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەنێوی تیپی ٦٣ جووتیارانەوە ڕۆنا.

"یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران"، هەروەها "ڕەوتی کۆمۆنیست" کە لە هەناوی ڕێکخراوی یەکەمەوە هاتە دەر و بە "ڕەوت" دەناسرا، دوو ڕێکخراوی کاریگەری نێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق بوون.

بۆ شارەزایی زیاتر سەبارەت بەو ڕێکخراوانە، گفتوگۆیەک لەگەڵ نادر عەبدلحەمید یەکێک لە ڕابەرانی ئەو ڕێکخراوانە ساز دەکەین.

**پرسیار:** بەڕێز نادر عەبدلحەمید! هەر وەکوو بێتەوە بیرم، کاتی خۆی لە نووسراوێکدا باسی ئەڵقە سەرەتاییەکانی ڕێکخراوی کارگەران ئەکرێت و مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێنێتەوە. واتە کاتێک کە تۆ پەیوەندیت بە کارگەڕانەوە کردووە، ساڵانێک بووە، ئەو ڕێکخراوە هەبووە. بەڵام پێش ئەوەی پەیوەندی بەم ڕێکخراوەوە بکەیت، لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن لە کۆڕ و کۆمەڵی

---

[1] نادر عەبدلحەمید (ساڵحی مەلا دەڵگەیی)، لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری قەڵادزێ لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە و دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. پاشان کۆلێجی ئابووری لە زانکۆی بەغدا (١٩٧٧_ ١٩٨١) تەواو کردووە.
یەکێک بووە لەو ١٠ کادرەی کە "حککع"یان پێک هێنا و پاشان بەهۆی ناکۆکیی فکرییەوە، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠دا دەستی لە کار کێشایەوە.

چەپ و کۆمۆنیستیدا خۆتان ڕێک خستووە و کار و هەڵسووڕانی خۆتان بردووەتە پێشەوە. ئێمە دەپرسین: ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی ئێوە هیچ ناوێکیان هەبوو؟ لە چساڵێکدا دامەزران و دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ بازنەی هەڵسووڕانتان هەر ئەو ناوچەیە بوو، کە باسم کرد، وە یان شوێنی تریشی گرتبووەوە؟ ژمارەتان چەند دەبوو؟ پێکهاتەی چینایەتیی ئەندامانی کۆڕ و کۆمەڵەکانتان چی بوون، وە یان وردتر بڵێم، چ کار و پیشەیەکیان هەبوو؟ ئایا هیچ بڵاوکراوە، وە یان نووسراوێکتان هەبوو؟

**نادر عەبدلحەمید:** ساڵانی ناوەڕاست تا کۆتایی هەفتاکانی سەدەی بیست ئەو سەردەمە مێژووییە بوو، کە ڕژێمی بەعس گوشار و توندوتیژی خۆی بۆسەر کوردستان پەرەپێدا، بەتایبەت بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی وەک پشدەر کە تازە هێزی پێشمەرگە تیایدا سەری هەڵدابووەوە. ئەو سەردەمە سەردەمی ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشین و دێهاتییەکان بۆ ناو ئۆردووگا زۆرەملێکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە وەک ناوچە قەدەغەکراوەکان (المناطق المحرمة) بوو، کە جووتیاران بۆیان نەبوو بچنەوە سەر زەوی و باخ و بێستانەکانیان. شەش_ حەوت کەسێک لە جووتیارەکان، وا بزانم لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ بوو، چووبوونەوە سەر زەوییەکانیان و دابوویاننە بەر دەستڕێژ و کوشتبوویانن. مەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمەکانیان شێوەی خۆپێشاندانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و خەڵکێکی زۆر لەگەڵ تەرمەکانیاندا بە ڕێپێوان بەناو شاری قەڵادزێدا بەرەو سەرقەبران ڕۆیشتن. هێزەکانی ڕژێمیش کەوتبوونە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.

جگە لەمەش ڕژێم بە یارمەتی دەرەبەگ و ئاغاکانی ناوچەکە هێزی چەکداری بەناوی "ئەفواجی خەفیفە"وە درووست کردبوو، کە بە زمانی گشتیی خەڵک بە جاشایەتی ناسراوە. ئەمەش بارگرانییەکی تر بوو لەسەر دڵی خەڵکی ناوچەکە بەتایبەت جووتیاران. چونکە ئاغاکان ئەو هەلەیان قۆستەوە و بە چەکداربوونی خۆیان جارێکی تر باج و سەرانەی دەرەبەگایەتییان بەسەر جووتیاراندا داسەپاندەوە. بەمەش بزووتنەوەی نارەزایەتیی جووتیاران لە ناوچەکەدا زیندوو بووەوە. شایانی باسە لە ساڵی ١٩٥٨دا جووتیارانی ناوچەکە بەرابەرایەتی حیزبی شیوعیی عێراقی ڕاپەڕیبوون و ئاغاکانی پشدەریان بۆ ناو ئێران ڕاو نابوو، کە لە ساڵی ١٩٦١دا ڕژێمی شای ئێران چەکداری کردبوون و جارێکی تر بەناوی کوردایەتییەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی پارتیدا هاتنەوە ناوچەکە و لە ساڵی

١٩٦٦دا لەگەڵ باڵی جەلالی دایانە پاڵ دەوڵەت و بوون بە چەکداری ڕژێم و ئەو دەستکەوتانەی کە جووتیاران بە ڕاپەڕینی خۆیان و بە یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵی (قانوونی ئیسلاحی زەراعی) بەدەستیان هێنابوو، لێیان سەندرایەوە.
لەنێوان سالآنی ١٩٧١_ ١٩٧٤دا کە ساڵانی گفتوگۆی بارزانی باوک و پارتی لەگەڵ ڕژێم بوو، کە بە ساڵانی حوکمی زاتی ناسراوە، یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵی هەموار کرایەوە و زەوییەکان بە جووتیارەکان درانەوە و باج و سەرانەیان لەسەر لاچوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ و بە دوای ئاشبەتاڵەکەوە، جارێکی تر ئاغاکان باڵادەستییان بەدەست هێنایەوە و کەوتنە داسەپاندنی باج و سەرانەی دەرەبەگایەتی بەسەر جووتیارانی ناوچەکەدا و بەم شێوەیە بزووتنەوەی جووتیاری زیندوو بووەوە.
ئێمە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری مارکسیست و کۆمۆنیستی ناوچەکە، لەناو بار و دۆخێکی پڕ لە ناڕەزایەتیی دژی ئیستیبدادی دەوڵەتیی ئاوهادا و لە پەیوەندییەکی نزیک بەو بزووتنەوە جووتیارییەوە، وەک کۆڕ و کۆمەڵێکی سیاسیی بێ ناو و بێ شکڵی سیاسی بەدەوری یەکترییەوە، لە پشدەر و بیتوێن تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ کۆ ببووینەوە. بەدەقیقی بیرم نەماوە، چ ڕۆژ و مانگ و ساڵێک بوو، بەڵام لە کۆتایی ئەو ساڵە و سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا و لە پرۆسەیەکی سیاسیی کامڵبووندا کە چەند ساڵی تێپەڕاندبوو، چوار کەسمان لەناو ئەو تۆڕە لە کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیدا بەو ئاکامە گەییشتین کە خۆمان لە شکڵی ڕێکخراوێکدا بەناوی "برووسک"وە کۆ بکەینەوە. کە ئەویش هاوڕێ عەبدوڵا ساڵح ناسراو بە (خاڵە عەبدە)، من (ساڵحی مەلا دەڵگەیی)، محەمەد سوڵتان (یادی بەخێر، ئیسلامییەکان لە پایزی ساڵی ١٩٩٣ لە ڕانیە تێرۆریان کرد) و مامۆستا سەعید برای مەلا عەبدلڕەحمانی گەناوێ (یادی بەخێر بە نەخۆشی شێرپەنجە لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کرد) بووین.
ئەوەی فاکتۆری هەرە کاریگەرە لە لەدایکبوونی برووسکدا، ئەو ناڕەزایەتییە زیندووە و ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی جووتیاران بوو. ئێمە وەک کۆمەڵێک ڕۆشنبیری مارکسیست، لە پەیوەند بە عێراق و کرێکار و کۆمۆنیزمەوە، واتا لەڕووی فکری و بیروباوەڕەوە نە هاتبووین سیاسەت بخەینە دەستووری کارمانەوە و ڕێکخراوێک درووست بکەین، بەڵکوو ئەو بزووتنەوە لۆکاڵییە فاکتەری ئەسڵی شکڵگیری ئێمە بوو. هەر بۆیە ناتوانرێت برووسک بە هەمان پێوانەکانی ئەڵقە مارکسی و چەپەکانی ئەو سەردەمە هەڵبسەنگێندرێت. هەڵبەتە ئەمە ئەوەش نەفی ناکاتەوە، کە هەر لە سەرەتادا دوو خەت و مەیلی تێدا بوو:

خەتێک کە من و هاوڕێ عەبدوڵا ساڵح بووین و لەو ئەڵقە و کۆڕ و کۆمەڵانەی کە دواتر بە کارگەران ناسرا، نزیک بووین و دەمانویست بەو ئاقارەیدا بەرین. خەتی دووەمیش مامۆستا سوڵتان و سەعید بوون، کە ئەوان دەیانەویست بەو ئاقارەیدا بەرن، کە لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ کۆڕەک تێکەڵ بێتەوە.

سێ کەسی یەکەم لە شاری قەڵادزێ و کەسی چوارەممان (مامۆستا سەعید) لە شارۆچکەی چوارقوڕنە دادەنیشتن. ڕایەڵەیەکی پەیوەندیی دۆستانە، هاوڕێیانە، هەروەها خزمایەتی و ناسیاویی خێزانی لەنێوان تۆپەڵەیەکی زۆر لە گەنج، لاو و جووتیاری ناڕازی لە دەرەبەگەکانی ناوچەکە لە پشدەرەوە بۆ بیتوێن درێژ دەبووەوە و تاکوتەراش لە شاری کۆیە، هەولێر و سلێمانیش هەبوون. بە حوکمی ئەوەی کە بەشێک لەو گەنجانە، لەو شارانە خوێندکار بوون و لە بەشە ناوخۆییەکاندا دەژیان، یان خزم و کەسوکاریان لەو شارانە هەبوو.

ئێمە لەناو ئەو چوارچێوەیە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا جموجووڵی سیاسیمان دەنواند. بەم شێوەیە لە شارەکانی قەڵادزێ و دێهات و ئۆردووگاکانی دەوروبەری، سەنگەسەر، ڕانیە، چوارقوڕنە و حاجیاوا، هەبووین و بازنەی چالاکییەکانمان ناوچەی پشدەر و بیتوێن بوون. ئامارێکی وردم لەبەردەستدا نییە، کە ژمارەی ئەندامانی چەند بوون. بەداخیشەوە هاوڕێیان محەمەد سوڵتان و سەعید لە ژیاندا نەماون. تەنها ئەوەندە نەبێت، کە بە مەزەندەی من و هاوڕێ عەبدوڵا، بە ئەندامان و لایەنگرانی هەڵسووڕاوییەوە، دەوروبەری ٢٠_ ٣٠ کەسێک دەبوون.

بایەخی برووسک لە ژمارەی ئەندامان و لایەنگرانیدا نەبوو، بەڵکوو لەوەدا بوو، کە لە جەرگەی بزووتنەوەیەکی جووتیاریی ناوچەی پشدەر و بیتوێن جێگەی گرتبوو و کەسەکانی ئۆتۆریتەی کۆمەڵایەتییان لە ناوچەکەدا هەبوو. باوکی من (مەلا دەڵگەیی) جگە لەوەی کە مەلای مزگەوتی گەورە و کەسایەتییەکی ناسراوی شار بوو، یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوە جووتیارییەکەش بوو. ئەوەم لە یادە، کە چۆن لەو سەردەمانەدا و لە هەر گوند و ئۆردووگایەکەوە چەند کەسێک دەهاتن و لە ماڵی ئێمە تا شەودرەنگانێک کۆبوونەوەیان دەکرد و باسیان لەوە دەکرد، کە چۆنچۆنی ئەو باج و سەرانەیەی بەناوی "نیوەکارە" یان "سێیەک"ن، کە دووبارە لەدوای ساڵی ١٩٧٥وە بەسەر جووتیاراندا دایان سەپاندەوە، بە ئاغاکان نەدەن. جگە لەوەش باس لەوە دەکرا، کە چۆن هێزێکی چەکدار لەلای پێشمەرگە دابمەزرێنن.

ئیتر ئەوەبوو، لەو سەردەمەدا حاجیی حاجیی برایم کە کوڕی یەکێک لە ڕابەرانی جووتیاران بوو، دەستیان پێ لە خوێندن هەڵگرت، کە لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی بوو و ناردیانە دەرەوە و لای حیزبی سۆسیالیستی ئەو کاتە، کە ڕەسووڵ مامەند ڕابەرایەتی دەکرد، هێزێکیان بۆ درووست کرد. هەروەها لە یادمە، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا بڕیار درا، کە بەشداریی هەڵبژادنی مەجلیسی وەتەنی کوردستان (کە ئەنجوومەنێکی کارتۆنیی دەستکردی ڕژێمی بەعس بوو) بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش بابەکری جووتیاران کاندید کرا، کە سەرەنجام هەڵبژێردرا و دەنگێکی زۆری لە ناوچەکەدا هێنا.
بەر لەو کاتە ناوچەی پشدەر دوو نوێنەری لەو ئەنجوومەنەدا هەبوو. ئەوانیش لە ئاغاکانی پشدەر بوون، یەکێکیان بابەکر ئاغا بوو، کە ئەوسا وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بوو. بۆیە ئەوە بۆ جووتیارەکان سەرکەوتنێکی مەعنەوی گەورە بوو. مەبەست لە بەشداریی هەڵبژاردن ئەوە بوو، تا لەناو دەوڵەتیشدا هەوڵی دەستکۆتاکردنی ئاغاکان بدەن.
هەرچی باوکی محەمەد سوڵتان بوو، جووتیارێکی هۆشیار، چاونەترس و خاوەن ئۆتۆریتە بوو. هەروەها محەمەد سوڵتان، مامۆستا عەبدوڵا و مامۆستا سەعید لەناوچەکەدا کەسانی ناسراو و بەئۆتوریتە بوون، کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تیایدا زۆر بەهێز بوو. لەڕاستیدا ئەو کاتە شاری قەڵادزێ وەکوو لادێیەکی زۆر گەورە وا بوو، کە هەموو کەس یەکتری دەناسی و پەیوەندییەکی گەرمی کۆمەڵایەتی تیادا بوو. لە ناوجەرگەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەدا بوو، کە سیاسەت دەڕۆیشتە ڕێوە. ئاشکرا بوو، کە فلان کەس سەربە یەکێتی، فلانی تر سەربە سۆسیالیست، پارتی یان حیزبی شیوعییە... و لەو ئاووهەوا ئیستیبدادییەدا، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە قەڵغانێک بوو.
پێکهاتەی ئەندامان و لایەنگرانی برووسک لە دوو بەش پێک هاتبوو، وە لە ڕاستیدا دوو بەشی یەک پارچەبوون. بەشی زۆری ئەو ڕۆشنبیر، مامۆستا و خوێندکارە گەنجانە بوون، کە یان لە خانەوادە جووتیارییەکانەوە هاتبوون، یان بەهۆی بوونی بزووتنەوەیەکی جووتیاری لە ناوچەکەدا هاوسۆزی ئەو بزووتنەوەیە بوون. بەشێکیش لە ئەندامان و لایەنگران، جووتیاری دێهاتەکانی دەوروبەر و ئۆردووگاکان بوون. هەرچی مامۆستا محەمەد سوڵتان بوو، کە باوکی جووتیار

بوو، له دەوروبەری قەڵادزێ و مێردی خوشکەکەیشی کە جووتیار بوو، له چوارقوڕنه خەتی ئەندامانی جووتیاری لەلا بوو.
هەوڵمان دا، بڵاوکراوەیەک له شکڵی ڕۆژنامەیەکدا دەربکەین، کە وابزانم هاوینی ساڵی ١٩٨٠ بوو. من خاوەنی ئەو بیرۆکەیە بووم و کارم لەسەر دەکرد و ناوی "پەیام"م بۆ هەڵبژارد. بەڵام هەر له قۆناغی ئامادەکاریدا مایەوە. هەر لەو دەمەدا من باسێکی شیکاریم لەسەر بزووتنەوەی جووتیاری و پێکهاتەی چینایەتیی لادێکانی پشدەر کە نزیک بە ١٥ تا ٢٠ لاپەڕەیەک دەبوو، ئامادە کردبوو، کە بە دەست نووسیبوومانەوە و بە کاربۆن کۆپیمان لەبەر گرتبووەوە و بڕیار بوو، بە چەند بەشێک له "پەیام"دا بڵاوی بکەینەوە. له کاتی پەیوەندیکردنمان بە یەکێتیەوە، کۆپییەکمان لەو نووسینە بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی بەڕێ کرد. ئەگەر له ئەرشیفی یەکێتیدا نە مابێت، ئەوا بەداخەوە هیچ کۆپییەکی لای خۆم نەماوەتەوە و فەوتاوە.

**پرسیار:** لەنێو کۆڕ و کۆمەڵەکانتاندا چ قسە و باسێک دەکرا و تێڕوانینتان بۆ مەسەلەکانی ئەو دەمە چۆن بوو؟
**نادر عەبدلحەمید:** پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کات و شوێنەکە، واتا ناوەڕاست و کۆتایی هەفتاکانی کوردستان بەگشتی و ناوچەی پشدەر بەتایبەتی. ئەویش بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو بار و دۆخە فکری و سیاسییە، کە چوارچێوەی بیرکردنەوە و کاری سیاسیی ئێمە واتا، قسە و باسەکان و تێڕوانینی ئێمەی دیاری دەکرد. من لێرەدا پەنجە بۆ سێ پایە کە لەو کاتەدا شکڵپێدەری چوارچێوەی فکریی سیاسیی ئێمە بوو، ڕادەکێشم و لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا، قسە و باسەکانی ئێمە و تێڕوانینمان بۆ مەسەلە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە ڕۆشن دەبێتەوە، کە چی بوون:
١) ئەو سەردەمە تازە ئاشبەتاڵی بزووتنەوە چەکدارییەکەی پارتی و بارزانی له ساڵی ١٩٧٥دا ڕووی دابوو، کە شەپۆلێک له ڕەشبینی و نائومێدی بە کوردایەتی و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری دژی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر کوردستاندا باڵی کێشابوو. ڕەوینەوەی تارمایی ئەو ڕەشبینییە له لایەن خەڵکی ناوچەی پشدەرەوە بەر له ناوچەکانی تری کوردستان دەستی پێ کرد. ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی چەکداری بەدەستپێشکەریی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ساڵێک_ دوو ساڵ دوای ئاشبەتاڵەکە بوو. کە شاخەکانی بناری پشدەر (قەندیل و ناوزەنگ) بوون بە مەڵبەند و کۆگای چەقبەستنی ئەو هێزانە. خەڵکی ناوچەکە له نزیکەوە

ئاگاداری جموجووڵی ئەو هێزە چەکدارە تازەیە بوون و لەڕاستیشدا ئەڵقەی پەیوەندی بە باقی ناوچەکانی تری کوردستانەوەش بوون.
یەکێک لەو ڕووداوانەی کە دێتەوە یادم، لەوانەیە هاوینی ساڵی ١٩٧٧ یان ١٩٧٨ بووبێت، ئێوارەیەک دوو جانتای گەورەی ڕەشیان بۆ ماڵی ئێمە هێنا، وتیان، ئەمە هی بەڕێز عەلی عەسکەرییە (یادی بەخێر) و دوای ماوەیەک، شەوێکیان چەند کەسێک هاتن و بردیان. دیار بوو، کە باوکم لەژێرەوە لە پەیوەندیدا بوو (هەڵبەتە نەک وەک کاری ڕێکخراوەیی و حیزبایەتی، بەڵکوو وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر)، وە ماڵی ئێمەش ببوو بە ئەڵقەیەکی پەیوەندی.
هەروەها ساڵی ١٩٧٦_ ١٩٧٧ کە دواساڵی خوێندنی من لە ئامادەیی هەڵکەوتی سلێمانی بوو، وە پاشان بۆ بەردەوامی خوێندن بۆ زانکۆی بەغدا چووم، کاتێک کە خوێندکارانی ئامادەیی یان زانکۆ دەیانزانی من خەڵکی پشدەرم، لەدەورم کۆ دەبوونەوە و لێیان دەپرسیم، کە ئایا ڕاستە پێشمەرگە و خەباتی چەکداری سەری هەڵداوەتەوە؟ زۆر بە تاسەوە گوێیان بۆ ئەو دەنگوباسانە دەگرت، کە بۆم دەگێڕانەوە. ئەمە پایەیەکی ئەو بار و دۆخ و ئاووهەوا فکری_ سیاسییە لەو سەردەمەدا بوو. کە قسە و باسی ناو کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئێمەشی دیاری دەکرد.
٢) پایەیەکی دیکە، وەزعی حیزبی شیوعیی عێراق لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی بیست بوو، کە هاوپەیمانی حیزبی بەعس بوو، وە پێکەوە لە بەرەیەکدا بوون. لە لایەک ئیستیبداد باڵی بەسەر کوردستان (هەڵبەتە تەواوی عێراقیش)دا کێشابوو، وە لەلایەکی تریشەوە حیزبی بەعس و حکوومەتەکەی جگە لەوەی کە بەسەر حیزبی شیوعیدا سەپاندی، کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی وەکوو خوێندکاران، لاوان و ژنان... هەڵوەشێنێتەوە، هەر ڕۆژەش دەکەوتنە تەنگپێهەڵچنین و گرتن و ڕاوەدوونانی کادر و هەڵسووڕاوانی حیزبی شیوعی. تا وای لێهاتبوو، هەر وەک هەندێک لە بەرپرسانی حیزبی شیوعیی ئەو کاتە لە یاداشتنامەکانیاندا دەیگێڕنەوە، هەمیشە یەکێک لە کارەکانیان لە دانیشتن و کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی باڵای "بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتووخواز" لەگەڵ حیزبی بەعس لە بەغدا ئەوە بووە، کە تکا، خاتر و خواهیشت بۆ بەردانی کادر و هەڵسووڕاوەکانیان بکەن. ئەو حیزبە بە ئەندازەیەک ڕەزیل و ڕیسوا بوو، کە هیچ جازیبییەتێکی بۆ نەوەیەکی ڕادیکاڵی دژی ئیستیبدادی بەعس نەمابوو. لەو سەردەمەدا نەوەی نوێ بیری لەوە دەکردەوە، کە لەدەرەوەی حیزبی شیوعی و بلۆکی سۆڤێتی ئەو کاتە، دەست بۆ

ئایدیۆلۆجیا و بیرێکی شۆڕشگێڕانە ببات، کە تینوویێتی ڕادیکالێزمە سیاسییەکەی بشکێنێت. هەر بۆیە لەو سەردەمەدا جۆرەها کۆڕ و کۆمەڵ و دەستەجات لەژێر کاریگەریی فکریی ماوتسیتۆنگ، گیڤارا، ئەنوەر خۆجەی ئەلبانی، وە یان تیتۆی یۆگۆسلاڤی سەریان هەڵدەدا. مەسەلەی ئەسڵیش ئەوە بوو، کە چۆن دژی ئیستیبدادی دەوڵەتی بەعس بوەستێتەوە، لە کاتێکدا کە سۆڤێت و حیزبی شیوعی پشتیوانی لە ڕژێمی بەعس دەکەن. هاوپەیمانێتیی ئەو دوو لایەنە لەو سەردەمەدا لەگەڵ ڕژێمێکی ئیستیبدادیی وەکوو بەعس ڕێگەی خۆش کرد، تا ڕۆشنبیرانی ناڕازیی عێراقی و کوردستانی لەدەرەوەی ئۆردووگای سۆسیالیست و حیزبی شیوعیدا بەدوای ئایدیۆلۆجیا و تیۆرییەکی ڕادیکاڵ کە هەم ڕەنگ و بۆی مارکسیستی هەبێت و هەم دژی ئیستیبدادی بەعس بێت، بگەڕێن. ئەمە ئەو بنەمایە بوو، بۆ ڕەواجپەیداکردنی ماویزم و تێزی سێ جیهانی لەو کاتەدا.
سەرسامبوون بە ئەزموونی ڕزگاریی نیشتمانیی چین، کۆریای باکوور، ڤێتنام، کووبا، یۆگۆسلاڤیا و ئەلبانیا برەوی سەندبوو. هەم خوێندنەوە هەم باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئەزموونانە و گفتوگۆکردن لەسەریان باو بوو. بەڵام ماویزم ئۆتۆریتەی بەدەست هێنابوو. ئەویش چونکە لەبەرامبەر تەواوی ئەو ئەلگۆیانەی تردا خاوەنی ئەدەبیاتێکی ناسراو، هەروەها تێزی سێ جیهانی بوو، کە سۆڤێتی بە بەشێک لە جیهانی دووەمی ئیمپریالیزم لەقەڵەم دەدا.
باسێک کە لەو سەردەمانەدا برەوی سەندبوو، چەمکی "تەحریفییەتی موعاسیر" و "سۆسیال_ ئیمپریال" و دانانی یەکێتیی سۆڤێت بە ئیمپریالیستێک بوو، کە ڕەنگی مارکسیزم و بەرگی سۆسیالیستی پۆشیوە. وەک نموونە، کاکەمینی مام قادری (کە ئێستا لە لەندەن ژیان بەسەر دەبات) لە کادرە هەرە پێشکەوتووەکانی برووسک بوو، کە ئەو دەمە هاتە ڕابەرایەتییەکەیەوە. بەدوای خۆپێشاندانی ١٩٨٢/٤/٢٤ی شاری قەڵادزێ ناچار خوێندنی ماستەری بەجێهێشت و هاتە دەرەوە. لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ مام جەلال (وابزانم نەوشیروان و مولازم عومەریش ئامادە ببوون)، هاوڕێ ئەمین دەپرسێ، بۆچی یەکێتی و کۆڕەک بەرامبەر تەحریفییەتی موعاسیر هەڵوێست نانوێنن؟ ئەمە ئیتر ببوو بە نوکتە و مام جەلال کاکەمینی ناو نابوو، تەحریفییەتی موعاسیر و کاتێک من و هاوڕێ عەبدوڵا مام جەلالمان دەبینی (لە پێشمەرگایەتی) دەیووت: سڵاوی من بە تەحریفییەتی موعاسیر بگەیەنن! کە مەبەستی کاکەمین بوو.

ئەمانەش لەو سەردەمەدا پایەیەکی دیکەی ئەو ئاووهەوا و دۆخە فکری و سیاسییە بوو، کە ئێمە تیایدا دەژیاین و ڕوانینی ئێمەی بۆ مەسەلەکانی ئەو کاتە لە قاڵب دەدا.

٣) ئیستیبدادی بەعس لە کوردستان بە زوڵمی نەتەوەیی و مەسەلەی کوردەوە لێک هەڵپێکرابوو. بەشێک لە ڕۆشنبیرانی ئەو باڵە لە بزووتنەوەی کوردایەتی (ناسیۆنالیزمی کورد) پێش دۆڕانی سیاسییان لەبەرامبەر باڵی بارزانی لەساڵی ١٩٧٠دا، لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە مارکسیزم بکەنە ئاڵای بزووتنەوەی کوردایەتی و کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی کوردستانیان پێک هێنابوو، کە ڕاستەوخۆ لەدوای لاچوونی سەرقاپی خێڵەکی و عەشایەری بەسەر بزووتنەوەی چەکداری و نەتەوەیی لە ئاشبەتاڵی ١٩٧٥دا (لە ڕاستیشدا بەشێکی کاریگەریش بوون لە سەرهەڵدانەوەی) بە بزووتنەوەی چەکداری بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانی پەیوەستبوون.

بەڵام بەشێکی تر لە ڕۆشنبیران لە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆجی و ڕادیکاڵیزمێکی جەماوەریی دژی ئیستیبدادیی بەعسەوە نەک ڕاستەوخۆ لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمەوە ڕێچکەیەکی تریان گرتبۆبەر و جۆرەها کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی لەو جۆرەش سەریان هەڵدابوون، کە ڕاستە سنووربەندییان لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا لاواز بوو، بەڵام ڕاستەوخۆ لەجەرگەی بزووتنەوەی کوردایەتیدا نەبوون. واتە، وەک کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی کوردستان ناسیۆنالیست نەبوون. ئێمە وەک برووسک تێکەڵەیەک لەو دوو خەتە فکری_ سیاسییە بووین.

من و هاوڕێ عەبدوڵا ساڵح، جەختمان لەسەر مارکسیزم و عێراقیبوون و چینی کرێکاری عێراق دەکردەوە. لە کاتێکدا هەر یەکە لە مامۆستا سەعید و محەمەد سوڵتان لایەنگرییان لە کوردستانیبوون و مەسەلەی کورد دەکردەوە. بەڵام ئەوەی کە ئێمەی وەک دەزوویەکی مادی بەیەکەوە دەبەستەوە، بوونی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی جەماوەری کە بڕبڕەپشتی جووتیارەکان بوو، وە لە یەک کاتدا هەم دژی دەرەبەگەکان و هەم دژی ئیستیبدادی دەوڵەتی بوو، کە ئەو جووتیارانەی بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان ڕاگواستووە و خستوونییەتە بەردەستی ئاغا چەکدارەکان و موستەشارەکان.

بەم شێوەیە ئیستیبدادی دەوڵەتی، مەسەلەی نەتەوەیی و مەسەلەی چەوساندنەوەی چینایەتیی جووتیاران لە ناوچەکەدا تێکەڵەیەک و کۆکتێلێکی سیاسی پێک هێنابوو.

ئەم ڕێکخراوە (برووسک) لە پەیوەند بەم کۆکتێلە سیاسییەوە دەتوانرێت پێناسە بکرێت.
مەسەلەی عەمەلی و واقیعیی ئێمە ئەوە بوو، کە چۆن لەنێو ئەم بزووتنەوەیەدا و بە پشتبەستن بەم ڕادیکاڵیزمە جەماوەرییەی دژی دەرەبەگەکان و دژی ئیستیبدادی دەوڵەتی، دەتوانرێت ئازادیی جووتیاران، مافە نەتەوەیییەکان و ڕزگاریی نیشتمانی لە کوردستاندا بهێنرێتە دی و پایەکانی ئیستیبداد لە عێراقدا تێک بشکێنرێن و خەڵکی عێراق ئازادی بەدەست بهێنن. ئەمە پایەی سێهەم و دەتوانم بڵێم، جەوهەری ئەو چوارچێوە فکری و سیاسییە بوو، کە تێڕوانینی ئێمە و قسە و باس و لێکۆڵینەوەکانمانی دیاری کردبوو.
ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئێران (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ۱۹۷۹ی ئێراندا، کە چ خەسڵەتێکی سیاسیی عەمەلی، چ کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتیی سیاسی ئەو کاتانە لە شۆڕشی ئێراندا هەبوو، ئێمەش لە ڕێکخراوی برووسک، جۆرێک و تیپێکی سیاسیی ئاوەها بووین. بە جیاوازی ئەوەی، لە کورستانی عێراقدا برووسک هەم لۆکاڵی بوو و هەم ڕێکخراوێکی وەکوو یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و مەنسوور حیکمەت کە ئێمە بەلای هەرچی زیاتری چەپ و کۆمۆنیزمدا ڕاکێشێت، لەئارادا نەبوون. بەڵکوو بزووتنەوەیەکی بەهێزی ناسیۆنالیستیی خاوەن هەژموونی فکریی سیاسی و نەریتی چەکداری، ئێمەی بەرەو خۆی کێش کرد و لەنێو خۆیدا هەرسی کردین.
ئەوەی کە پێویستە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە، برووسک بە حوکمی جێگەورێگەی لەجەرگەی ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییەی پشدەر و بیتوێن و لە هەڵوێستی ساسیشیدا چەپ بوو، بەڵام وەک کۆڕ و کۆمەڵەیەک یان ڕێکخراوێکی چەپی تەواو، لە ناسیۆنالیزم سەربەخۆ نەبوو. هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێی دا، تێکەڵەیەک لە ناسیۆنالیزم و ڕادیکاڵیزمی جەماوەریی دژی ئیستیبدادیی بەعس و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی جووتیارانی پشدەر و بیتوێن بوو.
ئێمە ئەو چوار کەسە، کە دامەزرێنەرانی بووین و سەربە دوو خەتی فکریی سیاسی جیاش بووین، لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە، کە مادام یەکێتی باس لەوە دەکات و دەڵێ ڕێکخراوەی جۆراوجۆر و حیزبی جۆراوجۆر لەناو چوارچێوەی یەکێتیدا دەتوانن هەبن، بڕیارمان دا، وەک ڕێکخراوێک، یان حیزبێک لەناو چوارچێوەی یەکێتیدا و وەک بەرەیەکی پێکهاتوو لە حیزبی جۆراوجۆر پەیوەندی بە یەکێتییەوە

بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش من بە نوێنەرایەتی برووسک لە کۆتایی نۆڤەمبەری ١٩٨٠دا سەردانی ناوزەنگم کرد، کە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتی لێ بوو. لەوێ چاوم بە هەر یەک لە بەڕێزان عومەر شێخ مووس و کەمال خۆشناو کەوت. هەڵبەتە بەر لەو سەردانەی من پەیوەندییەکە بە نامە و بینینی پێشمەرگە و کادرەکانی یەکێتی هەبوو، بەتایبەت لە ئۆردووگای بەستەستێنی پشت شارۆچکەی سەنگەسەر، کە بەدوای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق_ ئێراندا ڕژێم کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی بۆ نەدەکرا. مەبەستێکی سەرەکیی ئەو پەیوەندییە ئەوە بوو، کە هێزێکی چەکدار لە پەیوەند بە یەکێتییەوە پێک بهێنین و بەمە بتوانین دەسەڵات و زوڵم و زۆری ئاغاکانی ناوچەکە تێک بشکێنین. بەم جۆرە بە وێنەی ئەلگۆکەی چین و ماوتسیتۆنگ هەم ڕزگاریی جووتیاران، هەم ڕزگاریی نیشتمانی و تێکشکاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بەیەکەوە ببەستینەوە. بەتایبەتیش کاتێک کە شەڕی عێراق_ ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا دەستی پێ کرد، دەوڵەت بەرەو لاوازی ڕۆیشت و ئاسۆی سەرکەوتنێکی لەو جۆرە بەشتێکی عەمەلی دەهاتە پێشچاوان.

ئێمە ڕەخنەی سیاسیمان لە ڕێباز و شێوازی بزووتنەوە جووتیارییەکە، کە ماڵی ئێمە یەکێک لە بنکەکانی کۆبوونەوە و بڕیاردانەکانی بوو، هەبوو. ئەو باسەی کە من لەسەر بزووتنەوەی جووتیاریی پشدەر ئامادەم کرد بوو، کە پێشتر ئاماژەم پێی داوە، باسی لەوە دەکرد، کە جووتیاران چینێک نین، بەڵکوو لەناو دەروونیدا چەند چین و توێژی جیاجیا هەن. ئەو شێواز و ڕێبازە لە سیاسەتی تا ئێستای ئەو بزووتنەوەیە، هی جووتیارە دەوڵەمەندەکانە و بە مانای سیاسی، هی بۆرژوازی لادێیە. لەو نووسراوەیەدا وەک بێتەوە خەیاڵم، هەوڵم دابوو، کە ستراتیژێکی سیاسی لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی جووتیارانی هەژارەوە دابڕێژم.

ئێمە زۆر دژی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بووین، کە دەستکردی بەعس و کارتۆنی بوو و خوازیاری ئەوە بووین، کە لە پەیوەند بە یەکێتییەوە، نەک لە پەیوەند بە حیزبی سۆسیالیست و پارتییەوە، وە بە هێزی پێشمەرگە دەسەڵاتی ئاغاکان و ئیستیبدادی بەعس کۆتایی پێ بهێنرێن. هەر بەپێی پرۆژەیەکی ئاوهاش لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا من و هاوڕێ عەبدوڵا چووینە دەرەوە و تیپی ٦٣ی جووتیارانمان درووست کرد.

بەڵام هاوڕێیان سەعید و محەمەد سوڵتان، بە حوکمی گەشەی خێرای کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی کوردستان لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن لە ئاکامی لاوازبوونی

ڕژێم لە جەنگی عێراق_ ئێراندا، هەروەها بە حوکمی ڕۆحییەتی کوردپەروەریی خۆیان کە پێشتر لە ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ لەناو پارتیدا کاریان کردبوو، بەعەمەلی ببوون بە بەشێک لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و تەواوی ئەو هاوڕێیانەش کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بەسەر دەکرانەوە، لەگەڵ خۆیاندا هەر بە ئەوانەوە پەیوەستیان کردن. وە لەڕاستیدا، بەدوای چوونەدەرەوەی من و هاوڕێ عەبدوڵا بۆ پێشمەرگایەتی، شتێک بەناوی برووسکەوە، کە بیەوێت وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ لەناو یەکێتیدا بمێنێتەوە، نەمابووەوە.

**پرسیار:** لەو دەمەدا چ کۆڕ و کۆمەڵێکی دیکەی چەپ و کۆمۆنیستی لە ئارادا بوون؟ لە چیدا لەگەڵ یەکدی ناکۆک بوون؟ تێڕوانینتان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان چۆن بوو؟

**نادر عەبدلحەمید:** ئەگەر مەبەستتان کۆڕ و کۆمەڵەکانی کۆتایی هەفتاکان تا ١٩٨٠ بێت، ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە لە یادم مابن:

١) لە ئامادەیی هەڵکەوت ساڵانی ١٩٧٦_ ١٩٧٧، لە ڕێگەی برادەرایەتیم لەگەڵ هاوڕێ خەبات عارفی شاعیر (کە ئێستا لە وڵاتی سوید لە شاری ستۆکهۆڵم ژیان بەسەر ئەبات)ەوە ئاگاداری کۆمەڵێکی سیاسی بووم، کە ناویان "الشغیلة" یان بە کوردی "کارگەران" بوو، بەڵام هەر بەناوە عەرەبییەکە (شەغیلە) دەناسرانەوە. هەرچەندە ناوە کوردییەکەی هەر وەکوو کورتکراوەی ناوی "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران" بوو، بەڵام ئەسڵ و نەسەبی ئەمانە لە حیزبی شیوعییەوە سەرچاوەی گرتبوو. هەر وەکوو هاوڕێ خەبات بۆمی باس کردووە: ئەمانە زۆربەیان لە باڵی ناسراو بە "لیژنەی مەرکەزی" و کەمێکیشیان لە باڵی "قیادەی مەرکەزی"ەوە هاتبوون. بە پێچەوانەی "یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران"ەوە، کە ئەسڵ و نەسەبی بەزۆری لە باڵی چەپی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە و بەدیاری کراویش لە کۆمەڵەی مارکسیی لینینییەوە هاتبوو.

تەوەرەی ئەسڵی باسەکانی ئەو کاتەی ئەو گرووپە، ڕەخنەگرتن بوو لەوەی کە چۆن، حیزبی شیوعیی عێراق هەموو شتێک لە حیزبی بەعس قبووڵ دەکات و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیییەکانی خۆی وەک قوتابییان، لاوان و ژنان... لەژێر فشاری هاوپەیمانێتییان هەڵوەشاندۆتەوە. چۆن برێژنێڤ (سەرۆکی ئەو کاتەی سۆڤێت) بۆتە تەحریفی و... هەروەها گەڕانەوە بۆ مێژووی حیزبی شیوعی و ئەو

فراكسیۆن و گرووپانەی، کە لێی جیا ببوونەوە. بۆ ئەوەی هێڵێکی فکریی سیاسی وەکوو دەزوویەک لە مێژووی ئەو حیزبەدا دەرکێشن و خۆیان بە درێژەپێدەری ئەو مێژووە و ڕابەرایەتیی حیزبی شیوعییش بە لادەر لەو مێژووە لەقەڵەم بدەن.

٢) لە زانکۆی بەغدا ناسیاویم لەگەڵ هاوڕێ عەبدلوەهاب سابیر ناسراو بە نەبەزی خەباتی سوور یادی بەخێر پەیدا کرد. ئەو لە کۆلێجی قانوون و سیاسەت بوو، منیش لە کۆلێجی کارگێری و ئابووری، کە هەردووکیان لە نزیکی یەک بوون. وابزانم ئە هاوڕێیە لە ساڵی ١٩٨٢دا گیرا و لەسێدارە درا. هاوڕێ نەبەز دەفتەرێکی دەستخەتی پێ دام، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، دوا ساڵی خوێندنی ١٩٨٠_١٩٨١ بوو، کە بابەتێکی شیکاری بار و دۆخی عێراقی تێدا بوو، لێی نووسرابوو، کە هی ڕێکخراوی خەباتی سوورە. ئەوەی کە ئێستا بیرم بێتەوە، ئەوە بوو، کە تا بڵێی وشکوبرینگ و ئایدیۆلۆجیگەریی نووسرابوو، کە بەداخەوە ناونیشانی نامیلکەکەشم لەبیر نەماوە.

٣) هەر لە زانکۆی بەغدا، نووسراوەی دیکەم لە ڕێگەی چەند هاوڕێیەکی کەرکووکییەوە دەست دەکەوت، کە خۆشیان هەڵگری هەمان بۆچوونی فکری و سیاسیی نووسراوەکان بوون. ئەوانە بە ترۆتسکییەت ناسرابوون و زۆر پێداگرییان لەسەر خەباتی چینی کرێکار و ناو کارخانە دەکردەوە. باس لە ڕێکخراوێک دەکرا بەنێوی "کار" و دەوترا، کە سەربە ڕێبازی "ترۆتسکی"ین. ئەمانە ڕۆژنامەیەکیان بەناوی "کار"ەوە و بە تایپ و ڕۆنیۆ چاپکراو دەرئەکرد. هەر وەکوو ئەو هاوڕێیانەم باسیان دەکرد، نزیکەی ١٠_ ١٢ ژمارەی لێ دەرچووبوو.

٤) جگە لەوانەش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکە کە هەر لە زانکۆی بەغدا یەکتریمان ناسیبوو، باس و گفتوگۆی سیاسیمان دەکرد و هەستم دەکرد، کە بۆچوون و هەڵوێستی فکری و سیاسیم لەوانەوە نزیکە. لەوانە، جەمیل ئەمین (لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١١ بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد)، نەجمەدین فاتیح ناسراو بە شەهید شێروان (لە شەڕی قازان گیانی لەدەست دا)، هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف، ئاسۆی کەریم زەند و... ئەو کاتە هەستم دەکرد، کە ئەمانە کۆڕ و کۆمەڵێکن، بەڵام هیچ ناوێکیان نەبوو. هەڵبەتە دواتر وەک ڕێکخراوی کارگەران خۆیان ناساند. پەیوەندی من لەگەڵ ئەم کۆڕ و کۆمەڵە، بەر لە ئاشکرابوونی ناوەکەی و تا کۆتایی ساڵی ١٩٨١ زۆر نزیک بوو. هەر وەکوو هاوڕێیانی ئەڵقەی ناوەندیی کارگەران

بۆیان گێرامەوە، ئەوان منیان بە ئەڵقەیەکی (واتە، هەوادارێک یان ئەندامێک) خۆیان داناوە. دواتر باس لەو پەیوەندییە دەکەم.

ئەو کاتە (١٩٧٥_١٩٨٠) کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی، فکری و ئەدەبیی ڕۆشنبیران وەکوو قارچک هەڵدەتۆقین. زۆر کۆڕ و کۆمەڵی تریش لەو کاتەدا لە ئارادا بوون، کە بێ ناو بوون و ناتوانین بە ڕێکخراو ناویان بەرین. دەشێ کۆڕ و کۆمەڵ یا ڕێکخراوی تر هەبووبن و من ئاگاداریان نەبووبم، یان لەبیرم چووبێتنەوە. من تەنها باسم لەوانە کردووە، کە ئاگاداری و زانیارییەکم لەسەریان هەبووە، یان باشتر بڵێم، ئەوانەی کە بیرم ماون.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، کە ئەو ڕێکخراوانە لە چیدا لەگەڵ یەکتری ناکۆک بوون و تێڕوانینیان بۆ "کۆڕەک" چۆن بوو؟

بەهۆی ئەوەی، کە یەکەم، لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە تا سەرەتای ساڵانی هەشتاکان قۆناغێکی شکڵگیری ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوانە بوون. دووەم، بوونی ئیستیبداد ڕێگەی لەوە گرتبوو، کە ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوانە سیما و ڕوخساری کۆمەڵایەتیی سیاسییان دەرکەون. سێهەم، بە حوکمی ئەو دوو فاکتەرەی پێشوو، خەباتی فکری و سیاسی یان کێشمەکێشی تیۆری و فکری لەنێوان ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوانەدا لە ئاستێکی زۆر نزم و لاوازدا بوون. بۆیە باسکردن لە جیاوازییەکانی نێوانیان تەنها لە چوارچێوەیەکی گشتیدا جێی باسکردنە.

ئەو ئەڵقە، کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوانەی کە لە حیزبی شیوعی جیا ببوونەوە، مەشغەڵاتی فکرییان ڕەخنەگرتن لە حیزبی شیوعی، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو و فراکسیۆنە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئەو حیزبە بوو. هێنانەوەسەرباری ئەو حیزبە یان خستنەڕووی ئەڵتەرناتیڤێک لەبەرامبەریدا بوو. ڕەخنەگرتن لە برێژنێڤ و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤێت بوو، نەک دانانی بە دەوڵەتێکی ئیمپریالی یا تەحریفی.

هەرچی ترۆتسکییەکانیش بوون، باسیان لە کارخانە، کرێکار، شۆڕشی سۆسیالیستی و ئینتەرناسیۆنال... دەکرد و کەمتر خۆیان لە قەرەی کاری سیاسیی ڕاستەوخۆی دژی دەوڵەتی و ئاکسیۆن دەدا. هەر بەو بۆنەیەشەوە جەزابیەتیان بۆ خوێندکاران و لاوانی خوێنگەرمی تینووی ئازادی و دژی ئیستیبداد زۆر کەم بوو.

سەبارەت بەو دوو ڕێکخراوە (شەغیلە، کار) و تێڕوانینیان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە یان باشتر بڵێم ڕەفزکردنەوەی کارێکی سیاسی و چەکداری بوو، کە کۆڕەک و یەکێتی پێی هەڵدەستان. لە ڕوانگەی ئەو دوو ڕێکخراوەوە، بەتایبەت لە ڕوانگەی شەغیلەوە، بزووتنەوەی چەکداریی یەکێتی و کۆڕەک بزووتنەوەیەکی ڕاسترەوانە و کۆنەپەرستانە بوو. هەرچەندە لە دواساڵەکانی ژیانی ئەو ڕێکخراوەدا ١٩٧٩_ ١٩٨٠ بەشێک لە کادرەکانی ئەو ڕێکخراوە ویستیان لە قەراخ بنکە بکەنەوە و بزووتنەوەیەکی چەکداری بەڕێ بخەن، بەڵام نەک لە هاوئاهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی چەکداریی نەتەوایەتی، بەڵکوو لە وێنەی ئەلگۆی قیادەی مەرکەزی، کە ئەمەش بووە هۆی هاتنەکایەوەی ناکۆکییەک لەناویاندا. چونکە بەشێکی تر لە کادرەکانیان ئەوەیان بە پەسەند نەدەزانی، کە بزووتنەوەی چەکداری بەڕێ بخەن.

هەر وەکوو هاوڕێ خەبات بۆی باس کردم، شەغیلە بەدوای ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانە و تەنگپێهەڵچنینی ئەو ئەندامانانەیان (کە سەربازی هەڵاتوو بوون و لە گوندەکان ژیانیان بەسەر دەبرد و هاوڕێ خەباتیش یەکێک بوو لەوانە) لە لایەن یەکێتی و کۆڕەکەوە زۆربەیان بەناچاری عێراقیان جێهێشت و چوونە دەرەوە.

بەم شێوەیە لە سەرەتای هەشتاکاندا (لەوانەیە ساڵی ١٩٨١ بووبێت) توانەوە و نەمان.

باقیی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی تر بەجۆرێک ئەو بزووتنەوە چەکدارییەیان بە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر هەڵدەسەنگاند و بەو ئاکامە عەمەلییە دەگەیشتن، کە جێی پشتیوانیلێکردنە. لەوانە، کارگەران و وابزانم خەباتی سووریش... ئەمانە ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ناسیۆنالیست نەبوون، بەڵام لەڕاستیدا لە جێگەوڕێگەی باڵی چەپی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردستاندا جێکەوتبوون.

جیاوازی و کێشمەکێشەکان لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا لە مەیدانی فکریی سیاسیدا بەدەوری "کوردستانی" یان "عێراقی"دا تەوەرەی بەستبوو. لە مەیدانی عەمەلیدا سەرەتا زۆر هەست بە جیاوازی نە دەکرا، چونکە هەر دوولا ڕادیکاڵیزمی دژی ئیستیبدادیی دەوڵەتی بوون. کۆڕەک لە ڕوانگەی تۆخی ناسیۆنالیستی و کوردستانییەوە و چەپیش لە ڕوانگەی دیموکراسییەتی شۆڕشگێڕەوە، لە مەیدانی عەمەلیی دژی ئیستیبدادیی دەوڵەت و ڕژێمی بەعسدا یەکیان دەگرتەوە.

دواتر و له ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە، جیاوازییەکان زیاتر لەو شکڵەدا فۆرمووله بوون، که ئەو ڕێکخراوە چەپانە هاوشانی خەباتی چەکداری، پێیان لەسەر ئازادی، دیموکراسی، پشتبەستن بە جەماوەر و خۆپێشاندانی شارەکان دادەگرتەوە. له لادێکانیشدا باسیان له ڕێزگرتنی جووتیاران دەکرد، به پێچەوانەی پێشمەرگه و هێزەکانی یەکێتی و کۆڕەک که گوندنشینان و جووتیارانیان وا لێ کردبوو، له ترساندا خزمەتیان بکەن. واته، جگه له فشاری ئابووری، بێڕێزیش دەرهەقیان دەکرا.

ئیدی تەنگپێهەڵچنین و سەرکوتی فکری و سیاسیی کۆڕەک بۆ هەر لایەنێکی "عێراقچی" تا ڕادەی هەڕەشەی مەرگ و تێرۆر پەرەی سەند. ئەمەش بووە هۆی پاککردنەوەی بزووتنەوەی چەکداریی ناسیۆنالیزمی کورد له باڵێکی دیموکراسیی شۆڕشگێڕ. دوای ئەوەی کۆڕەک ڕۆڵی خۆی له خزمەت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیدا بە کردنەدەرەوەی ئەو باڵە دیموکراسییە شۆڕشگێڕە بینی، لەنێویدا خۆی تواندەوە.

**پرسیار:** تۆ یەکێک بووی، له دامەزرێنەرانی تیپی ٦٣ی جووتیاران. له کاتێکدا ئێوە سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان نەبوون، لەسەر چ بنەما و لێکدانەوەیەک بوونە پێشمەرگەی ئەو حیزبە؟

**نادر عەبدلحەمید:** وابزانم، له دووتوێی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا، وەڵامی ئەو پرسیارەش، که لەسەر چ بنەمایەکی فکری و سیاسی، لەسەر بنەمای چ جۆرە لێکدانەوەیەک ئێمە بووین به پێشمەرگه ڕۆشن بۆتەوە. له ڕاستیدا ئێمە بەرلەوەی وەک بڕیاری تاکه کەسی خۆمان و وەک کەسێک یان ڕۆشنبیرێکی دژی ئیستیبداد بۆ خەباتکردن دەست بۆ چەک ببات، جێگەوڕێگەیەک که ئێمە لەناوجەرگەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی جووتیاریی دژی دەرەبەگی له ناوچەکەدا هەمان بوو، ئێمەی بەو ئاکامە گەیاند. چونکه ئەبووایە بۆ چوونەپێشەوەی ئەو بزووتنەوەیە بازووی چەکدارمان هەبایە. بەتایبەتی بەشێک له ئاغاکانی پشدەر و بیتوێن لەلای ڕژێمی بەعس سەرۆکجاش و موستەشار بوون و هێندێکیشیان هێزی پێشمەرگەیان لەناو یەکێتیدا هەبوو و دۆستایەتییان لەگەڵ مام جەلالدا بۆ ساڵی ١٩٦٦ دەگەڕایەوە، که ئەو کاتانەش هاوشانی جەلالییەکان لەلای ڕژێمی عێراقی چەکدار بوون.

شایانی باسە ئاغاکانی پشدەر و بیتوێن وەک دابەشکردنی کار، جگە لەوەی کە چەکداری ڕژێم بوون، لەدەرەوەش چەند تیپێکی وەکوو، تیپی قادر ئاغا، تیپی شێخ سەدرەدین و تیپی سوار ئاغایان هەبوو. وە لە هەموو لایەکەوە، هەم لە لای ڕژێمی بەعسەوە و هەم لە لای یەکێتییەوە جووتیارانیان لە مەنگەنە دابوو. بۆیە جووتیاران لە ڕێگەی حیزبی سۆسیالیستی ئەو کاتەوە ویستیان ئەو هاوسەنگییە بگۆڕن. بەڵام بە حوکمی دەستباڵایی چەکدارانەی یەکێتی لە ناوچەکەدا و شەڕ و پێکدادانی نێوان حیزبەکان، کە یەکێتی حیزبە بچووکەکانی سەرکوت کردبوو، لە ڕێگەی حیزبی سۆسیالیستەوە نەتوانرا ئەو هاوسەنگییە لەبەرژەوەندیی جووتیاران بگۆڕدرێت. ئێمە لەناو یەکێتیدا و بە دامەزراندنی تیپی ٦٣ی جووتیارانی پشدەر، توانیمان ئەو هاوسەنگییە تا ڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندیی جووتیاران بگۆڕین.
شایانی باسە، سەرەتا ئەو هێزەمان بەناوی هەرێمی جووتیارانی پشدەرەوە دامەزراند، بەڵام دوای ئەوەی مەکتەبی عەسکەریی یەکێتی ناوی هەموو هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ تیپ گۆڕی و ژمارەی بۆ دانان، ناوی هەرێمی جووتیارانی پشدەریش بوو بە تیپی ٦٣ی جووتیاران.

**پرسیار:** نزیکایەتی فکرییتان لەگەڵ کارگەران چۆن بوو؟ چساڵێک پەیوەندیت پێوەیان کرد؟ ئایا وەک فەرد، یان وەک ئەڵقەیەک پەیوندیت پێوەیان کرد؟
**نادر عەبدلحەمید:** ساڵانی کۆتایی هەفتاکان و یەک_ دوو ساڵی سەرەتای هەشتاکان، لە زانکۆی بەغدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەک یەکتریمان ناسیبوو و باس و گفتوگۆی سیاسیمان دەکرد و هەستم دەکرد، کە بۆچوون و هەڵوێستی فکری و سیاسیم لەوانەوە نزیکە. لەوانە، یادی بەخێر نەجمەدین فاتیح ناسراو بە شەهید شێروان، کە خەڵکی گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکووک بوو و لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکووک و لەپاش شەڕێکی قارەمانانە لە گوندی قازان کوژرا. پەیوەندیی من بە پلەی یەکەم لەگەڵ هاوڕێ نەجمەدین و پاشان لەگەڵ هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفدا بوو، کە لە هاتوچۆ و گەڕانەوە لە زانکۆی بەغداوە بۆ قەڵادزێ یان لە قەڵادزێوە بۆ بەغدا سەرم لە ماڵیان ئەدا و شەو لایان دەمامەوە. هەروەها لەگەڵ هاوڕێ ئاسۆی کەریم زەندیش کە یەکتریمان لە بەغدا ناسیبوو، سەردانی یەکتریمان لە بەشی ناوخۆیی خوێندکاران دەکرد. ئەو بەهۆی ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵا خزمایەتی هەبوو، سەردانی قەڵادزێی دەکرد

و لەوێش یەکتریمان دەبینی. هەر لەو ماوەیەشدا دکتۆر عوسمان پێنجوێنی (دکتۆر لە خەستەخانەی قەلادزێ)م ناسی، کە ئەویش لە ئەڵقەکانی کارگەران و کادرێکی لەپێش بوو، بەلام لە ئەڵقەی ناوەندیدا نەبوو. لە قەلادزێ کۆڕی باس و لێکۆڵینەوەی شەوانەمان لە ماڵی ئەو یان هاوڕێ عەبدوڵا ساز دەدا. جگە لەوەش هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف سەردانی منی لە قەلادزێ دەکرد و بە مانایەک وەک ئەڵقەیەک بەسەری دەکردمەوە. بەلام ئەوەم باش لە خەیاڵ نییە و دڵنیا نیم، کە ئایا عوسمانی حاجی مارفیش کاتێک کە بۆ سەردانی ئێمە بۆ قەلادزێ ئەهات، لەو شەوکۆڕانەی ماڵی دکتۆر عوسمان پێنجوێنی بەشداری ئەکرد، یان نا.

بەهۆی چوونەدەرەوەی هاوڕێ نەجمەدین بۆ پێشمەرگایەتی (کە ئەو ساڵێک لەپێش من خوێندنی تەواو کرد) و هەروەها چوونەدەرەوەی هاوڕێ "ئاسۆ"ش، پەیوەندیی من زیاتر لەگەڵ هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفدا مایەوە. لە ماڵی هاوڕێ عوسمانیش کە لە گەڕەکی مامۆستایان بوو، ناسیاوی و ئاشنایەتیم لەگەڵ چەند هاوڕێیەک پەیدا کرد، لەوانە، هاوڕێ جەبار مستەفا (ناسراو بە هاوڕێ جەلال محەمەد، کە ئێستا لە ئوسترالیایە و ئەو دەمە ماڵیان لە نزیک ماڵی عوسمان بوو) و هاوڕێ بەختیار مستەفا (کە لە ستۆکهۆڵم دادەنیشێت)، کە دواتر زانیم، ئەوان لە ئەڵقەی ناوەندیی کارگەران بوون.

هەر وەکوو باسم کرد، سەرەتا لە ڕێگەی پەیوەندیی هاوڕێیەتییەوە کەوتبوومە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کارگەرانەوە. ئەو کاتە هەستم دەکرد، کە ئەمانە ڕێکخراون، بەلام وەک وتم، ئەو کاتە هیچ ناوێکی ڕێکخراوەیی وەک کارگەران لەئارادا نەبوو.

بەر لە چوونەدەرەوەم بۆ پێشمەرگایەتی، پەیوەندییەکەم بەم کۆڕ و کۆمەڵەیەوە نیمچە ڕەسمییەتێکی وەرگرتبوو، هەر وەک هاوڕێ ئاسۆی کەریم زەند (کە ئەو کاتە لە ئەڵقەی ناوەندیی کارگەران بوو) بۆی باس کردم، ئەو کاتە منیان بە لایەنگر، یان ئەندامێکی خۆیان، وە یان بە دەستەواژەی ئەو کاتە منیان بە ئەڵقەیەکی خۆیان داناوە. هەروەها بەوەشدا دەزانم، کە ئەمە وایە، کاتێک کە نیازی ئەوەم هەبوو، بۆ پێشمەرگایەتی (وابزانم لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١دا بوو) بچمە دەرەوە، لەگەڵ هاوڕێ عوسماندا باسم کرد، ئەویش دوای ماوەیەک کە یەکتریمان بینییەوە، وتی: برادەران بەباشی نازانن، بۆ پێشمەرگایەتی بچیت، چونکە هەر ئێستا چەند لە هاوڕێیان لە شاخ پێشمەرگەن و ئەزموونێکی باشیان لەگەڵ ئەو بزووتنەوە چەکدارییەدا نییە و کۆڕەک تەنگی پێ هەڵچنیون و ئامۆژگاری ئەوەیان کردووە، کە با کەسی تر بۆ

پێشمەرگایەتی نەیاتە دەرەوە. هەر ئەو کاتە هەستم کرد، بەوەی باس لە بۆچوونی برادەران سەبارەت بە من دەکات، مانای وایە، پلەیەک لە نزیکایەتی بۆ من بە کۆڕ و کۆمەڵ (کارگەران)ەکەی خۆیانەوە لەبەرچاو گیراوە.
ئەو کاتە واتە، ساڵی ١٩٨٠_١٩٨١ هاوڕێ بەختیار مستەفا کە لە ئەڵقەی ناوەندیی کارگەران بوو، پێشمەرگە بوو. هەر وەکوو خۆی بۆی گێڕامەوە، سەرکردایەتیی کۆڕەک بانگیان کردبوو، پێیان وتبوو، کە دەبێ لێرە بمێنێتەوە (واتە، ویستبوویان بە جۆرێک دەستبەسەری بکەن). وتبوویان، کۆڕەک ئەزموونێکی خراپی لەگەڵ برادەرانی قیادەی مەرکەزیدا هەیە. کاتێک کە ئەوان بۆ ناوچەی قەراخ هاتوون، تاوەکوو بنکەی چەکداری دابمەزرێنن، کۆمەڵە یارمەتی داون، بەڵام ئەوان ئەندامانی کۆمەڵەیان هەڵگەڕاندۆتەوە و کردوویانن بە ئەندامی خۆیان. بۆیە نایانەوێت، لەگەڵ ئەوانیشدا هەمان ئەزموون دووبارە بکەنەوە. بەختیاریش دەڵێ من هاتووم، خزمەت بەم بزووتنەوە و شۆڕشە بکەم و ئەفکار و بۆچوونی خۆشم هەیە، کە لە هی ئێوە جیاوازە و حەز دەکەم ئەو شوێنەی کە خۆم پێم خۆشە، لەوێ پێشمەرگە بم. ئەوان ئەوەی لێ قبووڵ ناکەن. ئەویش واز لە پێشمەرگایەتی دەهێنێت و دادەنیشێت.
ئەمە ئەو شتە بوو، کە هاوڕێ عوسمان دەیوت، یەکێتی تەنگمان پێ هەڵدەچنێت و هاوڕێیان ئامۆژگارییان کردووین، کە کەسی تر بۆ پێشمەرگایەتی نەیاتە دەرەوە.
هەڵبەتە بەپێی لێکدانەوەی فکری و سیاسیی ئەو کاتەی کارگەران، بزووتنەوەی بەرگریی چەکداریی یەکێتی بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دژی دەسەڵات و نیشتمانپەروەر لە قەڵەم دەدرا و پشتیوانی لێ دەکرا. ئەمەش هۆکاری چوونەدەرەوەی هاوڕێیان وەکوو تاکە کەس بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی بوو. ئەو کاتەی کە هاوڕێ عوسمان ئەوەی بە من وت، دیار بوو (لانیکەم لای هەندێ هاوڕێ)، لە پەیوەند بەو بزووتنەوەیەوە سەرەتای بەخۆداچوونەوە بوو. بەڵام هێشتا ئەو بنەما فکرییانەی، کە ئەمە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە و پێویستی بە پشتیوانی لێکردنە، هەر لە شوێنی خۆیدا مابووەوە.
بەدوای وازهێنان لە پێشمەرگایەتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا، ماوەی چەند مانگێک من و هاوڕێ سالاری حەمەدەمین شاڵقیتی قەڵادزێ، هاوڕێ قاسمی دووزخورماتوو، هاوڕێ ئاریان قادر و هاوڕێ سادق عەزیزیش بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، لە گوندی بێژوێی کوردستانی ئێران لە نزیک بنکەکانی کۆمەڵەی ئێران ماینەوە و خەریکی لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن بووین. لەو ماوەیەدا چەند جارێک لە

لایەن هاوڕێیانی کارگەرانەوە بەسەر کراینەوە. لەوانە، هاوڕێ سەلاح فەتحوڵا پێنجوێنی (کە ئێستا لە فینلاندە) و خۆی بیری خستمەوە، کە نامەیەکی بۆ هێنابووین. هەروەها هاوڕێ سالار هاتوچۆی گوندی گاپیلۆنی دەکرد، کە ئەو کاتە دکتۆر هۆشیار وەک سەربازی فیرار لەوێ بوو و ماڵەکەی بنکەیەکی کارگەران و ئەڵقەی پەیوەندی بە شاری سلێمانییەوە بوو. بەرنامەی سیاسیشم ئەوە بوو، بۆ درێژەدان بە خەبات بۆ ناوشار بگەڕێمەوە. بەم شێوەیە پەیوەندییەکەم لەدوای دانیشتن لە پێشمەرگایەتی ڕەسمییەتی وەرگرتبوو.

ناتوانم بەروارێکی دیاریکراو بۆ بەئەندامبوونی خۆم لەنێو کارگەراندا بدۆزمەوە، چونکە لە کۆتایی هەفتاکانەوە بەعەمەلی لەناو کۆڕ و کۆمەڵ و ئەڵقەکانی کارگەراندا بووم، بەڵام نەک وەک دامەزرێنەر یان کادری ڕابەری، بەڵکوو وەکوو لەسەرەوەش ئاماژەم پێی کرد، بە دەربڕینی ئەو دەمە، ئەڵقەیەکی کارگەران بووم. دەستەواژەی ئەڵقەش لەو سەردەمەدا هەم مانای هەوادار و هەم بەجۆرێکیش مانای ئەندامی دەگرتەوە. بەڵام تا ئەو جێیەی کە بە هەستی شەخسی خۆمەوە پەیوەستە، من لەدوای دانیشتن لە پێشمەرگایەتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢، ئەو هەستەم لابووە، کە سەربە ڕێکخراوی کارگەرانم. بەر لەو کاتە ئیحساسی سەر بە برووسک و تیپی ٦٣ی جووتیاران لە ناخمدا تۆختر و سەرەکی تر بوو، گەرچی بەعەمەلیش لەناو ئەڵقە سەرەتاییەکانی کارگەراندا بووم.

ئەو ڕێکخراوە (برووسک)ی کە لە پشدەر و بیتوێن هەمان بوو، زۆربەی هەرەزۆری لەناو یەکێتیدا هەرس بوو. من بە شێوەیەی فەردی چوومە ناو کارگەرانەوە، بەڵام دواتر پاشماوەی ئەو کۆڕ و کۆمەڵە و هەوادارانی برووسک لە ناوچەی پشدەر لە ڕێگەی من، هاوڕێ عەبدوڵا و ئاسۆوە بەدەوری کارگەران و دواتریش ڕەوتی کۆمۆنیستدا کۆبوونەوە. بەدڵنیاییشەوە ئەگەر برووسک بمابایە، لانیکەم بەشێکی لەگەڵ ئێمەدا بە کارگەرانەوە پەیوەست دەبوو.

سەبارەت بە نزیکایەتیی فکری و سیاسیی ئێمە، من و هاوڕێ عەبدوڵا (نەک ڕێکخراوی برووسک) لە کارگەرانەوە نزیک بووین. جگە لەوەی کە لە بۆچوونە گشتییەکانی کۆمۆنیزم و لەقەڵەمدانی سۆڤێت بە ئیمپریالیست و ڕیڤیژینیست (تەحریفییەتی موعاسیر) هاوڕا بووین، هەروەها لە هەڵسەنگاندن بۆ ڕژێمی بەعس وەک ڕژێمێکی فاشی و ڕۆڵی یەکێتییش وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کە پێویست بە پشتیوانیلێکردن و هاوکاریکردنە هاوڕا بووین.

دواتریش هەوڵ و تەقەلای هەر دوولا، چ کارگەران و چ ئێمەش لە برووسک بۆ هێزگرتنی خۆمان و بەهێزکردنی بەرەی چەپ لەناو بزووتنەوەی بەرگریی چەکدارانەی کوردستان لەژێر ڕابەرایەتیی یەکێتی و کۆڕەکدا بە عەمەلی بە بنبەست گەییشت و دەبوو بیر لە چارەنووس و ئایندەی سیاسیی خۆمان بکەینەوە. بەم شێوەیە مێژووییەکی واقیعیی سیاسی بە عەمەلی بەرلەوەی بە نەزەری بێت، ئێمەی خستە ناو چوارچێوەی "کارگەران"ەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئێمە لە پشدەر و بیتوێن لەناو چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی واقیعیی (هەرچەندە لۆکاڵی) کۆمەڵایەتیی سیاسیی ناوچەکە، نەک وەک کۆڕ و کۆمەڵی مەحفەلیی ڕۆشنبیرانەی دابڕاو لە کۆمەڵگە هەڵدەسووڕاین و چالاکی سیاسیمان دەکرد. ئەوە تایبەتمەندییەکی جەوهەریی برووسک بوو، کە ڕێکخراوە چەپەکانی تر لێی بەهرەمەند نەبوون. هەرچی کارگەران بوو، مەیلی بۆ چالاکی عەمەلی، ئاکسیۆنکردن و هاتنەمەیدانی تێدا بەهێز بوو، ئەوانەش خاڵگەلێک بوون، بەلای من و هاوڕێ عەبدوڵا ساڵحەوە سەرنجڕاکێش بوون. هەر ئەو کاتە لە شاری پێنجوێن (وابزانم ساڵی ١٩٨٠ بوو) خۆپیشاندانێک کرا، کە ئەڵقەکانی کارگەران دەستپێشکەرییان تێدا کرد و بە جۆرێک ڕۆڵی ڕابەرییان تیدا بینی. هەروەها بەیاننامەیەکیشیان لە دژی ڕژێمی بەعس و بۆ لایەنگریی لە ڕاپەڕینی جەماوەری و خۆپیشاندان دەرکرد.

**پرسیار:** پەیوەندیی کارگەران لەگەڵ ئێوە وەکوو ڕێکخراوی برووسک و تیپی ٦٣ی جووتیاران چۆن بوو؟

**نادر عەبدلحەمید:** وەک مەسەلەیەکی مێژوویی ئەم پەیوەندییە زۆر گرنگە باسی لێوە بکەم، هەم بۆ ڕۆشنبوونەوەی لایەنێک لە مێژووی کارگەران و هەم لە دووتوێی ئەو پەیوەندییەشدا زۆرێک لە پەیوەندیی من و هاوڕێ عەبدوڵا بە کارگەرانەوە ڕوون دەبێتەوە.

هیچ کاتێک کارگەران بە شێوەیەکی ڕەسمی و عەلەنی پەیوەندی بە برووسک و تیپی ٦٣ی جووتیارانەوە نەبووە. ئەو پەیوەندییەی کە هەبوو، پەیوەندییەکی عەمەلیی خەباتکارانە بوو. لەناو کارگەراندا هاوڕێ ئاسۆی کەریم زەند بە پلەی یەکەم ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان کارگەران و برووسک و تیپی ٦٣ی جووتیاران بوو. هەروەها من و هاوڕێ عەبدوڵاش ئەڵقەی پەیوەندیی برووسک و تیپی جووتیاران

به کارگەرانەوە بووین. بەڵام هەر وەکوو ئاماژەم پێی دا، پەیوەندییەکی ڕەسمی نەبوو، بەڵکوو لە دووتوێی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیانەدا بە شێوەیەکی عەمەلی هاتبووە ئاراوە. هەرچی ئاسۆی کەریم زەند بوو، کە لە ئەڵقەی ناوەندیی کارگەران و کادرێکی هەڵسووڕاو و چوست و چالاک بوو، ئاگاداری ڕێکخراوی برووسک بوو. دەیزانی کە ئێمە لە قەڵادزێ ڕێکخراوێکمان بەو ناوەوە هەیە، بەڵام لەوە دڵنیا نیم، کە هاوڕێ عوسمان ئاگاداری برووسک بووە یان نا.
لە یەکێک لە سەردانەکانی ئاسۆ بۆ قەڵادزێ (لەوانەیە هاوینی ساڵی ١٩٨٠ بووبێت) بڕیارمان دا، کە بەهاوبەشی چالاکییەک ئەنجام بدەین، ئەویش لەسەردیوارنووسین بوو، بەناوی کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی قەڵادزێ، کە هاوڕێ ئازاد حوسێنی مام غەفوور (ئێستا لە کەنەدایە) کە برووسک بوو، لەگەڵ ئاسۆ پێی هەڵسان. ئەوە بە یەکەمین کاری هاوبەشی کارگەران و برووسک دادەنرێت. ئەو کارە هاوبەشەی ئاسۆ لەگەڵ برووسک، کە دەستپێشکەرییەکی خۆی بوو، مەرج نییە، ئەندامانی تری ئەڵقەی ناوەندیی کارگەران لێی ئاگادار بووبن.
ئاسۆ و ئازاد بەر لە من و هاوڕێ عەبدوڵا چووبوونە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و ئاگاداری بەرنامەی ئێمە و برووسک بوون، کە لە هەوڵی ئەوەداین، هێزێکی چەکدار بۆ بزووتنەوەی جووتیاریی پشدەر و بیتوێن لەناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا پێک بهێنین.
هاوڕێ ئاسۆ وەکوو خۆی دەیگێڕێتەوە، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ مام جەلال و مولازم عومەر کە ئەو کات بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بوو، باسی ئەوەی کردبوو، کە لە ناوچەی پشدەر دەتوانن هێزێکی پێشمەرگە درووست بکەن و کوڕەکەی مەلا دەڵگەیی (کە مەبەستی من بوو) برادەرێتی و دێتە دەرەوە. هەروەها دەتوانن، لە ناوچەی بادینانیش لە ڕێگەی هاوڕێ عادیل یەزیدییەوە هێزی پێشمەرگە بکەنەوە. ئەو دوو ناوچەیە یەکێتی تیایدا لاواز بوو و دەیویست هەرچۆنێک بێ، لەو ناوچانەدا هێز و نفووزی خۆی پەرەپێ بدات. هەڵبەتە مام جەلال ڕاستەوخۆش لە پەیوەندیی برووسک بە یەکێتی و نەخشە و پلانی ئێمە بۆ کردنەوەی تیپێکی چەکداری جووتیاران ئاگادار بوو. بەڵام وەک هاوڕێ ئاسۆ دەیگێڕێتەوە، مام جەلال زۆر خۆشحاڵی دەربڕیوە، کە بتوانرێت، لەو دوو ناوچەیە کە یەکێتی تیایدا لاوازە، هێزی چەکدار پێک بهێنرێت، بەتایبەتی ئەگەر بۆ بار و دۆخی شەڕی ناوخۆی حیزبەکان بگەڕێینەوە، ئەوسا بایەخی ئەو کارە تێدەگەین.

هەر وەکوو چۆن هاوڕێ بەختیار مستەفایان بۆ سەرکردایەتی بانگ کردبوو و ویستبوویان بەجۆرێک دەستبەسەری بکەن، بەڵام ئەو دوای ئەو بەرخوردە وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بە هەمان شێوەش بەرپرسانی کۆڕەک بانگی ئاسۆیان کردبوو و بەجۆرێک دەستبەسەریان کردبوو، بەڵام دوایی توانیبووی خۆی دەرباز بکات و لە گوندێک هەر لەو ناوە خۆی حەشار بدات.
من و هاوڕێ عەبدوڵا کە بۆ دامەزراندنی تیپی ٦٣ی جووتیاران (زستان یا سەرەتای ساڵی ١٩٨٢) چووین، داوامان لە مام جەلال کرد، کە ئاسۆی کەریم زەند هەم برادەر و هەم خزمی خۆمانە و لەلای خۆمان وەک پێشمەرگە وەری دەگرین و نابێت بخرێتە ژێر فشار و ڕاوەدوو بنرێت. ئەویش داواکەی ئێمەی پەسەند کرد و بەم شێوەیە ئاسۆ بەڕەسمی لە لای ئێمە لە تیپی ٦٣ی جووتیاران بوو بە پێشمەرگە.
پاشان دکتۆر عوسمان پێنجوێنی کە بەهۆی نەچوونی بۆ سەربازی لە سەردەمی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، بۆ پێشمەرگایەتی هاتە دەرەوە. ئێمەش نەخۆشخانەیەکمان بۆی کردەوە، کە بەهۆی پەیوەندیی توندوتۆڵی هەرێمەکە بە دانیشتووانی قەڵادزێ و پشدەرەوە داوودەرمانێکی زۆرمان بۆ دەهات و خەستەخانەکەی تیپی جووتیاران بەجۆرێک ناوبانگی دەرکردبوو، کە دانیشتووانی لادێکانی سەرسنووری کوردستانی ئێرانیش نەخۆشیان بۆ خەستەخانەکەی ئێمە دەهێنا.
جگە لە ئاسۆ و دکتۆر عوسمان چەند هاوڕێیەکی تر لەوانە، سەرداری حەمەدەمین شاڵقیتی قەڵادزێ (یادی بەخێر، لە دوای لەبەریەکترازانەکانی کارگەران بەرەو هەندەران ملی نا و لە پاکستان گیانی لەدەستدا)، هاوڕێ ئەڵوەند خانەقینی (ناوە ئەسڵییەکەی حەسەن مامە موراد بوو، یادی بەخێر، لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٤ لەگەرمەی قەیرانی ناو کارگەران لە هەولێر لەگەڵ هاوڕێ تۆفیق نەعیم مەهدی، کە خەڵکی بەغدا بوو، گیران و لەسێدارە دران) و سادق عەزیز بۆ پێشمەرگایەتی هاتبوون و کارگەران ڕێنوێنی کردبوون، کە بچن، لە تیپی جووتیاران ببنە پێشمەرگە.
وەک هاوڕێ سادق عەزیز باسی دەکات، ئەو کاتە لە تیپی ٦٣ی جووتیاران کۆمیتەیەکی کارگەران بەناوی سیاسیی هاوڕێ نەجمەدین فاتیح (کۆمیتەی شەهید شێروان)ەوە و لە ناوچەی سەرکردایەتیش کۆمیتەیەکی تر بەناوی "شەهید

سادق"ەوە هەبووە. ئەمە جگە لە کۆمەڵێک هەواداری وەکوو، هاوڕێ قاسم (خەڵکی دووزخورماتوو بوو) کە لە ئامادەیی هەڵکەوتی سلێمانی و زانکۆی بەغدا پێکەوە بووین و لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی من بوو، ئاریانی مام قادر کە خزمی هاوڕێ عەبدوڵا ساڵح بوو، مامۆستا عومەر (برا گەورەی ئازاد ئەحمەد لە حککع). ئەمانە لەباری فکری و سیاسییەوە لە ئێمە نزیک بوون.

هەر لەو کاتەدا هاوڕێیانی تری کارگەران وەکوو، موئەیەد ئەحمەد و بەختیار مستەفا (کە بەختیاریان هەر وەکوو لەسەرەوە ئاماژەم پێی دا، کۆڕەک ناچاری کردبوو، کە واز لە پێشمەرگایەتی بهێنێت و زۆریش پێی حەساس بوو، وە بۆخۆشی کەسێکی زۆر ناسراو بوو) سەردانی بنکەکانی تیپی ٦٣ی جووتیارانیان دەکرد و ئێمەیان بەسەر دەکردەوە.

بەم شێوەیە تیپی ٦٣ی جووتیاران بۆ گردبوونەوەی ئەڵقەکانی کارگەران وەک مەڵبەندێکی لێهاتبوو. ئەمەش بۆخۆی لە لایەن سەرکردایەتیی یەکێتی و بەتایبەت کۆمەڵەوە نیشانەی پرسیاری لەسەر درووست کردبووین و بە جۆرێکیش ئاستەنگیان بۆ درووست دەکردین و لەوە دەترسان کە بەو هێزە چەکدارەوە لە یەکێتی جیا ببینەوە. هەر بۆیە کەسی وایان بەناوی کادری سیاسییەوە بۆ تیپەکە دەنارد، کە لەڕاستیدا ڕۆڵی چاوەدێریکردن (جاسووسیکردن) و ڕاپۆرتنووسین لەسەر جموجووڵی ئێمە بوو. مام جەلال چەند جارێک ئێمەی بۆ لێپرسینەوە بانگ کرد، کە یەکێک لەو جارانە جگە لە من و مامۆستا عەبدوڵا، ئاسۆ و دکتۆر عوسمان و ئازاد حوسێنی مام غەفووریش ئامادە بوون. وەک نموونە، لەو کاتەدا کە ئێمە بۆ سەرکردایەتی بەڕێ کەوتبووین، هاوڕێ سادق عەزیز کە لەوێ ناوی خەسرەو بوو، بۆ پێشمەرگایەتی هاتبوو و هێشتا ئێمە یەکتریمان نەبینیبوو، مام جەلال لەسەر خەسرەو ناوێک لێپرسینەوەی لەگەڵماندا کرد و وتی: ئەمە کێیە، هاتۆتە ئەوێ و کوڕێکی عەرەبیشی لەگەڵ خۆیدا بۆ تیپی ٦٣ی جووتیاران هێناوە؟ دیار بوو، کە ڕاپۆرتی هەواڵنووسین لەسەر ئێمە بەر لە خۆمان بە سەرکردایەتی گەییشتبوو.

هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێی دا، کارگەران لەناو شارەکانیش بە لایەنگران و ئەندامانی خۆی وتبوو، کە هەر کەسێک لە عەسکەری فیراری کرد، با بۆ تیپی ٦٣ی جووتیاران بچێت. بەم جۆرە ژمارەیەک لە هەواداران و ئەندامانی کارگەران لە تیپەکە بوون بە پێشمەرگە و تیپەکە بەعەمەلی بوو بە مەڵبەندێک بۆ کۆبوونەوەی

ئەندامان و هەوادارانی کارگەران و ببوو بە ئەڵقەیەکی پەیوەندیی نێوان ئێمە و تیپی جووتیاران و کارگەران. ئەو دەنگوباسە بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی و کۆڕەک هاتبووەوە، کە چۆن لەناو شارەکاندا "عێراقچییەکان" ئامۆژگاری سەربازە فیرارەکان دەکەن، بچن بۆ تیپی جووتیاران ببن بە پێشمەرگە و هەروەها وەک ئاماژەشم پێی دا، جگە لە چەند هاوڕێیەکی کارگەران لە تیپەکە و ناسراوی من و هاوڕێ عەبدوڵاش بە "عێراقچی" ئەمانە خۆی ترس و گومانی خستبووە دڵی سەرکردایەتیی یەکێتی و کۆڕەک، کە لەوانەیە ئەم هێزە لە یەکێتی جیا ببێتەوە و ببێتە هێزێکی سەربەخۆ. بۆیە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٢دا مام جەلال ئێمەی بۆ سەرکرادایەتی بۆ لێپرسینەوە بانگ کرد. بەر لەوەی ئێمە بچین بۆ سەرکردایەتی، بۆ یادی ١٩٧٤/٤/٢٤ کە هەشتەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی شاری قەڵادزێ بوو، بەیاننامەیەکمان ئامادە کردبوو، کە بەدەنگی ئاسۆی کەریم زەند لەسەر کاسێت تۆمار کرابوو و مەفرەزەیەک پێشمەرگەمان ئامادە کردبوو، کە هەم بەیاننامەکە و هەم کاسێتەکە بۆ قەڵادزێ بەرێت و کاسێتەکە لە مزگەوتی کارەبا، کە لەو سەردەمەدا ناوەڕاستی شار بوو، شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ لەدوای بانگی شێوان بخرێتە سەر میکرۆفۆن. شایەنی باسە، کارگەران هەمان ئەم تەکنیکەی لە چەند مزگەوتێکی شاری سلێمانی لەدوای خۆپێشاندانێکی خوێندکاران لە سلێمانی، کە دوای خۆپێشاندانە جەماوەرییەکەی قەڵادزێ ڕووی دا، بەکار هێنا.
ئێمە لە بەرواری ١٩٨٢/٤/٢٤ لە ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ بۆ لێپرسینەوە چاوەڕێی دانیشتنمان لەگەڵ مام جەلال دەکرد، دەنگوباس لە ڕێگەی کاروانچییەکانەوە هات، کە دوێنێ شەو پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ی جووتیاران قەڵادزێیان گرتووە و لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە وتاریان خوێندۆتەوە و بۆ بەیانیش خۆپێشاندان بووە و دوو کەس (دایکە ئامینە و مامۆستا سەرگوڵ)یش شەهید بوون. کاتێک ئێمە چووینە لای مام جەلال وتی، وەختی لێپرسینەوە و باسکردنی هیچ شتێک نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە چۆن ئەو خەباتە پەرەپێ بدرێت.
دوای دانیشتن لەگەڵ مام جەلال چووین بۆ بارەگای ڕادیۆ، تاوەکوو وتار لەسەر خۆپێشاندانی جەماوەریی شاری قەڵادزێ و شارەکانی تریش، کە خۆپێشاندانیان تێدا بەرپابوو، بنووسین. بیرمە، ئەو کات ئەرسەلان بایز بەرپرسی ڕادیۆ بوو، نووسینەکانی ئێمەی سانسۆر دەکرد و خەتی سووری بەو شوێنانەدا دەهێنا، کە بەلای ئەوەوە لەگەڵ کورد و کوردستاندا نەدەهاتنەوە و بۆنی "عێراقچێتی"یان لێ

دەهات و لەگەڵ خوێندنەوەیدا لای دەبردن. ئێمەش بە مام جەلالمان وت. ئەویش تەلەفۆنی بۆ ئەرسەلان کرد و وتی، هەر شتێک دەنووسن، دەبێ بەبێ سانسۆر بۆیان بڵاو بکەنەوە. ئیتر لە دوای ئەوەوە، هەر شتێکمان دەنووسی، وەک خۆی بڵاو دەکرایەوە. دوای ئەوە مامۆستا عەبدوڵا بۆ تیپی جووتیاران گەڕایەوە و منیش بە هاوئاهەنگی مولازم عومەر لە مەکتەبی عەسکەری، بووم بە فەرماندەی هێزێکی پێکهاتوو لە پێشمەرگەکانی گەرمیان، بۆ ئەنجامدانی چالاکی، بەشەو خۆمان بەناو شاری قەڵادزێدا کرد.

شایانی باسە، لێرەدا ئەگەر وەک پەڕاوێزیش بێت، ئاماژە بەوە بکەم، کە شەخسی مام جەلال لەو کاتەدا، کەسێکی ناسیۆنالیستیی لیبراڵ و ئاقڵ بوو، دەیزانی، کە دەبێت، چۆن لەگەڵ موخالیفانی فکری و سیاسیی خۆیدا و لە سنوورێکی دیاریکراودا کار بکات. بەڵام هەرچی کۆڕەک بوو، ڕێگەی ئیرهابی فکری، سیاسی و تەنانەت تێرۆریشی دژی موخالیفانی فکری و سیاسی خۆی نەک هەر لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەی خۆی، بەڵکوو لەناو ڕیزەکانی خۆیشیدا دەگرتەبەر.

خاڵێکی درەخشانی تری تیپی ٦٣ی جووتیاران ئەوە بوو، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ سەربازە هەڵاتووەکانی دەوروبەری خۆی و گوندە ئێرانییەکانی سەرسنوور، کە پڕ بوون لەو سەربازە فیرارانە دامەزراندبوو. بە پێچەوانەی هێزەکانی تری یەکێتی کە بە چاوێکی سووک تەماشای سەربازی فیراریان دەکرد و لەبەرئەوەی نە ئەبوون بە پێشمەرگە، وەک کەسانێکی ترسنۆک و خۆویست سەیریان دەکردن. ئەگەر بیانزانیبایەش، کەسێک لەو سەربازە فیرارانە مەیلی سیاسەت، مارکسیزم و کۆمۆنیزمی هەیە، ئەوە زۆر بەتوندی تەنگیان پێ هەڵدەچنی و ڕاوەدوویان دەنا. ئێمە لە تیپی ٦٣ی جووتیاران بە پێچەوانەوە، ڕێزمان لە بیروباوەڕی جیاوازی ئەو کەسانە دەگرت و پەیوەندییەکی لە چەشنی شوورای سەربازە هەڵاتووەکانمان بۆ درووست کردبوون. ئەم دەستپێشکەرییە بۆ هێنانەدی شوورایەکی لەو جۆرە لە لایەن هاوڕێیانی کارگەران و بەتایبەت هاوڕێ ئاسۆی کەریم زەندەوە بوو. ئەمەش لای یەکێتی و کۆڕەک وەک ڕێکخستنی حیزبیی کارگەران لەژێر ناوی شووراداا حیسابی بۆ دەکرا و لێی دەترسان و ببووە نیشانەی پرسیارێکی تر لەسەر هەرێمی جووتیاران.

هاوڕێیانی کارگەران بەتایبەت هاوڕێ ئاسۆ، کە بە حوکمی خزمایەتی و برادەرایەتیی نزیکی بە ئێمەوە، کە ئێمەش بەرپرسی تیپەکە بووین، بە جۆرێک

هەڵسوکەوتی دەکرد، کە شک و گومان دەچووە سەر ئێمەش. بۆیە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوین ئاسۆ بۆ لێپرسینەوە بۆ سەرکردایەتی بانگ کرا. ئەو لەوێ لای مام جەلال ڕایگەیاندبوو، کە سەربە ڕێکخراوێکە بە ناوی کارگەرانەوە و لە پێشمەرگایەتی دادەنیشێت و تیپی ٦٣ی جووتیاران بەجێ دەهێڵێت. بەم شێوەیە ئاسۆ لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢دا لە پێشمەرگایەتی دانیشت و لە دێهاتەکانی ئێران لەسەر سنوور مایەوە.
سەیر ئەوە بوو، کە ئاسۆ لای سەرکردایەتیی یەکێتی ڕایگەیاندبوو، کە سەر بە ڕێکخراوی کارگەرانە، بەڵام لەنێو تیپی ٦٣ی جووتیاران ئەوەی ڕانەدەگەیاند. هەرچەندە گومان دەکرا، کە ئەو سەر بە ڕێکخراوێکی ترە، بەڵام قەت لای پێشمەرگەکان باسی لەوە نە دەکرد، کە ڕێکخراوێک بەناوی کارگەرانەوە هەیە و ئەم هەڵسووڕاوێتی. هەڵبەتە من و هاوڕێ عەبدوڵا ئاگادار بووین.
چەند مانگێک دوای دانیشتنی ئاسۆ لە پێشمەرگایەتی، من و هاوڕێ عەبدوڵاساڵحیش لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا لە پێشمەرگایەتی دانیشتین و پاشان باقیی هاوڕێیانی تری کارگەرانیش دانیشتن و تیپەکەیان بەجێهێشت. بەم شێوەیە ئەم مێژووەش کۆتایی هات.

**پرسیار:** تۆ لە ماوەیەکی کورتدا بوویتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کارگەران. ئەو دەمە ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چەند بوو، وە کێ بوون؟
**نادر عەبدلحەمید:** سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم، کە کۆمیتەی ناوەندیی کارگەران ئۆرگانێک نەبوو، بەرهەمی هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکانی کارگەران و کۆنگرە بوو بێت، بەڵکوو لە پرۆسەیەکی سیاسیدا، لە ئەڵقەیەکی ناوەندی پێک هاتبوو. بە شکڵێکی خۆبەخۆ میکانیزمی مەحفەلچێتی و پەیوەندیی شەخسی تێدا کاریگەر بوو. ئەو ئەڵقە ناوەندییە ڕۆڵی ئەو شتەی دەبینی، کە ئێمە ئێستا بە کۆمیتەی ناوەندیی کارگەران ناوی دەبەین و وەک لە ئاسۆم بیستووە، لەوانەیە لە بەهار یان هاوینی ساڵی ١٩٨٠دا پێک هاتبێ. واتا، بەر لە چوونە دەرەوەی بەختیار مستەفا، ئاسۆ و شەهید شێروان بۆ پێشمەرگایەتی. من کاتێک کە چوومە ناو ئەو ئەڵقە ناوەندییەوە (لەوانەیە پایز وە یان کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بووبێت)، هەر یەک لەو هاوڕێیانەی خوارەوە لە کۆبوونەوەکانی ئەو ئەڵقە ناوەندییەدا بەشدار بوون: جەبار مستەفا، ئاسۆی کەریم زەند، موئەیەد ئەحمەد، عوسمانی حاجی مارف، بەختیار مستەفا،

هیوای حەمە ڕەئووف. هەڵبەتە دواتر لەتیفی شێخ عومەر و پاشان من پەیوەست بووین بەو هاوڕێیانەوە.
وەک لە هاوڕێیانم بیستووە، وەختی خۆی لەتیف لەگەڵ هاوڕێ جەبار زیندانی بووە و ئەو بۆ ئەڵقەی ناوەندی پاڵاوتبووی. هەروەها هاوڕێیان ئاسۆی کەریم زەند و عوسمانی حاجی مارفیش منیان بۆ ئەڵقەی ناوەندی پاڵاوتبوو. بەدڵنیاییەوە ئەگەر هاوڕێ نەجمەدین فاتیحیش بمایە، ئەویش لەو ئەڵقە ناوەندییەدا دەبوو. هاوڕێ ئاسۆ دەڵێت، ئەوان منیان لە شوێن هاوڕێ نەجمەدین بۆ ئەڵقەی ناوەندی دەستنیشان کرد. هەروەها من ئاگاداری ئەوە نیم، ئەگەر کەسانی تر بەر لە من لەو ئەڵقە ناوەندییەدا بووبن و بە هەر هۆیەکەوە بووبێت چووبێتنە دەوەوە.

**پرسیار:** بەپێی تێڕوانینی ئەو سەردەمە، جیاوازی نێوان کارگەران و کۆڕەک چی بوو؟ هەروەها جیاوازی نێوان کارگەران و سازمان و کۆڕ و کۆمەڵە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی دیکە لە چیدا بوو؟
**نادر عەبدلحەمید:** بەشێک لەو هاوڕێیانەی کە ئەو کۆڕ و کۆمەڵە سەرەتاییانەیان کە دواتر لە پەرەسەندنی خۆیدا بوو بە کارگەران پێک هێنابوو، خۆیان کۆمەڵە بووبوون و لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە لێی جیا ببوونەوە. وەک هاوڕێ بەختیار مستەفا، جەبار مستەفا، هیوای حەمە ڕەئووف و... خاڵێکی ئەسڵی جیابوونەوەکە لەسەر کوردستانیبوون یان عێراقیبوونی ڕێکخراوێکی مارکسی و کۆمۆنیستی بوو. ئەم جیاوازییە بە شکڵگرتنی ڕێکخراوی کارگەران چووە ئاستێکی بەرزتر و فراوانتر لە کوردستاندا.
چەمکی "کوردستانی" گوزارشتێک بوو لەوەی، بزووتنەوەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی کورد بە ئەسڵ وەربگیرێت. لە حاڵێکدا "عێراقی" (کە ئەو کاتە بۆ سووکایەتی لە لایەن کوردستانییەکانەوە پێی دەوترا، عێراقچێتی) گوزارشت بوو، لە دژایەتیکردنی ڕژێمی بەعسی فاشی تا ڕووخاندن، بە پشتبەستن بە جەماوەر و بە بێ گفتوگۆ و دانوستان. ئەمەش یانی، دیموکراسیی شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵیزمی جەماوەریی دژی ئیستیبداد.
مارکسیزم لای ئەو دوو لایەنە ئاڵایەک بوو بۆ دوو کاری سیاسیی کۆمەڵایەتیی جیاواز. هەرچی کوردستانییەکان بوون، دەیانەویست، مارکسیزم ئاڵایەکی شەکاوە بێت بەسەر بزووتنەوەی نەتەوەییەوە. لە کاتێکدا عێراقییەکان دەیانەویست،

مارکسیزم ئاڵایەکی شەکاوە بێت، بەسەر بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی جەماوەریی دژی ئیستیبدادەوە. هەڵبەتە دەشوترا، کە کرێکار ڕۆڵی پێشڕەوی تێدا هەیە.
هەر چۆنێک بێت، ئەم جۆرەی دووەم لە مارکسییەتی عێراقییەکان لانیکەم بە شێوە لە مارکسیزم دەچوو، بەڵام مارکسییەتی کوردستانییەکان لەڕووی شکڵیشەوە ئەو نزیکایەتییەی نەبوو. هەر بۆیە بەبێ ناکۆکیی ناوخۆیی و جیابوونەوەی باڵ و فراکسیۆن، لەنێو بزووتنەوەکە و حیزبی دایک (یەکێتی) خۆیان تواندەوە.
ئەوەی سەرەوە ئەو جیاوازییە فکری و جەوهەرییانە بوو، کە لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا هەبوو، بەڵام لە مەیدانی سیاسەتی عەمەلیشدا لایەنی عێراقی زۆر بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ڕژێم هەستیار بوو. لە کاتێکدا بازنەی "جەنگ_ دانوستان_ جەنگ" بەشێک بوو لە میکانیزمی کاری سیاسیی بزووتنەوەی چەکداری و ناسیۆنالیستیی کورد.
هەڵبەتە ئەوە جگە لە پێداگریی کارگەران لەسەر ئازادیی فکریی و سیاسی و بە پێچەوانەشەوە کۆڕەک نەک هەر هەستیار بوو بە کەسانی مارکسیست و کۆمۆنیست، کە ئەندامی خۆی نەبوونایە و بەتایبەتیش کە باسیان لەوە بکردایە، مەسەلەی کورد لە ڕێگەی چینی کرێکاری عێراق و حیزبێکی کۆمۆنیستیی سەراسەریی عێراقییەوە چارەسەر دەکرێت، بەڵکوو هەوڵی دژایەتیی شەخسی و تەنگپێهەڵچنین و هەتا هەڕەشەی تیرۆر و پیلانگێڕان لە دژیان دەکرد. بەواقیعیش زۆر تاوانی لەو چەشنەیان ئەنجام دا. ئەم تەنگپێهەڵچنین و فشارخستنەسەرە زۆر کەسی مارکسیستی ناچار کرد، کە واز لە پێشمەرگایەتی بهێنن و لە لادێکان خۆیان بشارنەوە، بۆ هەندەران بچن، وە یان بۆ ناوشارەکان بگەڕێنەوە و بە شێوەیەکی نهێنی ژیان بەسەر بەرن.
سەبارەت بە جیاوازی کارگەران لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی تری ئەو کاتە، لە وەڵامی پرسیاری سێهەمدا ئەو بابەتە ڕوون کراوەتەوە. تەنها شتێکی ئیزافی کە بیڵێم، ئەوەیە، ئێمە مانگی جارێک بۆ ئیشوکارەکانی تیپی ٦٣ی جووتیاران سەرمان لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتی لە ناوزەنگ ئەدا. هەڵبەتە جگە لەو جارانەش کە بۆ لێپرسینەوە بانگ دەکراین. بارەگا و بنکە چەکدارەکانی ئێمە لە گوندی باوزێ بوون. لەوێ واتا، لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتی، بەڕێز نەجمەدین فەقێ عەبدوڵام ناسی. هەر وەکوو خۆی باسی دەکرد، بەهۆی ئەوەی ڕەخنەی لە سەرکردەکانی کۆڕەک دەگرت و سەر بە خەتی عێراقی

بوو، لەژێر فشارێکی زۆردا بوو. هەر جارێک کە ڕێم بکەوتایەتە سەرکردایەتی، سەردانی ئەوم دەکرد و قسە و باسی سیاسیمان بەیەکەوە دەکرد.
دواجار لە سەرەتای پایز، لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٣ لە ناوچەی مەرگە سەر بە شارۆچکەی بنگرد بینیمەوە، کە ئەویش لە پێشمەرگایەتی دانیشتبوو. چەند نووسراوەیەکی نیشان دام و لەنێویاندا کلێشەی ڕۆژنامەیەکیش هەبوو، کە بەداخەوە هیچ ناونیشانێکی ئەو بابەتانەم بیر نەماوە. بەڵام بە حوکمی ئەوەی، کە لەناو کارگەرانی ١٩٨٣دا یەکێتیی بۆچوون و لێکدانەوە نەمابوو، واتا خەتێکی مونسەجیم لە ئارادا نەبوو، تا بە بۆچوون و لێکدانەوە و ئەفکار و هێڵی سیاسیی "بەرزە" بەراوردیان بکەی، بۆیە وەکیەک دەهاتنە بەرچاو. بەڵام هەر وەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کردووە، لەناو کارگەراندا مەیلێکی جددی بۆ کارکردن، چالاکبوون و ئەکتیڤبوون لە ڕووداوەکان و بزووتنەوەکان و لەناو کۆمەڵگەدا بەگشتی هەبوو، کە لە ڕێکخراوەکانی تردا کەمتر بەدی دەکران، یان بەدی نەدەکران. ئێمەش چونکە خۆمان لەناو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن، نەک لەناو مەحفەلی ڕۆشنبیراندا بەرهەم هاتبووین، کارگەران بە شێوەیەکی غەریزی ئەفزەڵییەتی لای ئێمە هەبوو.
هەرچی نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا بوو، کاتێک ئێمە لە گوندی بێژوێ و لە نزیک بارەگاکانی کۆمەڵەی ئێران بووین، سەردانی دەکردین و کۆڕی باس و لێکۆڵینەوەمان پێکەوە هەبوو. ئەوەی شایانی باسە، دواتر (وابزانم لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤دا بوو) باسێکی ڕەخنەگرانەشی لەسەر کارگەران نووسیبوو. کە بەداخەوە هیچ شتێکیم نایەتەوە خەیاڵ.

**پرسیار:** ئەوەندەی من بێتەوە یادم، کارگەران هیچ ئۆرگان وە یان گۆڤارێکی دەوری نەبوو، بەڵام ناوبەناو نووسراوەیەکی دەرئەکرد. ئەگەر بێتەوە بیرت، ئەو نووسراوانە چی بوون، وە یان دەربارەی چی بوون؟ ئایا هیچیان لە ئەرشیفدا ماونەتەوە؟

**نادر عەبدلحەمید:**

١) سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق_ ئێران، نووسراوێک لەسەر ئەو شەڕە هەبوو. لەم نووسراوەیەدا عێراق مەحکووم کرابوو، کە ئامانجی لەباربردنی شۆڕشی ئێرانە و لایەنی ئێرانی لەو شەڕەدا بە ڕەوا لەقەڵەم دابوو. پێشنووسی ئەو

نووسراوەیە (وەک لە هاوڕێیانم بیستووە) لە لایەن هیوای حەمە ڕەئووفەوە ئامادە کرابوو. ئەم نووسراوەیە لەسەر بنەمای تێزی سێ جیهانی ئامادە کرابوو، کە ئەو کاتە هیوا و هاوڕێ عوسمان لە تیۆریسین و لایەنگرانی پلە یەکی ئەو تێزە بوون.

٢) چەند بەیاننامەش لەو سەردەمانەدا دەرکرا: بەیاننامەیەک لەسەر خۆپیشاندانی شاری پێنجوێن (١٩٨٠) دەرچوو. هەڵبەتە ئەو کاتە ناوی کارگەران لەئارادا نەبوو و ناشزانم بە چ ناوێکەوە دەرچووە. هەروەها بەدوای خۆپیشاندانی ١٩٨٢/٤/٢٤ی قەلادزێ، لە چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەی کوردستانیش خۆپیشاندان ڕووی دا و کارگەران ئەو کاتە بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە. ئەو بەیاننامەیە ناوی کارگەرانی بەسەرەوە بوو. لەوانەیە ئەمە یەکەمین بەیاننامە و نووسراوێک بووبێت، کە ناوی کارگەرانی بەسەرەوە بووە. جگە لەوەش لە چەند مزگەوتێکی شاری سلێمانیدا و لە دژی ڕژێمی بەعس کاسێتی تۆمارکراویان بە تەسجیل داناوە و لێیان داوە، بەڵام خەڵکی شاری سلێمانی نەیانزانیبوو، ئەمە هی ڕێکخراوی کارگەرانە و هەر وایان زانیبوو، کە پێشمەرگە هاتووەتە ناو شار. هەروەها وەک ئەوەی بیستوومە (بەڵام دڵنیا نیم) بە بۆنەی یەکی ئایاری ساڵی ١٩٨٣شەوە بەیاننامەیەک دەرچووە.

٣) پێشنووسی نووسینێکی هیوای حەمە ڕەئووفیش هەبوو، کە بڕیار بوو، لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بینوسێت و وەڵام بە ڕەخنەکانی بەرزە و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا (هەر وەکوو پێشتر باسم کرد، ئەو باسێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر کارگەران نووسیبوو) بداتەوە. هیوا ماتەریاڵێکی زۆری بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان کۆ کردبووەوە. گفتوگۆیەکی زۆریش لەسەر نووسینەکەی کرا و هەر جارە ڕەخنە لەلایەکی دەگیرا. پاشان هەموار دەکرایەوە و دواتر بە ئاکام نەدەگەییشت و وەکوو نوکتەی لێهاتبوو، کە دەوترا، بووە بە حیکایەتی مێش و تەواو نابێت. مەسەلەکەش ئەوە بوو، کە هێڵێکی فکریی هاوئاهەنگ لە ئارادا نەمابوو، کە ئەندامانی ئەڵقە ناوەندییەکە کۆ بکاتەوە و هەر کەسە لە ڕوانگەی خۆی و بە هەوڵ و تەقەلای خۆی کاری دەکرد و بۆچوونی خۆی دەردەبڕی.

٤) ساڵی ١٩٨٣_ ١٩٨٤ بۆچوون و هاوڕایی لە فکر و سیاسەت لەنێو کادران، بەتایبەتی ئەڵقەی ناوەندیی کارگەراندا نەمابوو. سەردەمێکی پڕ لە گێژاوی فکری و گەڕەلاوژەیەک بوو بۆخۆی. کۆڕی گفتوگۆی شەوانە لەناو دوکەڵی جگەرەکێشاندا بەبێ هیچ دیسیپلینێک تا بەری بەیانی درێژەی دەکێشا. هێشتا تیۆرییەکی

هاوئاهەنگی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بەدەست نە هاتبوو، بەڵکوو کارگەران لە ژانی لەدایکبوونی ئەو تیۆرییە هاوئاهەنگەدا بوو.
لەو سەردەمەدا بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی دەرچوو. ئەو بڵاوکراوەیە لەو ڕووەوە هاتە ئاراوە، کە کادران و ڕێکخستنەکانی کارگەران لە بۆچوون و تێز و تیۆرییە جیاوازەکان ئاگادار بکاتەوە. تا هەم کادرەکان بەشداری ئەم دیالۆگە ناوخۆییە ببن و هەم لەو ڕێگەیەشەوە ڕێکخراو بە تیۆرییەکی فکری و سیاسیی هاوئاهەنگ بگات. ئەو بڵاوکراوەیە نیوە عەلەنیش بوو، چونکە زیاتر بۆ باس و لێکۆڵینەوە و ئەفکار و بۆچوونی جیاواز لەگەڵ هەندێ هەواڵ و دەنگوباسی ناڕەزایەتییەکان دژی ڕژێمی بەعس تەرخان کرابوو.
ئەلیف: ئاسۆی کەریم زەند باسی سۆسیال_ ئیمپریالیستی سۆڤێتی بەلاوە بایەخێکی زۆری هەبوو. چ لە کاتێکدا کە خوێندکاری زانکۆ بوو و چ لە سەردەمی پێشمەرگایەتی و دوای ئەویش لە ژیانی ژێرزەمینی ماتەریاڵێکی زۆری لەسەر کۆ کردبووەوە. ئەو باسەی ئاسۆ وەکوو خۆی بۆی گێڕامەوە، لەو بڵاوکراوەیەدا دایبەزاندبوو، بەڵام ڕاستییەکەی من لەبیرم نەماوە.
ب: هاوڕێ بەختیاریش بۆی باس کردم، کە بابەتێکی ئەو و یەکێکی منیش لەو بڵاوکراوەیەدا لەسەر مەسەلەی کورد و یەکێتی هەبووە. ڕاستییەکەی من خۆم هیچ شتێکی ناو ئەو بڵاوکراوەیەم لەیاد نەماوە. بەڵام ئەوەم بیر دێت، دوای ئەوەی لە پێشمەرگایەتی وازم هێنا و لە گوندی بێژوێی کوردستانی ئێران لە نزیک بارەگای کۆمەڵە بووم، بابەتێکم لەسەر مەسەلەی کورد نووسییەوە و لەسەر سێ دانە کاسێت تۆمارم کرد و بۆ ناوشار (سلێمانی) ناردمەوە. جا لەوانەیە نووسینەکەی ناو بڵاوکراوە ناوخۆییەکە، کە هاوڕێ بەختیار باسی لێوە دەکات، ئەو بابەتە یان کورتکراوەی ئەو بابەتە بووبێت. بەداخەوە هیچ شتێکیش لەو مێژووە لای من وەکوو ئەرشیف نەماوەتەوە، ئەمە جگە لە کزبوونی زاکیرە، بیرچوونەوەی ڕووداوەکان و ساڵەکانیان.
هاوڕێ سادق عەزیز ئەڵێت، تا ئەم ساڵانەی دواییش لە ئەرشیفی هاوڕێ جەمیل ئەمین (یادی بەخێر) دوو دانە لەو بڵاوکراوە ناوخۆییە هەبووە. هەروەها هاوڕێ سادق ئاماژە بەوەش دەکات، لەو نووسراوە ناوخۆییەدا دوو بابەتی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و هەڵوێست لەبەرامبەر یەکێتی تێدا بووە: ڕوانگەیەکیان یەکێتی بە نا شۆڕشگێڕ داناوە، بەڵام بە هۆی وەستانەوە و بزووتنەوە

بەرگریکارانەکەی لەبەرامبەر ڕژێمی بەعسی فاشی مەوقیعەتێکی شۆڕشگێڕانەی وەرگرتووە. هەرچی ڕوانگەی دووەمیش بووە، یەکێتی بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرست داناوە.

٥) هەروەها ئەو کاتە (١٩٨٤) هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد لێکۆڵینەوەیەکی بە زمانی عەرەبی لەسەر "بزووتنەوەی خۆپێشاندان لە عێراقدا" بەدەستەوە بوو. ئەوەم بیردێت، کە تیایدا بەو ئاکامە گەییشتبوو، ئەوەی لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ ڕووی دا، شۆڕش نە بووە، بەڵکوو کودەتای سەربازی بووە. ئەویش لەو نووسینانە بوو، کە باس و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا و هاتبووە سەر گەڵاڵەکردن و تەواوبوون، بەڵام ئاسۆی کەریم زەند ڕەخنەی لێ گرت، بەوەی، کە ئەمە هەر پۆپۆلیزمە و لە خۆپێشاندان و ئاکسیۆنەوە دەستپێ دەکات، نەک لە لێکدانەوەی بار و دۆخی بابەتیی چینایەتیی عێراق. ئیتر باسەکە سەرلەنوێ هەڵوەشایەوە و بەئاکام نەگەییشت.

**پرسیار:** لە ساڵی ١٩٨٤ کارگەران لەبەریەک ترازا و پاشان بەشێکیان نووسراوێکیان بە ناونیشانی "بۆرژوا ناسیۆنال_ ڕیفۆرمیستی کورد و..." بڵاو کردەوە و لە کۆتایی نووسراوەکەدا نووسرابوو: "کۆمۆنیست". لە دواییدا ئەمانە ناوی خۆیان نا "ڕەوتی کۆمۆنیست". ئێمە لێرەدا دەپرسین: هۆی ئەو لێکترازانە چی بوو و کارگەرانی کردە چەند بەشەوە؟

**نادر عەبدلحەمید:** ڕێکخراوی کارگەران لە ئاووهەوایەکی فکری و سیاسیی ناوەڕاستی هەفتاکان بەدواوە تا سەرەتای هەشتاکان شکڵی گرتبوو. ئەو ئاووهەوا فکری و سیاسییە مۆرکی خۆی بە ڕەگ و ڕیشەی ئەو ڕێکخراوەوە نابوو. بەڵام کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان چەند ئاڵوگۆڕی گرنگ لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتبوونە دی، کە عێراق و هەرێمە کوردستانییەکەی کەوتبووە ژێر کاریگەرییانەوە. ئەو نۆرمە لە فکر و سیاسەت کە پێشتر شکڵی گرتبوو، نەک هەر نەی دەتوانی، وەڵامدەرەوە بە دۆخی تازە شکڵگرتووی کوردستان (و عێراق)ی دوای شۆڕشی ئێران (١٩٧٩) و شەڕی عێراق_ ئێران بێت، بەڵکوو نەشی دەتوانی، وەک خۆی بە شێوەیەکی ڕۆتینی بمێنێتەوە و لە پەراوێزدا درێژە بە ژیانی خۆی بدات. یان دەبوو، پەرتەوازە بێت، بتوێتەوە و نەمێنێت، وەکوو

زۆرێک لە ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی فکری و سیاسیی ئەو سەردەمە، یان دەبوو بۆ نۆرمێکی تر لە فکر و سیاسەت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت.
من لەدوای دانیشتن لە پێشمەرگایەتی (کۆتایی ساڵی ١٩٨٢) و گەڕانەوە بۆ ناوشاری سلێمانی (بەهاری ساڵی ١٩٨٣) و ژیانی ژێرزەمینی، ئیتر لەو بەروارەوە ئاگاداری ژیانی ناوخۆی کارگەرانم.
ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ی ناو ئەو ڕێکخراوە کە من خۆم تیایدا ژیاوم، ساڵانی گێژاوی فکریی سیاسی و ڕێکخراوەیی کارگەران بوو. هەڵبەتە ساڵانی بەر لەو بەروارەش، ئەو گێژاوە بە پلەیەکی کەمتر هەر هەبوو، بەڵام من لەو بەروارەوە کەوتمە ناوییەوە و پێی ئاشنا بووم. ئەو دەورانە دەورانی دووبارە شکڵپێدانەوە و دامەزراندنەوەی ئەو ڕێکخراوە بوو، کە بتوانێت لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و فکرییانەدا ڕێک بێتەوە، کە لە سەرەتای هەشتاکان، لە عێراق و کوردستاندا، چ بەهۆی شەڕی عێراق_ ئێران و چ بەهۆی شۆڕشی ئێران و کاریگەری فکری و سیاسیی کۆمۆنیزمی ئەو کاتەی ئێران لەسەر کوردستانی عێراق هاتبوونە دی. ئەبووایە سەرخانی فکری و سیاسی ئەو هاردیسک (ڕێکخراو)ە فۆرمات بکرایەتەوە و ڤێرژنێکی تازە لە فکر و سیاسەتی لەسەر دابمەزرایە، تا بتوانێت، لە مەیداندا بەکارایی بمێنێتەوە. لە ڕیشەییترین ئاستدا هۆکاری قەیرانی ناوخۆیی ئەو ڕێکخراوە و پاشان لەبەریەکترازان و هاتنەدەرەوەی ڕەوتی کۆمۆنیست بۆ ئەو فاکتۆرە بابەتییە دەگەڕێتەوە.
شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا وەک سیمبۆلی ڕاپەڕینی جەماوەر و ژێرەوژوورکەری تەختوتاراجی ڕژێمی ئیستیبدادی، پۆلیسی و سەرکوتگەریی شاهەنشاهیی ئێران لە خودی خۆیدا بۆ چەپی کوردستانی عێراق، ڕاست و ڕەوابوونی خۆی تیا ئەبینییەوە، کە ڕۆژێک دادێت جەماوەری عێراقیش وەکوو جەماوەری ئێران ڕادەپەڕن، شۆڕش دەکەن و تەختوتاراجی ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس و سەدام حوسێن هەڵدەتەکێنن. لێرەوە شۆڕشی ئێران وەک بزوێنەرێکی ڕۆحی و مەعنەوی، نهێنی و نادیار، بووە هۆی بەهێزبوونی باوەڕ بە ڕەوایی پەیامەکەی چەپی کوردستانی عێراق و ئومێد بە حەتمییەتی سەرکەوتنی ئەو پەیامە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو ڕاست و ڕەوایی شێواز و ڕێگای خەباتەکەیشی، کە پەنابردن بوو بۆ شۆڕشی جەماوەری و خەباتی ناوشار، بەر لە بزووتنەوەی چەکداری. ئەمانە گشت بوونە هۆی هێنانەدی شۆڕوشەوق و خرۆشان بۆ چالاکیی

سیاسی، لەناو ڕیزەکانی ئەم چەپە و بەدیاریکراوی لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی کارگەراندا.
هەر ئەم عاشقبوونە بە شۆڕشی ئێران بوو، کە وای کرد، ئەم ڕێکخراوە هەر زوو لە سەرەتای هەشتاکاندا پەیوەندی بە چەپی ئێران و بەدیاریکراوی بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە بکات. وەکوو ئەوەی کە لە زمانی هاوڕێیان ئاسۆ و بەختیار مستەفاوە بیستوومە، سەرەتا لە هاوینی ساڵی ١٩٨١دا هاوڕێیان ئاسۆی کەریم زەند و بەختیار مستەفا سەردانێکی شاری بۆکانی کوردستانی ئێرانیان کردووە و لەوێ فارووقی بابەمیری بەرپرسی کۆمیتەی بۆکانیان بینیوە. لەدوای چەند مانگێک، لەوانەیە سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٨١ بووبێت، جارێکی تر هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد، ئاسۆ و بەختیار بۆ بۆکان دەچنەوە و لەوێ چاویان بە عەبدولای موهتەدی دەکەوێت. دواتر هەر لە پایزی ساڵی ١٩٨١دا، پێنج لە هاوڕێیانی ئەڵقەی ناوەندیی کارگەران (موئەیەد، ئاسۆ، بەختیار، جەبار و عوسمان) سەردانی کۆمەڵەی ئێرانیان کردووە و لەوێ پێشنیاری ئەوەیان بۆ ئەکەن، ناوێکی سیاسی بۆ خۆیان دابنێن و لەژێریدا کار و چالاکی سیاسی بنوێنن. بەم جۆرە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١دا، ناوی یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران بەدەست هات و بوو بەناوی ئەو ئەڵقە و ئەو پرۆسەیە کە لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە سەری هەڵدابوو و بەردەوام بوو.
هەر لەو پەیوەندەشدا ئەمەوێت، ئاماژە بەوە بکەم، کە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٣دا من ڕاسپێردرام، کە لە سلێمانییەوە، نامەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی کارگەران، بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ئێران لە گوندی مێشکەپە ببەم و لەوێ (یادی بەخێر) لەگەڵ هاوڕێ دکتۆر جەعفەری شەفیعی دانیشتم. ئەو کاتە تازە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێک هاتبوو و بەهۆی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ئێرانەوە، بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش هەر لەو گوندە بوو.
بەم شێوەیە کاریگەرییە فکریی و سیاسییەکانی شۆڕشی ئێران ڕاستەوخۆش لە ڕێگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە بۆ چەپی کوردستانی عێراق و پاشانیش بۆ عێراق بەگشتی گواسترایەوە. باسە تیۆری و سیاسییەکانی کۆمۆنیزمی ئەو کاتەی ئێران، کە بەشێکی ڕەخنە بوو لە پۆپۆلیزم، لە چەمکی بۆرژوازیی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ، پێداگرتن لەسەر سەرمایەدارییبوونی

کۆمەڵگە، خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی کرێکاری و... هتد. و لە ڕێگەشیانەوە زیندووکردنەوەی تیۆری مارکسیزم وەک چەکێکی تیژی ڕەخنەگرتن بەناوی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە بوو.
پەرەگرتن و تەشەنەکردنی ئەم باسانە لەنێو چەپی سەرەتای هەشتاکانی کوردستانی عێراقدا، بنج و بناوانی فکری و سیاسی لە ڕیشەوە گۆڕی. چەپێک، کە تازە لە سەرەتای شکڵگیری خۆیدا بوو، هێشتا خاوەن تیۆری خۆی نەبوو و لەدەرەوەی مارکسیزمی ئۆردووگایی (سۆڤێتی) هەر وەک لەسەرەوە باسمان کرد، بەدوای پێناسەکردنی فکری_ سیاسی خۆیەوە بوو. چەپی ئێرانی کردە سیمبۆلی فکر، سیاسەت، پێناسە و ناسنامەی خۆی.
هەڵبەتە ئەمە هەر وا لەخۆیەوە و بە شێوەیەکی موجەڕەد ڕوو نا دات، بەڵکوو ئەم زەرووڕەتە مێژووییە خۆی لە چەند تەوەرەیەکی ناکۆکیی فکری و سیاسیدا دەبینێتەوە. هیچ زەرووڕەتێکی بابەتی لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا خۆبەخۆ کار ناکات، بەڵکوو لە ڕێگەی ئیرادەی فەردی و دەستەجەمعیی مرۆڤەکان و لەناو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا لە ڕێگەی دەستپێشکەریی کادرەکانەوە دەڕواتە ڕێوە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو کاتە، چەند مەسەلەیەک جێگەی ناکۆکی و کێشمەکێش بوون. ئەوەی، کە کادرەکانی دەرگیر، تا چەند لەڕووی فکرییەوە بە لایەنەکانی ئەو کێشمەکێشە و بە ڕۆڵی خۆیان لەو سەردەمەدا ئاگان، یان چەند لەباری مەعریفەی تیۆرییەوە قووڵ لە کێشمەکێشەکان حاڵین، وە یان سەرپێیی تێی گەییشتوون و لێکدانەوەی نا واقیعی بۆ دەکەن، لەو مەسەلە ئەسڵییە ناگۆڕێت، کە ئەوە زەرووڕەتێکی مێژووییە و ئاوا خۆی لەمیانەی کۆمەڵێک کێشمەکێش، بەرز و نشێوی و گێژاوی سیاسیدا تێدەپەڕێنێت.

**پرسیار**: ڕەوتی کۆمۆنیست لە چ بەروارێکدا دامەزرا و دامەزرێنەرانی کێ بوون؟
**نادر عەبدلحەمید**: ڕەوتی کۆمۆنیست بە بەیاننامەیەک و لە بەروارێکی دیاریکراودا ڕانەگەیەنراوە، تا بەوردی باسی مانگ و ڕۆژی پێکهاتنەکەی بکرێت. دەکرێ لەباری شکڵییەوە یەکەمین نووسراو، یان نامیلکەیەک کە دەرچووبێت و ناوی کۆمۆنیست یان ڕەوتی کۆمۆنیستی بەسەرەوە بووبێت (کە نامیلکەی "بۆرژوا ناسیۆنال_ ڕیفۆرمیستی کورد" بوو، وە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٥ بڵاو کرایەوە)، بکرێتە ئەو بەروارە. بەڵام ئەمە ئەو گرفتەی تێدایە، بەر لەو نووسراوەیە پرۆسەیەک گوزەراوە

و چەند وێستگەیەکی تێدا بووە، تا بە وێستگەی ئەم نووسین و نامیلکەیە گەییشتووە. بۆ دەبێ وێستگەکانی تر بە بەرواری هاتنەئارای ڕەوتی کۆمۆنیست دانەنرێن، کە لەباری مێژووییەوە بۆ کردنەبەرواری دامەزراندنەکەی واقیعیترن؟ بۆ نموونە، ئەگەر بگەڕێین بەدوای مێژووی کارگەراندا و بڵێین لە چ بەروارێک دامەزراوە؟ ئایە لە شکڵگیری پرۆسەکەوە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە حیسابی دەکەین، یان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ کە ناوی لێ نراوە؟ هەمان شێوەش بۆ بەرواری هاتنە ئارای ڕەوتی کۆمۆنیست درووستە. ئەوە شتێکی شکڵییە، ئەو کاتە بە بەرواری دامەزراندنەکەی دابنێین، کە یەکەمین نووسراوی هاتۆتە دەرەوە. لەڕووی جەوهەرییەوە پێویستە بگەڕێینەوە سەر سەرەتای ئەو پرۆسەیەی کە ئاکامەکەی بە هاتنەدەرەوەی ئەو نامیلکەیە گەییشتووە. بۆیە بە ڕای من پێویستە، سەرەتایەک بۆ پرۆسەکە وەک لەدایکبوونی ئەو ڕەوتە دەستنیشان بکرێت، کە ئەویش وەک باسم کرد، دەکرێت هاوینی ساڵی ١٩٨٤ بێت.

ئەوەی کە بێتەوە خەیاڵم، لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤ دابڕانەکە بەعەمەلی لەنێوان ئەندامانی ئەڵقە ناوەندییەکەدا ڕووی دابوو و کارگەران لەبەریەک ترازابوو. هەندێک لە هاوڕێیان وەکوو، هاوڕێ جەبار مستەفا و لەتیفی شێخ عومەر بۆ کۆبوونەوە نە دەهاتن و دواتر هاوڕێ جەبار مستەفا (لەگەڵ لەتیفی شێخ عومەر) بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکانی (بەتایبەت سلێمانی) کە لەلا بوو، لەگەڵ خۆیدا جیا کردەوە. هەروەها ئاسۆی کەریم زەند لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤ دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆیشت. هاوڕێ بەختیار مستەفاش گەرچی تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ مایەوە، بەڵام لەو بەروارەوە ئەویش بڕیاری دا، کە بۆ دەرەوەی وڵات بچێت و ڕۆیشت. بۆیە بەڕای من، ڕەوتی کۆمۆنیست لەڕووی عەمەلییەوە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٨٤ (ئەگەرچی هێشتا ناوی نەبوو)ەوە درووست بووە،

ئەوەش بهێنمەوە یاد، لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٤دا لە ماڵێک لە هەولێر کە بۆ کاری ڕێکخراوەیی کارگەران ئامادە کرابوو (هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد)، هاوڕێیان ئەڵوەند (حەسەن مامە موراد/ خەڵکی خانەقین)، جەلال (تۆفیق نیعمە مەهدی/ خەڵکی بەغدا)، ڕۆژێک دواتر هاوڕێ بەهرە حوسێن (ئێستا لە کەنەدایە) و پاشان هاوڕێ ئازاد (کە برای بەهرەیە/ خەڵکی قەڵادزێن) دەستگیر دەکرێن. ئەم ڕووداوە پشێوی، سەرلێشێواوی، ترس و بێ متمانەیی لە پەیوەندییە

ڕێکخراوەییەکانی نێو کارگەرانی هێنابووە ئاراوە و هێندەی تر کارگەرانی ئیفلیج کردبوو.

بەم شێوەیە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٨٤دا نەک هەر لەسەرەوە، بەڵکوو سەرجەم جومگە و ئاستەکانی کارگەران لە سەرەوە تا خوارەوە لەبەریەک ترازابوون.

ئەوەی کە لە سەرەتای ١٩٨٥دا مایەوە، موئەیەد ئەحمەد، عوسمانی حاجی مارف، نادر عەبدلحەمید و هیوای حەمە ڕەئووف بوون.

هیوا کە لە سەرەتای کارگەراندا نوێنەری خەتی ڕاست و جەمسەری تێزی سێ جیهانی بوو و لە شەڕی ئێران_ عێراقدا لایەنگری لە ئێران دەکرد، لەگەڵ باس و تیۆری تازەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا هاتبوو، بەڵام سەرقاڵی کارگە و کارخانەکانی باوکی بوو. بۆیە کاتی بۆ هیچ چالاکییەکی فکری، سیاسی یان ڕێکخراوەیی نەبوو و هەر بە جەستە لەگەڵ ڕێکخستن مابووەوە، تا بەهۆی گیروگرفتێکەوە (لەوانەیە لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦ بووبێت) کە ئەو کاتە هاتە پێش، بڕیاری دەرکردنیمان دا.

بەم شێوەیە لە ئاکامدا سێ هاوڕێ لە کادرەکانی ئەڵقەی ناوەندیی کارگەران (موئەیەد ئەحمەد، عوسمانی حاجی مارف و نادر عەبدلحەمید) بۆ شکڵدان و دامەزراندنی ڕەوتی کۆمۆنیست مانەوە. بەڵام دیارە ئەمە لە پرۆسەیەکدا و لە جەرگەی کێشمەکێشێکی فکری و سیاسیدا شکڵی گرت، کە نەک هەر ئەو سێ کادرە بەڵکوو هاوڕێیانی تریش ڕۆڵیان لە بردنەپێشەوەی ئەو پرۆسەیەدا هەبوو.

لەم پرۆسەی بەخۆداچوونەوەی کارگەران و وەلانانی سیستەمی فکریی کۆن و بەدەستەوەگرتنی سیستەمی فکریی تازەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، زۆربەی هاوڕێیان، لانیکەم ئەگەر بە شکڵیش بووبێت، هاوڕای پرۆسەکە بوون. هەتا هاوڕێ جەبار (لەگەڵ کۆمەڵێک کادر و خەتی ڕێکخراوەیی) کە ڕۆیشتیشە دەرەوە و دواتر ڕێکخراوێکی تریان شکڵ پێ دا، نەک لەسەر بنەمای سیستەمە کۆنەکەی کارگەران بەڵکوو لەسەر بنەمای سیستەمی فکریی تازەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ هەر وەکوو ڕەوتی کۆمۆنیست کاری کرد.

کێشمەکێشەکانی دواسالانی تەمەنی کارگەران بەو شێوەیە نەمابووەوە، وەک لە سەرەتادا هەبوو، کە سیستەمی کۆن لە تێزی سێ جیهانی و ماویزمدا بەرگری سەرسەختی لەخۆی دەکرد، بەتایبەتی لە لایەن هیوای حەمە ڕەئووف و هاوڕێ

عوسمانەوە، بەڵکوو لە پرۆسەیەکی هێواشدا هەموومان گەییشتبووینە ڕەتکردنەوەی ماویزم و تێزی سێ جیهانی. هەڵبەتە هەر یەکە لە ماوەی جیاجیا و بە پلەی جیاواز لە تێگەییشتن. لەڕاستیدا ئەو دەورانە قۆناغێکی گوزەرگایی بوو، کە کارگەرانە کۆنەکە بە بنبەستی فکری و سیاسی گەییشتبوو و کەسێک نەبوو بەرگری لە سیستەمە کۆنەکە بکات. بەڵام هێشتا هێزی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کەسێکی خاوەن ئۆتۆریتەی فکری و سیاسی لە دەروونی ئەو ڕێکخراوەدا لەو پلەیە لە بەهێزی نەبوو، کە خەتێکی ڕۆشن بخاتە ڕوو و ئەو قۆناغە بەزوویی بە میحنەت و چەرمەسەرییەکانییەوە کۆتایی پێ بهێنێت. بەڵکوو پرۆسەی هێزگرتنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و شکڵگرتنی ئۆتۆریتەی فکریی سیاسی زۆر بەهێواشی و پڕ لە مەرارەت و دەردەسەری و هەتا ناخۆشیی شەخسی نێوان هاوڕێیانیشدا تێپەڕی.

هەموو کێشمەکێشێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، گێژاو و فەوزایەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوە، کە ڕەش و سپی تێکەڵاو دەکات و لە ڕۆشنایی ئاسۆی دەرچوون لە قەیرانەکە کەم دەکاتەوە، یان گەشبینی کەمڕەنگ دەکاتەوە. هەر بۆیە ئەو کاتە کاتی لەبەریەکترازانی شیرازەی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو ڕێکخراوە بوو.

دووان لە کادرەکان (هاوڕێیان ئاسۆ و بەختیار) کە ڕۆڵیان لە ڕەخنە لە سیستەمی پێشووی کارگەران، تێزی سێ جیهانی و پۆپۆلیزم و... هەبوو، بەرلەوەی پرۆسەکە تەواو کامڵ بێت، بەئاکام بگات و بچێتە پێشەوە، بڕیاری شەخسیی خۆیان دا، کە بەرەو دەرەوەی وڵات بڕۆن.

بیرمە ئەو کاتە من ڕەخنەم لە دەستلەکارکێشانەوەی ئەو هاوڕێیانە گرت و وتم، ئەوە ئاکامی لاوازی و دابەزینی ئوفوقی سۆسیالیستییە. هاوڕێ بەختیار کە قسەخۆش و نوکتەباز بوو، بۆ پێکەنین دەیوت، "بەم ئاخری عومرە ئوفوقی سۆسیالیستیشمان لاواز و کز بووە!".

هاوڕێ جەبار و لەتیف چوونە دەرەوەی پرۆسەکە.

شایەنی باسە، لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم، کە لەتیف هەر ئەو کاتیش ڕۆحییەتی ناسیۆنالیستی هەبوو (ئێستا وابزانم، لە سەرکردایەتیی یەکێتیدایە). ناکرێ فکر و بۆچوونەکانی هاوڕێ جەبار و لەتیف لەو سەردەمەشدا وەک یەک هەڵبسەنگێندرێن. هەر وەکوو باسیشم کرد، کە هیوای حەمە ڕەئووفیش بەهۆی دەرگیربوونی بە کار و کەسابەت و هەڵسووڕاندنی بزنێسی باوکییەوە، زۆر نەدەپەرژایە سەر ئەوەی، کە

لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵێک بۆخۆی قایل بێت و بەعەمەلی ئەو خۆی کێشابووە دەرەوە. ئەمەش تەنها گرفتێکی تەکنیکی بێ وەختی نە بوو، بەڵکوو ئەولەوییەتدان بە بزنێس و هەڵسووڕاندنی سەرمایەکەی باوکی بەسەر ئەو کارە سیاسییەدا بوو. هیوا کادرێکی بەتوانا بوو، بەڵام لەناو سیستەمی فکری و سیاسیی پێشووی کارگەراندا، کە پێبەپێی کۆنبوون و بوودەڵەبوونی ئەو سیستەمە، ئەویش وەک کادرێک بایەخی کەمتر و جێگەوڕێگەی لاوازتر دەبوو. بەتایبەتی کە هاوڕێ عوسمان زووتر و بەر لە ئەو بەو ڕەخنانەی کە لە تێزی سێ جیهانی دەگیرا، قەناعەتی کرد و هیوا بێ پشت و پەنا مایەوە و بە هەنگڵەشەلە بەدوای ئەو پرۆسەیەدا دەهات، کە لە دوارۆژەکانی تەمەنی کارگەران و سەرەتای شکڵگیریی ڕەوتی کۆمۆنیست دەستی پێ کردبوو. بۆیە بڕیاری دەرکردنی ئەو لە ڕەوتی کۆمۆنیست لە لایەن ئێمەوە، تەنها ڕەسمییەتدانێک بوو بە خۆکێشانەوە عەمەلییەکەی ئەو.

بەم شێوەیە لە کۆتایی پرۆسەکەدا تەنها ئەو سێ کادرە مانەوە و شکڵیان بەو ڕەوتە تازەیەی کە لە هەناوی کارگەرانەوە هاتە دەرەوە دا، کە دواتر بە ناوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە ناسرا.

لێرەدا دەمەوێت، پێ لەسەر ئەوە دابگرم، هەتا ئەو هاوڕێیانەش کە لە کێشمەکێشەکانی ناو کارگەراندا کەوتنە بەرەی بەرامبەری ئەو هاوڕێیانەوە کە ڕەوتی کۆمۆنیستیان شکڵپێ دا، کاتێک کە کارگەرانیان بەجێهێشت، ئەوانیش لە شوێنی خۆیانەوە وەک باڵێکی تری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە چوارچێوەی جۆرەها کۆڕ و کۆمەڵی فکری و سیاسیدا شکڵیان بەخۆیان دایەوە. ئەم کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوانە بە ڕەوتی کۆمۆنیستیشەوە وەکوو ڕەگ و ڕیشاڵی جۆراوجۆری درەختێک بوون، بەڵام جیاوازیی ڕەوتی کۆمۆنیست لەگەڵ ئەوانی تر ئەوە بوو، کە هەم لەڕووی تیۆری و هەم لەباری پراکتیکی سیاسییەوە بەهێزترین ڕەگ و ڕەوتی ئەو درەختەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بوو.

لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بەوە دا، کە چەپی کوردستانی عێراق لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستدا، هێشتا تەواو ناسنامە فکری و سیاسییەکەی دەقی کۆتایی وەرنەگرتبوو. ئاڵوگۆڕێکی مێژوویيش لە ناوچەکەدا (شۆڕشی شوباتی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران و شەڕی عێراق_ ئێران) بار و دۆخێکی سیاسیی تازەی هێنابووە ئاراوە، کە وەک زەرووڕەتێکی مێژوویی و بابەتیی، گوشاری بۆ ئەو بزووتنەوە چەپە تازە شکڵگرتووە و ڕێکخراوەکانی

دەهێنا، تا سەرلەنوێ شکڵ بە خۆیان بدەنەوە. ئەمەش لە ڕێگەیەکی موشەخەسی مێژووییەوە هاتە ئاراوە، کە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئێران و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران بوو، وە بەدیاریکراویش (جگە لە کاریگەریی دانیشتن و دیدار لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ و لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢دا) لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیانەی کە لە دەرەوە لە شاخ، وە یان لە پێشمەرگایەتی بوون و هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسابوو، کە لە نزیکەوە هاوڕێیانی کۆمەڵەی ئێران و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران ببینن و ئاگاداری باس و لێکۆڵینەوەکانیان بن. ئەوانە، ئەو کەناڵە دیاریکراوانە بوون، کەلێیانەوە ئەو باسانە دزەیان دەکردە ناو کارگەران و هاوئاهەنگی سیستەمی فکری و سیاسیی کارگەرانیان تێک دەدا و کێشمەکێش و جەدەل و باسیان لەسەر دەهاتە ئاراوە.
ئەو کاتە چەمکی هاوڕێیانی شاخ و هاوڕێیانی شار لەناو کارگەراندا سەری هەڵدابوو، کە خۆی بە جۆرێکیش گوزارشتی لانیکەم لە دوو بۆچوونی جیاواز (ئەگەر نەشڵێین، دوو خەتی فکریی سیاسیی جیاواز) بۆ سیاسەت دەکرد. هاوڕێیانی شاخ وەکوو ئاسۆی کەریم زەند، کە سەرەتا ڕۆڵیان لە ڕەخنە لە تیۆری سێ جیهانی و ورووژاندنی ڕەخنە لە پۆپۆلیزم و... هەبوو، زوو دەستیان لەکار کێشایەوە. هەڵبەتە بار و دۆخی ژیانی ژێرزەمینی و ئیستیبدادیی بەعس و قاچاخبوون لەدەستی یەکێتی و کۆڕەک لەو سەردەمەدا یەکجار سەخت بوو. بەڵام سەرەنجام ئەوە لاوازیی ئاسۆی سۆسیالیستی و کاری کۆمۆنیستییە، کە هەلومەرجی سەخت دەکاتە هۆکاری دەستبەرداربوون و دەستکێشانەوە لە کاری سیاسیی ڕێکخراو و ئامانجدار.
لە کۆتاییشدا پێویستە ئەوە بڵێم، کە ڕۆحی باسەکان و تیۆرییەکان چ لە شکڵپێدانی ڕەوتی کۆمۆنیست و چ دوای ئەوەش هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد بوو. بەندەش وەک یەکێک لە هاوڕێیانی شاخ ڕۆڵی خۆی لەو پرۆسەیەدا بینیوە.

**پرسیار:** لە سەردەمی ڕەوتدا چ سازمان و مەحفەلێکی دیکەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستاندا هەبوو، جیاوازییەکانی خۆتان لەگەڵ ئەواندا لە چیدا دەبینییەوە؟
**نادر عەبدلحەمید:** ئەوەی کە لەو دەورانەدا لەبیرم مابێ، واتە، لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستدا، یەکێتیی خەبات، دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا و بەرزە بوون. دیارە هەلومەرجی ئیستیبداد و نەبوونی ڕۆژنامە و ئەدەبیاتێکی نووسراوی ئەو

ڕێکخراوانە نەک هەر لە ناسراوی ئەو ڕێکخراوانە ڕێگر دەبێت، بەڵکوو لە دەرکەوتنی جیاوازییەکان و خاڵە هاوبەشەکانیشیان بەشێوەیەکی ڕۆشن ڕێگر دەبێت.

ئەوەی کە بیرم بێت، لەو سەردەمانەدا هەموو ڕێکخراوەکان لە دژایەتیکردنی یەکتریدا، هەر یەکە بەوی تری دەوت، وردەبۆرژوا و خۆی بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، سۆسیالیست و پرۆلیتاری پێناسە دەکرد. جگە لەوەش ڕەوتی کۆمۆنیست لە لایەن ئەوانی ترەوە بە ئاکادیمیست ناسرابوو، وە ئێمەش لە ڕەوتی کۆمۆنیست بەوانی دیکەمان دەوت، ئاکسیۆنیست و ئیکۆنۆمیست واتە، کلکایەتیکردن بۆ ڕووداوەکان.

بەدڵنیاییەوە ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی فکری و سیاسیی تریش هەبوون، کە من ئاگاداریان نەبوومە و ناویانم نە بیستووە، وە یان ئێستا لەبیرم نەماون.

خاڵێک، کە لێرەدا پێویستە باسی لێوە بکەم، دوای کێشمەکێشەکانی ناو کارگەران بڕیارمان دا، کە بچینەوە سەر بەرهەمە کلاسیکییەکانی مارکس، ئەنگڵس و لینین، بەتایبەت خوێندنەوەی کتێبی سەرمایە. هیوای حەمە ڕەئووف نەهاتە ناو ئەو پرۆسەیەوە و هاوڕێ ئەمجەد غەفووریش بە حوکمی مەشغووڵی و کارکردنەوە ئەو بەرنامەیەی بەڕێکوپێکی بۆ بەڕێوە نەبرا. من و هاوڕێ موئەیەد چووینە ناو ئەو بەرنامەیەوە. بۆ ئەو کارەش بە ناسنامەی تەزویرکراوەوە چووینە کتێبخانەی مەرکەزیی زانکۆی بەغدا و لەژێر پاڵتۆی درێژ و قەبەوە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکانی مارکس، ئەنگڵس و لینینمان دزی و هێنامانەوە بۆ سلێمانی. ئەو دزیکردنەش ئەو کاتە ئاسان بوو، چونکە هەرچی پیاو و کادری کتێبخانە هەبوو، بۆ جەیشی شەعبی و سەربازی برابوون، کە ئەو کاتە گەرمەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو. هەندێک کارمەندی ژنیان لەسەر کتێبخانەکە دانابوو، کە شارەزا نەبوون و گومانیان نە دەکرد، لەژێر ئەم پاڵتۆیانەدا ئێمە کتێب بدزین. من و هاوڕێ موئەیەد بە چڕوپڕی کەوتینە دیراسەکردنی ئەو بەرهەمە کلاسیکییانە و خوێندنەوەی کتێبی کەپیتاڵ.

بەم شێوەیە ڕەوتی کۆمۆنیست لە پشتیوانەیەکی تیۆری بەهێز بەهرەمەند بوو، کە ڕێکخراوەکانی دیکە لێی بەهرەمەند نەبوون و بە ئاکادیمیست تۆمەتباریان دەکردین. شایەنی باسە ئەو بایەخدانە بە بەرهەمە کلاسیکییەکانی مارکسیزم ڕێنوێنییەکی

گشتی بوو، بۆ کادران و ڕێکخستنەکانی ڕەوتیش. بۆیە نەک هەر لە ئەڵقەی ناوەندیی ڕەوت، بەڵکوو لە لایەن کادرەکانی تریشەوە بەبایەخەوە وەردەگیرا.

**پرسیار:** سەرەنجام ڕەوت خۆی هەڵوەشاندەوە و لەگەڵ چەند سازمان و کۆڕ و کۆمەڵی دیکەی کۆمۆنیستی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان پێک هێنا. تۆ ئەو هەنگاوەت پێ چۆن بوو؟ بە جۆرێکی ڕۆشنتر مەبەستی خۆم بڵێم: ئایا پێت وایە، ئەو هەنگاوە لە جێی خۆیدا بووبێت؟ وە یان نەخێر نادرووست بووە و دەبووایە پەلەی تێدا نەکرایە؟

**نادر عەبدلحەمید:** یەکەم: پێویستیی بوونی حیزبێکی مارکسیست و کۆمۆنیست نەک هەر لەباری نەزەرییەوە، بەڵکوو لەباری عەمەلیشەوە هاتبووە ئاراوە. بەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ و پەرەسەندن و گەشەی خێرای هەموو ڕێکخراوەکانی چەپ و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی ناسیۆنالیزمی کورد و خۆئامادەکردن بۆ خەباتێکی بەرفراوانتر لەسەرانسەری عێراقدا، ئەو زەروورەتە عەمەلییە بوو، کە پێداویستیی ئۆرگانێکی حیزبی هێنابووە ئاراوە.

دووەم: لەباری تیۆری و سیستەمی فکریشەوە بزووتنەوەکە چووبووە سەر یەک خەتی فکری و سیاسی بەگشتی، کە خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو. ئەوەش بەدەوری خۆی فشاری دەهێنا، کە دەبێت ئەو خەتە خۆی کۆ بکاتەوە و لە ڕێکخراوێکی گەورەتردا کە تەواوی بەش و لایەنەکانی بگرێتە خۆ (واتە، لە حیزبێکدا)، یەک بگرێت.

ئەوەی کە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکان هاتبوونە ژێر ئۆتۆریتەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، ئەو ڕێباز و شێوازە بۆ پێکهێنانی حیزبێک لە ڕێگەی خەباتێکی فکری_ سیاسییەوە لەنێوان ڕەوتە جۆراوجۆرەکاندا لە دەستووری کار کاڵ ببووەوە و ئەبوو لە ڕێگەیەکی تر و بە شێوازێکی دیکە بێتە دی. ئەویش یان ئەوەی کە یەکێک لەو ڕەوتانەی ناو چەپ بە ئەندازەیەک پەرە بستێنێت، تا خۆی ببێت بە حیزبێک و ئەوانی دی پێوەی پەیوەست بن. کە لێرەدا ڕەوتی کۆمۆنیست وەک ڕێکخراوێک بە هێزی چەکدارەوە لە هەموو ئەوانی تر شانسی زیاتری هەبوو، کە لەم ڕێگا و شێوازەدا سەرکەوتوو بێت. یان ئەو ڕێگە عەمەلییە بوو، کە هاوڕێ مەنسوور حستییە بەردەم تەواوی هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی چەپ،

ئەویش ڕێگەی پێکهێنانی حیزب بوو، بەدەوری بڕبڕەپشتی کادرگەلێکدا کە پەیمان بدەن بۆ پێکهێنانی حیزب، بەیاننامەیەک ڕابگەیەنن و کادرەکان پێوەی پەیوەست بن. بەڕای من ئەم ڕێگەیە ئەگەرچی گیروگرفتی خۆشی هەبوو، بەڵام سیاسیتر و عەمەلیتر بوو، وە حیزب هەر لەم ڕێگەیەشەوە پێک هات.

سێهەم: بزووتنەوەی چەپی کوردستان کە لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە سەری هەڵدابوو و لە هەشتاکاندا پرۆسەیەکی کامڵبوونی تێپەڕاندبوو، بە هەموو ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەکانییەوە، بەرهەمی بزووتنەوەیەکی دژی ئیستیبدادیی دەوڵەتیی ناوەندی بوو، بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی سیاسی و بەدیاریکراویش دژی دەسەڵاتی بەعس بوو. لەدوای مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١ەوە ئەم فۆنکسیۆنە ڕووی لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستاندا بوو، وە لە ناوەڕۆکی بزووتنەوەکەی نەگۆڕی. بوونی حیزبێکی مارکسیستی ئاوا کە بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری چەکدار بێت، باشترین فرسەت و هەل دەڕەخسێنێت، تا ڕێکخراوەکان و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەیەکی لەو چەشنە (چەپی ڕادیکاڵی دژی ئیستیبدادیی دەوڵەتیی ناوەندی و دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی ناسیۆنالیزمی کورد) پایەگای کۆمەڵایەتی_ چینایەتییان بگۆڕن و بە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و چینایەتیی کرێکارەوە پەیوەست بن و بەعەمەلی ببنە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار.

بە مانایەک، بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی چەپێکی ڕادیکاڵ، ئەبوو ئەو چەپە پەرە بستێنێت و تا ئاستی خۆکۆکردنەوە لە حیزبێکدا کە هەموو یان زۆربەی ڕێکخراوەکان و کادر و هەڵسووڕاوانی بگرێتە خۆی، بەرز بێتەوە. بەو ئەندازەیەی کە ئەم کارە ئەنجام ئەدرێت، جێگۆڕکێی پایەی کۆمەڵایەتی ئەو حیزبە بۆ پەیوەستبوون بە جەمسەرێکی چینایەتیی ئەسڵیی کۆمەڵگە، یانی چینی کرێکارەوە لەبار و گونجاو دەبێت.

بەڕای من هەنگاوەکە واتە، چوونە پای پێکهێنانی حیزب، بەپێی ئەو بەڵگانەی سەرەوە لە شوێنی خۆیدا بوو، گەرچی ئەم حیزبە بەدرێژایی زیاتر لە دەیەونیوێک لە جێگۆڕکێی چینایەتیی خۆی لە ئۆرگانی ڕێکخەر و ڕابەری بزووتنەوەیەکی دیموکراسیی شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵی جەماوەریی دژی ئیستیبداد و سەرکوتی سیاسییەوە بۆ ئۆرگانی ڕێکخەر و ڕابەری بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کرێکاران و زەحمەتکێشان سەرکەوتوو نەبوو. یان بەواتایەکی تر، نەیتوانی ببێتە نوێنەری

سۆسیالیزمی کرێکاری لە بار و دۆخی سیاسیی کوردستانی ئەو کاتەدا (هەڵبەتە تا ئێستاش).

دەشێت لە پرۆسەی پێکهێنانی حیزبەکەدا و لێرە و لەوێ لایەنە جۆراوجۆرەکانی بدرێنە بەر ڕەخنە، یان ڕەخنە لە کەموکووڕییەکانی بگیرێت. ئەوەش ئاساییە و هیچ پرۆسەیەک نییە، بێ خەوش بێت و کەموکووڕی تێدا نە بێت. ئەو خەوش و کەموکووڕییانە ناتوانن خودی پرۆسەکە ببەنە ژێر پرسیارەوە. ئەم پرۆسەیە وەڵامی زەروورەتێکی مێژوویی پەرەسەندنی بزووتنەوەیەک لە هەلومەرجێکی سیاسیی دیاریکراو لە کوردستانی عێراقدا بوو.

بەدوای ڕاگەیاندنی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا، مەسەلەی سەروسامانداندن بە ئۆرگانە ڕێکخراوەییەکانی ئەو حیزبە کارێکی دەستبەجێ بوو. ئەمە پرۆسەیەک بوو، درێژەی کێشا و هەر لایەنە لە پێکهێنەرانی ئەو حیزبە دەیویست ژمارەیەکی زۆرتر لە کادرەکانی خۆی لە جێگەوڕێگەیەکی بەرزتر دابمەزرێنێت و لەو نێوەدا بەشێک لە کادرەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست، کە گەورەترین و بە ئۆتۆریتەترین و پڕ کادرترین ڕێکخراوی پێکهێنەری ئەو حیزبە بوو، شوێنی شیاوی خۆیان وەرنەگرت و جۆرێک لە ناڕەزایەتی لەنێو کادرەکانی هاتە ئاراوە و دواتر کاریگەری سەلبیشی بەجێهێشت.

پاشان مەسەلەی ڕەخنەگرتن لە سوننەتەکان هاتە ئاراوە. وابزانم، لە لایەن هاوڕێ ڕەحمانی حوسێنزادەوە بوو. چەند ساڵێکیش ئەم باسە هات و چوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتی و پارتیدا لەئارادا بوو، وە ئەو دوو حیزبە هەم ڕیسوا ببوون و هەم یەکترییان شەل و سەقەت کردبوو، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق گەرچی لە شکڵدا وەک هێزی سێهەمیش دەهاتە بەرچاو، بەڵام نەیتوانی ببێتە ئەڵتەرناتیڤ لە کۆمەڵگەدا.

بەڕای من گرفتەکە لە مەسەلەی سوننەتەکان ئەسڵیتر و ڕیشەییتر بوو. ئەویش پچڕانەوەی ئەو حیزبە بوو لە ڕیشە مێژووییەکانی خۆی و پەیوەست بوون بوو بە جەمسەرێکی تری چینایەتیەوە. هەڵبەتە ڕەخنە لە سوننەتەکانی پێشوو ئەڵقەیەک دەبوو لەو پرۆسەیە. بەڵام گرفتی تێزی ڕەخنە لە سوننەتەکان لەوەدا بوو، خودی ئەو حیزبەی کە پێک هاتبوو، بە حیزبێکی کۆمۆنیستیی کرێکاری دەژمارد، کە سوننەتی ڕابردووی تێدایە. بۆئەوەی پاک بێتەوە و پەرە بستێنێت، دەبێ ڕەخنەی لێ بگیرێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە ئەو حیزبە لە ڕووی مێژوویی و واقیعییەوە

لەدرێژەی بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی چەپ و شۆڕشگێڕی نا کرێکارییەوە پەیدا ببوو، کە ئەبووایە جێگۆڕکێی کۆمەڵایەتی بکردایە. ئەوە ئەڵقەی ئەسڵی بوو، نەک ڕەخنە لە نەریتەکانی ڕابردوو. کە هەڵبەتە وەک وتم، ئەمەش لەو پرۆسەیەدا دەیتوانی ئەڵقەیەکی تەواکەر نەک ئەڵقە مەرکەزییەکەی بێت.

خاڵێک کە لێرەدا پێویستە سەرنجی بدەینێ، ڕووهێنانی بەرفراوانی ڕۆشنبیران و لاوانی تینووی ئازادی بۆ ناو حیزب لە کوردستانی نەوەتەکانی سەدەی بیستدا بوو، کە خوازیاری ژیانێکی بەختەوەر و مۆدێرن بوون. ئەم دیاردەیە لە خودی خۆیدا شتێکی نەرێنی نییە، بەلام لە ئەنجامی نەتوانینی جێگۆڕکێی کۆمەڵایەتیی ئەو حیزبە، کە بتوانێت ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە بخاتە خزمەت مەسەلەیەکی ترەوە، ئەوا ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە لەو فەترە مێژووییەدا مۆرکی خۆی لە ژیانی ئەو حیزبە ئەدات. ئەگەر بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێینەوە، دەبینین، دیاردە و ڕواڵەتگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێو ژیانی ناوخۆیی ئەو حیزبە و لە پەیوەند بە کۆمەڵگەوە هەبوون، کە بە ژیانی کۆمەڵایەتی، کاری کۆمەڵایەتی_ جەماوەری و کۆمۆنیستی نامۆ بوون. ئەوەی کە حیزب لەو ماوەیەدا نەیتوانی لە کۆمەڵگەدا ببێتە ئەڵتەرناتیڤ و یەکێتی و پارتیش لە کۆتایی نەوەتەکاندا و دوای کۆتاییهێنان بە شەڕەکەیان سەروسامانیان بەخۆیان و دەسەلاتیان دایەوە، حیزبی بەرەو لاوازی و کزی برد. ئەمە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتیدا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا بەڕۆشنی دەرکەوت، کە حیزب لە هیچ یەکێک لە شارەکاندا نوێنەری دەرنەچوو. دەستدرێژیی چەکدارانەی یەکێتی و تیرۆرکردنی پێنج لە هاوڕێیان لە هاوینی ٢٠٠٠دا، لەڕاستیدا ڕەسمییەتی بە پاشەکشەیەک دا، کە خۆی دەمێک بوو، حیزب پێی گەییشتبوو، وە گوڕ و گوژمێکی زیاتری بە پەراوێزکەوتنی ئەو حیزبە لە کۆمەڵگەدا بەخشی، نەک ئەوەی کە ئەم لێدانە چەکداری و خوێناوییە هۆکاری پەراوێزکەوتنی حیزبەکە لە کۆمەڵگەدا بێت.

خەسڵەتەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست (لەڕووی توانای تیۆری و کاری ڕێکخراوەیی و عەمەلی) لەناو حیزبدا توانەوە و لەبەرانبەردا ئیبتیزالی تیۆری و سەتحیگەرایی و ئیختیارییەت لە گرتنەبەری تاکتیکدا دەستی بالایان بەدەست هێنا. پاشان بێ ئاسۆیی سیاسی بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوە لە حیزب و کۆچ و ڕەوی کادر و ئەندامان بەرەو دەرەوەی ولات. دوای ئەوەش سەرهەڵدانی ڕەخنە لە ڕابەرایەتی وەک تێزێک بۆ ڕەخنەگرتن لە حیزب ڕەواجی پەیدا کرد.

پەیوەندی و یەکێتییەکی بەهێز، کە لە پرۆسەی شکڵگیریی ڕەوتی کۆمۆنیست و بەرەوپێشبردنی ئەو ڕێکخراوەدا لەنێوان ئەو سێ کادرەی پێکهێنەری ڕەوتی کۆمۆنیستدا هاتبووە دی، لەناو ئەو دۆخە سیاسی و فکرییە تازەیەدا، کە بە پێکهێنانی حیزب هاتبووە ئاراوە، لەبەریەک ترازا. هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا ڕۆیشت. بەشێکی بەرچاوی کادرەکانی ڕەوت وێڕای هاوڕێ موئەیەد و من، هەستمان دەکرد، ئەم پرۆسەیە گرفتێکی تێدایە و کەوتینە ڕەخنەگرتن. لەو پرۆسەیەدا هەر زوو بەشێک لە کادرەکان چوونە دەرەوەی حیزب. منیش دواتر و لەنێو ئەو پرۆسەیە لە ڕەخنە و کێشمەکێشی سیاسی و فکری، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٠دا واتە، مانگێک و هەفتەیەک بەر لە لێدانی چەکدارانەی حیزب لە لایەن یەکێتی و تێرۆرکردنی ئەو پێنج هاوڕێیەمان، حیزبم بەجێهێشت و بە نامەی ڕەسمی دەستم لەکار کێشایەوە. هەرچی هاوڕێ موئەیەدیشە، تا ئێستاش وەک "خەت"ێک بە جۆرێک لە جیاوازییەوە لەژێر سایەی خەتی فەرمی و گشتی ئەو حیزبەدا و لەژێر ئەو بنمیچەدا هەر ماوەتەوە.

ئەوەی کە لەو نێوەدا جەوهەرییە، لەگەڵ بوونی ڕەخنە لە ناهەمواریيەکانی ئەو حیزبە (بەتایبەت لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی بیستدا)، بەڵام نەتوانرا لە لایەن هیچ یەکێک لە ئێمەوە خەتێکی ئەڵتەرناتیڤ بخرێتە ڕوو. درووست هەر وەکوو چۆن ڕەخنەکانی هاوڕێ ترۆتسکی لەو خەتە فکریی سیاسییەی کە ستالین لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیست دەیبردە پێشەوە. ئەو ڕەخنانە لە خودی خۆیاندا شتێک نەبوون، نادرووست بن، بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو، کە ئەم ڕەخنانە لە دەزگای فکریی ترۆتسکیدا وەک ئەڵقەی ئەسڵی بۆ ڕزگارکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەبەرامبەر هەژموونی ناسیۆنالیزمی ڕووسیدا دەخرانە ڕوو، کە لەناوەوەی حیزبی بۆڵشەڤی و شۆڕشی ئۆکتۆبەردا باڵادەستی بەدەست هێنابوو.

بەم شێوەیە کێشمەکێشەکانی ئەو سەردەمە هەستیارە لە مێژووی کۆمۆنیزم لەنێوان هەر دوو جەمسەری ستالین و ترۆتسکیدا، لە غیابی ئەوەی کە هیچ کام نوێنەرایەتیی خەتی فکری و سیاسیی لێنین بکات، بەڕێوە چوو.

هەڵبەتە خەتی ترۆتسکی خەتێکی ئازادیخواز و ڕەخنەگر بوو، نەک ڕەخنەگرێکی سۆسیالیستی و کرێکاری. هەر بۆیە کرێکار و سۆسیالیزم لە تیۆرییەکانی ترۆتسکی لەبەرامبەر ستالیندا ئەڵتەرناتیڤ نەبوون.

ئێمەش لەگەڵ هەموو هەستکردنێک بە لارولەوێر و کەچ ڕۆیشتنێکی ئەو حیزبە و ڕەخنەگرتنێک لێی، بەڵام سەرەنجام نەمانتوانی لەو چرکەساتە هەستیارەی ژیانی ئەو حیزبەدا نوێنەرایەتیی هێڵێکی فکریی سیاسیی سۆسیالیستی و کرێکاری بکەین و وەک ئەڵتەرناتیڤ لەبەرامبەر خەتی ڕەسمی حیزبدا بیخەینە ڕوو، وە کادرەکان کۆ بکەینەوە و بەدەوریدا هێز هەڵخڕێنین. درووست هەر وەکوو چۆن خەتی لێنین لە کۆتایی ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بەبێ نوێنەرایەتی لە خەت و ئەڵتەرناتیڤێکدا، لە مەیداندا بزر بوو، ئاواش لە مێژووی ئەو حیزبەدا خەتێک کە نوێنەری سۆسیالیزم و کرێکار بێت، بزر بوو. دیارە ئێرە شوێنی پێداچوونەوە بە مێژووی ئەو حیزبەدا نییە، بەڵام من ناچار بووم، ئەم چەند برگەیەی سەرەوە لە ژیانی ئەو حیزبە باس بکەم، ئەویش بۆ ئەوەی وەک تەناقوزێک بیخەمە ڕوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لام وایە، پێکهێنانی حیزبەکە لە کات و شوێنی خۆیدا بوو، ئەگەرچی ئەو حیزبە ئەو پرۆسەیەی، کە ئەبوو، بیبرێت، تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، وە ئەو مەبەستەی کە لە پێناویدا دامەزرا، چ لە کاتی خۆیدا و چ دواتریش نەهاتە دی. ئێمە وەک کادرانی ڕابەر لەو پرۆسەیەدا بەرپرسین. سەرەنجام لەم پرۆسەیەدا جۆرێک لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی کوردستانی (و عێراقی) شکڵی گرت، کە لە ناوەڕۆکدا بە کۆمۆنیزمی کرێکاری نامۆیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆتایی بە قۆناغێکی مێژوویی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزمێکی ڕادیکاڵ هێنا و دەروازەیەکی تری بۆ خەباتی کۆمۆنیستی کردەوە.

بە پێکهێنانی ئەو حیزبە، کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک سیستەمێکی فکری_ سیاسی، باڵادەستی بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستان و عێراقدا بەدەست هێنا، گەرچی ئەوە بەو مانایەش نایات، هەرچی لەژێر ناوی ئەو سیستەمە فکرییەدا کار بکات، نوێنەرایەتی کۆمۆنیزم و کرێکار دەکات.

ئەیلوولی ٢٠١١

## "گرووپی مارکسییه لێنینییەکانی عێراق/ ڕێکخراوی کار"
### (گفتوگۆ لەگەڵ زاهیر باهیر، ئیبراهیم ئیسماعیل و مەلا ڕەئووف)

"گرووپی مارکسییە لینینییەکانی عێراق/ ڕێکخراوی کار" یەکێکە لەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستییانەی کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو هاتە نێو مەیدانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە عێراقدا.
بۆ شارەزایی سەبارەت بەم ڕێکخراوە و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزم لەو دەورەیەدا، گفتوگۆیەک لەگەڵ "زاهیر باهیر، ئیبراهیم ئیسماعیل و مەلا ڕەئووف" وەک دامەزرێنەران و ڕابەرانی ئەو ڕێکخراوە ساز ئەکەین.

**پرسیار:** بەڕێزان زاهیر باهیر، ئیبراهیم ئیسماعیل، مەلا ڕەئووف! ئەوەندەی من بیتەوە بیرم، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا "کار" وەکوو ڕێکخراوێک و هەمیشە لەگەڵ کارگەران ناوی دەهات و دەوترا، ڕێکخراوی کار و کارگەران. پێش هەر شتێک پێم باشە ئەوە بپرسم، کار بەلای خۆتانەوە وەکوو ڕێکخراوێک چاوی لێ دەکرا، وە یان وەکوو ئەڵقە و مەحفەلێک؟ پاشان ناوی تەواوەتی کار وە یان "العمل" چی بوو؟ ناوی ڕێکخراوەکە بەنێوی کارەوە چ مانا و مەبەستێکی دیاریکراوی لە پشتەوە بوو؟ کار کەی دامەزرا و دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ ئایا بەبۆنەی دامەزراندنییەوە هیچ ڕاگەیاندنێک بڵاو کرایەوە؟
**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** کار گرووپێک بوو لە خەڵکانی جیاواز، کە کاری سیاسییان لە گرووپ و ڕێکخراوی لێنینی_ ماوی لە سەرەتای هەفتاکان و خەڵکانێکی تر کە هەر لەو سەردەمانەدا لە گەڵ حیزبی شیوعیی عێراقی (قیادەی مەرکەزی) کاریان کردبوو، هەروەها کەسانێکی تر کە هەر زوو لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پچڕا بوون، وە یان کۆنە جەلالی و پارتی یان هەر هیچ پەیوەندییەکیی سیاسییان پێشتر لەگەڵ چ ڕێکخراو و گرووپێکدا نەبووە.

ئێمە وا دێتەوە یادمان، کە کار لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ لە نێوانی مانگی سێپتەمبەر و کۆتایی ئەو ساڵەدا یا خود سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا درووست بوو. ئەمەش پاش ئەوەی کە زۆربەی ئەو برادەرانەی پێشتر لە قیادەی مەرکەزی (وەحدەتول قاعیدە)دا بۆ ماوەیەکی کورت کاریان کرد و هەر زوو بەو سەرئەنجامە گەییشتن، بەهۆی بوونی کێشەی بنەڕەتیی فکری و چۆنیەتی چالاکیکردن و هەنگاوی عەمەلی بە هیچ شێوەیەک ناتوانن، لەگەڵ ئەو هێڵە سیاسییەدا بڕۆن. هەموو ئەمانە وای کرد، کە زۆربەی هاوڕێیان واز لەو ڕێکخراوە بهێنن و شتێکی تر درووست بکەن.
دامەزرێنەرانی گرووپە تازەکە بریتی بوون لە: ئیبراهیم ئیسماعیل، (ل. ک)، زاهیر باهیر، تەیب عارف و ئەشرەف نامیق. هەروەها هەر زۆر زووش مەلا ڕەئووف و دوای ماوەیەکیش ئەکرەمی حەپسە (یادی بەخێر) پەیوەندییان پێوە کردین.
ناوی ڕێکخراوەکە بە کوردی "گرووپی مارکسییە لینینییەکانی عێراق" و بە عەرەبیش "فصیلة مارکسیة لینینیة عراقیة" بوو، بەڵام لەناو خەڵک و نێو گرووپەکانی تردا هەر بە ناوی ڕێکخراوی کارەوە دەناسرا، کە زمانی حاڵیان ڕۆژنامەی کار بوو.
بڵاوکراوەکەمان ناونا "کار". ناونانیشی بەنێوی کارەوە بەهۆی ئەو پەیامەوە بوو، کە دەیویست بیگەیەنێت، کە کارکردن بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوو. ڕێکخراوی کار، کاری بۆ درووستکردنی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەکرد.

**پرسیار:** ڕێکخراوی کار بێگومان ڕێکخراوێکی سەرتاسەری بوو، تەنانەت ئۆرگانێکیشی بە زمانی عەرەبی بەنێوی "العمل"ەوە هەبوو، بەڵام لەڕووی هەڵسووڕان و ڕێکخراوەیییەوە بازنەی کاری کوێ بوو، وە یان بڵێین، لە چ شار و ناوچەیەک ئەندام و لایەنگری هەبوو؟ ئەکرێ بزانرێ ژمارە و قەبارەی ڕێکخراوەکە چەند و چۆن بوو؟ لە چ جۆرە کەسانێک پێک هاتبوو، واتە پێکهاتەی چینایەتیی ئەندامانی چی بوون؟
**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** ڕاستە ئێمە ئامانجمان هەموو عێراق بوو، بەڵام سەنگ و قورسایی ڕێکخراوەییمان لە کوردستاندا بوو. ئێمە خەڵکمان لە بەسرە و بەغدادیش هەبوو. هاوڕێیانی بەسرەمان زۆربەیان شەهید بوون، ئەو هاوڕێیەیش کە بەرپرسیاری ڕێکخستنی بەغدا بوو، تێدا چوو. ئیتر بەهۆی ئەمەوە ئەو

پەیوەندییە بچڕا و ئیدی بە حوکمی ئەو بار و دۆخە نالەبارەی ئەو سەردەمە هیچ لایەکمان ئەوی ترمانی نەدۆزییەوە.
لە هەقەتدا کارێکی هەر وا ئاسان نییە، کە بزانین، لەو کاتەدا ژمارەمان چەند بوو، بەڵام ئێمە ڕێکخراوێکی گەورە نەبووین. هاوڕێیانێک کە لەگەڵماندا بوون، لە چین و توێژاڵی جیاجیاوە هاتبوون. وەکوو: جووتیار، کرێکار، مامۆستا، کاسبکار، ئەندازیار، فەرمانبەر، قوتابییانی زانکۆ و ئامادەیی لە کچان و کوڕان، خەڵکانی موختەفیی سیاسی و سەربازی ڕاکردوو... هتد.

**پرسیار:** لەو دەمەدا و لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە حیزبی شیوعیی عێراقی، سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات هەبوو، زیاتر کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیری "ماوتسیتۆنگ"ەوە. لە ڕاستیدا ئەو دەمە ئیتر بیری ماویش ئەو برەوەی نەمابوو. باس لە گەڕانەوە بوو، بۆ سەر سەرچاوە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم (مارکس، ئەنگلس، لینین). لەم نێوەشدا شۆڕشی ئێران و یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و خودی مەنسوور حیکمەت ڕۆڵی گەورە و گرنگیان بینی. هەرچی ڕێکخراوی کار بوو، بە پێچەوانەی گشت ئەوانەوە، وەکوو ڕێکخراوێکی ترۆتسکی لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی دەناسرا. کاریگەریی ئەو ڕێبازە لەو دەمەدا بەسەر ئەو ڕێکخراوە، وە یان دروستتر بڵێین، پێکهێنانی ڕێکخراوێک لەو تێڕوانینەوە چۆن ڕاڤە دەکرێ؟
**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** ئێمە یەکێک بووین لەو ڕێکخراوانەی هەر لە سەرەتای دروستبوونمانەوە زۆر بە باشی لە سیاسەتی ڕووسیا و چین گەییشتبووین. هەر بۆیە زۆر بەتوندی ڕەخنەمان لێ دەگرتن. ئێمە هیچ وەختێک نە ماوی بووین و نە ترۆتسکی. تێڕوانینی خەڵکان و گرووپەکانی تر بۆ ئێمە کە گوایە ترۆتسکی بووین، ڕەنگە بە دوو هۆ بووبێت: یەکەمیان، ئێمە ڕەخنەمان لە کارەکانی لینین و نووسینەکانیشی دەگرت. دووهەمیش، ئێمە شلە پەیوەندییەکمان لەگەڵ ڕێکخراوی وەحدەتی کۆمۆنیستیی ئێراندا هەبوو، کە هەندێک هاوڕێمان لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی ئێراندا، لەوێ دروستیان کردبوو. وەحدەتی کۆمۆنیستیش پەیوەندییان لەگەڵ سۆسیالیست وەرکەر پارتی بەریتانیدا پتەو بوو، کە ئەو پارتە لەڕووی فکرییەوە تێکەڵەیەک لە فکریی لینینی و ترۆتسکی بوو. وەحدەتی کۆمۆنیستی کتێبێکی ئەوانیان بۆ فارسی بە ناوی "چی بکەین؟" تەرجومە کردبوو و

هاوڕێیەکی ئێمەش هەر لەو سەردەمەدا بۆ کوردی وەریگێڕا. ڕەنگە ئەم دوو هۆیە بووبێت، کە خەڵکی، ئێمەی بە ترۆتسکی ناو بردبێت. ئەمە جگە لەوەی ئەو نەریتەش لە ئارادا هەبوو، گەر گرووپێک ئەوی تری بەدڵ نەبووایە، ئەوە ئاسایی بوو، کە ناوی بە ناوێک کە لەناو خەڵک و کۆمەڵگەدا خۆشەویست نەبوو، بزڕێنێت. سەبارەت بە مەنسوور حیکمەت، هیچ کام لە ئێمە تاوەکوو لە عێراق بووین، ناوی ئەومان نەبیستبوو، لە هەقەتدا ئەوەی کە لەو سەردەمە لە هەموو کەسێکی تر زیاتر لەناو بزووتنەوەی ئێرانییەکاندا دیار بوو، عەبدوڵای موهتەدی بوو، وە ئەو کات هەر باس و خواسی کاسێتەکانی ئەو بوو بەدەست هاوڕێیانی کارگەرانەوە.

**پرسیار:** ئێوە ئەڵێن، ڕەخنەمان لە لینین هەبووە، ئایا هەر ڕەخنەتان لێی هەبووە، وە یان لە لای ئێوە لینین هەر وەک ماوتسیتۆنگ ڕەت ئەکرایەوە؟ ئەگەر بکرێ، بزانین، ڕەخنەکانتان چی بوون؟

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** ئێمە لینین و لینینییەتمان ڕەت نە کردبووەوە، بەڵکوو تەنها ڕەخنەمان لەسەری هەبوو. ئەو مەسەلانەش ئەوەندەی من و ئیبراهیم بێتەوە خەیاڵمان لەو سەردەمەدا ٣ مەسەلە بوون: یەکەمیان، سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی و حەلی لینینییانە. دووهەم، مەسەلەی تەرکیبی حیزبی کە دەتوانین پێی بڵێین پارتی هیراشی، هایراکی، یان قوچکەیی، گەرچی ئێمە خۆشمان خۆمانمان بەتەواوی لێ ڕزگار نە کردبوو، ئەویش بەهۆی ئەو بار و دۆخە سرپییەی لە سایەی ئەو ئیرهابە گەورەیەی کە هەم لە لایەن دەسەڵاتەوە و هەم لە لایەن بزووتنەوەی کوردی و ئیسلامییەوە بەسەرماندا سەپێنرا بوو. ئێمە لەو سەردەمەدا جگە لە خۆمان گرووپی ترمان نە دەبینی، کە لە هەمان کاتدا ئیرهابی هەر سێ لای لەسەر بێت. سێهەم، ئێمە هەستمان بەوە کردبوو، کە لینین و پارتەکەی لە حوکمدان و مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم موعارەزەکانی تردا، هەر لە ئەنارکیستەکانەوە، تاکوو مەنشەڤییەکان و مارتۆڤییەکان و هەموو لایەنە چەپەکانی تر، کە زۆر جار لینین تەشهیری پێ دەکردن، زۆر نا عادیلانە بوو. بەپێچەوانەی ئەوانەوە ئێمە هەمیشە پەیوەندییەکی هاوڕێیانەمان لەگەڵ دەستە و گرووپەکانی تردا هەبوو، هەر لە خەڵکانی ناو کۆمەڵە، کارگەران، دەستەی پێشەوا، کۆمەڵێکی تر هەبوون کە ئێمە پێمان دەوتن فەوزەوییەکان، قیادەی مەرکەزی هەتا عەناسرە هەرە باشەکانی ناو لیژنەی مەرکەزیش. تەنانەت ئێمە خەڵکمان بۆ شاردوونەتەوە، خەڵکمان بە

سەیارەی خۆمان بۆ گواستوونەتەوە و بە چەکیش یارمەتی یەک دوو گرووپێکیانمان داوە. بەداخەوەین، کە بڵێین، ئەم ڕۆحییەتەمان لە گرووپەکانی تردا نەدەبینی، یان هەر زۆر کەم.

**پرسیار:** تێڕوانینی کار بۆ هەر یەکێک لەمانە چی بوو: حیزبی شیوعیی عێراقی (لیژنەی مەرکەزی)، حیزبی شیوعی عێراقی (قیادەی مەرکەزی)، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ؟

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** حیزبی شیوعی هەر دوو باڵەکەی لای ئێمە ڕێکخراوی نا کۆمۆنیستی بوون. ئەمیان ئەڵقە لە گوێی سۆڤێت و ئەوی تریان چین بوو. ئەمە جگە لەوەی کە لیژنەی مەرکەزی لەگەڵ ڕژێمی ئەو سەردەمەدا لە بەرەی نیشتمانیدا بوون، قیادەی مەرکەزیش بووبووە پاشکۆی بزووتنەوەی کوردی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هەمیشە ڕەخنەشمان لە جۆری ئیشکردن و مامەڵەیان لەگەڵ ئەندام و چەکدارەکانی خۆیاندا دەگرت، کە مامەڵەیەکی وەحشییانە بوو. جاری وا هەبوو، دەگەییشتە ڕادەی تێرۆرکردنی هاوڕێیانی خۆیان.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانمان بە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دەزانی. پێشبینی ئەوەشمان دەکرد، کە ببێتە بنەی خەڵکانی شۆڤێنی و توندڕەو و دیکتاتۆر. ئێمە بەگومان بووین لەوەی، کە ئەم ڕێکخراوە هەرگیز ببێتە ڕێکخراوێکی مارکسی_ لینینی. چوونە دەرەوەیان و دەستدانە چەکیان لای ئێمە گەورەترین هەڵە بوو، وە بە کارێکی خۆکوژیمان دەزانی و ئەوەمان دەزانی، کە هەر ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بیەوێت کار بکات، دەبێت سەنگ و قورسایی خۆی بخاتە سەر شارەکان. هەموو ئەمانە لەگەڵ هەبوونی هەندێک جیاوازی بنەڕەتیی تری فکریمان، خلافی نێوانمان بوون، کە هەمیشە بە دوو هێڵی تەریبی دەڕۆیشتین و نە دەگەییشتینە یەک. بەڵام نکۆڵی لەوە نە دەکرا، کە هەندێک خەڵکی زۆر باشیان لەگەڵدا بوو، بەڵام دەمانزانی لەژێر ڕکێفی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا مەحاڵ بوو، ئاراستەی کۆمەڵە بە لایەکی تردا بڕوا، جگە لەوەی کە گرتییە بەر. شایانی باسە، ئەوەش بڵێین، کە ئەم هەڵوێستانەی ئێمە مەترسی زیاتری لەسەر ژیانی هاوڕێیانمان درووست کردبوو، هەتا گەییشتە ڕادەی هەڕەشەی کوشتن.

**پرسیار:** هەر وەکوو باسم کرد، لەو دەمەدا ناوی کار و کارگەران پێکەوە دەهات، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەو ڕێکخراوە چۆن بوو؟ ئەوەندەی من بزانم، ئەگەرچی قسەکردن لەسەر کار یەکێک بوو لە بابەتە سەرەکییەکانی ڕەخنەی کارگەران، بەڵام لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ نادر عەبدلحەمید ئاماژە بە پەیوەندییەک لەنێوان ئەو دوو ڕێکخراوە دەکات. ئێمە دەپرسین، ئەو پەیوەندییە چۆن بووە و لە چ ئاستێکدا بووە؟

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** ئێمە دوو ڕێکخراوی جیاواز بووین، بەڵام لە زۆر بواردا هاوکاری یەکترمان دەکرد. ڕەنگە بتوانین بڵێین، نزیکترین گرووپ بوون لێمانەوە. پەیوەندیی نێوانمان بۆ پاراستنی نهێنی و لەیەک ئاشکرانەبوونی هاوڕێیان، تەنها لەسەر ئاستی فەرد هەبوو، کە لە لایەن کارگەرانەوە بەختیار مستەفا و پێمان وایە، جەبار مستەفاش، لە تەرەفی کاریشەوە زاهیر، ئیبراهیم و مەلا رەئوف بوون، بەڵام نەک بە یەکەوە بەڵکوو بەجیاجیا.

**پرسیار:** ڕێکخراوی کار چ لێکدانەوەیەکی بۆ سیستەمی ئابووریی عێراق هەبوو؟ هەروەها چ تێڕوانینێکی بۆ حکوومەتی عێراق هەبوو؟ چۆن بیری لە ڕووخاندنی ئەو حکوومەتە دەکردەوە، یان با ڕۆشنتر پرسیارەکەم بکەم، ئایا بیری لە خەباتی چەکدار دەکردەوە، یان نەخێر بۆ ئەو کارە، هەر ڕێکخستنی کرێکاران، ڕابەرایەتیی ناڕەزایەتییەکانیان و سەرەنجام ڕاپەڕینیانی دەگرتە بەر؟

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** ئێمە سیستەمی ئابووریی عێراقمان بە کۆمپرادۆری و تێکەڵەیەک لە ئابووریی سەرمایەداری و فیئۆدالی دەزانی. جۆری شێوازی فەرمانڕەواییشیمان بە دیکتاتۆرییەت و فاشییەت دەزانی. ئێمە لە سەروبەندی دیراسەیەکی چڕوپڕی باشناسینی ئابووریی عێراقدا بووین. هاوڕێیەکمان بە هاوکاری ئەوانی ترمان ڕەنجێکی زۆری بۆ دا و سەرچاوەیەکی زۆریشی بۆ پەیدا کرد، بەڵام بەهۆی دەرچوونمانەوە لە عێراق، نووسینی ئەوە دواخرا و دواتریش کە گەییشتینە ئەورووپا، ئەو پرۆژەیە بەتەواوی لەبار چوو.

وەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێی کرد، ئێمە هەرگیز باوەڕمان بە خەباتی چەکداری نەبوو. هەمیشە شارمان بە بنکەی خەبات و خۆپێشاندان و ڕاپەڕین دەزانی. کە ئەمەش خاڵێکی جیاوازیی نێوانی ئێمە و زۆربەی ڕێکخراو و گرووپەکانی ئەو سەردەمە بوو. لەپاڵ دەرککردن بە مەترسی ئیسلامییەکان، ڕزگارکردنی خۆمان لە دۆگما، ئەویش بە ڕەخنەگرتن لە لێنین و فکری لێنین و گەلێکی تریش.

**پرسیار:** تێڕوانینی گرووپی کار بۆ پرسە دیمۆکراتییەکان چۆن بوو؟ بە مانایەکی تر، ئایا پێتان وابوو، ئەو پرسە دیمۆکراتییانەی کە بە چارەسەرنەکراوی مابوونەوە، ئەرکی بۆرژوازییە و ئەوەی کرێکاران لەسەریانە، بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستییە؟

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** ئێمە باوەڕمان بە دابەشکردنی جیهان نەبووە بە ٣ بەشەوە، واتە جیهانی ٣ و دوو یەک کە ئەمەریکا و شوورەوی جاران بوو. کە ئەمەش هێڵێکی جیاکەرەوە بوو، لەنێوانی ئێمە و گرووپەکانی تردا. ئا لەمەشەوە توانیبوومان، ڕەدێکی تەواو و بەجێی چەمکی "گەشەسەندنی نا سەرمایەداری"، کە لیژنەی مەرکەزی باوەڕی پێی هەبوو، بدەینەوە، کە ئەمەش بناغەی هەموو شتەکانی ترە. واتە، گەر تۆ مەسەلەکانی وەکوو زەویوزار و نەتەوایەتی و بەپیشەسازیکردنی وڵات و شتەکانی تر بۆ شۆڕشی بۆرژوازی دابنێیت، ئەمە دەقاودەق ئەوەی لیژنەی مەرکەزی بوو، کە ئەوان هەمان شتیان دەوتەوە. بەڵام ئەوان ئیزافەیەکیان هەبوو: ئەگەرچی ئەو شتانە لەو قۆناغەدا دەکرێن، بەڵام دەتوانرێت، لە سەرمایەداری خۆ بپارێزرێت. ئەمەش یانی، بە کردنی ئەمانە لەو قۆناغەدا، ڕێگا بۆ سۆسیالیزم خۆش دەکرێت، بەبێ ئەوەی بە قۆناغی سەرمایەداریدا بڕوات.

دیارە ئێستا من (زاهیر) ڕام لەسەر سەرجەمی مەسەلەکان زۆر جیاوازە، بەڵام گەر بەو تێڕوانینانەی ئەو سەردەمەوە تەماشای بکەم، دەڵێم، ئەمانە گەر لە سایەی حیزبێکی بۆرژوازی وەکوو لیژنەی مەرکەزی یا بەعسدا بکرایە، ئەوە سەرئەنجامەکەی هەر سەرمایەداری دەبوو. هەرچی ئێمە بووین، دەمان وت، بۆرژوازی و هەموو حیزبەکانی عاجزن لەوەی، ئەو مەسەلانەی کە لە سەرەوە ناونووسم کردن، لابەلا بکەنەوە، چونکە پێکهاتەی چینایەتی و ڕێڕەوی تێکۆشان و بەرنامە و ئامانجیان لە کردنی ئەوانەدا ڕێگر دەبوو. بۆیە ئێمە ئەمانەمان بە موهیمە یا ئەرکی سەرشانی پارتی کۆمۆنیست، یان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەزانی. هەرچەندە ئێمە بەرنامەی لایەنی خواروو و لایەنی سەروومان هەبوو، بەڵام ئێمە هیچ کات مەبەستمان ئەوە نەبووە، بەرنامەی لایەنی خواروو یانی، قۆناغی دیمۆکراتی، یا بۆرژوازی، دەبێت ئەمە بکرێت، دواتر یا لە قۆناغی ئایندەتردا مەسەلە سۆسیالیستییەکان ئەنجام بدرێن. ئێمە لەوێدا تەنها ئەوەمان بۆیە دانابوو، چونکە

دەرکمان بەوە کردبوو، کە ئەو بەرنامەی لایەنی خوارووە، داخوازییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆربەی زۆری خەڵکەکەیە و دڵنیا بووین، خەڵکیش لە دەرەوەی ئێمە هەر خەبات بۆ ئەوە دەکەن. جا لەبەر ئەوە ئەرکی سەرشانمان بوو، هەم دایان بنێین و خەباتی بۆ بکەین، هەم سەپۆرتی خەڵکیش بکەین، کە لە دەرەوەی ئێمە خەباتی بۆ دەکەن. ئەو مەسەلانە لای ئێمە بەشێک لە ئەرکی کۆمۆنیستەکان لە شۆڕشی سۆشیالیستی لەو وڵاتانەدا بوون. یان ڕاستتر، بوونەتە گۆشتی گەردەمل و کەس نایەوێت، کاری تێدا بکات، وە بۆرژوازیش جارێکی تر ناگەڕێتەوە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەکانی تر، کە حەلی بکات، ئەوەیش بە بیانووی ئەوەی، کە لەبیری چووە، یان بەجێی هێڵاوە بۆ ئەم کاتە یان لە ئێستادا بە زەرووری دەزانێت بیکات. بێگومان هەر لە کوردستاندا نەبوو، کە ئەو مەسەلانە لابەلا نەبووبوونەوە، بەڵکوو لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا هەروا بە دەستلێنەدراوی مابوونەوە.

**پرسیار:** بەپێی وەڵامەکەتان بێت، ئێوە ئەگەرچی ئەو ئەرکانە بە هی بۆرژوازی ئەزانن، بەڵام ئیتر بۆ ئەم سەردەمە ئەو ناتوانێ پێی هەڵسێ، جا لەبەرئەوە کرێکاران دەبێ ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەن. دیارە باقی چەپیش هەر وایان گووتووە و لینینیش هەر وای کرد. بەڵام من ئەڵێم: بە بڕوای من نە ئەبوو، ئەو وەڵامە بە باسی تێزی سێ جیهانی و گەشەی نا سەرمایەداری ببەستنەوە. ئێوە هاتوون، باسی ئەو دوو شتەتان کردووە و پاشان لەوێوە ئەنجامگیری ئەوەتان کردووە: (مادام ئێمە دژی ئەو دوو تیۆروانینە بووین، کەواتە، ئێمە بڕوامان بەوە نەبووە، کە ئەو ئەرکە دیمۆکراتییانە بۆ بۆرژوازی بەجێ بهێڵین و بە ئەرکی خۆمان و چینی کرێکاری نەزانین). چونکە ئەوانەی بڕوایان بەو دوو تیۆروانینە هەبوویێت، مانای ئەوە نییە، ئیتر ئەرکە دیمۆکراتییەکانیان بە ئەرکی خۆیان نەزانیوە! بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەوە، ئەوانەیان باشتر بە ئەرکی خۆیان زانیوە. ماوییەکان کە بڕوایان بەو تێزە هەبوو، کەچی شۆڕشی دیمۆکراتی گەلی نوێیان کرد! ئەشیان وت، جارێ وەختی شۆڕشی سۆسیالیستی نییە!

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت، بەرامبەر چین زۆر ڕاستە، ئەوەی کە جیاوازی بوو لە نێوانی ئێمە و ئەواندا ئەوەبوو، ئەوان وەکوو خۆتیش دەڵێیت، قۆناغی سۆسیالیستییان خسبووە دواترەوە و دایان بڕیبوو لەوەی کە بە

دەستیان هێنابوو. واتە شۆڕشەکەی ئەوان دوو قۆناغیی بوو، بەڵام لای ئێمە وا نەبوو. ئێمە وامان دەڕوانییە ئەو مەسەلەیە، کە ڕاستە مەسەلەکە جیاواز بوو، بەڵام ئەمە لای ئێمە ئەوەی نە دەگەیاند، کە لە یەکیان دابڕیت و ماوەیەکی درێژ ڕاوەستیت، تاوەکوو دەست بدەیتە مەهامەکانی قۆناغی دووهەم یانی، سۆسیالیستی.
هەرچی سەبارەت بە لیژنەی مەرکەزی و هاوچەشنەکانیان بوو، ڕاستە دەستەواژەیەکی دیکەیان بەکار دەهێنا، گەشەکردنی نا سەرمایەداری، بەڵام لە هەقەتدا وەکوو ناوەڕۆک لەگەڵ هێڵی دووهەمدا هەر یەک شت بوو. واتە، چین و ئەوانەی کە وەکوو چین بیریان دەکردەوە، جیياوازییەکەیان تەنها لە یەک شتدا هەبوو، ئەویش ئەوە بوو، هەرچی چینییەکان بوون لەگەڵ ئەو هێڵەدا، وایان دادەنا کە مەهامەکانی سۆسیالیستی لەسەر دەستی خۆیان لابەلا دەبێتەوە، بەڵام مێژوو سەلماندی نەک هەر نەیانتوانی ئەوەی کە دەیانویست بیکەن، بەڵکوو لەوانەشی کە کردیان، پاشەکشەیان کرد و سەرئەنجامیان بەوە گەییشت، کە دەبینرێت. لیژنەی مەرکەزی و چەپەکانیش، دەیانویست مەهامە دیمۆکراتییەکان بە هاوکاری لەگەڵ پارتە بۆرژوازییەکانی وەکوو بەعس و هاوشێوەکانی لە وڵاتانی تر، یاخود بە فشارخستنە سەریان (لە کاتێکدا، کە خۆیان لە دەرەوەی دەسەڵاتن) جێبەجێ بکەن.
جا هاوڕێی ئازیزم! هیچیان خۆیان لە قەرەی سۆسیالیزم نەدەدا، یان ڕاستتر بۆ زەمەنێکی تر هەڵیان دەگرت. واتە، سۆسیالیزمیان بە مەسەلەیەکی ئانی نە دەزانی، بۆیە دەیان خستە بوخچەوە. جا من لەم مونتەڵەقەوە ئەو ئەنجامگیرییەم گرتووە، گەرچی ڕەنگە لێرەدا دیسانەوە خۆم باش شەرح نە کردبێت.

**پرسیار:** گەلێک لە گرووپ و سازمانەکانی دەیەی هەشتاکان بیریان لە پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی دەکردەوە. ئایا ئەم مەسەلەیە بۆ ڕێکخراوی کاریش هەروا بوو؟ ئەگەر وایە، پرۆسەی ئەو کارەیان چۆن بیر لێ دەکردەوە؟ ئایا بیریان لە یەکگرتنی ئەو مەحفەل و سازمانانە دەکردەوە، یان نەخێر پێیان وا بوو، کە لە پرۆسەی گەشەی کاردا ئەو حیزبە پێک دەهێنرێ؟
**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** بێگومان ئامانج دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیست بوو. ئێمە گرووپێکی بچووک بووین، هیچ وەختێک وا تێنەدەگەییشتین، یان چاوەڕوانی ئەوەمان نە دەکرد، کە نەک هەر ئێمە دەتوانین ببینە پارتی کۆمۆنیست، بەڵکوو

پێشبینی ئەوەشمان نە دەکرد، کە ببینە بەشێکی سەرەکی یان زۆرینەی پارتی کۆمۆنیستی ئایندە. هاوکاری و وتوویژی گرووپی کار و کارگەران و گرووپی پێشەوا و خەڵکە هەرە باشینەکەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەکوو ئازادی حەمەی مەلا (یادی بەخێر) و هەندێک کەسی تریان و هەندێک خەڵکی باشی تر کە دەستیان لەدەستی حیزبی شیوعیی عێراقی (لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی) بووبووە، بەو ئاڕاستەیەدا بوو. بەڵام ئەوەمان دەزانی، کە ئەوە کاری داهاتوویەکی دوورە و پێویستی بە خەباتێکی درێژخایەنیش هەبوو.

جەنگ و جەدەلی نێوان خەڵکانی مارکسی (مارکسی لینینی بەتاک و بەگرووپ و لە گرووپیش گەورەتر) زیاتر جەنگ و جەدەلی تیۆری بوو. ڕێککەوتن و تەباییبوون لەسەر سەرجەمی شتە تیۆرییەکان بوو، کە لەو سەردەمەدا گەلێک مەسەلەی زیندوو و ئانی و دوای ئەو زەمەن و کاتەش هەر وا بەو گرنگییە مانەوە. بۆیە زۆر جاران پێشبینی ئەوە دەکرا، ڕیککەوتن لە سەریان بکەوێتە خانەی موستەحیلاتەوە. ئەوەی کە لامان وابوو، کە دەمانتوانی لەسەری ڕێک بکەوین: هەیکەلی پارتەکە، ڕێکخستنەکە بوو، کە پێمان وابوو، هەموومان قبووڵی هەیکەلی پارتێکی هایراکی (هیراشی) ستالینی_ لینینی دەکەین، گەرچی ئەوەش لە کۆتاییەکەیدا بەشبوون و کەرتبوون ئەنجامەکەی دەبوو.

**پرسیار:** هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێی کرد، ڕێکخراوی کار ئۆرگانێکیان هەبوو، بە نێوی "العمل"ەوە، کە بە عەرەبی دەرئەچوو، بە زمانی کوردیش بڵاوکراوەی کار. ئەو بڵاوکراوانە، دەوری بوون؟ چەنێک جارێک دەرئەچوون؟ ئایا سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانیان هەبوو؟ کێ بوون ئەو کەسانەی کە بابەتیان دەنووسییەوە؟ ئەگەر بێتەوە یادتت، باسەکانیان چی بوون؟ ئایا ناوی خۆیان دەنووسی لەژێر بابەتەکان؟ ئەگەر وایە، ناوی تاک یان ناوی جووتی دەنووسرا؟ من ئەزانم، کە ئەو ئۆرگانانە بە شێوەی چاپ دەرئەچوون، ئایا بە چ دەزگایەک چاپتان دەکردن و ئەو دەزگایەتان چۆن پەیدا کردبوو؟ چەند دانەتان لێ بڵاو دەکردنەوە؟ بڵاوکردنەوەی ئۆرگانەکان بە چ شێوەیەک بوون؟ ئایا هیچ دانەیەک لەو ئۆرگانانە ماونەتەوە؟

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** بڵاوکراوەی "کار" و "العمل"، بە کوردی و عەرەبی دەردەچوون. خۆی بڕیار بوو، هەموو مانگێک جارێک دەربچێ، بەڵام بەهۆی باری ئاساییش و سەرقاڵیی هاوڕێیان، بۆمان نە دەلوا، بەو شێوەیەی کە بڕیار بوو، دەری بکەین. هیچ کامێکیان سەرنووسەری نەبوو و دەستەی نووسەرانیش بریتی بوون لە: برایم، لەتیف و تەیب بۆ عەرەبی، مەلا ڕەئوف و زاهیریش لە کوردییەکەیدا دەیان نووسی. زۆربەی جاریش وتارەکانی کار و "العمل" هەر یەک بوون، یان لە کوردییەکەوە دەکرا بە عەرەبی، یان لە عەرەبییەکەیەوە بۆ کوردی وەردەگێڕرا. تەنها ناوی ئەو وتارانە دەنووسران، کە لە لایەن خەڵکی ترەوە بنووسرایە.

بابەتەکانی، ئەوەندەی بێتەوە یادمان، سەبارەت بە جەنگی عێراق و ئێران، ئیسلام، ڕژێم و شێوەی فەرمانڕەواییەکەی، ئابووریی عێراق، مەسەلەی نەتەوایەتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی، بەرنامەی لایەنی خواروو، داگیرکردنی لوبنان لە لایەن ئیسرائیلەوە، مەسەلەی فەلەستینییەکان، بێکاری و بار و دۆخی ژیانی ئەو کاتەی خەڵک لەگەڵ بابەتی تیۆریدا. ئەوەندەی بزانین ١٣ ژمارەی کار و ١٢ ژمارەی "العمل" دەرچوون. پێمان وایە، هەندێک ژمارەی هەردووکیان لە کوردستان دەست بکەوێت. بەداخەوە کە نازانین بۆ هەر ژمارەیەک چەند کۆپیمان ڕادەکێشا. ژمارەکانی ١، ٢، ٣، ٤، ٥ی "العمل"، کە هەمووی لە یەک بەنددایە و لە نێوانی ١٩٨١_١٩٨٢دا دەرچوون، لەلای زاهیر هەیە. کاری دیزاین هەمووی لەسەر برایم بوو، هەر ئەویش بە یارمەتیی نەژاد، کە هاوڕێیەکی تر بوو، لە سەر کاغەزی ستێنسڵ چاپی دەکرد و دواتر بە ڕۆنیۆیەکی دەستکرد ڕامان دەکێشا و کە تەواو دەبووین، دەمان سووتاند. ڕەنگە لە کوردستان ژمارەکان مابێ.

**پرسیار:** سەرەنجام ئەم ڕێکخراوە نەما، بەڵام ئەگەر بپرسین: هەتا ساڵی چەند لەکارکردن بەردەوام بوو؟ ئایا ئەم ڕێکخراوە بەفەرمی خۆی هەڵوەشاندەوە؟ هۆی هەڵوەشاندنەوەکەی چی بوو؟

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** هەتا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بوو. کارکردنی ڕێکخراوەیی و سیاسی بۆ ئێمە بەو شێوەیەی کە بەردەوام بووین، ئاسان نەبوو. ئێمە چەندێک مەترسیمان لە ڕژێم هەبوو، بە هەمان ئەندازەش لە یەکێتیی نیشتمانی بە تایبەتی و بەرەی کوردستانی بەگشتی هەبوو. هەم بەهۆی هەڵوێستی ڕوون و

ڕاشکاوی خۆمان لەسەر بزووتنەوەی کوردی، مەسەلەی نەتەوایەتی و ئەو هێڵە سیاسییەی کە گرتبوومانە بەر، هەم کەشفبوونی سیان لە برادەرە سەرەکییەکانمان وەکوو (ل.ک) کە لە هەر دوو لا قاچاخ بوو (ڕژێم و یەکێتی). هەروەها هەڕەشەی کوشتن لە مەلا ڕەئووف و برایم، دواتریش هەڕەشەی کوشتن لە لایەن ئیسلامییەکانەوە لە هاوڕێ تەیب و هاوڕێ ئەشرەفیشی هاتە سەر.
پاش وتوویژ و تێفکرینێکی زۆر لەنێو خۆمان و لەگەڵ گەلێک لە هاوڕێیانی تردا، کە چەند مانگێکی خایاند، لە ساڵی ١٩٨٥ لەتیف، مەلا ڕەئووف و زاهیر بۆ هەندەران هاتن، بەهیوای ئەوەی کە تەنها بۆ ماوەی چەند ساڵێک بێت. هەروەها ساڵی دواتریش برایمیش بەرەو هەندەران بەڕێکەوت.
ئێمە لە هاتنمان بۆ هەندەران ڕێکخراوی کارمان هەڵنەوەشاندەوە و وەکوو کەمایەتییەکی زۆر کەم ئەو دەسەڵاتەمان بە خۆمان نەدا، کە بڕیارێکی وا گەورە بدەین. بەڵام ئێمە بەو هاوڕێیانەمان، کە لەوێ مابوونەوە، وت، هەر بە بەجێهێشتنی ئەوێ، ئیتر ئێمە دەستەی سەرەکیی ئەو گرووپە نین. ئێمە ئەم بڕیارەمان بە درووست زانی، چونکە بۆ ئێمە، کە بۆ ماوەیەک لەوان دابڕیین و بە حوکمی هەبوونی ئەو بار و دۆخەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرانتر دەبوو، بێ ئاگا بین لە یەکتری، شتێکی ناڕاست و ناڕەوا دەبوو، هەر بە دەستەی سەرەکی لە ڕێکخراوەکەدا بمابنایەتەوە. بۆیە پێمان وتن، ئێمە هەر هاوڕێی ئەوانین و دەنگیان لێ دانابڕین، یارمەتییان دەدەین، کۆمەکی پارەیان پێ دەکەین، لە بار و دۆخی کرێکاران و سەرمایەداری لە ئەورووپا ئاگاداریان دەکەینەوە. ئەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵیاندا وتوویژ کرا، بەمە ڕازی بوون.
ئەوەندەی ئێمە بزانین، هەتا ماوەیەک دوای هاتنی ئێمەیش بۆ ئەورووپا، ئەوان هەر بە ناوی هەمان ڕێکخراوەوە کاریان دەکرد، بەڵام دواتر لەگەڵ گرووپێکی تردا یەکیان گرت و بەناوی "خەباتی پرۆلیتاریا"وە بەردەوامییان بەکاری خۆیان دا و بڵاوکراوەکەشیان هەر بەو ناوەوە بوو.

**پرسیار:** لە ئێستا چۆن دەڕوانیتە کاری ئەو ڕێکخراوە؟ هەروەها چۆن دەڕوانیتە کێشەکانی ئەمڕۆی دنیا؟ ئایا پێت وایە، کۆمۆنیزم وەڵامی کێشەکانی ئەمڕۆی پێ بێت؟

**زاهیر، ئیبراهیم، مەلا ڕەئووف:** لەبەر ئەوەی ئێستا هەر یەکێ لەو هاوڕێیانە ڕایان گۆڕاوە، بۆیە هەر یەکەمان دەتوانێت، ڕای خۆی لەم بارەیەوە بخاتە ڕوو.

**وەڵامی زاهیر:** ڕێکخراو شتێک نییە، جگە لە زادەی بیر و فکری هەڵگرتووانی خودی ڕێکخراوەکە خۆی. کە ئەمەش سەرئەنجامی ئەو بار و دۆخەی سەردەمەکە دەیخوڵقێنێت و دەبێتە هۆی فەرزکردنی زۆر شت بەسەر ڕێکخراوەکە و کەسانی ناو ڕێکخراوەکەدا. هەروەها سنووری توانای تیۆری و فکری و مەعلوماتت لەگەڵ کێشانی سەنگی کار و ئەزموونت بۆ دیاری دەکات. ڕەنگە پێویست نەکات، کە زۆر لەسەر ئەمە بڕۆین، چونکە هەر ئەوەندە کافییە، کە بڵێین، ئەو بار و دۆخەی کە لە عێراقدا بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەهۆی زیاتر ئیرهابی ڕژێم و یەکێتیی نیشتمانیش لە پاڵیدا، هەر هەموومانی بە ڕادەیەک، لەوانەی کە پێشتر باسم کرد، بێبەش و مەحرووم دەکرد. هەر لەمەوە دەتوانم بڵێم، کە هەڵسەنگاندنی ئێستام بۆ ٣٠ ساڵ پێشتری ڕێکخراوێک یان شتێک کەمتر لە ٣٠ ساڵ، سەبارەت بە ڕێکخراوێک یان هاوڕێیانمان لەو سەردەمەدا، بە ئەزموون، خوێندنەوە، چاو و مێشکی کراوەی ئێستامەوە، کارێکی ناڕەوا و نادرووست دەبێت.

ئێمە مرۆڤی ئەو سەردەمە و ئەو شوێنە بووین، ئەمە جگە لە سەردەمی لاوێتی و گەنجێتیشمان، کە ئەو کاتە تێیدا دەژیاین. بۆیە نە دەکرا بە بیر و بۆچوونی دەیەیەک لە دواتر و شوێنێکی جیاواز لە عێراق بیرمان بکردایەتەوە و کارمان بکردایە. بۆیە لێرەدا تەنها ئەوەندە دەڵێم، هەر وەکوو هەموو جارێک دەیڵێم: "خۆزگە ئێستا گەنج بوومایە، بەڵام بەم عەقڵ و بیرەی ئێستامەوە".

لە لای من کێشەکانی دنیای ئەمڕۆ هەر هەمان کێشەکانی سەدەی پێشووە، واتە، کێشەی زیندووی چینایەتی، کێشەی هەبوونی زوڵم و زۆر، کێشەی نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کێشەی جەنگە گەورەکان، وردەجەنگەکان و گەلێکی تریشە. بەڵام ئەوەیە لەم سەردەمەی ئێستادا کێشەکان چڕتر، تیژتر و خوێناویتر بوونەتەوە و جێگا و شوێنەواریان زۆر کاریگەرترە.

ئەوەی کە من ئێستا بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای سەدەی پێشوو جیا دەبینم، ئەوەیە: یەکەم، کێشەکە هەر لە نێوانی کرێکار و بۆرژوازی، یان پرۆلیتاریا و سەرمایەداریدا نییە، بەڵکوو کێشەی هەرە زۆرینەی خەڵکە لەگەڵ سیستەمەکەدا. نەک هەر بە تەنها کرێکار، قوتابی، مامۆستا، کاسبکاری بچووک، خانەنشینکراو و چینی ناوەڕاست و... هتد.، دەناڵێنن، بەڵکوو ژینگەش گورزی هەرە گەورەی

بەدەست ئەم سیستەمە بێ بەزەییەوە، بە هەموو پەلەوەر و گیانلەبەرەکانیشی کە تێیدا دەژین، خواردووە و دەخوات، باجیان داوە و دەیدەن.
من پێم وایە، کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، کۆمەڵگای بێ چین، بێ سەرکردە و بێ بنکردە (هەرچی ناوێکی لێ دەنێیت، گرنگ نییە) بۆ ڕزگاری بەشەریەت تاکە ڕێگایە، دوا قۆناغیشێتی و حەتمییەتی مێژووییە. چونکە ئەم سیستەمە چیتر بڕ ناکات، چیتر ناتوانێت، کۆمەڵگا بەڕێوە بەرێت، چیتر دەوری نەماوە. ئا لێرەشەوە دەچمە سەر خاڵی دووهەمم، ئەوەی کە جیا دەیبینم لە جاران، لە بەدەستهێنانی کۆمۆنیزم، یان سۆسیالیزمدا ئەوەیە، کە ئەو ئامانجە لە ڕێگای پارت و ڕێکخراوی سیاسییەوە، هەر جۆریک بێت، لە ڕیگای ڕابەران و نوخبە (ئێلیت)وە، لە ڕێگای پارتێکی هیراشییەوە، لە ڕێگای دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاوە، یا هەر جۆرە دەوڵەتێکی کرێکارییەوە بە ئەنجام ناگەیەنرێت. لای من دەوڵەت بە هەموو چەشنەکانییەوە، پارێزەری موڵکییەتی تایبەتی و پەیوەندیی بەرهەمهێنانی تایبەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی سەردەمە. لەبەر ئەوە هەموو دەوڵەتەکانی ڕابردوو، سەردەم و ئایندەش، دیکتاتۆر و فاشی بوون و فاشین. دیکتاتۆرییەت لای من تەبیعەت یا خەسڵەتی دەوڵەتە. شیوازی دیمۆکراتی یان فاشییەت مەیلەکەیەتی (مەیلی دەوڵەتە)، شێوازی فەرمانڕەواییە، کەی پێویستی کرد، بە جیا هەردووکیان بەکار دەهێنێت، یان هەردووکیان لە یەک کاتدا بەیەکەوە بەکار دەهێنێت.
من باوەڕم وایە، کە بزووتنەوە، بزووتنەوەی خەڵکە، هی جەماوەرە، بۆئەوەی ئەو ئامانجەی سەرەوە بهێنێتە دی، دەبێت گۆڕانکارییەکان لەخوارەوە نەک لەسەرەوە دەستپێ بکات، ئەویش لە ڕێگای درووستبوونی گرووپی لۆکاڵییەوە و بە بوونی هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا بۆ کارکردنی هاوبەش، کار و خەباتی هەرەوەزی. ئەو گرووپانەش نە سەرکردەیان هەیە و نە بنکردە. ئامانجیان گێڕانەوەی هەموو بڕیارەکان بۆ ناو خودی کۆمۆنێتییەکەیە. هەموو بڕیارێک گرنگ و نا گرنگ لەدەست خۆیاندا بێت و بەهەرەوەزی بڕیاری لەسەر بدەن و بەهەرەوەزیش بە دوور لە هەموو دەسەڵات و باوەڕێک بەرهەمەکەی بچننەوە.
لای من شۆڕش ڕووداوێک نییە، کە لەسەر دەستی یان بە ڕابەرایەتیی پارتێک یان کۆمەڵێک لە کاتێکی دیاریکراودا (سەعاتی سفر) بەرپا بێت. بەڵکوو پرۆسێسێکی دوورودرێژە و هەرە زۆرینەی خەڵک بەشداری تێدا دەکات، کاری بۆ دەکات و هەر کەسەش بەپێی توانای خۆی و لە ڕوانگەی پێداویستیی خۆیەوە لێی دەچێتە پێشەوە

و له قۆناغێکدا، یان له سەردەمێکدا، یان ڕۆژگارێکدا، یان به بەردەوامی لەم پرۆسەیەدا بەشداری دەکات. لای من کودەتا و شێوە شۆڕشەکانی جارانی بۆلشەڤی لەگەڵ پرۆسێسی هەڵبژاردن و پەرلەمانتاری کارێکی دژ به شۆڕشه. ئەزموونەکانی سەدەی پێشوو هەتا ئێستاش، شتێکی دی جگه له چەسپاندنی ئەو ڕاستییەی سەرەوە نەبێت، نییه.

**وەڵامی برایم**: من ئێستا بڕوام بەو جۆره ڕێکخراوانه نەماوه، که به ناوی کۆمۆنیستییەوه کار دەکەن. من بزووتنەوه و خەبات له تێکۆشانی ڕۆژانەدا دەبینم. هەر بۆیەش له ساڵی ١٩٩٨وه لەگەڵ پارتی چەپی سوێدیدا کار دەکەم. مرۆڤ ئەوەی له توانایدایه، دەیکات، نه دوای خەیاڵ دەکەوێت، نه درووشمبازی دەکات. زۆربەی ئەگەر نەڵێم هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بەناو کۆمۆنیستی، هەوادارانی له دوو دەسته پێک دێن، هەندێکی تەڵەکەبازه، زۆربەشی به درووشمی خەیاڵپلاو هەڵخەڵەتاوه (به لای منەوه).
من بڕوام به سۆسیالیزم هەیه و دەکرێ مرۆڤ پێی بگات، بەڵام نەک له ڕێی شۆڕشەوه، بەڵکوو له ڕێی خەباتی ڕۆژانه، ڕۆژێ بۆ زۆرکردنی کرێ، بەیانی بۆ چاککردنی خوێندنگەیەک، ڕێگەیەک، بیمەی بێکاری، خەستەخانەی خۆڕایی… هتد.
ئەمانه پێویستی به خۆڕێکخستنه، بەڵام خۆبەخش، تا چەندیش بڕ دەکەم، دەکەیت، دەکەن. من له چەپەکانی سوێدەوه فێر بووم، هەرگیز ڕقم له مرۆڤ نەبێتەوه. من ناکۆکیم لەگەڵ بیر و بۆچوونەکاندا هەیه، دژی ئەوانه دەجەنگم.
تا سەرئێسک دژی لێنینیزمم. به ڕای من ئەگەر لێنینیزم و کودەتای ئۆکتۆبەری ١٩١٧ نەبووایه، ئێستا بزووتنەوەی سۆسیالیستی له قۆناغێکی زۆر له پێشتردا دەبوو.

کانوونی دووەمی ٢٠١٢

# "بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان/ بەرزە"

(گفتوگۆ لەگەڵ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا[1])

"بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان/بەرزە" یەکێک بوو لەو سازمانە کۆمۆنیستییانەی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستانی عێراق. "بەرزە" ئەگەرچی لە ناوەڕاستی هەشتاکان وەک ڕێکخراوێک خۆی ئیعلان کرد، بەڵام ڕیشەی ئەم سازمانە بۆ سەردەمانێکی گەلێک لەوەوبەر دەگەڕێتەوە. بۆ سەردەمانێک کە جەمعێک لە کادرانی "کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی کوردستان/کملک" دەست لە کار دەکێشنەوە و دەیانەوێت بە جۆرێکی دی درێژە بە کار و هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی خۆیان بدەن. ئەم ڕێکخراوە بە یەکێک لە ڕێکخراوە دیارەکانی ئەو دەمە دێتە ژماردن کە دامەنەی ڕێکخراوەیی بە بەراورد لەگەڵ ئەڵقە و گرووهەکانی ئەو دەمە فراوانتر و نووسین و باسەکانیشی زۆرتر بوون.

بۆ ئاگاداری وردتر لەمەڕ ئەم سازمانە، لەگەڵ "نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا" وەک یەکێک لە دامەزرێنەران و کەسایەتی دیار و ناسراوی نێو ئەم سازمانە و بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لەو دەمەدا گفتوگۆیەک ساز ئەکەین.

---

[1] نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا (نەجمەدین ڕەشید عەبدوڵا) لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە و پاشان لە زانکۆی بەغدا/ کۆلێجی کشتوکاڵی/ بەشی ئابووریی کشتوکاڵی لە ئەبووغرێب وەردەگیرێ. بەڵام لە ساڵی ١٩٨١ و لە قۆناغی سێهەمی خوێندنیدا، بەهۆی مەترسی ئەو شاڵاوی گرتنەی کە بۆسەر کۆمیتەی ئاگر (کۆڕەک) لە شاری کەرکووک دەستی پێ کرد، دەست لە خوێندن هەڵدگرێ و دەچێتە شاخ. لە ساڵی ١٩٨١ لە شاخ، یەکەمین لێکۆڵینەوە بەنێوی: "سیاسەتی بەعەربکردن لە کەرکووکدا" چاپ و بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ لە دەستەی نووسەرانی خولی دووەمی گۆڤاری "کۆمەڵە" بووە.
لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە لە هۆڵەندا نیشتەجێ بووە و لە ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی دیپلۆم لە ژمێریاری تەتبیقی لە زانکۆی ئیراسمۆس لەو وڵاتە بەدەست دەهێنێ.
کۆمەڵێ کتێب، وتار و وەرگێڕانی لە زمانی هۆڵەندییەوە هەیە. ئێستا لەدەستەی نوسەرانی گۆڤاری "کەوانە"یە و سەرۆکی "دەزگای خەندان"ە بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە.

**پرسیار:** بەڕێز نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا! بێگومان ئەم هێڵە سیاسییەی، دواتر ناوی "بەرزە"ی لە خۆ نا، کە ساڵانێکی زۆر لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق لە مەیداندا بوو، بە چەندین دەورە و قۆناغدا گوزەری کرد. سەردەمی پێش بەرزە و سەردەمی بەرزە و سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی و پاشان کارکردن بەنێوی دیکەوە. لەو نێوەدا نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا وەک کەسایەتییەکی دیاری نێو ئەم ڕێکخراوە دەرکەوتبوو، وە یان ئەکرێ بڵێین، تەنانەت بەر لەوەیش، وەک کەسایەتییەکی چەپ و خاوەن فکر و نەزەر ناسرا بوو. بۆیە بە پێویستی دەزانین، سەرەتا لە خۆیەوە دەستپێ بکەین و بپرسین: پێش ئەوەی نەجم فەقێ ئەڵقە سەرەتاییەکانی بەرزە بنیات بنێ، کادرێکی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان بوو. ناکۆکییەکانی نەجم لەگەڵ "کملک" لەسەر چی بوون و لە کەیەوە دەستی پێ کرد، وە لە چ وەختێکدا ئیتر وازی لێیان هێنا؟

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا:** بەڵێ! بەرلەوەی باس لە بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان بکرێت، پێویستە ئاماژەیەک بۆ پێشینەکەی بکرێت، کە بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە. لە سەروبەندی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ئێراندا ڕەوشی گشتیی ناوچەکە کەم و زۆر کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانەی لەو ڕاپەڕینەوە وەک مۆدێلێکی تازەی خەبات هاتە کایەوە. چەند کەسێک کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین، کە من بۆخۆم یەکێک بووم لەوان و هەر هەمووشمان دەرچووی قوتابخانەکەی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان (نەک کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی نەوشیروان مستەفا) بووین، هەر یەکە و لەبەر هۆیەک یان زیاتر لە کۆمەڵە دوورکەوتبووینەوە و ڕەخنەی توندمان (بە تێڕوانینی ئەو دەمەمان) لە بەرامبەر جووڵانەوەی چەکداریی کوردستان بەگشتی و (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) و کۆمەڵە هەبوو، کە لە دەوری ئەم خاڵانەدا ئەسووڕایەوە:

١) ڕەتکردنەوەی درووشمی "دیمۆکراتی بۆ عێراق و حوکمی زاتیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان" و پێداگرتن لەسەر درووشمی "مافی بڕیاردانی چارەنووس تا ڕادەی جیابوونەوە".

٢) ڕەخنە لە مۆدێلی شێوە خەباتی چەکداری لە شاخەوە. ئەو بیرۆکەیە بەتایبەتی لەگەڵ شۆڕشی ئێراندا بەتەواوی لە لای من چەسپی.

٣) ڕەخنە لە کۆمەڵە کە (گوایە) بەتەواوی لە بنەماکانی مارکسیزم_ لینینزم لای داوە و ناوزەدکردنی بە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستیی وردەبۆرژوایی.

٤) ڕەخنە لە کار و کردەوە و ئەو ڕەفتارە ڕۆژانەییانەی لەناو جووڵانەوە چەکدارییەکەوە برەویان هەبوو.
٥) ڕەخنە لە زاڵبوونی بۆرژوازیی قەومیی کوردی (کە نێوی جۆراوجۆرمان لێ دەنان، لە چەشنی: بۆرژوازیی عەشایەری، مشەخۆر، کۆمپرادۆر، نیمچە نیشتمانی، ناڕەسەن... هتد.) بەسەر جووڵانەوەی کوردیدا کە نیاز وا بوو، کاتێک مەفرەزە سەرەتاییەکانی درووست کرد (کە من بۆخۆم لە بەرواری ١٩٧٦/٧/١٢ لێپرسراوی سیاسیی یەکەم مەفرەزەی گەرمیان و قەراغ بووم، تا لە بەرواری ١٩٧٦/١٢/٢٤، ئیستیقالەم دا و بە نهێنی گەڕامەوە شار)، نیاز وابوو کۆمەڵە سەرکردایەتیی جووڵانەوەکە بکات، بەڵام هاوکێشەکان هەمووی بە پێچەوانەی خەیاڵی ئێمەوە دەرچوون.
کەوابوو، ڕەخنەکانمان لە کۆمەڵە و لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە چوارچێوەی مەیلێکی ڕادیکاڵانەی ناسیۆنالیستیدا پەنگیان خواردبووەوە و جیاکردنەوەی ناسنامەی فکری لەسەر بناغەی ڕەخنەی مارکسیستی ئەسڵ و بناغەیەکی ڕۆشنی نەبوو.

**پرسیار:** کاتێک کە لە کملک وازت هێنا، بێگومان لە نێوان وازهێنان لە کملک و پێکهێنانی بەرزە مەودایەک و ساڵانێک هەیە، ئەو ساڵانە بە چ کارێکی سیاسییەوە خەریک بوون؟ بیرتان لەچی دەکردەوە؟ مەبەستم ئەوەیە: ئایا لە کۆڕ و کۆمەڵێکدا خۆتان ڕێک خستبوو؟ ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێیە... ئەو کۆڕ و کۆمەڵانە چۆن بوون؟ ژمارەتان چەند دەبوو؟ قسە و باس و کارەکانتان چی بوون؟
**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا:** بەلای ئێمەوە (باسی خۆم دەکەم) لەگەڵ هەلومەرجە وروووژێنەرە ناڕۆشنەکانی ساڵی ١٩٧٩دا بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی تازەم لە لا گەڵاڵە بوو. بیرۆکەکەم لەگەڵ تاکتاکی ئەو برادەرانەی تر (کە چوار کەس بوون) بە جیا باس کرد. یەکێکیان کە زۆر هاوڕێی نزیکم بوو، زۆر سەرسەختانە دژی وەستایەوە و پاش دوو ساڵ بۆم دەرکەوت (لە ڕێگەی ئازاد هەورامییەوە)، هەموو قسە و باسەکانی بۆ کۆمیتەی کەرکووکی کۆمەڵە گواستبۆوە و ئەوانیش لەو ماوەیەدا دوانزە ڕاپۆرتیان لەسەر بیروباوەڕ و جموجووڵەکانم بۆ نێوزەنگ ناردبوو. هەرچی سێ برادەرەکەی تر بوون، دوانیان کشانەوە، بەڵام

چوارەمیان کە سەباح حەسەن خورشید (سۆران) بوو، بە حەماسەتەوە بیرۆکەکەی وەرگرت.
سەبارەت بە قسە و باسەکانیشمان لەسەر ئەم خاڵانە (ئەوەی لە یادم بێت) بۆ ئیشی داهاتوومان ڕێککەوتین:
١) پەرەپێدانی بیرۆکەی پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مارکسی وەکوو کاکڵەی پارتی پێشڕەوی کرێکاران و زەحمەتکێشان. ئاڕاستەکردنی ڕەخنەی هەمەلایەنە لە دژی ڕێکخراوە قەومییەکان، بەتایبەتی کۆمەڵە و یەکێتی و سیاسەت و دروووشم و بیر و باوەڕەکانیان.
٢) بەرزکردنەوەی درووشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس تا ڕادەی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەک درووشمێکی ئەڵتەرناتیڤی تاکتیکی لەبەرامبەر ڕێکخراوە قەومییەکان.
٣) خەبات لەدژی دیکتاتۆرییەت و ڕووخاندنی لە ڕێگای جووڵانەوەیەکی دیمۆکراتیی گشتی و دابینکردنی مافە دیمۆکراتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و... هتد. (دیدی ڕۆشنمان بۆ ئەڵتەرناتیڤی سیاسی نەبوو).
٤) ڕەتکردنەوەی شێوازی خەباتی چەکدارانە لە شاخەوە بەرەو شار. پەرەپێدانی بیرۆکەی ڕاپەڕینی گشتی تا ئاستی ڕێکخستنی ڕاپەڕینی چەکدارانە.
٥) پەرەپێدانی بیرۆکەی پارتی پێشڕەوی کرێکاران و زەحمەتکێشان وەک مەرجی حاشاهەڵنەگری ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ڕاپەڕینی گشتی و چەکدارانە و بەسەرکەوتنگەیاندنی. گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی مارکسیزم_ لێنینزم و مۆدێلی حیزبی بۆلشەڤی و شۆڕشی ئۆکتۆبەر.
٦) ڕەتکردنەوەی ماویزم، ئەلبانیزم، تێزی سێ جیهان، گیڤاریزم... هتد.
٧) دووپاتکردنەوەی هەڵوێست بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤێت وەک سۆسیال_ ئیمپریالیزم. دژایەتیکردنی ڕیڤیژینیزم لە گشت ڕوویەکەوە.
٨) لەڕووی عەمەلییەوە، هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هەموو جۆرە خەڵکێکی ناڕازی لە وەزعەکە و ڕێکخستنیان بە دوو قۆناغ:
ئەلیف) لە ئەڵقەی ڕۆشنبیریدا، تا ئەو ئاستەی دەگاتە بڕواهێنان بە پێویستیی دامەزراندنی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و زەحمەتکێشان. ب) خۆڕێکخستن لە شانەیەکدا، بەرەو خۆئامادەکردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی مارکسی وەکوو کاکڵەی

حیزب. ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە، یەکەم: خۆوشیارکردنەوە. دووەم: درووستکردنی ئەڵقەی ڕۆشنبیریی تازە... هتد.

**پرسیار:** کاتێک بەرزەتان پێک هێنا، ئایا بەیانێکتان بۆ دامەزراندنەکەی دەرکرد؟ وە ئایا بەرنامەیەک یان هێڵێکی گشتی بەرنامەیی هەبوو، کە ڕێکخراوەکەتان لەسەری بنیات بنێن؟

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا:** هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ئێمە پێشتر چەند ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری_ مارکسی بووین و ئەوەی کۆی کردبووینەوە و لەسەری کۆک بووین، بیرۆکەیەکی گشتی بوو، مەبەستم: پێویستی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مارکسی_ لینینییە، لەسەر بناغەی ئاڕاستەکردنی ڕەخنەی هەمەلایەنە بۆ ڕەوتی چەپی باو. لە لایەکەوە ڕەخنە لە چەپی ناو جووڵانەوەی کوردایەتی، کە لە کۆمەڵەدا بەرجەستە ببوو، لە لایەکی تریشەوە ڕەخنە لە ڕیڤیژینیزمی باو، کە لە حیزبی شیوعیی عێراق و پاشخانە جیهانییەکەی واتە، یەکێتیی سۆڤێتدا بەرجەستە ببوو. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەخنەی توندمان ئاڕاستەی ماویزم و خەتی چینی و تیۆری سێ جیهانیی دەگرت و ڕەتمان دەکردەوە.

لە مانگی ئۆکتۆبەر یان نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٢شدا کاتێک من و سەباح حەسەن خورشید و هۆشیار عەبدلخالق لە گوندی مەلا سەفی کۆبووینەوە، پێشنیاری دامەزراندن و ڕاگەیاندنی بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشانم کرد. سەباح دژی بیرۆکەکە وەستایەوە. بەڵام ئێمە سووربووین لەسەر بەرەسمیکردنی ئەو ڕێکخراوەیە و هەر بەو جۆرەش بوو. دیارە سەرجەم ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان، کە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەبوو، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بوون بە بەرزە. لەو کاتەدا و دەستبەجێ ئێمە هیچ بەیاننامەیەکی تایبەتیمان بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندنی بەرزە دەرنەکرد، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت نامیلکەیەکی تایبەتیم بە ناونیشانی "مەنتیقی سەردەم و مەنتیقی گەشەکردنی کۆمەڵ" گەڵاڵە کرد و نووسییەوە، کە لەڕاستیدا هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی لەخۆ گرتبوو و بوو بە ناسنامەی سەرەکی بەرزە.

بە دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨٣دا گۆڤاری "ڕێبازی زەحمەتکێشان"مان دەرکرد، کە تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ وابزانم سێ ژمارەی لێ دەرچوو. پێم وایە، ژمارەی دووەمیان تایبەت بوو بە مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووس و مەسەلەی

ڕێکخـــراوی سـەرتاســـەری (عێـــراق) و کوردســـتانی و پەیوەنـــدیی پاشـــکۆیەتی و ژێردەستەیی قەومی و ئەگەر و ڕێگاکانی چارەسەری مەسەلەی قەومی لە عێراقدا.
بێگومان ئێمە پێشتریش چ لە شێوەی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکاندا و چ ئەو کاتەی ناوی بـەرزەمـان لـە خۆمـان نـا، لـە بۆنـە کرێکارییەکانـدا، هـەروەتر لەگـەڵ ڕووداوە گشتییەکاندا بەیاننامەمان چ بۆ هەڵوێستنواندن، یان بۆ هاندان بووبێت، دەرکردووە. زۆربەی ئەوانەش لە بازنەیەکی تەسکی ناوخۆمان، یان دەرەوەی خۆماندا دەبینران و دەخوێندرانەوە و دەستاودەستیان پێ دەکرا.
لە لایەکی دیکەوە هەر لە ساڵی ١٩٨٥دا لەسەر پێشنیاری من، خالید مەجید (ناسراو بـە دکتـۆر خالیـد) کـە کـادرێکی هـەرە چـالاکی بـەرزە بـوو، لەسـەر ئاسـتی شـاری کەرکووکدا دەستپێشـخەری بـۆ دەرکردنـی بڵاوکـراوە یـان گۆڤـارێکی نـاوخۆیی بـە ناوی "هەنگاو"ەوە کرد، کە تایبەت بە ئەندامانی بەرزە بوو. هەر هاوڕێیـەک بابـەت و بیروبۆچوونی خۆی هەبووایە، لەوێدا بڵاو دەکرایەوە. ئەو بڵاوکراوەیە ڕەنگدانـەوەی دیموکراسـییەکی نـاوخۆیی بـوو، کـە تـا ئـەو دەمـە نموونـەی نـەبوو. ئەگـەرچی بـەناکامیش مایـەوە و پاشـان بـە بێدەنگی هـەر وەکوو چـۆن بـەرزە هەڵوەشـایەوە، هەڵوەشایەوە.
مـن پـێم وایـە، نامیلکـەی "ڕیڤیژینیزمـی پۆپۆلیسـتیی تەیفـەکان" کـە لـە پـایزی سـاڵی ١٩٨٥دا نووسـیمەوە، ڕۆڵێکـی سـەرەکی لـە هەڵوەشـاندنەوەی بـەرزە و پاشـان دامەزراندنی "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستی" لە جێگایدا بینی. لەو نامیلکەیەدا کە پێم وایـە، شـەش یـان حـەوت فـەسڵ بـوو، ڕەخنـەی تونـدی تیـۆری ئاڕاسـتەی ڕەوتـە چەپەکانی ئەو سەردەمە بە بەرزەشەوە کرابوو و ڕەگ و ڕیشەی فکری و شێوازی کاری پۆپۆلیستی و ڕیڤیژینیستی ئەو چەپە لە ڕوانگەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە خرابوونە بەر نەشتەری باس و ڕەخنەی توند.
من لەدوای نووسینەوەی ئەو نامیلکەیەوە، هیچ بڕوا و هیوایـەکی ئـەوتۆم بـەو چەپـە پـــەرت و بـــڵاو و نـــاکۆک و ڕۆشـــنفکرە نـــەما. دامەزرانـــدنی یـــەکێتیی خـــەباتی کۆمۆنیسـتییش هـەر لەبـەر ئـەو هۆیانـەی سـەرەوە هـەوڵێکی تـری نەزۆکانـە بـۆ درێژەپێدانی کار و خەباتی ئەو مەحفەلە (بەرزە) لەژێر ناوێکی کۆمۆنیستیدا بوو.

**پرسیار:** ئەو دەورەیە لەژێر چ ناوێکدا کارتان دەکرد و شێوەی ڕێکخستن و پەیوەندییەکانتان لەگەڵ شانە و ئەڵقەکانتان چۆن بوو؟ بازنەی کار و هەڵسووڕانتان چ شار و ناوچەیەکی گرتبۆوە؟ قسە و باسەکانتان چی بوون؟

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا:** ئەو دەورەیە تا ڕادەیەکی زۆر لەڕووی هەڵسووڕان و کارەوە، هەمان شێوازی کارکردنی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی جاران بوو. پەیکەرەیەکی ڕێکخراوەیی دیاریکراومان نەبوو. سەرکردە و بنکردەمان نەبوو. ناوێکی دیاریکراومان لە خۆمان نە نابوو. چونکە پێمان وابوو، ئێمە ڕێکخراو نین، بەڵکوو کۆمەڵێک ئەڵقە و شانەی ڕۆشنبیریی مارکسیین کە دەمانەوێ ڕێکخراوێک درووست بکەین.

پەیوەندییەکانمان هەر هەمووی ئاسۆیی بوون، نەک ستوونی. هەموو ئەڵقە و شانەکان پەیوەندییان بە خۆمەوە هەبوو، یان بە سەباحەوە. لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا تا دەسپێکردنی جەنگی عێراق_ ئێران توانیمان ڕایەڵەیەکی بەرچاو لە بەغدا، کەرکووک، سلێمانی، هەولێر درووست بکەین.

لەو کەسە هەڵسووڕاوانەی ئەو دەورانە (ئەوەی بێتەوە یادم): سەباح مەحموود، خالید مەجید، گوشاد عەبدلڕەحمان، هۆشیار عەبدلخالق، سیروان، عوبێد خالید مەعرووف، حوسێن سێودین، ئەحمەد موزەمید، نەسرەدین، ئازاد فەقێ عەبدوڵا،... هتد. بێگومان سەباح حەسەنیش تۆڕی پەیوەندی هەبوو. ئەو کەسانەش لە شوێنی خۆیانەوە ئەڵقە و پەیوەندیی خۆیان هەبووە و بەو جۆرە کارەکانمان لە چوارچێوەی هەوڵی شەخسیدا ئەنجام ئەدران.

هەڵایسانی جەنگی عێراق_ ئێران بووە مایەی ورووژاندنی قسە و باس لەسەر چەمکەکانی لێنینزم لەبارەی جەنگی ناڕەوا، ئەگەرەکانی قووڵبوونەوەی تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتیی گشتی (خودبەخودی) و... هتد.

**پرسیار:** پەیوەندی و وتووێژتان لەگەڵ سازمان و گرووهەکانی ئەو دەمە چۆن بوو؟ ئایا هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەدا هەبوو، بیر و بۆچوونەکانی ئەوان کاریگەریی زۆریان بەسەر بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی عێراقەوە هەبوو، ئەو کاریگەرییە بۆ ئێوە چۆن بوو؟

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا:** سەرەتا با ئەوە بڵێم، کە بەهۆی ئاشکرابوونی کۆمیتەی ئاگری سەر بە کۆمەڵە لە کەرکووک و گرتنی پتر لە ٧٠ کەسیان لە کەرکووک و

هەولێر لە مانگی ١٠ ساڵی ١٩٨١دا، ئێمەشی ناچار کرد (بەهۆی پەیوەندییە کۆنەکانەوە)، کە شار بەجێ بهێڵین. سەباح حەسەن بەلایەکدا و هۆشیار عەبدلخالق بەلایەکی تردا و حوسێن سێودین بە هەمان شێوە. من و سەباح مەحموود و خالید بەلایەکی تردا. گوشاد و کەسانی تر لە هەولێرەوە... بەپەرتەوازەیی نیمچە ئاشبەتاڵێکمان لێ کرد و هەموو پەیوەندییەکان بۆ ماوەی پتر لە ساڵێک هەڵوەشانەوە.

جا لەو دەورەیەدا بوو، واتە لە ساڵانی نێوان ١٩٨١_ ١٩٨٢دا لە بڵاوکراوەی "کۆمەڵە"، گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان چەند وتارێکم بڵاو کردەوە، کە سەرنجی زۆر کەسی بۆخۆی ڕاکێشا بوو. ئیتر هەر لەوێشەوە ناوی "عێراقچی"یان بەسەردا بڕیم. هەر لەو کاتەشدا لە نێوزەنگ لەگەڵ هەندێک لە برادەرانی کارگەران ئاشنایەتیم پەیدا کرد، لەوانە، ساڵحی مەلا دەڵگەیی (نادر عەبدلحەمید)، ئاسۆی کەریم زەند، ڕێبوار، ئەڵوەند خانەقینی، عەفان عوسمان... هتد. لە هەمان کاتدا ئاشنایەتیم لەگەڵ کۆمەڵەی ئێراندا پەیدا کرد و لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢دا لەگەڵ سەباح مەحموودا، بەسەردان بۆ ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان چووین و چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە و چەند جارێک کۆبوونەوەمان لەگەڵ دکتۆر جەعفەری شەفیعی، فاروقی بابەمیری، عومەری ئێلخانیزادە، ئیبراهیمی عەلیزادە کرد. لەو دەمەدا ئەوان لەگەڵ سازمانی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستدا پەیوەندییەکانیان زۆر چووبووە پێشەوە و "پرۆژەی بەرنامەی کۆمۆنیستی"یان نووسیبووەوە. کۆپییەکم لەو بەرنامەیە لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە، کە لەسەر داوای من، ئازاد هەورامی بۆ کوردی وەری گێڕا. بۆ ئێمە ئەوە شتێکی زۆر تازە بوو، کە لەسەر بناغەی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی ناسنامەی چینایەتی و ڕێکخراوەیی ڕێکخراوێک دیاری بکرێت و سەرخەتی گشتی و ڕەخنەی مارکسیستی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی مەوجوود بەیان بکرێت.

ئێمە کە لە "نێوزەنگ"دا پێنج کەس بووین و نزیکەی دوو هەفتە جارێک بە نهێنی کۆبوونەوەی خۆمان دەکرد، هەر زوو کەوتینە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستەوە و لەوێوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ چەمکی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ پەیدا کرد. هەر لەو کاتەشەوە ساخکردنەوەی ناسنامەی چینایەتیی ڕێکخراوێکی چەپی مارکسیستی، هەروەتر مەرجی کۆبوونەوەی گرووپ و دەستە و تاقمە چەپەکان لەدەوری بەرنامەیەکی لەو چەشنە کەوتە بەرنامەی

کارمانەوە. ئەم باسانەمان لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی کارگەرانیش لە گوندی تووژەڵە هێنایە پێشەوە، بەڵام بێ سوود بوو.
خۆپێشاندانەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٢ (کە بەحەق بەیاننامەی دەسپێکردنەکەی لە "قەڵادزێ"وە لە لایەن "ساڵحی مەلا دەڵگەیی"یەوە نووسرابوو، کە پێش بڵاوکردنەوەی لە ئێزگەوە پێشانی دام و قسەمان لەبارەیەوە کرد.) بووە دەرفەتێک بۆ کارگەران بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک لە بەیاننامەی هاندەرانە بەناو خەڵکدا.
من پێنج یان شەش بەیاننامەم لەوانە لە نێوزەنگ پێ گەییشت. دەستبەجێ لە گەرماوگەرمی ڕووداوەکاندا وتارێکی دووروودرێژم لەسەر ئەو بەیاننامانە نووسی و بە دوو تەوەرە ڕەخنەم لێ گرتن، یەکەم: ناوەڕۆکی سەندیکالیستیی بۆچوونەکانیان. دووەم: هەندێک مەیلی سێ جیهانی کە لەوێدا هەستیان پێ دەکرا. بەڵام ئەو ڕەخنانە بوونە هۆی ئەوەی، ئەو برادەرانە زیاتر بەچاوی نەیارێکەوە تەماشام بکەن.
ئەو هاوینە سەردانی سەباح حەسەنم لە گوندی قەمچووغە کرد (وابزانم، عەدنان کەریمیش ئەو دەمە لەوێ بوو). بیروبۆچوونە نوێکانم هێنایە بەرباس، بەڵام سەباح تەقەی سەری ئەهات و بۆی قووت نەچوو!
هەر لەو ماوەیەدا لە ڕێگای چەند نامەیەکەوە پەیوەندیم لەگەڵ هەندێ برادەری ناوشارەکان درووست کردەوە و بیروبۆچوونە تازەکانم لە بارەی خەباتی بەرنامەیی و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بۆیان نووسی.

**پرسیار:** بێگومان تۆ وەک کەسێکی دیار کە خاوەن بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خۆت بوویت و ڕەخنەشت لە یەکێتی و کۆمەڵە هەبوو، لەو ماوە زۆرەدا کە تۆ لەناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەواندا بوویت، ئایا تووشی هیچ گوشار و هەڕەشەیەک نەبوویتەوە؟ ئەگەر بکرێ، پەیوەندی خۆت لەگەڵ ئەوان و چۆنیەتیی مامەڵەی ئەوان لەگەڵتدا باس بکەیت.
**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا:** لە دوای کۆنفرانسی دووی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٢ لە نێوزەنگ، شاڵاوی دژە عێراقییەکان چڕ و توند و ئاشکراتر بوو. ئەو برادەرانەی خۆمم ڕاسپارد، لە یەکێتی بکشێنەوە و هەر یەکە لە گوندێک دابنیشێ و پەیوەندی لەگەڵ ناوشاردا درووست بکەنەوە. جا لەو دەمەدا بوو، لەسەر تەکلیفی نەوشیروان مستەفا کۆبوونەوەیەکی تایبەتییان لەگەڵ من کرد،

به ئامادەبوونی فەرەیدوون عەبدلقادر وەکوو ئەندامی ناوەندیی کۆمەڵە و هەڤاڵ کوێستانی، کاکە عەبە و ڕێکەوت عوسمان،... هتد، وەکوو کادرانی ڕاگەیاندنی ناوەندیی کۆمەڵە لەسەر ئەوەی، یان بگەڕێمەوە ناو کۆمەڵە، وە یان (وەکوو عێراقچییەک) ئەوێ بەجێ بهێڵم. منیش ناچار چووم لە گوندی "کانیتوو"ی بەری ئاسۆس دانیشتم. بەڵام هەر بەوەندە وازیان لێم نەهێنا و لە مانگی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا بڕیاری ناوەندیی کۆمەڵەیان هێنا، کە من بەفەرمی لە لایەن ئەوانەوە دەستبەسەر کراوم.

لەو کاتەدا هۆشیار عەبدلخالق لە گوندی "مەلاسەفی"ی خوار کانیتوو نیشتەجێ بوو. لە مانگی ١٠ی هەر ئەو ساڵە (١٩٨٢) و لەسەر داوای من سەباح حەسەن بە سەردان بۆ مەلاسەفی هات و چەند کۆبوونەوەیەکمان بەنهێنی ڕێک خست و لەوێدا بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی چەپم زیندوو کردەوە، کە تەوەرەی هەڵسووڕان و چالاکییەکانی بریتی بێت لە: ساخکردنەوەی بەرنامەی کۆمۆنیستی، وەک بنەمای یەکگرتنەوەی دەستە و تاقمە چەپەکان بەرەو پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی. هەر لەوێشدا بۆ یەکەمین جار ناوی بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشانم هێنایە ئاراوە. سەباح حەسەن بەتەواوەتی دژ وەستایەوە و چیدی لەگەڵ ئێمەدا کاری نە کرد. بەو جۆرە بەبێ هیچ کۆبوونەوەیەکی فراوان، یان گەڕانەوە بۆ کەسەکانی تر، پێکهێنانی بەرزەم بە ئەڵقە و شانە کۆنەکان ڕاگەیاند و بەو جۆرە هەموویان بوونە بەرزە.

ئەو زستانە لەوێ لەژێر چاودێریدا مامەوە. پێم وابێ، لە مانگی ١١ یان ١٢ی هەر ئەو ساڵەدا بوو، بە ئیجازەی کەرتی ڕێکخستنی دوکانی کۆمەڵە، کە خاوەنی چاودێرییەکە بوو، بە بیانووی سەردانی نێوزەنگ و ئازاد هەورامی، لەگەڵ سەباح مەحمووددا چووین بۆ ئەودیوی ئێران بۆ بارەگای کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە بیژوێ. لەوێ ئاگادارمیان کردەوە، بەپێی هەواڵ و برووسکەیەکی ناوەندیی خۆیان، ئەگەری کوشتنی من و چەند کەسێکی تر لە ئارادایە و چاکتر وایە، لای ئەوان بمێنمەوە. هەر لەوێ پێم زانی، کە برادەرانی کارگەران لەوێ ماڵیکیان هەیە و ساڵح و کۆمەڵێکی دیکە لەوێن. چووین بۆ لایان و ئەو شەوە بووە کۆبوونەوەیەکی دەدوانزە کەسی. لەبەر نە بوونی میتۆدی هاوبەش، نە گەییشتینە هیچ ئەنجامێکی دیارکراو. ئیتر ئێمە ئەوانمان بەجێ هێشت. لە گوندی "بێتووش"ی ئێران، کە لەسەر ڕێگای پێشمەرگە بوو، تووشی (ڕ) و مەفرەزەکەی بووین، کە پێنج کەس بوون. پێیان ڕاگەیاندم، ئەوان بەڕێگەوەن بۆ کانیتوو بۆ کوشتنی من، بەڵام بڕیاریان

دابوو، ئەو کارە نەکەن و بەنیاز بوونە، تەنها من ئاگادار بکەنەوە و خۆشیان ڕا بکەن. ئیتر ئەوان لەوێوە چوون بۆ شاری سەردەشت و تاران و پاشان چوون بۆ خاریج. سەباح بۆ ناوشار گەڕایەوە و منیش بۆ کانیتوو.
پاش ماوەیەک و بەپێی بەڵێنێک کە دابوویان، ساڵحی مەلا و عەفان بۆ دوو شەو بۆ کانیتوو هاتن. کۆی موناقەشەکانمان ئەنجامێکی دیاریکراوی لێ نەکەوتنەوە. لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە ڕاپۆرتێکیان بۆ ناوەندیی کۆمەڵە لەسەرمان نووسیبوو، گوایە کۆنفرانسمان بەستووە و منیشیان بە سکرتێر هەڵبژاردووە. بەو جۆرە کۆبوونەوەی سێ کەسییان لێ کردین بە کۆنفرانس، ئەویش سێ کەسی سەر بە دوو گرووپی جیا!
لە شوباتی ساڵی ١٩٨٣دا هێزێکی گەورەی یەنک کە مستەفا چاوڕەش و ئازاد هەورامییان لەگەڵدا بوو، هاتنە ناوچەکە. ئازاد وەکوو ڕەفیقی شەخسی ئەوەی دووپات کردەوە، کە بڕیاری کوشتنی من و چەند کەسێکی تر لە ئارادایە. بۆیە چاکتر وایە، بەلایەکدا بڕۆم. ناچار منیش گەڕامەوە بۆ شار.

**پرسیار:** پاش ئەوەی گەڕایتەوە نێوشار، کار و هەڵسووڕانتان چۆن بوو؟
**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا:** کاتێک کە گەڕامەوە شار، زیندووکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەڵقە و شانەکاندا کارێکی فەوری بوو. خەڵکانێک بۆ ئیش لە بەغدا، کۆیە، سلێمانی و ڕانیە هاتنە ڕیزەوە. بەڵام گیروگرفتە کۆنەکان وەکوو خۆیان هەر بەردەوام بوون:
١) نەبوونی ڕیزێک کادری بەتوانا بۆ سەرپەرشتیکردن و دابەشکردنی کارەکان.
٢) زاڵبوونی پەیوەندیی ئاسۆیی نەک ستوونی و نەبوونی هەیکەلی ڕێکخراوەیی.
٣) نەبوونی خەتێکی دیاریکراوی ڕۆشن.
واتە، ئەوەی هەبوو، ڕێکخراو نەبوو، بەڵکوو کۆمەڵێک ئەڵقەی ڕۆشنبیری بوون.
بەدرێژایی ساڵانی ١٩٨٣_١٩٨٤ تووشی دوو کەس بووم، کە لیاقەتی ورووژاندنی بابەتی جیدیی فکرییان هەبوو، کە ئەوانیش دکتۆر ئەکرەم و مرۆڤ یەحیا (شەماڵ عەلی) بوون.
لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤دا هەوڵمان دا، کە یەکەمین کۆبوونەوەی فراوانی جیدی ڕێک بخەین. ئەو کۆبوونەوەیەمان لە گوندی "ئێلینجاخ"ی دەشتی کۆیە گرت. ئەوەندەی من بێتەوە یادم، ٩ کەس لە شارەکانی کەرکووک، سلێمانی و هەولێر بەشدارییان

تێدا کرد. کۆبوونەوەکەمان دوو ڕۆژی خایاند و بڕیارمان لەسەر چەند مەسەلەلەیەک دا:
١) جەختکردنەوە لەسەر تێزی ساخکردنەوەی بەرنامەی کۆمۆنیستی وەک بناغەی لێکنزیکبوونەوەی گرووپە چەپەکان و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست.
٢) بڕیاری دەرکردنی ئۆرگان یان گۆڤارێکی فکری.
٣) پەیوەندیکردن بە گرووپە چەپەکانەوە.
٤) جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، کە کەمتر خۆمان بە چەپی باوی حیرفەیییەوە خەریک بکەین و هەوڵ بدەین بچینە ناو خەڵک و ناو کرێکاران و ڕێکیان بخەین.
٥) گەڵاڵەکردنی هەیکەلێک بۆ بەرزە، بێ ئەوەی دەستەیەک بۆ سەرپەرشتیکردن (وەک ڕابەرایەتییەک)ی بەرزە دیاری بکرێت. کێشەکە بریتی بوو لە نەبوونی کادری ڕابەرایەتی. ئەو برادەرانە تێکڕا چاوەڕوانی دەمی من بوون، ئەوەش بۆخۆی کارەساتێک بوو (لانی کەم بۆ شەخسی خۆم).
سەرەنجام ئەو گۆڤارەش کە دەرمان ئەکرد، واتە، ڕێبازی زەحمەتکێشان هەر بەتەنها خۆم دەرم ئەکرد و یەک حەرف لە لایەن هیچ کەسێکەوە نەنووسرایەوە. لە ماوەی ساڵێکدا (تا هاوینی ساڵی ١٩٨٥) سێ ژمارەم لێ دەرکرد.
ڕەخنە لە پۆپۆلیزم لەنێو بزووتنەوەی چەپ (بە بەرزەشەوە)، پێداگرتن لەسەر مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و بایەخ بۆ ڕۆڵی فکری و عەمەلیی بەرنامەی کۆمۆنیستی، تەوەرەی قسە و باسەکانی ئەو ساڵانە بوون.

**پرسیار:** سەرەنجام بەرزە بەرەو هەڵوەشاندنەوە ئەڕۆیشت و پاشان هەر خۆشتان هەڵوەشاندنەوەیتان ڕاگەیاند. ئەمە چۆن و لە چ ساڵێکدا بوو؟ بەدوای ئەوەدا پێکهێنانی ڕێکخراوێکی دیکەتان ڕاگەیاند، ئەو ڕێکخراوە ناوی چی بوو؟ وە لەگەڵ بەرزەدا چ جیاوازییەکی هەبوو؟ سەرەنجامی ئەم هێڵە بەچی گەییشت و هەتا کوێ ڕۆیی؟

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا:** سەرەتا با لەوێوە دەستپێ بکەم، لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤دا بوو، ژمارەیەک لە برادەرانی کارگەران لە لایەن ڕژێمەوە دەسگیر کران و ناوی من، سەباح مەحموود و هۆشیار عەبدلخالقیش لە لایەن ئەڵوەند خانەقینی (کە بەداخەوە دوایی ئیعدام کرا) درا و جارێکی تر بەر شاڵاوی ڕاوەدوونان کەوتینەوە. سەباح مەحموود دەسگیر کرا، هۆشیار بەرەو ئێران ڕۆییشت، منیش بەنهێنی لە

دەشتی کۆیە و ناوشوان تا نەورۆزی ساڵی ١٩٨٥ مامەوە. پەیوەندییەکانمان دیسانەوە سارد و سڕ بوونەوە.
لەدوای ئەوە بۆ خۆشاردنەوە بۆلای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چووم (پێم وابێ، مرۆڤ ئەو کارەی بۆم تەرتیب کرد). ساڵێک و سێ مانگ لەوێ مامەوە. دووهەمین ژمارەی گۆڤارەکەم لەوێ دەرکرد، کە پتر قسە و باسێک بوو، لە پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرووپە چەپانەی کە نوقمی بیر و ئایدیا و شێوەکاری پۆپۆلیستی بوون. هەر لەوێوە هەڵوەشاندنەوەی بەرزەم ڕاگەیاند و بانگەوازم بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک کرد، لەسەر بناغەی ڕەخنەگرتن لەو چەپانەی لەئارادا بوون و جەختکردنەوە لەسەر چەمکی بەرنامەی کۆمۆنیستی. لەو جێگایە تەنها دکتۆر خالید بۆی هەبوو، سەردانیم بکات. یەک دوو جاریش مرۆڤ سەردانی کردم. یەک جاریش سەید قادر مستەفا لەگەڵ دکتۆر خالید بۆ لام هاتن. حیزبی کۆمۆنیست لە ترسی ئاشکرابوونی خۆیان لەبەردەم یەنکدا منیان بەتەواوی ئابڵووقە دابوو، وە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیم بە دنیای دەرەوەی ئەو چادرە کە منیان تێیدا شاردبووەوە نە مابوو.
دوای ئەوە و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥دا بوو، ڕێکخراوی یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستیم لەو چادرەوە ڕاگەیاند و بیر و بۆچوون و نووسراوەکانم بە دکتۆر خالیددا ڕەوانەی لای کەسە سەرەکییەکان و ئەڵقە و شانە کۆنەکانی بەرزە کرد. لەوێدا مەسەلەکان هەر بەڕووکەش گۆڕانیان بەسەردا هات، بەڵام شێوەکاری ئەڵقەیی هەر وەک خۆی مایەوە و سێ بارە بووەوە. من لەوێوە چیتر بڕوام (لەناخی خۆمدا) بە توانای ئەو برادەرانە و ئەو شێوەکارە ڕۆشنفکرییە ئەڵقەیییە کە چەپەکان لە شێوێکدا و چینی کرێکاریش لە شێوێکی مەریخیدا بێت، نەما. ئیتر کۆڵم دا و بۆ ئەو گوندانەی دیوی مەرزی ئێران (لای بانە) گواستمەوە و ساڵێکیشم لەوێ گوزەراند.
دیار بوو، بەشێک لەو برادەرانە (بەتایبەتی لە کەرکووک) هەر بەناوی یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستییەوە درێژەیان بە کارەکانیان دابوو. لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧دا نوێنەرێکیان (نەسرەدین) بۆ لام نارد، تاوەکوو قسە و باس و گیروگرفتەکانی خۆیان بە من بگەیەنن. ئەگەرچی من نەسرەدینم هەر لە منداڵییەوە دەناسی، بەڵام نەمزانی بوو، کە بەرزە و پاشان یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستی بووە. نەسرەدین هۆشیارانە قسەی دەکرد. بێ هیوایی خۆمم لەبەرامبەر ئەو چەپە ڕۆشنفکرییە

دەربڕی و ڕاشکاوانە خوازیاری ئەوە بووم، هەمووی هەڵوەشێتەوە. من نەم ئەتوانی جووڵانەوەیەکی کرێکاری درووست بکەم، بۆئەوەی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی واتای عەمەلی و ڕاستەقینە پەیدا بکات.
لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧دا بەنهێنی و بەیارمەتی دکتۆر ئەکرەم و مەمەند چاوشین هاتمە ناو شاری ڕانیە. لە ماوەیەکی کورتدا زەمینەی کۆبوونەوەیەکمان لە کەرکووک ڕێک خست و منیش لە ڕانیەوە بۆ کەرکووک چووم. شەش یان حەوت کەسی سەرەکی ئامادە بوون و کۆبوونەوەکە دوو ڕۆژ درێژەی کێشا. ئەو برادەرانە لەنێو خۆیاندا زۆر ناکۆک بوون. قەناعەتم بە هەموویان هێنا (یەک دەنگ نەبێت، کە دژی بڕیارەکە بوو)، کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستی بدەین. نووسینی ڕاپۆرتی هەڵوەشاندنەوەکە بە من سپێردرا. منیش پاش گەڕانەوەم بۆ شاری ڕانیە لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە ڕاپۆرتەکەم نووسییەوە و بانگەوازی ئەوەشی بۆ گرووپە چەپەکانی تر تێدا بوو، کە ئەوانیش هەمان هەنگاو بنێن. ئەمەش بەبێ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەم خستبێتە بەرچاو. ئیتر بەو جۆرە ئاشبەتاڵمان لێی کرد.
دیارە هەندێک لەو برادەرانە درێژەیان بە کاری ئەڵقەیی دابوو، بەڵام هیچێکی ئەوتۆ نەبوو.

## پاشکۆ:

ناونیشانی بەشێک لەوانەی، کە لە شاری کەرکووک لەگەڵ بەرزەدا کاریان کردووە و ئەندام بوون:
١) حوسێن عەزیز سێودین: دەرهێنەری سینەمایی ناسراو، کە ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٠وە لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکاندا ڕێکخراو بووە. لە ساڵی ١٩٨١دا بەهۆی جەنگی عێراق_ ئێران و بەهۆی نائەمنی ژیانی چووە دەرەوە بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆ هۆڵەندا کۆچی کرد.
٢) سەباح مەحموود: لە ساڵی ١٩٨٠دا لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان ڕێکخراو بووە و پاشان لە ساڵی ١٩٨١دا بەهۆی ئاشکرابوونی کۆمیتەی ئاگری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە ناچار بووە، لەگەڵ نەجمەدین فەقێ و د. خالید ڕوو لە شاخ بکەن و بچنە بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی. ن. ک.).

له پایزی ساڵی ١٩٨٢دا لە گوندی مەلا سەفی لەگەڵ نەجمەدین فەقێ و هۆشیار عەبدلخالقدا بەشداری لە دووهەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی بەرزەدا کردووە (یەکەمین کۆبوونەوە ئەوەیان بوو، کە سەباح حەسەن خورشیدی تێدا بوو، بەڵام کشایەوە).

لە مانگی هەشتی ١٩٨٤دا لە هەولێر لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە گیراوە و خراوەتە ژێر ئەشکەنجەی زۆر قورسەوە و حوکمی بیست ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە. پاشان بە لێبووردنی گشتی ئازاد ئەکرێ و ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سوێدە.

٣) عوبێد خالید تۆماری: لە ساڵی ١٩٧٩دا کاتێک لە بەغدا دەیخوێند، بەشداری لە دامەزراندنی یەکەمین ئەڵقەی ڕۆشنبیریی سەرەکی لەگەڵ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا، سەباح حەسەن خورشید و گوشاد عەبدلڕەحمان کرد. یەکێک بوو لە هەڵسووڕاوە چالاکەکانی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان و پاشان یەکێک بوو لە کادیرە سەرەکییەکانی بەرزە. ماڵەکەیان لە گوندی تۆماری سەر بە ناحییەی شوان ببوو بە حەشارگەیەکی نهێنی بۆ بەرزە. کەسوکارەکەشی بە دایک، برا، خوشک، مام و ئامۆزاکانییەوە ناڕاستەوخۆ بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی بەرزەیان دەکرد. لە دوای هەڵوەشاندنەوەی بەرزەوە لە کاری سیاسی کشایەوە و خەریکی ژیان و گوزەرانی خۆی بوو.

٤) مامۆستا بەکر لەتیف: لە کادیرە سەرەتاییەکانی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان بوو، پاشان لە ڕیزەکانی بەرزەدا کادیرێکی هەڵسووڕاو بوو، تا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستی.

٥) شەهید محەمەد ئەحمەد: ناسراو بە محەمەد ئاڵتونچی یان محەمەد کەلارە. پێشتر لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەرپرسی کەرتی شەهید سیروان لە شاری کەرکووک بوو. ئەم کەرتە پەیوەندی بە کەرتی ڕێکخستنی جەباری و تەهای جەبارییەوە هەبوو. بۆیە کاتێک کە کۆمیتەی ئاگر کەوتە بەر پەلاماری گرتن و ڕاونان و تێکوپێک چوو، ئەم کەرتە زەربەی نەخوارد.

کاتێک کە کۆمیتەی ئاگر پێک ئەهێنرێتەوە[1]، کەرتی شەهید سیروانیش ئەدرێتە کەرکووک و محەمەد وەک لێپرسراوی ئەم کەرتە ئەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخراوی کەرکووک.

زۆری پێ ناچێت، کۆنفرانسی دووی کۆمەڵە ئەبەسترێ و محەمەدیش بەشداری تێدا دەکات. پاشان بەهۆی ناکۆکیی فکرییەوە واز لە کۆمەڵە دەهێنێت.

---

[1] کاتێک، کە کۆمیتەی ئاگر لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨١دا کەوتە بەر هێرشی گرتن و ڕاوەدوونان، من بەرپرسی خەتێکی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و خەتێکی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بووم و پەیوەندیم بە هاوڕێ (ئەسعەد عەزیز سۆفی شەریف)ەوە هەبوو. بەڵام بەهۆی خۆڕاگریی هاوڕێ ئەسعەدەوە، بۆ دەزگا ئەمنییەکان ئاشکرا نەبووم و لەو شاڵاوی گرتنەدا ڕزگارم بوو. ئەوەی شایانی باسە، کلێشەی ڕێکخستن و ناوی نهێنیی من (نەسرەوت) و ئەوەی کە پەیوەندیم بە ئەسعەدەوە هەیە و تۆڕی پەیوەندییەکانم گشت ئاشکرا ببوون و لەبەردەستی دائیرەی ئەمندا بوون، ئەوەی مابووەوە و مەعلووم نەبوو، تەنها ناوی تەواوەتی من بوو. لە سەردانێکمدا بۆ لای هاوڕێ ئەسعەد لە زیندانی مووسڵ، کە لە ژووری ئیعدامدا بوو، لەگەڵ ماچوموچ و باوەشبەیەکداکردندا، بەچرپە ئەوەی بۆم گێڕایەوە و وتی: "ئەزانی سالار لەسەر درکاندنی ناوی تەواوی تۆ، چەندە ئەشکەنجەیان کردووم و لە کاتی ئەشکەنجەدا ناوی تۆ چۆن بەمێشکمدا ئەهات و ئەچوو!!! بەڵام سەرەنجام هەر خۆم گرتوو، ناوی تۆم پێیان نەدا."

پاش ماوەیەک لە خۆشاردنەوە و ئیختیفا، ناوی نهێنیی خۆمم گۆڕی (جووتیار) و کەوتمەوە هەڵسووڕان و بیرکردنەوە لە دروستکردنەوەی کۆمیتەی ئاگر و لێکگرێدانەوەی هێڵەکانی ڕێکخستن، کە داری بەسەر بەردییەوە نەمابوو، وە خۆشم پەیوەندیم بە هیچ شوێنێکەوە نەمابوو. بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار سەردانی هاوڕێیانی زیندانیم لە زیندانی ئەبوغرێب و مووسڵ کرد، پەیوەندیم بە ئەحمەد کرێکارەوە کرد، کە هاوگەڕەک بووین و دووربەدوور دەمناسی و ئاگاداری ئەوە بووم، کە چۆن ماوەیەک پێش ئەوە، لێپرسراوی کۆمیتەی ئاگر بووە و چۆن ئاشکرا بووە و لە گوندی چاڵاوی ناوچەی شوان ئەژی. پاشان پەیوەندیم بە عەلی بچکۆل و ئازاد هەورامی و ناوەندیی کۆمەڵەوە کرد،

لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا و لە میانەی کۆبوونەوەیەک، کە پێک هاتبوو لە: "عەلی بچکۆل، ئەحمەد کرێکار و من"، پێشنیاری ئەوەم کرد، کە بەڵکوو کەرتی شەهید سیروانیش پەیوەندی بە ئێمە (واتە: بە کۆمیتەی ئاگر)ەوە بکات و لە دامەزراندنەوەی کۆمیتەی ئاگردا بەشداری بکات. ئەوانیش ئەو پێشنیارەیان پەسەند کرد و پاش ئەوە لە کۆبوونەوەیەک، لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی سوورقاوشان، کە پێک هاتبوو لە: "ئازاد هەورامی، ئەحمەد کرێکار، سالار ڕەشید، عەلی بچکۆل، مامۆستا قادر، محەمەد ئەحمەد"، کۆمیتەی ئاگر (کۆمیتەی ڕێکخراوی شاری کەرکووک) لە سێ کەس پێک ئەهێنرێتەوە کە ئەمانە بوون: "سالار ڕەشید، مامۆستا قادر، محەمەد ئەحمەد"، کە هەر یەکێک لەوان بەرپرسی کەرتێک بوو، بەم ناوانەوە: "کەرتی شەهید ئەنوەر حەسەن، کەرتی شەهید سەڵاحی موهەندیس، کەرتی شەهید سیروان". (سالار ڕەشید)

لـه دوای گفتوگۆکـانی سـاڵی ١٩٨٤ی نێـوان (ی. ن. ک) و ڕژێمـی عێـراق، شـەهید محەمەد دێتە ڕیزەکانی بەرزەوە و دەبێتە هەڵسووڕاوێکی چالاکی ئەو ڕێکخراوە. پاشان دوای هـەڵوەشـاندەوەی بـەرزە و دامەزراندنی یـەکێتیی خـەباتی کۆمۆنیسـتی، درێـژە بـە تێکۆشـانی خـۆی ئـەدا. کۆبوونـەوەی فراوانـی کـادیرە سـەرەکییەکانی کـەرکووکی یـەکێتیی خـەباتی کۆمۆنیسـتی لـە نـاوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٨٧دا لـە مـاڵی شەهید محەمەد لە کەرکووک ئەنجام درا، کە لەوێدا بە زۆرینـەی دەنگ بڕیـار درا، ئەو ڕێکخراوە هەڵوەشێنرێتەوە.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا لە بزووتنەوەی شووراکاندا بەشدار بوو. لە ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ شەهید محەمەد لە لایەن هێزی سـەربازی و هەواڵگری عێراقەوە لە شـاری هەولێر دەگیرێ و پاشـان سزای زیندانی بەسـەردا دەدرێت و ڕەوانەی ئەبووغرێب دەکرێت. دوای ئەوە جۆری حوکمەکەی دەگۆڕن و هەر لەوێ ئیعدام دەکرێت.

ئەوەی شـایانی باسـە، مـاڵی نـاوبراو چ لـە کـەرکووک و چ لـە هـەولێر لـە نیـوەی دووەمـی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا هەمیشـە پـەناگەی حەشـاردانی خـەڵکانی چەپ بووە، کە مەرج نەبووە بەرزە بووبن.

٦) سالار کەریم: برای د. نەجمەدین کەریمە و ئێستا نیشتەجێی ئەمەریکایە.

٧) تـاهیر ڕەحـیم (دکتـۆر تـاهیر): کارمەنـدی تەندرووسـتی بـوو، ئێسـتا نیشـتەجێی ئەڵمانیایە.

٨) نـورەدین شـێخ ئەبدلواحێد: ناسـراو بـە حەمـە ڕەش و پێشـمەرگەی دێـرین لـە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی (ی. ن. ک.)دا.

٩) کەمال ئەمین: پێشمەرگەی دێرین و ئێستا نیشتەجێی شاری کەرکووکە.

١٠) نەجمەدین عەبدلقادر: ناسراو بە کاکە سوور و ئێستا نیشتەجێی سوێدە.

١١) ئەحمـەد شـۆڕیجەیی: کارمەنـدی تەندرووسـتی بـوو. لـە ئەڵقـە ڕۆشـنبیرییە سەرەتاییەکانەوە بەشدار بووە.

١٢) سـەید قـادر سـەید مستەفا: ناسـراو بـە قـادر ئـاڵتوونچی، تێکۆشـەرێکی دێرینی ئەڵقـە چەپـەکانی شـاری کـەرکووک و هەڵسـووڕاوێکی بـەرزە و یـەکێتیی خـەباتی کۆمۆنیستی بوو. لەگەڵ د. خالیددا بەشداری چالاکانـەی هـەبوو لـە ڕەخنـەگرتن لـە چەپی "حیرفەیی" بە (بەرزە)شەوە و لەگەڵ هەڵوەشـاندنەوەی بـەرزە و دامەزراندنی

یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستیدا بوون. ئێستا کارگێڕی بەشی پەیوەندییەکانە لە مەڵبەندی دووی (ی. ن. ک) لە کەرکووک.
١٣) شەهید عوسمان عەلی: کرێکاری بیناسازی بوو، لە ڕێگای د. خالیدەوە لە بەرزە و پاشان لە یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستیدا ڕێکخراو بوو. شەهید عوسمان لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە بە تۆمەتی فیراری لە سەربازی دەستگیر دەکرێ و لە ڕۆژی ١٩٨٦/١/١٣دا شەهید دەکرێ. شەهیدی ناوبراو زۆر قارەمانانە پێش گوللەبارانکردنی هوتافی لە دژی ڕژێمی بەعس دەکێشا.
١٤) نەسرەدین کەریم: ناسراو بە نەسر یان کەمال و ئێستا نیشتەجێی سویسرایە.
١٥) جەمال مەحموود: (پ. م)ی دێرین و خەڵکی کەرکووک بوو، بەڵام دانیشتووی سلێمانی بوو، پەیوەندی بە هاوڕێیانی سلێمانییەوە هەبوو. ئێستا دانیشتووی کەنەدایە.
١٦) ئەحمەد (برای سۆرانی گەرمیان).
١٧) شەهید ئازاد فەقێ عەبدوڵا.
١٨) مەلا ناسیح تۆماری: ناوبراو تێکۆشەرێکی سەرەتاکانی کۆمەڵەی مارکسیی لێنینی بوو. لە ڕێگای عوبێد خالیدەوە پەیوەندی بە بەرزەوە کردبوو. لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بە نەخۆشی شێرپەنجە لە شارۆچکەی تەقتەق کۆچی دوایی کرد.

**تێبینی (١)**: بێگومان هەر یەکێک لەو ناوانە پەیوەندی بە کەسانی ترەوە هەبووە، کە لە ئەڵقەی ڕۆشنبیری، یان لە شانەی تردا ڕێکخراو بوونە. هەروەها لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، ڕانیە، قەڵادزێ، هەڵەبجە، پێنجوێن و شوێنی تریش کەسانی سەر بە بەرزە هەبوونە.
**تێبینی (٢)**: ئەم پاشکۆیە، لە لایەن "د. خالید"ەوە ئامادە کراوە و لە لایەن "نەجمەدین"ەوە داڕێژراوەتەوە و پێناسەی هەندێک لەو کەسانە کراوە.

ئابی ٢٠١٠

# بیست ساڵ لەمەوبەر... مانگرتنی عەزیمی خوێندکاران[1]

**نووسینی: سالار ڕەشید**

ساڵی ١٩٨٤ کۆتایی ساڵی خوێندن بوو. حکوومەتی دڕندەی بەعس لە گەرمەی شەڕی خۆیدا لەگەڵ حکوومەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێراندا بوو. شەڕێکی خوێناوی و سەخت، بە جۆرێک سەردیواری هەر کووچە و کۆڵان و شەقامێک نەبوو، چەندین لافیتەی ڕەشی پێدا هەڵنەواسرابێت. نە شایی و زەماوەند مابوو، نە بزە بەسەر لێوی خەڵکەوە. هێزی چەکداری عێراقی یەکجار زۆر بوو. هەندێک موالید هەبوو، خزمەتی ئیحتیاتی سێ ئەوەندەی خزمەتی ئیجبارییەکەی بوو. ئەگەر لەوەش وازیان لێ بهێنایە، ئەوجا ئەبوو ببێتە جەیشی شەعبی و شتی لەم جۆرە. بە بیانووی جەنگەوە ئەبوو هەموو کەس لەژێر خزمەتی چەکدا بێت. فەزای کۆمەڵ فەزای ترس و تەرم و خوێن بوو. خەڵکێکی یەکجار زۆریش سەرباری هەر ترس و خۆفێک ئامادە نەبوون، خۆیان لە شەڕێکی وا ناڕەوا و کۆنەپەرستانە بە کوشت بدەن. لە کوردستان فیرارەکان شاریان بەجێ ئەهێشت و ئەچوونە لادێکان، لە باشووری عێراقیش ئەچوونە ناوچە زەلکاوییەکان. هەندێک شوێنی وەک شاری بەغداش بەهەزاران کەس خۆیان هەر لە شاردا حەشار دابوو.

لەو دەمەدا بزووتنەوەیەکی چەکدار لە کوردستانی عێراقدا هەبوو، چەکداری چەندین حیزبی ئۆپۆزیسیۆن بوون، کە بەهێزترینیان یەکێتی و پارتی بوون.

بەهۆی ناکۆکی لەمێژینەی ئەم دوو حیزبەوە باقی حیزبەکانی تریش ببوون بە دوو بەشەوە و بەسەر ئەم دوو لایەنەدا ڕیزیان بەستبوو. شەڕی سەخت و خوێناوییان لەبەیندا بوو. ئەمانە هەمیشە چاوێکیان لە بەغدا و بە ئاشکرا و بە نهێنی پێیەکیان لای بەعس بوو.

لەو ساڵەدا یەکێتیی نیشتمانی ماوەیەک بوو لەگەڵ حکوومەتی بەعس شەڕی ڕاگرتبوو، وە بۆ ماوەی چەند مانگێک بوو، سەرگەرمی گفتوگۆ بوو. شەڕی قڕناقا

---

[1] ئەم بابەتە مێژووییە لە بەرواری ٢٠٠٤/٥/٢٠ نووسراوەتەوە و لە سایتی دەنگەکان بڵاو کراوەتەوە.

و پشتئاشان شەهادەیەک بوو کە مام جەلال لە سەفەرەکەیدا بۆ بەغدا لە باخەڵی نابوو، تاوەکوو بە سەدام بڵێ، ئاساییشی کوردستان بە ئێمەوە پەیوەستە. بزووتنەوەی چەپیش لە کوردستاندا و بە تایبەت لە شارەکاندا جموجووڵیان هەبوو. ئەگەرچی چەند ڕێکخراو و گرووپێکی بچووک لەو دەمەدا هەبوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریش پەرشوبڵاو و نا ڕێکخراو هەبوون. ئەمانە لە زانکۆ و خوێندنگاکاندا کاریگەرییان هەبوو، وە بە ڕادەیەکی زۆریش ئۆتۆریتەی فکرییان زاڵ بوو.

لەم هەلومەرجەی عێراق و کوردستاندا، کە چەند مانگێکی مابوو، ساڵی خوێندن تەواو بێت، حکوومەتی بەعس بڕیارێکی دەرکرد، کە ئەبێ، خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین چەکیان بەسەردا دابەش بکرێت و مەشقی سەربازییان پێ بکرێت و لە چوارچێوەی هێزی جەیشی شەعبی ڕێک بخرێن. ئەم بڕیارە زۆر بەتوندی وەرگیرا و ئیجباری بوو.

ئەو دەمە من خوێندکاری قۆناغی سێی کۆلێژی زانیاریی بەشی فیزیا لە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر بووم. یەکێتیی قوتابییانی بەعس و مامۆستا بەعسییەکان و ئەفرادی ئەمنی زانکۆ کەوتنە گەڕان بەناو کۆلێژ و کلاسەکانیدا. بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە بڕیارەکەیان بە خوێندکاران ڕاگەیاند. بەڵام خوێندکاران ملیان نە دا و بەمە ڕازی نەبوون. ئیتر پشێوی کەوتە نێو زانکۆ و کێشمەکێش بەئاشکرا و بەڕۆشنی دەستی پێ کرد.

کۆلێژەکانی زانکۆ هەر یەکەیان کەوتبووە شوێنێکی شاری هەولێرەوە، بەشە ناوخۆیەکانیشی بە هەمان شێوە. خوێندکارانی کۆلێژەکان لەنێو خۆیاندا و لەگەڵ باقیی خوێندکارانی کۆلێژەکانی تر کەوتنە هاتووچۆ و یەکتر بینین. سەردانی یەکترییان ئەکرد و پۆلپۆل لەدەوری یەکتر کۆ ئەبوونەوە، قسە و باسیان ئەگۆڕییەوە و ڕاوێژیان بە یەکتر ئەکرد.

ناڕەزایەتیی شەپۆلی ئەدا. ئەوانەی کە لەدڵیشەوە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون، کە کێشمەکێش لەگەڵ ڕژێمێکی وا هار و دڕندەدا بکرێ، لەبەر لێشاوی ناڕەزایەتیی زۆربە بێدەنگەیان لێ ئەکرد. خوێندکاران لە ڕاڕەوەکان و کافیتریا و ساحەی کۆلێژەکان بە وریاییەوە پرسیاری "چی بکەین؟"یان لە یەکتر ئەکرد و کەمتر ئەچوونە کلاسی دەرسەوە. بەعسی و ئەمنەکانیش هەرچاوێکیان کردبوو بە چوار و ماخۆلانیان تێ کەوتبوو و ئارامیان لێ بڕابوو، نەیان دەزانی چی بکەن.

خوێندکارانی کۆلێژی ئاداب ئەو ڕۆژە مانیان گرت و لە چێشتخانەی کۆلێژ هیچیان نەکڕی و هەرچی خواردن هەبوو ئەو ڕۆژە مایەوە و بە خەسار چوو. ڕۆژی دوای ئەوە ئێمە خوێندکارانی کۆلێژی زانیاری بە هەمان دەستووری ئەوان لە چێشتخانەی کۆلێژ خواردنمان نەکڕی و ئەو ڕۆژە لای ئێمەش خواردن وەک خۆی مایەوە و بە خەسار چوو.

ئیتر هەلومەرجەکە گەلێک ئاڵۆز بوو. نە بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆ، نە پیاوانی بەعس بۆیان مەعلووم نەبوو، ئەم حاڵەتە بە چی ئەگات. لە بەرامبەردا خوێندکارانیش ئەگەرچی ملیان بە بڕیاری بەعس نە ئەدا، بەڵام هیچ هێز و لایەنێکیان شک نە ئەبرد، کە پشتگیرییان لێ بکات و ناڕەزایەتییان یەکگرتوو و ڕابەری بکات.

لەم هەلومەرجە ناسک و ئاڵۆزەدا چەند خوێندکارێک لە کۆلێژە جیاجیاکانەوە کۆبوونەوەیەکمان بە نهێنی گرت و سەبارەت بەو بار و دۆخە و چۆنیەتی مامەڵە و هەڵوێست و سیاسەتمان قسەمان کرد. سەرەنجام بڕیاری دامەزراندنی کۆمیتەیەکمان دا، کە بتوانێت، ڕابەرایەتیی مانگرتن و ناڕەزایەتیی خوێندکاران لە دژی ئەو بڕیارەی حکوومەتی بەعس بکات. ئەو کۆمیتەیەش دواتر ناومان لێ نا: "لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران/ لنخ".

ئەوەندەی من بێتەوە بیرم، ئەو هاوڕێیانەی ئەو کۆمیتەیەیان دامەزراند، بریتی بوون لە: جەزا ڕەزا/ کۆلێجی ئەندازیاری، خۆشناو جەمال/ کۆلێجی پەروەردە، سالار ڕەشید (ساڵح عەزیز ڕەشید)/ کۆلێجی زانستەکان و عەزەدین مەجید/ کۆلێجی پەروەردە.

لە سەرەتادا کۆمیتەکەمان لەسەر ئاستی زانکۆ دامەزراند و دوای ئەوەی خوێندکاران زانکۆیان بەجێهێشت، ئارایشتی کۆمیتەکەمان بۆ ئاستی شارەکان گۆڕی و ئیتر کۆمیتەکەشمان فراوان بووە و ژمارەیەکی تر پێوەی پەیوەست بوون، کە هەندێکیان لە لیژنەی باڵا و هەندێکیان لە لیژنە فەرعییەکان کاریان دەکرد. ئەو هاوڕێیانەش ئەوەندەی من بێتەوە بیرم، بریتی بوون لەمانە:

ئەکرەمی میهرداد (بەڵام تەنها لە یەک کۆبوونەوە لە ماڵی جەزا ڕەزا لە شاری سلێمانی بەشداری کرد و ئیتر نەهاتەوە)، تەحسین نامیق، خالید محەمەد فاتیح (سەمیر نووری)، غازی عەبدول نەریمان ، مەحمود ئەسعەد پەری، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەژار مام تەها کاوانی...

دیارە کەسانێکی تریش هەبوون، لە لیژنەی شارەکان ئەندام بوون، وە یان بەشدار بوون، من یان نایاتەوە بیرم، وە یان هەر ئەو دەمەش نەم دەزانی. داوای لێبووردنیان لێ ئەکەم.

ئەم لیژنەیە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕابەریی مانگرتنی لە ئەستۆ گرت و زۆر چالاکانە و بەهەستی لێپرسراوێتیی شۆڕشگێڕانەوە نارەزایەتییەکانی یەکگرتوو و یەکهەڵوێست کرد و لە ڕاڕایی و پارچەپارچەبوون پاراستی.

ئەم لیژنەیە تاکە ڕابەر و ڕێنیشاندەری مانگرتن بوو. خاوەن توانا و ئۆتۆریتەیەکی بێ وێنەبوو. دەخاڵەتی تەسلیمخوازانە و پاسیڤیستیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی پوچەڵ کردەوە. ڕۆڵی بەرچاویان لە ناساندنی ماهییەتی دژی خەڵکیی ئەم حیزبە گێڕا، کە داوایان لە خوێندکاران ئەکرد، مان نەگرن و بچن چەکی جەیشی شەعبی بۆ حکوومەتی فاشیی بەعس هەڵبگرن.

شێوەی پێکهاتن و ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەم کۆمیتەیەدا هات، شێوەی کۆبوونەوە و شوێنی کۆبوونەوە و بڕیارەکانی، بەیاننامە و چۆنیەتی نووسین و تەکسیر و بڵاوکردنەوەی، چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە خوێندکارانی زانکۆی مووسڵ و خوێندکارانی ناوەندی و دواناوەندییەکان... بە کورتییەکەی میکانیزمی کارکردنەکەی باسێکی تەفسیلی ترە.

ئەوەی شایانی وتنە، ئەم لیژنەیە (ل. ن. خ.)، دەستەیەک خەباتگێڕی چەپ و کۆمۆنیست بوون، کە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستاندا بە شانازییەوە ئەبێ باسیان بکات.

ئەو مانگرتنە مەزنە کە کۆمەڵگای کوردستانی هەژاند، ئەگەرچی بە قوربانیی فەسڵبوونی ژمارەیەک لە خوێندکاران و گیانلەدەستدانی هەڵسووڕاوی کۆمۆنیست نەجاتی مام سلێمان (یادی بەرز و بەڕێز بێت)، خوێندکاری دواناوەندی سەورە لە شاری کەرکوک، کۆتایی هات، بەڵام بەرپەرچدانەوەیەکی جەسوورانەی خوێندکاران لە شکستپێهێنانی سیاسەتی چەکدارکردنی زۆرە ملێی هارترین ڕژێمی ناوچەکە بوو.

# مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٨٤

## (چاوپێکەوتنی سایتی دەنگەکان لەگەڵ سالار ڕەشید)[1]

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر وتارێک لەژێر ناونیشانی "بیست ساڵ لەمەوبەر... مانگرتنی عەزیمی خوێندکاران!" لە نووسینی سالار ڕەشید لە سایتەکەمان بڵاو کرایەوە. لەوێدا وێڕای یادکردنەوەی ئەو مانگرتنە مەزنە، هەندێک لایەنی گرنگی ئەو مانگرتنەش باس کراوە. بێگومان ئەو مانگرتنە جێگایەکی دیاری هەیە و لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی بزووتنەوەی خوێندکاران و بەرەی پێشکەوتنخوازیی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر یەکێک لە هارترین ڕژێمەکانی ئەم سەردەمە.

بۆ شارەزایی زیاتر و ڕوونکردنەوەی لایەنە نادیارەکانی ئەم مەسەلەیە، بە پێویستمان زانی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سالار ڕەشید یەکێک لە ڕابەرانی ئەو مانگرتنە ساز بدەین.

**پرسیار:** لە وتارەکەتدا باسی ئەوەت کردووە، کە چۆن لە گەرمەی شەڕی عێراق و ئێراندا حکومەتی فاشیستی بەعس لە ساڵی ١٩٨٤ بڕیاری ئەوەی دەرکردووە، کە ئێوە خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین بەزۆر چەکدار بکات و مەشقی جەیشی شەعبیتان پێ بکات. ئایا ئامانجی بەعس لەو کاتەدا بۆ ئەوە بوو، کە مەشقی سەربازی بە خوێندکاران بکات و پاشان وەک هێزێکی مرۆیی لە شەڕەکەیدا، یان لە جێگای جۆراوجۆر بەکاریان بهێنێ، وەیان مەبەستێکی تری لە پشت ئەوەوە هەبوو؟

**سالار ڕەشید:** ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە، بۆ شەڕێکی وا گەورە و درێژمەودا، لە لەگەڵ سوپایەکی وەک سوپای ئێران کە چ سوپاکە و چ ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکە چەند بەرابەری سوپای عێراق و ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی بوو، هێزی مرۆیی فاکتەرێکی گرنگ بوو، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر ئەمەش مەبەستێک

---

[1] ئەم گفتوگۆیە لە بەرواری ٢٠٠٤/٥/٢٦ لە سایتی دەنگەکان بڵاو کراوەتەوە. پاشان لە بڵاوکراوەی "ئۆکتۆبەر"ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش بڵاو کرایەوە.

له مەبەستەکانی بەعس بوویێت، ئەوا مەبەستێکی زۆر بچووک و لاوەکی بووە. مەبەستی سەرەکی لەو کارەدا سیاسی بوو. لە کوردستاندا تەنها یەک زانکۆ هەبوو، ئەویش زانکۆی سەلاحەدین بوو، ئەم زانکۆیە لە کوردستان، مەڵبەندێکی گرنگی بزووتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری لە پاڵ بزووتنەوەی ئەدەبی و زانستی بوو. هەروەها کۆبەندی لاوانێکی شۆڕشگێڕ بوو، بەتەواوی شار و شارۆچکە و ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە. سەکۆیەکی بەرچاوی بەرگری لەبەرامبەر سیاسەتە سەرکوتگەرییەکانی فاشیستی بەعس بوو. هەروەها ناوەندێکی ئاشکراش بوو، بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستاندا. هەر بۆیە ئەم هەنگاوەی بەعس هێرشێک بوو، بۆسەر تەواوی ئەمانە. بۆ ئەوە بوو، ئەم زانکۆیە کۆنترۆڵ بکات، ئیرادەیان لێ وەربگرێتەوە و گیانی شۆڕشگێڕییان خەفە بکات.
هەر سێ ساڵ پێش ئەوە بوو، حکوومەتی بەعس ئەم زانکۆیەی لە شاری سلێمانییەوە بۆ شاری هەولێر گواستەوە. بەبێ ئەوەی تەنانەت جێگایەکی بۆ ئامادە کردبێت. هەر کۆلێجەی هەڵدایە سوچێک و ئەتکی کرد. ئەمەش هەر کردەوەیەک بوو بۆ ئەو مەبەستەی باسم کرد.

**پرسیار:** هەڵوێستی خوێندکاران لە بەرامبەر ئەو داوایە، وە یان بڵێین، چەکدارکردنی زۆرەملێ چی بوو؟
**سالار رەشید:** هەر وەکوو باسم کرد، ئەم زانکۆیە سەکۆی بەرگری لە دژی سیاسەتەکانی بەعس بوو. ئەم حکوومەتە هارە ساڵانێکی دوورودرێژ هەوڵی دا، بۆئەوەی سیاسەتی بە بەعسیکردن لەم زانکۆیە بچەسپێنێ، بەڵام گشت هەوڵەکانی ناکام کەوتنەوە. بۆیە ئەیویست لە هەلومەرجی جەنگ و هەلومەرجی سیاسیی ئەو دەمەی کوردستان کەڵک وەربگرێ. تاوەکوو جارێکی تریش بەختی خۆی تاقی بکاتەوە. بەڵام خوێندکاران سەرباری هەر هەڕەشە و گوڕەشەیەک، زۆر بەتوندی ئەمەیان ڕەت کردەوە و ئامادە نەبوون، مل بەو زۆردارییە بدەن. بێگومان لە بزاوتێکی وا گەورەدا کەسانی ڕاڕا و دەستەمۆ ئەبن، کە بیر لە بەرژەوەندیی شەخسی بکەنەوە، وە یان بکەونە ژێر کاریگەری هەڕەشە و تۆقاندنەوە، بەتایبەت هەڕەشەی دڕندەیەکی وەک ڕژێمی بەعس، بەڵام ئەوانە لەچاو هەڵوێستی زۆربە، زۆر نەبوون و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی زۆربە ئەوانی داپۆشی.

**پرسیار:** هەر وەکوو ئاشکرایە، ئەو مانگرتنە لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستاندا، گەورەترین مانگرتنی خوێندکاران بوو، ئەگەر بکرێت، ژمارەیەکی تەخمینی سەبارەت بە قەوارە و فراوانی ئەو مانگرتنە بدەیتە دەست؟

**سالار ڕەشید:** ژمارەی خوێندکارانی مانگرتوو تەنها لە زانکۆی ئێمە ئەو دەمە بە ٤٠٠٠ خوێندکار دەخەمڵێندرا. بەڵام دیارە مانگرتنەکە سنووری زانکۆی سەلاحەدینی تێپەڕاند و ژمارەیەکی زۆری تری خوێندکاران لە شوێنە جیاجیاکانەوە بۆ پشتگیریکردن لە مانگرتنەکەی ئێمە دەستیان دایە مانگرتن. مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی مووسڵ گەورە و بەهێز بوو. دەستەیەک خەباتکاری چەپ و کۆمۆنیست ڕابەرایەتی ئەو بزووتنەوەیان کرد. لەوانەی کە دێتەوە یادم: سامان کەریم (کۆلێجی ئەندازیاری)، ڕەحمان داوود (کۆلێجی ئابووری)، سەلاح میرزا (کۆلێجی ئەندازیاری). ئەم مانگرتنە زۆر بەهێز بوو، بە کێشمەکێشێکی یەکجار جەسوورانە لە بەرامبەر ئەمنی مووسڵدا تێپەڕی. ئێمە بەهۆی لیژنەکەمانەوە (لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران) هاوئاهەنگیمان لەگەڵیاندا هەبوو.

پەیمانگای تەکنەلۆژیی کەرکووک دیسانەوە بۆ پاڵپشتی ئێمە زیاتر لە نیوەی خوێندکارانی دەستیان دایە مانگرتن. ئەمانیش بە کۆمەڵ چووبوونە لای ڕاگری پەیمانگا و داوایان کردبوو، کە ئەبێ واز لە بڕیاری بەزۆر چەکدارکردنی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین بهێنن. ڕاگریش ئەمنی کەرکووکی ئاگادار کردبووەوە. ئەمانیش دیسانەوە لەگەڵ ئەمنی کەرکووک تووشی ڕووبەڕووبونەوە هاتبوون.

دواناوەندی سەورە (پێشتر ناوی دواناوەندی شۆڕش بوو، بەڵام ناوەکەی لە درێژەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تەعریبەوە بە سەورە گۆڕا) بە ڕێنوێنی ڕاستەوخۆی لیژنەکەی ئێمە لە بەرواری ١٩٨٤/٥/١٣ دەستیان دایە مانگرتن. ئەمنی کەرامە کە چەند کیلۆمەترێک لەولای خوێندنگاکەوە بوو، وە لە ڕێگای مامۆستا بەعسییەکانەوە ئاگادار کرابوونەوە، گەییشتنە سەر ئەو خوێندکارانە و هەموویانیان ڕاپێچی زیندانی ئەمنی کەرامە کردبوو، وە لەوێ ئەشگەنجەیان کردبوون. دووان لەو خوێندکارانە ئەشکەنجەی زۆر کرابوون، نەجات مام سلێمان و سەمەد ئەحمەد.

نەجات لە شاری کەرکووک لە گەڕەکی شۆڕیجە لە بەرواری ١٩٦٥/١٠/٢٨ لەدایک بووە. دوای ئەوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئەبێت، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی مارکسیستی و

کرێکاری نەبووە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێکانی واز لەو ڕێکخراوە ئەهێنێ و لەژێر کاریگەریی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا و لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی کۆمۆنیستیدا درێژە بە هەڵسووڕانی خۆی ئەدات. هاوڕێ نەجات کۆمۆنیستێکی هۆشیار و کەسایەتییەکی زۆر خۆشەویست و بەئۆتۆریتە بووە لەنێو خەڵکیدا. لە سەردەمی مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە دواناوەندیی سەورە پۆلی شەشەمی وێژەیی بووە. هاندەر و ڕابەری مانگرتنی خوێندنگاکەیان بوو. بەهۆی دەرکەوتنییەوە وەک ڕابەری مانگرتنەکە، کە مامۆستا بەعسییەکان بینیبوویان، قسەی بۆ خوێندکاران ئەکرد، وە دواتریش داخوازیی مانگرتنەکە کە لە لاپەڕەیەکدا نووسیبوویانەوە هەر بەم گیرا بوو، بۆیە بەهۆی ئەشکەنجەی زۆر و لێدان لە پشتی سەر، کە جێگایەکی ناسک و هەستیارە بەداخەوە گیانی لەدەست دا.
پشتگیری لە مانگرتنەکە زۆرێکی تری لە پەیمانگا و دواناوەندییەکانی کوردستانی گرتەوە، تەنانەت پریشکی گەییشتە زانکۆکانی شاری بەغداش.
کاریگەری مانگرتنەکەمان لە شاری سلێمانی گەییشتە حاڵەتی تەقینەوە و خۆپێشاندان و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی بەعس و ئەمنی شاری سلێمانی. حاڵ گەییشتە ئەوەی خۆپێشاندەران دەستیان گرت بەسەر بارەگایەکی بەعسییەکان بە ناوی بارەگای شەهید عوسمان فایەق و لە سەرەوەی بارەگاکەوە بەعسییەکانیان فڕێدابووە خوارەوە.
بە کورتیەکەی، مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین بەجۆرێک بوو، کە تەواوی کۆمەڵگای کوردستانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

**پرسیار**: ئێوە وەک پۆلێک خوێندکاری شۆڕشگێڕ، چ هەنگاوێکتان بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ناڕەزایەتیی خوێندکاران لە زانکۆکەتاندا نا؟
**سالار ڕەشید**: ناڕەزایەتی و پەستی خوێندکاران شەپۆلی ئەدا. خوێندکاران ئامادە نە بوون، سەر بۆ بڕیاری بەعس نەوی بکەن. بەڵام هیچ هێز و لایەنێک بۆ یەکدەنگکردن، ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەو ناڕەزایەتییە لە خوێندکارانەوە دیار نەبوو. حیزبەکانی ئەو دەمە بریتی بوون لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراق، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد. یەکێتیی نیشتمانی لێ دەرچێت، ئەوانی دی ژمارەی ئەندام و لایەنگرانیان زۆر کەم بوون، بە حیزب و ڕێکخراوی پیشەییشیانەوە.

هەرچی بە یەکێتیی نیشتمانی ئەگەڕێتەوە، دۆخەکە بە جۆرێکی تر بوو. کە ئەڵێم، یەکێتیی نیشتمانی دیارە مەبەستم لە خەتی گشتی وە یان دواتر یەکێتیی شۆڕشگێڕان نییە. چونکە ئەمانەش لە هەمان دۆخی ئەو حیزبانەی تردا بوون، کە باسم کرد، بەڵکوو مەبەستم لە یەکێتی بە شێوەیەکی کۆنکرێت، ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، وە دواتریش ڕێکخراوە پیشەییەکەی یەکێتی، یانی، "یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان"ە، کە لە دەورانێکی پێش ئەو وەختە بە ژمارە زۆر و بە نفووز بوون. وە یان دەقیقتر بڵێم، بیروباوەڕی چەپی ماوی کە کۆمەڵە هەڵگری بوو، بیروباوەڕی موعتەبەر و بە ئۆتۆریتە بوو، وە بەسەر بیروباوەڕی سیاسیی ئەو دەمە لە زانکۆدا سایەی کردبوو. بەڵام ڕووهێنانی ئەم ڕێکخراوە لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان بەرەو ڕاست و داماڵینی ئەو بەرگە سووره لە خۆی، ئیتر وردەوردە و پێبەپێی ئەوە ڕادیکاڵییەت و سیفاتی شۆڕشگێڕی لە خۆی ئەتەکان. لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕەدا ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی ڕێکخراوەکەشدا هاتە کایەوە و بەسەدان کەسی چەپ و کۆمۆنیست ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەیان بەجێ هێشت. لە پاڵ ئەم ئاڵوگۆڕەدا، یەکێتیی نیشتمانی لە سەردەمی مانگرتنی زانکۆی سەلاحەدیندا چەند مانگێک بوو لە گەڵ حکوومەتی بەعس لە گفتوگۆدا بوو. وە لەبەرامبەر مانگرتنی خوێندکاراندا هەڵوێستی فریودان و سیاسەتی خزمەت بە بەعسی هەبوو، بۆیە مانگرتنی خوێندکاران لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کەوتە بەرانبەریەک.

هەرچی حیزبەکانی تر بوون هەر وەکوو باسم کرد، بەهۆی ئەوەی نفووز و ئۆتۆریتەیەکیان لەنێو زانکۆدا نەبوو، نەیان دەتوانی ڕابەرایەتی ئەم مانگرتنە بکەن، وەیان بەلای کەمەوە دەخالەتیان هەبێت. بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیست لە هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و مووسڵ بەهێز بوو. بەهێزییەکەی زیاتر لە ئۆتۆریتەی فکری نەک ڕێکخراوەییاندا بوو. ئەگەرچی هەندێک ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵ لە ئارادابوون، بەڵام زۆربەی هەرەزۆری چەپ و کۆمۆنیستەکان نا ڕێکخراو بوون، وە لە حاڵی شکڵگرتندا بوون. لە هەلومەرجێکی ئاوادا بوو، ئێمە پۆلێک کەسانی چەپ و کۆمۆنیست لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە و بڕیارمان دا، کۆمیتەیەک پێک بهێنین بۆ ڕابەریکردنی مانگرتن.

بۆ یەکەمجار لە بەشی ناوخۆیی لەژوورێک کۆبووینەوە کە ژووری خۆشناو جەمال و عەزەدین مەجید بوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری دامەزراندنی لیژنەکەمان دا. دوای ئەوە ئیتر بەردەوام کۆ ئەبووینەوە و سەرباری لێکدانەوەی دۆخەکە و باری مەعنەوی خوێندکاران و قسە و باسی نێوانیان، باسمان لە جموجووڵی بەعس ئەکرد، وە بۆ وەزعەکە نەخشە و هەنگاوی خۆمان دیاری ئەکرد و کارەکانمان لە بەینی خۆمان دابەش ئەکرد.

ئەو لیژنەیە لە سەرەتادا و تا ئەو دەمەی مانگرتنەکەمان لەنێو زانکۆدا بوو، هیچ ناوێکمان لێ نەنابوو، بەڵام پاش چۆڵکردنی زانکۆ و گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە و پاشان دەرکردنی بەیاننامە، پێویستیی ئەوە هاتە پێشەوە کە کۆمیتەکەمان و بەیاننامەکانمان لەژێر ناوێکدا بن. بۆیە بڕیارمان دا، ناوێکی بۆ دابنێین و لەسەر پێشیاری من، ناومان لێ نا: "لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران". ئەمەش بەو مانا و مەبەستەی کە ئەم کۆمیتەیە، کۆمیتەی ناوخۆی خوێندکارانە و هی خودی خوێندکارانە، نەک هی هیچ حیزبێک یان ڕێکخراوێکی پیشەیی سەربە یەکێک لە حیزبەکان. ئەگەرچی نزیک بەتەواوی ئەندامانی لیژنەکە (لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران)، هاوڕێ غازی عەبدولی لێ دەرچێ، لە ئەندامان و هەوادارانی ناڕازی یان کۆنە ئەندام و هەواداری ناو یەکێتی بوون، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەوەندەی بە خۆم دەگەڕێتەوە: ئەو دەمە هێشتا من بەفەرمی ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخراوی کەرکووک/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم و ئیشوکارەکانی کۆمەڵە لە شاری کەرکووک بەفیعلی من ئیدارەم ئەکرد. لە هەمان کاتدا ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکاران و بەرپرسی لقی هەولێر و زانکۆی سەلاحەدین بووم. بەڵام هیچ بڕوایەکم پێیان نەمابوو و لە پرۆسەی وازهێناندا بووم.

عەزەدین مەجید (جەمال ئەیووب): کە لە لایەن منەوە بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی خوێندکاران موفاتەحە کرابوو، ئەو دەمە ئەندام پۆلی کۆمەڵە و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکاران و بەرپرسی لقی کەرکووک بوو.

تەحسین نامیق: کە لە لایەن منەوە بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە موفاتەحە کرابوو، ئەو دەمە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخراوی شاری کەرکووک/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو.

هەژار مام تەها کاوانی: ئەندامی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بوو،کە لە لایەن منەوە موفاتەحە کرابوو.

خالید محەمەد فاتیح (سەمیر نووری): کە لە لایەن منەوە بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی خوێندکاران موفاتەحە کرابوو. ئەو دەمە ئەو ماوەیەک بوو وازی لە ڕێکخستن هێنابوو، وە پەیوەندی بە ڕێکخراوی کارگەرانەوە هەبوو. ئەو کاتێک کە وازی هێنا، ئەندام پۆلی کۆمەڵە و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکاران و بەرپرسی لقی کەرکووک بوو.
نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بوو، کە لە لایەن عەزەدینەوە موفاتەحە کرابوو.
هەروەها خۆشناو جەمال، جەزا ڕەزا، نەوزاد عەلی ئەحمەد و مەحمود ئەسعەد پەری، ئەگەرچی هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەییمان لەنێو کۆمەڵەی ڕەنجدەران، یان یەکێتیی خوێندکارانی کوردستاندا پێکەوە نەبوو، بەڵام ئەوانیش هەر لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی ئێمەدا بوون و ئەندام و هەواداری یەکێتی بوون، کە دیسانەوە ئەوانیش ئەندامانی لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران بوون.
ئەوەی مایەوە باسی بکەم، هاوڕێ غازی عەبدول نەریمانە: هاوڕێ غازی خەڵکی شاری کەرکووک گەڕەکی تەپە بوو. خوێندکاری کۆلێجی ئەندازیاری بوو. ئەندامێکی چالاک و مولتەزیمی لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران بوو، وە کەسایەتییەکی خۆشەویستی نێو خوێندکاران بوو. ئەو دەمە وەک دەرئەکەوت ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراقی بوو، وە دواتریش بووە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی و بە داخەوە لە شەڕی خاڵخاڵان لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨دا گیانی لەدەست دا. یادی بەرز و بەڕێز بێت!

**پرسیار:** ئەگەر بکرێ ڕۆشناییەکی زیاتر بخەیتە سەر کارەکانی لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران و شێوەی کارکردنتان. ڕۆشنتر بڵێم: شێوە ڕێکخستنی ئەو لیژنەیە، کۆبوونەوەکانی، تەرح و پێشنیاری، کارەکانی بە نهێنی بوو یان ئاشکرا... هتد.
**سالار ڕەشید:** کارەکانی لیژنەی ناوخۆ لە هەر دەورەیەک بەجۆرێک بوو. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کاری لیژنەکە ئەوەبوو، کە چۆن بتوانێت، یەکگرتوویی خوێندکاران بپارێزێ، چۆن بەرپەرچی کەسانێک بدرێتەوە، کە ئەیانەویست دوودڵی و ڕاڕایی لەنێو خوێندکاران درووست بکەن. پووچەڵکردنەوەی سیاسەت و هەڕەشەکانی بەعس. پووچەڵکردنەوەی سیاسەت و تەبلیغاتی پاسیڤیستی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. ئەمانە بێگومان کاری چڕوپڕ و پڕ لەعەزێتی بەردەوام و

ڕۆژانەی گەرەک بوو. چونکە ئەگەر وامان نە کردایە، خوێندکاران پارچەپارچە ئەبوون و خۆیان لە بەرانبەر هەڕەشە و تەبلیغاتی ژەهراوی بەردەوام و ڕۆژانە نە ئەگرت.
دوای چەند ڕۆژ لە مانگرتن و کێشمەکێش لەگەڵ پیاوانی بەعس، هەوڵ و کاری ئێمە بۆ یەکگرتووکردن و یەکهەڵوێستکردنی خوێندکاران، بڕیارمان دا، شێوازی مانگرتنەکەمان بگۆڕین. ئەویش بەوەی، کە زانکۆ چۆڵ بکەین و بچینەوە بۆ شارەکانی خۆمان. ئەمەمان لەنێو خوێندکاراندا تەبلیغ کرد و ڕۆژی چۆڵکردنی زانکۆمان ڕاگەیاند.
ئیتر ئەوە بوو، سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە بە هەزاران خوێندکار کەلوپەلی خۆیان دایە شان و گەڕانەوە شارەکانی خۆیان. ئەمە بۆ ڕژێم شۆکێکی گەورە بوو، کە چاوەڕێی نە ئەکرد.
بەگوێرەی قۆناغەکانی مانگرتن، لیژنەی ناوخۆ دوو شێوەی ڕێکخستنی بەخۆیەوە گرت: سەرەتا کە لیژنەکەمان پێک هێنا، لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیی کۆلێجەکان بوو. یانی لە سەرەتاوە هەتا ئەو کاتەی مانگرتنەکەمان لە زانکۆ بوو، لیژنەکەمان بەو شێوەیە بوو، کە هەر کۆلێجە هەڵسووڕاوێک وە یان دووانی هەبێت. بەڵام کاتێک مانگرتنەکە چووە حاڵەتی گەڕانەوە بۆ شاری خۆ، ئیتر ئەبوو پێکهاتەی لیژنەکەش گۆڕانی بەسەردا بێت. هەر بۆیە لە قۆناغی دووەمی مانگرتنەکە ئاراییشی لیژنەکە لەسەر بنچینەی شار بوو. بەڵام لێرەدا وا پێویستی کرد، کە لیژنەی شارەکان درووست بکەین، وە لێرەشەوە لیژنەی باڵا. ئەو لیژنانەی کەپێکمان هێنان، لیژنەی شاری هەولێر، کەرکووک، سلێمانی بوو، ئەمە سەرباری لیژنە باڵاکە.
هەتا ئەو کاتەی هەڵسووڕانمان لە ناو زانکۆدا بوو، لیژنەکەمان هیچ وەرەقەیەکی بڵاو نە کردەوە و هیچ ناوێکیشمان لێی نەنا بوو. بەڵام لە قۆناغی دووەمی هەڵسووڕانمان، یانی لە شارەکان، ئیتر بەیاننامەمان هەبوو، وە ناوێکیشمان بۆ دانا. هەروەکوو باسم کرد، ناوی لیژنەکەمان نا، لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران، ئەمەش بەو مەبەستە بوو، کە بڵێین ئەم لیژنەیە لیژنەی هیچ حیزبێک لە حیزبەکان نییە، لە ڕاستیشدا هەروا بوو. ئەمەش بەو مانایە نەبوو، کە ئەندامی هیچ حیزبێکی تێدا نەبووبێت. بەڵکوو بەو مانایە بوو، کە هیچ کەسێک بە نوێنەرایەتیی فەرمیی حیزبەکەیەوە نە هاتبوو. لە هەمان کاتدا هەر کەسە ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر هەر مەسەلەیەک باس ئەکرد. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لیژنەکە لە کەسانی چەپ و

کۆمۆنیست پێک هاتبوو، وە قسە و باسەکان و دواتریش بەیاننامەکانمان هەر لەژێر سایەی بیروباوەری کۆمۆنیستیدا بوون.
لە ماوەی هەڵسووڕانماندا شەش بەیاننامەمان نووسییەوە. شێوازی دەرکردنی بەیاننامەکان وەها بوو، کە هەر یەکە لە ئەندامانی لیژنەی ناوخۆ بۆی هەبوو کلێشەی بەیانێک ئامادە بکات و لە کاتی کۆبوونەوەی لیژنەکە کلێشەکەی خۆی بخوێنێتەوە، ئەو دەمە بەزۆرینەی دەنگ کلێشەیەک لەوانە هەڵدەبژێردرا و دەکرایە بنەما. جا ئەگەر پێویستی بە دەسکاری یان تێهەڵکێشێکیش ببوایە، ئەوە دەکرا و بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرا.
ئەوەندەی من بێتەوە بیرم، چوار لەو بەیاننامانە کلێشەی من بوون و دوانیشیان هی خالید محەمەد فاتیح بوون.
دوای ئەوەی لیژنەی باڵا بڕیاری لەسەر بەیانێک ئەدا، لیژنەی هەر شارە کۆپییەکی لێ ئەبرد. پاشان هەر یەکە لە شاری خۆی لەسەر کاغەزی ستێنسڵ ئەینووسییەوە و بە ڕێگای ڕۆنیۆی سەرەتایی یانی، جام و خام (لە سلێمانی پێیان ئەگوت: پنە و تیرۆک) تەکسیرمان ئەکرد. دوای ئەوە لە هەموو شارەکاندا لە یەک وەخت بڵاومان ئەکردنەوە.
بە هۆی ئەوەی من ساڵانێکی زۆر لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و لە یەکێتیی خوێندکاران کارم کردبوو، شارەزایی باشم لەو ڕۆنیۆ سەرەتاییە هەبوو. بۆیە لە هەر شارە دانەیەکمان درووست کردبوو. ئەو ڕۆنیۆ سەرەتاییە منیش لە "هەڵکەوت عەبدوڵا"وە فێری بووم، کە ئەو دەمە سکرتێری یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بوو، وە کەسێکی بەتوانا، وریا، چالاک و بزێو بوو.
ئەتوانم بڵێم، لیژنەی ناوخۆ لیژنەیەکی نیمچە ئاشکرا بوو. پێکهاتە و ئەندامەکانی بە ڕەسمی ئاشکرا نەکرابوو، بەڵام بەهۆی کار و هەڵسووڕانیانەوە نهێنیش نەبوون. کاتێک بەیاننامەکانمان ڕائەکێشا و بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە ئەبوون، چەندین دانەمان ئەدایە کەسانی جێمتمانە، تاوەکوو ئەوانیش لە شوێن خۆیانەوە بڵاوی بکەنەوە.
بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان لای خوێندکاران ئاشکرا بوو. یانی ئەچووینە ناوەندی شار و ئەو شوێنانەی کە خوێندکاران تیایدا کۆمەڵەیان ئەبەست، هەر بەدەستیی بڵاومان ئەکردەوە. بەڵام بەجۆرێک کە پیاوانی ڕژێم هەستی پێ نەکەن.
هەر جارە و بە هەر هۆیەکەوە، ئەگەر پڕۆپاگەندەی خراپ و ڕاڕاکەرمان لەنێو مانگرتووان هەست پێ بکردایە، ئەندامانی لیژنەکە، هەر یەکە لە قوڵێکەوە خۆی

ئەکرد بەنێو خوێندکاران و بەیەک شێوە تەبلیغی عەکسی لە ماوەیەکی کورتدا دۆخەکەی ئەهێنایەوە تایم. یەکێکی تر لەو کارانەی ئەم لیژنەیە کردی، ناردنی کەسانێک بوو لە لیژنەکە بۆ نەقلیاتی شار، بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسانێک کە ئەیانویست مانگرتنەکە بشکێنن، کە ئەمەش ئەنجامی زۆر باشی هەبوو. هەروەها نامەی هەڕەشەشمان دەخستە ماڵی ئەو خوێندکارانەوە، کە دەیانەویست مانگرتنەکە بشکێنن و بچنەوە بۆ دەوام. جارێکیان نامەیەکی هەڕەشەمان خستە ماڵی خوێندکارێکەوە، کە دەیویست بچێتەوە بۆ دەوام، بەڵام ئەو لەبەرامبەردا گوتبووی: وەڵاهی قازیفەشم پێوە بنێن، هەر ئەچمەوە بۆ دەوام!
ئەم شێوازە، ئەگەر درووست بێت، وەیان نا، پێشنیاری من بوو، وە هەر منیش کلێشەکەیم داڕشت و پاشان هەر بە دەستوخەتی منیش نووسرایەوە و فڕێدرایە ئەو ماڵانەوە.

**پرسیار:** لە قسەکانی پێشووتدا کەموکورت چوویتە سەر هەڵوێستی حیزبەکانی کوردستان، ئەگەر بکرێت، بڕێک زیاتر ئەو مەسەلەیەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە!
**سالار ڕەشید:** هەر وەکوو بەکورتی ئاماژەم پێی کرد، حیزبەکانی کوردستان نفووز و ئۆتۆریتەیەکیان لە زانکۆدا نەبوو. بۆیە بێ توانا بوون لەڕاست وەزعەکە. بێگومان بەهۆی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی بەعس و لەشەڕدا (جگە لە یەکێتیی نیشتمانی کە ئەو دەمە دانوستانی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هەبوو) بوون، ئەو مانگرتنەیان پێ باش بوو. بەڵام ئێمە هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمی ئەوانمان پێ نەگەییشتەوە. تەنانەت یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکەمان هاوڕێ غازی سەر بە حیزبی شیوعیی عێراقی بوو، هیچ شتێکمان لەوانیش پێ نەگەییشتەوە. بەڵام ئەوەندەی بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەگەڕێتەوە بە جۆرێکی تر بوو.
هەر وەکوو باسم کرد، یەکێتی نفووز و ئۆتۆریتەی خۆی لەدەست دابوو، وە بەهۆی ئەوەی لەگەڵ بەعس شەڕی ڕاگرتبوو، وە لە گفتوگۆدا بوو، هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرای هەبوو، کە لەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی بەعس جووت ئەهاتەوە.
یەکێتی، حکوومەتی بەعسی وا تێگەیاندبوو، کە کلیلی ئاساییشی ناوچەکە لە چنگی ئەودایە و لە ڕێگەی سەرکەوتنی بەسەر بەرەی "جود" لە شەڕی قڕناقا و پشتئاشانەوە ئەو پەیامەی بە بەعس دا، کە یەکێتی ئەو هێزەیە لە ڕۆژگاری سەختی

وەک ئەمڕۆی شەڕی عێراق و ئێراندا ئەو پشتی پێ ببەستێ و ئاساییشی کوردستان مسۆگەر بکات.
یەکێتی لەو دەمەدا ئەی وت: لەم کاتەدا کە عێراق لە شەڕدایە، ئێمە لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لێ نادەین! مام جەلال ئەیگوت: سەدام حەکەمە نەک دوژمن. لە ناوچەی شوان لە گوندی تۆمار، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا یەکێک پرسیاری لە نەوشیروان مستەفا کردبوو: لە کاتێکدا ئێوە لەگەڵ حکوومەتی بەعس خەریکی گفتوگۆن، ئایا هیچ پرسێکتان بە پێشمەرگە کردووە؟ ئەویش بە تووڕەییەوە وتبووی: ئێمە خۆمان شۆڕشمان کردووە، هەر خۆشمان مفەوەزات ئەکەین. سبەی پێشمەرگە ئەچێتەوە تەسلیم ئەبێت، ئێمەین ئەبێ بمێنینەوە! پرسیاریان لێ کردبوو: لە کاتی ڕێکەوتنتان لەگەڵ حکوومەتی بەعس چارەنووسی فیرارەکان بەچی ئەگات؟ لە وەڵامدا وتبووی: فیرارەکان سەریان بە قوزی دایکیان، ئەبێ بچنەوە سەربازی بکەن!
ئەمە بوو وەزعی یەکێتی! سەبارەت بە مانگرتنی خوێندکارانیش، ئەوان ئەو مانگرتنەیان پێ ناخۆش بوو. ئەمە تووشی شەرمەزاری کردبوون لەلای بەعس. بۆیە هەوڵیان ئەدا خوێندکاران سارد بکەنەوە، پارچەپارچەیان بکەن، مانگرتنەکەمان تێک بشکێنن. یەکێکیان دانابوو، کە ناوی لوقمان بوو، گوایە نوێنەری خوێندکارانی مانگرتووە، بێجگە لەم کارە پیرۆزە! یانی ساردکردنەوەی خوێندکاران لە مانگرتن، هیچ وەزیفەیەکی تری نەبوو.
جارێکیان بانگەوازیان کرد، کە یەکێتی ئەیەوێت لەگەڵ خوێندکارانی مانگرتوودا قسە بکات، شوێنێکیان دیاری کرد، پێی ئەڵێن "کۆتەڵ" لە نزیکی سووورداش، بۆئەوەی کۆبوونەوەکەی تێدا ببەستن. دکتۆر فوئاد مەعسووم بە نوێنەرایەتیی یەکێتی هاتبوو، وە قسەی بۆ خوێندکاران کردبوو. خولاسەی قسەکانی ئەوە بوو: قەیدی چییە، بچن جەیشی شەعبی بکەن، بەڵام کاتێک وتیان: بڵێن عاشەل بەعس! ئێوە بڵێن: عاشە ئەلشەعب! لەم کاتەدا لیژنەی ناوخۆ، خوێندکارانی ئاگادار کردەوە، کە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە نەچن. لە ئەنجامیشدا ژمارەیەکی زۆر کەم لە خوێندکاران چوون، ئەوانیش دوایی لە چوونەکەیان پەشیمان بوونەوە.
لە شاری سلێمانیش، کاتێک خوێندکارانی مانگرتوو و خەڵکی مقەڕی بەعسییەکانیان بەناوی مقەڕی شەهید عوسمان فایەقەوە گرت و لەسەرەوەی ئاپارتمانەکەوە ڕەفیق حیزبییەکانیان هەڵدابووە خوارەوە، فەرەیدوون عەبدلقادر و ئازاد هەورامی بە

سەیارە بەناو شاردا سووڕابوونەوە و بە بڵندگۆ بە خوێندکارانیان وتبوو، کە وا نەکەن و واز لە مانگرتنیش بهێنن!
ئەوەی شایانی باسە، جارێکیان چەند هاوڕێیەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکاران بۆ ڕوونبوونەوەی پرسی مفاوەزات بۆ بالیسان چووین، کە مەڵبەندی چواری یەکێتی لێ بوو. وە ئەو ماوەیە مام جەلال و هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیشی لێ بوو. لەگەڵ عەلی بچکۆل دانیشتین و پاشان لەگەڵ مام جەلال. هەروەها جارێکی تریش بۆ سوورداش بۆ لای مام جەلال چووین، مەلا بەختیار لە ماڵی خۆی و ئازاد هەورامیشمان لە ناوەندیی ڕێکخستنی کۆمەڵە بینی. هەر یەکەیان قسەیەکیان دەکرد و دیار بوو، بەرنامەیەکی ڕۆشنیان نەبوو.
هەرچی بە ڕێکخراوی یەکێتیی خوێندکارانیش دەگەڕێتەوە، چووبوون، بەبێ پرس و ئاگاداری ئێمە و بەناوی ئێمەوە برووسکەیەکی پیرۆزباییان بۆ سەدام حوسێن کردبوو (ئێستا بەتەواوی لەبیرم نییە، ئایا بەبۆنەی نەورۆزەوە بوو یان...)، ئێمە زۆرمان پی ناخۆش بوو.
هەروەها لە پرسیاری ئەوەی، کە ئەگەر دانوستان لەگەڵ ڕژێم بە ئەنجام بگات، چارەنووسی یەکێتیی خوێندکاران بە چی ئەگات؟ ئەوان لە وەڵامدا وتیان: بێگومان ئەبێ لەگەڵ ئیتیحاد تەڵەبەی بەعس تێکەڵ ببن! ئێمە لەمەش ناڕازی بووین و زۆرمان پێ ناخۆش بوو.

**پرسیار:** بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لەو سەردەمەدا چۆن بوو، وە چۆن دەیانڕوانییە مانگرتنەکە؟
**سالار ڕەشید:** هەر وەکوو باسم کرد، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، هەتا ئەهات زیاتر ڕووەو ڕاست ئەڕۆی. تەنانەت بەڕای من گۆڕینی ناوەکەشی هەر لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا بووە. ئەم ئاڵوگۆڕە هەروا بە سانایی و بێ کێشە نەبوو، بەڵکوو بەرەنجامی زنجیرەیەک ململانێ و کێشمەکێش و پاکسازی و تەنانەت بەکارهێنانی هێزیش بوو. بەرەنجامی ئەمەش بێگومان وازهێنانی ژمارەکی زۆری کەسانی چەپ و کۆمۆنیست لەم ڕێکخراوە بوون، کە لە پاڵ ئەو ڕێکخراوە بچووکە چەپانەی ئەو دەمە، هێزی چەپی ئەو دەمەیان پێک دەهێنا.
لەو دەمەدا ڕەوتی کۆمۆنیست تازە لە ئەنجامی بەشبوونی یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران هاتبوونە دەر. گرووهێکی تر بە ناوی "کار"ەوە کە لە سەرەتای

هەشتاکاندا پەیدا ببوو، هەڵوەشابووەوە. گرووهێکی تر کە دواتر بە ناوی بەرەی زەحمەتکێشانەوە پەیدابوون... لە پاڵ ئەمانەدا چەندین کوڕ و کۆمەڵی چەند کەسی ئیعلان نەکراویش هەبوون، کە هەر ماوە جارێک پێک ئەهاتن و هەڵئەوەشانەوە.
ئەو سەردەمە، سەردەمی شکڵگرتنی کۆمۆنیزم بوو. بە مانای گەڕانەوە بۆ کۆمۆنیزمی مارکس و دوورکەوتنەوە لە هەموو شێوە و شکڵێکی بەناو مارکسیستی، ماوی، ڕووسی، ترۆتسکی. وە یان دەقیقتر بڵێم، ماوی. چونکە ئەوانی تر هەر بۆخۆیان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو. ئەم چەپە پەرشوبڵاو و ناڕۆشن بوو. ئەگەرچی لە زۆر مەسەلەی گرنگی وەک گەڕانەوە بۆ ئەرتەدۆکسی مارکسی، ڕەتکردنەوەی پۆپۆلیزم، دامەزراندنی حیزبی کرێکاری، دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی، وە یان بەکورتی قبووڵکردنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هاوڕا بوون، بەڵام زۆر جار مەسەلەی ورد و لاوەکی و تەنانەت بەکارهێنانی دەستەواژەیەک ئەبووە جێگای ململانێ! سەرباری هەموو ئەمانە ئەم تەیفە لە چەپ، وە فەعالین و سەرشناسانی لەو دەمەدا، لە سەردەمی مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆ خاوەن ئۆتۆریتە بوون.
هەرچی ئەگەڕێتەوە بە خودی مانگرتنەکەش چ لە کاتی بەرپابوونیدا و چ دواتریش، وەک زۆرێک لە مەسەلەکانی تر، لێکدانەوە و هەڵوێستی جیاواز و ناڕۆشن لەنێو ئەم تەیفە لە چەپ و کۆمۆنیزمدا هەبوو. وەک بێتە بیرم، هەر لە سەرەتاوە ڕەوتی کۆمۆنیست بەیاننامەیەکی لەو بارەیەوە دەرکرد، بەڵام کاتێک بینی لیژنەیەک پێک هاتووە (مەبەستم: لیژنەی ناوخۆی خوێندکارانە)، ئیتر وەک ئەوەی مەسەلەکە خوێندکارییە و خوێندکاران بۆخۆیان لیژنەی ڕابەریی مانگرتنیان پێک هێنا، ئیتر پێویست ناکات، ئەوان دەخاڵەت، وە یان ڕاستر بڵێم، دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ لە مەسەلەکەدا بکەن. هەروەها دواتریش کەس هەبوو، لێکدانەوەی وەها بوو، کە گوایە ئەوە مەسەلەیەکی خوێندکارییە، خوێندکارانیش توێژێکی وردە بۆرژوازین و بە ئێمە کۆمۆنیستەکانەوە پەیوەست نییە. وەیان دواتر کەسان هەبوون، لێکدانەوەیان بۆ لیژنەی ناوخۆ ئەکرد و ئەیان وت، لیژنەیەکی کۆمۆنیستی نییە. ئەمەش لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی چینایەتی بۆ خوێندکاران و ئامانجی بزاوتەکە.
سەرباری هەر لێکدانەوە و تێڕوانینێک، سەرباری هەر تێکەولێکە و ناڕۆشنییەک، لەباری پراکتیکەوە، کۆمۆنیستەکان نەک هەر بەشداری چالاک بوون، بەڵکوو

ڕێکخەر و ڕابەری ئەوەڵ و ئەخیری مانگرتنەکە بوون، کە خۆی لە لیژنەی ناوخۆی خوێندکاراندا بەرجەستە ئەکردەوە.

**پرسیار**: چ پەیامێکت بۆ خوێندکارانی کوردستان هەیە؟
**سالار ڕەشید**: لە یادی بیست ساڵەی مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین و پشتیوانیی خوێندکارانی تری کوردستان لەو مانگرتنە شکۆدارە، سەری ڕێز بۆ گشت ئەو خوێندکارانە دائەنەوێنم، کە زۆر جەربەزانە و بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە، ئەو ڕۆژە پرشنگدارەیان لە مێژووی ئازادیخوازیی کوردستاندا نەخشاند، کە مایەی شانازیی و فەخرە بۆیان.
هەر لێرەشەوە ڕوو لە خوێندکارانی ئازیزی کوردستان ئەکەم، کە بەو مێژووە هۆشیار بن، ئەوە مێژووی ئەوانە، کە کاروانی خەباتکارانێکی پێش ئەوان، بە هەمان ئەو زانکۆیەی کە ئێستا تیای دەخوێنن، بە هەمان ئەو پەیمانگایەی ئێستا تیای ئەخوێنن، بەهەمان ئەو خوێندنگایەی ئێستا تیای دەخوێنن، بیست ساڵ لەمەوبەر پیایدا تێپەڕی! ئەوانە لەڕۆژگارێکی نووتەکدا ئەو بڵێسەیەیان کردەوە. ئەوانە لە بەرانبەر ڕژێمێکدا وتیان نەخێر، کە گوێچکەیان بە نەخێر نامۆ بوو، ئەوانە بە خاتردارانیان وت ئێمە فریو ناخۆین، نە ئەڵێین عاشەل بەعس، نە ئەڵێین عاشە ئەلشەعب!
بەڵێ ئەوە مێژووی ئەوانە... مێژووی ئەوانە یانی، ئەبێ دەرس و ئەزموونەکانی بکەنە تێشووی خەباتی ئێستا و لەمەودوایان. یانی لەبەرانبەر بێ مافی، سەرکوت و هەڵاواردن، یەکگرتووانە بێنە دەنگ. یانی لەو پێناوەدا فریو نەخۆن، هێشتا لە سەرەتای کاردان. بەعس نەماوە، بەڵام فەرهەنگی بەعس ماوە، هێشتا نە ئێوە ئازادن، نە خەڵکی کوردستان.

**سایتی دەنگەکان**: لە کۆتاییدا زۆر سوپاست ئەکەین، هەر خۆش بن!
**سالار ڕەشید**: سوپاس بۆ ئێوەش.

# "مانگرتنی دووەمی خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین"
## (گفتوگۆ لەگەڵ سەمیر نووری[1])

زانکۆی سەڵاحەدین کە پێشتر ناوی زانکۆی سلێمانی بوو، وە پاش ڕاگواستنی بۆ شاری هەولێر ئەم ناوەی لێ نرا، تەنها زانکۆیەک نەبوو بۆ فێربوونی زانیاری و زانست، بەڵکوو تیشکۆیەکیش بوو بۆ کۆکردنەوە و یەکانگگیرکردنی شۆشگێڕان و زانکۆیەکیش بوو بۆ دەرسی بەرەنگاری و چەپ و کۆمۆنیزم.
پاش ئەوەی خوێندکارانی ئەم زانکۆیە مانگرتنێکی مەزنیان لە ساڵی ١٩٨٤ لە بەرامبەر چەکدارکردنی زۆرەملێ بەرێخست و شکستیان بەو سیاسەتە هێنا، لە ساڵی ١٩٨٦ دیسانەوە و هەر لەدرێژەی هەمان ڕێڕەودا لە بەردەم سەرۆکایەتیی زانکۆدا کۆبوونەوە و بۆ مەبەستێکی تر دەستیان دایە نارەزایەتی.
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرسە و تۆمارکردنی ئەو مێژووە، گفتوگۆیەک لەگەڵ "سەمیر نووری" ساز ئەکەین، کە بۆخۆی لە مانگرتنی یەکەمدا ئەندانی "لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران" و لە مانگرتنی دووەمیشدا یەکێک بوو لەو کەسانەی، کە بۆ دانیشتن

---

[1] سەمیر نووری لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە. پاشان لە زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پزیشکی وەرگیراوە و بەهۆی وەستانەوە لە دژی مەشقی جەیشی شەعبی و هەڵسووڕانی سیاسییەوە سێ جار لە زانکۆ دەرکراوە، تا لە ساڵی 1987 بەیەکجاری فەسڵ کراوە.
سەرەتای کاری سیاسیی ئەو لەنێو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی خوێندکارانی کوردستاندا بووە و پاشان پەیوەندی بە ڕەوتی کۆمۆنیستەوە کردووە و دواتر ئەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم ڕێکخراوە. یەکێکە لەو دەیان کادرەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان پێک هێنا و لەم نێوەدا چەندین بەرپرسیارێتی وەرگرتووە. وەکوو: ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری، بەرپرسیارێتی لە ڕادیۆ و سەرنووسەریی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە... هتد.
لە ساڵی ٢٠٠٤ و لە دەورانی کێشمەکێشەکانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، لەگەڵ ١٠ هاوڕێی دیکەیدا لە حککع جیا دەبنەوە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چەپی عێراق پێک دەهێنن. ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبەیە و بەرپرسی ڕێکخستنەکانێتی و لە هەمان کاتدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی "بەرەو سۆشیالیزم"ە. قسەکەری کۆمیتەی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانە لە عێراق و ئەندامی ئیئتلافی جیهانی و عەرەبییە لە دژی ئیعدام.

**لەگەڵ سەرۆکایەتیی زانکۆ و بەرپرسانی ئەمنیی و حیزبیی شاری هەولێر نوێنەرایەتیی خوێندکارانی کرد.**

**پرسیار:** بەڕێز سەمیر نووری! لە گفتوگۆیەکی سایتی دەنگەکان لەگەڵ مندا، گەلێک لایەنی ئەو مانگرتنەم باس کردووە کە ئێمە خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٨٤ دەستمان پێی دا، بەڵام وەک ئەوەی تۆش لەو دەمەدا ئەندامی لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران بووی، پێم باشە سەرەتا، ئەگەر زانیارییەکت لەلا هەیە و من نەچوومەتە سەری، باسی بکەیت. بە تایبەتی تۆ ئەو دەمە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان (ل. ن. خ) و ئەو کۆمیتەیە بووی کە لە زانکۆی مووسڵ پێک هات.

**سەمیر نووری:** لەڕاستیدا چاوپێکەوتنەکەی تۆ زۆر لایەنی پۆشاندووە و من بە پێویستی نازانم، دووبارەیان بکەمەوە، هەوڵ دەدەم هەندێ لایەن دەوڵەمەند بکەم.

١) ئێمە چەند ڕۆژ بوو مانگرتنمان دەستپێ کردبوو، زۆر جەسوورانە ڕووبەڕووی پیاوەکانی حکوومەتی بەعس دەبووینەوە و زۆر جار بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە بەڕەگەز عەرەب بوون، ڕووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجە دەبوونەوە، لەوانە فازڵ شەحل، کە تووشی گرتن و ئەشکەنجە بوو، هەروەها فازڵ حەتوتە، کە بە ئەسڵ خەڵکی بەسرە بوو.

ئەم مانگرتنە یەک سوننەتی زۆر گرنگی هاوردە کایەوە، ئەویش کۆبوونەوەی گشتی بوو. من بیرم دێت، گرنگترین کۆبوونەوە لە باخچەی گڵکەند لە هەولێر کرا، کە زیاتر لە ٥٠٠ خوێندکار بەشدارییان تێدا کرد و بڕیاری گوێزانەوەی مانگرتن بۆ شارەکان لەو کۆبوونەویەدا درا. ئەمەش مەسەلەکەی بردە ئاستێکی سیاسیی گەورە و هەر وەکوو تۆ باست کردووە، سەرجەم شارەکانی تری کێشایە ناو مەسەلەکەوە.

٢) گەورەبوونەوەی مەسەلەکە کێشەکەی کردە کێشەیەکی سیاسیی گەورە و پای هێزە سیاسییەکانی کێشایە نێو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دەستەویەخە. یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە لەگەڵ ڕژێمی بەعس خەریکی دانوستان بوو، لە مەوقیعێکی زۆر موحریجدا بوو. لە سەرێکەوە خەریکی دانوستان بوو، لەسەرێکی ترەوە نارەزایەتییەکانی خوێندکاران، کە دواتر خەڵکی شارەکانی تر و بەتایبەتی خوێندکارانی کێشایە ناو مەیدانی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانەوە، یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی تەریک خستەوە و ئابڕ و حەیسییەتی لێ داتەکان.

له یەکەم کۆبوونەوەی یەکێتی لەگەڵ خوێندکاران لە کۆتەڵ ئەگەر هەڵە نەبم، زۆر زۆر گەورە بوو. بەڵام کۆبوونەوەی دووەم، کە هەر لە کۆتەڵ بوو، ژمارەیەکی زۆر کەم بەشدارییان تێدا کرد. ئەبووایە یەکێتی کارێک بکات، دڵی حکوومەتی بەعس ڕازی بکات و ناڕەزایەتییەکانی خوێندکاران خەفە بکات. بۆیە بەناچار دەبووایە، لە دژی بوەستێتەوە. گەورەترین زەربە یەکێتیی نیشتمانی لەو بزووتنەوەیە وەشاندی، ناردنەوەی خوێندکارانی زانکۆی مووسڵ بۆ زانکۆ بوو.

٣) تۆ باسی نوێنەرایەتیی لیژنەی ناوخۆی خوێندکارانت کردووە، بەڵی من نوێنەرایەتیی لیژنەی خۆمان و ڕەحمان داوودیش نوێنەرایەتیی لیژنەی زانکۆی مووسڵی ئەکرد. ئێمە بۆ هاوئاهەنگیکردنی کارەکانمان لەگەڵ زانکۆی مووسڵ ئەم کارەمان کردبوو. من بیرم نایات، کەسێکی تر لەم نێوەدا دەورێکی بووبێ و لیژنەی ناوخۆی خوێندکارانیش ئەم پەیوەندییەی بەڕەسمی ناسیبوو. هەر وەک پێشتر وتم، یەکێتیی نیشتمانی تەبلیغاتێکی ژەهراوی بەڕێ خست، بەتایبەت لە ڕێگای ئێزگەکەیانەوە، کە دەیوت، هەر کەسە تیرۆک و پنەیەکی هەڵگرتووە و بەیاننامە دەردەکات. بۆ گێڕانەوەی خوێندکاران بۆ زانکۆکانیان، درووشمی "بەرد لە شوێن خۆی سەنگینە"یان بەرز کردەوە و تەئسیری زۆری لەسەر زانکۆی مووسڵ دانا و مانگرتنەکەی پێ شکاندن. بەو کارە زەربەیەکی گەورەی لە بزووتنەوەی خوێندکاری دا.

من دوای ئەوە ڕەحمان داودم بینی و بار و دۆخی خوێندکارانی زانکۆی مووسڵی باس کرد، کە چۆن ئەوان ناتوانن، خوێندکاران ڕابگرن.

٤) خاڵێکی تر کە بۆم گرنگە، ئەوە تەکمیل بکەم، کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئامادەیی سەورە توشی لێدان و گرتن بوونەوە، زیاتر لە شەش کەس ئەبوون، کە بێجگە لەو کەسانەی تۆ ناوت بردوون، ئەم خوێندکارانەشی تێدا بوو: ئیسماعیل مەحموود، فەلاح نەجم، کاروان عوسمان...

مەسەلەیەکی گرنگ ئەو مەراسیمە بوو، بۆ هاوڕێ نەجات بەرپا کرا، کە ڕۆژانە زیاتر لە ٣٠٠ خوێندکار لە پرسەکەیدا ڕادەوستان. کە ئەمە خۆی کارێکی زۆر گەورەی کردبووە سەر بەرزکردنەوەی وورەی خوێندکاران.

هەروەها شتێک لەسەر کوشتنی نەجات ڕوون بکەمەوە، ئەوەیش هەر ئەوە نەبوو، کە نەجات لەو مانگرتنەدا قسەکەری خوێندکاران بوو، بەڵکوو نەجات بەشێوەیەکی زۆر توند ڕووبەڕووی محەمەد حەمزە، کە ئەو کات پارێزگاری کەرکووک بوو،

ڕاوەستایەوە. ئەمەش وای کرد، کە حیمایەکانی هەڵبکوتنە سەری و زۆر دڕندانە لێی بدەن و لە دواییدا بیکوژن.
من ئەتوانم بڵێم، ئەم مانگرتنە لە مێژووی بزووتنەوەی جەماوەریی کوردستاندا کەم وێنە بوو، وە ناسیۆنالیزمی کورد بە تایبەت یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی لەبەرامبەر بزووتنەوەی چەپێکی تازە هەڵچوودا تووشی گۆشەگیری کرد.

**پرسیار:** مانگرتنی دووەمی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە چ ساڵێکدا بوو؟ داخوازییەکانی چی بوون؟ چ پەیوەندییەکی بە مانگرتنی یەکەمەوە هەبوو؟
**سەمیر نووری:** لە ساڵی ١٩٨٦ خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین جارێکی تر مانگرتنێکی گەورەیان لەپێش سەرۆکایەتی زانکۆ ئەنجام دا. ئەم مانگرتنە پەیوەندی بە مانگرتنی ١٩٨٤ەوە هەبوو. ئەویش ئەوە بوو، ئەو خوێندکارانەی کە ساڵی یەکەم دەرنەچووبوون و ساڵی مانگرتنەکەش هەر بە دەرنەچوون حیساب کرا، کە بەپێی ئەو بڕیارە ئەو قوتابییانە لە زانکۆ دەردەکران. بۆیە خوێندکاران بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک لە کافیتریاکان و لەناو بەشە ناوخۆییەکاندا دەستیان دایە قسە و باسی زۆر.

**پرسیار:** بیرۆکەی ئەم مانگرتنە چۆن سەری هەڵدا و چۆن خوێندکارانتان بۆ ئەم نارەزایەتییە ساز دا؟ مانگرتنەکە چۆن بەڕێوە چوو؟ ئەنجامەکانی چی بوون؟
**سەمیر نووری:** هەر وەکوو وتم، کێشەی سەرەکی، مەسەلەی گێڕانەوەی خوێندکاران بۆ سەر کورسی خوێندن بوو. ئەم مانگرتنە و بیرۆکەکەی لەناو خوێندکاراندا خەریک بوو، گەڵاڵە ئەبوو. بەشێکی زۆری چالاکوانەکانی، هەر ئەو کەسانە بوون، کە لیژنەی ناوخۆیان پێک هێنابوو. بیرم دێ، ئەو شەوەی بۆ سبەینێ مانگرتنەکە بەرپاکرا، لە بەشی ناوخۆیی کۆلێجی زانستەکان کۆبووینەوە. دیارە ئێمە تۆرێکی فراوان لە ئاکتیڤیستەکان بووین، کە لەسەر هەر مەسەلەیەکی زانکۆ پەیوەندیمان بەیەکەوە دەگرت. من بیرم نایەت، ئێمە وەک ڕێکخراوێکی دیاریکراو ئەم مانگرتنەمان ئەنجام دابێ، بەڵکوو مەسەلەکە سەرئەنجامی قسەوباسگۆڕینەوە و تەبلیغاتێکی زۆر گەلاڵە بوو. سەرەڕای خوێندکاران ڕێکخراوە چەپ و گرووپە جیاجیاکان هاندەرێکی جدی بوون لە ڕێکخستنی ئەم مانگرتنە.

مانگرتن سەرلەبەیانی دەستی پێ کرد و دەستەدەستە خوێندکاران لەبەردەم سەرۆکایەتیی زانکۆدا کۆبوونەوە و زیاتر لە ١٠٠ خوێندکار بەشدارییان تێدا کرد. دیارە دۆخەکە ئەوەندە بارگاوی بوو و حکوومەتی بەعس لە حاڵەتێکی زۆر خەتەرناکدا بوو. چونکە لە بەرەکانی جەنگدا شکستی خواردبوو، هەر پریشکێک ئەگەری ئەوەی هەبوو، ببێتە ڕاپەڕینێکی گەورە. بۆیە زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی مانگرتنەکە بووەوە، دەرگای کۆلێجەکانیان بە ڕووی خوێندکاراندا داخست، نەوەکا پێوەی پەیوەست بن. سەرجەم خوێندکارانی مانگرتوو بە هێزێکی گەورە تەوق کران، دیارە شوێنی بەرپاکردنی مانگرتنەکەش ئەوەندەی تر تۆقاندبوونی، چونکە مانگرتنەکە نزیک بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس و مەنزوومەی شیمال بوو، کە ئەمەی دواییان خەتەرەکەی گەلێک زیاتر دەکرد. سەرەڕای ئەوەی باران بەهێز دەباری، بەڵام مانگرتنەکە هەر بەرپا کرا.

سەرەتا بەڕێوەبەری پۆلیس کە لەوێوە نزیک بوو، زۆر هەوڵی دا، مانگرتنەکە بشکێنین و کۆتایی بە کۆبوونەوەکە بهێنین. ئەویش بە ناوی ئەوەی ئەو حەز ناکات، ڕۆڵەکانی کورد هیچیان بەسەر بێت و ئەو خۆی کوردە. بەڵام ئێمە ڕامانگەیاند، تا سەرۆکی زانکۆ نەبینین و وەڵامی داواکارییەکانمان نەداتەوە، ئێمە مانگرتنەکە کۆتایی پێ ناهێنین. لەم کاتەدا ئێمە لەسەر ناردنەژوورەوەی نوێنەر بۆ دانیشتن لەگەڵیاندا ڕێککەوتین، کە ٣ کەس بووین. ئەویش بێجگە لە من هاوڕێیانی هەرگیز لەیاد نەچووم، موکەڕەم محەمەد شکور (خەڵکی گوندی باوا بوو، ئەنفال کرا) و حەمەزەکی (بە نەخۆشییەکی کوشندە گیانی لەدەست دا)، یادیان بەرز و بەڕێز بێت، وەک نوێنەر چووینە ژوورەوە. لەم کاتەدا بەرپرسی ئەمنی زانکۆ ئەبوتەلال هاتە ژوورەوە و تەهدیدی کردین و هەوییەکانی لێ سەندین. ئێمە لەگەڵ ئەبوتەلال لە کێشمەکێشدا بووین. لەو کاتەدا سەرۆکی زانکۆ (خەسرەو شاڵی) لە گەڵ مدیری ئەمنی هەولێر هاتنە ژوورەوە، کە دیار بوو، هەموو قوتابییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە ژوورەوە. دیارە ئەم هاتنەژوورەوەیە یەک خەتەری زۆر گەورە بوو، کە توانای مانگرتنەکەمانی هێنایە خوارەوە و ئەگەری ئەوە هەبوو، هەموومان ئەنفال بکرێین. بەمە سیمای مانگرتنەکەی کۆتایی پێ هێنا و شەقام بە چۆڵی مایەوە، کە ئەم هەڵوێستە بە هیچ جۆرێک لە دەستووری ئێمەدا نەبوو.

ئیتر مانگرتنەکە چووە ئاستی کۆبوونەیەکەوە لەنێوان ئێمە، خەسرەو شاڵی، مدیری ئەمنی هەولێر و مدیری ئەمنی زانکۆ، کە بێجگە لە هەڕەشەکردن و ئاماژەکردن بە

بار و دۆخی ناسکی حکوومەتی عێراق و وەزعی جەنگ، هەندێک پرسیاریشیان ڕووبەڕووی قوتابییان کردەوە. ئێستاش بیرمە، کاتێک کە قوتابییان بە یەکدەنگ داوای گێڕانەوەی خوێندکارە دەرکراوەکانیان کرد، چۆن خەسرەو شاڵی دەیکێشا بە مێزەکەی بەردەمیدا و هەڕەشەی لێ دەکردین. پاشان هەر لەوێ بڕیاریان دا، کە خوێندکارانی زۆربەی کۆلێجەکان بگەڕێننەوە (ئەگەر هەڵە نەبم، تەنها کۆلێجی قانوون و پەروەردەی لێ دەرچێ)، کە ئەمە بۆ خۆی دەسکەوتێکی نسبی بۆ مانگرتنەکە بوو. بەم شێوەیە مانگرتنەکە کۆتایی هات و قوتابییان گەڕانەوە سەر کورسی خوێندن.

کاتێک کە ئێمە لە شوێنی مانگرتنەکە دەرچووین، داوامان کرد، کەس لەو دەوروبەرە نەمێنێت، چونکە ئیمکانی هەیە، هەندێک کەس بگیرێن. هەر دوای چەند سەعاتێک هەواڵمان پێ گەییشت، کە ئەبوتەلاڵ دوای حەمە زەکی کەوتووە و ڕاوی ناوە، بۆ ئەوەی دستگیری بکات. هەر بۆیە من یەکسەر هەولێرم بەجێهێشت و دواتر ئەو ساڵەم دواخست و دەوامم نەکرد و ساڵی دواتر دەستم کردەوە بە خوێندن.

**پرسیار:** دەور و نەخشی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی خوێندکاران چۆن لێک ئەدەیتەوە؟

**سەمیر نووری:** ئەتوانم بڵێم هێزی سەرەکیی ئەو مانگرتنە چەپەکان بوون و هێزە سیاسییەکانی تر دەورێکی ئەوتۆیان نەبوو، کە ئاماژەی پێ بکرێ. ئەو ٣ کەسەی کە نوێنەر بووین، هەرسێکمان کۆمۆنیست بووین، نەخشەی مانگرتنەکە لە ژووری چەپەکان داڕێژرا، پێکهێنەری سەرەکیی مانگرتنەکە چەپەکان بوون. دواتر لەناو ڕەوتی کۆمۆنیستدا بە ڕادەیەک ڕەخنە لە من گیرا، چونکە ئیمکانی هەبوو، بەشێکی زۆری کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە مانگرتنێکی وادا بگیرێن و تێدا بچن. بگرە ئەو کەسانەی کە لەناو مانگرتنەکەش نەبوون، لە کۆڵانەکانی دەوروبەر چاودێرییان دەکرد، چەپەکان بوون، بە هەموو تەیف و ڕێکخراوەکانییەوە.

لایەنێکی تری ئەم مانگرتنە ئەوە بوو، بزووتنەوەی چەپ کە خەریکی ئەوە بوو، لە کتێبەوە بزووتنەوەکە بەهێز بکات، مانگرتنێکی لەو چەشنە بەناچار ڕاکێشی ناو کێشمەکێشە سیاسییەکانی دەکرد و لەو دابڕانە سیاسییە وەخەبەری دەهێنا. کە من پێم وایە، ئەم شێوەیە لە چالاکی تەکانێک بوو، بۆ ئەوەی چەپ لە قاوغە

تەقلیدییەکەی دەربهێنێ و واردی سیاسەتی بکات و لە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەخیلی بکات. من ئەم مانگرتنە بە بەشێک لە مێژووی چەپ دەناسێنم و بە داخەوە تا ئێستا ڕێکۆرد نەکراوە.

کانوونی دووەمی ٢٠١٢

# "کرێکارانی کۆمۆنیست"، "هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست" و "سەرنجی کرێکار"

## (گفتوگۆ لەگەڵ ئاسۆ کەمال[1])

"کرێکارانی کۆمۆنیست" یەکێکە لەو گرووهە کۆمۆنیستییانەی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە چەند ساڵێک کار و هەڵسووڕانی هەبووە و لێکدانەوە و تێڕوانینی خۆی لەو دەمەدا بۆ خەبات و کاری کۆمۆنیستی هەبووە. ئەم گرووهە سەرەنجام هەڵدەوەشێتەوە و بەشێک لە بنیاتنەرانی بەشداری پێکهێنانی "هەستەی کرێکارانی

---

[1] ئاسۆ کەمال لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی کرێکاریی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و پاشان لە زانکۆی تەکنەلۆجی بەغدا/ ئەندازیاریی میکانیکی وەدەگیرێ و بەهۆی ملنەدان بە چوونە مەشقی جەیشی شەعبی، دوو ساڵ لە زانکۆ دەرئەکرێ و تا لە ساڵی ١٩٩٠ خوێندن تەواو ئەکات.

لە ساڵی ١٩٨١ بە مارکسیزم ئاشنا دەبێت. لە ساڵی ١٩٨٢_ ١٩٨٤ ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەبێت و پاشان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پەیوەندی پەیدا ئەکات. لەنێو گرووپە چەپەکانی ئەو دەمەدا دەست بە کارکردن دەکات و لە بنیاتنانی چەندین کۆڕ و کۆمەڵی کریکاری بەشدار دەبێت و ڕۆڵی لە ڕێکخستنی مانگرتنی کرێکارانی چەندین ناوەندی کرێکاری دەبێت و بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێت. یەکێکە لە ڕابەرانی بزووتنەوەی شوورایی ساڵی ١٩٩١.

یەکێکە لەو ١٠ کادرەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان پێک هێنا و لەوێدا بەرپرسیارێتی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بووە، وەکوو: بەرپرسی کاری جەماوەری، سەرنووسەری بڵاوکراوەی "بۆپێشەوە"، بەرپرسی ڕادیۆی حیزب. لە ساڵی ١٩٩٩ گۆڤاری ڕێفراندۆم دەردەکات و لە شاری لەندەن کەمپینی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دادەمەزرێنێ. لە ساڵی ٢٠٠٧ بەرپرسی تەلەفیزیۆنی سەنای کوردی بووە. لە هەمان ساڵدا تۆڕی دوعا بۆ بەرگرتن بە کوشتنی ژنان پێک دەهێنێ.

یەکێکە لە بنیاتنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨. لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتی کوردستان، ئەندامی "ئەنجوومەنی کاتیی مەیدانی ئازادی" بووە. یەکێکە لە ڕێکخەرانی کەمپینی بەرگرتن بە سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەربڕین لە ساڵی ٢٠١١. لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە ئەندامی چالاکی "گروپی چەتری ئازادیی لەندەن"ە و هاوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی دەرەوەی "حککک"ە.

**سۆسیالیست" و پاشانیش "سەرنجی کرێکار" دەکەن. بۆ شارەزایی زیاتر لەم ڕووەوە، ڕووی پرسیارەکانمان لە "ئاسۆ کەمال"، وەک یەکێک لە بنیاتنەرانی ئەم هێڵە دەکەین.**

**پرسیار:** بەڕێز ئاسۆ کەمال، تۆ یەکێکی لە بنیاتنەرانی ئەو سێ گرووهەی کە ناومان هێنان. بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر پرسیاری ئەوانە، پێم باشە شتێک لەسەر پێشینەی خەباتی خۆت و چۆنیەتیی ئاشنابوونت بە مارکسیزم و کۆمۆنیزم باس بکەیت، ئەوەندەی من تێبینیم کردووە، ژمارەیەکی زۆری هەڵسووڕاوانی چەپی ئەو دەمە سەرەتای کاریان لەنێو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بووە، ئایا بۆ تۆش هەر بەو جۆرە بووە؟

**ئاسۆ کەمال:** من لە خێزانێکی کرێکاریی پەروەردە بووم. لە منداڵییەوە حەزم بە خوێندنەوەی چیرۆک بووە و ڕۆمانی دایک کە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەمان پێکەوە دەمان خوێندەوە و بە ژیانی کرێکارییانەی خۆمان بەراوردمان دەکرد، زۆر کاری تێ کردم. خوشکێکی لە خۆم گەورەتر ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو و منیش کەوتمە نێو ئەو فەزا نوێیەوە و دواتر بڕیارم دا، پێش چالاکیی سیاسی دەبێت، دیراسەی مارکسیزم بکەم. سەرەتا بۆ ئاشنابوون بە مارکسیزم دەستم بە خوێندنەوەی هەڵبژاردەی کتێبەکانی مارکس و ئەنگلس بە زمانی عەرەبی کرد و دواتر مانیفێستم بە کوردی دەستکەوت و هاوکات لە کاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٩٨١ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووم، کە ئەو کات لە پۆلی ٥ ئامادەیی بووم. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢دا کۆمەڵە و حیزبی شیوعی و حیزبەکانی کوردستانم ناسی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بڕیارم دا، ببمە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەبەر ئەوەی دەمویست، بە شێوەیەکی ڕێکخراو لەگەڵ سازمانێکی چەپدا کار بکەم. هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ کۆمەڵە مامەوە و کاتێک مفاوەزاتی یەکێتیی نیشتمانی و حکوومەتی بەعس دەستی پێ کرد، ئیتر پەیوەندیی سیاسیم بە کۆمەڵەوە نەما. لە بەهاری ساڵی ١٩٨٤ کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانم بینی، زانیم من سەر بەو بەرنامە کۆمۆنیستییەم.

**پرسیار:** گرووهی کرێکارانی کۆمۆنیست لە ساڵی چەند دامەزرا؟ دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ چ کارە بوون؟ خەڵکی چ شار و ناوچەیەک بوون؟ ئەو ناوەی کە بۆ گرووهەکەتان هەڵتان بژاردبوو، مانایەکی تایبەت و دیاریکراوی لەپشتەوە هەبوو؟

**ئاسۆ کەمال:** لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ کاتێک لەگەڵ ئاسۆ ئیسماعیل، ڕێنوار جەبار، لوقمان و من ئەڵقەیەک بووین، دیراسەی کتێبی "دۆستانی خەڵک کێن؟"ی لینینمان دەستپێ کرد. دواتر هاوڕێ کرێکار کە لەگەڵ ئەڵقەیەکی تری ئەم گرووپەی ئێمە بوو، نووسراوێکی ڕەخنەیی لە چەپ لەژێر ناوی "کرێکارانی کۆمۆنیست"ەوە نووسی. ئیتر لەو کاتەوە دەستمان بە چالاکی کرد، کە زیاتر دەرکردنی بەیاننامە بوو. دواتر گۆڤارێکمان بە هەمان ناوی گرووپەکەمانەوە دەرکرد و ئەم ناوەمان وەک جەختکردنەوە لەسەر خەتی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەژێر کاریگەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و مەنسوور حیکمەتدا هەڵبژاردبوو.

زیاتر لە شاری سلێمانی چالاکیمان دەکرد. هاوڕێکانم خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگا بوون و لە خێزانی کرێکار و کاسبکار بوون و ئاسۆ ئیسماعیل ئەندازیار بوو.

**پرسیار:** لەو دەمەدا چەندین سازمان و گرووهی کۆمۆنیستی خەریکی کار و هەڵسووڕان بوون، چی وای لە ئێوە کرد، تێکەڵ بەوان نەبن و گرووهێکی دیکە بنیات بنێن؟ هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسم: دیاردەی دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەڵقە و گرووهەکان لە ساڵانی هەشتاکان لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی چۆن لێک ئەدەیتەوە؟

**ئاسۆ کەمال:** ڕاستییەکەی ئێمە ئامانجمان دروستکردنی حیزبێکی کۆمۆنیستیی گەورە و دەخاڵەتگەری سیاسی نەبوو. بۆیە لەگەڵ گرووپەکانی تردا تێکەڵ بەیەکتر نە دەبووین و قەزاوەت و داوەریشمان لەسەر یەکتر لەسەر بنەمای ئەو نووسینانە بوون، کە دەمان نووسین. ئەگەر نووسینێکت بەدڵ بووایە، دەبوویتە ئەندامی ئەو گرووپە. ئەو کات کە لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران جیابووینەوە و بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانمان بینی و ئاشنای ڕەخنە لە خەتی ماوی، ترۆتسکی، یەکێتیی سۆڤێت، حیزبی شیوعی، ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم بووین. ئەمە سەرنجی ئێمەی بەلای دانانی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی لە عێراقدا ڕاکێشا و من پێم وابوو، کە ئەو بەرنامەیەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەڵامی ئەم بەرنامەیەی ئێمەشە و پێویستە کاری پێ بکەین. بەڵام بەگشتی چەپ تووشی گێژاوێکی عەمەلی بووبوو، کە چی

بکات. دانانی بەرنامە و کاری ئەکادیمی بیانوویەک بوو، بۆ داپۆشینی ئەو بێ وەڵامییە سیاسییەی چەپ. کەسمان باوەڕمان بە چوونە شاخ نەبوو و ڕەخنەگری ناسیۆنالیزمی کورد بوین و دژ بە بەعس بووین. بەڵام نە سەرکوتی بەعس ڕێگای دەدا، کاری سیاسی بکەین، نە خۆشمان بەدوای بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی عەمەلی و جەماوەری ترەوە بوین، کە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی مانادار بکات و هەڵسووڕاوانی چەپ بتوانن وەک قاڵب و شێوازی نوێی خۆدەرخستن و ڕاکێشانی خەڵک بۆ کاری سیاسی لە کۆمەڵگە نیشانی بدەن. ئێمە دژ بەم نەخۆشییە ئەکادیمیستییەی چەپ بووین و چەند نموونەیەکمان لە ڕێکخستنی مانگرتن، چوونە نێو کرێکاران، یەکگرتووکردنی کرێکاران لە سندووقی هاوپشتی، کۆبوونەوەی گشتی و گرتنی جەژنی یەکی ئایار نیشان دا، بەڵام ئەمانە گشت لە گۆشەیەکی بچووک، لە کارگە، ناوەندی بچووک و بێ کاریگەردا بوون و نەبووە سوننەتی کاری بزووتنەوەی چەپ. بەم شێوەیە زەمینەی سەرهەڵدانی گرووپ و ئەڵقە کۆمۆنیستییەکان لە دەرەوەی چینی کرێکار و دوور لە ئامانجی دروستکردنی حیزبێکی سیاسی مایەوە. هەر بۆیە دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەم گرووپانە لە بازنەیەکی داخراوی گەڕان بەدوای بەرنامە و دۆزینەوەی جیاوازییەکانی ناو گرووپە چەپەکان مایەوە، تا قەیرانی خەلیج و گۆڕانی دۆخی سیاسیی عێراق و کوردستان.

**پرسیار**: لەو دەمەدا گرووهەکان پەیوەندی و نزیکایەتیی نێوانیان زۆر بوو. زۆر جاریش هەڵسووڕاوان ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد. جگە لە ڕەوتی کۆمۆنیست نەبێ، تا ڕادەیەکی زۆر جێگیر بوون و لە لایەن باقی بزووتنەوەکەوە بە ئاکادیمیست و سیکتاریست ناوزەد دەکران. لێکدانەوەی ئێوە بۆ ڕەوتی کۆمۆنیست چی بوو؟ ئەو جێگیرییەی ڕەوت چۆن ڕاڤە دەکەی؟

**ئاسۆ کەمال**: ڕەوتی کۆمۆنیست بە حوکمی ئەوەی لە ڕێکخراوی کارگەرانەوە هاتبوو، لەباری ڕێکخراوەییەوە جێگیرتر بوو، بەڵام ئەوانیش بەشێکی ئەو چەپە بوون، لە گێژاوێکی عەمەلیدا بوون و ئەو جێگیرییە ڕێکخراوەییە هیچی لەو دەردە پاسیڤیستی و ئاکادیمیستییەی چەپ نەگۆڕی. دوو قوتبی ڕەوتی کۆمۆنیست و دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا و سیکتاریزمی ڕەوت هەمووی نیشانەی دووریی

عەمەلی و سیاسیی چەپ لە خەباتی کۆمەڵایەتیی کرێکاران و خەباتی کۆمۆنیستی لە ململانێ سیاسییەکاندا بوو.

**پرسیار:** کرێکارانی کۆمۆنیست گۆڤارێک، بڵاوکراوەیەکی هەبوو؟ ئەگەر بەڵێ، ناوی چی بوو؟ چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟ ئەوەندەی بێتەوە یادت، باسەکانی دەربارەی چی بوون؟ نووسەرانی کێ بوون و بە چ ناوێکەوە نووسینەکانیان بڵاو دەکردەوە؟ ئایا هیچ دانەیەکی لێ ماوەتەوە؟

**ئاسۆ کەمال:** "کرێکارانی کۆمۆنیست" ناوی گۆڤارەکەمان بوو، کە ٣ ژمارەی لێ دەرچوو. باسەکانمان دەربارەی گرفتەکانی بزووتنەوەی چەپ و ڕەخنە لە گرووپەکانی ئەو دەمە بوو. سەبارەت بە مەسەلەی میللی و مافی چارەنووس لە کوردستان و سیاسەتەکانی بەعس و ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان و یەکی ئایار. ڕێنوار جەبار، لوقمان و من (بەناوی "ن. ڕێبین"ەوە) زیاتر شتمان تیایدا دەنووسی.

من هیچ دانەیەکم لا نەماوە، بەڵام ئێمە بەدەیان نوسخەمان بە ڕۆنیۆی دەستی لێ چاپ دەکرد.

**پرسیار:** بێجگە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی تێڕوانینەکانتان، کار و هەڵسووڕانی عەمەلیتان چی بوو؟ لە چ کارگە، شار و ناوچەیەک بوو؟

**ئاسۆ کەمال:** من لەناو ئەو گرووپەدا زیاتر کاری ناو کرێکارانم دەکرد، لەبەر ئەوەی کرێکاری کاتی بووم و زیاتر لەناو کرێکاراندا بووم.

دوو مانگرتنمان لە دائیرەی کارەبای شارۆچکە و لادێکانی شاری سلێمانی کرد و ٣ مانگرتنیشمان لە کارگەیەکی بچووکی شیرینیی ناو شاری سلێمانی کە ناوی "کارگەی گوڵزار" بوو، کرد.

بۆ بڕیاردان لەسەر مانگرتن، کۆبوونەوەی گشتیمان دەکرد و سندووقی هاوپشتیمان هەبوو و لە ئایاردا شیرینیمان دەگێڕا و باسی یەکی ئایارمان بۆ کرێکاران دەکرد. من و ٦ کرێکاری هاوڕێم کە سەربازی هەڵهاتوویش بووین، لە لایەن پۆلیسەوە لەسەر مانگرتن و پێداگری لە مانەوە لە کارگەی گوڵزار گیراین و لە بەندیخانەی سەرەوە بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک زیندانی کراین و دواتر بە

کەفالەت ئازاد کراین. ئەم ڕووداوە بۆ زیندانییەکانی تر جێگای سەرسووڕمان بوو. یەکێکیان پێی وتین: ئێوە وا ئەزانن، ئێرە "باکۆ"ی ڕووسیایە تا مان بگرن؟

**پرسیار:** لە کۆتایی ساڵی هەشتاکان حکوومەتی بەعس لە شاڵاوێکدا ژمارەیەکی زۆری لە کۆمۆنیستەکان گرت و زیندانی کرد، ئایا هاوڕێیانی ئێوەی تێدا بوو؟ ئەگەر بەڵێ، کێ بوون؟ مەسەلەی دەسگیرکردنەکەیان چۆن بوو؟

**ئاسۆ کەمال:** ٢ هاوڕێی ئێمە بەر ئەو شاڵاوە کەوتن، کە یەکێکیان لوقمان بوو، گیرا و پاشان لە ڕاپەڕیندا ئازاد بوو. ئەوەی تریشیان ڕێنوار جەبار بوو، چوونە سەر ماڵیان و برایەکیان لە جێگای ئەو گرت. کەسانێک کە لەناو چەپدا بوون و گیرابوون، ناوی ئەم هاوڕێیانەی ئێمەیان بە بەعس دابوو.

**پرسیار:** سەرەنجام ئەم گرووهە هەڵوەشایەوە، کەی؟ بۆچی؟

**ئاسۆ کەمال:** لە کاتی ئەو شاڵاوەدا ئێمە لە شاری هەولێر خۆمان شاردبووەوە. دوای گرتنی کوێت، بۆ سلێمانی گەڕاینەوە و دەستمان بەکار کردەوە. تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شووراکان لەگەڵ هەڵسووڕاوانی تر، کە پێشتر لە گرووپەکانی تر بوون، ئاشنا بووین و پێکەوە کارمان کرد. ئیتر پێویستیمان بە مانەوە لە گرووپێکی بچووکدا نەبوو. کرێکارانی کۆمۆنیستیش بەعەمەلی لەکاتی شووراکاندا هەڵوەشایەوە.

**پرسیار:** تۆ یەکێک لە دامەزرێنەرانی "هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست" بووی، ئەم گرووهە کەی دامەزرا؟ چۆن دامەزرا؟ بێجگە لە تۆ، بنیاتنەرانی کێ بوون؟ چ جیاوازییەک لەنێوان کرێکارانی کۆمۆنیست و هەستەدا هەبوو؟ بڵاوکراوە و نووسراوەکانی چی بوون؟ ئەم گرووهە چی کرد؟ بۆ هەڵوەشایەوە؟

**ئاسۆ کەمال:** ئێمە کاتێک لە شووراکان لەگەڵ هەڵسووڕاوانی تردا، کە ئەوانیش لە گرووپی جۆراوجۆری تردا بوون، یان ئەڵقەکانیان هەڵوەشابوونەوە، دەستمان بەکار کرد و لە پێشەوەی بزووتنەوەی شوورایيدا بووین و وەک گرووپێکی سیاسیی گەورەی بێ ناویش کارمان دەکرد.

له کاتی شکستی ڕاپەڕین و ئاوارەییبیەکەدا، لەدەوری یەکتر مابووینەوە، تا لە کۆتایی نیسانی ساڵی ١٩٩١دا هەستەی کرێکارانی سۆسیالیستمان لە ناوچەی دۆڵی لای ڕانیە ڕاگەیاند.

ئەندامانی هەستە لە هەر ٣ شاری سلێمانی، هەولێر و کەرکووک هەبوون و لە ڕانیە، قەڵادزێ و شارۆچکەکانی دیکەش هەبووین. ئەم گرووهە دەستەیەکی دامەزرێنەری فراوانی هەبوو، کە ئەوانەی ناوەکانیم لەیاد مابێت، ئەمانە بوون: خەسرەو سایە، موزەفەر عەبدوڵا، وەستا جەلال، سامان کەریم، شەماڵ عەلی، عەبدوڵا مەحموود، شوان، مامۆستا محەمەد، ئەکرەم میهرداد و من.

جیاوازییەک کە هەستە لەگەڵ کرێکارانی کۆمۆنیستدا هەیبوو، ئەوە بوو، کە هەستە بەرهەمی بەشداریی کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەڕینێک و بزووتنەوەیەکی شوورایيدا بوو. ئێتر ئێمە بزووتنەوەیەکی جەماوەریمان بەڕێ خستبوو، شووراى چەکدارمان دروووست کردبوو، ڕابەرانی عەلەنیی بزاوتێک بووین، کە دژ بە ناسیۆنالیزم لە مەیداندا بوو. ڕێپێوانی هەزاران کەسیمان بەڕێ خستبوو، بەردەرگامان بە بەرەی کوردستانی گرتبوو، شەڕی بەعسمان کردبوو و شەهیدمان دابوو. لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی تر لەدەوری بەرنامەیەکی عەمەلی و سیاسی کۆبووبووینەوە. هێزێکمان لە ٣ شار و چەند شارۆچکەیەکدا هەبوو. چالاکیی سیاسیمان دەکرد و دوای هاتنەوەشمان بۆ ناو شارەکان "هەواڵنامە"ی هەستەمان دەردەکرد. ئەمانە جیاوازیی گەورە بوون، نەک لەگەڵ کرێکارانی کۆمۆنیست، بەڵکوو لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست و هەموو گرووپەکانی تریشدا.

بە هەوڵی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەستە و یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستیی کرێکاری، کە لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەندامانیان لە شووراکاندا پێکەوە کارمان دەکرد، چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد و لەلای ئێمەوە کارمان بۆ یەکگرتن دەکرد، بەڵام بەداخەوە یەکێتیی خەبات، بەتایبەت دەوری ئەحمەد موعین ئیجابی نەبوو و سەرەنجام نزیکبوونەوەکەمان، نزیکبوونەوەیەکی فۆرماڵی بوو.

لە هەستەدا "کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان"مان هەبوو، کە ڕێکخراوەیەکی شێوە جەماوەری بوو، ئەندامانی غەیری هەستەشی تێدا بوو، دژی بەعس کە هێشتا لە شارەکاندا بوو، چالاکی سیاسی دەکرد و لە کاتی پەلاماردانی بنکەکانی بەعسدا بەشداریمان دەکرد و چەک و کەلوپەلمان بەدەست دەهێنا.

لەو کاتانەدا بوو، باسێکی ئیرەجی ئازەرین کە کەسی دووەمی "کانوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری" ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، لەسەر ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق بڵاو بووەوە. ئەم نووسراوەیە ڕەخنەیەک بوو، لە دەوری چەپ و شووراکان لە قەیرانی خەلیج و ڕاپەڕینی کوردستان و کاریگەرییەکی سەلبی لەسەر چەپ دانا.
بزووتنەوەی چەپ لەدوای دەورەیەکی دوورودرێژی پاسیڤیستی، کە بەدوای جیابوونەوە لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران تووشی بوو و خاوەنی پایەی کۆمەڵایەتی و سوننەتی کاری سیاسی نەبوو، بەڵام لە ڕاپەڕیندا شانسی گۆڕینی ئەم وەزعەی هەبوو، وە دەستی بە خەڵک ڕاگەیشت و چووە مەیدانی سیاسی و بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی شوورایییەوە. ئەم ڕەخنەیەی ئیرەجی ئازەرین جارێکی تر چەپی تووشی گێژاوی گەڕان بەدوای بەدیلی سۆسیالیستیدا کرد و ئەمە بووە بیانووی دەستهەڵگرتن لەو کارەکتەری سیاسیبوون و جەماوەرییبوون و پاسیڤیزمی خۆدوورخستنەوە لە جەماوەر و گەڕان بە دوای کرێکاری خاڵیس و دوورکەوتنەوە لە کاری سیاسی و عەلەنی و گیرۆدەبوون بە کێشەی نێو ڕێکخراوەکان و کارکردن لەخوارەوەی کردە ئامانجێکی سەرابی و کۆمۆنیزمی جارێکی تر بردەوە قاڵبی نا کۆمەڵایەتی و نا سیاسیبوونی خۆی.
هەڵوەشاندنەوەی هەستە بەرهەمی ئەو سەرلێشێواوی و ئامانجە سەرابییەی ئەم بەشە لە بنیاتنەرانی بزووتنەوەی شوورایی و کۆمۆنیستە کارا و جەماوەرییەکان بوو. لە جێگای بردنی چەپ لە هەستەوە بەرەو حیزبی سیاسی و دەخاڵەتگەری کۆمەڵایەتیی زیاتر و سوودوەرگرتن لە فرسەتی نەبوونی حکوومەت و دەسەڵات لە کوردستان بە هۆی کشانەوەی بەعس لە شارەکاندا، کەچی ئێمە وەک چەپ بەرەو دواوە گەڕاینەوە.
هەڵوەشاندنەوەی هەستە یەکێک لەو گەڕانەوە بەرەو دواوەی چەپ بوو، کە لە ڕێکخراوەکانی تری چەپدا بە پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی هەڵسووڕانی دەورانی شووراکانیان و گەڕانەوە بۆ قاڵبی پێشووی فەعالییەت و نەریتی کاری مەحفەلی تەواو بوو.

**پرسیار:** لە درێژەی ئەو خەتە و لەپاش هەڵوەشاندنەوەی هەستە، سەرنجی کرێکار بنیات دەنێن. ئەوەی من بیتەوە بیرم، تێڕوانینی ئێوە لەنێو سەرنجی کرێکاردا بە

بەراورد لەگەڵ باقیی سازمان و دەستەکانی دیکە جیاواز بوو. سەرنجی کرێکار پێی وا بوو، دەبێ بچنە نێو کرێکاران، ڕابەران و پێشڕەوانی عەمەلی نێو بزووتنەوەی کرێکاری لەدەوری یەکتری گرێ بدەن و لەم ڕێگەیەوە هەنگاو بەرەو پێکهێنانی سازمان بدەن. ئەگەر بکرێ لەم بارەیەوە شتێکمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

**ئاسۆ کەمال:** بەڵێ ئەمە بۆچوونێک بوو، لە بەشێک لە نووسینەکانی سەرنجی کرێکار و تێزەکانماندا سەبارەت بە حیزب هەبوو. بەڵام وەک پێشتر باسم کرد، ئەمە تیۆریی ئەزمەی چەپ بوو، بۆ نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی و پایەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێخستنی بزووتنەوەیەک کە وەڵامی ململانێی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی تازە بەدەسەڵاتگەییشتوودا پێ بداتەوە. ڕەخنەکەی ئیرەجی ئازەرین، ڕەخنەیەکی ئەکادیمیستی بێ بەرنامەی کۆمۆنیستی بوو. بەڵام ئەوەی کە چەپی خستە هەوای وەرگرتنی ئەم ڕەخنە پاسیڤیستییە، بێ ئاسۆیی و بێ باوەڕی چەپ خۆی بوو، لەو سەرکەوتن و دەستەکەوت و زەمینە و فرسەتانەی کە بەشداری پراکتیکی کۆمۆنیستانەی خۆی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بۆی هێنابووە پێش.

هێزێکی کۆمۆنیستی دەخاڵەتگەر کە لە شووراکاندا خۆی نیشان دا و ناسیۆنالیزمی کوردی تووشی شۆک کرد، لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئەو کاتەدا، لە حیزبێکی سیاسیی یەکگرتوو و ڕێکخراو نەکرا، کە سەرەڕای ناڕۆشنیی سیاسی، بەڵام لە مەیدانی ململانێی سیاسیدا بمێنێتەوە و مەیدان بۆ ناسیۆنالیزم چۆڵ نەکا. نموونەی لەم بابەتە ڕێکخراوە کۆمۆنیستییانە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانە، کە سەرەڕای ناڕۆشنیی تیۆری و سیاسی، چەند دەورانی سەرکەوتووانەی تێپەڕاند، هەتا گەیشتنی بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.

کاتێک مەنسوور حیکمەت نەخشەڕێگای پێکهێنانی حیزبی خستە بەردەم هەموومان، ئەو کاتە هەستمان کرد، کە تیۆرییەکانی هەر ٣ ڕێکخراوەکەی چەپ وەڵامدەرەوە نین و بەرەوپیری ئەو دەستپێشخەرییەی مەنسوور حیکمەت چووین و توانیمان بازێکی گەورە بەسەر ڕابردوویەکی پڕ دەردیسەر و نەخوازراودا بدەین.

هەرچەندە کە ئێستا سەیری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەکەین، هێشتا لە ئاستی پێویست و نیازی زەمانەدا نییە و هێشتا زۆری ماوە بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەسەڵاتدار، بەڵام درووستبوونی حیزب مێژووی کۆمۆنیزمی پاسیڤی، ئاکادیمی، مەحفەلی، بێ باوەڕی، لاکەوتەی و ترس لە ململانێی سیاسی و ترس لە دەسەڵاتی بردە کەنارەوە و پراکتیکی ١٨ ساڵەی کاری حیزبی کۆمۆنیستی

کرێکاری دەتوانێ و ئیمکانی بیلقوەی نەریتی حیزبی و کۆمۆنیستی لە قاڵبی حیزبێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا فەراهەم بهێنێ. هەر ئەمە دەلیلی گیانسەختی مانەوەی کۆمۆنیزمە لە عێراق و کوردستاندا.

**پرسیار:** بێگومان زۆربەی سازمان و گرووهەکانی ئەو دەمە لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (و پاشانیش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران)دا بوون، کە دواتر هەر بەو هۆیەوە توانییان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بنیات بنێن.
لێرەدا دەپرسم، ئەو سازمان و ڕێکخراوانەی کە بەشداری بنیاتنانی حیزبیان نەکرد و لەدەرەوەی ئەودا مانەوە کامانە بوون؟ وە هۆکاری بنەڕەتیی مانەوەیان لە دەرەوەی ئەم حیزبە چی بوو؟
**ئاسۆ کەمال:** وەک ڕێکخراو من ناوی وام نەبیستووە، بەڵام کەسان و ئەڵقە هەبوون، کە لە شووراکان لەگەڵماندا بوون، بەڵام دواتر خۆیان وەک کۆمۆنیست نە دەناساند، یان لەگەڵ ناسیۆنالیزم ڕۆیشتن، یاخود ڕێکخراوێکی تریان پێک نە هێنا و وەکوو فەردی کۆمۆنیست لە پەراوێزدا مانەوە.

تشرینی دووەمی ٢٠١١

# "ئاڵای شۆڕش/ ئاش"
## (گفتوگۆ لەگەڵ پشکۆ نەجمەدین)

"ئاڵای شۆڕش" یەکێک بوو لەو سازمانە چەپانەی دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستانی عێراق و هەر وەکوو بە ناوەکەیدا دیارە، خۆی بەوە جیا دەکردەوە، کە سەر بە خەت و تێڕوانینی "شەهید ئارام"ە، چونکە ئاڵای شۆڕش ناوی ئەو بڵاوکراوەیە بوو، کە ئارام یەکەم ژمارەی لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٧ دەرکرد. ئەم ڕێکخراوە لەچاو باقی ڕێکخراو و گرووپەکانی دیکەی چەپ بەوە جیا دەکرێتەوە، لە دوای ناکۆکی و کێشمەکێشێکی زۆر لە هەناوی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کە ڕێکخراوێکی چەکدار و باڵادەستی نێو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو، هاتە دەرەوە و دامەزرێنەرانی ساڵانێکی زۆر لە ڕابەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەدا بوون و پاشان بەشێوەیەکی تراژیدی ڕابەرانی سەرکوت و زیندانی کران.
بۆ ئاگاداری وردتر لەمەڕ ئەم سازمانە، لەگەڵ "پشکۆ نەجمەدین" وەک یەکێک لە دامەزرێنەران و کەسایەتی دیار و ناسراوی نێو ئەم سازمانە لەو دەمەدا گفتوگۆیەک ساز ئەکەین.

**پرسیار:** بەڕێز پشکۆ نەجمەدین! ئایا هەر بەو جۆرەی کە لەناو خەڵکیدا بڵاو بوو، ئێوە سەر بە خەتی ئارام بوون و ناوەکەشتان هەر لەو بڵاوکراوەیەوە وەرگرتبوو، کە ئارام بە نێوی ئاڵای شۆڕشەوە دەری ئەکرد؟ ئەگەر وایە، ئەکرێ بڵێین، ئارام خاوەنی خەت و تێڕوانینێک بوو؟ ئەگەر وایە، ئەی خەتی تر کە لەنێو کۆمەڵەدا هەبوو، چی بوون، وە جیاوازییەکانیان چی بوون؟ ئایا پێش ئەوەی ئارام ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە لەئەستۆ بگرێ، کۆمەڵە خاوەنی خەت و ڕێبازێکی دیکە بوو؟ دەوترێت، کۆمەڵە پێش ئەوەی ئارام ڕێبەرایەتی بکات، ماوی بوو، هەر وەکوو بە نێوەکەشیدا دیارە "کۆمەڵەی مارکسیی لێنینیی کوردستان، ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ"، بەڵام ئارام و کۆمەڵەی سەردەمی ڕێبەرایەتیی ئارام ماوی نەبوون". ئەگەر بکرێ، بەدیاریکراوی لەو بارەیەشەوە لێکدانەوەی خۆت بخەیتە ڕوو.

**پشکۆ نەجمەدین:** بەڵێ.. ئێمە لە مەیدانی ململانێکانی دەروونی کۆمەڵەی ڕانجدەرانی کوردستاندا، لە کۆتاییی هەفتاکانی سەدەی بوورییەوە، درێژەپێدەری پرەنسیپ و دید و تێڕوانینەکانی ئارام بووین و لە هەوڵی ئەوەدا بووین، کە ناسنامەی چینایەتیی کۆمەڵە، سەربەخۆییی کۆمەڵە، ئازادی و فەزای کارکردن لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا بپارێزین و گەشەی پێ بدەین. ئێمە جەختمان لەسەر پاراستنی ئەو پرەنسیپە فیکری و سیاسییانە دەکرد، کە کاک ئارام دایڕشتبوون و بە جۆرێک لە تەلاری ڕێکخراوەییی کۆمەڵەدا جێگیری کردبوون. کاک ئارام، خەتێکی فیکری و سیاسی لە دەروونی کۆمەڵەدا جێ خستبوو، کە بزووتنەوەی چینایەتی لە کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بازنەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان فراوانتر دەبینی و پێی وا بوو، کە کۆمەڵە وەکوو ڕێکخراوێکی نێو یەکێتیی نیشتمانی، دەبێت سەربەخۆییی خۆی بپارێزێت و هەرگیز سنوورەکانی نێوان خۆی و باڵەکانی دیکەی یەکێتی نەسڕێتەوە و ڕێگا نەدات یەکێتی ببێتە حیزبێک و کۆمەڵە قووت بدات.

ئاڵای شۆڕش ناوی ڕەوتەکەی ئێمە نەبوو، بگرە تەنیا ناوی گۆڤارێکی ئێمە بوو، کە تەنیا یەک ژمارەی لێ چاپ کرا. ئەو ناوە، لەنێوان چەند ناوی پێشنیازکراوی دیکەدا ساغ بوویەوە. ئاڵای شۆڕشیش، دیارە ناوی بڵاوکراوەیەک بوو کە ئارام لە شاخ و لە نێوچەی قەرەداخ چاپ و بڵاوی دەکردەوە.

کۆمەڵە هەتا ساڵانی نێوەڕاستی هەفتاکانیش ڕێکخراوێکی چەپی مائۆیستی بوو. یەکێک لە ڕەگەزە دیارەکانی فیکر و تێڕوانینی ئارام بۆ دۆخی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و دۆخی تایبەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا، سەربەخۆییی فیکری و سیاسی بوو. هەر بۆیە ئەو کۆمەڵەی لە خۆبەستنەوە بە مائۆییزمەوە ڕزگار کرد.

خەتێکی دیکەی کۆمەڵە، خەتی نەوشیروان مستەفا بوو، کە تەمەنێکی درێژی لەنێو کۆمەڵەدا نەبوو. ئەم خەتە، تەنها دوای گەڕانەوەی نەوشیروان بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧دا و پاش ئەوەی نەوشیروان دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە، سەری هەڵدا. ئەم خەتە و نەوشیروان، چ بڕوایەکیان بە مارکسیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەبوو. ئەوان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە تەلار و پێکهاتەی ڕێکخراوەییی کۆمەڵە بۆ حیزبێکی فراوانی جەماوەری بگۆڕن و بە کردەوەش، ساتێ هەموو لەمپەرەکانیان ڕادا، هەر ئەم کارەیان کرد و کۆمەڵەیان لە ناخی یەکێتیدا بە خاک سپارد.

گرووپی زیندان، خەتێکی دیکەی نێو کۆمەڵە بوو، کە پاش ئازادکردنی سەرکردە و کادرە زیندانییەکانی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٩دا هاتنە شاخ. ئەوان لە هەوڵی گەڕانەوەی کۆمەڵەدا بوون بۆ پرەنسیپ و دۆخەکانی سەرەتای کۆمەڵە. ئەوان خەتێکی فیکری نەبوون و زیاتر لە هەوڵی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتێکدا بوون، کە لە ساڵی ١٩٧٥ەوە و بە هۆی دەستگیرکردنیانەوە لە لایەن بەعسەوە، لەدەستیان دابوو.

**پرسیار:** ئێوە وەکوو هەوادارانی خەتی ئارام، چ وەختێک هەستتان بەوە کرد، کە کەسان و خەتێکی دیکە هەیە و دەیانەوێت سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەدەست بگرن و کۆمەڵە بە خەت و تێڕوانینی خۆیان بنەخشێنن؟

**پشکۆ نەجمەدین:** ئەم دیاردەیە پاش هاتنەدەرەوەی برادەرانی زیندان و نزیکبوونەوەیان لە گرووپی نەوشیروان، هەردوو لا پێکەوە لە هەوڵی وەلانانی کۆمیتەی هەرێمەکان و جێخستنی ڕەوش و دۆخێک بوون، کە کۆمەڵەی بەرەو تواندنەوە و کاڵکردنەوەی خەتە فیکرییەکانی دەبرد.

**پرسیار:** کاتی خۆی زۆر باسی بەیانی شوبات دەکرا، پوختەی ئەو نووسراوە چی دەڵێت؟ ئایا هیچ دانەیەکی لێ ماوەتەوە؟

**پشکۆ نەجمەدین:** پێم وا نییە هیج دانەیەکی لێ مابێتەوە. ئەوە ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندنێک بوو، بۆ دۆخی کۆمەڵە، کوردستان، ئێراق و گشتییەتی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەو ڕۆژگارەدا. ئەم هەڵسەنگاندنە ڕەخنەیشی لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەمەڕ هەوڵدانیان بۆ سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات گرتووە و ئەنجامیش سەفەرێک بوو، کە کارەساتی بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵەشی لێ کەوتەوە. ئەم هەڵسەنگاندنە کە پاشتر بە ناوی بەیانی شوباتەوە ناودێر کرا، کۆمیتەی هەرێمەکان بە ڕێنمایی کاک ئارام نووسیویانە. یاخود خودی ئارام نووسیویەتی.

**پرسیار:** نەوشیروان مستەفا ئەگەرچی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا کتێبی "چەپکێ لە قسەکانی ماوتسیتۆنگ" و پاشان هەر خۆی کتێبی "بژی سەرکەوتنی جەنگی گەل/ لین پیاو"ی وەرگێڕرابووە سەر زمانی کوردی و چەندین بابەتی لەو جۆرەی لە گۆڤاری "ڕزگاری"یش کە خۆی خاوەنی ئیمتییازی بوو، نووسیبووەوە، بەڵام هەر

وەكوو بۆخۆیشی دەڵێت، هیچ كاتێك بڕوای بە كۆمۆنیزم و بیروباوەڕی مارکسیزم_ لێنینزم نەبووە و وەک باس دەكرێ، هەر لە سەرەتاشەوە كە وازی لە كۆمەڵە هێناوە، هەر لەسەر ئەوە بووە و هەر لەو سەرەتایەشەوە و لە ساڵی ١٩٧١دا عێراقی بەجێهێشت و ئیتر ئاگای لە كۆمەڵە بڕا. هەروەها نەوشیروان لە كتێبی "لە كەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ" باسی كۆبوونەوەی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانی كوردستان دەكات و باسی ئەوە ئەكات كە چۆن پێش ئەو كووبوونەوەیە (سەرانی كۆمەڵە، ئەوانەی لە برادۆست بوون: سالار، ئازاد هەورامی، عومەری حاجی عەبدولا كۆبوونەوەیەكیان كرد. ئارام نەهات بۆ كۆبوونەوەكان. منیشیان بانگ كرد بۆ كۆبوونەوەكە. هەموویان داوایان لی كردم، منیش یەكێک بم لە نوێنەرەكانی كۆمەڵە. من خۆم پێم خۆش نەبوو. زۆریش بەهانەم هێنایەوە بۆ ئەوەی واز لە من بهێنن و بە ڕاشكاوی وتم:... سەرباری ئەمانەش لێتان ناشارمەوە: من باوەڕم بە كۆمۆنیزم نییە)...

پرسیارەكە لێرەدایە: لێكدانەوەی بەڕێزتان بۆ ئەو مەسەلەیە چۆنە، ڕابەرایەتیی كۆمەڵە (مەبەستم ئارامیشە، كە ئەو دەمە هێشتا لە ژیاندا بوو) لەو دەمەدا، كە خۆیان بە هەڵگری بیروباوەڕی ماركسی_ لێنینی دەزانی، چۆن ئەو هەڵبژاردنەیان بۆ نەوشیروان (كە بڕوای بە ماركسیزم نەبوو) بۆ ڕێكخراوێكی ماركسی كرد و پاشانیش كردیانە سكرتێری كۆمەڵە، لەكاتێكدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبوو، وەكوو ئەندامێكی ئاساییش قبووڵ نەكرێ؟ پێت وا نییە، ئەوە سەرەتای كۆنترۆڵكردن و لەناوەڕۆكخستنی كۆمەڵە بووبێت؟ ئایا ئەوانیش (ڕابەرایەتییەک كە سەربە خەتی ئارام بوون) لەو مەسەلەیەدا بەرپرس نین؟ وە هەمووشیان لە بەرامبەر ئەندامان و كادرانی كۆمەڵە، كە ئاگایان لەوە نەبووە، سكرتێری ڕێكخراوە (كۆمۆنیستی)یەكەیان بڕوای بە كۆمۆنیزم نەبووە، بەرپرس نین؟

**پشكۆ نەجمەدین:** نەوشیروان مستەفا، بە پێی لێكۆڵینەوە و دۆكومێنت ( بڕوانە لە پەراوێزی مێژووی كۆمەڵەدا، پشكۆ نەجمەدین، ژمارە ١ ی گۆڤاری شار، ١٩١٣، سلێمانی) لە سەرەتاوە وازی لە كۆمەڵە نەهیناوە، بگرە هەر بەشداریی دامەزراندنی كۆمەڵەی نەكردووە. ئەو، لە خەبات و هەڵسووڕانی كۆمەڵە دوور بووە و هەتا ساڵی ١٩٧٧یش كە بۆ كوردستان گەڕاوەتەوە، هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ كۆمەڵە نەبووە! ئەو كۆبوونەوەیەی سەركردایەتیی كۆمەڵە لە مانگی ئابی ١٩٧٧دا، لە ناوچەی برادۆست، پاش گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، بەندە لەوێ نەبووە. من

ئەوسات لە شار بووم و هەرگیزیش ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە نەبووم. من سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ چوومەتە شاخ، واتە دوو مانگ پاشی شەهیدبوونی کاک ئارام.

داخۆ سەرکردایەتیی ئەوساتی کۆمەڵە، بۆچی تەکلیفیان لە نەوشیروان کردووە تا ببێتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، ڕەنگە پەیوەندیی بە جێگای کۆمەڵەوە لە بزووتنەوەیەکی چەکداریی جەماوەرییدا بووبێت، کە دەیان سەرکردەی ناسراوی تێدا بوو بێت و ئەوان نەوشیروانیان وەکوو سەرکردەیەکی بە ئەزموون قبووڵ بووبێت و بە پیویستیان زانیبێت. وا پێ دەچێ، کە ئارامیش دژی هاتنەناوەوەی نەوشیروان نەبووبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دژی ئەوە بووە، کە نەوشیروان ببێتە سکرتێری کۆمەڵە. سکرتێربوونی نەوشیروان تەنیا پاش شەهیدبوونی ئارام بە کردەوە جێبەجێ دەبێت. من، لە هەمان لێکۆڵینەوەدا، ئەم ڕەخنەیەم لە سەرکردایەتیی ئەودەمی کۆمەڵە گرتووە.

**پرسیار:** لە کۆبوونەوەی فراوانی کادرانی کۆمەڵە لە شێنێ لە بەرواری ١٩٧٨/١١/٥ ناوی کۆمەڵە لە "کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان_عێراق"وە گۆڕا بە "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"! بۆچی؟ نەوشیروان لە کتێبەکەی "لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ"دا دەڵێ: "کۆمەڵە ناوەکەی لەگەڵ ئەرکە قورسەکانی قۆناغەکە (سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد)دا نە ئەگونجا و لەگەڵ سەلیقەی کوردیی ناساز بوو."‼

پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا بەحەقیقەت ئەو ناوە لەگەڵ سەلیقەی کوردیی نەدەهاتەوە، یان بە پێچەوانەوە، کۆمەڵەی مارکسی_لینینی ناوێکی خۆشەویست و موعتەبەر بوو لەنێو خەڵکیدا؟ وە یان ئەوەتا لەگەڵ سەلیقە و بیروباوەڕی نەوشیروان نە دەهاتەوە، وە ئەوەش هەڵقەیەکی دیکە بوو، لە پلانی ئاڵوگۆڕپێکردنی پرانسیپەکانی کۆمەڵە؟ ئایا تۆ وەک کادرێک لەو دەمەدا و وەک کەسێک کە مێژووی کۆمەڵە جێ بایەختە، لایەنگرانی بیری مارکسی و خەتی ئارام هیچ هەڵوێستێکیان لەو بارەیەوە هەبووە؟

**پشکۆ نەجمەدین:** بە داخەوە، ڕەنگە ئەوە یەکەم و دوا کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە بووبێت (پاش هاتنە شاخم) کە من دوور بووم و شانسی بەشداریکردنم نەبووبێت. ئەگەر ئەم پڕۆژەی ناوگۆڕینەی کۆمەڵەش (پێشنیازی نەوشیروان

مستەفا بووبێت)، کە من دڵنیا نیم، یان کەسێکی دیکە، پێم وا نییە گۆڕینی ناو، کارکردێکی لەسەر نێوەڕۆک هەبووبێت! کۆمەڵە کە دەیویست ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی و چەکداریی فراوان بکات، دیارە لەنێو گوند و جووتیارانی کوردستاندا، "ڕەنجدەران" شیاوتر و شایستەتر بووبێت. کێشەکە لە ناودا نەبوو، لە نێوەڕۆک و کرۆکی فیکر و بۆچوون و نیاز و مەرامەکاندا بوو. من پێم وا نییە، کەسێک لە سەرکردەکانی ئەوسای کۆمەڵە، بە لایەنگرانی ئارامیشەوە، ڕەخنەیان هەبووبێت، یاخود دژایەتییان کردبێت.

**پرسیار:** کاتێک کە هاوڕێیانی زیندان ئازاد بوون و لە مانگی ١٠ و ١١ی ساڵی ١٩٧٩ گەیشتنە شاخ، دووبارە ئەندامانی سەرکردایەتییەکانیان بوونەوە بە ئەندامانی سەرکردایەتی! ئەو ڕووداوە چ کاریگەرییەکی لەسەر لاوازکردنی باڵی ئارام و تیژکردنەوەی ناکۆکییەکان دانا؟

**پشکۆ نەجمەدین:** من، لە وەرامی پرسێکی سەرەوەدا، تیشکێکم لەسەر ڕۆڵی نەگێتیڤی گرووپی زیندان، لەسەر فیکر و سیاسەتی کۆمەڵە خستووە. ئەوان مافی سروشتیی خۆیان بوو، کە لە کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا جێ بگرن. ئەوان ململانێکانیان بۆ وەلانانی خەتی ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکان قووڵتر کردنەوە و بە هەندەک چەمک و بۆچوونی ناوازەیان بارگاوییان کردن و هەندێک ڕەگەزیان جێ خست، کە هیچ پەیوەندییان بە کرۆکی کێشەکانەوە نەبوو، لەوانیش، مەسەلەی "ئێراقیبون و کوردستانیبوون" یاخود وەک خۆیان پێیان خۆش بوو، "ئێراقچییەتی" کە هیچ سەروکاریان لەگەڵ چەمک و تێگەیشتنەکانی خەتی ئارامدا نەبوو.

**پرسیار:** نامیلکەی "هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی شەهید ئارام" لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن "نووسینگەی ڕاگەیاندن"ی کۆمەڵە لە "چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ" چاپ کرا و لە لایەن "ناوەندیی کۆمەڵە"وە پێشەکییەکی بۆ نووسراوە. ئەو پێشەکییە کە وەکوو دەرئەکەوێ، لە ڕوانگەی خەتی ئارامەوە نووسراوە، لە لایەن کێوە نووسراوە؟ کاتی خۆی دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە دواتر ئەو نامیلکەیە قەدەغە کرابێت! ئەگەر بکرێ، بەڵکوو لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەک بدەی!

**پشکۆ نەجمەدین:** ئەو نامیلکەیە، ساتێک نووسراوە (١٩٨٠)، کە جارێ خەتی ئارام و دەسەڵات و بینینی کۆمیتەی هەرێمەکان، لە کۆمەڵەدا لاواز و پەراوێز نەبوون. کێ پێشەکییەکەی نووسیوە؟ دڵنیا نیم، بەڵام پێ دەچێ مەلا بەختیار نووسیبێتی!

**پرسیار:** ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زەقتر و گەورەتر دەبوونەوە و تا وای لێهات، ئیتر بە شێوەی نووسراو، چ بەئاشکرا و چ بەنهێنی بیرۆکە و تێڕوانینەکان بڵاو بکرێنەوە. یەکێک لەو نووسراوانەی کە ئەو دەمە بڵاو کرایەوە، نووسراوێک(نامیلکە)ی فەرەیدوون عەبدلقادر بوو، کە لەوێدا لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی بۆ داکۆکی لە خەتێک بوو، کە بە خەتی کوردستانی دەناسرا و پێیان وابوو، دەبێ کۆمەڵە ڕێکخراوی مارکسیی لینینیی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بێت. لە بەرامبەر ئەمەشدا نووسراوێکی دیکە بڵاو بووەوە، کە لە لایەن سالار عەزیزەوە نووسرابوو، ڕەخنە لەو نامیلکەیە دەگرێت و داکۆکی لە خەتێک دەکات، کە بە خەتی داش عێراق دەناسرا و پێیان وابوو، کۆمەڵە دەبێ ڕێکخراوی مارکسیی لینینیی کوردستانی عێراق بێت.
لێرەدا دوو پرسیارمان بۆ دێتە پێش:
یەکەم: ئەو دوو نامیلکەیە کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگە چۆن بوو؟
دووەم: ئایا کێشەی نێوان ئەو دوو خەتە، تەنها لەوەدا بوو، کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێکخراوی کوردستانی گەورە، یان تەنها کوردستانی عێراق بێت؟
**پشکۆ نەجمەدین:** ئەو دوو نامیلکەیە، کێشە فیکرییەکانیان لەنێو دەروونی کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگەدا قووڵتر کردنەوە. ئێمە ئەو بۆچوونی کوردستانیبوونەمان بەو مانایەی کە کۆمەڵە دەبێ ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی هەر چوارپارچەی کوردستان بێت، بە نالۆژیک و خەیاڵی دەبینی و پێمان وا بوو، کە کۆمەڵە ناکرێت و ناتوانێت ئەرکێکی ڕێکخراوەیی وەها لە ئەستۆ بگرێت. کۆمەڵە دەیتوانی تەنیا ڕێکخراوی کرێکارانی کوردستانی باشوور بێت. ئێمە پێمان وا بوو، حیزب ئامرازە نەک ئامانج و ئامانجی حیزبیش، یەکلاکردنەوەی کێشەیەکە لەگەڵ دەسەڵاتی ئێراق یان ئێران یاخود تورکیا... ئێمە پێمان وا بوو، کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکدا، کێشەیەکە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئەو وڵاتەدا. زەمەنیش دروستیی بۆچوون و دنیابینیی

ئێمەی سەلماند. لەپاشی ڕاپەڕین و پاشتریش ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەعس لە ئێراقدا، مامۆستاکانی کوردستانیبوون ڕۆڵێکی گرنگیان لە داڕشتنی دەستووری ئێراق و گێڕانەوەی کوردستان بۆ نێو "ئێراقی فیدراڵ!!" گێڕا. هەندەک لەوان بوونە ئەندامی پەرلەمانی ئێراقیش!
ئەم کێشەیە کوردستانی و ئێراقی، کێشەیەکی خولقێنراوی موزەوەر بوو. کێشەکان لە شوێنێکی دیکە بوون. کێشەی ئێمە لەسەر پاراستنی ناسنامەی چینایەتیی کۆمەڵە و سەربەخۆییی کۆمەڵە و فراوانکردنی ئازادیی بیروبۆچوونی نێو کۆمەڵە بوو.

**پرسیار:** ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و کۆنفرانس لەدوای کۆنفرانس دەسەڵات و بەرپرسیاریێتی خەتی ئارام لە ناوەندیی کۆمەڵەدا کەم دەبووەوە! سەرەنجام ئەوەبوو، لە کۆنفرانسی سێ لە بەرواری ١٩٨٤/٧/٢ مەلا بەختیاریش بەپێی ئەو مەوازینەی کە بۆ هەڵبژاردن دانرابوو، بۆ ناوەندیی کۆمەڵە دەرنەچوو! بەڵام دواتر و بەبڕیاری ڕابەرانی خەتی زاڵی نێو کۆمەڵە کرایە ئەندامی سەرکردایەتی! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە فشارێکی زۆریان لەسەر لایەنگرانی خەتی داش عێراقی دروست کردبوو، تەنانەت کار گەییشتە ئەوەی کە باس لە ئیعدامکردنی کۆمەڵێک کادری سەر بەو ڕەوتە ئەکرا، کە نووسراوەی "هەڵوێست"یان بڵاو کردبووەوە!
پرسیارەکە لێرەدایە: کاتێک کێشە و ململانێکان بگاتە ئەو ئاستە، ئیدی چ هیوا و ئومێدێکتان بە کۆمەڵە و بە مانەوە و کارکردن لەنێو کۆمەڵەدا مابوو؟ لە کاتێکدا بواری کاری ئێوە بەو جۆرە لەژێر فشاردا بێت و نووسراوەکانتان بەنهێنی بڵاو بکەنەوە و حوکمی ئیعدامیشی لەسەر بێت! باشتر نەبوو، کە هەر ئەو دەمە و لەدوای کۆنفرانسەوە بە فەرمی دەستان لە کۆمەڵە بکێشایەتەوە و ڕێکخراوی خەتی خۆتان پێک بهێنایە؟
من وەک کەسێک کە لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بووم، ئەگەرچی سەر بە ئاڵای شۆڕش نەبووم، بەڵام دەنگم بۆ ئەو خەتە دا و ئەوەم بە قازانج زانی، بەڵام کاتێک بینیم ڕابەرانی خەتی زاڵ بەخێری خۆیان مەلا بەختیاریان کردە ئەندامی سەرکردایەتی، هەستێکی ناخۆشم لەلا درووست بوو، وە پێم وا بوو، کە دەبوو مەلا بەختیار عیزەت نەفسی ئەوەی قبووڵ نەکردایە.
ئایا لەنێو ئێوەدا ئەو مەسەلەیە نەبووە جێگای باس؟

**پشکۆ نەجمەدین:** تۆ خۆیشت لە دوا کۆنفرەنسی کۆمەڵەدا حوزوورت هەبووە. کێشەکان ئاڵۆز بوون. ئێمەیش یەکگرتوو و یەکڕا نەبووین. بەڵێ هەندەک لە پێڕەوانی خەتی ئێمە پێیان وا بوو، کە ئیدی بوارێک نەماوەتەوە و دەبێ ئێمە لە هەموو بوارێکدا، هیچ تاڵەدەزوویەک لەگەڵ کۆمەڵە نەهێڵینەوە، بەڵام ئەوە ڕای کەمینە بوو. ئێمە درکمان بە دژواریی دۆخەکە دەکرد و پێمان وا بوو، ئەمە نە بە قازانجی ئێمەیە و نە لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەکە. مەلا بەختیار، لە هەڵبژاردنی یەکەمدا، دەنگی نەهێنا، بەڵام پاش دووبارەکردنەوەی[1] هەڵبژاردنەکە، دوا دەنگەکانی هێنا. واتە دەمەوێت بڵێم ئەوە خێری سەرکردە زاڵەکانی خەتی باڵا دەست نەبوو، بگرە ئەنجامی مەترسیی ئەوان بوو، لە دەرنەچوونی مەلا بەختیار بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە. ئەوان بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو، دەیانویست ئەو خەتە و دەسەڵاتەکەی لەنێو کۆمەڵەدا، هێدی هێدی و لەگەڵ زەمەندا بچەپێنن.

**پرسیار:** لە بەرواری ١٩٨٥/٤/١دا مەلا بەختیار بۆ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ باسکردن لەمەڕ ئەو کێشانەی ناو کۆمەڵە بانگ دەکرێت! لەو کۆبوونەوەیەدا داوا لە مەلا بەختیار دەکرێت، کە ئەگەر ئەوان ڕێکخراون، با خۆیان ئاشکرا بکەن و وەک باڵێکی نێو یەکێتی کار بکەن و تەنانەت بەڵێنیان پێ درا، کە کۆمەکیش بکرێن!
لێرەدا دەپرسین: ئاڵای شۆڕش کەی دامەزرا؟ دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ کاتێک کە ئاڵای شۆڕشتان بنیات نا، قەوارە و نفووزتان چۆن بوو؟
**پشکۆ نەجمەدین:** ئەو مێژووە، چەند مانگان لە پێشە و هەڵەیە. ئەو کۆبوونەوە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١٣دا بووە و کاتێک بوو، کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە و یەکێتی پێیان وا بوو، کێشەکە بە بنبەست گەیشتووە و دەبوو ڕێگاچارەیەکی بۆ ببیننەوە! ئەوساتە ئاڵای شۆڕش وەکوو ناو و وەکوو قەوارەیەکی ڕێکخراوەیی جارێ

---

[1] ئەوەندەی من بێتەوە یادم، هەڵبژاردن دووبارە نەکرایەوە، بەڵکوو سیستەمی هەڵبژاردنەکەیان گۆڕی. لە سەرەتادا دوو خاڵ مەرج بوو، تاوەکوو وەک ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەبژێردرێی، ئەویش: یەکەم، پڕکردنەوەی ئەو ژمارەیەی کە بەپێویست دەزانرا بەگوێرەی زۆرایەتی و کەمایەتیی دەنگەکان، دووەم، ئەبوو ژمارەی دەنگەکان لە نیوە زیاتر بووایە.
جا ئەوان لە جاری دووەمدا، هاتن مەرجی دووەمیان لادا، تاوەکوو مەلا بەختیاریش بتوانێ، ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی. (سالار ڕەشید)

دانەمەزرابوو، بەڵام ڕەوتە فیکری و سیاسییەکەی ئێمە لەمێژ بوو، ڕێچکەی گرتبوو. لە ساڵی ١٩٨٤ و پاش کۆنفرەنسی سێی کۆمەڵە، ئیدی ڕەوتەکە تا دەهات تۆکمەتر و گورجوگۆڵتر دەبوو، بە تایبەت لە بواری فیکری و سیاسی و ڕۆشنبیریدا. لەو ساڵەدا بەنهێنی چەندین نامیلکە، کتێب و نمانامەی تیۆریمان بڵاو کردنەوە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ لە قەرەداخ لە گوندی سێسێنان بە نهێنی کۆبوونەوەیەکی فراوانمان بەست، سەرخەتە فیکری و سیاسییەکانمان داڕشتن، بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەتمان دا و دەمانویست خۆمان بۆ ئەگەرەکانی ئایندە ئامادە بکەین. ڕاستییەکەی بەشێک لە ئێمە لە کوردستان، پێچەوانەی برادەرانی دەرەوەمان، هەوڵمان دەدا، دەریچەیەک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێو چوارچێوەی یەکێتیدا، وەکوو باڵێکی جیاواز بدۆزینەوە. ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئێمە دەستپێکی دۆزینەوەی ئەو دەروازەیە بوو. داخەکەم ئەوان ڕاستیان لەگەڵ نەکردین و بۆ شوێنێکیان کێش کردین، کە توانای گەڕانەوەمان نەبوو. ئیدی کارەسات ڕووی دا.

**پرسیار:** ئەو نووسراوانەی کە دەرتان دەکردن، چ پێش پێکهێنانی ئاڵای شۆڕش و چ دوای ئەوە چی بوون و نووسەرانی کێ بوون؟ بە چ شێوەیەک چاپ دەکران و توانای چاپکردنتان چۆن بوو؟

**پشکۆ نەجمەدین:** نووسراوەکان: نامیلکەیەک بە ناوی "هەڵوێست" کە مەلا بەختیار نووسیبووی. نمانامەی تیوری لەسەر بابەت و مەسەلە تیوری و سیاسییەکانی ئەوێ ڕۆژێ. کتێبێکی دیکە کە هەر مەلا بەختیار نووسیبووی وەڵامێک بوو، بۆ دژایەتیکردنی کۆمەڵە بۆ بزووتنەوەی چەپ و مارکسیستی لە کوردستاندا. کتێبەکە بە نێوی "دژایەتیی بانچەپ یان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی؟"، ساڵی ١٩٨٥.

گۆڤاری ئاڵای شۆڕش، لە ساڵی ١٩٨٥دا کە تەنیا ژمارەیەکی لێ چاپ کرا و ئەوی بیرم بێتەوە، مەلا بەختیار، شێخ عەلی، بەندە و دەبێ دوو سێ برادەری دیکەیش وتاریان تێدا نووسی بێت. ئێمە خۆمان تایپ و ڕۆنیۆمان هەبوو و بۆ چاپکردن بەکارمان دەهێنان.

**پرسیار:** لە بەرواری ١٩٨٥/١١/٢دا و دوای جیابوونەوەتان لە کۆمەڵە و ئیعلانکردنی فەرمیی خۆتان وەک ئاڵای شۆڕش، یەکێتی هێزێکی ناردە سەرتان و سەرەنجام کۆمەڵێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگەتان دەسگیر کران!
لێرەدا دەپرسین:
یەکەم: ئەمە ناکاتە ئەوەی کە یەکێتی هەر لە سەرەتاوە بەنیازی گورزوەشاندن و لەنێوبردنتان بووە، نەک ڕێککەوتن و کارکردن لەنێو یەکێتی؟
دووەم: ئەگەر یەکێتی بەنیازی گرتنی سەرکردایەتیی ئاڵای شۆڕش بوو، بۆچی ڕێگای هێزی گرتەبەر؟ بۆچی بەناوی کۆبوونەوە و گفتوگۆ بانگهێشتی نەکردن و لەوێ دەستبەسەرتان کات؟
سێیەم: دوای گرتنی ئێوە (مەلا بەختیار، پشکۆ نەجمەدین، شێخ عەلی) ئاڵای شۆڕش زەربەیەکی گەورەی بەرکەوت، دوای ئەوە کێ بوون ئەوانەی ڕێکخستنیان سەرلەنوێ خستەوە سەریەک و کار و هەڵسووڕانی ئاڵای شۆڕش چۆن ئەچووە ڕێوە؟
**پشکۆ نەجمەدین:** منیش پێم وایە، کە یەکێتی هەر لە سەرەتای کارەوە، بڕیاری خۆی دا بوو. واتە بڕیاری قەبووڵنەکردنی هیچ ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەری تەنگژەکە و فراوانکردنی بازنەیەکی دیموکراتییانە بۆ مومارەسەکردنی ڕا و بۆچوونی جیاواز لە چوارچێوەی یەکێتیدا. بەڵام مومارەسەکردنی زەبرەکە و بەکاربردنی ئەو توندوتیژییە، کەمۆکەیەک زەمەنی بۆ زەوینەسازی گەرەک بوو. دەبێ ئەوەیش بزانین کە هەموو سەرکردایەتیی یەکێتی بۆ پراکتیزەکردنی ئەو ڕێگا زەبرئامێزە یەکدەنگ و یەکدەست نەبوون. چەند ئەندامی ناوەندیی کۆمەڵە، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و سەدان کادری ڕیزەکانی خوارەوە، ئەم شێوازەی مامەڵەکردنیان پێ قووت نەدەچوو. دەستگیرکردن و زیندانیکردنی ئێمە و پەردەوازەکردنی سەدان کادر و ئەندامی ڕەوتی ئێمە، زەربەیەکی توند و زەبرئامێز بوو بۆ ئاڵا.
پاشتر، کادرەکانی ئێمە، چ کادرە ڕێبەرییەکانی دەرەوەی وڵات و چ ئەوانە ئاودیوی ئێران بوون، شیرازەی کارەکانی ئاڵایان گرتەوە. لەو ڕێبەر و کادرانەیش: م. جەعفەر، سالار عەزیز، حاجی مەمۆ، عیماد ئەحمەد، سەلام عەبدوڵا، ئاسۆ عەلی، م. عادل، حەمەئاوات، سەلاح شێخ سدیق و پۆلێک کادری بزێو و هەڵسووڕاوی ڕێکخستنەکانی شار و چەندین کادری عەسکەریی کۆمەڵەش، هەموویان پێکرا و پێکەوە درێژەیان بە کاری سیاسی و ڕێکخراوەییی ئاڵا دا.

**پرسیار:** سەبارەت بە بڕیاری هێرشکردن بۆسەر ئاڵای شۆڕش و گرتن و زیندانیکردنی بەشێک لە ڕێبەرانی: لە چ ئاستێکدا ئەو بڕیارە درا و کێ بوون ئەوانەی ئەو بڕیارەیان دا؟ مەبەستم ئەوەیە، ئایا کۆبوونەوەی ناوەندیی کۆمەڵە، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، وەیان نەخێر چەند کەسێکی دیارکراو ئەو بڕیارەیان دا؟ ئەگەر چەند کەسێکی دیاریکراو ئەو بڕیارەیان دا، کێ بوون ئەوانە؟
ئەمەوێ بە دیاریکراوی پرسیاری هەڵوێستی مام جەلال وەک سکرتێری یەکێتیی نیشتمانی بکەم، لە بڕیاری هێرشکردن، زیندانیکردن و بەرخوردێک کە لە کاتی زیندانی ئێوەدا لەگەڵتان ئەکرا؟

**پشکۆ نەجمەدین:** بڕیاری هێرشکردن بۆ سەر ئاڵای شۆڕش، لە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمیی ناوەندیی کۆمەڵە یاخود مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا نەدراوە و بگرە ڕێکەوتنی چەند کەسی باڵادەستی نێو ناوەندیی کۆمەڵە و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی بووە. بەڵگەیشم بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە هەم لە نێوەندیی کۆمەڵەدا (ئازاد هەورامی و مولازم عومەر) و هەم لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیشدا (بەشێکی زۆر لە شۆڕشگێڕان) لەگەڵ وەها بڕیارێکدا نەبوون و دژیشی بوونە. من دڵنیام کە بڕیار و ڕێکەوتنی نێوان نەوشیروان مستەفا، مام جەلال و فەرەیدوون عەبدلقادر بووە. دەشێ لە سەروەختی جێبەجێکردندا، جەبار فەرمان، عومەر فەتاح، قادری حاجی عەلی، حەمەتۆفیق ڕەحیم، دکتۆر خەسرەو خاڵ، شەوکەتی حاجی موشیر و هەندەک لە جەنەراڵەکانی یەکێتیی ئاگادار بووبێتن و بە کردەوە ئەنجامیان دابێت.

**پرسیار:** ئایا ئاڵای شۆڕش هەمان ڕوانگە و تێڕوانینی کۆمەڵەی سەردەمی ئارامی هەبوو، وە یان هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات؟ ئەگەر وایە، ئەوا ئەو ئاڵوگۆڕانە چی بوون؟ هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین: چ لێکدانەوەیەک بۆ یەکێتیی سۆڤێت، چین، ماوتسیتۆنگ و تێزی سێ جیهان دەکرا؟ هەر لە پەیوەست بەم پرسیارەوە دەپرسین: ئایا ئاڵای شۆڕش هێڵ و ئاراستەی جیاوازی تێدا بوو؟ ئەگەر وایە، چی بوون؟

**پشکۆ نەجمەدین:** بنچینە فیکری و تیۆرییەکان، هەمان ئەو سەرخەتە فیکرییانە بوون کە ئارام دایڕشتبوون. دیارە بە پێی گۆڕانی سەردەم و قۆناغەکەش، کۆمەڵێک بۆچوون و تێڕوانینی نوێ دەرکەوتبوون و پێداویستیی قۆناغەکە، دیدی نوێی گونجاوی دۆخەکەیان دەخواست. دید و تێڕوانینەکان بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهان فرە بوون. لایەنێک پێی وا بوو، کە سۆڤییەت، قەڵای سۆسیالیستییە. لایەنێک پێی وا بوو سۆسیالئیمپریالیزمە. بۆچوونیش هەبوو، پێی وا بوو، مەسەلەی سۆڤییەت لێکۆڵینەوە و دیراسەتی قووڵتری دەوێ. ماوتسیتۆنگمان جێ هێشتبوو. تیۆری سێ جیهانیش، شوێنێکی ئەوتۆی لە ڕیزەکانی ئاڵادا نەبوو. دیارە ئیدی هێڵە جیاوازەکان بە پێی جیاوازیی بینینەکان زۆر بوون.

**پرسیار:** جیاوازی ئێوە لەگەڵ باقی چەپدا چی بوو، لە کاتێکدا ئەوان کۆمەڵەیان وەک ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستیی چەپ و ئێوەشیان وەک باڵی چەپی ئەوان پێناسە دەکرد و ئێوەش ئەوانتان بە بانچەپ ناو دەبرد؟

**پشکۆ نەجمەدین:** جیاوازییەکان لەگەڵ گرووپە چەپەکانی دیکە زۆر بوون. ئێمە بڕوامان بە ڕێکخراوێکی مارکسیست لینینستی کوردستانی ئێراق هەبوو، دژی شۆڕشی چەکداری نەبووین و پێمان وا بوو، ئەو بزووتنەوە دیموکراتییە جەماوەرییەی کوردستان، دەشێ پشتگیریی بکرێت و ڕۆڵی تێدا ببینرێت.

ئێمە ئەوانمان بە بانچەپ نەدەزانی، بگرە بە چەند پێل و ڕەوتی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیمان دەبینین و ئاڵاهەڵگری نزیکبوونەوە و هاوکاریکردنیان بووین و بۆ ئەمەش پرەنسیپی مونازەرەمان داڕشتبوو؛ مونازەرە بۆ دیالۆگ، سەلمان و پێسەلماندنی هەموو ئەو مەسەلانەی کە بە جیاواز دەمانبینین.

**پرسیار:** پەیوەندیتان لەگەڵ چ حیزب و ڕێکخراو وە یان دەوڵەتێکدا هەبوو؟ ئایا لە هیچ شوێنێکەوە کۆمەک هاوکاری دەکران؟

**پشکۆ نەجمەدین:** ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی دیموکراتی ئێران، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق بە ئاست و شێوازی جیاواز هەبووە.

پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتانیش، لەگەڵ ئێرانی ئیسلامی (بە حوکمی ژیانی برادەرەکانمان لە خاکی ئێراندا) بێ ئەوەی بچینە ژێر باری داواکارییەکانیان

هەبووە. لەگەڵ سوریا، تەنیا وەکوو پێگەیەک (وەکوو هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی) ئۆفیسێکمان بۆ کاری سەفەر و هاتوچۆ هەبوو. کۆمەکی دەوڵەتانمان نەبووە. پێم وایە، جارێک لە چوارچێوەی کۆمەک و هاوکاریی دەوڵەتی قەزافی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی چەردەیەکی زۆر کەم کۆمەک بە ئاڵا کرابوو.

**پرسیار:** لە ساڵی ١٩٨٨ و لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا، کە چەند سەد کەسێک تێیدا بەشدار بوون، بڕیاری حەلکردن و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە درا! بەڵام لە چاوپێکەوتنێکی ژمارە (٧٠٧)ی گۆڤاری "گولان"دا نەوشیروان مستەفا دەڵێت، ئەوە دووسێ ساڵێکە هەست دەکەم، کە کارێکی هەڵەمان کردووە!
لێکدانەوەت بۆ ئەم قسەیە چییە، لە کاتێکدا کۆمەڵە خۆی بە مارکسی و کۆمۆنیست دەزانی و نەوشیروانیش گاڵتەی پی ئەهات و هەر وەکوو لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەدا وتی: کۆمۆنیزم گەڕ وگول، سوکوسەلیم بووە!
**پشکۆ نەجمەدین:** نەوشیروان مستەفا، ئەگەر پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەش هەستی بە پەشیمانییەک کردبێت، ئەوە پەشیمانیی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوێکی چەپ و مارکسی نەبووە، بگرە تواندنەوەی کۆمەڵە لە بۆتەی یەکێتیدا، دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی لەناو تەلار و سەرکردایەتیی یەکێتیدا، بە جۆرێک ڕیزبەندی کرد، کە خواست و ویستی نەوشیروان مستەفا نەبوو. کۆمەڵە، پێش هەڵوەشاندنەوەیشی، چەند ساڵێک بوو، هەموو خەسڵەتە مارکسیستییەکانی لێ داشۆرابوو. کۆمەڵە تەنیا قاوغەکەی مابوویەوە و لەنێوەڕۆک پوچەڵ کرابوویەوە!

**پرسیار:** لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩دا مەلا بەختیار لە زیندان ئازاد کرا. ئەو دەمە بار و دۆخی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش لەچیدا بوو، وە دوای ئەوە چ گۆڕانکارییەک هاتە ئاراوە؟
**پشکۆ نەجمەدین:** ئێمە چ لە کوردستان و چ لە ئۆروپادا، هەوڵێکی زۆرمان بۆ ئازدکردنی مەلا بەختیار دا. هەوڵەکانی برادەرانی ئێمە گەیشتە لای "ڤیلی براند" و سۆسیال ئینتەرناسیۆنالیستی ئۆروپایش. جگە لەوە، ڕۆشنبیری بەناوبانگی وەکوو "هادی عەلەوی"یشمان هێنایە سەرخەت و نامەی تایبەتی بۆ مام جەلال نووسی. ئاڵا، لەو زەمانەدا و لە پاش ساڵی ١٩٨٩، ئیدی دووکەرت ببوو. بە کردەوە دوو

هێڵ یاخود دوو بەرە بوون. بەرەیەکی لایەنگری سۆڤییەت و بەرەیەکی ئەنتی سۆڤییەت.

**پرسیار**: سەرەنجام چوونەوە ناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و بڕواشتان بە کۆمۆنیزم نەما! لە ئێستادا چۆن دەڕوانیتە کۆمۆنیزم و ئایا پێت وایە کە ئیتر سەردەمی بەسەرچووبێت؟

**پشکۆ نەجمەدین**: بەشێکی زۆری سەرکردە و کادرەکانی ئاڵا، چوونە نێو حیزبی زەحمەتکێشان و پاشانیش گەڕانەوە ناو یەکێتیی نیشتمانی، جگە لە من کە لەساڵی ١٩٩٢دا، پەیوەندیی خۆم لەگەڵ ئاڵا و لەگەڵ هەر حیزبێکی کوردی پچڕاند و بۆ کایەکانی ئەدەب و نووسینم گواستەوە.

کۆمۆنیزم، وەکوو فیکر و فەلسەفە، نە بەسەر چووە و نە دەشچێت!

کۆمۆنیزم، لە بواری پراکتیک و کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، لە قەیرانێکی جیدی دایە و لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەش ئێستا و بە سەرپێیی ناکرێت.

**پرسیار**: لەو دەمەدا زۆرێک لە ڕابەران و کادرانی کۆمەڵە تەنها لەبەر ئەوە خۆیان بە مارکسی دەزانی، چونکە بیری مارکسی لە جیهاندا برەوی هەبوو، وە یان وەک کەسانێکی قەومی پێیان وابوو، بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی کورد هەڵگرتنی ئەو باوەڕە باشە و بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی کورد ئەبێ بەکار ببرێ. واتە، مەبەستەکە لای ئەوان ڕزگاریی چینی کرێکار نەبوو، هەر وەکوو مارکسیزم بڕوای پێ هەبوو (دیارە بەوپێیە، لەگەڵ خەبات بۆ ڕزگاری چینی کرێکار، باقی چەوسانەوەکانی دیکەش لەنێو دەچن)!

ئایا ئەوەندەی تۆ ئاگادار بیت، ئارام و هاوڕێکانی هەر بەو جۆرە بوون، وە یان نەخێر، ئەوان بەڕاستی بڕوایان بەڕزگاریی چینی کرێکار هەبوو؟

**پشکۆ نەجمەدین**: چاوگی بیر و فەلسەفەی کۆمەڵە، لە دەستپێکەوە و تا نێوەڕاستی هەفتاکانیش لە بنەوانی مائۆییزمەوە جۆگای هەڵگرتووە. ئیدی ڕوونە کە مەسەلەی ڕزگاریی نیشتمانی جێگایەکی دیاری هەبووە. بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانی ئارام و خودی ئارامیش، بڕوایان بە ڕزگاریی چینی کرێکار هەبووە، بەڵام تێڕوانینەکان بۆ خەباتی بزووتنەوەی کرێکاران و ڕزگاربوونیان کتومت هەمان ئەو دیدگا و

تێگەیشتنە نەبووە، کە لە وڵاتێکی سەرمایەداریی گەشەکردوودا لای ڕێبەرانی کرێکاران هەبووە.

**پرسیار:** ئارام لە یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەی ئاڵای شۆڕشدا ئەم بانگەوازەی بڵاو کردووەتەوە: (تێکۆشن بۆ سەرخستنی شۆڕشی دیموکراتیی گەلی عێراق، کە لە کوردستانەوە هەڵگیرساوە، لەپێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتیی گەلدا، کە گەلی کوردیش لە سایەیدا بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی شاد بێت.)
واتە، ئەگەرچی ئارام بڕوای بە ڕێکخراوێکی مارکسی بۆ کوردستانی عێراق هەبوو، بەڵام پێی وابوو، کە شۆڕش، شۆڕشێکی دیموکراتیی عێراقییە؟
ئێوە وەک ئاڵای شۆڕش چ لێکدانەوەیەکتان بۆ ئەم مەسەلەیە هەبوو: کۆمەڵە ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی عێراقی نەبێت، بەڵام شۆڕش سەرتاسەریی عێراقی بێت.
**پشکۆ نەجمەدین:** بەڵێ... ئێمە ڕێک وەهامان بیر کردووەتەوە، کە کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی ئێراق بێت و بە هاوکاریی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێراق، دەوڵەتی سەرمایەداریی دەوڵەتیی ئێراق بڕووخێت و مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان دابین بکرێت.
ئێمە پێمان وا بوو، کە چۆن لە کوردستانی ئێراقەوە ناکرێت حیزبی کرێکارانی هەموو کوردستان دروست بکرێت، هەر وەهایش لە کوردستانەوە ناکرێت، حیزبی کرێکارانی عێراق دابمەزرێت. ئێمە پێمان وابوو، کە کوردستان و کورد و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان، هەندەک خەسڵەت و کارەکتەری تایبەتی خۆیانیان هەن، کە لە هیی ئێراق جیا دەکرێنەوە.

**پرسیار:** بێگومان بۆ ئەو دەمەی کۆمەڵە ئارام کەسێکی مەزن بوو، بەڵام پێت وا نییە، بەهۆی ململانێکانەوە مەزنتر کرابێت؟ بەلای بەڕێزتانەوە، مەزنی ئارام لە چیدا بوو؟
**پشکۆ نەجمەدین:** مەزنیی ئارام، دوور لە ململانێکان، مەزنیی بیر و تێگەیشتن و فراوانیی ئاسۆی ڕوانینی بوو. ئەو پیاوێکی کردەیی بوو، لە بواری پراکتیکدا سەرکەوتوو بوو. ئەو بڕوای بە خۆی و بە کەسانی دەوروبەری هەبوو. ئەو کەسێک بوو، سیاسەتی لە کۆمەڵە و لە یەکێتیی فراوانتر دەبینی. ئەو کەسێکی دیموکرات بوو، بڕوای بە یەکخستنی هەموو لایەنە نەیارەکانی کۆمەڵەش هەبوو. ئەو خەتێکی ئەنتی جەلالی و مەلایی دادەڕشت. داخەکەم مەرگی مەودای نەدا

ببینین، کە بە کوێ دەگات! من خوێندنەوەی قووڵترم بۆ ئارام و ئەگەری شەهیدنەبوونیشی هەیە. داخۆ ئەگەر شەهید نەبایە، چ دەبوو؟

ئابی ٢٠١٣

## "گرووهی پرۆژەی نووسینەوەی بەرنامە"
## (گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر ئەمین عوسمان/ د. وەسفی تاهیر)

**"گرووهی پرۆژەی نووسینەوەی بەرنامە"، کە بە کورتکراوەیی بە "پرۆژە" دەناسرا، یەکێک بوو لەو گرووهە چەپ و کۆمۆنیستییانەی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە دوای ماوەیەک کارکردن، چووەتە نێو "ڕەوتی کۆمۆنیست" و کاریگەریی گەورەی لە بەهێزکردنی ئەو ڕێکخراوەدا هەبووە.**
**بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە نادیارەکانی ئەم گرووهە، گفتوگۆیەک لەگەڵ "د. ئەمین عوسمان"، وەک یەکێک لە بنیاتنەرانی ئەم گرووهە ساز دەکەین.**

**پرسیار:** بەڕێز د. ئەمین عوسمان! ئەگەرچی گرووپی "پرۆژە" کاریگەریی گەورەی لە بەهێزکردنی "ڕەوتی کۆمۆنیست"دا هەبوو، وە ئەو ڕێکخراوەی خستە ئاستێکی دیکەوە، بەڵام بۆخۆیان هیچ ناو و سەدایەکیان نەبوو! ڕەنگبێت، هۆی بنەڕەتی ئەو مەسەلەیە تەنها ئەوە بووبێت، کە ئێوە هیچ نووسراوێکتان نەبووە، کە خۆتانی پێ بناسێنن. چونکە لەو دەمەدا نووسراوەی جۆراوجۆری سازمان، ئەڵقە و گرووهەکان بەشێوەی دەستنووس وە یان بەتایپکراوی، بەکاربۆن وە یان بە ڕۆنیۆ لەنیو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا دەستبەدەست بڵاو دەبووەوە. بۆیە پێم وایە، ئەو ئەڵقە و گرووهانەی نووسراویان نەبووە، تەنها لە دەوروبەری خۆیان و بەگوێرەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ناسراون. دیارە ئەڵقە و مەحافیلێکی زۆریش هەبوونە، لەبەرئەوەی هیچ ناوێکیان لەخۆیان نەناوە، ئەوا هەر هیچ نەناسراون.
یەکەم شتێک، ئەگەر ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە، بیرۆکەی پێکهێنانی "پرۆژە" چۆن سەری هەڵدا و لەساڵی چەند ئەم گرووهەتان پێک هێنا؟ دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ خاڵی تەوەرەیی کە ئێوە لەسەری کۆببوونەوە چی بوو؟
**د. ئەمین عوسمان:** بیرۆکەی "پرۆژەی نووسینەوەی بەرنامە" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦ ئەو کات لەنێو ڕۆشنفکران و بە تایبەت قوتابییانی زانکۆکاندا قسە و باس و

گرووهی جیا جیا له ئارادا بوون. لەو سەردەمەدا و لەڕووی ژمارەی کادرەوە پرۆژە یەکێک لە مەحفەلە گەورەکانی چەپی کوردستان بوو.
زەمینەی بابەتیی درووستبوونی ئەم مەحفەلە بەند بوو بە بوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە هەموو دیاردەکانییەوە و بوونی نیزامێکی دیکتاتۆریی ناسیۆنالیستیی عەرەبی. هەروەها بوونی جۆرەها گرووپ و ئەحزابی ناسیۆنالیستی لە دەرەوە (شاخ). سەرەڕای ئەمانەش بوونی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و سەرهەڵدانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، وەک شۆڕشگێڕترین تیۆریی شۆڕش لەو سەردەمە لە ناوچەکەدا.
دامەزرێنەرانی سەرەتایی پرۆژە بریتی بوون لە: د. کامەران ئەمین، د. ئەمین عوسمان، ئاوات سەعید (د. سامان) و کاک ماجید.
ئێمە چەن ڕەفیقێک بووین، کە ئەتوانم بڵێم، لە سەرەتاوە من و هاوڕێی خۆشەویست دکتۆر کامەران ئەمین، وە لەڕێگەی دکتۆر کامەرانەوە هاوڕێ ئاوات سەعید و پاشان هاوڕێ ماجیدم ناسی. دەتوانم بڵێم، کە ئەم چوار کەسە لە سەرەتاوە دامەزرێنەر و ڕێکخەری پرۆژە بوون. ئێمە هاوڕێیانی پرۆژە زۆر خاڵی هاوبەشمان هەبوو، لەوانە: بڕوابوون بە بنەما ئەساسییەکانی مارکسیزم_ لێنینیزم، وە لەو نێوەشدا مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کاریگەری زۆری بەسەر هەموومانەوە هەبوو. خاڵیکی تر، کە ئێمەی کۆ دەکردەوە، نا تەبایی فکرییمان لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران و ئاڵای شۆڕش هەروا حیزبی شیوعی بوو.
بڕوامان بەوە هەبوو، کە لە ڕێگەی شۆڕشی سەرتاسەریی کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراقەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە ئامانجەکانی خۆی دەگات. ناکۆکی و شەڕی ناوخۆی حیزبە ناسیۆنالیستەکان زیاتر تابلۆی سیاسی و پێکهاتەی ئەو لایەنانەی بۆ ڕوون کردینەوە، کە چەندە لە چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشەوە دوورن.
لەو بڕوایەدا بووین، کە دەبێت حیزبێکی مارکسیی ڕاستەقینە بۆ هەموو عێراق بێتە ئاراوە. حیزبێکی لەم چەشنەش بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە بەرنامە هەیە. هەر بۆ ئەم مەبەستە پرۆژەیەکمان دەستپێ کرد، ئەویش پرۆژەی نووسینەوەی بەرنامەبوو. دوای چەندین دانیشتن و لێکۆڵینەوە کارمان دابەش کرد و هەر کەسە لە لای خۆیەوە دەستی بە دیراسە و نووسینەوەی بەشێک لە بەرنامە کرد. لێرەدا

بەزەرووری ئەزانم، ئاماژە بەوە بکەم، کە هاوڕێ د. کامەران لە ڕووی تیۆری و مادەی فکرییدا لە هەموومان دەوڵەمەند تر بوو.
لە هەمان کاتدا، کە پرۆژەی نووسینەوەی بەرنامە بەرەوپێش دەڕۆی وردەووردە جۆرێک لە ئیلتیزامی حیزبی پەیدا بوو، کۆبوونەوەکانمان مونتەزەم ئەبوونەوە و پاشان دەستمان بە کاری تەبلیغی کرد، دیارە هەر لە دەوروبەری خۆمان. لە ماوەیەکی کورتدا هاوڕێیانێکی زۆر بەم پرۆسەیەوە پەیوەست بوون. دەتوانم بڵێم، هەر چەندە پەیڕەوێکی ناوخۆی فەرمیمان نەبوو، بەڵام لە شکڵی ڕێکخراوێکدا کارمان دەکرد.

**پرسیار:** ئەگەر کرۆکی کاری ئێوە ساخکردنەوەی بەرنامەیەک بووبێت، مانای وایە، ئێوەش هەر وەکوو زۆربەی هەرە زۆری چەپی عێراقی لەژێر کاریگەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەتدا بوونە. ئەگەر وایە، چ نووسراوەیەکی مەنسوور حیکمەت بە دیاریکراوی کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر ئێوەوە هەبوو؟ سەرەنجام بۆ ساخکردنەوەی بەرنامە بەچی گەییشتن؟ ئەی چۆنە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانتان نەکردە بەرنامەی خۆتان؟
**د. ئەمین عوسمان:** هەژموونی کاری تەبلیغاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەسەر چەپەکانی عێراقدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئێمەش وەک بەشێک لەو بزووتنەوەیە لەو وەزعە بەدەر نە بووین. لە ئێستادا نووسراوێکی تایبەتیی مەنسوور حیکمەت نایەتە خەیاڵم، کە بەتایبەت کاریگەری لەسەرمان دانابێت. لەم بارەیەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە یەکێک لەو خەسڵەتانەی کە کادرانی پرۆژەی لە باقیی بزووتنەوەی چەپ جیا دەکردەوە و بگرە بەهێزتر دەکردەوە، ئەوە بوو، کە ئێمە زیاتر بۆ سەرچاوە ئەسڵییەکانی مارکسیزم_ لێنینیزم بە زمانی عەرەبی و هەروەها نووسەرانی چەپی عەرەبی بەتایبەت چەپی فەلەستینی دەگەڕاینەوە. ئێمە بانکی زانستی و ڕۆشنبیریمان بەرفراوانتر بوو و سەرچاوەکانی مارکسیزمی ئێران، لەوانەش ئەوانەی هاوڕێ مەنسوور بەشێک لەو سەرچاوانە نەک هەمووی بوون.
سەرئەنجام پرۆژەی نووسینەوەی بەرنامە، بە نووسینەوەی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کۆتایی نە هات، بەڵکوو ئەوەبوو، لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیستدا یەکمان گرتەوە.

لەنێو بزووتنەوەی چەپی عێراقدا چەندین دیاردە و نەخۆشی زاڵ بوون، لەوانە، سیکتاریزم، مەحفەلیزم و... هتد. هەر لە سەرەتاوە ئەو تێزە هەبوو، کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ عێراق بەکار بهێنرێت. بەپێچەوانەوە، هەر وەکوو زۆر مەحفەلی دیکە، کە لەئارادا بوون، ئێمەش بڕوامان وا نەبوو، کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ عێراق کۆپی بکەین.

**پرسیار**: بێجگە لە کاری ساخکردنەوەی بەرنامە، لێکۆڵینەوە و مەسەلەگەلی تیۆری، لە بواری کاری عەمەلیدا چیتان ئەکرد، یانی، لەبواری کاری سازماندەیی و فراوانکردنەوەی قەوارەی گرووهەکەتان؟

**د. ئەمین عوسمان**: یەکێک لە هۆکارەکانی تەشەنەکردنی پرۆژە بە بڕوای من، بەهێزیی پایەگای کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی کادرانی پرۆژە و بوونی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە دەوروبەریان بوو. ئەمە سەرباری ئەوەی، هاوڕێیانی پرۆژە لە چەندین شاری جیاوازی وەکوو سلێمانی، کەرکووک و ئاکرێوە هاتبوون، کە ئەویش بۆخۆی کاریگەری لەسەر فراوانبوونەوەی پرۆژەدا هەبوو.

لەڕووی کاری عەمەلیی سازماندەییەوە، پرۆژە بەبێ ئەوەی کە پەیڕەوێکی ناوخۆی هەبێ، زۆر بە بەرفراوانی پەرەی سەند و دەتوانم بڵێم، چەند قاتی مەحفەلەکانی تر لەوانە ڕەوتی کۆمۆنیست.

پەیوەندیی هاوڕێیان لەنێو پرۆژەدا لە شێوەی ڕێکخستنی تەسبیحیدا بوون، بەڵام لە هەندێک جێگا شانەی دوو_ سێ کەسیشمان هەبوو.

لەڕووی تەشکیلاتییەوە، پرۆژە کادر و لایەنگرانی زۆری لە شارە جۆراوجۆرەکاندا هەبوو، لەوانە: سلێمانی و دەوروبەری، چەمچەماڵ کەرکووک، لەیلان، دووزخورماتوو، هەولێر، دهۆک، ئاکرێ، مووسڵ و بەغدا.

**پرسیار**: سەرەنجام ئێوە بە ڕەوتی کۆمۆنیستەوە پەیوەست بوون و لەگەڵ ئەواندا تێکەڵ بوون، چۆنیەتیی ئەم نزیکبوونەوەیە چۆن بوو؟ لە چ ساڵێکدا تێکەڵ بەوان بوون؟ ئەگەر لەو دەمەدا خاڵێکی ناکۆک لەنێوانتاندا هەبووبێت، چی بوو؟ کاریگەریتان بەسەر ڕەوتەوە چۆن بوو؟

**د. ئەمین عوسمان**: سەرەڕای باری ئەمنیی ئەوسای کوردستان، دیارە کادرانی بزووتنەوەی چەپ ئاشنایی و تەماسیان بەیەکەوە هەبوو. نزیکایەتیی ئێمە لەگەڵ

هاوڕێیانی ڕەوتدا لە کەرکووک و سلێمانی بوو. دیارە من لە کەرکووک پەیوەندیم لەگەڵ سادق عەزیز و لە سلێمانیش د. کامەران پەیوەندیی لەگەڵ ئاوات سەعید هەبوو. دوای دانوستانێکی زۆر هەر دوو لا بەو قەناعەتە گەیشتین، کە یەک بگرین. دیارە بەهۆی ئەو سیکتاریزم و ئەزموونەی کە لەنێو ڕەوتدا هەبوو، لەڕووی تەشکیلاتییەوە گۆڕانکارییەکی گەورە نەهاتە ئاراوە. ئەوەبوو، کە ئێمە وەک پرۆژە لەناو ڕەوتدا تواینەوە و هێڵەکانی ڕێکخستنیش بەپێی ناوچەکان تێکەڵ بەیەک کران. لەڕاستیدا لەنێوان ئێمە و ڕەوتدا جیاوازیی فکری یان هەر ناکۆکییەکی تری ئەوتۆ لەئارادا نە بوو.

کاریگەریمان بەسەر ڕەوتدا: بەحوکمی زۆریی کادرانی پرۆژە، کە چەندین جار لە ژمارەی کادرانی ڕەوت زیاتر دەبووین، هەروەها بەهۆی بوونمان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکاندا، کاتێک کە هاتینە ناو ڕەوتەوە، لەڕووی عەمەلییەوە تەوژمێکی گەورەمان بە ڕەوت و بزووتنەوەکەش دا، بەتایبەتی بەر لە ڕاپەڕینی بەهاریساڵی ١٩٩١ لەڕووی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و پەیداکردنی چەک. بۆ نموونە، یەکەم شانەی چەکداری ئامادەبەکار لە زستانی ساڵی ١٩٩٠ لە لایەن هاوڕێیانی کۆنی پرۆژەوە لە شاری کەرکووک دامەزرێنرا. دیارە هەمووان ئەو ڕاستییەش دەزانن، کە بەشی عەلەنیی ڕەوتی کۆمۆنیست کە تەنها ڕووی عەلەنیی بزووتنەوەی چەپی عێراق بوو، زۆربەی زۆری لە کادرانی پرۆژە بوون. لەوانە، مەقەڕەکانی سلێمانی، کەرکووک و ئاکرێ، دواییش هەڵەبجە و ڕانیە. هەروەها بۆ یەکەمین جار ڕۆژنامەیەکی چەپی وەکوو "بۆپێشەوە" (کە تا ئەو دەمە بە کۆپی و قەبارەی بچووک دەرئەکرا) لە دەزگای چاپەمەنی گەورە و بە تیراژێکی یەکجار زۆر بڵاو کرایەوە، کە ئەو سەردەمە وەک دەسکەوتێکی مێژوویی سەیر دەکرا، هاوڕێ ئاوات سەعید سەرنووسەر و منیش خاوەنی ئیمتیازی بووم، کە دیسانەوە هەردووکمان لە کادرانی کۆنی پرۆژە بووین. زۆر بابەتی دیکەی لەم جۆرە هەن، کە ڕەنگە لێرەدا نەکرێ باس بکرێن.

زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

تشرینی دووەمی ٢٠١٢

# "کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست/ کۆتک"

## (گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد[1])

**"کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" کە کورتکراوەی ناوەکەی "کۆتک" بوو، یەکێک بوو لەو کۆڕ و کۆمەڵە کۆمۆنیستە چوست و چالاکانەی نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستان ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە.**
**بۆ هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی "کۆتک"، گفتوگۆیەکی هەمە لایەنە لەگەڵ یەکێک لە دامەزرێنەران و هەڵسووڕاوان و کەسایەتی نێو ئەم کۆمەڵەیە، "ڕێبوار ئەحمەد" ساز ئەکەین.**

---

[1] ڕێبوار ئەحمەد لە ساڵی ١٩٦٣ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی تا دواناوەندی لە ساڵی ١٩٨٢ لە کەرکووک تەواو کردووە. پاشان بە هۆی هەڵسووڕانی سیاسی و هەر بەم پێیەش هەوڵی گرتنی لەلایەن ڕژێمەوە و دەرچوونی حوکمی غیابی "مەحکەمەی سەورە" بۆ لەسێدارەدانی، چەند جارێک لە خوێندن بڕاوە و سەرئەنجام ساڵی ١٩٩٠ پەیمانگای تەکنیکی لە کەرکووک تەواو کردووە.
تا ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ گرووپە چەپەکان و لەنێو بزووتنەوەی شووراکانی ئازاردا کاری کردووە. ساڵی ١٩٩٣ یەکێک بووە لە ١٠ کەسی دامەزرێنەری حککع و پاشان تا ساڵی ١٩٩٧ وەکوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی کاری کردووە.
ساڵی ١٩٩٥ لەسەر نووسینی وتاریکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە تێڕوانینی ئیسلامی بۆ مافی ژنان، لەلایەن حیزبوڵای سەر بە ئیرانەوە فتوای کوشتنی بۆ دەرکرا و بڵاوکراوەی "بۆپێشەوە"ش کە ئەو وتارەی بڵاو کردبووەوە، لەلایەن دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردەوە داخرا.
لە ساڵی ١٩٩٧ بووە بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. ساڵی ١٩٩٨ هاوکات بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حککا تا ساڵی ٢٠٠٤ و کەرتبوونی ئەو حیزبە. ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ گۆڕینی ئارایشی ڕابەریی حککع وەکوو لیدەری حیزب هەڵبژێردراوە. لەگەڵ پێکهاتنی حیزبی حیکمەتی وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. یەکێک بووە لە دامەزرێنەران و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٩ بە هۆی باری تەندروستییەوە دەستی لە بەرپرسیارێتی کێشاوەتەوە و ئەندامی ڕاوێژکاری هەر سێ مەکتەبی سیاسی حککع و حککک و حککا_ حیکمەتیست بووە. ساڵی ٢٠١٢ بەهۆی کەرتبوونی حیزبی حیکمەتی ئیستیقالەی لەو حیزبە داوە. ئێستا ئەندامی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی "حککع و حککک"ە.

**پرسیار:** بەڕێز ڕێبوار ئەحمەد! سەرەتا و پێش ئەوەی بچینە سەر قسە و باس لە پەیوەند بە ڕێکخراوی "کۆتک"ەوە، پێویستە ئاماژەیەک بە ناوێکی دیکە بکەین، کە ئەویش "کۆمۆن" بوو.
ماوەیەکی کورت بەر لە دامەزراندنی "کۆتک"، چەند نووسراوێک لەژێر نێوی "کۆمۆن" و "پێشڕەو" بڵاوبوونەوە، "کۆمۆن" وەک نێوی مەحفەل دەرئەکەوت و "پێشڕەو"یش کە ناوی نهێنی "ڕێبوار ئەحمەد" بوو لەو دەمەدا، وەک نێوی نووسەری باسەکە. پاش تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک بەسەر ئەو دیاردەیە دەپرسین: "کۆمۆن" چی بوو؟ نووسراوەکان ناویان چی بوون، وە یان دەربارەی چی بوون؟
**ڕێبوار ئەحمەد:** کۆمۆن لە ڕاستیدا نە ڕێکخراو بوو، نە تەنانەت مەحفەل، من پێشتر هەر بەو جۆرەی لەنێو چەپی ئەو سەردەمەدا باو بوو، چەند نووسراوێکم بەبێ هیچ ئیمزایەک بڵاو کردبووەوە[1]. دواتر بیرم لەوە کردەوە، کە ناکرێ نووسراوێک

[1] ئەوەندەی من بیتەوە بیرم، هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد پێش دامەزراندنی کۆتک و پێش بڵاوبوونەوەی نووسینەکانیشی بەنێوی ئەڵقەی "کۆمۆن" و ناوی نهێنیی "پێشڕەو" نووسینێکی ٣٠_٤٠ لاپەڕەیی بە قەوارەی A5 بەنێوی، "لە دژی ئینحیرافات" نووسیبووەوە. ئەو دەمە ڕێبوار بۆ دەورەیەکی ئامووزشیی سیاسی_ نیزامی لە لای کۆمەڵەی ئێران بوو، لەوێ ئەو نووسینەی نووسی بووەوە و هەر لەوێشەوە لە ڕێگەی فاتمە ئەحمەدی هاوسەرمەوە، کە ئەو دەمە تازە و هەر لە ڕێگەی ڕێبوار خۆیەوە یەکتریمان ناسیبوو، بۆ منی نارد (فاتمە ئەحمەد، یەکێک بوو لەو ژنە وریا و چالاک و دەگمەنانەی نێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە شاری کەرکووک، کە لە ساڵی ١٩٨١ەوە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە و پاشان لەنێو ڕێکخراو و گرووپە چەپەکانی ئەو دەمەدا کار و چالاکیی سیاسی کردووە و کاریگەریی گەورەی لەسەر دەوروپشتەکەی هەبووە).
ئەو دەمە وا باو بوو، کەسانێکی کۆمۆنیست، کە لەژێر کاریگەریی تێڕوانینەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوون، ئەگەر پێیان بکرایە، بۆ دەورەیەکی لەو جۆرە دەچوون بۆ ئەوێ، ئیتر هیواشیان هەبوو، هەر لەوێ دەمایەوە و دەبووە پێشمەرگە. من بۆخۆم لەو دەمەدا دوو جار بۆ سەردانی و گفتوگۆ، نەک بۆ دەورە بۆ مەقەڕەکانی کۆمەڵە چووم.
ئەو نووسینەی ڕێبوار ئەوەندەی من بیتەوە یادم، ڕەخنەیەک بوو لەو تێڕوانین و میتۆدانەی، کە ئەو دەمە لەنێو چەپی کوردستانی عێراق سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تیۆر و پراکتیک ڕەواجی هەبوو. ئەو لەوێدا، ڕەخنەی لەو میتۆدە دەگرت، کە دەیگوت: "ئێستا دەبێ جارێ خەریکی تیۆر و ساخکردنەوەی بەرنامە بین، چونکە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە نابێ!" ئەو دەمە ڕەوتی کۆمۆنیست داکۆکی لەمە دەکرد و من بۆخۆشم هەروا بووم. ئەو لەوێدا بۆ یەکەم جار

هیچ ناوێکی پێوە نەبێت. وەکوو وتم، ئەو کات سوننەت نەبوو، ناوی فەرد لەسەر نووسراوەکان بنووسرێت، بەڵام لانیکەم نووسراوەکانی تر ناوی ڕێکخراو یان گرووپێکی پێوە بوو. منیش لەنێوان پەیڕەویکردن لەو سوننەتە و نە بوونی ڕێکخراویشدا، هەستام نووسراوەکانم بەناوی کۆمۆن بڵاو کردنەوە. هەڵبەت ئێمە خۆمان چەند کوڕ و کۆمەڵ بووین و لە بزووتنەوەی چەپدا هەڵسووڕاو بووین، بەڵام تا ئەو کات ڕێکخراوێکی ڕەسمیمان نەبوو. ئەوەی باسی دەکەم، کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ و تا نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ بوو.

ئەو چەند نووسراوەی کە بە ناوی کۆمۆنەوە بڵاوم کردنەوە، هەر بە دەستوخەت چەند نوسخەیەکمان لەسەر کاغەزی زۆر تەنک دەنووسییەوە، بۆ ئەوەی بتوانین، بە کاربۆن هەر جارێک زۆرترین نوسخەی لێ دەربهێنین. پاشان لە دەوروبەری خۆمان بڵاومان دەکردنەوە و دەستبەدەست ئەڕۆیشت. ئەو کاتە لەم کارەدا لە سەرەتاوە هاوڕێم تاهیر حەسەن و پاشان هاوڕێم سالار ڕەشید لە نووسینەوە و بڵاوکرنەوەی نووسراوەکاندا هاوکارییان کردم.

**پرسیار**: کۆتک وەک ڕێکخراوێک، وە یان درووستتر وەک مەحفەلێکی کۆمۆنیستی، کەی بنیات نرا و دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ ئۆرگانەکەیان ناوی چی بوو، چۆن دەردەهێنرا و بڵاو دەکرایەوە، چەند ژمارەتان لێ دەرکرد؟ ئایا هیچ دانەیەکی ماوەتەوە بۆ ئێستا؟

**ڕێبوار ئەحمەد**: کۆتک ڕێکخراوێکی چکۆلە بوو، ناوی تەواوی "کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" بوو. لە ساڵی ١٩٨٧دا بە شێوەی ڕاستەوخۆ سالار ڕەشید و ڕەحمان داوود و من[1] دامانمەزراند. بەڵام کەسان و کوڕ و کۆمەڵی دیکەشمان لەگەڵدا بوون. ئەم ڕێکخراوە ئۆرگانێکی بە ناوی "ئاسۆی سۆسیالیزم" دەردەکرد و

---

دەستەواژەی "دەخاڵەتکردن" (لە بزووتنەوەی کرێکاری)ی هێنایە نێو بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراقەوە، کە پێچەوانەی ئەو میتۆدەی پێشا بوو وە بۆ ئەو دەمە گرنگ بوو. (سالار ڕەشید)

[1] پێویستە لێرەدا من وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی کۆتک ئاماژە بەوە بکەم، کە لە دامەزراندنی کۆتک و دەرکردنی ئۆرگانەکەمان، هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد ڕۆڵی سەرەکی گێڕا. تەنانەت لەبیرمە کاتێک ویستمان کۆتک دابمەزرێنین، ئەو لە دەفتەرێکدا بەشی ژمارە یەکی ئۆرگانەکە (ئاسۆی سۆسیالیزم) بابەتی نووسیبووەوە. (سالار ڕەشید)

پێم وابێت ٣ یان ٤ ژمارە و پاشکۆیەکی[1] لێ دەرچوو. هەر ئەم سێ کەسەش نووسەرانی ئەسڵی ئۆرگانەکە بووین. بەتەواوی نایەتە بیرم، ئەگەر هاوڕێی تریش نووسینی لە ئۆرگانەکە بڵاو کردبێتەوە. بڵاوکراوەکە هەر بە خەتی دەستیی هاوڕێ سالار دەنووسرایەوە. هەر کات وەختی دەرکردنی ژمارەی تازە بهاتایە بەرەوە، چەند شەوێک من و سالار ناخەوتین، بەڕۆژ دەخەوتین و بەشەو ئۆرگانەکەمان ئامادە دەکرد. نووسراوەکان کە پێشتر ئامادەمان دەکرد، لە ماوەی ئەو چەند شەوەدا من دەم خوێندەوە و سالاریش بە خەتێکی جوان و بە زەختێکی زۆر لەسەر کاغەزی ڕایز دەینووسییەوە و لەگەڵ نوسخەی ئەسڵیدا ٨ نوسخەی بە جارێک دەردەکرد.

پاشان هاوڕێمان شلێر ڕەشید (خوشکی سالار ڕەشیدە و ئێستا لە کەنەدایە)، کە ئەو کاتە لە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر خوێندکاری کۆلێجی ئاداب بەشی کوردی بوو، لاپەڕەکانی ئۆرگانەکەی تێکەڵ بە لاپەڕەی محازەرەکانی زانکۆ دەکرد و لە دوکانی ئیستینساخێک بەناوی عاسف، لە نزیک پارێزگای هەولێر، کە کابرایەکی مەسیحیی بەتەمەنی بەڕێز و فەقیر کاری لەسەر دەکرد، هەر بەناوی کۆپیکردنی محازەرەی هەموو پۆلەکەیانەوە، ٢٠ نوسخەی لێ کۆپی دەکرد و تازە بە هەرزانیش بۆی دەکرد، چونکە پارەی جوملەی لێ وەردەگرتین. سەختترین و پڕ مەترسیترین کارمان ئەم کۆپیکردنەی ئۆرگانەکەمان لای عاسف بوو. ئەو کاتە ئەمە کارێکی لە ئەندازە بەدەر خەتەر بوو، لەسەر ئەم کارە ئەگەر کەسێک بگیرایە، مەترسی گەورەی ئیعدامی لەسەر بوو. بۆیە لەو ساتەوە کە شلێر ئۆرگانەکەی بۆ کۆپیکردن دەبرد، ئێمە لە نائارامییەکی زۆردا بووین، کە نزیکەی ٢ سەعاتێکی پێ دەچوو، چونکە دەزگای کۆپیی ئەو کاتە وەکوو برنەو کاری دەکرد، تا دەتهێنایە سەرپێ و نوسخەیەکت دەردەکرد، گرفتی تیا درووست دەبوو، زۆر جاریش خەڵکی تر بۆ کۆپیکردن دەهاتن و ناچار ئەبوو، ڕێگەی پێ بدەیت، تا ئەو تەواو بێت و

[1] ئەوەندەی من بێتەوە بیرم، ئێمە سێ ژمارە لە ئۆرگانەکە و پاشکۆیەکمان بۆ ژمارە دوو و پاشکۆیەکمان بۆ ژمارە سێ دەرکرد. پاشکۆی یەکەم لەسەر چارەسەری مەسەلەی میللی کورد لە کوردستانی عێراق و پاشکۆی دووەمیش کە ئیتر دوا نووسینمان بوو، چیرۆکێکی درێژ بوو، بەنێوی "هەنگاو"ەوە، کە لە نووسینی من بوو، وە لەژێر ناوی نهێنیی "سوارە" بڵاومان کردەوە. (سالار ڕەشید)

بڕوا. به هەرحاڵ ئەو ماوەی ٢ سەعاته من و سالار دڵمان له مشتماندا بوو، وه بۆئەوەی چاودێری کارەکەی شلێر بکەین، هەر یەکەمان له سەرێکی ئەو کۆڵانه، که دوکانەکەی عاسفی لێ بوو، ڕادەوەستاین.
پاش ئەوەی شلێر کاری خۆی تەواو دەکرد، لاپەڕه کۆپیکراوەکانی دەدا به ئێمه. دیسان ئەوەش پڕمەترسی بوو، که ئەو هەموو کاغەزه بگەیەنینه ئەو شوقەیەی که له کۆتایی جادەی دکتۆرەکانی هەولێر بەکرێمان گرتبوو. ئەو کاته لەناو جادەوباندا هەمیشه لەبەردەم خەتەری ئەوەدا بووی، یەخەت بگرن و داوای ناسنامەت لێ بکەن و بتپشکنن. سەدویەک هۆ هەبوو بۆ ئەم مەسەلەیه، خەڵکێکی زۆر له سەربازی و زۆرێکی تر له جەیشی شەعبی هەڵاتبوون، لەبەر ئەمه له زانکۆ دەرکرابوون، ئەمانیش به جۆرێک قاچاغ بوون. زۆرێکی تر لەبەر هۆی سیاسی تاقیب دەکران. ئەو کاته من تەقریبەن هەموو ئەمانه شموولی دەکردم. لەسەر هەڵسووڕانی سیاسی له دادگای بەعسەوه به غیابی حوکمی له سیدارەدانم بۆ دەرچوبوو.
به هەرحاڵ پاشان من و سالار لاپەڕەکانمان دەهێنایەوه بۆ شوقەکه و بەبێ ئەوەی هاوڕێیانێکی تر که له شوقەکه لەگەڵمان دەژیان پێی بزانن، لاپەڕەکانی ئۆرگانەکەمان ڕێک دەخستن و دەرزیمان لێ دەدان. بەم جۆره به نوسخه دەستنووسەکانی سالارەوه دەگەییشته نزیکەی ٣٠ نوسخه. بۆ ئەو کاته ٣٠ نوسخه کەم نەبوون، چونکه هەر نوسخەیەکی دەیتوانی دەیان دەست بکات. پاشان بۆ کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، ڕانیه و گەرمیان... دابەشمان دەکردن و دەستاودەست بڵاومان دەکردنەوه.

**پرسیار:** هەر وەکوو باست کرد، "کۆتک" له سەرەتاوه له لایەن سێ کەسەوه پێک هێنرا، بەڵام چ کارگەرییەکی دانا و سەرەنجام به چ ڕادەیەک بەرفراوان بووەوە؟
**ڕێبوار ئەحمەد:** "کۆتک" ڕێکخراوێکی چکۆله و کەم خاراو بوو، بەڵام چالاک بوو. لەسەر زۆربەی مەسەلەکانی ئەو کاته قسەی دەکرد، لەسەر ئەو مەسەلانەی که لەنێو چەپدا جەدەلی لەسەر هەبوو، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر جەدەلی دەکرد. بەرەبەره گەشەی دەکرد و کەسانی تر پێوەی پەیوەست دەبوون. کۆڕێکی کرێکاری له دەوری تاهیر حەسەن هەبوو، ناویان له خۆیان نابوو، "کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار" که لەناو کرێکارانی چەند کارگەیەکی بچووکی سلێمانیدا کەسیان هەبوو، له

یەکی ئایاردا چالاکییان لەناو کرێکاراندا زۆر بوو، وەکوو، دابەشکردنی شیرینی و ئاشناکردنی کرێکاران بە مێژووی یەکی ئایار و سەیرانسازکردن بەو بۆنەیەوە... کە پێم وایە، وا باشترە، تاهیر حەسەن خۆی بەوردی لە بارەی ئەم کۆمەڵەیەوە قسە بکات. بەڵام ئەوەی مەبەستی منە بیڵێم، دوای ماوەیەک ڕابەران و کەسانی سەرەکیی ئەم کۆڕەش بە کۆتکەوە پەیوەست بوون. کۆمەڵەکەش وەکوو خۆی هەر مابووەوە و کاری خۆی دەکرد.

**پرسیار:** "کۆتک" وەکوو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی، لەژێر کاریگەری چ هێڵێکی فکرییدا بوو؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** ڕێبازی فکری و سیاسیی کۆتک، کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو. نووسراوەکانی ئەو کاتەی مەنسوور حیکمەت بۆ ئێمە بنەمابوون. ئەوەی کە چەندە لێکدانەوەکانمان، هەڵوێستە سیاسییەکانمان، بیروبۆچوونمان، پراکتیک و شێوەی کارمان، لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری جووت دەبوو، یان نا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام بە تێڕوانینی خۆمان، پێمان وابوو، لە هەموو گرووپ و ڕێکخراوەکانی تر کۆمۆنیزمی کرێکاریترین.

دواتر کۆڕ و ئەفرادی تر لە ڕانیە، کەرکووک و سلێمانی پێمانەوە پەیوەست بوون. ئێمە هەر ئەو کاتە بەچاوکردن لە نەریتی ئەو کاتەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و مەنسوور حیکمەت دەستمان بەوە کرد، کە ئیمزای فەردی لە نووسراوەکانمان بدەین. من بەناوی ئازاد، سالار بە ناوی هیوا و ڕەحمان بەناوی وریا، دەمان نووسی. ڕەحمان لە نووسین بۆ گۆڤارەکە زۆر چالاک نەبوو، بەتایبەتیش لەسەر مەسەلەی کورد و فیدرالیزم و خودموختاری کەوتبووە کێشەوە لەگەڵمان، بۆیە زۆرتر من کەڵکم لە ناوەکەی ئەو وەردەگرت و بەناوی ئەویشەوە شتم دەنووسی، بۆ ئەوەی گۆڤارەکە قەڵەباڵغتر و هەمەجۆرتر بێت. بەڵام پێش ئەوەی بڵاوی بکەمەوە، پێشانی خۆیم دەدا و ڕەزامەندی خۆیم لەسەر وەردەگرت.

**پرسیار:** سنووری هەڵسووڕانی "کۆتک" کوێ بوو؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** کۆتک وەکوو وتم، سنووری هەڵسووڕانی بە واقیعی کوردستان بوو، بەڵام زۆر بەتوندی باوەڕی بەوە هەبوو، کە دەبێ سەرئەنجام بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەسەر ئاستی عێراق لەیەک حیزبدا ڕێکخراو و یەکگرتوو

بکرێت. ئەو سەردەمە ئەمە پێی دەوترا، عێراقی و ئەمە یەکێک بوو، لە ناکۆکییە گەورەکانمان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی چەپی کوردستان کە خۆی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا دەبینییەوە.

**پرسیار:** تێڕوانینتان بۆ هەر یەکە لە: حیزبی شیوعیی عێراق، وەک یەکەمین حیزبێک کە بەنێوی شیوعی و کۆمۆنیزمەوە لە عێراق دامەزرا و دەسبەکار بوو، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، هەروەها هەر یەکە لە هێڵە فکرییە جیهانییەکانی وەک سۆڤێت، چین، ترۆتسکیزم چۆن بوو؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** هەڵوێستی کۆتک لەسەر حیزبی شیوعی ئەوەبوو، کە ئەو حیزبە حیزبێکی تەحریفییە. ڕیڤیژینیزم کە ئەو کاتە لە بزووتنەوەی چەپدا دەستەواژەیەکی زۆر سەرەکی و باو بوو، بەڕادەی یەکەم دەدرایە پاڵ حیزبی شیوعی و ئەو حیزبە لە ڕیزی بزووتنەوەی چەپ بە حیساب ناهێنرا. کۆمەڵەی ڕەنجدەران بە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کە دوژمنایەتییەکی سەرسەختی بزووتنەوەی چەپی دەکرد، چاوی لێ دەکرا. لەسەر ئەودوای مۆدێلەکانی سۆسیالیزم لە بابەتی سۆڤێت، چین، ماویزم و ترۆتسکیزم... ئێمە خۆمان هیچ نووسراو، یان باسێکی دیاریکراومان نەبوو، بەڵام باوەڕی تەواومان بەو تێڕوانینانەی کە لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بە تایبەتی مەنسوور حیکمەتەوە نووسرابوون، هەبوو.

**پرسیار:** پێکهاتەی "کۆتک" چۆن بوو؟ واتە هەڵسووڕاوانی کۆتک و نێوەندێک کە ئەو ڕێکخراوە کاری لەسەر دەکرد، چ چین و توێژێکی کۆمەڵی دەگرتەوە؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** کۆتک تا کۆتایی هەرچەندە گەورەتر ببووەوە، بەڵام هەر ڕێکخراوێکی بچووک بوو. لە ڕاستیشدا خۆمان زۆر ئەندامگیری ڕەسمیمان نە ئەکرد، بۆیە ئەگەر بمەوێ قەبارەکەی باس بکەم، دەبێ ئەو جەمعە لەبەرچاو بگرم، کە باوەڕیان بەم ڕێکخراوە هەبوو، بەرگرییان لێی دەکرد و نووسراوەکانیان بڵاو دەکردەوە، کە ڕەنگە ٢٠ بۆ ٣٠ کەسێک بووبین. زۆربەیان خوێندکاری زانکۆ و بەتایبەتی لە دەرکراوەکان بوو. تەنها لە ڕێگای کۆمەڵەی ١ی ئایارەوە پەیوەندیمان لەگەڵ چەند ناوەندی بچووکی کرێکاری و لە شاری ڕانیەش پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵسووڕاوی کۆمۆنیستدا هەبوو، یەکێک لەوانە مەلا حەسەن بوو، کە کرێکارێکی هۆشیار، چالاک و بەئۆتۆریتە بوو، کاریگەری تەواوی بەسەر کرێکارانی

دەوروبەر و بەتایبەتی ئەو کارگەیەی کاری تێدا دەکرد هەبوو. جارێکیان لە گۆڤارەکەماندا هەواڵی مانگرتنی کرێکارانی کارگەکەیانمان بڵاو کردەوە.
کۆتک زۆر نەمایەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی جیاوازییەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پێکهاتنی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و لێکجیابوونەوەی خەتەکان لەگەڵ یەکتری لە دەروونی ئەو حیزبەدا، چەپی عێراق تووشی سەرەگێژەیەک بوو، هەر کەس و لایەنێک لە بیری ئەوەدا بوو، بە کۆپیکردنی ئەو وەزعەی نێو حیزبی کۆمۆنیست جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانی تر و تەنانەت لەنێو ڕێکخراوەکانیشدا چەند خەتی فکری و سیاسی بکێشن و یەکێکیان بکەن بە کۆمۆنیزمی کرێکاری.

**پرسیار:** سەرەنجامی "کۆتک" بەچی گەییشت و چۆن کۆتایی پێ هات؟
**ڕێبوار ئەحمەد:** ئێمە پێمان وابوو، کە ناکرێ بەم ڕێکخراوە کە لە کەسانی ڕۆشنبیری غەیرە کرێکاری پێک هاتووە، ڕێکخراوی کۆمۆنیزمی کرێکاری درووست بکەین. بەتایبەتی باوەڕمان بەوە هەبوو، کە ناکرێ ڕێکخراوی غەیرە کرێکاری بە ڕێکخراوی کرێکاری بگۆڕی. بۆیە سەرئەنجام بڕیارمان بوو بەوەی، کە ئەم کارە بێ ئەنجامە، بۆیە دەستمان لێ هەڵگرت. من و سالار زۆرتر لە بیروبۆچووندا لێکنزیک بووین، هەر پێکەوە ماینەوە. دواتر ڕوومان کردە کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان، بەتایبەتی بایەخی زۆرمان بە کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار دەدا. لەم دەورەیەدا ئینجا من و تاهیر حەسەن گۆڤارێکمان بۆ کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار بەناوی "خەباتی کرێکار" دەردەهێنا. تاهیر بەجیا و برایم محەمەدیش بەجیا بەدەستنووس گۆڤارەکەیان دەنووسییەوە. برایم دەستی بەهێز بوو، هەر جارەی تا ١٠ نوسخەی لەسەر کاغەزی ڕایز دەردەهێنا. گۆڤاری "خەباتی کرێکار" گۆڤارێکی هەمەڕەنگ بوو، زۆرتر تابیعی تەبلیغاتی، سیاسی، هەواڵی کرێکاری و گفتوگۆ لەگەڵ کرێکاراندا بوو. لەناو کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکانیشدا لە ئاستێکی دیاریکراودا بڵاو دەکرایەوە. لە ڕێگای تاهیرەوە پەیوەندیمان لەگەڵ دوو کرێکاری فەنیی خەڵکی میسر پەیدا کردبوو، گۆڤارەکەمان نیشانی ئەوانیش دەدا و بە عەرەبییەکی لەقولۆق کەمێکمان بۆ تەرجومە دەکردن. لەگەڵیان ڕێککەوتین، کە ئەوانیش چەند لاپەڕەیەک بە عەرەبی بۆ گۆڤارەکە ئامادە بکەن. ئەوە لەو کاتەدا زۆر موهیم بوو، چونکە ڕێکخراوەکانی تر لەگەڵ بەشی عەرەبی پەیوەندییان نەبوو. بەڵام پێش ئەوەی هیچی بۆ بنووسن، ئەزمەی داگیرکردنی کوێت هاتە پێشەوە و

ناچار کران، بۆ میسر بگەڕێنەوە. ئەم بەشەی کارمان لەناو کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار بۆ ساڵانی ٨٩ و ٩٠ دەگەڕێتەوە.
لە کاتی قەیرانی کوێتدا ئێمە فەعالتر بووینەوە و پەیوەندیمان لەگەڵ مەحافلەکانی تر و ئەو کەس و کۆڕ و کۆمەڵانەی پێشتر لەگەڵ "کۆتک" بوون، تازە و گەرموگوڕ کردەوە. تا لە چەند ڕۆژ پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی کەنداودا تاهیر حەسەن، جەبار مستەفا، ئەحمەد موعین و من، کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار، مەحفەلێکی کرێکاریی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار، کە لەگەڵ جەبار مستەفا کاریان دەکرد و هەر لە ڕێگای ئەوەوە و ناڕاستەوخۆ بووبوون بە بەشێک لە کۆمەڵەی یەکی ئایار و هەڵسووڕاوانێک کە ئەحمەد موعین پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەبوو، هەموویانمان یەکخستنەوە و ڕێکخراوی "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری"مان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە لە ڕووداوەکانی ئازاری ساڵی ١٩٩١دا زۆر هەڵسووڕاو و چالاک بوو. لە خودی ڕاپەڕین، بزووتنەوەی شووراییی، بەشداری لە جەدەلەکانی ئەو کاتەی نێو چەپ، دەرکردنی نووسراو، بڵاوکراوە و وەرگێڕانی نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت زۆر چالاک بوو.
دوای ئەوە "خەباتی کرێکار"مان بە ئۆرگانی یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری گۆڕی. هەروەها تاهیر حەسەن بە شەخسی و بە هاوکاری من و چەند هاوڕێیەکی تر دەستی بە دەرکردنی بڵاوکراوەی "پەیامی کرێکار" کرد. بڵاوکراوەی "کرێکاری ئەمڕۆ" کە ڕەزا موقەدەم بە فارسی دەری دەکرد، ئێمە بەشێکمان بە کوردی لێی دەردەکرد، کە من، ئەحمەد موعین و شەماڵ عەلی تەرجومەمان دەکرد و سەعید ئەحمەد، دلێر و برایم محەمەدیش چاپ و کاروباری فەنییان ڕێک دەخست. بە هەمان شێوە بەشێکی تریمان بە عەرەبی دەردەکرد.
لە سەرووبەری ڕاپەڕیندا لەگەڵ مەحفەلی سەمیر عادیل، فارس مەحموود و نادییە مەحموود پەیوەندیمان پەیدا کرد. ئەوان پێشتر لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست کاریان دەکرد، ڕەنگە بڵێم، تەنها مەحفەلی عەرەبزمان بوون، کە ئەو کاتە تێکەڵ بە بزووتنەوەی چەپی کوردستان ببوون. بۆیە زۆر گرنگ بوو، ئەوان لەگەڵ کام ڕێکخراو لە ڕێکخراوە مونافیسەکانی کوردستاندا دەبن. بەرەبەرە ئێمە توانیمان لە ڕەوتیان هەڵگێڕینەوە و لەگەڵ یەکێتی خەباتیان بخەین. بەڵام پێمان وابوو، بۆ ئەوەی کاریگەری لەناو چەپ زۆرتر بێت، باشترە لەپێشدا خۆیان لە ڕێکخراوێکی سەربەخۆدا ڕێک بخەن، نووسراو و بیر و بۆچوونی خۆیان سەربەخۆ نیشان

بدەن، کە لەسەر خەتی کۆمۆنیزمی کرێکارین و پاشان لە پرۆسەیەکدا لەگەڵ یەکێتیی خەبات یەک بگرنەوە. ئیتر ئەوەبوو، ئەم هاوڕێیانە لەژێر ناوی "عصبة تحرير الطبقة العاملة" (کۆمەڵەی ڕزگاریی چینی کرێکار) خۆیان ئیعلان کرد، بەڵام لە ئاستی بزووتنەوەی چەپدا هەر لەسەر یەکێتیی خەبات حیساب بوو. سەرئەنجام پێش ئەوەی ئەم یەکگرتنەوەیە بەڕەسمی ڕوو بدات، باسی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هاتە بەرەوە. بۆیە "عەسبە" ڕاستەوخۆ وەکوو ڕێکخراوێک لە دامەزراندنی حیزبدا بەشداری کرد و یەکگرتنەوەکە لە ڕاستیدا بوو بە یەکگرتنەوەی هەموو ڕێکخراوە و گرووپەکانی سەربە کۆمۆنیزمی کرێکاری.

مارتی ٢٠١٠

# "ئەڵقەی ئۆکتۆبەر"
## (گفتوگۆ لەگەڵ جەمال ئەیووب[1])

**"ئەڵقەی ئۆکتۆبەر" کە هەر بە نێوەکەیدا دیارە، بە نێوی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنی ڕووسیاوە بووە. کە ئەمەش گوزارش لە هەواداری بۆ ئەو شۆڕشە و گەڕانەوە بۆ ئەرتەدۆکسی مارکسیستی و دوورکەوتنەوە لە مارکسیزمی دەستاودەستکراو دەکات. ئەم ئەڵقەیە لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا پەیدا بوو، کە زۆرترین ئەڵقە و سازمانەکان لەو دەمەدا هاتنە دامەزراندن.**
**بۆ گفتوگۆ دەربارەی ئەم ئەڵقەیە، لە گەڵ "عەزەدین مەجید" ناسراو بە "جەمال ئەیووب" یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو ئەڵقەیە ساز دەکەین.**

**پرسیار:** بەڕێز جەمال ئەیووب! "ئەڵقەی ئۆکتۆبەر" لە ساڵی چەند دامەزرا و دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ دامەزرێنەران چ کارە بوون و خەڵکی چ ناوچەیەک بوون؟
**جەمال ئەیووب:** ئەڵقەی ئۆکتۆبەر ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، لە کۆتایی ساڵی هەزارونۆسەدوهەشتاوحەوت لە لایەن من، سالار ڕەشید و سادق محەمەد ناسراو بە "ڕاستگۆ"وە دامەزرا. ئێمە دامەزرێنەرانی ئەم ئەڵقەیە هەموو خوێندکاری زانکۆ بووین، یان بە هۆی ڕاوەدوونانی ئەمنیی ڕژێمی بەعسەوە بەنهێنی خۆمان حەشار دابوو. بە هۆی باری ئەمنیمانەوە هیچ کەسێکمان کارێکی ڕشتەییمان نە دەکرد، بەڵام بەهۆی هەندێک بەڵگەنامەوە کە خۆمان بۆخۆمانمان درووست کردبوو، بڕێک لە هاتوچۆکردن دەستئاوەڵا بووین. ئێمە من و سالار ڕەشید خەڵکی کەرکووک

---

[1] جەمال ئەیووب (عەزەدین مەجید) لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی هەر لەو شارە تەواو کردووە. خوێندکاری کۆلیژی پەروەردە/ بەشی فیزیا لە زانکۆی سەلاحەدین بووە.
سەرەتای کاری سیاسی ئەو لەنێو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا بووە. یەکێک بووە لەو دەیان کەسەی کە "حککع"یان دامەزراند و لەنێو ئەو حیزبەدا چەندین بەرپرسیارێتی جۆراوجۆری هەبووە و بۆ ماوەیەکیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە. ئێستا ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە و لە وڵاتی سوێد دادەنیشێ.

بووین، هەرچی ڕاستگۆ بوو، لە ئەسڵدا خەڵکی کەرکووک بوو، لە بەغداد گەورە بووبوو، بەڵام بەهۆی شەهلای هاوسەرییەوە کە خەڵکی سلێمانی بوو، لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. بەڵام ئەو دەمەی ئەو ئەڵقەیەمان پێک هێنا، هەموومان لە هەولێر لە باڵەخانەیەکدا دەژیاین، کە دەکەوتە سەر دەرمانخانەی ژێر.

**پرسیار:** "ئەڵقەی ئۆکتۆبەر" بە شێوەیەکی نافەرمی هەواداری گرووهی " کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"[1] بوو. پرسیارەکەمان ئەوەیە: لەو دەمەدا چەندین سازمان و کۆڕ و کۆمەڵی کۆمۆنیستی لەئارادا بوون، بۆچی ئێوە لەنێو یەکێک لەوانە دەستبەکار نەبوون و ئەو ئەڵقەیەتان بنیات نا؟ ئایا وەک ئەوەی لەو دەمەدا ئەو ئەڵقە و گرووهانە بە جۆرێک بوون، کە بەهۆی بچووکییانەوە هەروا ئاسان نەبوو، کە پەیوەندییان پێوە بکرێ، یان ئەوەتا ئێوە تێڕوانینێکی جیاوازتان هەبوو وەک لەوان؟ جیاوازیی نێوانتان ئەگەر هەبوو، لە چیدا بوو؟
**جەمال ئەیووب:** پێکهێنانی ئەو ئەڵقەیە بەو ناوەوە و لەو کاتەدا درێژەدان بوو بە هەمان گرفتێکی گەورەی ئەو دەورەی چەپ و کۆمۆنیزم بە تایبەت لە کوردستاندا. کۆمۆنیزم خۆی بزاوتێکی پەرتەوازە و پەڕاگەندە بوو، کاری هاوبەش و پێکەوەیی بەتەواوی غایب بوو، هۆکاری ئەوەش ئەوە بوو، لەو دەمەدا چەپ و کۆمۆنیزم لە کوردستان لە سەرەتای دەورەیەکدا بوو، کە لەژێر کاریگەریی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا خۆی دەرباز نە کردبوو، هاوکات بەهۆی نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی و عەمەلیی ڕۆشن تا بتوانێ، هێز و توانایی ئەو گرووپانە لە پلاتفۆرمێکی سیاسی کۆ بکاتەوە، بوونی سەرکوت و ئیستیبدادی ڕەها لە لایەن

---

[1] هەر وەکوو باس کرا، ئێمە (ڕێبوار ئەحمەد، ڕەحمان داوود، سالار ڕەشید) ڕێکخراوی "کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست/ کۆتک"مان دامەزراند. لەگەڵ ئەوەدا هەوڵمان ئەدا، هاوشێوەی خۆمان کۆڕ و کۆمەڵ و ئەڵقەی کۆمۆنیستی لەدەوری ڕێکخراوەکەمان بنیات بنێین. بنیاتنانی ئەڵقەی ئۆکتۆبەریش لە ڕاستای ئەو بیرۆکەیەدا بوو.
سەبارەت بەم ئەڵقەیە، من لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار پێشتر باسم کرد و ئەو ئاگادار بوو، تەنانەت بەیانی دامەزراندنەکەیم، کە من کلێشەکەیم نووسیبووەوە، پێشان دا. ئەویش تێبینییەکانی خۆی باس کرد و پاشان ئێمە (جەمال ئەیووب، سادق و سالار) لەسەری ڕێککەوتین و بڵاومان کردەوە. (سالار ڕەشید)

ڕژێمی بەعسەوە، دابڕانی کۆمۆنیزم لە کرێکار و داواکارییەکانی، ئەمانە و زۆر هۆکاری سیاسیی تر وای دەکرد، گرووپ و ڕێکخراوەکان ئۆتۆریتەی سیاسیی یەکتر قبووڵ نەکەن و هەر یەک پێی وابوو، کە میتۆد و لێکدانەوەی خۆی بۆ کۆمۆنیزم و چینی کرێکار لەوی تر درووستترە. هەر ئەمەش وای کردبوو، کە دەیەی هەشتاکان دەیان کۆڕ و گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر بەناوی چەپ، کۆمۆنیزم و چینی کرێکارەوە خۆیان ڕابگەیەنن و هەموو ئەو ئەڵقە و گرووپ و ڕێکخراوانەش زیاتر بەدەوری باس و مەسەلە پایەییەکانی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار و چەمکی شۆڕش و سۆسیالیزمەوە خۆیان ڕێک بخەن.
ئەوە ڕاستە کە ئەڵقەی ئۆکتۆبەر لەباری سیاسییەوە لە کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستەوە کە بە کۆتک ناسرابوو، نزیک بوو، هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە ئێمە ئەوانەی ئەو ئەڵقەیەمان پێک هێنابوو، بە جۆرێکی تر لەگەڵ هاوڕێیانێک کە لە کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بوون، ئاشنایەتی و بگرە باسوخواس گۆڕینەوەمان هەبوو. ئێمە پێمان وابوو، کە لەباری فکرییەوە بەیەک نزیکین، باوەڕمان بە میتۆدێکی هاوبەش لە دەخاڵەتی کۆمۆنیستی هەبوو. ئەوەندەی بیرم بێت، گرووپ و ڕێکخراوەکان لەو سەردەمەدا بەسەر سێ جۆر لە گرایشاتی فکری دابەش ببوون: جۆرێکیان باوەڕی زۆریان بەوە هەبوو، کە کۆمۆنیزم لەباری تیۆرییەوە دەبێت، خۆی بەتەواوی لە ڕەوت و مەیلە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جیا بکاتەوە، ئەوسا دەست بۆ کاری عەمەلی لەنێو چینی کرێکاردا ببات. ئەم بەشە لە چەپ، پێداگرییان زیاتر لەسەر جەدەلی فکری و ئایدیۆلۆجی وەک لە کاری عەمەلی ئەکرد. بەشێکی دیکە باوەڕی وابوو، دەستبردن بۆ کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان، کاری ڕێکخراوەیی لەناو چینی کرێکار و وەڵامدانەوە بە تیۆری کۆمۆنیزم لەو مەیدانە، دەخاڵەتی کۆمۆنیستی مەبنای حەرەکەتکردن بێت. بەشێکی دیکەش باسی لە خەباتی ئابووریی چینی کرێکار و ئەنارکۆسەندیکالیزمی بزووتنەوەی کرێکاری وەک پەرچەمی خەبات بەلاوە ئەولەوییەت بوو. ئێمە خۆمان لەو تەیفەی دووەم بووین، کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست ئەو ئیدیعایەی بۆ کار هەبوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە هەمان کاتدا گرووپ و ڕێکخراوی تری کۆمۆنیستی دیکە هەبوون، کە خۆیان بە جیاواز لەوانی تر نیشان دەدا.

**پرسیار:** وەکوو زۆرێک هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی نێو ئەو ئەڵقە و سازمانانەی ئەو دەمە، ئایا ئێوەش وەکوو دامەزرێنەرانی ئەڵقەی "ئۆکتۆبەر" (مەبەست ئەو ٣ کەسەی، کە ئەو ئەڵقەیەتان پێک هێنا) سەرەتای کاری سیاسیتان لەنێو "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"ەوە بوو؟ وە یان با بڵێین: لەنێو ئەوانەوە هاتنەدەرەوە؟ ئەگەر وایە، ئێوە جیاوازیی بنەڕەتی نێوان خۆتان و "کۆڕەک" بەچی دەستنیشان دەکرد؟ وە چۆن و بە چ تەئسیرێک ئەو گۆڕانەتان بەسەردا هات؟

**جەمال ئەیووب:** کۆمەڵەی مارکسیی لینینی کوردستان کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان پێک هات، دەور و کاریگەریی زۆری لەسەر گەشەی جووڵانەوەی چەپ لە کوردستاندا هەبوو، بەتایبەت سالانی حەفتاکان و نیوەی یەکەمی سالانی هەشتا. ئەگەرچی دوایی ئەم ڕێکخراوە نە لە دوور و نە لە نزیک بە چەپ و مارکسیزمەوە ڕابیتەیەکی نەما. بەڵام لەماوەی دەیە و نیوێکدا، بە شێوەی ڕێکخراوێکی سیاسی زۆربەی ڕۆشنبیر و کەسانی چەپ و عەلمانیی کوردستانی لەخۆی خڕ کردەوە. ئەوە سەرباری ئەو نەخشەیەی کە لە بزاوتی چەکدارانە لە کوردستاندا گێڕای. لە ڕاستیدا لەو ڕێکخراوەدا، هێڵێکی سیاسی و بەرنامەیەکی سیاسیی ڕۆشن نە بوو، بۆیە هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە مارکسیزم، ماویزم، لینینیزم، مافی چارەی خۆنووسین، خەباتی چەکداری، گیڤاریزم و... هتد.، هەبووایە دەیانتوانی جێگەیەک بۆخۆیان بگرن. لە لایەکی تریش هەم بیری عێراقی، کوردستانی یان داش عێراقی لەناو ئەم ڕێکخراوەدا جێگەی دەبووەوە.

لە ڕاستیدا من بە نیسبەت خۆمەوە دەڵێم، کارکردن لە ئەڵقەی ئۆکتۆبەر هیچ پەیوەندی، یان نزیکایەتییەکی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە نەبوو. من لە کۆتایی حەفتاکان بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئاشنایەتیم پەیداکرد و دواتر هەر لەڕیزی ئەو ڕێکخراوە لە سەرەتای هەشتاکاندا چالاکانە کارم کرد و پاشان بە هۆی ڕەخنەی سیاسیی خۆم لەو ڕێکخراوە، کۆتایی ساڵی هەشتاوسێ بەتەواوی لەژێر کاریگەرییە فکری و سیاسییەکانی ئەو ڕێکخراوە هاتمە دەرەوە. لەدوای ئەوە لەو ئەڵقەدیراسییانەوە نزیک بووم، کە بەدەوری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە بوون. ساڵێک لەدوای ئەوە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم پشتیوانیمان لە سەنەدێک بەناوی "ئەرکەکانمان"ەوە کرد، کە پێک هاتبوو لە: خەسرەو سایە، ئەکرەم میهرداد،

سالار ڕەشید، خۆشناو جەمال و ژمارەیەکی تر لە هاوڕێ، کە لە ئێستادا ناوەکانیانم بیر نایەتەوە.
ئەڵقەی ئۆکتۆبەر من بە درێژەی ئەم ڕێکخراو و گرووپە چەپ و مارکسیستییانەی دەزانم، کە زیاتر بە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ڕەخنەکانی مەنسوور حیکمت چ لە دەورەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، کە ڕەخنەکانی ڕوو لە پۆپۆلیزم بوون، وە چ لە دەورەیەک کە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە سیاسەتی ڕێکخراوەیی لەنێو چینی کرێکار، سەبارەت بە ئەژیتاتۆر و ئەژیتاسیۆنە کرێکارییەکان هاتە ناوەوە. ئێمە بەم باسانەوە نزیکایەتیمان هەبوو، وە ئەمە بە هیچ جۆرێک درێژەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران نەبوو، بەڵکە نەقدێکی قووڵ و ڕیشەیی بوون، هەم بە باوەڕ و هەم بە نەریتەکانی ئەو ڕێکخراوەیە. لە ڕاستیدا ڕەخنەکانی مەنسوور حیکمت و سازمانی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، هەروەها باسەکانی ئەو هاوڕێیانە سەبارەت بە ڕەخنە لە سۆڤێت و پلمیکەکان سەبارەت بە ئەزموونی شۆڕشی ڕووسیا ئێمەیان لە هێڵی فکری و سیاسیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەتەوای دابڕان.

**پرسیار:** ئەو بڵاوکراوانەی کە دەرتان دەکردن، ئەگەر بێتەوە یادت دەربارەی چی بوون؟ بە چ جۆرێک تەکسیرتان دەکردن و چۆن بڵاوتان دەکردنەوە؟ ئایا هیچ نموونەیەکی بۆ ئێستا لێ ماوەتەوە؟
**جەمال ئەیووب:** ئێمە وەکوو ئەڵقەی ئۆکتۆبەر گۆڤارێک یان بڵاوکراوەیەکی دەوریمان نەبوو، تا لێرە ئاماژەی پێ بکرێ، بەڵام لەماوەی کاری ئەم ئەڵقەیە سەرباری باس و مەسائیلە دەروونییەکانی خۆمان کە بریتی بوو، لە نیقاش و بەدواداچوون بۆ ئەو باسانەی کە لە ئاستی بزووتنەوەکە لە ئارادا بوون، لەوانە، سەبارەت بە کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، ئەڵقە کرێکاری و کۆمۆنیستییەکان، دەخاڵەتکردن لە ڕۆشنکردنەوەی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کە هەم بۆ ئێمە تازە بوون، وە هەم لێکدانەوە و تەفسیری جۆراوجۆری لەسەر هەبوون، باسەکان سەبارەت بە سۆڤێت و ڕەخنە لە ئەزموونی ڕووسیا... ئەمانە و زۆرێکی تر باسی دەوریی ئەڵقەکەمان بوو.

بەڵام لەسەر ئاستی نووسین و بڵاوکردنەوە، جگە لە چەند بەیاننامەیەک لەسەر مەسەلەکانی ڕۆژ کە دەهاتنە پێش، چەند نامیلکەکیشمان، سەبارەت بە سیاسەتی ڕژێم لە ڕاگواستنی گوندەکان بڵاو کردەوە[1] کە بەشێک پێیان وابوو، ئەم کارە پرۆسەی کرێکاریکردنەوەی کۆمەڵگا خێراتر دەکات، ڕێژەی کرێکاران زیاد دەکات، پرۆسەی ململانێی کار و سەرمایە زیاتر و ئاسانتر دەکات. کە ئەساسەن نەزەرەکە پێی وابوو، کوردستان کارگە و کارخانەی کەمی تێدایە، کرێکار بە جۆرێک لە مەیداندا وەک وجودی فیزیکی ونە. ئێمە ڕەخنەمان لەم بۆچوونە هەبوو، لەوێوە

[1] ئەوەندەی من بێتەوە بیرم، ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی کە ئێمە ئەڵقەی ئۆکتۆبەرمان دامەزراند، ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری لە دژی ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندەکان دەستی پێ کرد و لەسەر ئەو بابەتە لەنێو بزووتنەوەی چەپدا نەزەر و تێڕوانینی جۆراوجۆر پەیدا بوون، کە هێندێکیان بە نووسراویش بڵاو کرانەوە.

سەرجەم ئەو تێڕوانینانە دژی ئەو سیاسەتە بوون و ئیدانەیان دەکرد، جگە لە تێڕوانینی گرووپی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست نەبێت، کە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازیان لەگەڵ سەرجەم سازمان و مەحفەلەکانی دیکەی چەپ هەبوو، بەوەی ئەوان ئەو کارەیان بە هەنگاوێکی پێشکەوتوو و پۆزەتیڤ لێک دەدایەوە و پێیان وابوو، کۆچی بەزۆری گوندنشینەکان دەبێتە هۆی پێکهێنانی چینی کرێکار بە شێوەیەکی کامڵتر و لەنێوبردنی پاشماوەی پەیوەندیی کۆنی فیئۆداڵی، ڕێک هەر بەو جۆرەی مارکس لە کتێبی "سەرمایە"دا باسی پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایەی سەرەتایی و کۆچی بەزۆری جووتیارانی ئینگلتەرە دەکات. هەروەها ئەوەیان وەک پێویستییەک چاو لێ دەکرد.

سەبارەت بە هەڵوێستگیری لەبەرامبەر ئەو سیاسەتەش ئەوا هەڵوێستگیری جیاواز هەبوون. هێندێکیان پێیان وابوو، کە نابێ کۆمۆنیستەکان بەشداری تێدا بکەن و هێندێکی دیکەشیان پێیان وابوو، کە دەبێ بەشداری تێدا بکەن. ئێمە وەکوو ئەڵقەی ئۆکتۆبەر نووسراوێکمان (کە لە نووسینەوەی من بوو) لەبەرامبەر گشت ئەو تێڕوانینانە دەرکرد و تەرحی خۆشمان خستبووە ڕوو. لەوێدا ڕەخنەمان لە تێڕوانینی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست دەگرت و پێمان وا بوو، کە ناکرێ کوردستان بە ئینگلتەرەی سەردەمی خۆی بچوێنرێ و ئەوە نادرووستە، چونکە ئەو پرۆسەی ئاڵوگۆڕە ئیتر لە کوردستانیش بە ئاکامی خۆی گەیشتووە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کوردستانیش لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری بەڕێوە دەچێت و چینی کرێکار لە کوردستاندا ئیتر بەتەواوی مەوجوودە، بەتایبەتی لەدوای ڕیفۆرمی زەوی لە ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق و پاشانیش تەواوکردنی لە کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠. هەروەها ڕەخنەمان لەو بیروبۆچوونانەش دەگرت، کە دەخاڵەتیان لەو کارە بە نادرووست دەزانی. ئێمە پێمان وا بوو، هەر بەوێنەی کۆمۆنی پاریس، کە چۆن مارکس هۆشداری دا، ڕاپەڕین نەکرێ، بەڵام کە کرا، ئەو بەشداری تێدا کرد، ئێمەش دەبێ بەشداری تێدا بکەین. پاشان ئەوەمان بیستەوە، کە "ڕەوتی کۆمۆنیست" پشتیوانییان لەو تێڕوانین و لێکدانەوانەی ئێمە کردووە. (سالار ڕەشید)

بۆی چووین، کە شاڵاوی ڕژێم شاڵاوێکی سیاسییە، ڕوو بە خەڵکێکی ناڕازی لەبەرامبەر ستەمی میللییە. نامیلکەیەکی دیکە کە هەر ئەو سەردەمە بڵاومان کردەوە، ڕەخنەیەک لە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو، لەسەر کۆمەڵێک باس لەسەر ئەدەب و هونەری سۆسیالیستی. کە لە ڕێگەی گۆڤارەکەیان و بە چەند زنجیرە باسێک بڵاو کرایەوە، کە لە لایەن هاوڕێیان جەمال کۆشش، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، عەبدوڵا سلێمان و هاوڕێیانێکی دیکەوە بڵاو دەکرایەوە. ئەگەرچی ناوەڕۆکی ئەو باسانە و وردەکاریی ڕەخنەکانم باش بیر نایەتەوە[1]، بەهیوام، ئەو

[1] ئەڵقەی ئۆکتۆبەر نووسراوێکی ڕەخنەگرانەی دیکەی لە دژی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست (کە ئەویش هەر لە نووسینەوەی من بوو) دەرکرد، سەبارەت بە نووسراوێکیان، کە باسی بنەمای پێکهاتن و ئەرک و ئامانجەکانی ئەڵقەکەیان دەکەن. ئەڵقەی ئەدیبان دەیان گوت، ئێمە ئەڵقەیەکی ئەدەبین و ئەدەبی کرێکاری پەرەپێ دەدەن، هەروەها لە هەمان کاتدا ئەڵقەیەکی سیاسین و لێکدانەوەی سیاسی خۆیان سەبارەت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەخستە ڕوو! ڕەخنەی ئێمەش لەوان لە دوو تەوەرەدا بوو: یەکەم، ئەگەر ئەوان ئەڵقەیەکی ئەدەبین، ئەوا ئەرکی ئەدەبیی ئەوان ئەوەیە، کە باس لە مەسەلەیەکی جەوهەری بکەن، کە ئەوان هەر بەلایدا نەچوونە، ئەویش مەسەلەی ئێستاتیکای مارکسیستییە، کە دەبێ ڕەخنە لە لادانەکان، کە لەو بوارەدا هاتوونەتە کایەوە، بگرن و بچنەوە سەر بنەما ئەسڵییەکانی. دووەم، ئەوان چۆن دەکرێ، لە هەمان کاتدا، کە ئەڵقەیەکی ئەدەبین، سیاسییش بن! چونکە ڕێکخراوێکی ئەدەبی کاری لە مەیدانی ئەدەبدایە، ئەگەرچی داکۆکی لە سیاسەتێکیش بکات، بەڵام ڕێکخراوێکی سیاسی کاری لە مەیدانی سیاسەتدایە و کار بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەکات ...هتد.

خاڵێکی دیکە وەک بێتەوە بیرم، ئەوە بوو، پرسیاری ئەوەمان کردبوو، کە ئەندامگیریی ئەم ئەڵقەیە دەبێ چۆن بێت؟ کاتێک ئەم ئەڵقەیە خۆی بە ئەڵقەیەکی سیاسی دەناسێنێت و وەک وتمان، ئامانجی ڕێکخراوێکی سیاسی، دەسەڵاتە، بەڵام هەموو ئەوانەی کە بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشن، ئەدیب نین! لەولاشەوە ئەم ئەڵقەیە، ئەڵقەیەکی ئەدەبیی کرێکارییە، دیسانەوە مەرج نییە، ئەو ئەدیبانە بیانەوێ کاری ڕاستەوخۆی سیاسی بکەن! کەواتە، ئەندامانی ئەو ئەڵقەیە، لەیەک کاتدا دەبێ کەسانێکی سیاسی بن و ڕاستەوخۆ بۆ دەسەڵاتی سیاسی تێ بکۆشن، لە هەمان کاتدا ئەدیبیش بن! لەم کاتەدا ئەم تێکەولێکە و ناتەبایی و ناڕۆشنییە ڕێکخستنەکە گۆج ئەکات.

لە ڕاستیدا ئەم ئەڵقەیە سەر بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو و لە بری ئەوان قسەی لەسەر سیاسەت و باسەکانی نێو بزووتنەوەی چەپ دەکرد و وەڵامی ئەو ڕەخنانەی دەدایەوە، کە لە لایەن ڕێکخراو و ئەڵقەکانی ترەوە ڕووبەڕووی ڕەوت دەبوونەوە. چونکە ڕەوتی کۆمۆنیست لەو دەورەیەدا لە لایەکەوە لەژێر گوشاری چەپدا بوو، وە لە لایەکی دیکەوە خۆی لە وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ دەپاراست، نەوەک تووشی لێکدانەوەی نادرووست بێت، بەتایبەتی لەوساڵانەدا ئەوان کاری خۆیان بە دەورکردنەوەی مارکسیزم و ساخکردنەوەی بەرنامە دادەنا.

نووسینانە بە هەموو جۆرەکانییەوە، چ ئەوانەی ئێمە، یان ئەوانی تر لە ئەرشیفی شەخسیی هاوڕێیان پارێزرابێ و بۆ جارێکی دیکە وەک بەشێک لە ئیرسی ئەو بزووتنەوەیە و بەشێک لە مێژووی کۆمۆنیزم لە کوردستان بخرێتەوە بەردەست.

دیارە هەموو نووسین و بڵاوکراوەکانمان بە دەست دەنووسی و پاشان لە ڕێگەی کاربۆنەوە هەر جارەی چەندین کۆپیمان لێ دەگرتنەوە، تا بە چەند نوسخەیەک دەگەییشت و پاشان دەستاودەست لە ڕێگەی ڕابیتە و دۆست و هاوڕێیانمان بڵاومان دەکردنەوە. بۆ بەیاننامەکان ئەگەر پێویست بوایە، بە دەیان کۆپی لێ بگرینەوە، ئەوا ڕێگەیەکی سەرەتایی چاپمان دەزانی، خۆمان ناومان نابوو، پنە و تیرۆک، ئەویش ئەوە بوو: بەیاننامەکەمان بە قەڵەمی ستێنسڵ لەسەر کاغەزی ستێنسڵ دەنووسییەوە، دوای ئەوە دەرخۆنەیەکمان ئەهێنا، پارچەیەک شووشەمان لەسەر دادەنا، ئەوسا پارچەیەک قوماشی خاممان بەسەردا دەکێشا و بە حیبری ڕۆنیۆ سواخمان ئەدا، پاشان بەیاننامەکە، کە لەسەر کاغەزی ستێنسڵ نووسیبوومانەوە، بەپێچەوانەیی لەسەر خامە سواخدراوەکە ڕائەخست، ئەوسا حیبرەکە لە شوێن نووسینەکانی وەرەقە ستێنسڵەکە دەهاتە دەرەوە و بۆ ڕاکێشان ئامادە ئەبوو. ئیتر دانەدانە کاغەزی (A4)مان بەسەر کاغەزە ستێنسڵەکە ئەدا و تیرۆکێکمان بەسەردا دەهێنا، ئەوجا هەڵمان دەگرت و دەمان خستە لاوە، تا وشک دەبووەوە. ئەو پرۆسێسە بەشی چەندین کۆپی دەکرد، پاشان جارێکی تر حیبرمان بەسەردا دەڕژان و کارەکەمان دووبارە دەکردەوە. بەو شێوەیە دەمانتوانی، سەدان نوسخە لەو بەیانە چاپ بکەین. ئەو سەردەمە کڕینی دەزگای تایپ (تابیعە) بێ پسووڵەی شوێنێکی ڕەسمی زەحمەت بوو، وە هەم دانانی لەماڵەوە و چەکەچکی کارکردن ئەمنیەتی خۆمانی دەخستە مەترسییەوە. بۆیە ئەگەر شانسمان بیهێنایە و لەڕێگەی دۆستێکەوە نوسخەی ئەسڵیی واتە، ستێنسڵەکەمان تایپ بکردایە، ئەوا

---

من بۆخۆم لەو دەورەیە لەگەڵ ئەندامی ئەواندا قسەوباسم هەبووە و کاتێک هاتووینەتە سەر باسی تەبلیغ، تەرویج، سازماندەیی، وتوویەتی، ئێمە دەبێ، لەم دەورەیەدا تەنها تەبلیغ و تەرویج بکەین و سازماندەیی لە ئێستادا نەکەین! لە کاتێکدا شتی لەو جۆرە بە کۆمۆنیزم نامۆیە. بۆیە هەمیشە بە ڕەوتی کۆمۆنیست دەگوترا، ئاکادیمیست. بەو جۆرە لەو دەمەدا، ڕەوت، ئەڵقەی ئەدیبانی بەکار دەهێنا و ئەگەر لە لێکدانەوەیەکیشدا کورتی بهێنابایە، ئەوە لەسەر ئەوان ئەژمار نە دەکرا.
(سالار ڕەشید)

کۆپییەکان هەموو وەک نوسخەی چاپخانە دەردەچوون، بەڵام بەداخەوە دەبووا هەموومان هەر بەدەست بنووسیبایە.

**پرسیار:** ئەو دەمە قسە و باسی جەوهەری لەنێو چەپدا چی بوون؟

**جەمال ئەیووب:** لە ڕاستیدا ئەو دەمە لەنێو چەپ باسگەلێکی زۆر لەئارادا بوون. بەو هۆیەوە کە چەپ لە ڕێکخراوێک یان چەند ڕێکخراوێکی تۆکمە و خاوەن بەرنامەیەکی سیاسیی ڕۆشن پێک نەهاتبوو، وە بەزۆری لە شێوەی چەند ئەڵقە و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی کۆمۆنیستی پێک هاتبوو. هەروەها کۆمۆنیزم وەک هێڵێکی سیاسیی عەمەلی ئینسیجامی فکری نەبوو، بەو هۆیەوە هەموو باسێک لەئاست ئەو حەرەکەتە باسی دەروونی نێو بزووتنەوەکە بوو. من پێشتر لە وەڵامی پرسیارەکان بڕێک لەسەر ئەو باسانە قسەم کرد و ئیزافەیەک لەو بارەیەوە ئەگەر پێویست بێت بکرێت، ئەوەیە، بە بۆچوونی من، چەپ لە دەیەی هەشتاکاندا بە دوو قۆناغی سیاسیدا تێپەڕی، هەر قۆناغە و تایبەتمەندییەکی سیاسی هەبوو، بۆ هەر قۆناغەش باسگەلێکی تایبەت بە مەسەلەکانی ئەو دەورەیە بە شێوەیەکی گشتی مەترەح بوون. هەر دوو ئەو قۆناغە سیاسییەش لەباری فکری و تەرح و بۆچوونەوە لەژێر کاریگەریی باسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لە لایەن ئەو حیزبەوە هاتبوونە ئاراوە بەڕێوە دەچوون. بزووتنەوەی چەپ لە کوردستانی عێراق سەرەتا لەباری فکرییەوە لەژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزمدا بوو، وە لەباری شیکارییەوە ئەو بۆچوونە زاڵ بوو، کە چینی کرێکار ڕوشدی تەبەقاتی نەکردووە و کۆمەڵگا لە ململانێی توندی کار و سەرمایەدا نییە. لەم نێوەدا زەحمەتکێشان، جووتیاران و وردەبۆرژوازیش دەتوانن شۆڕشگێڕ بن و لە بەرنامە و سیاسەتی کۆمۆنیستیدا دەخاڵەتیان هەبێت. بۆ دابڕان لەم بیروبۆچوونە، باسەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ڕەخنە بە ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم، ڕەخنە لە بۆرژوازیی نیشتمانیی وابەستەی ئابووری و تێزەکانی جیهانی سێهەم، لە قۆناغی یەکەمدا چەپی کوردستانی لەژێر کاریگەرییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بیری ماوی و ئەفکارێک، کە لە ڕێگەی حیزبی شیوعیی عێراقەوە بە هەردوو باڵی قیادەی مەرکەزی و لیژنەی مەرکەزی هەبوو، دایە بەر ڕەخنە و چەپی لەو مێژووەی ئەوان دابڕان. یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران، وەک ڕێکخراوێکی

سیاسی و بەشێکی فراوان لە هەڵسووڕاوانی چەپ، لەو پروسەیەدا بە یارمەتی ڕەخنەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەوری بەرچاویان هەبوو.
قۆناغی دووەم، قۆناغی بەکۆمۆنیستکردنی بزووتنەوەکە و دەخاڵەتی سیاسیی کۆمۆنیستی لە کۆمەڵگا و بزووتنەوەی کرێکاری بوو. لەم دەورەیەدا باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ڕەخنەی زانستی لە ئەزموونی شۆڕشی ڕووسیا، مەسەلەی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست و بەرنامەی کۆمۆنیستی زۆرتر تەوەری ئەسڵیی باسەکانی چەپ بوون. لە قۆناغی دووەمدا بزووتنەوەی چەپ بۆ چەند ڕێکخراوێکی سیاسی گرد و کۆ بووەوە و ئەڵقە بچووکە کۆمۆنیستییەکان لەنێو ڕێکخراوەکان خۆیان تواندبووەوە. ڕەوتی کۆمۆنیست، دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا، کە دواتر بوو بە سەرنجی کرێکار و یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستەکان بەرچاوترین ئەو ڕێکخراوانە بوون، کە دواتر لە ساڵی ١٩٩٣ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان پێک هێنا.
خاڵێکی دیکە کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، ئەوەیە، کە ئەم ڕێکخراوە کۆمۆنیستییانە کە لە دەیەی هەشتاکان لە فەزای سەرکوت و ئیستیبدادی ڕژێمی بەعس نهێنیکار و لەژێر گوشاری ئەمنیی زۆردا بوون، لە سەرەتای نەوەدەکان لە بزووتنەوەی شوورایی و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان هەر هەموو بەشدارییان کرد و شووراکانیان پێک هێنا. ئەم ئەزموونە بۆ کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق و لە کوردستانیش بێ وێنە بوو، کە بەڕاستی قۆناغێکی نوێی لە ژیانی بزووتنەوەکە دەستپێ کرد، کە دیارە باسکردن لەو قۆناغە نوێیە لە سنووری وەڵامی ئەم پرسیارە دەردەچێت، بۆیە باشترە ئەو باسە بۆ کاتێکی دیکە هەڵبگیرێ.

**پرسیار:** سەرەنجام ئەڵقەی ئۆکتۆبەر بۆچی و چۆن هەڵوەشایەوە؟ وە دیاردەی دامەزراندن و زووهەڵوەشاندنەوەی ئەڵقە و گرووهەکان لەو دەمەدا بەچی ڕاڤە ئەکەیت؟

**جەمال ئەیووب:** من هەر وەک لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووتر ئاماژەم پێی دا، هەڵوەشاندنەوەی ئەڵقە کۆمۆنیستییەکان دەرئەنجامێکی سروشتیی گەشەی بزووتنەوەکە بوو. ئەم ئەڵقانە میراتی قۆناغێکی دیاریکراوی خەباتی چەپ و کۆمۆنیزم لە کوردستاندا بوون. ئەمانە بەشێک لە حەیاتی سیاسیی دەورەیەکی دیاریکراو بوون، نە دەکرا کاری سیاسی و کۆمۆنیستی تەنها و تەنها لە ڕێگەی ئەو

ئەڵقە بچووکە کۆمۆنیستییانەوە بڕواتە پێش. من ئەوەندەی بە خۆم بگەڕێتەوە، دیارە بۆ هاوڕێ سادقیش، کە لە ئەڵقەکە لەگەڵماندا بوو، بە ڕێکخراوی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا خۆمان پەیوەست کرد. من ئەو دەمە هۆکاری وازهێنانی خۆمم لە ئەڵقەی ئۆکتۆبەر لەنێو چەپ بەعەلەنی ڕاگەیاند، کە بەداخەوە ئێستا من ئەو نووسراوەم لا نەماوە، بێ ئەوەی کە ئاگاداری ئەوە بم، هاوڕێ سادقیش لای خۆیەوە هەر ئەو کارەی کردبوو. هەرچی هاوڕێ سالار ڕەشیدیش بوو، هاوزەمان کە لەو ئەڵقەیە پێکەوە کارمان دەکرد، لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست کاری دەکرد. ئێمە لەو کاتەی کە ئەو ئەڵقەیەمان پێک هێنا، پێمان وابوو، لە ڕۆشنکردنەوەی باسەکانی ئەو سەردەمەی نێو چەپ دەخاڵەتمان دەبێت. من پێم وایە، لەو بارەیەوە ئێمە ئەو کارەمان بە سەهمی خۆمان کرد، بەڵام درێژەدان بە کاری ئەڵقەیی جێی پشتیوانیی کەسمان نەبوو، بۆیە کاتێک هەر کەسەمان جێگەوڕێگەی خۆمان لەنێو ڕێکخراوێکی سیاسیی فراوانتر پەیدا کرد، وازمان لە کاری ئەڵقەیی هێنا. من پێم وایە، هەر دەبووا ئەو کارە بکەین. من بە دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتارياوە پەیوەست بووم. ئەو ڕێکخراوە لە کۆمەڵگا لەباری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە تۆکمەتر و کاریگەرتر بوو. ئێمە لە دەستەدا کۆمیتەکانی کەرکووک، سلێمانی و هەولێرمان هەبوون، لە دەستەدا کۆمیتەی ناوەندی و هەیئەتی مەرکەزیی تەشکیلات و هەیئەتی تەنفیزیمان هەبوون، لە دەستەدا پلینۆم و کۆنفرانسمان هەبوون، کۆبوونەوەی دەوریی دەستەی سیاسی و دەستەی تەنزیمیمان هەبوون، چاپخانەی مەرکەزی و گۆڤاری دەوریمان هەبوون، چەندین نووسراو و ناميلکەی سیاسیی تیۆریمان بڵاو کردنەوە. بە بەراورد بە کارێک کە لە ئەڵقەیەکی بچووکی وەک ئۆکتۆبەر هەمان بوو، ئێمە لە ئاستی ڕێکخراوەیی و سیاسی هەنگاوێک چووینە سەرەوە. جێی ئاماژەیە، کە لە دەستەدا جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان لە هەر سێ شارەکەی سلێمانی، کەرکووک و هەولێر، چەندین کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و کرێکاریی کۆمۆنیستیمان ڕێک خستبوو. هاوکات لیستمان بۆ لایەنگران و دۆستەکانیش کردبووەوە. من لە دەستە هەم لە کۆمیتەی ناوەندییەکەی و هەم لە دەستەی ڕێکخستنی مەرکەزی کارم دەکرد و دەمزانی قەوارەی ڕێکخراوەیی خۆمان بۆ ئەو سەردەمە، کە کاری تەشکیلاتی ئێجگار سەخت بوو، چەندە. بۆیە بە بڕوای من، دیارە بۆ باقی هاوڕێیانم لە ئەڵقەی ئۆکتۆبەریش کۆتاییهێنان بە کاری ئەڵقەیی و کارکردن لە ڕێکخراوێکی گەورەتر

بڕیارێکی تەواو درووست بوو. هەر لەبەر ئەو هۆیە ئەڵقەی ئۆکتۆبەرمان هەڵوەشاندەوە و بە شێوەیەکی تر درێژەمان بە خەباتی سیاسی دا.
بە بڕوای من باسکردن لەو زەمەنە پێویست بە ئاوڕدانەوەی زیاتر و قسە و باسی زۆرتر هەیە. ئەو مێژووە بەشێکە لە مێژووی کۆمۆنیستی لە کوردستان و عێراق و قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێ و هەڵوێستەی زۆری پێویستە. دیارە لەم فرسەتە کورتەدا ئینسان ناتوانێت، هەموو لایەنەکانی لێک بداتەوە، بەهیوام لە فرسەتی تر و لە پرۆژەی دیکەی لەم چەشنە بتوانین زیاتر لەو بارەیەوە قسە بکەین و دەرس و ئەزموونێک کە هەبوونە، بیانخەینە ڕوو.
هەر لێرەوە دەستخۆشی لە هاوڕێم سالار ڕەشید دەکەم، کە بیرۆکەی ئەم پرۆژەیەی هێنایە مەیدان و وەک گێڕانەوەی بەشێک لەو مێژووە کاری ئامادەکردنی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە.

کانوونی یەکەمی ٢٠١١

# "ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست"

## (گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان[1])

"ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" یەکێک بوو لەو ئەڵقە کۆمۆنیستییانەی نیوەی دووەمی هەشتان، کە وەک هەر کۆڕ و کۆمەڵ و سازمانێکی دیکەی کۆمۆنیستی ئەو دەمە بە نهێنی کاری دەکرد و هەر وەکوو بە ناوەکەیشیدا دیارە، ئەدیبانێکی کۆمۆنیست پێکیان هێنابوو، تاوەکوو لە دیدی کۆمۆنیزمەوە، لە بواری ئەدەب و وێژەدا کار بکەن و کاریگەری خۆیان بە هاوشانی مەیدانی خەباتی سیاسیی کۆمۆنیستی دابنێن.
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو ئەڵقەیە و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی دیکە لە خەباتی چەپ و کۆمۆنیزم لە کوردستانی عێراق لە دەیەی حەفتان و هەشتاکان، پێمان باشە ساتێک بچینە دیدەنی "عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)"، یەکێک لە ڕابەران و دەمەزرێنەرانی ئەو ئەڵقەیە و دیمانەیەکی لەو بارەیەوە لەگەڵدا ساز بکەین.

**پرسیار**: بەڕێز عەبدوڵا سلێمان! سەرەتا بپرسین، "ئەڵقەی ئەدیبان" کەی دامەزرا؟ دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ بیرۆکەی هەنگاوێکی لەو جۆرە چۆن سەری هەڵدا؟ ئایا

---

[1] عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و پاشان پەیمانگای تەکنەلۆجیای لە ساڵی ١٩٨٦ هەر لە کەرکووک تەواو کردووە.
لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێ و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سایتە ئەلەکترۆنییەکان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاو کردۆتەوە. بەشداری چەندین کۆڕی شیعری کردووە.
بێجگە لە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق.
ژمارەیەک کتێب و نامیلکە و وەرگێڕانی لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە هەیە.
ماوەی حەڤدە ساڵە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.

پێشتر ئەزموونێکی واتان لە شوێنان بەرگوێ کەوتبوو، واتە کۆڕ و کۆمەڵێکی ئەدەبیی نهێنیی ژێرزەمینی؟

**عەبدوڵا سلێمان:** لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەرەڕای سەرکوت و زەبروزەنگی بێپەردەی ڕژێمی بەعسی ڕاکشاو لە زەلکاوی مێژوو، برەو بە ئەدەبێک دەدرا، کە لەگەڵ ویست و بەرژەوەندیی ئەو ڕژێمە دەهاتەوە. لەکاتێکدا عێراق لە جەنگی کۆنەپەرستانەیدا لەگەڵ ئێران هەموو توانا ماددی و مرۆیی و فەرهەنگییەکانی خستبووە گەڕ و ئەدەبێک لە عێراق بڵاو دەکرایەوە، تەنها ئەرکی جوانینیشاندانی بیچمی ناشرینی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە بوو، کە پێی دەگووترا، ئەدەبی جەنگ. لەملاشەوە بزووتنەوەی کوردایەتی بە هەموو سیما و شێوە جیاجیاکانییەوە (لەوپەڕی باڵی ڕاستەوە تا دەگاتە ئەو حیزبانەی خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی) خەریکی برەودان بوون بە ئەدەبێک، کە ناوی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەیان لێ نابوو و ئەرکی ئەو ئەدەبەش فریودان و بەسووتەمەنیکردنی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ بەرژەوەندییە حیزبییە تایبەتییەکانیان بوو. لەم نێوەدا هەستمان بەبوونی بۆشاییەکی گەورە لە لەمەیدان نەبوونی ئەدەبی بەڕاستیی شۆڕشگێڕانە و پشتبەستوو بە بەرژەوەندیی چینایەتیی کرێکاران دەکرد. دوای هەستکردن بە بوونی بۆشاییەکی فراوان لە بواری پەرەپێدانی ئەدەب و هونەری کرێکاری و هەروەها دوای چەندین گفتوگۆ و وتووێژ لەسەر بایەخ و گرنگی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئەوە بوو، لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بڕیاری پێکهێنان و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی و هونەریمان دا و "ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست"مان لە ساڵی ١٩٨٧ لە شاری هەولێر دامەزراند. دامەزرێنەرانی ئەڵقەکەش بریتی بوون لە بەڕێزان نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەمال کۆشش. بیرۆکەی دروستبوونی ئەڵقەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک بەر لە دروستبوونی ئەڵقەکە بەتایبەتی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٥ەوە من و جەمال کۆشش بەردەوام و بێ پچڕانەوە قسە و باسمان لەسەر ئەدەبی شۆڕشگێڕانە و ئەدەبی کرێکاری و ئەدەبی بۆرژوازی و ماهییەتی ئەدەبی بۆرژوازی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ئەدەب و گەشەکردنی ئەدەبیاتی کرێکاری و سەنگەربەندیی چینایەتی ئەدەب و ئەدیبی مولتەزیم و کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان و تاد.، دەکرد. کاک هۆشەنگیش هەر بە هەمان شێوە ئەویش هەم وەک ئەدیبێک و نزیک لە

بزووتنەوەی چەپ قسە و باسمان هەبوو. ئەوە بوو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧ بە سێقۆڵی کەوتینە قسە و باس لەسەر پێکهێنانی ئەو ئەڵقەیە و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی.

ئێمە هیچ ئەزموونێکی لەوەوپێشترمان لەو بارەوە نەبوو و نەبینیبوو، بۆیە دەتوانم بڵێم، پێکهێنانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست یەکەمین هەنگاوی جیددی ئێمە بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەدیبانی ناڕازی و هەروەها گەشەپێدانی ئەدەبی کرێکاری و ئەدەبی حیزبی بوو.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ بە بەیاننامەیەک ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان ڕاگەیاند. پێشتریش بڕیارمان دابوو، گۆڤارێک یان ئۆرگانێک دەربکەین. ئەوە بوو ناوی گۆڤارەکەمان نا "ڕابەر" و ئەم ناوەش پێشنیاری من بوو، بەوەی کە ڕابەر وشەیەکە هیچ مەدلولێکی غەیرە کرێکاری لەخۆ ناگرێت و بگرە زۆر نزیکە لەو ئامانجەی کە بۆی تێدەکۆشین و هاوڕێیانیش پەسندیان کرد. من لەو ساتەوە بڕیارم دا، ئیتر لەژێر ناوی مەشخەڵ کار بکەم و بەرهەمەکانم بڵاو بکەمەوە. ئەوە بوو ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر لەمانگی تەمووزی ساڵی ١٩٨٧ بڵاو بووەوە.

**پرسیار**: ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەو ئەڵقەیە بەتەواوی لەژێر بیر و بۆچوونەکانی "ڕەوتی کۆمۆنیست"دا بوو، وە یان بەشێک بوو لەوان. ئایا پێکهێنانی ئەو ئەڵقەیە بە پرس و ڕا و بە تەگبیری ئەوان بوو، یان ئەوەتا دەسپێشکەری چەند نووسەر و ئەدیبێک بوون؟ جێی خۆیەتی لێرەشدا بپرسین: ئایا بنیاتنەرانی ئەم ئەڵقەیە هەر هەموویان سەر بە ڕەوت بوون، یان نەخێر کەسانێکی دیکەشی تێدا بوو، کە وا نەبوون؟

**عەبدوڵا سلێمان**: دامەزرێنەرانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست جگە لە بەڕێز جەمال کۆشش کەسی تر سەر بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست نەبوو. من وەک دوایی کە بوومە ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و بۆم دەرکەوت، کە بەڵێ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لە ڕێگەی جەمال کۆششەوە بەتەواوی لەناو ئەڵقەکەدا چالاک بوو. چونکە کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد تەنها کەسێکی ڕادیکاڵ و چەپ بوو و لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی چەپدا بوو. منیش بەهەمان شێوەی کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کەسێکی ڕادیکاڵ و چەپ بووم و دواتر لە ڕێگەی کاریگەری کاک جەمال کۆششەوە کەوتمە ژێر کاریگەری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. بۆیە

ئەگەر درووست وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، ئەتوانم بڵێم، بەڵێ ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست یەکێک بوو لە دەستپێشکەرییەکانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. بەڵام تەنها جەمال کۆشش ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو. ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە درووست بوو، ئەتوانم بڵێم، ئەندامێکی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و دوو ئەندامی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە پێکیان هێنا. سەرەتا ئەڵقەکە لەژێر هەژموونی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستدا نەبوو، بەڵام کاریگەری کاک جەمال کۆشش بەسەر ئەڵقەکەوە وای کرد، وردەوردە ئەڵقەکە بکەوێتە ژێر هەژموونی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە و هەر واش بوو. کاک هۆشەنگ ئامادە نەبوو ئەو هەژموونە قەبووڵ بکات و وازی هێنا و منیش بەشەوقەوە ئەو ڕێکخراوە و سیاسەتەکانیم قەبووڵ کرد و دواجار خودی ململانێی نێوانمان بە بەرژەوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست شکایەوە و وەک لە یادم بێت، ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە ژمارە پێنجی بڵاوکراوەکەی وابەستەیی خۆی بۆ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ڕاگەیاند و بەوەش هیچ گومانێکی لای بزووتنەوەی چەپ نەهێشتەوە، کە پێشتر پەنچەی ڕەوتبوونیان بۆ درێژ دەکرد.

**پرسیار:** ئەڵقەی ئەدیبان گۆڤارێکی دەرئەکرد، ئەو گۆڤارە ناوی چی بوو؟ چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟ ئایا بەشێوەیەکی دەوری دەرئەچوو؟ سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی هەبوو؟ ئایا وەک زۆربەی نووسراوەکانی ئەو دەمەی چەپ بە شێوەی دەستنووس بڵاو دەکرایەوە؟ تیراژەکەی چەند بوو؟ هیچ نموونەیەکی لێ ماوەتەوە؟

**عەبدوڵا سلێمان:** وەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتم، بڕیارمان دا گۆڤارێک دەربکەین و ئەو گۆڤارەشمان ناو نا "ڕابەر". لە ماوەی ژیانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا دوانزە ژمارە لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە. لەسەر بەرگی ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر نووسراوە، ئۆرگانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و لە ژمارە سێ بەدواوە بوو بە ئۆرگانی تیۆریی ئەدەبیی مارکسیستی و دواتریش بوو بە ئۆرگانی تیۆریی ئەدەبیی حیزبی.

ئەم گۆڤارە بەپێچەوانەی ئوسووڵی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە نە سەرنووسەری هەبوو و نە دەستەی نووسەران. بەڵام ئێمە هەرسێکمان بەجیددی کارمان بۆ ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەکرد.

گۆڤاری ڕابەر بە شێوەی دەوری دەرمان دەکرد، بەڵام دەتوانم بڵێم، زیاتر وەرزی بوو و نزیکەی سێ مانگ جارێک ژمارەیەکمان لێ بڵاو دەکردەوە. گۆڤاری ڕابەر وەک جەنابیشت ئاماژەت پێ داوە، وەک زۆربەی نووسراوەکانی ئەو دەمەی چەپ بە شێوەی دەستنووس بڵاو دەبووەوە. من سەرباری چالاکییە ئەدەبییەکانم، ئەرکی نووسینەوەی بەدەست و ئامادەکردنی بەرگی گۆڤارەکە و ئیتر ئەوەی پێی دەگووترێت، مۆنتاژ و تەسمیم من ئەنجامم دەدا و جار هەبووە دوو هەفتە لە ماڵ نەهاتوومەتە دەرەوە و خەریکی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی گۆڤاری ڕابەر و نووسینەوەی بوومە. هەر جارێک نووسینەوە شەش کۆپیشم لەژێر دادەنا و دووجار نووسینەوەی گۆڤارەکە دوانزە کۆپی(نوسخە)م لێ ئامادە دەکرد و ئینجا کە بڵاویش دەکرایەوە، ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەبەریان دەنووسییەوە و بڵاویان دەکردەوە. ئەمە شێوازی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر بوو.

نایشارمەوە، هەموو خەونمان بریتی بوو، لە بەدەستهێنانی ئامێرێکی چاپکردن(تایپ) و کۆپیکردن یان ڕۆنیۆیەک. زۆرجار لەگەڵ کاک جەمال کۆشش باسمان لەوە دەکرد، ڕۆژێک بچینە ناو باڵەخانەی دادگای ئەو کاتەی شاری هەولێر و ئامێرێکی چاپکردن لە یەکێک لە کۆشکەکانی عەریزە نووسەکان بدزین، بەڵام بۆمان نەلوا و نەکرا. تا ڕاپەڕین بەرپا بوو و چەپ و کۆمۆنیستەکانیش دەستیان بەو ئامێرانە گەییشت و ئەوسا بۆ یەکەمینجار و دواجار ژمارە دوانزەی گۆڤاری ڕابەر بەچاپکراوی بڵاو کرایەوە.

سەبارەت بە مانەوەی گۆڤارەکە تا ئێستا، هیچ شتێکی نەماوەتەوە. من ساڵی ٢٠٠٠ سەفەری کوردستانم کرد و لە ڕێگەی هاوڕێیەکی ئازیزەوە باسی لە کەسێک دەکرد، کە گوایە تەواوی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەری لا دەست دەکەوێت. من گەلێ هەوڵم دا و تکام کرد و پەیامم بەناوی خۆمەوە وەک عەبدوڵا سلێمان وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بۆ نارد، کە تەنها ژمارەکانمان بۆ کۆپی بکات. کەچی بەداخەوە ئەو کارە نەکرا و دواتر بەو هاوڕێیەم گووت، کە ئەو کەسەم پێ بناسێنێت، یان لانیکەم لێبگەڕێ، کۆپییان بکەین و لە فەوتان بیان پارێزین. بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانم بێ ئاکام مانەوە، بێ ئەوەی بزانم، هۆیەکە ئەو هاوڕێ ئازیزە بوو، کە خۆی بەجیددی بە سۆراخی ئەو مێژووەوە نەبوو، یان ئەو بەڕێزە بوو، کە ئامادە نەبوو، هیچ ژمارەیەکمان بخاتە بەردەست. ئیتر بێ هیوا

مامەوە، تا ئەمساڵ هاوڕێیەک لە ئەورووپاوە کە بە سەردان هات بۆ وڵاتی کەنەدا و پێی ڕاگەیاندم، کە بەڕێزێک هەیە نووسراوەکانی ڕێکخراوە چەپەکانی سەردەمی ئیستیبدادی بەعسی پاڕاستووە و لای ماون، پرسیاری ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەرم کرد، گوتی، بەڵێ ماون. بەنیازم، هەوڵ بدەم، زانیاری لەو بارەوە بەدەست بهێنم. ئەگەر ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر مابن، ئەوا دەتوانین هەر هەمووی لە ڕێگەی تایپکردنیانەوە لە فەوتان بپارێزین.

**پرسیار**: ژمارەی ئەندامانتان چەند دەبوو؟ خەڵکی چ شار و ناوچەیەک بوون؟ ئایا نووسینەکانتان هەر بە کوردی بڵاو دەکردنەوە؟

**عەبدوڵا سلێمان**: ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەوڵی دەدا، لە ڕێگەی وەڵامدانەوە بە کۆسپەکانی بەردەم ئەدەبی کرێکاری و حیزبی و هەروەها لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبیی کرێکارییەوە زۆرترین ژمارە لە ئەدیبان و نووسەران لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵام کۆکردنەوەی ئەدیبان و نووسەران بەو شێوازە لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر بەنهێنی و دەستاودەستکردن و بەو ئاستە لە تیراژ و بەو جۆرەی کە بەدەست دەنووسرایەوە، چلۆن دەتوانێت هێزێکی ماددی لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە؟ ئەمە سەرباری ئەوەی کە ڕێکخراوە چەپەکانی ئەو کاتە دەیانزانی، ئەڵقەکە لە بەرژەوەندیی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستدا کار دەکات، بۆیە نەک هەر لێی نزیک نەدەبوونەوە، بگرە بە بیانووی نا سەربەخۆبوون و شتی تری لەو چەشنەوە، دژایەتیشیان دەکرد. بۆیە بەشێکی بەرچاوی ئەو ئەدیبانەی کە بەرهەمیان لە ڕابەردا بڵاو دەکرایەوە، دوور و نزیک هەواداری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوون. لە چەشنی کاوە ئەحمەد، بژاری شاعیر، ئەنوەری ڕەشی عەوڵا(ب. سۆلین)، کاک عارف و کاک ڕەشید... تاد.

دەستەی دامەزرێنەری ئەڵقەکە هەر هەموومان خەڵکی شاری کەرکووک بووین. ئەوانەی بەرهەمیشیان بۆ دەناردین خەڵکی سلێمانی و کەرکووک بوون. بۆیە لە تەواوی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەردا نووسینێکی بە شێوەزاری بادینی تێدا بڵاو نەبووەوە. نووسینەکانیش تەنها و تەنها بەزمانی کوردیی شێوەزاری سۆرانی بڵاو دەبوونەوە. هەروەها چونکە تواناکانمان زۆر سنووردار بوون، نەمان توانی، هیچ شتێک بە زمانی عەرەبی بڵاو بکەینەوە، ئەگەرچی بایەخی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر بە زمانی عەرەبیمان هەستپێ دەکرد. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو، لەوەش

زیاترمان بۆ نەدەکرا، بەتایبەتیش دەبێ، سەرکوت و ئیستیبدادی سیاسیی حیزبی بەعسمان لەیاد نەچێت.

**پرسیار:** باسەکانی نێو گۆڤارەکەتان دەربارەی چی بوون؟ چۆن بڕیارتان لەسەر بڵاوکردنەوەیان ئەدا؟

**عەبدوڵا سلێمان:** باسەکانی نێو گۆڤاری ڕابەر ئەتوانم بڵێم، هەم سیاسی و هەم ئەدەبی بوون. باسە سیاسییەکان لە سەروتاردا جێیان بۆ دەکرایەوە و بابەتەکانی تریش وەکوو ڕەخنە و وەرگێڕان و دەقی ئەدەبی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەی دەڕازاندەوە. لە ژمارەکانی بەراییدا کاک جەمال کۆشش بەناوی شۆڕش هیومانیستەوە چالاکی دەکرد و وتارە ڕەخنەییەکانی بڵاو دەکردنەوە. کاک جەمال کۆشش زنجیرە وتارێکی لەسەر ڕۆمانی "شار"ی کاک حوسێن عارف و هەروەها چەند وتارێکی دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستی... تاد.، بڵاو کردەوە. دواتر ناوی جەمال کۆششی لەخۆی نا و بەو ناوەوە چالاکی خۆی درێژەپێ دا. کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدیش وتارەکانی لینینی لە عەرەبییەوە وەردەگێڕا. وتاری ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبیی حیزبیی لینینی وەرگێڕا و و لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە. هەروەها وتارەکانی لینینی لەسەر تۆڵستۆی وەرگێڕا و بە نامیلکە بڵاومان کردنەوە، کە پێنج وتار بوون. منیش بە شیعر، ئۆپەرێت، وتاری ڕەخنەیی و وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، وە بەتایبەتی وەرگێڕانی شیعرەکانی برێخت لە ژمارەکانی ڕابەردا بەشداریم دەکرد. هەروەها من جگە لە ناوی مەشخەڵ بەناوی دلاوەر حوسێنیش بەرهەمم بڵاو دەکردەوە.

باسەکانی نێو گۆڤاری ڕابەر ڕەنگدانەوەی بۆچوون و دیدگای هاوڕێیانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوون. ئێمە لە ئەڵقەکە سێ تەوەرەی سەرەکیمان خستبووە بەر باس و قسە، ئەوانەش بریتیبوون لە هەڵسەنگاندنی واقیعیەتی سۆسیالیستی و ئێستاتیکا و ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستی. بێجگە لەوانەش بەردەوام هەوڵمان دەدا، وەڵام بە گرێوگۆڵە فکرییەکانی خۆشمان بدەینەوە.

بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمیش دادەنیشتین و بەرهەمەکانمان دەخوێندەوە و بۆچوونی خۆمان لەسەریان دەدا و ئەوسا بەپێی ئەو پێوەرەی، کە بڕوامان پێی هەبوو، بڵاو دەکرانەوە، یان وەلا دەنران. ئەوەش ناشارمەوە، ئەوسا هاوڕێیانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست تێگەییشتنێکی سنوورداریان لەسەر ئەدەب و خەیاڵ و

ئێستاتیکا و زمان هەبوو. وە ئەوەش ڕاستییەکە بۆیە لایەنی هونەریی بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە لاواز بوون و لە ئاستی پێویستدا نەبوون. بیانووشمان بۆ ئەوە ناوەڕۆکی چینایەتیی بەرهەمەکان بوو و دەمانگووت، ناوەڕۆک بە پلەی یەکەم و تەکنیک بە پلەی دووەم.
بەهەر حاڵ، با بگەڕێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان، کاک نەوزاد بڕیار بوو، هەڵسەنگاندنی واقیعیەتی سۆسیالیستی بگرێتە ئەستۆ و من ئێستاتیکا و کاک جەمالیش ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستی. بەڵام لەڕاستیدا و لەکردەوەدا نەمانتوانی ئەو ئەرکانە، کە لەبەردەم خۆماندا دامان نابوون، ئەنجام بدەین. ئەڵقەکە دوای وازهێنانی کاک نەوزاد یان باشتر بڵێم، دوای دەرکردنی لە ئەڵقەکە، بەدرووست لەسەر سێ تەوەر کاری دەکرد، کە ئەمانە بوون، تەوەری ڕەخنەی ئەدەبی، وەکوو نووسینەکانی جەمال کۆشش و وتارە ڕەخنەییەکانی عەبدوڵا سلێمان. تەوەرەی وەرگێڕان، وەکوو وەرگێڕانەکانی عەبدوڵا سلێمان و دواتر تەوەرەی خوڵقاندنی دەقی ئەدەبی. ئیتر تا ژمارە یانزەش بڵاو بووەوە، لەو تەوەرانە واوەتر نەچووین.

**پرسیار:** لەو دەمەدا کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کانوونێکی ئەدەبی و هونەرییان هەبوو، ئایا ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ ئەوان، یان هەر کۆمەڵەیەکی دیکەی فەرهەنگیدا هەبوو؟ بێگومان بەرهەمەکانی ئەو کانوونەتان پێ دەگەییشت، ڕوانگەی ئەوانتان لەو دەمەدا پێ چۆن بوو، وە چەند لەژێر کاریگەری ئەواندا بوون؟ ئایا گۆڤارەکەی ئێوەش بە ئەوان دەگەییشت؟ ئەگەر وەڵامەکەت بە بەڵێیە... چییان لەبارەیەوە دەگوت؟
**عەبدوڵا سلێمان:** کانوونی ئەدەب و هونەری کرێکاریی کوردستان ئەتوانم بڵێم، سەکۆی لەسەر هەڵسانی ئێمە بوو. ئێمە لە زۆر لایەنی هونەریی ئەدەب سوودمان لە تێڕوانینی ئەو کانوونە وەرگرتووە و بەتایبەتی گۆڤاری "پێشەنگ" ڕۆڵێکی جوانی لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کرێکاری گێڕا و کاریگەریشی بەسەرمانەوە هەبوو.
ئێمە هیچ پەیوەندییەکی فەرمیمان لەگەڵ کانووندا نەبووە، هەرچەندە خوازیاری ئەو پەیوەندییەش بووین. بەڵام پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوانماندا هەبوو، ئەویش لەڕێگەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و شەخسییەوە بووە. ساڵی ١٩٨٩ من و کاک جەمال کۆشش لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی بۆ مەقەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ بینینی ڕێبواری شاعیر چووین و بەداخەوە نەگونجا ببینین. لەو

سەفەرەمان بۆ سلێمانی لەناو کۆستەرێکدا بووین و من و کاک جەمال کۆشش بەیەکەوە دانیشتبووین و من چرپاندمە گوێی کاک جەمال کۆشش و گوتم: ئەگەر ئێستا ئەم کۆستەرە دەعم بکات، یان وەربگەڕێ و من و تۆ بمرین، ئەوا ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەتەواوی مەوجوودیەتی خۆی و نهێنەکانییەوە لەناو دەچن. ئەویش بە پێکەنینەوە دەیگووت: بەڵێ! خۆ کەسێکیش نابێت، دوو دێرمان لەسەر بنووسێت!
لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دید و بۆچوونمان لەسەر ئەدەبی کرێکاری و ناسینی زیاتری ئەو ئەدەبە، ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وردەوردە کەوتە ڕەخنەگرتن لە کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان و گۆڤاری پێشەنگ و بەئاشکرا مەیلی ناسیۆنالیستیمان لەناو ئەو گۆڤارە بەدی دەکرد و دواتریش وەک بینیمان ئەو خەتە خۆی ئاشکرا کرد. من ئێستا لەم ساتەدا بەهیچ شێوەیەک بۆچوون و ڕوانگەی ئەوانم لەیاد نییە و لەم بارەوە ناتوانم، هیچ بڵێم.
بەهۆی بوونی مەودایەکی زەمەنی بیستوپێنج ساڵە لەبیرم نەماوە، چۆن گۆڤاری ڕابەریان بەدەست دەگەییشت و چۆنیان هەڵدەسەنگاند. بەڵام ئەوەم باش لەیادە، کە دەستمان بە حەملەیەک لەدژی بەختیار عەلی، ئەکرەم قەرەداغی، مەریوان وریا قانیع و هاوشێوەکانیان کردبوو و دەمانبینین، کەچۆن وەک وەک هێڵێکی ناسیۆنال _ وردەبۆرژوازی دەیان نووسی و ڕەخنەیان دەگرت. ئیتر ڕاپەڕین سنووری بۆ ئەو هەڵمەتانەی ئێمەش دانا و لەوە زیاتر نەمانتوانی درێژەی پێ بدەین. دیارە مەبەستم درێژەدانە لە چوارچێوەی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.

**پرسیار**: ئێوە خۆتان وەک ئەڵقەیەکی ئەدەبی و لە هەمان کاتیشدا سیاسی پێناسە کردبوو. لەم ڕووە لە لایەن "ئەڵقەی ئۆکتۆبەر"ەوە ڕەخنەیەکتان لێ گیرا و یەکێک لەو مەسەلانە کە ئێوەی دەخستە ژێر پرسیارەوە ئەوەبوو دەیانگوت: ئەڵقەیەکی ئەدەبی، کە دەیەوێ لە بواری هونەر و ئەدەبی کرێکاری کار بکات، لەگەڵ ئەڵقەیەکی سیاسی کە کار بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەکات جوودایە. لەو بارەیەوە نەزەرت چییە؟
**عەبدوڵا سلێمان**: کاک سالاری خۆشەویست! بیستوپێنج ساڵ لە تەمەن گەلێ کەلێنی لەنێو یادەوەرییەکانمان پڕ کردۆتەوە و زۆر وێنەی کاڵ کردۆتەوە. بەداخەوە بیرکردنەوەی ئەوسامان شتێکی تر بوو. بەهەر حاڵ ئێمە لەبەر ئەوەی تێڕوانینێکی

ڕۆشنمان لەسەر کاری سیاسی و کاری جەماوەری نەبوو، بۆیە ئەڵقەکەمان کردبووەوە کەوای سووری بەر لەشکر و لە سەروتارەکانی گۆڤاری ڕابەر و لەژێر ناوی" ئەوەی دەبێ لەپێشدا بوترێ"، کە کاک جەمال کۆشش دەینووسین، ئەو ناڕۆشنییانەمان بڵاو دەکردنەوە. ئەمەش خاڵی لاوازی ئێمە بوو. جونکە وەک خۆشت ئاماژەت پێ دا، کاری ئێمە کاری جەماوەری و ئەدەبی بوو، نەک سیاسی. کە من دەڵێم، خاڵی لاوازی ئێمە بوو، مەبەستم ئەوە نییە، ئۆباڵەکە بخەمە مل کاک جەمال کۆشش، بەڵکوو تەواوی هاوڕێیانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەو تێڕوانینەمان هەبوو. من ئێستا پێم وایە، ئەو لایەنانەی ئەو ڕەخنەیەیان لێ گرتووین، ڕەخنەکەیان درووست بووە. چونکە بەفیعلی ئێمە وا بووین. ئێمە ڕەخنەمان لەوسەری چەپەوە تا ئەوسەری ڕاست دەگرت. ئێمە بێجگە لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست، دەستمان لە هیچ لایەنێکی تر نە دەپاراست. ئەم ڕەخنە سیاسییەی ئێمە لەو گرووپ و ئەڵقانەی ئەوسا، نە کاری ئێمە بوو و نە پەیوەندی بە هونەر و ئەدەبیاتی کرێکارییەوە هەبوو. ئێمە دەمانتوانی، پێ لەسەر خوڵقاوی هونەری ئینسانی دابگرین، بەبێ ئەوەی بۆمان گرنگ بێ، هونەرمەندەکە کێیە و چۆن بیر دەکاتەوە. مادام ئەو هونەرە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات، ئیتر بۆچی دەبێت، دەزگای فکریی ئەو هونەرمەندە هەڵتەکێنین!!!.
ڕێکخراوەکانی ئەو کاتە لەچەشنی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا بەتووندی لەبەرامبەرمان وەستانەوە. هەرچەندە هاوڕێیانی بلێسە لەگەڵمان زۆر نەرم بوون. گۆڤاری "زەنگ"یش هەبوو کە چەند کەسێک دەریان دەکرد و تەمەنی زۆر کورت بوو. پێم وابێ، یەک دوو ژمارەی لێ بڵاو بووەوە، ئەوانیش دیارە لەبەرامبەر ئەڵقەی ئەدیبان دامەزرێنران. هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە لەکاتێکدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە ئەو نووسینەی ئەڵقەی ئۆکتۆبەرم لەیاد نییە، بۆیە ناتوانم، لەوە زیاتر هیچی لەبارەوە بڵێم.

**پرسیار:** بەشێک لە نووسینەکانتان دەربارەی ئەو مەسەلە سیاسییانە بوون، کە لەو دەمەدا دەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا جێگای قسە و باس بوون. لەو نووسینانەدا ئێوە لەبری ڕەوتی کۆمۆنیست ئەهاتنە قسە و داکۆکیتان لەوان دەکرد و وەڵامی ئەو ڕەخنانەتان دەدایەوە، کە لەنێو بزووتنەوەکەدا ڕووبەڕووی ڕەوت

دەکرانەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: بۆچی ڕەوت خۆی بۆ خۆی، وە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە لەسەر ئەو مەسەلانە نەهاتە گۆ و وەڵامی نەدەدایەوە؟

**عەبدوڵا سلێمان:** ئەگەر بەتێگەییشتنی ئێستای خۆم وەڵامێکی سادەی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، دەڵێم ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەبەر دوو هۆ ئەو کارەی نە دەکرد. یەکەم: ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست خۆی لە هەموو گرووپ و ئەڵقە و ڕێکخراوەکانی تر بە ڕاستتر دەزانی و خۆیشی بەگەورەتر دادەنا و بۆ ئەوەی خۆی نەهێنێتە ئاستی نزمی ئەو گرووپانە پێویستی بە بەرگریکەرێک لە گۆڕەپانی سیاسیی بزووتنەوەی چەپدا هەبوو، ئەو جەنگانەی بۆ ئەنجام بدات. بۆیە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەو کارەی لەجیاتی ئەنجام دەدا. دووەم: بۆ نیشاندانی هەیبەتی ڕێکخراوەیی و پایەگای کۆمەڵایەتیی ئەو ڕێکخراوە گرنگ بوو، قسەکەرێک هەبێت، لەبری ئەو هێرشەکان ئەنجام بدات. با نموونەیەک بێنمەوە، یەکێتیی سۆڤیێتی جاران سیاسەتی خۆی لە جیهان لەڕێگەی حیزبە شیوعییەکانەوە دەبردە پێشەوە و ئێستا ئێران جەنگەکانی خۆی لە ڕێگەی حیزبە شیعەکانەوە دەکات و ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستیش بەم شێوەیە بوو، بەڵام لە سەردەمێکی تر و لە جەنگێکی تر.

با ئەوەش بڵێم ڕاگەیاندنی پەیوەستبوونی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە گۆڕانێکی چلۆنایەتی و گەوهەری لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی ڕەوتی کۆمۆنیستدا درووست کرد و بە دانپیانانی ڕابەرانی ئەو ڕێکخراوە (کە دواتر منیش بووم بە یەکێک لەڕابەرانی ئەو ڕێکخراوە)، ئەو پەیوەستبوونە ڕەوتی کۆمۆنیستی بردە ئاستێکی بەرز. دەبێ ئەوەمان لا روون بێت، سەروتارەکانی "ئەوەی دەبێ لەپێشدا بووتریٚ" کە سەروتاری گۆڤاری ڕابەر بوون و کاک جەمال کۆشش دەینووسین، تا لە فیلتەری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ڕەت نەبوونایە، بڵاو نە دەبوونەوە. ئەوسا ئاوا بوو و بڕواشمان پێی بوو و ئێستاش بەتوندی جێگای ڕەخنەیە. ئەگەر ئەمڕۆ ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست زیندوو بکرێتەوە، من ناهێڵم، یەک سەروتاری لەو جۆرە بڵاو ببێتەوە. ناهێڵم، یەک ڕێکخراوی سیاسی دەستی تێوەربدات و دەمی بەرژەوەندی تێوە بژەنێ. بەڵام بێ ئەزموونی لە بواری کاری حیزبی و جەماوەری ئەنجامی ئاوای لێدەکەوێتەوە.

**پرسیار:** سەرەنجام خیلافاتێک کەوتە نێوتانەوە. ئەو خیلافاتانە چۆن بوون و لەسەر چی بوون؟ ئایا هەر ئەو خیلافاتانە ئەڵقەکەی بەرەو هەڵوەشاندنەوە برد؟ ئەگەر نا... کەی، وە چۆن ئەڵقەکەتان هەڵوەشایەوە؟

**عەبدوڵا سلێمان:** جیاوازیی نێوان دەستەی دامەزرێنەری ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەتوانم، لە دوو ئاستدا باسی بکەم. ئاستی یەکەم: لەسەر خولقاوە ئەدەبییەکان و شێوازی بڵاوکردنەوە و هەڵوێست لەسەر دەزگا ئەدەبییەکانی ئەو کاتە و... تاد. بوو، ئاستی دووەم: سیاسی بوو. لەسەر ئاستی یەکەم، ئێمە تەواوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی بەعس لە چەشنی گۆڤاری کاروان، بەیان، هاوکاری و هەروەها گۆڤار و بڵاوکراوەکانی حیزبە سیاسییەکانی شاخمان بە ڕاگەیاندنی بۆرژوازی زانیوە و بڕیارمان دا، بەهیچ شێوەیەک نەک هەر پەیوەندیمان لەگەڵیاندا نەبێت، بەڵکوو دژایەتییان بکەین و بەرهەمیان تێدا بڵاو نەکەینەوە. کاک نەوزاد لەم ئاستەدا تا حەدێک مولتەزیم بوو و ئەو ماوەیەی لە ئەڵقەکە بوو، بەرهەمی بڵاو نەکردەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم کاک ئەوزاد وەک من و کاک جەمال کۆشش توند نەبوو. کاک نەوزاد بڕوای وا بوو، دەکرێ ئەدەبێکی دیمۆکراتی و کرێکاری بڵاو بکەینەوە. کەچی من و کاک جەمال کۆشش بەرامبەر بە دیمۆکراتییەت زۆر هەستیار بووین و پێمان وابوو، ئەوە بۆرژوازییەتە و ڕەتمان دەکردەوە. بەڵام لەسەر ئاستی دووەم، کە سیاسی بوو، خیلافێک، کە کەوتە نێوانمانەوە، لەسەر پەیوەستبوون بوو، بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە. ئەم جیاوازییە بۆ عەقڵی ئەوسای ئێمە شتێکی حەیاتی بوو، بۆیە کەوتینە کێشمەکێش لەگەڵ کاک نەوزاد و دواتر وەک ئەڵقەکە بڕیاری دەرکردنی کاک نەوزادمان دا. هەڵوێستی من، کە بە کاک هۆشەنگ و کاک جەمالیشم گوتووە، ئەگەرچی سەرسەختانە بەرگریمان لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دەکرد، بەڵام کاتێک بە چاوێکی کراوەترەوە دەڕوانینە ئەو ڕابردووە، دەبینین، وەک لە وتاری "ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست"یشدا نووسیومە: "کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە هەندێ لایەنی ئەو ململانێیە لەسەر حەق بوو".

هەروەها دەمەوێت، ئەوەشت بۆ ڕاست بکەمەوە، کە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست قەت و تا ئێستاش هەڵنەوەشایەوە. واتە، بەشێوەیەکی فەرمی بە بەیاننامەیەک خۆی هەڵنەوەشاندەوە، بەڵکوو لە جێگای خۆی نەما. من پێشتریش لەو وتارەی لەسەرەوە ئاماژەم پێی کرد، ڕوونم کردۆتەوە، کە دوای ژمارە پێنج کە کاک نەوزاد

دەرکرا، ئیتر من و جەمال کۆشش بزوێنەر و بەڕێوەبەری ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بووین. تا ژمارە یانزەشمان دەرکرد. ئیتر ڕاپەڕینەکەی بەسەردا هات و من لەو ڕاپەڕینە لە گرتنی باڵەخانەی نەقابە کرێکارییەکان بریندار بووم و کاک جەمال کۆششیش بوو بە لێپرسراوی سەربازیی بنکەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لە شاری هەولێر. بێجگە لەمانەش لە ڕۆژی گرتنەوەی شاری هەولێر من سووتام و گیرام و لەو کەین و بەینەی کە شار هێشتا خامۆش بوو، خەڵک لە کۆڕەوەکە نەگەڕابووەوە و گاردی کۆماری لە شاری هەولێر هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵان و هەر جێگایەک شوێنی گومان بووایە، دەیاندایە سەری و خەڵکیان دەگرت و شوێنبزریان دەکرد. من ئەو کاتە کە بەسووتاوی لە ماڵەکەم لە خانووەکانی کارگەی نەسیجی هەولێر بووم و لەترسی تیداچوون و لەپێناو دەربازکردنی گیانم، ئەرشیفی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ئەرشیفی کۆمیتەی هەولێری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستم سووتاند. لێرەوە دوای ئاوەدانبوونەوەی شار و گەڕانەوەی خەڵک، هەڵسووڕاوانی چەپیش دەستیان بە چالاکی کردەوە. ئەوە بوو، کاک جەمال کۆشش لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەدیبانی تر ژمارە دوانزەی گۆڤاری ڕابەریان چاپ و بڵاو کردەوە، کە من تێیدا بەشدار نەبووم.

هەروەها پێم خۆشە، لەم دەرفەتەدا من قسەی خۆم سەبارەت بە وازهێنانی کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و دەرکردنەکەی لە لایەن ئەڵقەکەوە بکەم. کاتێک کاک نەوزاد بۆی دەرکەوت، کە ئیتر ناتوانێت، لەگەڵ ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەردەوام بێت و ئەو پەیوەستبوونە سیاسییەی قەبووڵ نەبوو، ئیتر دەرکردنی لە لایەن ئەڵقەکەوە نەک هەر زیادە بوو، بەڵکوو زۆریش بێ مانا بوو. من ئێستا زۆر بەتوندی ڕەخنە لەو هەڵوێستەی ئەڵقەکە دەگرم، کە بڕیاری دەرکردنی کاک نەوزادی دا، چونکە ئەو بڕیارە بەڵگەی نادیمۆکراتبوون و ڕەخنە قەبووڵنەکردن بوو. ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەبووایە، لەبری دەرکردن، بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەی لەتەک ئەو مەسەلەیە بکردایە. ئەم بێدەربەستییەی هاوڕێیانی ئەڵقەکە لەبەرامبەر دامەزرێنەرێکی ئەڵقەکە، جگە لە سیکتاریستبوونی ئێمە (عەبدوڵا و جەمال) هیچی تر نەبووە و نییە. من ئێستا کە لەدوورەوە ئاوڕ لەو هەڵوێستەی ئەڵقەکە دەدەمەوە، تەواوی مارکسیستبوون و کۆمۆنیستبوونەکەمان ئەخەمە ژێر پرسیارەوە. ئاخر چۆن دەبێت، کەسێک ئەو ئازادییەی نەبێت، بەپێچەوانەی ئێمەوە بیر بکاتەوە، بەتایبەتیش لە ڕێکخراوێکی ئەدەبیدا؟!!! ئاخر کەسێکی مارکسیست

ئەبێ، زۆر بڕوای بە ئازادی هەبێت و بەکردەوەش ئەو باوەڕە پیادە بکات. بەڵام ئێمە ڕێک پێچەوانەی ئەو باوەڕە ڕەفتارمان کرد. ئەم ڕەخنەیەم پێش ئەوەی بەرەو ڕووی ڕابردووی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستی بکەمەوە، بەرەو ڕووی خۆمم کردۆتەوە و ئەیکەمەوە. وە لێرەشەوە داوای لێبووردن لە کاک نەوزاد ئەکەم، سەبارەت بەو هەڵوێستەی ئەڵقەکە.

خاڵێکی تریش لە پەیوەست بە مەسەلەی سیکتاریستییەوە کە جێگای باسکردنە، ئەویش پەیوەندیی من و جەماله. پەیوەندی چەندین ساڵەی من و جەمال بۆ پێش درووستبوونی ئەڵقەکە دەگەڕێتەوە و ئەو دەیان ساڵە لە پەیوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی من و جەمال کۆشش لەگەڵ وازهێنانی من لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە بەهاری ١٩٩٨ کۆتایی هات. هەرچەندە من زۆرم هەوڵ دا، ئەو پەیوەندییە بمێنێت، بەڵام کاک جەمال دیار بوو، بڕیاری خۆی دابوو. ناهەقیشی ناگرم، چونکە سیکتاریستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق گەلێ زیانی بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤە ڕادیکاڵ و ئینساندۆستەکان گەیاندووە. تا ئەندامی حیزب بیت، ئەوا ڕابەر و کادیر و شۆڕشگێڕیت، هەر کە وازیشت هێنا، ئەوا ئۆتۆماتیکی دەبیتە نا ڕادیکاڵ و بەرگریکەر لە بەرەی ڕاست و شتی بێ مانای تری لەم چەشنە. ئەم پەیوەندییەی ئێمەیش، لەگەڵ هەر جیاوازییەکی بیروڕامان، چونکە لەسەر بنچینەی سیاسی دامەزرا بوو، بەداخەوە لەگەڵ سەدەها یادگاریی خۆش و شیرین هەرەسی هێنا.

**پرسیار:** ئەگەر ئاوڕێک لەو ڕۆژگارە بدەیتەوە، چۆن ڕۆڵی ئەو ئەڵقەیە دەنرخێنی؟

**عەبدوڵا سلێمان:** ئەگەر وەک عەبدوڵا سلێمان ئاوڕێک لەو ڕۆژگارە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر بدەمەوە، هەر ئەو هەڵسەنگاندنانە کە لەو وتارەی پێشتر ئاماژەم پێی دا و لە ساڵی ٢٠٠٢ نووسیومە، ئەنووسمەوە.

ـ بە بۆچوونی من ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەڵگری هەمان ڕێباز و شێواز و کارکردی بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراق بوو. لەیەک کاتدا کاری سیاسی و کاری ئەدەبی و هونەری ئەنجام دەدا. خودی ئەم تێکەڵییەش بۆ خۆی ناڕۆشنبوونی دیدگا و تێڕوانینی هاوڕێیانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست سەبارەت بە کاری پیشەیی، جەماوەری و سیاسی بوو. ئەم تێگەییشتنە کاریگەری نێگەتیڤی

بەسەر چالاکییە ئەدەبییەکانەوە هەبوو، وە ئەمەش وای کرد، هەندێک لە شاعیران و نووسەرانی بزووتنەوەی چەپی ئەو کاتە و دەرەوەی بزووتنەوەکەش هەڵوێستی بەرەنگاری دەرحەق بە گۆڤاری ڕابەر و ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەربگرن.

_ هەروەها مەسەلەی تەوەرە سەرەکییەکانی خەباتی گۆڤاری ڕابەر و ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، کە خۆی لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقیعیەتی سۆسیالیستی و ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستی و ئێستاتیکادا چڕ کردبووەوە و سەرباری هەنگاوی جیددی و باش بۆیان، بەڵام تا ڕادەیەک بەهەدەردانی بەشێک لە وزە و توانابیەکانی هاوڕێیانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەم مەسەلانە بوو، کە لەڕاستیدا گرفتی سەر ڕێگای ئەوسای ئێمە نەبوون.

_ بێجگە لەمانەش خودی ململانێی نێوان نەوزاد لەلایەک و جەمال کۆشش و عەبدوڵا سلێمان لەلایەکی تر لەسەر پەیوەستبوونی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و ئایندەی گۆڤاری ڕابەر و مەسەلەی دەق و خوڵقاوی ئەدەبی و هونەری، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە تێگەییشتنێکی وردمان لەسەر کارەکانمان، هەڵسووڕانمان، مەسەلەی دەق و داهێنان و سوودوەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەبوو، کە بە بۆچوونی من کاک هۆشەنگ لە بەشێک لە تێڕوانینەکانیدا درووست بوو.

_ سەرباری ئەمانەش گرتنەبەری شێوازی سیاسی لە نووسینی ڕاپۆرت بۆ کۆبوونەوە (کە دیارە شتێکی ئاساییە) و بەستنی پلینیۆم و کۆنگرە (کە زۆر نا ئاساییە) بە بیانووی لێکدانەوەی هەلومەرج و دانانی نەخشە و شتی تری لەم چەشنە، لە بنچینەدا نەک هەر کۆمەکی بە بردنە پێشەوەی نەخشەکان نە دەکرد، بەڵکوو بارێکی قورستری دەخستە سەرشانی ئێمە، بەتایبەت بۆ ئەڵقەیەکی ٢ یان ٣ کەسی خۆگەورەکردن و زەینگەرایی هاوڕێیانی ئەڵقەکە بوو لە بواری ڕێکخستن و ئارایشدانی خۆی و دەوروبەری.

_ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ڕابەر و بڵاوکراوەکانی تری ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە دەستنووس و لە ڕووبەرێکی زۆر بەرتەسکدا (بە لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی حیزبی بەعس)، کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر کۆکردنەوەی ئەدیبان و نووسەرانی چەپ و ئینسانیخوازی ئەو کاتە هەبوو. ئەمە بێجگە لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر تەنها بە یەک شێوەزار یانی، سۆرانی.

ـ ئێمە بەرژەوەندیی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستمان خستبووە پێش هەموو شتێک. ئەمەش بووبووە هۆی سیکتاریستبوونی ئێمە و ئەڵقەکە لەبەرامبەر بزووتنەوەی چەپ و کرێکاریدا. بۆیە ئەو میتۆدەی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بیری پێ دەکردەوە، میتۆدێک نەبوو، بتوانێ لە جەنگی گەورەی بۆرژوازی پشتی پێ ببەستێ، بەڵکە زیاتر بۆ مەحفەلگەرایی و بەرژەوەندیی لایەنێکی دیاریکراو (ڕەوتی کۆمۆنیست) بەسوود بوو.

ـ زمانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست زمانی سیاسیی بزووتنەوەی چەپ بوو. هیچ جیاوازییەک لەنێوان زمانی ئەدەبیی ئەڵقەکە و زمانی سیاسیی بزووتنەوەی چەپی ئەو کاتە نە دەبینرا. ئەمەش مانای بوونی کەلێنێکی گەورەیە لەنێوان ئەدەبیاتی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و جیهانی ڕاستەقینەی ئەدەب، کە خۆی لە زمانی جوان و خەیاڵی فراوان و ئێستاتیکای گونجاودا دەبینێتەوە.

ـ ئێمە هەرچەندە زۆر پێمان لەسەر ئازادی و بیرکردنەوەی ئازادانە دادەگرت و جەختمان لەسەر دەکردنەوە، بەڵام بچووکترین تێگەییشتنمان بۆ ئەو ئازادییە نەبوو. بەڵگەشم بۆ ئەمە، ڕەتکردنەوە و دەستکاریکردن و بڵاونەکردنەوەی چەندین بەرهەمی ئەدەبی بوو. چونکە لەگەڵ تێگەییشتنی ئەڵقەکە و بەرژەوەندیی ڕەوتی کۆمۆنیستدا نەدەهاتنەوە. بۆیە پێمان وا بوو، هەر کەس لەدەرەوەی ئەڵقەکە گەر دەقی ئەدەبیی جوانیشی بنووسیبایە، ئەوا ڕیڤیژینیست بوو و بەرهەمەکانی ئێمەش مارکسیستی و کرێکاریی شۆڕشگێڕانە بوون. لە ئەدەبدا قسەکردن لەسەر ئەوەی نووسەر ئەبێ، وا بڵێت و وا بنووسێت، جگە لە کۆت و بەندکردنی ئازادیی نووسەر هیچی تر نین. ئێمە وا بووین و دانپیانان بەم ڕاستییەش نەک هەر نەنگی نییە، بەڵکوو نیشانەی تێگەییشتنی درووستە لەسەر چەمکی ئازادی نووسەر و نووسەری ئازاد.

ـ لەگەڵ هەموو ئەمانەی کە باسم کرد، گۆڤاری ڕابەر و ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە مێژووی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستانی عێراق دەمێنن و توانییان گەلێک هەنگاوی جیدی لە داڕشتن و پتەوکردنی بناغەی ئەدەبێک کە پێی دەگووترا، ئەدەبی کرێکاری هەڵگرن.

**پرسیار:** کاک عەبدوڵا سلێمان! سوپاس بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و تەرخانکردنی کات بۆ چوونەوە سەر ئەو مێژووەی کە جێگای شانازی ئێمەی

کۆمۆنیست و مرۆڤدۆستە... با دوا وتە بۆ خۆت جێبێڵم، تۆ چی سەبارەت بەم مێژووە و نووسینەوەی ئەو مێژووە دەڵێیت؟

**عەبدوڵا سلێمان:** من هەمیشە کردەوە بە سەنگی مەحەکی شتەکان دەزانم. من دەزانم، زۆر کەس پێیان خۆشە ئەو مێژووە بنووسرێتەوە و ئاوڕی لێ بدرێتەوە، بەڵام ئەو کارە ناکەن. جا یان کاتیان نییە، وە یان تێگەییشتنێکی درووستیان لەسەر بایەخی بەدۆکیومێنتکردن و بەئەرشیفکردنی مێژووی خەباتی نەوەیەک لە مرۆڤە ماندوونەناسەکانی سێ چوار دەیەی ڕابردوو نییە، کە هەر هەوڵێکی نووسینەوەی مێژوو بە بێ ئاماژەکردن بەم نەوەیە و بەم مێژووە نا تەواوە. من ئێستاش ئەو حیزب و لایەنە کۆمۆنیستانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانن و خەریکی چالاکین، لە بەئەرشیفکردنی نووسین و بڵاوکراوە و گفتوگۆ و وێنەی ئەو ڕۆژگارانەی کە جوانترین ڕۆژەکانی تەمەنمان پێی بەخشی، بە کەمتەرخەم دەزانم، کە ئەمرۆ جگە لە چەند ڤیدیۆ، وێنە، نووسین و کۆمەڵێ یادەوەری، هیچی تری لێ نەماوەتەوە. ئەو وێنە، ڤیدیۆ و نووسینانە ڕەنگە لای حیزبێکی سیاسی بەئاسانی چنگ بکەون. ئای چەند جوانە ئەو حیزبە، کە بەری ڕەنجی ماندووبوونی ئەم نەوەیەیە، ئەو وێنە و ڤیدیۆ و یادەوەرییانە کۆ بکاتەوە و ئەو شانازییانە لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای ئەمڕۆوە بخاتەوە بەر دەستی خاوەنەکانیان و خەڵک. حیزبی سیاسی بەبێ بوونی بەشی ئەرشیف ناتەواوە. من خۆم جوان دەرک بەو بایەخە دەکەم و هەر هەوڵێک بێتە ئاراوە، خێرا بەدەنگییەوە دەچم و یارمەتی دەدەم. بەڵگەشم وەڵامدانەوەی خێرا و دەستبەجێی پرسیارەکانی ئەو بەڕێزانە بوو، کە بەنیازن مێژووی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان بنووسنەوە. ئەم کارەی تۆش بەئەرشیفکردنی مێژوویەکە، خەریکە لەناو دەچێت و تەنها لە ویژدانی نەوەیەک لە هەڵسووڕاوانی چەپ و کۆمۆنیستدا ماوە. ئەم کارەی تۆ جێگای دەستخۆشی و دەستگرتنە و شایانی هەموو یارمەتییەکە و بەو هیوایەم ئەم مێژووە لە پەڕاوێکی جوان و قەشەنگدا بەچاپکراوی ببینم و لەناخی دڵیشمەوە هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

تشرینی یەکەمی ٢٠١١

# "ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست"
## (گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد[1])

**پرسیار:** بەڕێز نەوزاد ئەحمەد! لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) باسی ئەوە ئەکرێت، کە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە لایەن سێ کەسەوە بنیات نراوە، کە یەکێکیان بەڕێزتی. بۆ کامڵکردنی باسەکەمان لەسەر ئەو ئەڵقەیە، پێمان باشە کۆمەڵێک بابەت بخەینە بەر باس و لەو بارەیەوە نەزەری خۆت بخەیتە ڕوو. من لەگەڵ ئەم نامەیەدا ئەو گفتوگۆیەت بۆ ڕەوان دەکەم، کە باسم کرد. لەو گفتوگۆیەدا "مەشخەڵ" باسی ناکۆکییەک لەنێو ئەڵقەی ئەدیبان لەنێوان تۆ و ئەواندا دەکات و پاش چەند دەیە بەسەر ئەو ڕووداوەدا، باسی ئەوە دەکات، کە لە هەندێ ڕووە بۆچوونەکانی تۆ درووست بوونە. پێم خۆشە، پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو باسە، سەرەتا بەوە دەست پێ بکەم، ناکۆکییەکانی ئێوە چۆن و کەی دەستی پێ کرد، ئایا هەر لە سەرەتاوە لە ئارادا بوون، وە یان نەخێر پاش ماوەیەک دەستی پێ کرد؟ بە تێگەییشتنی خۆت، ناکۆکییەکان چی بوون و لە چیدا خۆیان دەبینییەوە؟

---

[1] نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨٦_١٩٨٧ کۆلێجی ئەدەبیات/ بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تەواو کردووە.

یەکێک بووە لە دەرهێنەری گۆڤاری ئاسۆس، نێرگز و سەراب. لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە کاری کردووە، لەوانە: گۆڤاری کاروان، گۆڤاری ڕامان، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ڕۆژنامەی چاودێر، گۆڤاری "اشراقات كردية". ساڵانێک بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری "سردم العربي" لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بوو. لە ساڵی (٢٠١١)ەوە سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی نوێدا بەدەست هێناوە. پاشان لە ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە، کە تێزەکەی لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆمێژووییە بۆ ڕۆمانەکانی زوهدی داوودی.

خاوەنی ١٨ کتێبی چاپکراوە لە بوارەکانی ئەدەب و وەرگێڕان و بابەتی فکریدا.

ئێستا لە زانکۆی سلێمانی مامۆستایە.

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد:** بەڵێ من یەکێک بوم لەو سێ کەسەی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان دامەزراند. وەک لە وەڵامەکانی مەشخەڵیشدا هاتووە، ئەمە لە ساڵی ١٩٨٧دا بوو. مەشخەڵ تا ڕادەیەک سەرەتای دروستبوونی ئەو ئەڵقەیەی خستۆتە ڕوو، من ناچمە سەر ئەو سەرەتایە و هەوڵ ئەدەم، باسی چەند لایەنێکی تر بکەم.

ئێمە کۆمەڵێ گەنج بووین، کەوتبووینە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی تەوژمە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی ئەو کاتەوە، وەک ئێوەش دەزانن، ساتەوەختی هەفتاکان و هەشتاکان لەڕووی مێژووی سیاسی و فکرییەوە ساتەوەختێک بوو، بیری چەپ و مارکسیستی برەو و بەربڵاوییەکی زۆری هەبوو. کەم نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار هەبوو، هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم و ئەو ئاڕاستەیە لە بیرکردنەوەی چەپگەرایی نەبووبێ. من پێشتر لە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەنهێنی کارم کردبوو، لەڕووی نووسینیشەوە بەر لە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەر بە ئاراستەی ئەدەبی پێشکەوتنخوازی دەمنووسی و بابەتم وەردەگێڕا. واتە، بەر لە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری "رابەر"، ئەزموونم لە دەرکردنی دوو گۆڤاری تردا هەبوو، یەکێکیان گۆڤارێک بوو بەناوی "ئاسۆس" کە لە ساڵانی ١٩٨٣_ ١٩٨٤ لەگەڵ کۆمەڵێ لە خوێندکارانی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر دەرماندەکرد. ئەو کاتە من لەو زانکۆیە خوێندکاری بەشی عەرەبی بووم، ئەویتریشیان گۆڤارێک بوو لەگەڵ مارف عومەر گوڵ و خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی لە ساڵانی ١٩٨٤_ ١٩٨٥ بەناوی گۆڤاری "نێرگز" لە کەرکووک دەرماندەکرد. دواتریش لە ساڵانی ١٩٨٧_ ١٩٨٨ لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان و جەمال کۆشش گۆڤاری کۆمۆنیستیی "ڕابەر"مان دەردەکرد، کە بەدەست و بەکاربۆن دەماننووسییەوە و بەسەر ژمارەیەکی دیاریکراو لە هاوڕێکانمان بڵاومان دەکردەوە. لەوانەیە ئەمە موفارەقە و شتێکی سەیر بێت، لە ئاسۆس و نێرگزەوە بۆ ڕابەر، بەڵام من وەک وتم، لەو کاتانەشدا هەر بە ئاڕاستەی ئەدەبی مارکسیستی دەمنووسی و بابەتی نووسەرە مارکسیستەکانم وەردەگێڕا. بۆ نموونە، لە گۆڤاری نێرگزدا لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی قوتابخانەی ئەدەبیی کلاسیزم بڵاو کردەوە. لەوێدا لە دیدی مارکسیزم و بەپێی میتۆدی ماتەریالیزمی مێژوویی لە ئەدەب و قۆناغی کلاسیزم ورد بوومەتەوە. بەڵام هەر ئەو کاتەش پێم وابوو، لە باسکردنی ئەدەب و کۆمەڵگا، یان ئەدەب و مارکسیزم، پێویستە ئاگاداری سیما تایبەتییەکانی ئەدەب لەڕووی

ئێستاتیکا و فۆرم و ڕەگەزە هونەرییەکانی ئەدەبەوە بین. باوەڕم بەهەندێ چەمکی وەک ئەدەبی پرۆلیتاری، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و ڕیالیزمی سۆسیالیزم زۆر پتەو نەبوو، بەو پێیەی دەبێ ناوەڕۆکی بابەتی ئەدەبی پتر بابەتی هیومانیستی بێت. واتە، من بەو باکگراوندە ڕۆشنبیرییەوە چوومە ناو ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستەوە. بۆیە ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو، لەگەڵ بۆچوونی توندی ئەو دوو هاوڕێیەدا بەریەک کەوتین. بەر لەوەی باسی ناکۆکییەکانی خۆم لەگەڵ برادەرانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بکەم، پێویستە زۆر بەکورتی باسێکی ئەو ساتەوەختانە بکەم، کە کورد بەگشتی و ڕۆشنبیران و سیاسییەکان بەتایبەتی تیایدا دەژیان و بۆچوونی خۆم ئاشکرا بکەم، بەتایبەتی لەسەروبەندی پرۆسترۆیکا و لاوازبوونی بلۆکی سۆڤێتی و پاشان ڕووخانی.

لە دوادوایی جەنگی عێراق و ئێران حیزبی بەعس لە جاران دڕندانەتر کەوتە لێدانی بزووتنەوەی کوردی و داپڵۆسینی خەڵکی کوردستان، کە ئێوە تەفاسیلەکەی ئەزانن و من ناچمە ناوی. لەو کاتانەدا و بەتایبەتی پاش ئەنفال، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هێزە کوردییەکانی تریش بەتەواوی لاواز بوون و بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان ڕۆیشتبوون. لەو کاتانەدا ئێمە هەستمان بە بۆشاییەکی سیاسیی بەرچاو دەکرد. دەبووایە لایەنێک یان ئاڕاستەیەک و ڕەوتێک هەبێت، خۆمانی پێوە گرێ بدەین و لەبەرامبەر دڕندەیی بەعس کاردانەوەمان هەبێت. تەنها لایەنێکیش لە گۆڕەپانەکەدا بەفیعلی و بەئاکتیڤێکی بەرچاوەوە بوونی هەبوو، بریتی بوو، لە بزووتنەوەی چەپ، بەتایبەتی تەوژمە جیاجیاکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لە شارەکاندا بە نهێنی کاریان دەکرد، بەڵام ڕەواج و لایەنگریان زۆر بوون. من پێم وایە یەکێک لەو هۆکارانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تا ئەندازەیەک بەهێز کردبوو و لایەنگری زۆری بۆ پەیدا کردبوو، چۆڵیی ساحەکە و لاوازبوونی هێزە سیاسییەکانی تر بوو، ئەمە لەڕووی سایکۆلۆجییەوە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. باشە ئەو هەموو گەنجە ناڕازییە و ئەو خەڵکە بێزار و چەوسێنراوەی ژێردەستی ڕژێمێکی دڕندەی وەک بەعس چی بکەن، بۆ کوێ بچن و پەنا بۆ کێ بەرن؟! بەشێکی زۆریان خاڵیکردنەوەی ئەو خواستە شۆڕشگێڕی و لەڕاستیدا دەروونییانەیان لە خۆنزیککردنەوە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا دەبینییەوە، کە بەڕاشکاوی دەیڵێم و دان بەوەدا دەنێم، کە من یەکێک بووم لەوانە. بۆیە لەپاش ڕاپەڕین و نەمانی حیزبی بەعس، لەلایەک هێزە سیاسییەکانی تر بووژانەوە و

هاتنەوە ناو گۆڕەپانەکە و بگرە بوون بە حاکمی کوردستانیش. لەلایەکی تر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وردەوردە بەبەراورد لەگەڵ نیوەی دووەمی هەشتاکان بەرەو خامۆشی ڕۆیشت. بێگومان لوتکەی گەشەکردن و فراوانبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی شووراکانی سەردەمی ڕاپەڕیندا بوو، کە دەیتوانی ململانێی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بکات، بەڵام دواتر زۆر بەخێرایی، هێز و جەماوەریبوونەکەی پاشەکشەی کرد و خامۆش بووەوە.
ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوە نووسی، تا هۆکارەکانی جیاوازیم لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیەی تر لە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا ڕوون بکەمەوە، بێگومان لە نیوەی دووەمی هەشتاکان و لە ساڵی ١٩٨٧دا، جەمال کۆشش (حەسەنی توببیە)، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و من (هۆشەنگ) گرووپێکی ئەدەبیی کۆمۆنیستیمان بە ناوی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست درووست کرد و گۆڤارێکمان بەناوی رابەر دەردەکرد و بەدەست دەماننووسییەوە و بە کاربۆن کۆپیمان دەکرد. هەموو ژمارەیەک نزیکەی ٢٥_٣٠ دانەمان لێ کۆپی دەکرد و بەسەر هەندێ لە هاوڕێکانمان دابەشمان دەکرد. من ئەوسا زانکۆم تەواو کردبوو، بۆ سەربازی نە چووبووم و ناسنامەکەی زانکۆم تەزویر کردبوو و هەروەک جاران بەسیفەتی خوێندکار هاتوچۆم ئەکرد. هەر لە هەولێر لە گەڕەکی تەیراوە شوقەیەکمان مانگی بە ١٦ دینار بەکرێ گرتبوو و بەزۆری لەوێ کۆبوونەوەمان دەکرد. بەهەر شێوەیەک بووایە، مانگانە ئەو پارەیەمان کۆ دەکردەوە. یەکێک لەو کەسانەی یارمەتیی دەداین هاوڕێ فاتیمە ئەحمەد (هاوسەری سالار ڕەشید) بوو، کە لە دایرەی مەبانیی کەرکووک فەرمانبەر بوو، مانگی پێنج دیناری لە موچەکەی خۆی وەک یارمەتی دەداینێ، ئەو ئەیزانی بۆ چ ئامانجێک شوقەمان بەکرێ گرتووە.
من تەنها لە ٣ ژمارەی گۆڤارەکەدا بەشداریم کرد و دوای ئەوە بەهۆی ناکۆکییەکی قووڵەوە دەستم لەکار کێشایەوە، کە لە نووسینێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی جەمیل ئەمین هەندێ لەو ناکۆکییانەم درکاندووە و لێرەشدا باسیان دەکەمەوە.
هەر لە سەرەتاوە ناکۆکییەک لەنێوماندا سەبارەت بەوەی گرووپەکەمان سەربەخۆ، یان سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیست بێت، سەری هەڵدا. بێگومان من زۆر داکۆکیم لەوە دەکرد کە گرووپەکەمان سەر بە هیچ حیزب و ڕەوتێکی سیاسی نەبێت، بۆئەوەی بە ئازادی بنووسین و ڕای خۆمان دەرببڕین، بەڵام جەمال کۆشش (کە درەنگ بۆم دەرکەوت، خۆی سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیست بوو) مەیلی ئەوەی هەبوو، گرووپەکە

سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیست بێت. کەچی مەشخەڵ (کە تا ئەو ساتەوەختە بێلایەن بوو) هەندێ جار هەمان بۆچوونی منی هەبوو و هەندێ جاری تریش لایەنگری جەمال کۆشش بوو. ئەمە یەکێک لە ناکۆکییەکان بوو.
ناکۆکییەکی تر ئەوە بوو، جەمال کۆشش هەندێ بابەتی بڵاو کردەوە، من پێم وابوو، زۆر توندن و کەمتر دەچنە نێو بابەتی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییەوە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی لەسەر شێرزاد حەسەن دەینووسی و ئەو بۆچوونانەی لەسەر ڕۆمانەکانی حوسێن عارف و عەبدوڵا سەراج دەریدەبڕین. هەردوو ئەو هاوڕێیە ئەدەبی ئەو دوو ڕۆماننووسەیان بە ئەدەبی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی وەسف دەکرد، کە من نەمدەتوانی بەو چەشنە وەسفی ڕۆمان بکەم.
جگە لەمانە من لە هەندێ مەسەلەی دی دوودڵ بووم، بۆ نموونە، پێداگرتن لەسەر ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیزم، یان ئەدەبی پرۆلیتاری، یان جەختکردنەوە لەسەر دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا. ئەگەرچی زۆر بەئاشکرا ئەو چەمکانەم ڕەت نە دەکردنەوە و نەمدەوێرا، یان لەڕووم نەدەهات، ڕاستەوخۆ بڵێم، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و ئەدەبی پرۆلیتاری ڕەت دەکەمەوە.
بە هەر حاڵ دەمویست، بڵێم، مەرج نییە، ئێمە هەر هەموومان لەناو ئەو سنوورە و ئەو چوارچێوەیەدا بنووسین. سەرجەمی ئەمانە ناکۆکییەکانی ئێمەیان قووڵتر کردەوە و سەرەنجام من دەستم لەکار کێشایەوە. بابەتێکم لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکەم نووسی و وابزانم، ئەوانیش لە ژمارەی دواتری گۆڤارەکەدا بڵاویان کردەوە. دواتر جەمال کۆشش بە وتارێک بە ناونیشانی "هۆشەنگ و هۆشەنگیزم" وەڵامی دامەوە. بیرم نەماوە لە کام ژمارەی ڕابەردا بڵاوی کردەوە. بەڵام هەمیشە منیان بە کەسێکی ڕاڕا و بۆرژوازیی بچووک ئەناساند، بەتایبەتی کە لەو دەمانەدا من بابەتم لە ڕۆژنامەی "هاوکاری" و گۆڤاری "بەیان" و گۆڤاری "ڕۆشنبیریی نوێ"دا بڵاو دەکردەوە. بابەتەکانی من بەقەولی ئەوان، لە ئەدەبی پرۆلیتارییەوە دوور بوون.
بێگومان ئەم ناکۆکییانە هەرگیز نەبوونە هۆی ئەوەی پەیوەندیمان بپچڕێت، یان لەیەکتر زوێر بین، بگرە پەیوەندیمان هەر وەکوو جاران بوو، بەتایبەتی لەگەڵ مەشخەڵ، کە ئەو نەرمتر مامەڵەی لەگەڵ فکر و ئەدەبدا دەکرد. بەداخەوە ئێستا ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤاری "ڕابەر"م لەیاد نەماوە و زۆر حەز ئەکەم، ژمارەکانیم

دەست بکەوێ. چەند حەز ئەکەم، جارێکی تر جەمال کۆشش و مەشخەڵ ببینمەوە و دەربارەی ئەو ڕۆژانە بیرەوەری بگۆڕینەوە.
من کە وەڵامەکانی مەشخەڵم بۆ پرسیارەکانی بەرێزت خوێندەوە، بۆم دەرکەوت، بەرلەوەی بە نووسینێک دەستلەکار بکێشمەوە، ئەوان بڕیاریان دابوو، من لەو ئەڵقەیە دەربکەن. بە هەر حاڵ خواستەکە لە هەر دوو لادا بوو، هەر دەشبوو، بەو دەرەنجامە بگات. سەیر ئەوەیە، کە من لە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست جیابوومەوە، وردەوردە ئارەزوو و پەیوەندیم بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بە نووسراوەکانیانەوە زۆر کز بوو، تەنها پەیوەندیی شەخسیم بە هاوڕێکانمەوە مابوو.
بە وازهێنانم لە ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، هەستم بە ئازادییەکی زۆر کرد. وام دەزانی، لە زیندان بەربووم و ئیتر لەڕووی سایکۆلۆجییەوە زۆر خۆشحاڵ بووم. دواتر دەستم کردەوە بە نووسین و وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی و بڵاوکردنەوەیان. لەو کاتانەدا ئەوەی بێزاری دەکردم، ئەو هەموو وشە فارسییە بوو، کە برادەرانی کۆمۆنیست لەکاتی نووسین و گفتوگۆ سیاسی و ئەدەبییەکاندا بەکاریان دەهێنا. وەک ئەوەی بە کۆمەڵگەیان دەووت، جامیعە. زووزوو دەیانوت، جامیعەی ئێمە، یان جامیعەی کوردی، یان بە زەواجیان دەووت، ئیزدیواج، یان بە گۆڕەپانیان دەووت سەحنە، یان وشەی وەک ئەز قەزا و شتی وایان زۆر بەکاردەهێنا و نووسینەکانیان پڕ بوون لە وشەی فارسی، کە هەمووی کاریگەریی ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانی بوو. من ئەو کاتەش ڕەخنەم لەو شێوازی نووسین و قسەکردنە دەگرت و هەرگیز بەو شێوە زمانە نەمدەنووسی و قسەم نەدەکرد.

**پرسیار:** ئێوە خۆتان وەک ئەڵقەیەکی ئەدەبی و لە هەمان کاتیشدا سیاسی پێناسە کردبوو. لەم ڕووە لە لایەن "ئەڵقەی ئۆکتۆبەر"ەوە ڕەخنەیەکتان لێ گیرا و یەکێک لەو مەسەلانە کە ئێوەی دەخستە ژێر پرسیارەوە ئەوەبوو، دەیانگوت: ئەڵقەیەکی ئەدەبی کە دەیەوێ لە بواری هونەر و ئەدەبی کرێکاری کار بکات، لەگەڵ ئەڵقەیەکی سیاسی، کە کار بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەکات جوودایە، هەروەها لەو نووسینەدا باسی ئەوەی دەکرد، کە ئێوە دەبێ باس لە ئێستاتیکای مارکسیستی بکەن و کار لەسەر بووژانەوەی ئەو بکەن. لەو بارەیەوە نەزەرت چییە (دیارە هەمان ئەم پرسیارەم لە "مەشخەڵ" کرد، ئەو نەزەری خۆی لەو بارەیەوە خستە ڕوو، بەڵام

ئەو، ئەو نووسینەی لە یاد نەماوە)، ئەگەر لەبیرت مابێ، تێڕوانینی تۆ لەو دەمەدا و لەو ناکۆکییانەی کە لەنێو ئەڵقەکەدا لەئارادا بوون، چەند نزیکایەتی و لێکچوونیان لەگەڵ یەکدیدا هەبوو؟

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد:** بەداخەوە بیرم نەماوە، کە ئەڵقەی ئۆکتۆبەر نووسینێکی لەو چەشنەیان بڵاو کردبێتەوە، یان لەبنەڕەتدا من نەمبینیوە و ئاگام لێ نەبووە، نازانم کەی دەرچووە؟ ئەو کاتەی من لەناو ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بووم، یان جیا ببوومەوە؟ بەهەر حاڵ بەپێی ئەو ناوەڕۆکەی کە لە پرسیارەکەی بەڕێزتدا هاتووە، پێشنیارێکی زۆر جوانیان کردووە و ڕەخنەیەکی درووست و شایستەیشیان لە بۆچوونی برادەرانی ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست گرتووە. خۆزگە ئەوسا ئەو وتارەم ببینییایە، سائەگەر ئەوسا کارمان لەسەر ئێستاتیکای مارکسیزم بکردایە، ئەوا پێم وایە، کارێکی زۆر مەزنمان دەکرد و بەرهەمێکی ئێجگار گرنگ و بەکەڵکمان دەبوو. یانی، من ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە، کە ئەگەر لەو کاتانەدا هەندێ لە کتێبە ئەدەبییە مارکسیستییەکانمان تەرجەمە بکردایە، بۆ نموونە کتێبی (دەربارەی ئەدەب و هونەر)ی لینین، ئێستا گەنجینەیەکی باشمان لە کتێبی ئێستاتیکای مارکسیزم دەبوو، کە وابزانم، تا ئەمڕۆش نەکراون بە کوردی. وابزانم، ئەو ڕەخنەیەی ئەڵقەی ئۆکتۆبەر لە ئەڵقەی ئەدیبانی گرتووە، بۆ ئەوسا، خواستی من بووە. خۆ ئەگەر ڕایان بسپاردمایە، لەو بوارەدا کار بکەم و کتێبی ئەدەبیی مارکسیستیم تەرجەمە بکردایە، ئەوە بێ دوودڵی ئەو کارەم دەکرد. بۆ بەڵگەش، من لە ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری "ڕابەر"دا وتارەکانی لینینم دەربارەی تۆلستۆی ڕۆماننووس وەرگێڕا و دواتر لە نامیلکەیەکدا بڵاو کرایەوە.

وا هەست ئەکەم، تێڕوانینی ئەوسام تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەڵقەی ئۆکتۆبەرەوە نزیک بووە، کە بەداخەوە نەم دەناسین، یان من بەباشی بیرم نەماوە. بەداخەوە زۆر شتی ئەوسام بیر چۆتەوە، بەهۆی چاوپێکەوتنەکەی هاوڕێ مەشخەڵەوە هەندێ شتم بیر کەوتەوە. هەر من ئەو شتانەم بیر نەچۆتەوە، بەڵکوو زۆر کەسی دی هەندێ وردەکاریی گرنگی ئەو کاتەیان لەیاد نەماوە و لە یادەوەریدا کاڵبوونەتەوە. هۆکاری ئەو بیرچوونەوەیەش بەرای من، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە بەشی هەرە زۆری بابەتەکانی ئەوسا ون بوون و فەوتان، ئێستا زۆرزۆر پێویستە ئەدەبیاتی ئەو کاتە ئەرشیف بکرێن و ئەوانەی ماون لە فەوتان بپارێزرێن.

من له هاوڕێ مەشخەڵم بیستووە، که بابەتگەلێکی ئێجگار زۆر لەلای یەکێک له هاوڕێیانی ئەو سەردەمە پارێزراون، لەنێویاندا ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەریش هەن، ئەمە شتێکی زۆر دڵخۆشکەرە و هیوادارم ئەو هاوڕێیە لە خستنەبەردەستی ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندە ڕەزیلی نەکات. بەڕێزیشت زۆر چاک دەکەیت، که هەوڵی نووسینەوەی بەشێک لەو مێژووە دەدەیت.

**پرسیار:** ئەگەر ئاوڕێک لەو ڕابردووە بدەیتەوە، چۆن دەڕوانیتە کارەکانی ئەو ئەڵقەیە؟

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد:** وابزانم، لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا تا ئەندازەیەکی ڕوون بۆچوونی خۆم لەو بارەیەوە وتووە. من بۆ ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵ ئەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا بووم. بۆ ئەو ماوە کورتە و لەو زەمەنەی ئەوسادا جۆری کارکردن و بۆچوونەکانی ئەو هاوڕێیانەم ڕەت دەکردەوە. جا ئەگەر ئێستا ئاوڕ لەو ڕابردووە بدەمەوە و بەپێی پێوەرەکانی ئێستا و بە تێڕوانینی ئێستام بڕوانمە کارەکانی ئەو ئەڵقەیە (ئەگەرچی زۆر هەڵەیە بەپێوەرەکانی ئەمڕۆ هەلومەرجەکانی ڕابردوو بپێویت)، ئەوا جگە لە پێکەنین و ڕەخنەلێگرتن، هەڵوێستێکی ترم نابێت. چونکە ئەوسا زۆر هەرزەکارانە لە بیروباوەڕی کۆمۆنیزم و لە دیدی چەپگەرامان دەڕوانی. دەبووایە، بەزۆر بەو شێوەیە تەماشای کۆمەڵگا بکەین، که وەک کۆمەڵگاکانی ئەورووپا و سەردەمی مارکس بریتییە لە دوو چینی سەرەکی: بۆرژوازی و پرۆلیتاریا. بەهەڵە لەچەمکی پرۆلیتاریا تێگەییشتبووین و دەبووایە لە وێناکردنی زەینیی خۆماندا بەزۆر بوون و ڕۆڵێکی گەورە بەو چینە ببەخشین، بگرە بەهەڵە لە زۆربەی چەمکەکان تێگەییشتبووین و زۆربەی تیۆر و بۆچوونەکانمان بە لینگەوقووچی دەبینی. بەباشی لە چەمک و تیۆرەکانی مارکسیزم تێنەگەییشتبووین و سەرچاوەی گرنگمان لەبەردەستدا نەبوو. نەخوازەڵا ئەو کتێب و نووسینانەی ڕەخنە لە مارکسیزم دەگرن، هەر بەتەواوی قەدەغە بوون. کەس نەیدەوێرا بۆچوونێکی ڕەخنەیی لە مارکسیزم و لێنینیزم دەرببڕێت. لێرەدا ئایدیۆلۆجیای مارکسیزمیش، وەک ئایدیۆلۆجیای ئایینی و وەک دۆگماتیزم، بە پیرۆز تەماشا دەکرا و لەسەرووی ڕەخنەلێگرتنەوە بوو. ئەمە دواتر هاوڕێ مەشخەڵیش دەرکی پێ کردووە و پاشان بەتەواوی لەو شێوازی کارکردنە دوور کەوتۆتەوە.

من كه چاوپێكەوتنەكەی هاوڕێ مەشخەڵم خوێندەوە، كه دەڵێ، ئەوسا نەوزاد ڕاستی دەكرد، زۆرم پێخۆش بوو. ئەمە ئەوە دەردەخات، كه ئێمە تا چ ئەندازەیەک لەناو هەڵەشەیی و هەڵچوون و كاری پڕ لەهەڵەدا دەجووڵاینەوە و بۆچوونی سەقەتمان لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و ئێستاتیكای ماركسیزم هەڵگرتبوو.
ئەگەرچی ئێستا نازانم، بۆچوونەكانی جەمال كۆشش تا چ ئاستێک گۆڕاوە، بەڵام بەگشتی ئێمە لەكاركردندا زۆر توند و هەڵەشە بووین (وابزنم من كەمتر، چونكه باوەڕم بەزۆرێک له بۆچوون و هەڵسوكەوتەكانی ئەوان نەبوو. بۆیە نەمدەتوانی، داكۆكییان لێ بكەم. ئیتر ئەو هاوڕێیانەش منیان به دوودڵ و ڕاڕا و وردەبۆرژوازی وەسف دەكرد).
بێگومان ئێستا جۆری كاركردن و بۆچوون و باوەڕی بەشی هەرە زۆری برادەرانی بزووتنەوەی چەپ بەشێوەیەكی بەرچاو گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە و ئێستا له جاران نەرمتر و هێمنتر باسی ماركسیزم و خەباتی كۆمۆنیزمی دەكەن. بەشێكی بەرچاویشیان باوەڕیان بەو مەسەلانە نەماوە و وازیان هێناوە، تەنها به بیركردنەوە و بیروباوەڕ لەگەڵ ئایدیای چەپدان. من ئەم گۆڕانكارییە و ئەم نەرمی و هێمنییە له زۆربەیاندا دەبینمەوە.

**پرسیار:** له ئێستادا بۆچوونت لەسەر ئەوەی پێ دەگوترا، ئەدەبی كرێكاری چییە؟
**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد:** ئەگەر بشێ ژانرێک یان ستایلێک هەبێ بەناوی ئەدەبی كرێكاری، وەک ئەدەبی ژنان و ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی خەیاڵی زانستی و... تاد.، ئەوا بەدرێژایی حەفتا ساڵی سەدەی بیستەم ئەدەبی كرێكاری بەو ئەدەبە دەوترا، كه بزووتنەوە و مانگرتن و شۆڕشەكانی چینی پرۆلیتاریای ئەورووپایان پێچەوانە دەكردەوە و دەبووایە، ئەو ئەدەبە بەپێی "تیۆری پێچەوانەكردنەوە_ نظرية الانعكاس"ی دیدگای ماركسیزم بنووسرابایە. ئەو چەشنە ئەدەبە هەندێ ڕۆمانی جیهانی بەرهەم هێنا، لەوانە "دایک"ی مەكسیم گۆركی و "پاژنە ئاسنینەكان"ی جاک لەندەن و "دكتۆر جیڤاكۆ"ی بۆریس باسترناک و "یەكەمین مامۆستا"ی جەنگیز ئیتماتۆڤ و "دۆنی هێمن"ی میكائیل شۆلۆخۆف و "دایكە ئازاكە"ی بیرتۆلت برێخت و زۆری تریش. بەڵام له سەردەمی ستالین و پاش جەنگی دووەمی جیهانی ئەو ئەدەبە له ئاستێكی زۆر نزم و ڕووكاری و پڕۆپاگەندەیی و ئایدیۆلۆجیدا مایەوە. بەتایبەتی له سەردەمی سەپاندنی بەزۆری ڕیالیزمی سۆسیالیزم له لایەن

ژدانۆڤەوە، کە بەناوی ئەو چەشنە ڕیالیزمەوە ئەدەبێکی کەم بەهاو نزمیان خستە بازاڕەوە.
لەپاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێت و لەگەڵ خامۆشبوونی بزووتنەوە کرێکارییەکانی دنیا و لاوازبوون و نەمانی هەندێ لە پارتە کۆمۆنیستەکان، ئەو ئەدەبە بەو ئاست و مانایە لەسەر ڕووی ئەدەبیاتی ئەمڕۆدا کاڵ بۆتەوە، وەختە بڵێم نەماوە. خۆ ئەگەر ئەدەبێک هەبێت باسی چینی کرێکار بکات، ئەوە وەک بەشێک لە بابەتی گشتیی و وەک مەسەلەیەکی هیومانیستی باسی دەکات، بێ ئەوەی سەرانسەری ئەدەبەکە بۆ قەبەکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای حیزبێک یان ڕەوتێکی دیاریکراو تەرخان بکات. بۆ نموونە، هەندێ لە ڕۆمانەکانی گابریل گارسیا مارکیز و جۆرج ئەمادۆ و هەندی لە نووسەرانی دیکەی ئەمەریکای لاتین، بە شێوەیەکی واقیعی باسی چەوساندنەوەی چینی کرێکار دەکەن، بێ ئەوەی ئەدەبەکەیان ناو بنێن، ئەدەبی کرێکاری.

**پرسیار:** لە لایەن بەڕێزتەوە و لەو دەمانەدا کۆمەڵێک وتار و نووسراوەی مارکسیستی بۆ کوردی وەرگێڕدران، ئایا هیچ یەکێک لەوانەت لەلا ماوە؟ ئایا بۆ ئێستا ئەو کارانە بە پێویست دەزانی، مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر ئەو دەمە ئێستا بووایە، خۆت بەو کارانەوە خەریک دەکرد؟
**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد:** بەداخەوە هیچ یەکێک لەو بابەتانەم لەلا نەماوە و ئێستا زۆر حەز ئەکەم، دەستم بکەونەوە، چونکە بەشێکن لە خەبات و ڕابردووی ئێمە.
بەڵام ئەوەی، کە ئایا ئەو کارانە بۆ ئێستا پێویست بن، نەخێر، من وای نابینم، بۆ ئێستا بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی مارکسیزم پێویست بن. بۆ کاتی خۆی ئەو کارانە تەرجەمە بکرابانایە پێویست بوون، چونکە گوزارشت بوون لەو قۆناغ و سەردەمەی ئەوسا، کە دەکاتە نیوسەدە بەر لە ئەمڕۆ و تا هەشتاکانیش، بەڵام بۆ ئەمڕۆ زۆر پێویست نین، ئەگەر پێویستیش بن، ئەوا وەک بەشێک لە مێژووی ئەدەب پێویستن و وەک ئەوەی ئێمەش ئاگاداری ئەو پێشکەوتنە لە ئەدەب بین، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا برەوێکی زۆری هەبوو و لە زمانەکەی ئێمەشدا ئەو بابەتانە هەبوونە.
ئێستا هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بار و دۆخی سیاسی و بۆچوونی فکری گۆڕانکارییەکی ئێجگار زۆریان بەسەردا هاتووە. لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە نەوەی ئەمڕۆ لە نەوەی نیوسەدە یان ٣٠ ساڵ لەمەوپێش نەچێت و داواکاریی دیکەی

هەبێت. تەنانەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پاشکەوتنی کۆمەڵگا و ڕەخنە لە کەلەپووری ئایینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، شێوازی تر و ئاستی تر و زمان و فکر و بۆچوونی تر و بیرمەندی تر لەئارادان، کە ئەمانەی ئەمڕۆ کاریگەرترن. ئەمڕۆ لە ئاستی فکریی سیاسیدا چەمک و بابەتی وەک دیموکراسییەت و عەلمانیەت و فێمینیزم و ئازادیی تاکەکەس و لێکبوردن (تسامح) گرنگتر و پێویستترن. تۆ بڕوانە ئەمڕۆ لە ئاستی ئەدەب و ڕۆماندا، ڕۆمانەکانی مارکیز و ئۆرهان پامۆک و زۆری تریش پتر دەخوێنرێنەوە و برەوی زیاتریان وەک لە گۆرکی و چیخۆف و مایکۆفسکی و نازم حیکمەت هەیە. لە بواری ڕەخنە لە کەلەپووری ئایینی و ڕەوتە فێندەمینتالیستەکانیشدا کتێبەکانی محەمەد ئارکۆن و جۆرج تەرابیشی و نەسر حامید ئەبوزەید و هاشم ساڵح و هادی عەلەوی و ئەدۆنیس و ئەمانە ئێستا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خوێنەرانی کورد هەیە.

نیسانی ٢٠١٢

# "ڕێکخراوی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست[1]"
## (گفتوگۆ لەگەڵ جەمال ئەحمەد یوسف[2])

"پرۆلیتاریای کۆمۆنیست" یەکێک بوو لەو کۆڕ و کۆمەڵە کۆمۆنیستییانەی نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستان لە مەیداندا بووە و خاوەنی لێکدانەوە و تێڕوانینێک بووە، جیاواز لەوەی لە دەمەدا لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا باو و زاڵ بووە.

بۆ هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست، گفتوگۆیەکی هەمە لایەنە لەگەڵ یەکێک لە دامەزرێنەران و هەڵسووڕاوان و کەسایەتی نێو ئەم ڕێکخراوە، "جەمال ئەحمەد" ساز ئەکەین.

---

[1] ئەم وەڵامەم لە فایلی دەنگییەوە وەرگرتووە و نووسیومەتەوە/ سالار ڕەشید

[2] جەمال ئەحمەد یوسف (سەڵاح چاوشین) لە ساڵی ١٩٥٧ لە شار کەرکووک لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە. پاشان لە زانکۆی سلێمانی (دواتر سەڵاحەدین) وەردەگیرێ و کۆلێجی کشتوکاڵی لە ساڵی ١٩٨٠ تەواو دەکات.

کۆمەڵێک نووسین و وەرگێڕانی هەبووە و لە دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەدا بەشداری کردووە. لەوانە: لە سەردەمی گرووپی پرۆلیتاریای کۆمۆنیستدا لەسەر کێشەی نەتەوایەتی لێکۆڵینەوەیەکی (بە قەوارەی ٨٠ لاپەڕە) نووسیوەتەوە. وتارێکی لێنینی بەنێوی "نامە بۆ هاوڕێیەک" لە عەرەبییەوە کردووە بەکوردی. باسێک لەسەر ئەزمەی سەرمایەداری، کە لەوێدا ڕەخنە لە بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت دەگرێ.

لە ساڵی ١٩٩١دا هەڵسووڕاوێکی چالاکی بزووتنەوەی شوورایی بووە و لەگەڵ "نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد"دا ٦ ژمارە لە بڵاوکراوەی "شوورا"یان درکردووە. هەروەها لە دەرهێنانی بڵاوکراوەی "دەنگی بێکاران"دا بەشدار بووە.

یەکێک بووە لەو دەیان کادرەی کە حککع"یان دامەزراند و پاشان بەهۆی کێشەی فکرییەوە لە ساڵی ٢٠٠٠ دەستلەکار دەکێشێتەوە.

لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە لە سایتی "الحوار المتمدن" کار دەکات و ئەندامی دەستەی دەرهێنەرە و تا ئێستا ١٦ وتاری تێدا بڵاو کردووەتەوە.

لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە لە وڵاتی سوێد ئەژی.

**پرسیار:** بەڕێز جەمال ئەحمەد! پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ڕێکخراوی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست باشتر وایە، پرسیاری ئەوە بکەم، پێش ئەوەی ئەم ڕێکخراوە پێک بهێنن، شێوەی کاری سیاسی تۆ چۆن بووە؟ مەبەستم ئەوەیە: چۆن بە مارکسیزم و کۆمۆنیزم ئاشنا بوویت؟ ئەوەندەی من بزانم، ماوەیەک پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوویت، بەبێ ئەوەی یەکێتیت وەک فکر قبووڵ بووبێت؟ ڕاستیی ئەو مەسەلەیە چۆنە؟ کەی وازت هێنا و بۆچی؟

**جەمال ئەحمەد:** من لە خێزانێکدا پەروەردە بووم، کە لە سیاسەت دوور بوو. لە قۆناغی ئامادەییەوە، لەگەڵ خوێندنەوەدا خەریک بووم، خوێندنەوەی کتێبە سیاسییەکان، کە مارکسیزمیش بەشێکی بوو. لەو سەردەمەدا فکری باو کۆمۆنیزم بوو، هەر کەسێک خۆی بە مۆدێرن بزانیبایە، ئەبووایە کۆمۆنیست بێت. کۆمۆنیزم شوێنێکی خۆشەویست و موعتەبەری لەنێو خەڵکیدا هەبوو، هیچ نەبێ لەنێو ڕۆشنبیرەکان. منیش ئەمەویست خۆم لەوێدا ببینمەوە. بەڵام دوای ئەوەی لە زانکۆ وەرگیرام، لە زانکۆی سلێمانی، لەوێ بە کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی باڵەکەی شێخ شەهاب و شەهید ئارام ئاشنا بووم و پەیوەندییەکی زۆرم لەگەڵیاندا هەبوو، کار و فەعالییەتم دەکرد، یارمەتییانم ئەدا، بەبێ ئەوەی ئەندامیان بم. لە هەمان کاتدا پەیوەندیم لەگەڵ بەشەکەی تری کۆمەڵەی ڕەنجدەران، واتە، ئەو بەشەی کە گیران، ئەوەی ئیبراهیم حەسەن ئیعتیرافی لەسەریان کرد، هەبوو. ئەمەش وای لێم کرد، لە دوو بەشی جیاوازی کۆمەڵە نزیک ببمەوە، کە نەم ئەزانی جیاوازیی نێوانیان چییە، تاوەکوو یەکێکیان هەڵبژێرم.

لە هەمان کاتدا حیزبی شیوعیی عێراقی هەبوو، کە لە پەنای دەسەڵاتدا بوو و بانگەشەی کۆمۆنیزمی ئەکرد و ناوی بە کۆمۆنیزمەوە پەیوەست بوو. ئەوەش جێگای پرسیار بوو، کۆمۆنیزم قبووڵ ئەکرا، بەڵام حیزبی شیوعی قبووڵ نە ئەکرا، چونکە لەگەڵ حیزبی بەعس لە بەرەیەکدا بوو. بۆئەوەی بەتەواوەتی مارکسییەتی خۆت ئیعلان بکەیت و ڕەخنەت لە حیزبی شیوعی بگرتایە، ئەبوو ئەوت بناسیبایە. نزیکایەتیم لەگەڵیاندا هەبوو، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەعسدا هاوڕێیەتیم لەگەڵیاندا هەبوو.

من خۆم و چەند هاوڕێیەک لەو دەمەدا سەروکارمان لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا هەبوو. بەڵام لە هیچ یەکێک لەو ڕێکخراوانەدا ئەندام نەبووین. لە هەمان کاتدا ڕێکخراوی

ترۆتسکییەکان هەبوو، وەکوو ئەندام لە زانکۆدا نەبوون و لە پەیمانگادا هەبوون، بەڵام وەکوو ڕێکخراو ئاگام لێیان نەبوو. لەگەڵ ئەوانیش نزیکایەتیم هەبوو. لەو دەمەدا لە زانکۆ قسەگۆڕینەوە بەو شێوەیە باو بوو، بەڵام ئەندامی هیچ ڕێکخراوێک نەبووم.

تا ساڵی ١٩٨٠ کە جەنگی عێراق_ ئێران دەستی پێ کرد. زانکۆم تەواو کرد. جەنگ قبووڵ نە ئەکرا. هیچ ڕێگایەکی دیکە نەبوو. لەناوشارمانەوە زەحمەت بوو. هیچ هێڵێکی سیاسیم نەبوو. کۆمەڵێک پەیوەندیی شەخسیم هەبوو. هەرچەندە لە کاتی زانکۆدا یەک_ دوو جارێک هەوڵمان دا، کە حەڵەقات درووست بکەین، بەڵام لەبەر بێتوانایی خۆمان بە شوێنێک نە گەییشتین. کاتێک کە پێکەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە دانیشتین، بڕیارمان دا، کە وا باشترە بچمە دەرەوەی شار. جارێ ئەوان هەر خوێندکاری زانکۆ بوون. من شارم بەجێهێشت و چووم بوومە پێشمەرگە لەناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگێک لە سەرکردایەتیی یەکێتی لە میوانخانە لە لای شێخ تالیب دانرام. بەڵام هەر لە سەرەتادا و هەر لەڕێگاوە، پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ، "نەجمەدین فاتیح"م بینی و هەواڵی بار و دۆخەکەم لێی پرسی و پرسیاری ئەوەم کرد، کە چۆن کار ئەکرێ؟ وتی، کاتێک گەییشتیتە سەرکردایەتی، پەیوەندی بە هەرێمی جووتیارانەوە بکە، زۆربەی ئەو برادەرانە لەوێن و پاشان وەزعەکەت بۆ ڕۆشن ئەبێتەوە. بەڵام کاتێک چوومە سەرکردایەتی، نەمتوانی دەستم بەو هاوڕێیانە بگات. بار و دۆخەکە لە سەرکردایەتیی یەکێتی بەجۆرێک بوو، کە لەناوشارەوە تەسەور نە ئەکرا، یانی بەو جۆرە نەبوو، کە یەکێتی ڕێگەی قسە و باست پێ بدات و بتوانی ئازادانە ڕا و نەزەری خۆت بدەیت، لەولاشەوە تۆ وەک ئینسانێکی سەربەخۆ لەناو یەکێتیدا بمێنیتەوە! ئەوەبوو تەنگیان پێمان هەڵچنی. بۆیە ناچار خۆم و سێ برادەری تر، کە خەڵکی سلێمانی بوون، لە لای یەکێتی هەڵهاتین و ڕۆییشتین بۆ ئێران و لەوێ بووینە پەناهەندە. لە ئێران لە شاری نائین، کە لە نێوان ئەسفەهان و یەزدە، ئیقامەمان وەرگرت و چەند هەفتە بۆ مانگێک ماینەوە. لەوێ پەیوندیم لەگەڵ سازمانی چریکەکانی خەڵق/ ئەقەلییەت بەست. ئەو کاتەی کە لە زانکۆ بووین، قسە و باسی ئەوان ئەگەییشتە عێراق و مەیلی ئەوانمان هەبوو. دوای مانگونیوێک مانەوە لەوێ، ئاگادارمیان کردەوە، کە حکوومەت بەو پەیوەندییەی منی زانیوە و لەوانەیە بگیرێم، بۆیە ئەبێ لێرە نەمێنم. ئیتر ئەوێم بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ

شاری سەقز. لەوێ بەبێ ئەوەی پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە هەبێ، خۆم و هەشت کەسی دیکە، کە ئەوانیش هەر خەڵکی عێراق بوون، تەبلیغاتمان بۆ کۆمەڵە لە دژی دیمۆکرات ئەکرد. لەوێش ئاگادار کراینەوە، کە یان بۆ نائین وە یان بۆ عێراق بگەڕێینەوە، چونکە لەوانەیە دیمۆکرات دەستمان لێ بوەشێنێ. ئیتر ئێرانم بەجێهێشت و بۆ عێراق گەڕامەوە و دەستم کردەوە بە پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیانی ناوەوەدا. من باسی ئەوەم لەگەڵ کردن، کە ئەمەوێ بێمەوە ناو شار و کار و فەعالییەتێک دەست پێ بکەین. بەڵام ئەوان ڕایان لەسەر ئەوە نەبوو و پێیان وتم، ئێستا قسە و باس لەسەر ئەوەیە، یەکێتی بنکەی شۆڕشگێڕی تێدایە، کە ئەکرێ دەوری باشی تێدا بگێڕی و لەم خەتە سیاسییەی ئێستای لای بدەیت و ببێتە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ. هەروەها "کارگەران"یش بڕیاری ئەوەی داوە، کە بەختیار مستەفا بە عەلەنی و بە نوێنەرایەتیی کارگەران قسەیان لەگەڵدا بکات. کە سەرەنجام عێراقییەکان دەتوانن ئازادانە لەناو یەکێتیدا کار بکەن و یەکێتی ڕێگەی پێیان داوە. لەو کاتەدا بوو، کرمانج و کەمالیش هاتنە دەرەوە و بوونە پێشمەرگە. ئیتر هەرسێکمان لە ناوەندیی کۆمەڵە بووین.

دوای ئەوە مەڵبەندەکان دانران. فشاریان بۆمان هێنا. هەرێمی جووتیاران هەڵوەشایەوە. قسە و باسەکان لەسەر ئەوەبوو، کە بڵاو نەبینەوە، نەوەک زەربەیەک بخۆین، چونکە چەند کەسێک لە پەناوە کوژران، کە یەکێک لەوانە، ئازادی مەلا بوو. ئیتر وا بەباش زانرا، کە بچینە مەڵبەندی یەک. لە مەڵبەندی یەک کۆبووینەوە و ئیتر ئەو کاتە ئێمەش لە ڕێکخراوی کۆمەڵە لەوێ لای ئەبوو شەهاب بووینە پێشمەرگە. ماوەی چەند مانگێک لەوێ ماینەوە. ڕاپۆرتێکی غەڵەتیان لەسەرمان نووسی بوو، کە گوایە ئێمە سەر بە ڕێکخراوی کارین و بە نهێنی کار ئەکەین و ئەبێ مقەڕی ڕێکخراو بەجێ بهێڵین. کە ئەوێمان بەجێهێشت، قۆڵی سالار و مەلا بەختیار داوایان لێ کردین، کە دانەنیشین، بەڵکوو لەگەڵ ئەوان کار بکەین، ئەگەر هاتوو بە ئەنجامێک گەییشتین. ئیتر ئێمەش لای ئاراسی حەمە لاو بووینە پێشمەرگە. دوای ئەوە سالار داوای ئەوەی کرد، کە بچینە لای ئەو. ماوەیەک لای ئەویش ماینەوە.

لەو کاتەدا، کە ساڵی ١٩٨٣ بوو، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دامەزرا. قسە و باسی ئەوان زۆر بەگەرمی هاتە ناوەوە. کاتێک کە باس و نووسینەکانیانمان بینی، من بەپێی ئەو کلاسیکییە مارکسییەی کە خوێندبوومەوە، هەندێک ڕەخنەم لێیان هەبوو.

لەوانە سێ خاڵ بوون، وەک بێتەوە بیرم، کە هەتا ماوەیەکی زۆر قسەمان لەسەری کرد. ئەوانەش بریتی بوون لە: یەکەمیان، مەسەلەی دوو ناوەند لە یەک حیزبدا، کە ناوەندیی کۆمەڵە لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ئیمتییازی هەبوو. دووەمیان، مەسەلەی خودموختاری بۆ چارەسەری کێشەی کورد، کە ئێمە لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسدا بووین. سێهەم، مەسەلەی خەباتی چەکداری لە شاخ، کە ئەوە شێوە خەباتێکی جووتیارییە، کرێکاری نییە، چینی کرێکار ناتوانێ بێتە شاخ و بۆئەوەی ئەو خەباتە بکات، ئەبێ شار بەجێ بهێڵێ. جگە لەوەش فەزای لادێ فەزایەکی عەشایەری، فەزایەکی دواکەوتووە، کە ئافرەت بەهیچ شێوەیەک جێی تێدا نابێتەوە، تا لەو خەباتەدا دەور بگێڕێ. مەدەنییەت بە هیچ شێوەیەک لە ئارادا نەبوو، دوور بووی لەو چینەی، کە تۆ بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکەیت، کە ئەوە شۆڕش ئەکات. ئەو ڕەخنانەی ئێمە کارێکی وای کرد، کە سالاریش لێمان بێتاقەت بێت. ئیتر ئەوانیش دیوارێکیان لەگەڵمان دانا.

ئەو بەشە لە مەڵبەندی یەک بەرەو ئەوە ڕۆیشتن، کە ئاڵای شۆڕش دابمەزرێنن و ئەو کاتە بەخۆیان دەوت، داش عێراق و بە ئێمە و کۆمەڵێکی تر، کە بەشێک لە کارگەران، یەک دوو ئەندامی کار، کە پێشمەرگە نەبوون، دەوت، عێراقی. جا کەسەکانیش دیار نەبوون، بەزۆری وەکوو ئیتیهام هەر کەسە ڕەئییەکی ئەدا و ڕێکخراوێکیان بەسەری دائەبڕی. ئەو وەزعە درێژەی کێشا، هەتا گەییشتە ساڵی ١٩٨٤ کە کاتی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و حکوومەت بوو. ئێمە لەو دەمەدا بەشداری خۆپێشاندانەکانمان کرد. ئەوە جارێکی تر ئێمەی لە یەکێتی زۆر دوور خستەوە و هەڕەشەمان لێ کرا. بۆیە ناچار وازمان لە یەکێتی هێنا و وەک کەسانی ئازاد بۆخۆمان کارمان دەکرد. هەتا ساڵی ١٩٨٥ لە خاڵەبازیانی دانیشتین، تا ئەو کاتەی کە حکوومەت عافواتێکی دەرکرد، ئیتر کەس نەمایەوە. بەڵام وەزعەکە بەجۆرێک بوو، کە جارێکی تر نەمان ئەوێرا بێینەوە ناوشار، لەولاشەوە لە سایەی یەکێتیدا زەحمەت بوو، بتوانین دابنیشین، بۆیە بەناچاری چووین بۆ ئێران. پاشان هەر مانگێک دوو مانگ لە ئێران ماینەوە، بەهیوای ئەوەی بچین بۆ خاریج. بەڵام دوایی لەوە پەشیمان بووینەوە، ئەویش دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆرمان لەو شۆڕشگێڕ و چەپانە بینی، کە ئەیان وت، ئێمە وازمان لە هەموو شتێک هێناوە، لەبەر ئەوە ئەچین بۆ خاریج، ئەگەر نیازی شتێکتان هەیە، ئێوە بگەڕێنەوە. ئێمەش ئەو کارەمان کرد و دانیشتین، بەنهێنی لە شاخ ماینەوە، بەڵام گوشاری یەکێتی ڕێگەی پێ نە

ئەداین و لەولاشەوە گوشاری حکوومەت هەبوو. ئەمانە لەکاتێکدا بوو، بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەییمان هەبێ. پاشان بڕیارمان دا، کە بگەڕێینەوە بۆ ناوشار. ئیتر بەشێوەیەکی نهێنی هاتینەوە ناوشار و بەو جۆرە هەتاوەکوو ساڵی ١٩٨٧ ماینەوە. ئەمە پێشینەی کاری من بوو.

**پرسیار**: بیرۆکەی پێکهێنانی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست چۆن لەلاتان سەری هەڵدا؟ کەی پێک هات؟ کێ بوون دامەزرێنەرانی؟ دامەزرێنەرانی لەو دەمەدا چ کارەبوون؟ خەڵکی چ شار و ناوچەیەک بوون؟ پاش ئەوەی پەرەتان سەند، ئەندام و لایەنگرانتان لە چ شار و ناوچەیەک هەبوو؟ ئایا غەیرە کوردتان لەگەڵدا بوو؟

**جەمال ئەحمەد**: بۆ خۆمان ئەو ماوەیەی کە لە دەرەوە یان لە زانکۆ بووین، کۆمەڵێک پەیوەندیی پانوبەرینمان هەبوون، ئەو پەیوەندییانە هەر بەردەوام بوون، دائەنیشتین، قسە و باس و ڕاگۆڕینەوەمان ئەکرد، نووسراوەی لایەنەکانمان دەستئەکەوت و موناقەشەمان ئەکرد. ئیتر بەو جۆرە فەزایەکمان بۆخۆمان دروووست کردبوو.

لە ساڵی ١٩٨٧دا هەلومەرجێک هاتە پێشەوە کە حکوومەت بەنیاز بوو، گوندەکان بهێنێتە خوارەوە. بەوهۆیەوە پێکدادانێک لە نێوان خەڵک و حکوومەتدا هاتە پێشەوە، کە وەک بەبیرم بێت، لە شەقڵاوە، لە سەیسایەق، لە چەمچەماڵ (ئەمەی کە ئێستە باسی ئەکەین، نزیکەی ٢٥ ساڵێک بەر لە ئێستەیە. لەبەر ئەوە ئەگەر هەموو ئەو ڕووداوانە زۆر بەتەواوەتی نەیاتەوە بیرم، وە یان زۆر ڕۆشن نەبم، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوە دووروودرێژە. داوای لێبووردن ئەکەم لە هەر هەڵەیەک، ئەگەر شتێکم بە هەڵە باس کردبێ، ئەکرێ ئاگادارم بکەیتەوە). ئیتر لەو سەردەمەدا کارگەران نەمابوو، بووبووە چەند بەشێکەوە. بەشێکی ڕەوتی کۆمۆنیستی درووست کرد و بەشەکەی تری لەگەڵ کەسانی تردا چەند ڕێکخراوی دیکەیان درووست کرد. بەڵام ئەوان فەعالتر بوون، لەبەرئەوەی ڕەوت زیاتر مەسائیلی تیۆری تەرح ئەکرد و نەیئەویست خەباتی عەمەلی بکات. ئەو بەشەی تری بوو، بەیاننامەیەکیان سەبارەت بەو وەزعە دەرکرد و هەر لەناو بەیاننامەکەدا وەک بێتەوە بیرم، باسی ئەوە ئەکات، کە چۆن خۆمان ئامادە بکەین و چۆن خۆمان ڕێک بخەین. شێوەی ڕێکخستنەکانی بەوە تەرح کردبوو، شوورا لە لادێکان درووست بکەین و کۆمیتە لە شارەکان. ئێمەش ئەو کاتە لە شار بووین، بیرمان لەوە کردەوە، کە ئەو پەیوەندییانەی خۆمان

ڕێک بخەین، بۆ ئەوەی بۆ هەر وەزعێک ئامادە بین. بۆئەوەی ئەگەر ئەو ناڕەزایەتییانە هاتە ناو شارەکانەوە، بتوانین ڕابەرایەتی بکەین، بەرەو پێشەوەی بەرین و لەگەڵ حکوومەتدا بەرەوڕوو ببینەوە. ئەلەوێدا بەپێی شوێنەکان کۆمیتەمان پێک هێنا. کۆمیتەی ئیمام قاسم، ئیسکان، شۆڕیجە، زانکۆی سەلاحەدین، دبس، بەغدامان پێک هێنا. لە سلێمانییەوە ئەکرەم میهرداد بۆلامان هات. قسە و باس لەسەر ئەوە کرا، کە کۆمیتە لە سلێمانی دابمەزرێ. پاشان لەگەڵ کۆمەڵێک برادەر قسە و باسمان کرد، بەڵام نەگەییشتینە حاڵەتی کۆمیتەدانان. لە زانکۆ بووین، لەگەڵ نزار ئاکرەیی (سەیدا حوسێن) قسە و باسمان کرد. ئیتر نازانم، ئەو لە ئاکرێ و لە ناوچەی بادینان چی کرد. بەیاننامەمان دەرکرد، بڵاومان کردەوە. زیاتر ناوەندی هەڵسووڕانمان لەنێو زانکۆ بوو، لە بەشەناوخۆییەکان کارمان دەکرد. بەڵام ئەو وەزعە گەشەی نە کرد. ئیتر هەر لەوێدا دامرکایەوە و ئەو ناڕەزایەتییە جەماوەری و ئەو پێکدادانە جەماوەرییانە نەهاتنە نێوشارەکان و ئێمەش بە شوێنێک نەگەییشتین و لەوێدا ڕاوەستاین.

لەناو کۆمیتەکاندا قسە و باس لەسەر ئەو هەلومەرجە هاتە پێشەوە، کە حکوومەت درووستی کردبوو. یەکێک لەو قسە و باسانە ئەوەبوو، ئەوەی کە حکوومەت ئەیەوێ بیکات، لەدرێژەی شەڕی عێراق ئێراندایە. ئەوە نەزەری من بوو. بەڵام لە نەزەری هاوڕێ سەلامدا، ئەو کارەی کە حکوومەت دەستی پێ دابوو، بۆ دژایەتیکردنی کورد بوو. ئیتر کار گەییشتە ئەوەی کە وتیان، هەر یەکە با تێڕوانینەکانی خۆی بنووسێتەوە. ئیتر هەر یەکەمان کەوتە نووسینەوەی نەزەری خۆی، من بە زمانی کوردی و ئەو بە عەرەبی. دوای ئەوەی لە نووسینەوەی بووینەوە، لەناو خۆماندا بڵاومان کردەوە. قەرار بوو ئەوەی ئەو وەربگێڕدرێتە سەر کوردی، بەڵام هیچ کەسێک بەو کارە هەڵنەسا، ئیتر ئەوەندە بڵاو نەبووەوە. ئەو باسەی من بەناوی تێڕوانینێکی تیۆری بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە وەک بێتەوە بیرم، نزیکەی هەشتا لاپەڕەیەک ئەبوو. دوایی بە ڕۆنیۆ ڕامان کێشا و بە ژمارەیەکی زۆر بڵاومان کردەوە. ئیتر ئەوە بووە باسێک، کە زۆربەی کۆبوونەوەکانمان لە دەوری ئەو تەوەرەی بەستبوو.

لەدوای ئەوەی کە وتم، وەزعەکە نەچووە پێشەوە و هەر لەجێی خۆمان ماینەوە، بەو پرسیارە گەییشتین، باشە ئێمە بۆچی لەم کۆمەڵە خەڵکەی کە لە

دەورووبەرمانە، ڕێکخراوێکی سیاسی دانەمەزرێنین و پاشان ئیدامەی پێ بدەین و بەرەو پێشەوەی بەرین. هاتینە سەر ئەو بڕوایەی ئەو کارە بکەین. ئەویش ئەڵقەیەکمان بەناوی ناوەندی درووست کرد، کە پێکهاتبوو لە کرمانج (ئیبراهیم مستەفا)، سەید نەوزاد (نەوزاد عەبدوڵا)، کاروان ئەسعەد و من، ئەم چوار کەسە بووین. لە گەڕەکەکانیش ئەڵقەمان پێک هێنا و لەدەوری ئەم ناوەندە دامان نا و پەیڕەوێکی ناوخۆشمان دانا. پاشان کەوتینە قسە و باس، کۆبوونەوەی دەوری، ئابوونە کۆکردنەوە، دوای ئەوە هاتینە سەر ئەوەی، لە کوێ کار بکەین؟ مەیدانەکان و کرێکارانی مەیدانمان دانا، دەستمان بە نەوت نەگەییشت، ئەمانەویست بەرەو ئەوێ بڕۆین. لە دائیرەی ئەشغاڵ و کارگەی چیمەنتۆی لەیلانیش ئەڵقەمان پێک هێنا.

ئیتر ئەگەر نەختێک بۆ دواوە بگەڕێمەوە، سەلام لەدوای ئەو وەزعە کۆمیتەی بەجێهێشت و لەگەڵ "پرۆلیتاریای کۆمۆنیست"دا نەهات. دوای ماوەیەک کارکردن، لەسەر بار و دۆخێک کە لە کەرکوک هەبوو، بەیاننامەیەکمان بڵاو کردەوە، کە وەک بێتەوە بیرم، ساڵی ١٩٨٨ بوو، کاتێک کە پرۆسەی ئەنفال دەستی پێ کرد. پێکدادانێک لە چەمچەماڵ ڕووی دا، چەند ئەندامێکی ئێمە تیایدا بەشدار بوون. بەیاننامەیەکیشمان دەرکرد و لەوێ و لە عیمارە سەکەنییەکەی کەرکووک، گەڕەکەکانی تر، لە شاری سلێمانی، هەولێر و هەندێک لە قەزا و ناحییەکان، کە ژمارەکەی نازانم، بڵاو کردەوە. دوای ئەوە لە عیمارە سەکەنییەکە کۆمەڵێک گیران. وابزانم، بیست کەسێک دەبوون، پێم وابێ، دو کەسیش فەسڵ کران، بەڵام ئەو کرێکارانەی، کە فەسڵ کران و گیران، هیچیان ئەندامی ئێمە نەبوون و ئەوانەی ئێمە بەرنەکەوتن و بۆ حکوومەتیش دیار نەبوو، کێن ئەوانەی ئەمە ئەکەن.

دوای ماوەیەک هەستمان بەوە ئەکرد، کە کارەکانمان لەلای هاوڕێ کاروان و سەید نەوزادەوە ناچنە پێشەوە، بۆیە هاتینە سەر ئەوەی کە گۆڕانکاری لە ناوەندا بکەین. حەیدەر محەمەد ئەمین هاتە ناوەند و سەید نەوزاد و کاروان بەجێیان هێشت. ئیتر ناوەندمان کردە من و کرمانج و حەیدەر، بەڵام ئەندامانی تریش هەر مانەوە و کەس وازی نەهێنا. واتە، تەنها ئاڵوگۆڕ لە ڕێکخراودا کرا. دوای ئەوە ڕێکخراومان بەسەر سێ خەت دابەش کرد، هەر کەسە خەتی خۆی بەجیا هەبێت. ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر خەتێک زەربەی ئەمنی خوارد، ئەوانی تر بمێننەوە. من لە لای خۆمەوە لەگەڵ نەوشیروان، فوئاد، فاروقە سوور و مامۆستا ئەسعەد کارم دەکرد.

ئیتر ئەوانیش ئەڵقەی تریان لە دەوری خۆیان هەبوو، پەیوەندییان دامەزراند. لە لای کرمانجەوە (من سەبارەت بە خەتی خۆم ئەتوانم بە دڵنیاییەوە قسە بکەم، بەڵام بۆ ئەوانەی کە لە لای کرمانج و حەیدەر بوون، ناتوانم بە دڵنیاییەوە قسە بکەم، ئەوە خۆیان باشتر ئەزانن) وابزانم، عومەر مەولوود، نەجم سوورە، جەلال حەمید ڕۆستەم و مەجید مەلا حەمید بوو. لە لای حەیدەرەوە لە دبس و هەولێر ئەندامی هەبوو. هەروەها لای من لە هەولێر خەلیل شورتە هەبوو، ئەویش ئەڵقەی لەدەوری خۆی هەبوو. لە شاری سلێمانی کرمانج زیاتر ئەڵقەی هەبوو، ئیتر بەشەکانی تر بە درێژی نازانم.

لەو ماوەیەدا نامەیەکی لێنینمان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی بەناوی، نامە بۆ هاوڕێ. دوای ئەوەش ڕەوت جارێکی تر هەمان وتاریان بۆ کوردی وەرگێڕایەوە.

پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێک ڕێکخراودا هەبوو، کە بەتەواوەتی نایەتەوە بیرم، بەڵام هیچی لەڕێگەی منەوە نەبوو، بەڵکوو لەڕێگەی کەسانی ترەوە بوون. فوئاد لەگەڵ ئاسۆ کەمال و عومەر مەولوود لەگەڵ ئەحمەد موعین پەیوەندییان هەبوو. ئەگەر پەیوەندییەکی دیکە لە لای کرمانج و حەیدەرەوە هەبووبێت، ئەوا من ئاگام لێی نییە.

سەبارەت بەوەی ئەندامەکان چی بوون؟ بەشی زۆری ئەندامەکانمان خوێندکاری زانکۆ بوون. ئەو دەمە زیاتر خوێندکاری زانکۆ چالاک بوو. کرمانج، حەیدەر و من خوێندکاری زانکۆ بووین. سەید نەوزاد هەتا پۆلی شەشی خوێندبوو. جەلال حەمید ڕۆستەم لە کارگەی چیمەنتۆی لەیلان کرێکاری فەنی بوو. کاروان و خەلیل خوێندکاری زانکۆ بوون. فوئاد کرێکاری بۆڕیچی و نەوشیروان کرێکاری سپیکاری بوو. کۆمەڵێک کرێکاری بیناسازیمان لەگەڵدا بوون، کە بەشێکی زۆریان خوێندەوارییان هەبوو، وە لە قوتابخانە دواناوەندییەکان بوون. لە شارەکان لەوەندەی کە باسم کرد، تێپەڕی نە ئەکرد.

ئەندامەکانمان هەر هەمووی کورد بوون و غەیرە کوردمان لەگەڵدا نەبوون.

**پرسیار:** لەو دەمەدا کۆمەڵێک سازمان و گرووە لە مەیداندا بوون، هۆی چی بوو، لەگەڵ یەکێک لەوانە کارتان نە کرد و چوون پرۆلیتاریای کۆمۆنیستتان پێک هێنا؟ یان بە جۆرێکی تر بڵێم: جیاوازی خۆتان لەگەڵ ئەواندا بەچی دیاری دەکرد؟ ئەگەر لە ئێستادا لێکدانەوەیەک بۆ ئەو دەمە بکەیت، پێت وایە، جیاوازییەکان هی ئەوە بووبن، کە نەکرێ لە یەک سازماندا پێکەوە کار بکەیت؟

**جەمال ئەحمەد:** ساڵی ١٩٨٤ بوو، کە هاتمەوە بۆ شار و ڕۆژێکیان لەماڵ سیروانی واحید خەیات بووم. ئەو دەمە جەمیل ئەمین و ڕەحمان داودیش لەوێ بوون. ئەو کاتە ئەوان کارگەران بوون. ئاگاداری ئەوە بوون، کە من ڕەخنەم لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەیە. قسە و باسەکان هەر ئەو سێ تەوەرەیە بوو، کە پێشتر باسم کرد. واتە، مەسەلەی میللی، کە ئەوان خودموختارییان تەرح ئەکرد، خەباتی چەکداری، لەگەڵ دوو ناوەند، ئیتر شتێکی تر نەبوو. بەڵام ئەو گرووهانەی کە ئەو دەمە دائەمەزران، هەموویان خۆیان بە درێژکراوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دائەنا، کە ئێمە ئەوەمان ڕەت ئەکردەوە. ئەوەمان ڕەت ئەکردەوە، لەناو خوێندکارانی زانکۆ کار بکرێت. ئێمە پێمان وابوو، ئەبێت بێینە خوارەوە بۆ ناو چینی کرێکار و زیاتر شتی عەمەلی بکەین. بەو شێوەیە ئێمە خۆمان لەگەڵ ئەوان بەوە جیا دەکردەوە. لەبەر ئەوە نە ئەکرا، پێکەوە کار بکەین. لەو کاتانەشدا پەیوەندیی نێوخۆی سازمان و گرووهەکان (ئەگەر خۆشت بێتەوە بیرت، کە تۆش هاوتەمەنی منی) بەرلەوەی لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامێکدا بووایە، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بوون. پەیوەندییەک، کە کۆمەڵێک هاوڕێ پێکەوە لەگەڵ یەکدا ئەگونجان، لەبەر ئەوە ئەیانتوانی پێکەوە سیاسەت بکەن، بەڵام کاتێک کە لەگەڵ یەک نە ئەگونجان، ئیتر ئەکرا خیلافی سیاسیشی لەسەر درووست بکرێت. ئەو دەمە جووڵانەوە سیاسییەکە زۆر بەرتەسک بوو، عەقڵییەتەکە لەو ئاستەدا بوو، ئەگەر دوو برادەر پێکەوە نەگونجانایە، سیاسەتیشیان پێکەوە نە دەکرد. نە ئەکرا، سیاسەت بە پەیوەندییەکی دەرەوەی شتە شەخسییەکان دابنرێ. من هەموو گرووهەکان لەو پەیوەندییانە ئەبینمەوە. لەو کاتەدا جیابوونەوە و یەکگرتنیش بەوجۆرە بوو، وە تا ئێستاش ئاسارێکی زۆری ماوەتەوە. هەتا خۆت ئەیبینی، کەسێک لە ڕێکخراوێک ئیش دەکا، کاتێک کە لە ئەندامێتی ئەو ڕێکخراوەدا نەمێنێ، ئیتر هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی ئەپچڕێت. واتە، وای لێ هاتووە، کاری ڕێکخراوەیی بەشێکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نەک ڕێکخراوێکی سیاسی بەدەر بێت لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئینسانەکان، یانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. چ ئەو سەردەمە و چ ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە بەو ئەقڵییەتەوە پێکەوە کار بکرێ. ئێستاش ئەگەر بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێمەوە، جارێکی تر لەگەڵ ئەوان کار ناکەمەوە. بەڵام بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا جیاوازە، ئێستا سەردەمێکی ترە و دوای ئەوەندە عومر و ئەزموونیش دەکرێ بڵێم، بەڵێ ئەکرێ، بە هەموو ئەو

جیاوازییانەشەوە پێکەوە کار بکرێت. بەڵام ئەو سەردەمە، یانی سەردەمی هەشتاکان نە ئەکرا و ئەو عەقڵییەتە ڕێگەی نە بە ئێمە، نە بە ئەوانەی تریشی ئەدا، پێکەوە کار بکەین.

**پرسیار:** ئەوەی من بێتەوە یادم، لە سەردەمی ڕووخان و کۆچپێکردنی زۆرەملێی گوندەکانی کوردستان، ئێوە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازتان لەگەڵ سەرجەم سازمان و مەحفەلەکانی دیکەی چەپدا هەبوو، بەوەی ئێوە ئەو کارەتان بە هەنگاوێکی پێشکەوتوو و پۆزەتیڤ لێک دەدایەوە و پێتان وابوو، کۆچی بەزۆری گوندنشینەکان دەبێتە هۆی پێکهێنانی چینی کرێکار بەشێوەیەکی کامڵتر و لەنێوبردنی پاشماوەی پەیوەندیی کۆنی فیئۆدالی، ڕێک هەر بەو جۆرەی مارکس لە کتێبی "سەرمایە"دا باسی پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایەی سەرەتایی دەکات. هەروەها ئەوەتان وەک پێویستییەک چاو لێ دەکرد. ئەو مەسەلەیە چۆن بوو؟ ئێستا چۆن دەڕوانیتە ئەو لێکدانەوەیەی ئەو دەمەتان؟

**جەمال ئەحمەد:** ڕاستییەکەی ئەگەر خۆشت بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێیتەوە، ئەوە ئەزانی، زۆر کات بەوجۆرە بیرت ئەکردەوە، کە هەندێک جار دوژمنی سەرەکیت لەبیر ئەکرد و دوژمنێکی لاوەکیت ئەگرت. لەوانەیە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، ئەو کاتە قینێکی تەواو لە یەکێتی و پارتی لەئارادا بوو، کە دەسەڵاتیان بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هەبوو، وە خۆیان کردبوو بە ڕابەری ئەوان و بەناوی ئەوان و خەباتی ئەوانەوە قسەیان ئەکرد. لە کاتێکدا بە هەموو قەناعەتێکی ئەو کاتەمان، ئەوان نەیان ئەتوانی، مەسەلەی میللی چارەسەر بکەن. هێزی ئەوانیش لەلادێکانەوە پێیان بەخشرابوو، کە ئەیانتوانی بوونیان هەبێ، ئەیانتوانی، کۆمەک و پشتیوانی بۆ بزووتنەوە چەکدارییەکەیان وەرگرن، وە ئەو ڕێکخراوە خێڵەکییەش هێزی زۆری پێ دابوون، کە ڕێگەی بە کۆمۆنیزم نە ئەدا، تەنانەت لەوێش خەبات بکات. ئەلەوێوە لەنێوچوونی بنەماکانی بوونی ئەوان بۆ ئێمە جێگەی بایەخ بوو. هەروەها بیرکردنەوەی ئێمە بۆ ئەو مەسەلەیە و بۆ ئەو دەمە، ئەوەندە بۆ مەسەلەیەکی تیۆری نە ئەگەڕایەوە و لە ڕاستیدا بۆ لەناوبردنی بنەمای ئەو خەباتە چەکدارییەی شاخ و ئەو ڕابەرایەتییە خێڵەکییەی کە خۆیان بەسەر بزووتنەوەی چەوسانەوەی میللیدا سەپاندبوو. ئێمە لە واقیعیشدا ژیانی لادێکانمان بینی بوو، کە چوار پێنج ماڵ

له کونه شاخێک بەبێ قوتابخانە، کارەبا، خزمەتگوزاریی ئاو، بە کارێکی تاقەتپڕووکێن و ساڵ دوانزەی مانگ لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە.
هەرچی وەزعی ژنانیش بوو، زۆر خراپ بوو، منداڵانێکی بێبەش لە گشت شتێک. کۆکردنەوەی ئەو گوندانە لە کۆمەڵگایەکی گەورەدا کارێکی زۆر چاک بوو، کە کارەبایان هەبوو، کە وەختێکی زیاتریان بۆ ڕابواردن و پشووی خۆیان هەبوو، قوتابخانەیان هەبوو، ئەیانتوانی، تۆزێک بە شێوەیەکی ئینسانیتر بژین. ئێمە لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئەو مەسەلەیەمان دەکرد.
سەبارەت بەو پرسیارەی، ئایا ئێستاش ئەوە بەکارێکی باش دەزانم، یان نا؟ بەبڕوای من، ئەو کۆکردنەوەیە بۆ کۆمەڵگای کوردی هەنگاوێکی باشتر بوو. ڕاستە ئەو کارە بەزۆر و بەزوڵم کرا، بە ناحەق کرا، کوشتاری تێدا بوو، بەڵام مێژوو هەروا چووەتە پێشەوە، بەدڵی کەس نەچووە، کارەکە ئەبینی، من هەر ئەو بڕوایەم هەیە.
حەزم کرد، خاڵێکی دیکەشی بخەمە سەر، کە چۆن ئێمە نەزەرێکی دیکەشمان هەبوو. ئێمە دژایەتی چوونە سەربازی و چوونە خەفیفەمان نە ئەکرد. ئەو دەمە وا بیرمان ئەکردەوە و ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم، کە چینی کرێکار ناتوانێت، هەڵبێت و بچێتە لادێ و ببێتە پێشمەرگە، وە یان فیرار بکات. چینێکی ملیۆنی، کە خانەوادەی هەیە، کە لە فەرمانگەیەک، وە یان لە کارگەیەک کار ئەکات و بەو کرێیە ئەژێ، ماڵ و خێزان و هەموو شتێکی لەناو شارە. کەسانێک ئەتوانن، بۆ لادێ بچن، کە ئیمکانیاتێکی مادیی باشیان هەبێ، وە یان خۆیان جووتیار بن، ئەوان ئەتوانن لەوێ بژین. ناکرێ لادێ بەسەر شاردا فەزڵ بکرێ، گوایە ئەوانەی بۆ سەربازی ئەچن، بێ شەرەف و ئەوانەی، کە بۆ سەربازی ناچن بەشەرەفن! لەو مەسەلەیەشدا ئێمە لەگەڵ چەپەکانی تردا جیاواز بووین.

**پرسیار**: بڵاوکراوەکانتان چی بوون؟ دەربارەی چی بوون؟ کێ بوون نووسەرەکانی؟ ئایا ئەرشیفی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست هیچی لێ ماوەتەوە؟
***جەمال ئەحمەد***: سەبارەت بە ئەرشیفی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست هیچی لە لای من نەماوەتەوە، نازانم ئەگەر لە جێگایەک هەبێ. وابزانم ئەو باسەی کە من لەسەر مەسەلەی میللی نووسیبووم، لە لای خەلیل ماوە. نووسینەکانیش بەشی زۆری من دەمنووسینەوە. حەیدەر شیعری ئەنووسی. ئیتر نایەتەوە بیرم. هیچ بڵاوکراوەیەکی

دەوریمان نەبوو، زیاتر بەیاننامەمان هەبوو، بەڵام قسە و باس و کتێبخوێندنەوە لەناو ئەڵقە و گرووهەکانماندا هەبوون. هەم شانەی ڕێکخراوەییمان هەبوو، هەم ئەڵقەی ڕۆشنبیریمان هەبوو، کە بەدەوری شانە ڕێکخراوەییەکانەوە بوون.

**پرسیار:** ئایا ئێوەش وەک زۆرێک لە سازمان و گرووهەکانی ئەو دەمە لەژێر کاریگەریی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی ئێراندا بوون؟

***جەمال ئەحمەد:*** نەخێر ئێمە بەو جۆرە نەبووین. هەر وەکوو باسم کرد، بابەتەکانمان لەکوێوە سەرچاوەی ئەگرت، ئەوەش ناکۆکی سەرەکیمان بوو لەگەڵ لایەنەکانی تری چەپ.

**پرسیار:** تۆ و بەشێک لە گرووهەکەتان تووشی زیندانی هاتن. ئەو ڕووداوە ساڵی چەند بوو؟ چەند کەس دەبوون؟ جگە لە گرووهەکەی ئێوە کەسانی تری سەربە سازمان و گرووهەکانی دیکەی تێدا بوو؟ چۆن ئاشکرا بوون و چیتان لەسەر ئاشکرا بوو؟ ئەوەی من بیستبووم، ئەگەر بەهۆی ڕاپەڕینەوە ئازاد نەبوونایە، ئەوا بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید دەبووایە، هەموو گوللەباران بکرابانایە، ڕاستی ئەو مەسەلەیە چۆنە؟

***جەمال ئەحمەد:*** ئەو ڕووداوە لە ساڵی١٩٩٠دا بوو. من خۆم لە ڕێکەوتی ١٩٩٠/١٠/١دا گیرام، بەڵام کەسانێک هەبوون، لە پێش منەوە گیران، وابزانم لە مانگی هەشت و نۆوە شاڵاوی گرتنەکە دەستی پێ کرد. لە لای ئێمەوە یەکەمجار نەوشیروان، دوای ئەو فاروقە سوور، دوایی من گیرام، پاشان خەلیل، مامۆستا ئەسعەد، قەحتان گیران. یانی زەربەکە لە بەشی لای منەوە بوو، بەڵام لە بەشەکانی تر، واتە، لە خەتی حەیدەر و کرمانج هیچ کەس نەگیرا. لای حکوومەتیش ناوی ئەوان و جێی ئەوان دیار نەبوون. ئەوەی لە ئیعتیرافەکان لەسەر ئێمە تۆمار کرا، ئەوەبوو، کە ئێمە ئەڵقەیەکی کرێکارین، هەر ئەم بەشەین و هیچی ترمان نییە. وە ئەوەی من بە ناڕاست بە ئەندامەکانم وتووە، گوایە کەسی ترمان هەیە، ئەوە بەو جۆرە نییە و هەر ئەوەندەین. ئیتر مەسەلەی ئێمە بەوجۆرە لەوێ ڕاوەستا. جگە لە ئێمە گرووهی تریشی تێدا بوو، وەکوو ڕەوتی کۆمۆنیست و دەستە. ڕێکخراوی تریش کە بۆ حکوومەت ڕۆشن نەبوو.

ئەم ڕێکخراوانە بەهۆی کەسانێکەوە ئاشکرا بوون، کە سەر بە ئەمن بوون و دزەیان کردبووە ناویان، وە ماوەیەک لەوەوبەر زانیارییان بە حکوومەت دابوو. بەڵام گرتنەکە بۆئەوە ئەگەڕایەوە، دوای ئەوەی دەوڵەتی عێراق کوێتی داگیر کرد، لەناو شارەکاندا بێجگە لە کۆمۆنیستەکان هیچ کەسێکی تر نەبوو، فەعالییەت بکات. هیچ لایەنێکی سیاسی نەبوو، کاری سیاسی بکات، نە ئیسلامییەکان، نە قەومییەکان. تەنها مەترسییەک کە هەبووبێ، چەپەکان بوون. بۆئەوەی ئەو مەترسییەش لەبەردەم خۆی لاببات و ناڕەزایەتی لە شارەکاندا ڕوو نە دەن، لەگەڵ داگیرکردنی کوێتدا دەستی کرد بەو شاڵاوە.
سەبارەت بەچۆنیەتی ئاشکرابوونمانیش، ئەوەندەی بە ئێمە بگەڕێتەوە، دوو کەس هەبوون بەناوی حەمە گرێزەیی و مامۆستا ئەحمەدی مەتبەعە، کە نەوشیروان پەیوەندی پێوە کردبوون. ئەمانە چونکە پێشتر ئاڵای شۆڕش بوون و گیرابوون، وەک کەسی شۆڕشگێڕ سەیری کردبوون، نووسراوەی پێ دابوون و قسە و باسی لەگەڵیان گۆڕیبووەوە. ئەوانیش ئەوەندە زانیارییان هەبوو، کە نەوشیروان دوو کەس ئەناسێ: فوئاد و جەمال، لەمە زیاتر لە دانپیانانەکانیدا نەبوو، مامۆستا ئەسعەد و فاروقە سووریشی تێدا بوو. خەلیلیش کە لەگەڵ ئێمە بوو، لە هەولێر گیرابوو.
سەبارەت بە ڕێکخراوی ڕەوتیش، ئەوەی بێتەوە بیرم، حەمەی مەلا سەعید هەبوو، کە ئەویش پەیوەندی بە حکوومەتەوە کردبوو، وە زانیاری پێ دابوو. ناوی ئەوانەی کە لەوان ئاشکرا بووبوون، ئەوەی بێتەوە بیرم و بەهەڵەدا نەچووبم، مامۆستا فەیسەڵ بوو، کە ئەندامانی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریای بەگرت دابوو.
ئەگەر بەهۆی ڕاپەڕینەوە نەبووایە، بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید گوللەباران ئەکراین؟ ئەوە درووست نییە. عەلی حەسەن مەجید پەیوەندی بەوێوە نەبوو، بەڵام ئەوەندەی من بیستم، باسی لیستێکی ٢٦ کەسی ئەکرا، کە بۆ نەورۆز گوللەباران بکرێن. ئەویش بە فەرمانی بەڕێوەبەری ئەمن، کە وەک ئەحکامی عورفی ئەو سەڵاحییەتەی پێ درابوو. ئەو لیستە من خۆم نەمبینی، بەڵام ئەوەم بیست، دوای ئەوەی لە کاتی ڕاپەڕیندا ئەمنەسوورەکە دەگیرێ، ئەو لیستە کەوتووەتە دەستی خەڵک، بەڵام ئیتر ناوی عەلی حەسەن مەجیدی تێدا نەبووە. منیش هەروەک بیستن بیستم.

**پرسیار:** سەرەنجام گرووهەکەتان هەڵوەشایەوە، کەی هەڵوەشایەوە؟ بۆچی؟ ئەگەر تا دەمی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بمانایەتەوە، بەشداری پێکهێنانی ئەو حیزبەتان دەکرد؟ چۆن؟

**جەمال ئەحمەد:** لە مانگی شەش یان حەوتی ساڵی ١٩٩١ بوو، هەرسێکمان دانیشتین، من داوای ئەوەم کرد، کە گرووپەکەمان هەڵبوەشێنینەوە. هەڵوەشاندنەوەکەم لەبەر ئەوە بوو، کە ڕێکخراوەکەمان لە کاتی کۆمیتەکانی ڕاپەڕیندا نەیتوانی ڕۆڵێکی باش بگێڕێ و سەرلێشێواوییەکی زۆری پێوە بوو. پاشان ناڕۆشنییەکی زۆر لەنێو ئەندامەکانماندا هەبوو. لەڕاستیدا بە ڕێکخستن نە ئەچووین و زیاتر کۆکراوەیەکی هەڕەمەکی بوو. من خۆم لە دەستی کارەکانی ئەو دوو هاوڕێیەی ترم ناڕازی بووم، من داوای ئەو هەڵوەشاندنەوەیەم کرد و وتم، من بەرپرسیارێتی هەڵ ناگرم، من بەجێی ئەهێڵم. ئیتر ئەوانیش بەو هەڵوەشاندنەوەیە ڕازی بوون.

سەبارەت بە بەشداریکردنمان لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش، لەو بڕوایەدا نیم، بەشداریمان بکردایە، چونکە زۆر دوور لەیەکتری ساز درابووین. بەڵام من خۆم لەگەڵ ئەوەدا بووم و بە ناوی "سەلام یوونس"ەوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کەسە ئیمزام بۆ دامەزراندنی حیزب دا.

تشرینی یەکەمی ٢٠١١

# "دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا"، "هەستە" و "سەرنجی کرێکار"
## (گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم[1])

"دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا" یەکێکە لەو سازمانانە کۆمۆنیستییانەی کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستانی عێراق سەری هەڵدا و لە ڕێگەی نووسراوێکی دوورودرێژ و چڕوپڕەوە، کە لەژێر کاریگەری نووسراوە پایەییەکانی مەنسوور حیکمەتەوە نووسرابوو، پێی نایە نێو مەیدانی

[1] سامان کەریم (محەمەد عەبدلڕەحمان عومەر) لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە. پاشان لە زانکۆی مووسڵ کۆلێجی ئەندازیاری وەردەگیرێ، بەڵام بەهۆی کاری سیاسییەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات.
لە ساڵی 1979 بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانی دژی سیاسەتی تەعریبکردنی خوێندنەوە دەستگیر دەکرێت. لە ساڵی 1981ەوە لەنێو کوڕ و کۆمەڵی دیراسیی کۆمۆنیستیی جیاوازدا دەستی بەکارکردن کردووە. یەکێک بووە لە ڕابەرانی مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی مووسڵ لە ساڵی 1984 و نوێنەری ئەوان بووە بۆ هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ نوێنەرانی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین. یەکێک بووە لە نوێنەرانی ئەوان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ، بەڕێوەبەری دەزگای ئەمن و حیزبی بەعس و پارێزگاری مووسڵ. هەروەها نوێنەری ئەوان بووە بۆ دانیشتن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە سووورداش، کە ئەو دەمە لەگەڵ حکوومەتی بەعس لە دانوستاندا بوو. لە پێکەوەنان و دامەزراندنی چەندین ئەڵقە و سازمانی کۆمۆنیستیدا بەشداری کردووە و چەندین جار بەهۆی ئاشکرابوونییەوە تووشی ڕاونان و خۆشاردنەوە هاتووە.
هەڵسووڕاوێکی چالاکی بزووتنەوەی شوورایی بووە لە ساڵی ١٩٩١ و نوێنەری شوورای نوێنەرانی شاری سلێمانی بووە بۆ کۆمەککردنی شووراکانی شاری کەرکووک و هاوئاهەنگیکردن لەنێوانیاندا.
یەکێکە لەو ١٠ کادرەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقیان پێک هێنا و لەو دەمەوە تا ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە لەو حیزبەدا و بەرپرسیارێتی جۆراوجۆری بینیوە: ئەندامی کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستان، سکرتێری کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستان، سەرنووسەری بڵاوکراوەی "الی الأمام"، بەرپرسی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزب، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی.
ئێستاش ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبە و چەندین نامیلکەی بە زمانی عەرەبی نووسیوەتەوە، لەوانە: "خەبات دژی بێکاری"، "حیزبی شیوعیی عێراقی: ئایین، ئیسلامی سیاسی و نیشتمانپەروەری" و "چینی کرێکار و شۆڕشەکانی جیهانی عەرەب".

**بزووتنەوەکەوە. بۆ شارەزایی زیاتر لەمەڕ ئەم سازمانە، ڕووی پرسیارەکانمان لە "سامان کەریم"، وەک یەکێک لە بنیاتنەرانی ئەو سازمانە دەکەین.**

**پرسیار**: بەڕێز سامان کەریم! دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا کەی دامەزرا؟ دامەزرێنەرانی کێ بوون و وەکوو کار و پیشە چ کارە بوون؟

**سامان کەریم**: لەپیش وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، دەسخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەم کارە و هیوادارم لە چوارچێوەی پەرتوکێکی گونجاودا ببینینەوە.

دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧دا دامەزرا. دامەزرێنەرانی حەیدەر هیدایەت، خەسرەو سایە و سامان کەریم بوون. حەیدەر ئەندازیاری تەلارسازی بوو، بەڵام بەهۆی هەڵاتنی لە سەربازی، کارەکەی تەنها ببوو بەکاری سیاسی. خەسرەو دەرچووی پەیمانگای کەرکووک بوو، ئەویش لەبەر هەمان هۆ لە مەیدانی خۆیدا کاری نە دەکرد، بەڵام ئەو خۆشنووسێکی زۆر باش بوو، جاربەجار بۆ بژێوی خۆی و کۆمەکی ئێمەش کاری دەکرد. منیش لە بەشی ئەندازیاریی زانکۆی مووسڵ بووم و بەهۆی کاری سیاسییەوە نەمتوانی تەواوی بکەم. پێویستە بە حەقیقەتێک ئاماژە بکەم، ئەویش ئەوەیە، کە خیزانی خەسرەو و بەتایبەت دایکی و خوشکی و براکەی و براژنەکەی بەڕاستی کۆمەکێکی بێ وینەی ئێمەیان لەباری تەئمینی ئەمنییەتی و جێگاوڕێگا و تەنانەت بژێوییەوە دەکرد. من هەرگیز ناتوانم، لوتف و میهرەبانی ئەو خیزانە لەیاد بکەم، بەتایبەت دایکی ئازیزی، کە وەک دایکی هەمووان وابوو. ئەگەر ئەوان نەبوونایە، من نازانم چۆن لەو چەند ساڵەدا دەمانتوانی کاری سیاسی بکەین!

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، کە دەستە لە ساڵی ١٩٨٩دا واتە، ساڵ و مانگێک دوای پێکهاتنی، پلینۆمی بەست و لەو پلینۆمەدا کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێررا، کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان جەمال ئەیووب، سادق (ڕاستگۆ)، مونا خالید، شێخ حوسێن، حەیدر هیدایەت، خەسرەو سایە و سامان کەریم.

**پرسیار**: بنیاتنەرانی ئەم سازمانە، پێشینەی کاری سیاسییان چۆن بوو؟ واتە: پێشتر لە هیچ سازمان یان کۆڕ و کۆمەڵێکی سیاسیی دیکە کاریان کردبوو؟

**سامان کەریم**: ئەوەندەی بە من و حەیدەر هیدایەت بگەڕێتەوە، ئێمە پێشتر ئەندام و هەڵسووڕاوی هیچ لایەنێک نەبووین، زیاتر وەکوو ئەڵقەیەک و کەسانی نزیک بەیەک

لەگەڵ چەندین ڕێکخراو و ئەڵقە و کەسایەتیی کۆمۆنیستیدا لە شارەکانی عێراق و کوردستان هاوڕێیەتی و دۆستایەتیمان هەبوو. بەڵام خەسرەو پێشتر ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٩٨٢ پێش کۆنفرانسی کۆمەڵە، کە ئەو کاتە لە شاخ بەسترا، وازی هێنا. دوای ئەوە ئەویش لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا ئەڵقەیەکی کۆمۆنیستییان پێک هێنابوو، بەناوی "ئەڵقەی ئەرکەکانمان" نووسینێکیشیان بە هەمان ناوەوە بڵاو کردەوە. من و ئەو پێکەوەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ یەکدا هەبوو.

**پرسیار:** "دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا"تان بۆچی دامەزراند؟ یان با مەبەستی تەواوی خۆم زیاتر ڕۆشن بکەمەوە: لەو دەمەدا چەندین کۆڕ و کۆمەڵ و سازمانی کۆمۆنیستی لە مەیداندا بوون، سەربارى ئەوانە، بۆچی ئێوە هاتن، سازمانێکی دیکەتان بنیات نا؟ بە لێکدانەوەی ئەو ڕۆژگارە، جیاوازی خۆتان لەگەڵ ئەوانی دی لە چیدا دەبینییەوە؟

**سامان کەریم:** خاڵی سەرەکیی ئێمە مەسەلەی دەخاڵەت لە کاروباری کۆمەڵگادا بەگشتی و چینی کرێکار و بزووتنەوەکەی (وەک بزووتنەوەی خۆمان) بەتایبەتی بوو. ئەو کاتە زۆربەی ڕێکخراوەکان زیاتر خەریکی توێژینەوەی فکری بوون، وەک لەوەی بیانەوێت، وەک هێزێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن دەربکەون. ئەوە خاڵێکی بەرجەستە بوو، لە مەسەلەی پێکهێنانی دەستەدا. لە هەمان کاتدا لەباری تیڕوانینەوە بۆ هەلومەرجی کۆمەڵگا و بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردستان، کە خۆمان تیایدا هەڵسووڕاو بووین، هەستمان بە جیاوازی دەکرد، کە ئەمە ئەو کاتە زیاتر لە نووسراوەکاندا دەردەکەوتن، وەک لەوەی لە ئاستی پراکتیک و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەربکەون.

**پرسیار:** ئێوە لە سەرەتای کارتاندا نووسراوێکی تەحلیلی ئابووریی سیاسیی چڕوپڕتان بڵاو کردەوە. ناوی ئەو نووسراوە ئەگەر بێتەوە بیرت چی بوو؟ کێ نووسیبووی؟ ئەگەر بتوانی کورتەیەک سەبارەت بە ناواخنەکەی بخەیتە ڕوو. ئایا دواتر ئێوە ئۆرگان، یان بڵاوکراوەیەکی دەوریتان دەردەکرد؟

**سامان کەریم:** ئێمە یەکەم ڕێکخراو بووین، کە ئۆرگانمان لە شێوەی چاپدا دەرهێنا. بەڵێ ئۆرگانمان هەبوو، وە چاپمان دەکرد و لەمبارەیەوە، ئیمکاناتی ئێمە لە تەواوی

ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەو دەمە لەسەرتر بوو. هەم ڕێکخراو هەیئەتێکی بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری چاپەمەنی هەبوو، وە هەم جێگاوڕێگای گونجاوی بۆ دیاری کردبوو، وە ئۆرگان و نووسراوەکانی ترمان چاپ دەکرد.
ئەو نووسینەی تۆ باسی دەکەیت، نووسینی دەرکەوتنی دەستە و لە هەمان کاتدا سەرەتای ڕاگەیاندنی دەستەی پێشڕەوان بوو. نووسینەکە سێ قۆڵی بوو، واتە، حەیدر، خەسرەو و سامان، بەڵام بە ئینسافەوە با بڵێم، حەیدەر هیدایەت دەوری سەرەکی تێدا هەبوو. نووسینەکە بەناوی، "ئەزمەی ئابووریی سەرمایەداری لە عێراقدا" بوو، کە ئەو کاتە گفتوگۆ و باسێکی زۆری لێ کەوتەوە و بووە هۆی کۆکردنەوەی چەندین ئەڵقەی کۆمۆنیستیی ئەو کاتە لە شارە جیاوازەکانی کوردستان.
ئەوەندەی یادم بێت، لەو نووسینەدا باسی ئێمە ئەوە بوو، کە دیراسەیەکی مێژوویی شێوەی پێکهاتنی سەرمایەداریی وەکوو نیزامێکی سیاسیی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا بکەین. یەکێک لەو خاڵانەی پێم وابێت، تەوەرەیی بوو، ئەوە بوو، کە بۆ یەکەمجار حکوومەتی قەومیی بەعس توانی، بۆرژوازی لە عێراقدا یەکگرتوو بکات و دەسەڵاتی ئەم چینە لە عێراقدا بە شێوەیەکی یەکگرتوو بهێنێتە کایەوە. لێرەوە باسەکانی دەستخاڵیکردنەوەی جووتیاران لە زەوییەکانیان وەک بناغەیەک بۆ برەودان بە هێزی کاری هەرزان و جێگیرکردنی نیزامی سەرمایەداری لە عێراق و دەستپێکردنی دەورەیەک لە کەڵەکەی سەرمایە و فەوقە قازانجی ئیمپریالیستی هاتە نێو باسەکەوە. لەمبارەیەوە دیراسەیەکی فراوان لەسەر بنەمای ئەو پەرتووک و بەڵگەنامە ڕەسمییانەی کە لەبەردەستدا بوون، کرا و بە شیوەیەکی چڕوپڕ باسی یاساکانی کشتوکاڵ و ئەو ڕیفۆرمە یاساییانە کران، کە ئەو کاتە حکوومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٣ پەیتاپەیتا دەری دەکردن. هەروەها باسی لە قانوونی کار و قانوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و مەسەلەی مفاوەزات لەگەڵ پارتی و بەیانی ١١ی ئازار و... دەکرد. لە دوالێکدانەوەدا باسی ئێمە ئەوە بوو، کە ئەم نیزامە و سەرمایەداریی ئێستا دوای دوو دەیە (١٩٦٨-١٩٨٧) لەگەڵ ئەزمەیەکی قووڵی ئابووری دەرگیرە. لێرەوە بە پلاتفۆرمێکی سیاسی گەییشتین، کە مەسەلەی سەرەکی، ڕووخاندنی حکوومەتی بەعس و دامەزراندنی سۆسیالیزمە وەکوو ئەڵتەرناتیڤێکی کۆمۆنیستی.

**پرسیار:** ژمارە و قەبارەتان چۆن بوو؟ ئەندام و ڕێکخستنتان لە چ شار و ناوچەیەک هەبوون؟ کار و هەڵسووڕانتان تا چەندە نێوەندی هەڵسووڕاوانی چەپ و کۆمۆنیستی تێپەڕاندبوو، وە کاریگەری خۆی بەنێو کۆمەڵ و بە تایبەتی بەنێو کرێکاران و کارگا و کارخانەکان گەیاندبوو؟ وە یان با بڵێم، نەخشە و سیاسەتێکتان بۆ ساماندەیی کرێکاران هەبوو؟

**سامان کەریم:** ئێمە لە شاری سلێمانی، هەڵەبجە، ناوچەی پشدەر، بیتوێن، پێماڵک، تووەسووران، ڕانیە، کەرکووک، دبس، حەویجە و هەولێر کۆمیتەمان هەبوو. ٣ کۆمیتەی سەرەکیمان هەبوو، کە سەرپەرشتی گشت کارەکانی ڕێکخستنی دەکرد، بەڵام کۆمیتەکان بە شێوەی لێکدابڕاو کاریان دەکرد. هەر لە سلێمانی سێ خەتی فراوانی تەشکیلاتیمان هەبوو، کە کۆمیتەی سلێمانی سەرپەرشتی دەکرد. کۆمیتەی سلێمانی پێکهاتبوو لە سێ ئەندام، کە بریتی بوون لە: ئیسماعیل، شێخ حوسێن، سەردار عەبدوڵا و بەرپرسی کۆمیتەکەش شێخ حوسێن بوو. ژمارەی ئەندامانی ڕێکخستنی سلێمانی ئەوەندەی یادم بێت، تەنها لەنێو شاری سلێمانیدا ٥٠ کەس دەبوون، جگە لە قەزا، ناحیە و ئۆردووگاکان.

کۆمیتەی کەرکوک لە سێ ئەندام پێکهاتبوو، کە بریتی بوون لە: جەمال ئەیووب، ئازاد مەجید، عادیل ئەحمەد و بەرپرسی کۆمیتەکەش جەمال ئەیووب بوو. ئەم کۆمیتەیە پێش دوو مانگ لە هەڵوەشاندنەوەی دەستە ئیستیقالەیان دا، بەڵام هیچم لە ناوەڕۆکی نامەی ئیستیقالەکەیان لەبیر نەماوە. بەڵام دواتر و لە پێکهێنانەوەی ڕێکخراوی سەرنجی کرێکاردا جەمال ئەیووب دیسانەوە لەگەڵمان هاتەوە. هەر لە شاری کەرکووک ڕەحمان داوود کەسی ناسراوی ئەو کاتانەی بزووتنەوەی چەپ بەناوی "ئامانج ڕەبیع"ەوە لەگەڵماندا بوو، بەڵام ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرکردایەتیی دەستەوە ڕیکخرابوو، واتە، پەیوەندی بە کۆمیتەی کەرکووکەوە نەبوو.

لە ناوچەی پشدەر پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکە بەپێودانگی ئەو دەمە پۆزەتیڤ بوو. هەروەها لە کەرکووک و سلێمانی لەنێو کارگەی کاشی، چیمەنتۆ و کارگە ئەهلییەکاندا نفووزێکی بەرچاومان هەبوو و چەندین ئەڵقەی کرێکاریی جیاوازیش لە ناوچە جیاوازەکاندا بە دەوروبەری ئێمەوە بوون.

هەر بەهۆی پەیوەندیی فراوانی ڕێکخراوەکە و بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکاران لە ڕیزەکانماندا، لەنێو کرێکاراندا سیاسەتی فراوانکردنەوە و برەودان بە کۆمۆنیزم و کاری ڕێکخراو لەنێو کرێکاران لەڕێگەی ئەڵقەگەلی کرێکارییەوە لە

دەستووری کارماندا بوو. لەنێو ئەڵقەکاندا قسە و باسی جیاواز چ دەربارەی بزووتنەوی چەپ و کۆمۆنیستی و ڕێکخراوەکانیانەوە، وەیان دۆخی عێراق، کوردستان و بزووتنەوەی کرێکاری و خواستە فەورییەکانی کرێکارانەوە لەئارادا بوون. لەمنێوەدا هەڵوێست و سیاسەتی ئێمە ئەوە بوو، کە بەشی پێشڕەوی کرێکاران ئاستی هۆشیارییان لەم ڕێگایەوە بچێتە سەر و سەرەنجام لەنێو دەستەدا ڕێکیان بخەین. بەشێکی تری کارەکانمان لەپێناو بەهێزکردنی ئەم ئاراستە سیاسییەدا، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و چالاکییە کرێکارییەکان بوو، کە ئەو کاتە لەڕێگای ئەندامان و لایەنگرانی خۆمانەوە بەدەستمان دەگەییشتن و کاتێک دەگەییشتنەوە دەستی کرێکاران، هیوا و عەزمێکی باشیان بۆ پەیدا دەبوو. لە هەمان کاتدا ئێمە وەڵامی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ڕێنمایی ڕێکخراوی دەستەمان هەر بەهۆی نامەوە بۆ هەموو ئەڵقە و ڕێکخستنەکان دەناردەوە. بەڵام ئەوە بڵێم، وەکوو سیاسەت، تەواوی کاری ئێمە لەگەڵ ئەڵقەکاندا بەهۆی مەسائیلی نهێنیکارییەوە بە شێوەی مونفەسیل و لێکدابڕاو بوو، کە ئەوەش بۆخۆی ڕێگرییەکی گەورەی لەبەردەم چوونە پێشەوەی کارەکانماندا دانابوو.

**پرسیار:** بێجگە لەو نووسراوەیەی کە باسمان کرد، چ نووسراوێکی دیکەتان دەرکرد؟ دەربارەی چی بوون؟ نووسەرانی کێ بوون؟ چۆن دەتان نووسینەوە، واتە بە دەست یان بە چاپ؟ بە چ تیراژێک بڵاوتان دەکردنەوە و چۆن بڵاوتان دەکردنەوە؟ نووسراوەکانتان هەر بە زمانی کوردی، یان بە زمانی عەرەبیش بوون؟

**سامان کەریم:** هەر وەکوو لەسەرەوە ئاماژەم پێی دا، ئێمە جگە لە نووسینی یەکەم کە لەنێو بزووتنەوەکەدا بەنێوی نووسراوی "ئەزمە"وە ناوبانگی پەیدا کرد، چەند زنجیرە وتاری ڕەخنەییمان لە سەر لایەنە جیاوازەکانی ئەو کاتەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەبوو، لەوانە: ڕەخنە لە نووسینێکی ڕەوتی کۆمۆنیست، کە پێم وابێت، بەنێوی "بەرنامەی موشەخەس، یان ئەنتەرناسیۆنال" بوو، کە ئێمە بە زنجیرەیەک وتار وەڵاممان دایەوە. لە هەمان کاتدا ئێمە ئۆرگانێکی خۆمان بەنێوی "کرێکارانی کۆمۆنیست"ەوە هەبوو، کە ٢ ژمارەی بە قەوارەی تا ڕادەیەک گەورەی لێ دەرچوو، وە لە دەزگای چاپی خۆمان چاپمان کردن. نووسراوەکانمان بە زمانی کوردی بڵاو دەکردنەوە و بەتەواوی لەڕێگای تەنزیماتی خۆمانەوە دەگەییشتنە گشت ئەو شوێنانەی کە ئەندام و کۆمیتەی خۆمانی لێ بوون. لەم ڕێگایەشەوە

دەگەییشتە دەست لایەنگران و دۆستانی ڕێکخراو، کە ژمارەیان لە ئەندامان و کادرانی ڕێکخراوەکە زیاتر بوون.

**پرسیار:** لەو دەمەدا و لەنێو بزووتنەوەکەدا زۆرتر بیر لە خاڵە جیاوازەکان نەک خاڵە هاوبەشەکان دەکرانەوە! ئەگەر بە چاوی ئەمڕۆ بڕوانیتە ئەو دەورانە، چۆن بۆ جیاوازییەکانی ئەو دەمە دەڕوانی؟
**سامان کەریم:** ڕاستییەکەی، با ڕای خۆم لە ئێستادا بڵێم، کە دەتوانم بڵێم، لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە بەتەواوی قەناعەتم پێیەتی و تا پێم بکرێ، لەنێو حیزبدا وا کار دەکەم. ئەویش ئەوەیە: جیاوازی لای من، جیاوازیی کارە، نەک بیرکردنەوە و بۆچوون. بیر و بۆچوون لای من سنووری نییە. هەموو کەسێک مافی خۆیەتی چۆن بیر دەکاتەوە و بیر بکاتەوە. باسی سەرەکی ئەوەیە، کەسێک یان ڕێکخراوێک دەڵێت، من جیاوازم، پێویستە ئەم جیاوازییە سیاسییەی خۆی لە ئاستی کۆمەڵایەتی لەنێو بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، لاوان... نیشان بدات. ئەگەر نا، جیاوازم جیاوازم و خیلافم هەیە، یان نیمە، لای من هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی نییە. لای من خیلاف ئەوەیە، کە کۆمەڵگا هەستی پێ بکات و بیبینێ و ئاماژەی پێ بکات، کە ئەویش خیلافێکە لە شێوە و شێوازی کارکردن، نەریتی کارکردن، نەریتی خەباتکردن، نەریتی ڕابەریکردن، نەریتی ڕابەریی سیاسیی محەللی، بەرزکردنەوەی درووشمەکان و خواستەکان... کە ئەم جیاوازییانە دەژمێرم، مەبەستم لەنێو چوارچێوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، یان لەنێو حیزبێکی ئەم بزووتنەوەیەدایە.
دیارە ئەگەر ئێستا لە من بپرسی: بۆ ڕێکخراوەکان جیابوون؟ دەڵێم، کۆمۆنیزم گەشەی نە کردبوو، ڕابەری کۆمۆنیستی بەو مانایەی کە ئێستا بۆم ڕۆشنە، لە هەوڵی لێکنزیککردنەوە و کۆکردنەوەی هێزی فراوانی کۆمۆنیزمدا بێت، ئەو کاتە لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کوردستاندا نەبوو. بە مانایەکی دیکە، جیاوازییەکانی ئەو دەمە بەجیا لەوەی جگە لە ژمارەیەکی کەم لە ڕابەرانی ڕێکخراوەکان تێی دەگەییشتن، بەتەواوی ئایدیۆلۆجی بوون، وە لە هەر جموجووڵێکی کۆمەڵایەتییەوە دوور بوون و زیاتر سەفستەبازی بوون، وەک لەوەی جیاوازی لەسەر پرسگەلی سیاسی، نەخشەکار، بەرنامەی کار، سوننەتی سیاسی، پراکتیکی کۆمەڵایەتی... بێت. بۆیە وەکوو جیاوازی نێوان تەفسیری

شێخەکانی تەریقەت وا بوو، یەکێک قادری بوو، ئەوی دی نەقشبەندی... بەڵام برۆ لە سۆفییەکان پرسیارێک بکە، دەڵێت: لە شێخ بپرسە! چونکە لە سەدا هەشتای باسەکان ڕاستییەکەی بڵێم، هی تێگەییشتنی ئینسانی نۆرماڵ نەبوون، بەڵکوو زیاتر دەبووایە، مەریخی بوویتایە! ئەو کاتەش وابوو، ئەمە واقیعیەتێکی تاڵە، کە دەیگێڕیتەوە، بەڵام واقیعیەتی سەردەمێک لە مێژووی بزووتنەوەی ئێمە وەک بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە.

بەڵام ئەوەمان لەیاد نەچێت، کە ئەو کاتە بەگشتی کۆمۆنیزم لە ئاستی جیهانیدا لە قاڵبی کۆمۆنیزمی بۆرژوازیی ڕووسیدا دەردەکەوت و سایەی کردبوو. سیاسەت و جیهەتی ئێمە کە لەباری فکرییەوە جیاواز بوو، لە مەودای جیهانیدا دیار نەبوو، یان ئێمە ئاگاداری نەبووین و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش لەو سەردەمەدا بێ دەخاڵەت بوو.

**پرسیار:** لێکدانەوەتان بۆ شەڕی عێراق و ئێران چۆن بوو؟ لەو مەسەلەیەدا جیاوازیتان لەگەڵ سازمان و گرووهەکانی دیکەی چەپ و کۆمۆنیستی هەبوو؟ کاریگەری سەلبی ئەو شەڕە لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ و کۆمۆنیستی چۆن بوو؟

***سامان کەریم:*** وەکوو لە مێژووی پێکهاتنی ئێمەدا وەکوو دەستەی پێشڕەوان دیارە، ئێمە لە کۆتایی ١٩٨٧دا پێکهاتین و جەنگیش لە ئابی هەمان ساڵدا کۆتایی پێ هات، واتە، مێژووی دەستە تەنها ٨ مانگی لەگەڵ جەنگدا هاوبەشە. ئەوەندەی یادم بێت، ڕاستەوخۆ لەسەر جەنگ وەکوو بەیان بەیانێکمان نەبوو، بەڵام لەسەر لایەنە جیاوازەکان و کاریگەریی ئەو جەنگە لەسەر ژیانی خەڵک، بەڵێ! هەمانبوو. بۆ نموونە، لە کیمیابارانی ناوچەکانی قەرەداغ بەیانێکمان بڵاو کردەوە، کە بڕێک دەنگدانەوەی هەبوو. سەبارەت بە مەسەلەی گۆڕینی یاسای ١٥١ی کار و کردنی بە یاسای "گۆڕینی کرێکاران بۆ فەرمانبەران" قسەمان هەبوو. هەروەها باسی هەمەلایەنەمان سەبارەت بە کار و ژیانی کرێکاران لە وەزارەتی پیشەسازیی سەربازی هەبوو.

بەڵام بەگشتی ئێمە لە هەڵوێستی سیاسیماندا هەر دوو لایەنی جەنگمان ئیدانە و مەحکووم دەکرد و زیاتر لە ڕوانگەی لێنینەوە دەمانڕوانییە ئەم جەنگە.

سەبارەت بە کاریگەری جەنگ لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش، ئەو کاتە بە بڕوای من، بەجیا لەوەی کە بەگشتی جەنگ لەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کرێکار و کۆمەڵگا بەگشتی زیانبەخشە، بەڵام هۆی سەرەکی ئەوەیە، بزووتنەوەکەی ئێمە قاڵبێکی تەواو فکری هەبوو، وە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کرێکار و کۆمەڵگا و ناڕەزایەتیی خەڵک دوور بوو. بزووتنەوەی فکرییش بەپێی ماهییەتی خۆی ئاسۆی سیاسی پێویست نییە و لەلای ئەو دەسەڵات مەسەلەی ئەسڵی نییە. ئەگەر نا، هەلومەرجی شەڕ لە کوردستاندا ناڕەزایەتییەکی گەورەی دژی جەنگ پێک هێنابوو، کە لە ئاستی فیراریدا دەردەکەوت. هەروەها بەهۆی زەخت و زۆر بۆ سەر کرێکاران، ناڕەزایەتییەکی کپکراو بەڵام توند و فراوان لەئارادا بوو. بەجیا لەوە خوێندکارانی هەولێر، مووسڵ و کەرکووک ناڕەزایەتییەکی هێجگار گەورەیان لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٣-١٩٨٤دا بەرپا کرد، کە بە بڕوای من ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانەی خوێندکاران یەکەم دەرکەوتنی کۆمۆنیزم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بوو. کە هەم حکوومەتی بەعس و هەم یەکێتیی نیشتمانی نیگەران کرد. بەڵێ! کۆمۆنیزم بۆ یەکەمجار لە ئاستی کۆمەڵایەتیی بەریندا بە تەرح و پێشنیاری نە نووسراوی خۆیەوە دەرکەوت. هەموو ئەمانە بۆ چەپ لەوپەڕی خۆیدا، تەنها بۆ باس و لێدوان بوون، نەک بەناونیشانی هێزێکی سیاسیی خاوەن ئاسۆیەکی سیاسیی ڕۆشن، کە دەیەوێت، لە کۆمەڵگادا ئاڵوگۆڕێک بە وجود بهێنێت. بۆیە پێم وانییە، لەو کاتەدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خودی بزووتنەوەکەمان دانابێت، چونکە خۆی هیچ جێگاوڕێگایەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، سەرەڕای ئەوەی هێجگار فراوان بوو.
ئەم چەپە زیاتر دەغدەغەی فکری و ئایدیۆلۆجی بۆ گرنگ بوو، وەک لەوەی کارێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراو و یەکگرتوو بکات. لەوانەیە کاریگەری لەسەر هەڵوەشاندنەوە، یان کەرتبوونی ئەم یان ئەو ڕێکخراو یان ڕەخنەلەخۆگرتن و وازهێنانی چەند کەسێک هەبووبێت، بەڵام دیسانەوە ئەوەش یەک ڕەهەندی ئایدیۆلۆجی بوو، نەک بەرئەنجامی پراکتیکێکی سیاسیی کۆمەڵایەتی.

**پرسیار**: دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا سەرەنجام هەڵوەشایەوە. هۆیەکانی چی بوون و لە ساڵی چەند بوو؟

**سامان کەریم:** بەش بەحاڵی خۆم وەکوو یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە، هەڵوەشاندنەوەی دەستە بە هەڵەیەکی سیاسی لە ژیانی خۆمدا دەزانم. لەمبارەیەوە تا ئێستا لە خۆم نەبوردووم. ئەو کاتە من و خەسرەو و عوبێد ئەحمەد (کە ئەو کاتە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی بوو) بڕیارەکەمان دا. ئەو دەمە حەیدەر لە شاری کەرکووک بوو، وە بڕێک دورکەوتبووەوە.

بۆ من کێشەکە ئەوەیە، هەڵە سیاسییەکە لایەنێکی گەورەی سۆز و خۆشەویستیی ئینسانی بۆ هاوڕێیانێک کە لە زینداندا بوون، تیدایە، کە ئەمەیان زیاتر قورسایی لەسەر من دانا. ژمارەی ئەو هاوڕێیانەی کە لە زیندانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانیدا بوون، نزیکەی ٢٥ کەس دەبوون و هەموویان بەناوی ڕێکخراوی دەستەوە گیرابوون، ئەشکەنجە درابوون و خەریک بوو، لەناو بچن و گیانیان لەدەست بدەن. ئەوان کە بەشێکیان بەرپرسان و ئەندامانی کۆمیتەی سلێمانی بوون، ئاگاداری دەرەوە و ئێمە نەبوون و لەسەر ڕێکخراوێک ئەشکەنجە ئەدران، کە ئێمە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠دا هەڵمانوەشاندووەتەوە. واتە، دوای ئەوە ئەوان ٣ مانگ لەسەر ڕێکخراوێک کە نەماوە و بەبێ ئاگاداریی ئەوان هەڵوەشاتەوە، لەژێر ئەشکەنجەدا بوون. ئەمە سێ مانگ زیاتری خایاند و تا ڕاپەڕین و گرتنی ئەمنە سوورەکە لە لایەن خەڵکەوە درێژەی هەبوو. ئەمە بەجیا لە لایەنی سیاسی، ئەو لایەنە ئینسانی و ئیحساساتییە گەلێک نارەحەتم دەکات.

هۆی سەرەکیی هەڵوەشاندنەوەی دەستەی پێشڕەوان، نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسیی ڕۆشن لە بەرانبەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەو کاتەدا بوو. گرنگترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕ لەو کاتەدا، هەرەسی یەکێتیی سۆڤیێت وەک یەک بلۆکی کۆمۆنیستیی بۆرژوازیی جیهانی بوو لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنیو بزووتنەوەکەماندا ئاڵا و پەرچەمێکی تازەی چینایەتی بەرز کردبووەوە و وردەوردە دەگەییشتە ئێمە، کە نەک هەر ئێمە، بەڵکوو گشت بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی ئەو کاتەی لەگەڵ واقیعیەتێکی تازەی فکری و سیاسیدا دەرگیر کردبوو، کە پێویستی بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاواز هەبوو، بەتایبەت کە گشت کۆمۆنیزم لەژێر پرسیاری بۆرژوازیی جیهانیدا دانرابوو، وە مەرگی کۆمۆنیزم ڕاگەیەنرابوو.

سەرباری ئەوە، ئێمە بەتایبەت، لەژێر گوشارێکی هێجگار قورسی ئەمنیدا بووین. ئەندامانی کۆمیتەی سلێمانی کە یەکێکیان شێخ حوسێن خاوێی ئەندامی ئەو کاتەی

کۆمیتەی ناوەندیی دەستە بوو، لە زینداندا بوو. بە دۆست و لایەنگرەوە زیاتر لە ٧٥ کەس هەر لە شاری سلێمانی و دەوروبەری واتە پشدەر، بیتوێن، هەڵەبجە و بازیانیان لە زینداندا بوون، وە یان خۆیان شاردبووەوە. هێندێکیان گەییشتبوونە ئێران و بەتەواوی لێک دابڕابووین. من و خەسرەو نەبێت، ئەویش بە دوومانگ جارێک یەکترمان دەبینی.
بڵاوکردنەوەی بەیانی دژی داگیرکردنی کوێت لە لایەن ئێمەوە و گەییشتنی بە حکوومەتی بەعس ئەوەندەی تر هەلومەرجەکەی لەسەر ئێمە قورستر کردبوو. بەکورتی دەستە وەکوو ڕێکخراو و هەیکەلەی ڕێکخستنەکانی بەتەواوی لەبەریەک ترازابوو و هەڵوەشابووەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش هەر وەکوو ئاماژەم پێی دا، دیسان هەڵوەشاندنەوەی دەستە بە هەڵەیەکی گەورە دەزانم.

**پرسیار:** لەدوای هەڵوەشاندنەوەی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا ئەم هێڵە خۆی لە گرووهێکی دیکەدا بەنێوی "هەستە" دەبینێتەوە. ناوی تەواوی "هەستە" چی بوو؟ کەی دامەزرا و دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ ئەو نووسراوانە چی بوون کە دەریان کرد؟ ئایا پاشماوەی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا جگە لە "هەستە" هیچ گرووهێکی دیکەیان پێک هێنا؟
**سامان کەریم:** هەستە لە درێژکراوەی دەستە نەبوو، وە لە بناغەوە زەمینەی پێکهاتنی هێجگار جیاواز بوو. بناغەی هەستە ئەگەرچی کاتی بەسەرچوو بوو، بەڵام بابەتی بوو. بناغەکەی بزووتنەوەی شوورایی بوو، وە بە هەموو دژایەتی و ناکۆکییەکانەوە، ئاراستە سیاسییەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیەی لەخۆی هەڵپێکابوو. پایەی هەستە تەنانەت لەسەر بناغەی لێکدانەوەیەکی سیاسی نەبوو!! بەڵکوو زیاتر عەمەلی بوو، ئەویش شووراکان و بزووتنەوەی شوورایی بوو. مەبەستم ئەوەیە، بڵێم، ئەوەی هەستەی پێک هێنا، بزووتنەوەی شوورایی بوو، وە هەموو ئەندامانی هەستە بەجیا لەوەی چی دەڵێن و چۆن بیر دەکەنەوە، هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شوورایی بوون.
هەستە لەدوای ئاوارەیی خەڵکی کوردستان و لە کۆتایی مانگی نیسان لە شاری ڕانیە پێک هات. ناوی تەواوی هەستە "هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست" بوو. دامەزرێنەرانی زۆر بوون و ئەوەندەی لەیادم بێت، ئەم هاوڕێیانەی تێدا بوو:

شەماڵ عەلی، وەستا جەلال، ئیسماعیل سەرسپی، خەسرەو سایە، سامان کەریم، عەبدوڵا مەحموود. موزەفەر عەبدوڵا، ئاسۆکەمال، ڕێنوار جەبار،...
ئەوەندەی بەیادی من بێت، هەر وەکوو لەسەرەوە ئاماژەم پێی دا، لە دەستەی پێشڕەوان هیچ گرووهێک لە ئێمە جیا نەبووەتەوە، بەڵام وەک گرووهێکی سیاسی، یان کۆمەڵێک هاوڕێ کە خیلافیان هەبووبێت، شتی وابووە، بەڵام لە ئاستی ۲ یان ۳ کەسیدا، ئەویش هێجگار کەم بووە. تەنانەت تا پێکهێنانی سەرنجی کرێکار و پەیوەستبوون بە حیزبەوە، ئەوەندەی یادم بێت، زۆربەی هەرەزۆری هاوڕێیان و ئەندامانی دەستە لەگەڵ هەستە و سەرنجدا بوون و پاشان بۆ نێو حیزب. جگە لەو حاڵەتانەی، هاوڕێیانێک بەتەواوی وازیان لە سیاسەتکردن هێنابێت و خەریکی مەعیشەتی خۆیان بوون.

**پرسیار:** سەرەنجام "هەستە" هەڵدەوەشێتەوە و لەدرێژەی ئەم هێڵەدا، "سەرنجی کرێکار" پەیدا دەبێ. هۆی هەڵوەشاندنەوەی "هەستە" چی بوو؟ ئەی دامەزرێنەرانی "سەرنجی کرێکار" کێ بوون؟ کەی دامەزرا و نووسراوەکانی چی بوون؟
***سامان کەریم:*** هەستە واقیعیەتی خۆی هەڵیوەشاندەوە. بە بڕوای من، هەستە کە پێک هات، لەگەڵ خۆیدا زەمینەی هەڵوەشاندنەوەی هەبوو. هەر وەکوو ئێمە جەمعێک هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی شوورایی لە سلێمانی، هەڵەبجە، هەولێر، پشدەر و کەرکووک بووین، هاتین هەستەمان پێک هێنا، چونکە شوورایی بووین و تەنانەت بەشێکی زۆرمان پێشتر یەکتریمان نە دەناسی. بەڵام بزووتنەوەی شوورایی بەهۆی ئاوارەیی خەڵکی کوردستانەوە شکا بوو، وە شکانی بەسەردا فەرز کرابوو. بۆیە ئیتر باس و مەسائیلەکان چوارچێوەیەکی دیکە دەگرێتە خۆ، کە ئیتر ناکرێت، تەنها بە بزووتنەوەی شوورایی و هەڵچوون و ڕاپەڕینی خەڵکەوە گرێ بدرێنەوە، بەڵکوو مەسائیلی تازە دێنە بەردەمی کۆمەڵگا و پێویستییان بە وەڵامی تازەیە. هەستە لەبەرانبەر ئەو واقیعیەتە تازەیەدا هەڵدەوەشێتەوە.
بەڵام لە هەستەوە ناگەینە سەرنج لەم نێوەدا هەم وەکوو ماوە ماوەیەکی زۆر هەیە، هەم وەکوو هەلومەرجی سیاسیی بزووتنەوەکە ئاڵوگۆڕێکی تازە پەیدا دەبێت، وە هەم دەور و ڕۆڵی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بەتایبەت فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و شەخسی مەنسوور حیکمەت دێتە پێشەوە.

باسی "سەرنجی کرێکار" باسێکی بڕێک جیاوازە. "سەرنجی کرێکار" لە سەرەتاوە تەنها بڵاوکراوەیەکی کرێکارییە و سامان کەریم سەرنووسەرێتی و تەواوی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی، بەشی چالاک و پێشڕەوی کرێکارانی ئەلبیسە و چیمەنتۆ بوون، کە هەموویان هەڵسووڕاوانی ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی شوورایی لە کارگەکانی خۆیاندا بوون. وەکوو فاروق عەبدلڕەحمان (فارووقی ئەلبیسە)، چیمەن حەمەڕەفیق و گوڵزار حەمەڕەفیق کرێکارانی ناسراوی ئەلبیسە بوون. هەروەها سروەی ئەلبیسە، شێخ قادر، عوسمانی چیمەنتۆ و حەسەن مەعروفی فەرمانگەی ڕێگا و بان... ئەم هاوڕێیانە هەموویان دەستەی نووسەرانی سەرنج بوون و پێکەوە کارمان دەکرد و هەموو هەفتەیەک یەکتریمان دەبینی.
بڵاوکراوەی "سەرنجی کرێکار" لە مانگی ئابی ١٩٩١دا یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو. وەکوو بڵاوکراوە لە سەرەتاوە لە هەلومەرجێکدا پێک هات، کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هێشتا لەگەڵ کوتانەوەی خۆی و ڕەخنەگرتن لە خۆی لە سایەی نووسینەکەی ئیرەجی ئازەریندا دەرگیر بوو. سەرنج وەڵامێک بوو بۆ کارکردن. بەڵام پاش دەرچوونی سێ ژمارە لەگەڵ خەسرەو سایە، ئاسۆ کەمال و ڕێنوار جەباردا "سەرنجی کرێکار"مان وەک ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی ناساند و بەخێرایی وەکوو ڕەوتێکی چالاکی کۆمۆنیستی لەنێو بزووتنەوەکەدا دەرکەوت، بەتایبەتی کە لەنێو کرێکاراندا لە نفووزێکی بەرچاو و تا ڕادەیەکی فراوان بەهرەمەند بوو.

**پرسیار:** بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی دەیەی هەشتاکان، کە لەژێر کاریگەری مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێراندا بوون، ماوەی دەساڵێکیان بە دەستەوە بوو، هەتا ڕاپەڕین بەرپا بوو. بەڵام لەو ماوە زۆرەدا هەنگاوێکی مەحکەم و بەرچاویان نە نا. دیاردەی سازمان درووستکردن و زوو هەڵوەشاندنەوەی، دیاردەیەکی بەرجەستە بوو. خیلافی زۆر بچووک و لاوەکی گرووهێکی شەق ئەکرد. کارکردن زۆرتر لەنێو خۆ و نەچوونە نێو کۆمەڵ و نیوەندەکرێکارییەکان، بەشی سەرەکیی هەڵسووڕان بوو. ئەگەر پرسیارێکی گریمانەیی بکەین: لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانین، ئەزانین دەساڵێکی تر ڕاپەڕینێک لە عێراق بەرپا دەبێت. ئەگەر بە بۆچوون و ئەزموونی ئێستاتەوە بۆ ئەو دەمە بگەڕێیتەوە، پەیامی تۆ بۆ بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی چی دەبێ، دەبێ چی بکرێ؟

**سامان کەریم:** بەداخەوە پرسیارەکە گریمانەییە و گریمانەکەش ڕابردووە... لەسەر گریمانەش ئینسان ناتوانێت، واقیعیەتێکی مەلمووس نیشان بدات، بەتایبەتی لە ڕابردوودا. بۆیە هەر باسێک لەمبارەیەوە بکەیت، زۆر نا واقیعی دێتە پێش چاو، ئەوەندە نەبێت، دەڵێم: گوڵ لێرەیە، وەرن لێرە هەڵپەڕن!

**پرسیار:** بەدەر لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لەگەڵ هیچ گرووپ و سازمانێکی دیکەی ئێرانی پەیوەندیتان هەبوو؟ پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا چۆن بوو؟ ئەو پەیوەندییە لە ئاستی تاک، وە یان لە ئاستی سازماندا بوو؟ هەر وەکوو نووسراوەکانی ئەوان بە ئێوە دەگەییشتن، نووسراوەکانی ئێوەش بە ئەوان دەگەییشتن؟ ئەگەر وەڵامەکەت بە بەڵێیە، نەزەریان لەسەریان چی بوو؟
**سامان کەریم:** پرسیارەکە لە بواری بەراوردا نا ڕۆشنە، ئەگەر باسی پەیوەندیی دەستەی پێشڕەوانە، ئەوا ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا نەبووە. بڵاوکراوەکانمان پێ دەگەییشت، بەڵام لەڕێگای شەخسییەوە، هەندێک جار خۆمان کەسمان دەنارد، کە ناسیاوی لەنێویاندا هەبوو. وە بەهۆی هەندێ کەسانی چەپی عێراقەوە کە لەنێویاندا بوون، پێم وابێت، هەواڵی ئێمەیان دەزانی، بەڵام بەشێوەیەکی هێجگار کرچوکاڵ و سنووردار. بەڵام ئەگەر پرسیار لەسەر کاتی دوای ڕاپەڕینە. بەڵێ! ئێمە هەر لەکاتی ڕاپەڕینەوە سەرەتایەک لە پەیوەندیمان هەبوو، دواتر لە مانگی ئایاری ١٩٩١دا بۆ یەکەمجار بەشێوەی ڕەسمی ئەوانمان بینی.

**پرسیار:** پێش ئەوەی مەنسوور حیکمەت تەرحی خۆی بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بکات، ئێوە وەکوو سەرنجی کرێکار چۆن بیرتان لە پرۆسەی پێکهێنانی حیزب دەکردەوە؟ وە کاتێک مەنسوور حیکمەت ئەو تەرحەی خۆی بەو جۆرەی، کە دواتر پیادە کرا، کرد، ئێوە لە سەرەتادا کاردانەوەتان چۆن بوو؟
**سامان کەریم:** ئێمەش بەگشتی وەک لایەنەکانی دیکە بۆ مەسەلەی پێکهێنانی حیزب هەوڵمان داوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەو کاتەدا بۆ هەموو ڕێکخراوەکان تەقریبەن ناونیشان و سیاسەتێکی گشتی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو، کە پێویستە غەربەلەیەکی سیاسی و گفتوگۆیەکی سیاسیی فراوان لەباری فکری و

سیاسییەوە بکرێت، بۆئەوەی بە حیزب بگەین، بەڵام تەرحی مەنسوور حکیمەت بەهۆی ئۆتۆریتەی بێ موونافیسی خۆی لەنێو بزووتنەوەکەدا ئەمەی خستە لاوە.

بەڵام ئێمە هەمیشە لە هەوڵدا بووین، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکان پۆزەتیڤ و سیاسی بێت. بۆ نموونە، لەگەڵ یەکێتیی خەبات لە ساڵی ١٩٩١دا کۆمیتەی هاوبەشمان هەبوو، کە چەند مانگێکی خایاند، بەڵام بەهۆی مشتومڕی سیاسیی ئەو کاتە و خیلافاتێک کە دەهاتە پێشەوە، ئەو گفتوگۆیانە قەتع بوون. چەندین جار هەوڵمان داوە، کە لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست دابنیشین، بەڵام بێ سەمەر بوو. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکێتیی خەباتدا سەرەڕای هەر خیلافاتێک کە هەبووبێت، پەیوەندی و دانیشتنی جۆراوجۆرمان هەبووە.

کاردانەوەی ئێمە لەسەر تەرحەکەی مەنسوور حیکمەت ڕاستەوخۆ پۆزەتیڤ بوو، بێ هیچ کێشەیەک لەسەر خودی تەرحەکە. ئەگەر مەسەلەیەک یان تێبینییەک هەبووبێت، ئەوە پەیوەندی بە تەفاسیلی تەرحەکەوە هەبووە، کە پێم وابێت، تێبینییەکان بناغەیی نەبوون و سانەوی بوون.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرنگ بدەم، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر کاتی پێکهێنانی حیزب تێگەیشتن و ڕۆشنی ئێستام هەبووایە، بەو شێوەیە نەدەچوومە پای پێکهێنانی. ئەڵقەی سەرەکیی پێکهێنانی حیزب ئۆتۆریتەی مەنسوور حیکمەت بوو، کە پێم وایە، بۆ پێکهێنانی حیزب ئەگەر چی ئەوە پێویستە، بەڵام نا تەواوە. من پێم وایە، مەسەلەی سەرەکیی پێکهێنانی ئەحزابی کۆمۆنیستی لە هەر وڵاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی ئاوێزانبوونی ڕابەرانی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی کرێکاری و ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیستە. ئەم باسە پشتبەستووە بە تیۆریی تەحەزوبی کۆمۆنیستی، کە لە بناغەدا و ڕاستەوخۆ تیۆریی تەحەزوبی چینی کرێکارە، نەک هی هیچ چین و توێژێکی دیکە. ئەو کاتە بزووتنەوەی شووراییی، کە بزووتنەوەیەکی گشت خەڵکی بوو، وە ڕۆڵی ڕیکخراوە چەپەکان لەو بزووتنەوەیەدا و هەروەها نزیکایەتیی ئایدۆلۆجییان لەژێر سایەی ئۆتوریتەی مەنسوور حیکمەتدا بووە سەکۆی پێکهێنانی حیزب، کە ئەمە دواتر زەربەی گەورەی لە ڕەوتی گەشە و بەرەوپێشچوونی حیزب دا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە دەستخۆشانەتان لێ دەکەم و دەمەوێت، لێرەدا سوپاسی هاوڕێیان خەسرەو سایە و جەمال ئەیووبیش بکەم، کە تەماشای ئەم چاوپێکەوتنەیان کرد و بە تێبینییەکانیان وەڵامەکانیان پوختەتر کرد. (ئەیلوولی ٢٠١٠)

# "ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست" و "شوورا کرێکارییەکان"
## (گفتوگۆ لەگەڵ سەمیر نووری)

کۆمۆنیستەکان باسی شوورایان بیستبوو، ئەزموونی کۆمۆنی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شۆڕشی ئێرانیان دەرس کردبوو، وەلێ بەعەمەلی تا دەمی ڕاپەڕین کارێکی وایان ئەنجام نەدابوو. بەڵام لەگەڵ ڕاپەڕین و ڕامالینی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان، کە ئەوان دەستپێشکەر و نەخشەسازی بوون و ئەو دەمە هێشتا هێزە ناسیۆنالیستەکان لە دیوی ئێراندا بوون، یەکسەر دەستیان بۆ دامەراندنی شووراکان برد و بزووتنەوەی شوورایییان بەرێخست.

بزووتنەوەی شوورایی بەهەر کەموکووڕییەکییەوە، نمایشێکی گەورەی هێز و ئاڵتەرناتیڤی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر هێز و پارتەلی کۆنەپەرست و میللەتگەرای کوردستان بوو، کە کێشمەکێشی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵیاندا دەکرد و ترس و بیمی زۆری لە دڵیاندا خستەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لایەنی ئەم باسە و ڕۆشنکردنەوەی چەند دیوێکی دیکەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست، لەگەڵ سەمیر نووری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕەوت لەو دەمەدا و یەکێک لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شوورایی لە شاری هەولێر ساز دەکەین.

**پرسیار:** بەڕێز سەمیر نووری! سەرەتا با ئەوە بزانین، کەی بوویتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی "ڕەوتی کۆمۆنیست"؟ بە چ شێوەیەک ئەم ئەندامەتییە دیاری کرا؟ کۆمیتەی ناوەندی پێشتر لە کێ پێک هاتبوو؟ ئایا لە هەمان کاتدا، بێجگە لە تۆ، کەسانی دیکەش بۆ ناوەندی زیاد کران؟ ئەگەر بەڵێ، ئەو هاوڕێیانە کێ بوون؟ بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە پێویستییەک لە ئارادا بوو؟ ئایا لەنێو ئەم کۆمیتەیەدا کاردابەشکردنێک هەبوو؟ ئەم کۆمیتەیە، وە یان ڕێکخراوی "ڕەوت" سکرتێرێکی هەبوو؟

**سەمیر نووری:** من سەرەتا دەستخۆشیتان لێ دەکەم، کە ئێوە بە نووسینەوەی مێژووی نوێی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستان و عێراق هەستاون. ئەم کارە ئەتوانێ دەوری گرنگی لەسەر گەشە و بەرەوپێشچوون و بەهێزبوونی بزووتنەوەی

کۆمۆنیستی هەبێ، کە بەداخەوە ئێمە ئەم کارانەمان تا ئێستا ئەنجام نەداوە و زەرەر و زیانی لێ خستووین. بۆیە من پێم وایە، ئەمە کارێکی گرنگە و ئەوەی پێشم بکرێ، کۆمەکتان دەکەم.
پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، من ئەوەی دەیڵێم، زیاتر بیرەوەریی خۆمە و هیچ دۆکومێنتێکی نووسراو، ڤیدیۆ و وێنەیەکم لەبەردەستدا نەماوە. ئەرشیفێک کە من خۆم هەمبوو، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ سووتا و فەوتا. لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەم، تەنها بیرەوەری و تێڕوانینەکانم بنووسمەوە و ئەوەندەی پێم بکرێ، ناوەکان و مێژووەکان دەنووسمەوە. ئەگەر هەڵەیەکم کرد، یان کەسێک یان بابەتێکیم زۆر باش باس نە کردبێ، وەیان حەقی کەسێکم نەخستە ڕوو، هیچ مەبەستێکم نییە و داوای لێبووردن دەکەم، ئەوە سووچەکەی بۆ نەبوونی ئەرشیف لەبەردەستمان لە حاڵی حازردا دەگەڕێتەوە.
من لە مانگی ئایاری ١٩٩١ بوومە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕەوتی کۆمۆنیست. کاتێک من بووم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، خۆم لەو کۆنفرانسەدا نەبووم. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دووری من لەو کاتەدا لە هاوڕێیانی تری ڕابەرایەتیی ڕەوتی کۆمۆنیست. ئێمە تەشکیلاتی هەولێری ڕەوتی کۆمۆنیست کاتێک حکوومەتی بەعس هێرشی هێنایە سەر ڕاپەڕین و سەرکوتی کرد، لە هەولێرەوە بۆ ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێ چووین و لە سەرەتادا لە قەڵادزێ کۆبووینەوە و ژمارەی کادر و ئەندامەکانمان لەوێ خۆی لە ٢٠ کەس دەدا. توانیمان هەندێک چەک و پارە پەیدا بکەین و دواتر بنکەی ڕانیەمان کردەوە. من بە حوکمی ئەوەی بەرپرسی تەشکیلاتی هەولێر بووم، بەرپرسیارێتی تەشکیلاتەکان لەم ناوچەیە کەوتە دەست من. دوای ئەوەی بنکەمان کردەوە و مەراسیمی ئایارمان لەم ناوچەیە بەرپا کرد، کۆمیتەی ناوەندی هاوڕێ عەبدوڵا ساڵحیان ڕاسپاردبوو، کە بێتە لای من و پێم ڕابگەیەنێ، من وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوم و کۆنفرانس هێشتا درێژەی هەیە و هاوڕێیان لە پێنجوێنن، دەبێ منیش بڕۆم بەشداری ئەو کۆنفرانسە بکەم.
پێش ئەم کۆنفرانسە، بەهۆی سەرکوتی سیاسی و نهێنیکارییەوە لە لایەک، وە لە لایەکی ترەوە بە هۆی نەبوونی فەعالییەتی فراوانی سیاسییەوە، ئێمە نەمان دەزانی، لە سەرووی خۆمانەوە چی دەگوزەرێ (لە پەیوەند بە ڕابەرایەتییەوە). من بۆخۆم پێم وابوو، نابێ پرسیار بکەم و ئەمە کارێکی ئەمنی بوو. بۆیە من نازانم، ئەگەر هاوڕێیان بە شێوەی کۆمیتەی ناوەندی کاریان کردبێت. بەڵام دوای ئەوەی

دەستمان دایە کاری عەلەنی و دوای کۆنفرانسەکەی پێنجوێن زانیم، تەنها سێ هاوڕێ ڕابەرایەتیی ڕەوتیان کردووە، کە بریتی بوون لە: موئەیەد ئەحمەد، ئەمجەد غەفوور و نادر عەبدلحەمید. لەو کۆنفرانسەدا شەش هاوڕێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی زیاد کرا، کە بریتی بوون لە: ئەحمەد (موحسین کەریم)، خەسرەو (سادق عەزیز)، سامان (ئاوات سەعید)، تەیب (سەمیر نووری)، خالە (عەبدوڵا ساڵح) و جەمیل ئەمین. ئەم دوو هاوڕێیەی دوایی وەک ئەندامی یەدەک بۆ کۆمیتەی ناوەندی دیاری کران. دیارە ئێمە هیچ هەڵبژاردنێکمان ئەنجام نەدا و ئەگەر هەڵە نەبم، هاوڕێیان موئەیەد، ئەمجەد و نادر ئەم کارەیان پێشوەخت قەرار دابوو. هەیئەتێکمان بەناوی هەیئەی تەنفیزی پێک هێنا، کە پێک هاتبوو لە: نادر، ئاوات، موحسین، سادق، جەمیل و من، وە نادریش بەرپرسی بوو. بەڵام ئەم هەیئەتە هەر زۆر زوو ڕەخنەی لێ گیرا و کارمان پێی نەکرد.

لەڕاستیدا ئەگەر بە ئەقڵی ئەمڕۆ کارمان بکردایە، دەبووا لانی کەم کۆمیتەی ناوەندی بکەینە ٢٥ کەس نەک ٩ کەس. بۆیە ئەم قسەیە دەکەم، بۆئەوەی پێویستیی زیادکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕوون بکەمەوە. کۆمەڵگە واردی بار و دۆخێک ببوو، کە ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێرا بوون و هێزە سیاسییەکان زۆر بەفراوانی گەشەیان دەکرد و گۆڕانیان بەسەردا دەهات. ئێمە لە بزووتنەوەیەک (بزووتنەوەی شوورایی)ی زۆر گەورەدا مەلەمان دەکرد، کە سەدان کادر و چالاکوانی هێنابووە دەرەوە. سەدان کێشەی سیاسی ئاوەڵا ببوون. ڕەوتی کۆمۆنیست یەک حیزبی سیاسیی گەورە بوو. ئێمە دەست و پەنجەمان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا نەرم دەکرد. چووینە شەڕی دەستویەخە لەگەڵ بەرەی کوردستانی، کە شەش حیزبی گەورە بوون و هەزاران چەکدار و ئۆرگانیان هەبوو. من ئەم قسانە بە عەقڵییەتی ئێستا دەکەم و ئەو کاتەش ئەوە خۆی سەپاندبوو، کە دەبێ کۆمیتەی ناوەندی فراوان بکرێتەوە. بۆیە من دەڵێم: لەچاو زەرووڕەتەکەیدا ئەوە هیچ نەبوو.

ڕەوتی کۆمۆنیست سکرتێری هەڵبژێرراوی نەبوو، بەڵام موئەیەد ئەحمەد دەوری سکرتێری دەگێڕا و ئەمە زیاتر شتێکی مەعنەوی بوو نەک تەشکیلاتی و حقوقی.

بەڵام سەبارەت بە کاردابەشکردن، هەندێک کاردابەشکردن هەبوو، کە تا دەهات بەرەوپێشتر دەڕۆیشت. بەرپرسی تەشکیلات هەبوو، نادر بەرپرسی تەشکیلاتی کەرکووک و هەولێر بوو، پێم وابێ، ئەمجەد بەرپرسی سلێمانی بوو. پرۆلیتاریا سەرنووسەری نەبوو، بەڵام موئەیەد سەرکاریی دەکرد. پەناگە (مخبأ)ی ڕەوت

یەکێک لە گرنگترین بەشی نهێنیکاری ڕەوت بوو، هاوڕێ نەوزاد و چەند هاوڕێیەک (پێش سەفەری هاوڕێیان بۆ تورکیا)ی تر، کە لام ڕۆشن نییە، کێ بوون، کاریان تێدا دەکرد. هاوڕێ خەبات مەجید بەرپرسی ڕێکخستنی عەلەنی بوو. هاوڕێیان جەمال کۆشش، دکتۆر ئەمین و حوسێن عەقراوی بەرپرسی بنکەی هەولێر، کەرکووک و ئاکرێ بوون. دیارە کاردابەشکردن دواتر، واتە، دوای سەفەری ئەو هاوڕێیانە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ئەویش بەم شێوەیە: سەرنووسەری بۆپێشەوە: ئاوات سەعید، بەرپرسی پەناگە: جەمیل ئەمین، ڕێکخستنی هەولێر و کەرکووک: سەمیر نووری، ڕێکخستنی سلێمانی و گەرمیان: موحسین کەریم، بڵاوکراوەی "الی الأمام": (پێم وابێ) سادق عەزیز، دارایی: سالار ئەحمەد و بەشی عەلەنی: خەبات مەجید بوون و دەیان کادری دیکە، ئێستا ڕەنگە فرسەتی باسکردنی نەبێ، کە لە کاردابەشکردنی ڕەوتدا دەوریان هەبوو و جێپەنجەیان ئێستاش دیارە.

**پرسیار:** ئەو سێ ئەندامەی ناوەندیی "ڕەوت" بۆچی عێراقیان بەجێهێشت و بۆ ئەورووپا ڕۆییشتن؟ لەو دەمەدا بەعەمەلی کۆمیتەی ناوەندی لە دوو بەشی ناوەوە و دەرەوە پێک هاتبوو، ئایا ئەم دوو بەشە ناوی تایبەت بەخۆی هەبوو؟ لەو دەمەدا هۆیەکانی گەیاندن وەک ئێستا نەبوون، چۆن دەنگتان بەیەکدی دەگەییشت؟ لێکدانەوەی ئێستای تۆ بۆ ئەو چوونە دەرەوەیەی ئەو دەمە چییە؟

**سەمیر نووری:** ئەو سێ هاوڕێیەی ڕەوت کە عێراقیان بەجێهێشت، لەژێر چەند تێڕوانینێکدا بوو. تێڕوانینێک کە منی قەناعەت پێ کرد، ئەوە بوو، ئێمە پێویستە ڕابەرایەتی بپارێزین و لە مەترسی دووری بخەینەوە. دیارە ئەمە لەسەر تێڕوانینێک پای قایم دەکرد، کە ئەویش گەڕانەوەی ئیستیبداد و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و بەرتەسکبوونەوەی بواری فعالییەت بوو. داخستنی بەشی عەلەنیی ڕەوت و بنکەکانی لەسەر هەمان تێڕوانین بوو. بەڵام مەسائیلی تریش هەبوون، کە بێ ئومێدیی ئەو سێ هاوڕێیە بوو، کە لە هیچ شوێنێکدا دەریان نەبڕیبوو، بەڵام لەمشوێن و لەوشوێن باس دەکرێت، کە من لەوبارەیەوە هیچ دۆکومێنتێکم بۆ سەلماندنی ئەمە نییە و هیوادارم ئەمە وا نەبێ.

مەسەلەیەکی دیکە کە زۆر کاریگەر بوو، بەحسەکانی ڕووداوی خەلیج بوون، کە سەرتاپا هەموو بزووتنەوەی چەپی کوردستانی داگرت و ئەو تێڕوانینەی خستە ژێر پرسیارەوە، کە پێی وابوو، ئەوەی ڕووی داوە شۆڕشە. ئەو تێڕوانینە،

ئاڵوگۆڕەکانی وەک یەک ئاڵوگۆڕی جیهانی نەخوێندبووەوە و ئەوەی نەبینبوو، کە ئەمەریکا لە ڕێگەی ئەم ڕووداوانەوە چۆن باڵادەستیی خۆی بەسەر جیهاندا دەسەپێنێ و کۆنەپەرستی لە سەراسەری جیهاندا بەرقەرار دەکات. دیارە لەو نێوەدا بزووتنەوەی شوورایی، کە بزووتنەوەیەکی تر بوو، شکڵی گرتبوو و مەسەلەیەکی تر، کە ئێمەی دڵخۆش کردبوو، هەڵکردنی ئاڵای کۆمۆنیستی لە کوردستاندا بوو، لە کاتێکدا لە سەراسەری جیهاندا کۆمۆنیزم خەریک بوو قاچاخ دەکرا.

جا ئەم باسە زۆر کاریگەری لەسەر ڕەوتی کۆمۆنیست بەتایبەتی هاوڕێ موئەیەد هەبوو، کە بیرم دێ، کاتێک لە ماڵی ئێمە خەریکی نووسینەوەی پرۆلیتاریای حەوت بووین، کە پشتی بە باسەکانی مەنسوور حیکمەت بەستبوو و ڕاگەیاندنی قبووڵکردنی ئەو باسانە لەسەر ڕووداوەکانی خەلیج بوون، قەڵەمەکەی بە عەرزدا دا و وتی، من ئیتر نانووسم، تا لە نزیکەوە مەنسوور حیکمەت نەبینم و قسە و باسەکانمان نەکەین. بە دوای پرۆلیتاریای حەوتدا ئیتر پرۆلیتاریا ڕاگیرا.

بەڵام زۆر زوو جێگای ئەم سێ هاوڕێیە پڕ کرایەوە، بەتایبەت دەرکردنی ڕۆژنامەی "بۆپێشەوە". دیارە ئەو سێ هاوڕێیە دەوریان لە نەخشەکێشانی دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیەدا هەبوو و بە هەر تەسویرێکەوە کە لەسەر چوارچێوەکەی هەیان بوو.

ئێمە یەک ناوەندیمان هەبوو، زۆریش مونسەجیم بووین و ئۆتۆریتەی ئەو سێ هاوڕێیە بەسەر ئێمەوە سایەی دەکرد. هیچ بڕیار و کارێکی سیاسیی چارەنووسسازمان بەبێ ئەوان ئەنجام نەدەدا. بۆیە هیچ شتێک نەبوو، ناوی ناوەوە و دەرەوە بێت، نە لەسەر ئاستی ڕابەرایەتی و نە بیرکردنەوەیەکی واش لە ئارادا هەبوو.

ئێمە چەند ڕێگایەکمان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە دەگرتە بەر، لەوانە، تەلەفۆن، سوودمان لە تەلەفۆنی عێراق و ئێران وەردەگرت. لەبیرمە، ئاوات سەعید لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵا ساڵح بۆ پەیوەندیکردن و قسەکردن لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بۆ تەبرێز چوون. هەندێ جار سەفەرمان دەکرد، جارێکیان ئاوات، سادق و موحسین سەفەریان کرد و دانیشتنێکی فراوانیان لەگەڵ هاوڕێیانی تورکیادا ئەنجام دا. دواتر باسەکانی وەک باسی ڕابەرایەتی تەعمیم کران. یەک جارێکیش من سەفەرم کرد و لەگەڵ ئەمجەد غەفوور چەند سەعاتێک بەحسی زۆر پڕبایەخمان کرد. لەوانە،

مەسەلەی بەشداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا. بیرمە نامەیەکی هاوڕێیانی تورکیامان وەک ڕێنوێنی لەنێو ڕێکخستندا پەخش کرد.
دیارە لێکدانەوەی من بۆ ئەو سەردەمە، دەبێ باسی ئەو سەردەمە بێت. لە ڕاستیدا من پێم وایە، خوێندنەوەی ڕابەرایەتیی ڕەوت دوای پرۆلیتاریای حەوت خوێندنەوەیەکی هەڵە بوو و تەسویرێکی درووستی بۆ ڕەوەندی ڕووداوەکان نەبوو. بەتایبەتی کرانەوەی ئیمکاناتی کاری عەلەنی و ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەیییەکان. ئێمە تازە سەرمان لە هێلکە جووقابوو و زۆر شارەزاییمان لە بینینی دەوری ڕابەرایەتی لە کۆمەڵگەدا نەبوو. ئەگەر من بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێمەوە، نە ڕەئی بە بەدەرچوون دەدەم و نە بە داخستنی بنکەکان. دیارە من و خەبات مەجید ئەو دەمەش بە داخستنی بنکەکان هەر موافیق نەبووین. خەبات مەجید قسەیەکی هەیە، هەمیشە دەیڵێتەوە: "من مەقەڕ دابنێم و ئەمجەد غەفوور دای بخاتەوە".
من پێم وایە، ئەگەر ڕەوت تەسویرێکی درووستی هەبووایە، بە هێزێکی گەورەی کۆمۆنیستی دەگۆڕا. مەسەلەی بنچینەیی ئەوە بوو، ڕەوت پێی وانەبوو، ئەتوانێ لەو سەردەمەدا ببێتە هێزێک، کە دەسەڵات لەدەست بگرێ! بۆیە گۆڕەپانەکەی جێهێشت. دیارە گرووپ و مەحفەلەکانی دیکە بە فرسەخ لە دوای ڕەوتەوە بوون و ئاوێکی ڕژاند، هەموو بەدوای ئەودا پێیان تێ خشاند.

**پرسیار:** لە چ شار و ناوچەیەک ئەندام، شانە و کۆمیتەتان هەبوو؟ ڕەوتی کۆمۆنیست بە چ شێوازێک پەیوەندیی ڕێکخراوەیی خۆی ڕێک خستبوو؟ مەبەستم ئەوەیە: پەیوەندیی نێوان ئەندامان و ئاستەکان لەسەر شێوازی قووچەکی، هێشوویی، تەزبیحی... پێکەوەلکاو، لێکترازاو... هتد. کامیان بوو؟
**سەمیر نووری:** ڕەوتی کۆمۆنیست لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان ڕێکخستنی هەبوو. لە شارەکانی: سلێمانی، هەولێر، دهۆک، ئاکرێ، کەرکووک، بەغدا، مووسڵ و بێجی، هەروەها لە زۆربەی شارۆچکەکانیش ڕێکخستنی هەبوو.
شێوەی ڕێکخستنەکانی ڕەوت زیاتر هەرەمی بوو، شکڵی تەزبیحیشی لە خۆ گرتبوو، بەڵام هەمیشە سەرەوە پەیوەندی لەگەڵ خوارەوەدا دەگرت. ئەویش بۆ پاراستنی ڕێکخستن لە زەربەی ئەمنی. واتە، خوارەوە زۆر بەقورسی ئەیتوانی پەیوەندی لەگەڵ سەرووی خۆیدا بکات.

پێش ڕاپەڕین ئێمە کۆمیتەیەکمان هەبوو. لە من، سادق و جەمیل پێک هاتبوو و لەژێر چاودێریی نادردا ئیدارەی تەشکیلاتمان لە هەولێر و کەرکووک و هەندێ شوێنی تر دەکرد. بەڵام لەدوای ڕاپەڕین ئیتر ڕێکخستن هەر هەمووی بووە هەرەمی و لە زۆربەی شوێنەکان کۆمیتەمان دامەزراند. لە بەشی عەلەنیشدا بە شێوەی شانەیەکی گەورە کۆ دەبوونەوە، جگە لە کەرکووک، بەغدا و مووسڵ نەبێت. کۆمیتەی سلێمانی، کۆمیتەی هەولێر، کۆمیتەی ڕانیە و قەڵادزێ، کۆمیتەی شارەزوور، ڕێکخستنەکانی کەرکووک، کە تا هاوڕێیانی عوسبە وەک ڕێکخستنی ڕەوت کاریان دەکرد، من بەرپرسی تەشکیلاتییان بووم. تەنها پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێ سەمیر عادیلدا هەبوو. دواتر نازانم، ئەگەر بە شکڵی کۆمیتە بوون، یان هەر شکڵێکی تر.

هەڵبژاردن لەنێو ڕێکخستنەکان نە دەکرا و ئۆرگانەکانی زیاتر تەنسیبی بوون. ئێمە یەک جار هەڵبژاردنمان بۆ بەرپرسی بنکەی ڕانیە کرد، ئیتر بیرم نایات هیچ هەڵبژاردنێک کرابێت.

**پرسیار:** ئەو دەمە هەتا ئەگات بە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق قسە و باسەکانتان لە دەوری چی چەقی بەستبوو، ناکۆکیتان لەگەڵ باقی سازمان و مەحفەلە کۆمۆنیستییەکانی دیکە چی بوو؟

**سەمیر نووری:** لە ساڵەکانی پێش ڕاپەڕین باسەکان زیاتر ئایدیۆلۆجی بوون و چوارچێوەی زۆرێک لە باسەکان لەدەوری ڕۆنانی حیزب چەقیان بەستبوو. باسەکانی بەرنامەی ئینتەرناسیۆنال یان بەرنامەی موشەخەس (کە ئەمە خۆی سایەی بەسەر زۆربەی بابەتەکاندا کردبوو)، مەسەلەی جەنگ، مەسەلەی کرێکاری، دەور و نەقشی ڕەوت لە مەسەلەی خوێندکاران، لە خۆپێشاندانەکان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا. یەکێک لەو باسانەی کە ئێمەی لەگەڵ باقیی چەپ جیا دەکردەوە، نەقدی قووڵ و هەمەلایەنە لە ناسیۆنالیزم بوو. نووسراوەی "بۆرژوا ناسیۆنال ڕیفۆرمیست و مەسەلەی میللیی گەلی کورد" یەکەم کتێبچە بوو، کە بە شێوازێکی زۆر جوان چاپ کرابوو و باسێکی زۆر گرنگ و سیاسی دەپێکا، کە تەکانێکی بە بزووتنەوەی چەپ دا و دواتر چەپی کوردستان لە زۆر ڕووەوە هەنگاوی خۆ جیاکردنەوەی لە ناسیۆنالیزمی کورد نا، تا گەییشت بە خۆجیاکردنەوە لەڕووی پراکتیکەوە. ئەویش ئەوە بوو، کە هێزە چەپەکان، بەتایبەت ڕەوت بارەگاکانی

یەکێتیی نیشتمانییان چۆڵ کرد و ڕوویان کردە ناو شارەکان و وەک هێزێکی سەربەخۆ و دیار دەستیان دایە چالاکی، کە پێشتر کەس ڕەنگ و ڕووی چەپەکانی نە دەناسی.

باسی پرۆسەی بنبەستبوونی کارگەرانیش باسێکی تر بوو، کە پشتی بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و ڕەخنە لە پۆپۆلیزم و خەتە چەپە باوەکانی ئەو سەردەمە بەستبوو.

دواتر لە سەردەمی داگیرکردنی کوێتدا مەسەلەی بنچینەیی بۆ ئێمە ئەوەبوو، دەبێ ئێمە لەم دەورەیەدا چی بکەین، کە ئەویش پڕکردنی شارەکان بە تراکت، پۆستەر، بەیاننامە و چالاکیی فراوان بوو. ئەمە وای کرد، ڕەوت زۆر گەشە بکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی سێ مەحفەلی گەورەی پێوە پەیوەست بوون.

دەرکردنی نووسراوەی "ئەرکە دەستبەجێکان" وای کرد، ڕەوت لەو سەردەمەدا بخاتە مەوقیعەتی ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی چەپەوە. بەڕاستی ئەرکە دەستبەجێکان لە ماوەی زیاتر لەیەک ساڵدا وەک بەرنامەیەکی زۆر گرنگ و وەرەقە عەمەلێکی چەپ وا بوو، کە باقی گرووپە چەپەکانی دیکە هیچ بەرنامەیەکی نووسراویان نەبوو.

هەر لەو سەردەمە و لەناو ڕەوتی کۆمۆنیستدا، باسی کاری عەلەنی و ڕووخانی حکوومەتی بەعس یەک مەسەلەی گرنگ بوو، کە ئەگەر بهاتبایە و ڕەوت بەرنامەی یەکخستنی چەپ و هێزەکانی بخستایەتە دەستووری کاری خۆیەوە، لەو باوەڕەدا بووم، کارێکی زۆر مەزنی دەکرد و بەمە پەرتەوازەیی چەپی بەڕادەیەکی زۆر کۆتایی پێ دەهێنا. ئەمە خۆی بەشێک بوو، لە نە خوێندنەوەی بار و دۆخەکە. چونکە ئێمە چووبووینە مەوقیعەتی ڕابەرایەتیی بزووتنەوەکەوە و لە هەمان کاتدا کۆمەڵگە پێویستی بەهێزی یەکگرتوو و بەئیمکان هەبوو، بەڵام ئێمە دەرکمان بەم زەرووڕەتە نەدەکرد و بەرنامەیەکمان نەبوو، چەپ لە پەرتەوازەیی دەربهێنێ.

ناکۆکیی ئێمە لەگەڵ باقی هێزە چەپەکان وەک وتم، مەسەلەی ناسیۆنالیزم سەرەکیترینیان بوو، کە بەشێکی زۆریان هێشتا لەژێر باڵی یەکێتیی نیشتمانی و لە دەوری ئەو مابوونەوە، لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٤دا لە نێوان ڕەوت و یەکێتیی نیشتمانیدا بوون. بەشێکیان هێشتا قەناعەتیان وابوو، لەناو یەکێتیدا بمێننەوە، ئەمە ڕەگەی جیاوازییەکی زۆر گەورە بوو.

لەڕووی سوننەت و شێوەی کارکردن و خۆپاراستنی ئەمنی و بوونی دەزگای گەورەی چاپ و دوورکەوتنەوە لە شێوەی ڕێکخستنی پۆپۆلیستی، کۆمەڵە کاریگەری گرنگ بوون، کە لە ڕێکخراوە و گرووپە چەپەکانی تردا غایب بوون، یان لاواز بوون. ئێمە پێش ڕاپەڕین باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریمان خستە نێو ئەرکە هەنووکەییەکانی خۆمانەوە. واتە: ڕێکخستنی کرێکاران لە شوێنی کار و ژیانیان، ڕێکخستنی شووراییی و پەیوەندیی لەگەڵ ڕابەرانی کرێکاریدا، ئەندامەتیی کرێکاری و... هتد.، ئەمانە ڕەوتیان بە ئاقارێکی تردا برد و لە زۆر ناوەندی کرێکاری وەکوو، کرێکارانی جگەرەی سلێمانی، کرێکارانی ڕستن و چنین و جگەرەی هەولێر، کارگەی چنینی مووسڵ، کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک، کارگەی چیمەنتۆ و کاشیی کەرکووک جێگیر کرد. ئەمە وای کرد، پێکهاتەی ڕەوت لەڕووی بەدەنەی تەشکیلاتییەوە ببێ بە پێکهاتەیەکی کرێکاری. ئەوەی چەندە بەقووڵی لە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری تێگەییشتبووین، یان نا، ئەوە بابەتێکی ترە، بەڵام کارکردی ئەو باسانە، ئێمەی لە نەریتە ناسیۆنالیستییەکان زیاتر دوور دەخستەوە و ئێمەی لەنێو مانگرتن و چالاکییە کرێکارییەکاندا چەق پێ دەبەست.

یەک سوننەتی گرنگ لە ڕەوتدا کە لە باقی هێزە چەپەکانی تردا نەبوو، یان لاواز بوو، سوننەتی تەحەزوب بوو. ڕەوت ڕێکخستنێکی تۆکمە بوو، ڕابەرایەتییەکەی ئۆتۆریتەی هەبوو، بڕیارەکانی فەرز نە دەکرد، جەدەل و پلمیکی هەبوو. شانەی حیزبی، جەلەسەی حیزبی، ڕاپۆرتنووسین، لێپرسینەوە و چاودێریی موتەمەرکیز، گەشەی بەردەوام، بڕوابوون بە زەرووڕەتی ئۆرگانی حیزبی... هتد. یەک تایبەتمەندیی گرنگ بوو، کە ئێمە زۆر پێداگریمان لەسەری دەکرد. هەمیشە بە ئێمەیان دەوت: ئێوە دەست لە ڕەوت بەرنادەن! لە وەڵامدا دەمان وت: تەنها بۆ درووستکردنی حیزب ئامادەین، ئەو کارە بکەین. من پێم وایە، چەپەکانی عێراق و کوردستان هەتا ئێستاش ئەم نەریتەیان هەڵنەگرتووە و کاتێک ئێمە حیزبمان درووست کرد، نەمانتوانی بۆ ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بگوازینەوە، کە تا ئێستاش بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە دەست لاوازیی حیزبییەتەوە دەناڵێنێ. من نموونەیەک بهێنمەوە: ئێمە هاوڕێکانمان لە تورکیا بوون. سێ هاوڕێی دیکەمان بۆ ئەوەی ئەوان ببینن لەسەفەردا بوون. من بە تەنها وەکوو کۆمیتەی ناوەندی لە عێراق بووم. کۆماری ئیسلامی ئێران باندێکیان ناردە سەرمان و ویستیان هاوڕێ خەبات تێرۆر بکەن. من خۆم بەناوی کۆمیتەی ناوەندییەوە

ڕێنوێنی و بڕیارم دەردەکرد و هاوڕێیان کەسێکیان نەیان دەزانی، ئێمە زۆرایەتیی ڕابەرایەتیمان ئاگایان لەم بڕیارانە نییە! هاوڕێیان توانییان ڕووبەڕووی باندەکە ببنەوە و سەرکەوتنیش بەدەست بهێنن. ئەمە تەنها نیشانەی تۆکمەیی ڕێکخستنەکان و ئۆتۆریتەی ڕابەرایەتیی ڕێکخراوەکەمان بوو.

لە ڕاستیدا ئێمە لە ناسیۆنالیزم دوور کەوتبووینەوە و هیچ چالاکییەکمان لەگەڵ ناسیۆنالیستەکاندا نە دەکرد. ڕەخنەی توندمان لێیان دەگرت. لە شووراکاندا ئێمە هێزی پشتیوانیمان بۆ دەربەندی بازیان نە نارد، تا مەلا بەختیار نان و ڕۆنی پێوە بخوات. ئێمە ئەمانەویست، کرێکاران و زەحمەتکێشان لە شووراکاندا چەکدار ببن و ڕەوتیش وەک هێزێکی چەکداری کۆمۆنیستی ڕابەرایەتی بکات. لەو سەردەمەدا باقی چەپەکانی تر لەگەڵ مەلا بەختیاردا کاری هاوبەشیان دەکرد، بەڵام ئێمە لە هیچ بوارێکدا لەگەڵ مەلا بەختیار و ئاڵای شۆڕشدا بەشدار نەبووین. لە چەند بۆنەیەکدا بەشێک لە چەپەکانی تر بەیاننامەی هاوبەشیان دەرکرد، بەڵام ئێمە ئەو کارەمان ڕەت کردەوە. ئێمە ئەو دەمەی لە ڕانیە بووین، ئاڵای شۆڕش و هەندێ هێزی چەپی تر بە ئێمەیان وت: با هێزێک درووست بکەین! ئێمە وتمان، لە شووراکاندا خۆمان ڕێک دەخەین و ڕەوتیش هێزی خۆی هەیە. بۆ ئەو وەڵامە، هاوڕێ جەمال کۆشش و هاوڕێیەکی ترمان بە نوێنەر ناردبوو، بەڵام ئەوان پێیان وابوو، بەرەی کوردستانی هێرشمان دەکەنە سەر (مەلا بەختیار ڕووبەڕوو بە هاوڕێکانی ئێمەی وتبوو) و ئێمە ناتوانین، کاری وا بکەین! کە دیار بوو، دواتر ئێمە لە کارەکەماندا سەر کەوتوو بووین.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ کە لەسەری ناکۆک بووین، درووشمی ستراتیژیی کۆمۆنیستەکان بوو. ئێمە درووشمی "ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری"مان بە درووشمی ستراتیژیی خۆمان دەزانی و لەسەر دار و دیوار نووسیبوومان و تەبلیغمان دەکرد. بەڵام باقیی هێزە چەپەکانی تر درووشمی "نان، کار، ئازادی، حکوومەتی دیمۆکراتی"یان بەرز کردبووەوە و دواتر گۆڕییان بە درووشمی، "نان، کار، ئازادی، حکوومەتی شووراییی". ئەمە جیاوازییەکی زۆر زەق بوو، لەڕووی ستراتیژییەوە ئێمەی لەگەڵ ئەوان جیا دەکردەوە. بە مانایەکی تر، ئێمە خاوەنی درووشمی ستراتیژیی سۆسیالیستی بووین، کە لە بنەڕەتدا درووشمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو و ئێمەش وەک درووشمی خۆمان پەسەندمان کردبوو.

ئەتوانم بڵێم، باقی چەپەکانی تر بە قەد ڕەوتی کۆمۆنیست سنووربەندییان لەگەڵ ناسیۆنالیزم و دیمۆکراتخوازیدا نە کردبوو.
من ئەگەر لەوە بگەڕێم، کە گەورەکردنێکی زۆر لە ناکۆکییەکان لەئارادا بوون، بەڵام جیاوازییەکانمان زیاتر لە مەیدانی عەمەلیدا چەقی بەستبوو. لەسەر مەسەلەی بێکاری، درووستکردنەکەی تەسویرێک هەبوو، کە گوایە هاوڕێیانمان لە چایخانەی باکووری فڕێ دەدەنە خوارەوە! ئەم قسەیە لە دەمی ئەحمەد موعین دەگێڕنەوە، کە هاوڕێیانێک لە دامەزراندنی یەکێتیی بێکاراندا بەشدارییان کرد، بە تایبەت هاوڕێ گۆران، هاوڕێ عەبدوڵا سلێمان و ئەندامانی کۆمیتەی هەولێری ڕەوت و هەندێک هاوڕێی تر، کە بەئاشکرا کاریان دەکرد. لە کاتێکدا ئێمە لە دانیشتنی کۆمیتەی هەولێردا بە هاوڕێیانمان وت: بڕۆن ناوی بێکاران بنووسن و ڕێکخراوەکەتان درووست بکەن! دواتر یەکێتیی بێکاران زۆر بە فراوانی پەرەی گرت.
ئێمە کاری ئاشکرای حیزبیمان دەکرد، ڕۆژنامەی ئاشکرامان دەردەکرد... هتد.، بەڵام هاوڕێیانی گرووپەکانی تر هەمیشە لەدوای ئێمەوە بوون.
مەسەلەی درووستکردنی حیزب مەسەلەیەکی گرنگ و چارەنووسساز بوو، بۆیە هەمیشە لە دەستووری کارماندا بوو، بەڵام ئێمە خۆمان نەماندەزانی، کەی دەتوانین حیزب درووست بکەین. گرووپەکانی تریش سەریان لێ شێوابوو، تا مەنسوور حیکمەت بە کەسێکی ڕابەرایەتیی کۆمەڵەی وتبوو: پێویستە ناوکۆکەیەکی حیزبی درووست بکەن. بۆیە لە دۆڵی گوڵان زۆربەی چەپەکانی تر دەستیان دایە سیمیناربەستن و کۆبوونەوە. کاتێک ئێمە مەراسیمی یەکی ئایارمان لە شاری ڕانیە گرت، ئەوان لەبەر درووستکردنی ئەو ناوکۆکەیە نەیانتوانی سیمینارەکانیان جێ بهێڵن، کە دیار بوو، ئەمە لەژێر ڕێنوێنیی بەشێک لە ڕابەرایەتیی کۆمەڵەدا بەڕێوە دەچوو.
من ئەتوانم بڵێم، دوای باسەکانی ڕووداوەکانی خەلیج، جگە لە کاری ڕۆژانە و خیلافاتی کەموکورت، کە لە هەموو حیزبێکدا ڕوو دەدات، ئێمە خلافاتی زۆر سەیر و عەجایەبمان نەبوو، چونکە ئێمە هەموومان ئۆتۆریتەی مەنسوور حیکمەتمان قبووڵ کردبوو و پێشبڕکێمان لەسەر وەرگێڕانی باسەکانی، کە باسگەلێکی جیهانی و ناوچەییش بوون، دەکرد. ئێمە ببووین بە خاوەنی ڕابەرایەتییەک، کە لەو سەردەمی لێڵی و ناڕۆشنییانەدا، بەرچاومان لەسەر مەسەلە گرێیییەکان زۆر ڕۆشن بوو، کە بەشە جیاجیاکانی بزووتنەوەی چەپی جیهانی تیایدا سەریان لێ شێوابوو.

کێشەکان هاتبوونە سەر ئەوەی، کێ ڕابەرایەتیی ئەو حیزبە بۆ خۆی دەبات. نامەکەی ڕێبوار ئەحمەد دەربارەی بنیاتنانی حیزب، کە ڕووی لە کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوەکان کردبوو، نامەیەکی ئینتیهازی و تێکدانی فەزای چەپ بوو. هەروەها نامەیەکی نا مەسئوولانەش بوو، کە دەیویست ڕێکخراوەکان ڕابەرایەتییەکانیان جێ بهێڵن و دوای ئەو بکەون.
مەسەلەی کرێکاری، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژن، یەکێتیی بێکاران، مەسەلەی چارەنووسی کوردستان و چەندان مەسەلەی دیکە لەو مەسەلانە بوون، لەو دەمەدا قسە و باسیان زۆر هەڵدەگرت. بەڵام ئێمە لەگەڵ باقیی هێزە چەپەکانی تر، دەستمان دابووە کاری ئاشکرا، مەراسیم سازکردن، ڕێکخراو درووستکردن، ڕێکخستنی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی کرێکاری... هتد.

**پرسیار:** لەو دەورانەدا ئێوە چەند بڵاوکراوەیەکتان هەبوو، وەکوو: "بۆپێشەوە" بە زمانی کوردی و "الی الأمام" بە زمانی عەرەبی... ئایا ئەم بڵاوکراوانە سەرنووسەریان هەبوو؟ چۆن مۆنتاژتان دەکردن؟ چەند ژمارەیان لێ دەرچوو؟ کێ بوون ئەوانەی بابەتیان تێدا دەنووسی؟ ئەگەر بێتەوە بیرت، بابەتە فکرییەکان لەسەر چی بوون؟ لەو دەورانەدا بێجگە لەو بڵاوکراوانە، ئایا هیچ کتێب و نامیلکەیەکتان هەبوو؟ ئایا لەو دەورانەدا و لە دەورانی پێشووتریش "ڕەوتی کۆمۆنیست" هیچ نووسراوێکی کلاسیکی مارکسی، وە یان نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەتی بۆ کوردی وەرگێڕاوە؟
**سەمیر نووری:** ئێمە لە دەورانی ڕەوتدا سێ بڵاوکراوەمان دەرکردووە: یەکەمیان "پرۆلیتاری" بوو، حەوت ژمارەی لێ دەرچوو. لە دوای سەفەری ئەو سێ هاوڕێ (نادر، ئەمجەد و موئەیەد)یەی دەریان دەکرد بۆ تورکیا ڕاوەستا. ئەم بڵاوکراوەیە سەرنووسەری ڕاگەیەنراوی نەبوو. بڵاوکراوەی "بۆپێشەوە" یەکەم ژمارەی کە لێ دەرچوو، هێشتا ئەو سێ هاوڕێیە نەچووبوونە دەرەوەی وڵات، ئەگەر هەڵە نەبم. سەرنووسەری یەکەم ژمارە ئەمجەد بوو، دواتر نازانم کەی ئاوات سەعید بوو بە سەرنووسەر. دواتر لە دەرەوە، مەبەستم دەرەوەی دەزگاکانی ڕەوت خۆی، چاپ کراو، بە تیراژی زۆر بڵاو کرایەوە. هاوڕێیانی هەولێر دەورێکی زۆریان لە چاپکردنیدا هەبوو و تیراژەکەی لە ٢٠٠٠ کەمتر نەبوو. زۆر دڵنیا نیم، بەڵام ئەگەر هەڵە نەبم، سادق عەزیز سەرنووسەری بڵاوکراوەی "الی الأمام" بوو. مۆنتاژی ئەم

بڵاوکراوانە کارێکی زۆری دەخواست، جاری وا هەبوو، سێ ڕۆژ و چوار ڕۆژ خەریک دەبووین و چاپمان دەکردن، کە دیارە کەسی تایبەتمان هەبوو، کاری چاپکردن بوو. ئینجا لەسەر یەک لاپەڕەی سپی دەمانبڕی و ڕێکمان دەخست، تا هەموو لاپەڕەکانمان تەواو دەکرد، کە ئەمە کارێکی دەستیی زۆر قورس بوو. پێش ئەوەی بیبەینە چاپخانەی دەرەوە، تیراژەکەی ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ دەبوو و کارێکی زۆری دەویست. لە پرۆلیتاریدا ئەو سێ هاوڕێیە، ئەمجەد، موئەیەد و نادر نووسەری سەرەکی بوون. بەڵام ئەوەندەی بیرم بێت، ئاوات و موحسین بابەتیان تێدا نووسیبوو. بەڵام "بۆپێشەوە" و "الی الأمام" ئێمە ئەو چوار کەسە (ئاوات، سەمیر، سادق و موحسین)ی لە ناوەوەی وڵات بووین، کەسانی سەرەکی بووین و هاوڕێیانی تریش وردەوردە هاتنە ناوەوە، کە زۆر لە خەیاڵم نییە، کێ بوون.
بێجگە لە وەرگێڕاوەکانی مەنسوور حیکمەت و حەمیدی تەقوایی و بابەتەکانی "کارگری امروز" (کە ڕەزا موقەدەم بە فارسی دەری دەکرد)، بابەتەکانی تر زیاتر لە دەوری ڕەخنەی سیاسی لە ناسیۆنالیزمی کورد، مەسەلەی ژنان و مەسەلەی کرێکاری چەقیان بەستبوو.
"نامە بۆ هاوڕێیەک" نوسراوەی لێنینم بیر دێت، کە لەنێو ڕێکخستندا بڵاومان کردەوە و پێم وابێ، وەرگێڕانی ڕەوت بوو. بەڵام بابەتەکانی مەنسوور حیکمەت و حەمیدی تەقوایی زۆریان بۆ سەر زمانی کوردی و عەرەبی وەرگێڕان. بۆ وەرگێڕانی کوردی هاوڕێیان موحسین و ئاوات دەورێکی زۆریان هەبوو، بەڵام هاوڕێ عادیل حەسەن زۆربەی ئەو بابەتانەی کە کرابوونە کوردی، بۆ سەر زمانی عەرەبی وەری دەگێڕان. ڕەوت خۆشی نامیلکەی بڵاو دەکردەوە و پێشتریش ئاماژەم بە هەندێکیان دا. بەڵام مارکسیزم و جیهانی ئەمڕۆ، نووسراوێکی حەمید لەسەر دین، نامیلکەیەکی ڕەوت لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری، کە ئێستا ناوەکەیم لەیاد نییە، ئەو نامیلکانە بوون، کە بڵاومان کردنەوە

**پرسیار:** ڕەوت بە پێچەوانەی زۆربەی چەپ، نووسراوەکانی تایپ دەکرد و پاشان لەبەری دەگرتەوە، لێرەدا دەپرسم: توانای چاپەمەنی ڕەوت چۆن بوو؟ مەبەستم ئەوەیە: بۆ تایپ و تەکسیر خاوەنی چی بوو؟ چۆن بەدەستتان هێنابوون؟ چۆن جێگاتان بۆ ساز کردبوو؟ کێ بوون ئەوانەی بە کاری تایپ و تەکسیر هەڵدەستان؟ نووسراوەکانتان چۆن لەو ناوەندەوە بۆ شار و ناوچەکانی تر دەگواستنەوە؟

**سەمیر نووری:** لەپێش ڕاپەڕین ئێمە دەزگای چاپمان هەبوو، کە بۆ کاری ژێرزەمینی تەرخان کرابوو. چەندان دەزگای چاپ و فۆتۆکۆپی تێدا بوو. پێم وایە، ژمارەیان حەوت دەزگا دەبوون و لە بازاڕ کڕیبوومان. بۆ چاکردنەوە بیرم دێت، هەتا بەغداش دەمان بردن، کە موجازەفەیەکی زۆر بوو. بەڵام دوای ڕاپەڕین لە دامودەزگاکانی دەوڵەت ئیمکاناتی زۆرمان لە هۆیەکانی چاپ و تەکسیر بەدەست هێنا. دەورەیەک هاوڕێیان، مەیسوون جەلال و پێم وایە، هاوڕێ سورەییا و هاوڕێ نەوزاد خالید ئەم کارانەیان ڕادەپەڕاند، بەڵام دەورەی دوای ئەوان، ئەوانەی چاپیان دەکرد، بێجگە لە خۆمان وەک کۆمیتەی ناوەندی، هاوڕێیان ئەستێرە، پەیمان و نەوزاد ئەو کەسانە بوون کە کاری چاپیان ئەنجام دەدا و کاری لەبەرگرتنەوە لە ئەستۆی هاوڕێ جەمیل ئەمین بوو و قورساییەکی زۆری کەوتبووە سەر. کە دیارە ڕەوت شوێنی شاردنەوەی هەبوو، بۆ ئەوە درووستی کردبوو، کە ئەو دەزگایانەی تێدا بشارێتەوە.
ئێمە چەند ئۆتۆمبیلێکمان هەبوو، کە خاوەندارێتییەکەی هی هاوڕێیان بوون، بەڵام بۆ کاری ڕەوت بەکارمان دەبرد و هاوڕێ ئەمجەد و هاوڕێ سادق عەزیز لەو بارەیەوە درێغییان نە دەکرد و ئیمکاناتەکانیان نابووە خزمەت ڕێکخستنەکانەوە. بیرم دێ، ئێمە ئۆتۆمبیلێکمان لە سلێمانی هەبوو، دوای ئەوەی ژمارەیەک هاوڕێمان گیران، ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلەش کەوتە دەست دائیرەی ئەمنی سلێمانی. ئێمە توانیمان خاوەندارێتییەکەی بۆ ناوی هاوڕێ مریەم جەمیل بگۆڕینەوە و ئۆتۆمبیلەکە بە موجازەفەیەکی زۆر بۆ هەولێر ببەین و لەوێ بیفرۆشین. بەو جۆرە ئۆتۆمبیلەکەمان لە حکوومەت ون کرد.
بۆ گوێزانەوەی بڵاوکراوەکانمان هەمیشە سوودمان لە ئۆتۆمبیل وەردەگرت و لەناو دەرگا و ژێر کوشنەکاندا دەمان شاردنەوە و دەمان گوێزانەوە بۆ شارەکانی هەولێر، کەرکووک و دهۆک.

**پرسیار:** سەرچاوەی داهاتی ڕەوت چی بوو؟ ئایا ڕەوت دەیتوانی ژیانی ئەو کادرانە دابین بکات، کە خۆیان بۆ کاری ڕەوت تەرخان کردبوو؟
**سەمیر نووری:** ڕەوت یەکێک بوو، لەو ڕێکخراوانەی کە کادری پیشەیی هەبوو. واتە، کادرگەلێک، جگە لە کاری ڕێکخستن، کارێکی دیکەیان نەدەکرد و لە لایەن ڕێکخستنیشەوە ژیانیان دابین کرابوو.

سەرچاوەی داهاتی ڕەوتیش بێجگە لە کاری بازرگانی، کە چەندان کەس لەدەوری کاریان بۆ دەکرد و ئیمکاناتیان بۆ دەهێنا، کە هەندێکیان بەفەرمی ئەندامی ڕەوتیش نەبوون. ڕەوت لەڕێگای دەزگای تەزویراتیشەوە پوولێکی باشی پەیدا دەکرد. ڕاکێشانی تایەی ئۆتۆمبیل یەکێک بوو لەو پرۆژانەی ڕەوت، پارەیەکی باشی لەو ڕێگایەوە دەست کەوت، کە ئەتوانم بڵێم، زۆربەی ڕێکخستنەکانی ڕەوت لەو پرۆسەیەدا بەشدار بوون. ئەم کارە پشتی بە دەزگای تەزویراتی ڕەوت بەستبوو. دەزگای تەزویرات، یەکێک بوو لە پێویستییەکانی ئەو سەردەمە، کە ئێمە جگە لە پارەپەیداکردن، زۆربەی ڕێکخستنەکانمان بە درووستکردنی ناسنامەی ساختەوە لە حکوومەتی بەعس دەپاراست.

ڕەوت لە ڕێگای بازرگانییەوە پارەی پەیدا دەکرد و هاوڕێ سالار ئەحمەد نموونەی بەرچاوی ئەو کارە بوو، پارەیەکی زۆری خستە ئیختییاری ڕەوتەوە، کە لە مێژووی ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی چەپدا بڕوا ناکەم، کاری وا ئەنجام درابێ، یان لە مێژووی پارە پەیداکردندا وێنەی کەم بووە. هاوڕێ ڕێبواریش یەکێکی تر بوو لەو کەسانە.

هەروەها لە ڕێگای فرۆشتنی پاسپۆرتەوە، کە ئێمە لە تەشکیلاتی شاری هەولێر ژمارەیەکی زۆرمان پەیدا کردبوو، توانیمان ئیمکانێک بەدەست بهێنین.

بێجگە لەوانە، کۆکردنەوەی کۆمەک یەکێک بوو لە سەرچاوەکانی داهاتی ڕەوت، کە زۆر جار لە ئەنجامدانی فەعالیەتەکاندا ئەو کارەمان دەکرد و خەڵکی کۆمەکیان دەکرد. ئێمە دەستمان دایە کارێک کە ئەویش لێسەندنی پارە بوو بەزۆر لە دەوڵەمەندەکان، کە زۆر زوو لێی دەرچووین و بەبێ ئەوەی ڕەخنەیەکی قووڵی لێ بگرین، دەستمان لێی کێشایەوە.

ڕەوتی کۆمۆنیست چەندان دەزگای هەبوو، بۆیە پێویستیی بەکادری پیشەیی هەبوو، کە سەرەنجام ئەو کارە ڕەوتی زۆر بردە پێشەوە. ژمارەی ئەو خێزانانەی پارەیان لە ڕەوت وەردەگرت، دەگەیشتە دەیان خێزان. لەم نێوەدا نەریتێک، کە زۆر گرنگ بوو، ئەوە بوو، هەموو ئەو کادرە پیشەییانە، یەک بڕە پارەیان وەردەگرت و جیاوازیمان لەنێو هاوڕێیاندا نە دەکرد. هەروەها نەریتێکی کۆمۆنیستی گرنگی تر ئەوە بوو، ڕابەرایەتیی ڕەوت هیچ کاتێک سوودی شەخسی لە ئیمکاناتی ڕەوت وەرنەدەگرت.

**پرسیار:** ئێستا ئەمەوێ بچمە سەر باسی شووراکان: ئێوە وەکوو ڕەوت لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان تەنها تەرحی پێکهێنانی شوورا کرێکارییەکانتان کرد، هەرچی باقی مەحفەل و سازمانە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی تر بوون، ئەیان وت: پێکهێنانی شوورای خەڵک لە شوێنی ژیان و پێکهێنانی شوورا کرێکارییەکان لە شوێنی کار. ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی لە شاری هەولێر زیاد زەق بووەوە و گەییشتە ئاستی دژوەستانەوە! بۆچی ئێوە شوورای خەڵکیتان ڕەت ئەکردەوە؟

**سەمیر نووری:** ئەم بابەتە کە گوایە، ئێمە تەنها تەرحی شوورا کرێکارییەکانمان کردبێت و شوورای خەڵکیمان ڕەت کردبێتەوە، سەرتاپای ناسەلمێنم و دەڵێم، وانییە و لە هیچ شوێنێک ئێمە شتی وامان تەرح نەکردووە و بە کەسمان نەوتووە، شوورای خەڵک درووست مەکە. بە دژی هیچ شوورایەک نەوەستاوینەتەوە و لە ئەدەبیاتەکانماندا لە هیچ شوێنێک بڕوا ناکەم، شتی لەم بابەتە و ئیدیعای وا وجودی بووبێ. هیوادارم ئەگەر کەسێک دۆکومێنتێکی لەو بابەتەی هەیە، بیخاتە ڕوو، من لێی ئاگادار نیم. من ئێستا قسەکانم ڕوون دەکەمەوە سەبارەت بە هەولێر.

ئێمە پێمان وابوو، داینەمۆی بزووتنەوەی شوورایی، شوورا کرێکارییەکانن، چ لە شوێنی کار، یان لە شوێنی ژیانی کرێکاران. هەروەها ئێمە هێزێکی سەرەکیی شوورا خەڵکییەکانیش بووین و کەم شوورا لە سلێمانی هەبوو، کە کادری ڕەوتی تێدا نەبووبێ. خەبات مەجید لە ڕۆژی هەڵەبجەدا وتاری سەرەکی لە شووراکانی خەڵکدا خوێندەوە، کە سەدان هەڵسووڕاوی شوورایی تێدا کۆببووەوە و زیاتر لە پەنجاهەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد. شوورای سەلاحەدین، کە شوورای یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر بوو، بە هیمەتی بنکەی شوورا کرێکارییەکان پێک هات. شوورای ڕانیە بەشێکی سەرەکیی هاوڕێکانی ئێمە بوون. نازانم لە ئاکرێ ئەگەر شوورا هەبووبێت، تەنها ڕێکخستنەکانی ڕەوت لەوێ کاریان دەکرد.

بە دیدی من، مەسەلەیەک کە تا هەنووکەش تێکەڵ دەکرێت: مەسەلەی شوورا وەک دەسەڵات و سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و شوورا وەک ئۆرگانی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران. کە من پێم وایە، ئێمە و باقی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپ، خۆی لە قەرەی یەکەم نە دابوو. بیرکردنەوەیەک نەبوو بڵێ، ئێمە کۆمەڵگە لە شووراکاندا ڕێک دەخەین و دەسەڵاتدارێتی شوورایی درووست دەکەین! بۆیە کەسێک بیری لەوە نە کردبووەوە، ئەم دەسەڵاتە دەبێ، سەرتاپای کۆمەڵگە دابگرێ و لەبەرامبەر دەسەڵاتدارێتی پەرلەمانیدا تەرح بکرێ! مەسەلەی دەسەڵات مەسەلەی ئەساسی

بوو، کە ئێمە پێمان وا نە بوو، دەتوانین، دەسەڵات بگرین، بۆیە ئەم مەسەلەیەش نەبووە جێگای مشتومڕمان. من خۆم (نەک ڕەوتی کۆمۆنیست) وتارێکم لە کارگەی جگەرە و کارگەی نەسیجی هەولێر لەمەڕ دەسەڵاتداریّتی کرێکاری و شوورا وەک ئۆرگانێک کە کرێکار دەتوانێ، وەک دەسەڵات خۆی تێدا ڕێک بخات، پێشکەش کرد، بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەو بابەتەمان ڕێکۆرد نە کرد، تا ئێستا وەک دۆکومێنتێک بیخەمە بەردەستی خوێنەران. بەڵام کە کۆنفرانسی پێنجوێنمان بەست، من باسی ئەم وتارەم کرد و هاوڕێ موئەیەد وتی، تۆ ئەم بیرۆکەیەت لە کوێ هێنا و زۆر پێی سەرسام بوو. بەڵام من بۆ خۆم زۆر ڕۆشن نەبووم و ڕابەرایەتی ڕەوتیش نەیخستە دەستووری کارییەوە، بەتایبەت ئێمە لە حاڵەتی ڕەوکردندا بووین و نەمان دەزانی، چارەنووسمان بە کوێ دەگات. من پێم وایە، ئەم دوو مەسەلەیە زۆر بەباشی دەبێ ڕۆشن بکرێنەوە، ئەگینا جارێکی تر بەم ناڕۆشنییە دووبارە دەبنەوە. مەبەستم ئەوەیە، ڕەخنە لەوە نییە، کەسێک وتبێتی، شوورای کرێکاری و یەکێک وتبێتی، شوورای خەڵکی، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە، کەسێک دەسەڵاتداریّتی شوورایی وەک ئەڵتەرناتیڤ مەترەح نە کرد و نەی وت، ئێمە ئێستا دەبێ، دەسەڵاتداریّتی شوورایی دابمەزرێنین! کە ئەو کاتە باسی دەسەڵات بوو، لەسەر ئاستی وڵات. ئەو کاتە شوورای کرێکاری و شوورای خەڵکی نە دەبوون بە دوو جەمسەر بۆ کێشمەکێش لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. بۆیە من کێشەکە بۆ ئێرە دەگێڕمەوە. من ئێستاش دەڵێم، شوورای کرێکاری بۆ ڕێکخستنی کرێکاری. کاتێکیش کە دەسەڵاتی شوورایی وەک دەسەڵاتی سیاسی دابمەزرێنین، هەموو کۆمەڵگە لە شووراکانی خەڵکدا ڕێک دەخەین. ئەو کاتەش هەر دەڵێم، شوورای کرێکاری، بۆئەوەی کرێکار ڕیزەکانی خۆی سفتتر بکات و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ و لە ڕیزی ملیۆنیدا خۆی ڕێک بخات. شوورا کرێکارییەکانی سانتپێتەرسبوورگ لە ڕووخاندنی حکوومەتی کیرنیسکی و دامەزراندنی حکوومەتی سۆسیالیستی لە ڕووسیا گرنگترین ڕۆڵی شوورا کرێکارییەکان لە مێژوودا پێشان دەدات.

باسی شووراکان لەپێش ڕاپەڕین لەنێو بزووتنەوەی چەپدا وەک باسێکی فکری خرابووە ڕوو، بەڵام لەگەڵ ڕاپەڕیندا بزووتنەوەی چەپ یەکێک لە شاکارەکانی ئەوە بوو، دەستی بۆ درووستکردنی شووراکان برد. سەرەتا لە سلێمانی و دواتر هەولێر و پاشان هەموو کوردستانی گرتەوە. لە هەولێر ئێمەیش دەستمان بۆ ئەم کارە برد.

ئێمە یەکەم دانیشتنمان لەگەڵ بەشێک لە بزووتنەوەی چەپ ئەنجام دا و بۆ ئێوارەکەی هاوڕێ جەمال کۆشش هاتە لای من و وتی، من و هاوڕێ سەنعان (ڕزگار عەقراوی) قسە و باسێکمان لەگەڵ بەشێک لە چەپەکاندا بووە و دەیانەوێ بەیەکەوە کار بکەین. ئێمەش دوای ئەوە بۆ ماڵی هاوڕێ مرۆڤ (شەماڵ عەلی) چووین و لەوێ چەند کەسێک بە ناوی بزووتنەوەی شوورایی بۆ هەولێر هاتبوون. هاوڕێ شەماڵ وەرەقەیەکی هێنا و وتی، ئێمە دەمانەوێ، لەسەر ئەم وەرەقەیە کار بکەین و ئێمە خاڵە سەرەکییەکانمان لە "ئەرکە دەسبەجێکانی ڕەوت"وە وەرگرتووە. من بیرم دێ، چەند تێبینییەکم لەسەری هەبوو و پێم وابوو، ئەوە نووسراوێکی پۆپۆلیستییە و پێمان وتن، ئێمە بەشێک لە خاڵەکان بە پۆپۆلیستی دەزانین و پشتیوانی لێ ناکەین. هەروەها وتمان، ئێمە موخالیفی شوورای خەڵکی نین، بەڵام ئێمە مەشغووڵی شوورا کرێکارییەکانین و دەسخۆشیتان لێ دەکەین. ئێمە چەند کادرێکمان لە شوورا خەڵکییەکان کاریان دەکرد، لەوانە، هاوڕێیان شاکار (جەبار محەمەد) و مەجید.

ئەوان بنکەی شوورا خەڵکییەکانیان درووست کرد و ئێمەیش بنکەی شوورا کرێکارییەکان. بەڵام کردنەوەی شوورا کرێکارییەکان تەرحی ڕەوت و ڕابەرایەتییەکەی نە بوو، بەڵکوو تەشکیلاتی ڕەوت لە هەولێر ئەم دەستپێشخەرییەیان کرد و دواتر ڕەوت چووە پشتی و بەهێزی کرد. من ئێستاش ئەگەر بۆم بکرێ، بنکەیەکی ئاوەها درووست بکەم، سێ و دووی لێ ناکەم. ئەو شوورایانەی کە بە هەوڵی ئێمە درووست بوون، شوورای کرێکارانی جگەرە، شوورای کرێکارانی نەسیج، شوورای کرێکارانی دەواجن و شوورای گەڕەکی سەلاحەدین بوو، کە عەبدلڕەحمان مەولوود ئەندامی بنکەی شوورا کرێکارییەکان و یەکێک لە نوێنەرەکانیان بوو.

بنکەی شوورا خەڵکییەکان زیاتر پای ئاڵای شۆڕشیان هێنابووە ناوە و لە چەندین بواردا زۆر بەخراپی دژایەتیی ئێمەیان دەکرد. کاتێک کۆبوونەوەی گشتیی کرێکارانی کارگەی نەسیج گیرا، ئەوان چووبوون بە خەڵکەکەیان ڕاگەیاندبوو، کە کۆبوونەوەکە بۆ کاتێکی تر دواخراوە و خەڵکیان سارد کردبووەوە. بەڵام سەرباری ئەوەش کۆبوونەوەکە هەر بەسترا و شوورای نەسیج هەڵبژێرا و یەکێکیش بوو لە شوورا ناسراو و بەرجەستەکان. ئەمە کارێکی زۆر خراپی لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بنکەیە دانا و حەساسییەتێکی زۆری درووست کرد. مەوریدێکی تر ئەوە

بوو، لەسەر پێشنیاری یەکێک لە فەعالینی کرێکاریی کارگەی جگەرە، ئێمە ڕۆژی نەورۆزمان بۆ خۆپێشاندانی شووراکان دیاری کرد، ئەو ڕۆژە من سەفەری کەرکووکم کرد، بەڵام هاوڕێیانی تر خۆپێشاندانەکەیان ساز کرد و بانگەوازی شووراکانیان بۆ کۆبوونەوە لەپێش پارێزگای هەولێر کرد. ئەو ڕۆژە هاوڕێیانی شوورا خەڵکییەکان بلندگۆیەکی گەورە دەهێنن و فەزای خۆپێشاندانەکە دەشێوێنن. بە تایبەتی کاتێک هاوڕێیانی ئێمە دەیانەوێت، سرووودی ئینتەرناسیۆنال لێبدەن، ئەوان سرووودی نەورۆز لێدەدەن. هاوڕێیانی ئێمە دەست بە خۆپێشاندان ئەکەن و شوێنەکە جێدەهێڵن. ئەوان ئیتر کەسیان بە دەورەوە نامێنێت. ئەمە یەکەم، زەربەیەک بوو، لە بزووتنەوەکە درا و دووەم، بەهێزکردنی سوننەتی ناسیۆنالیستی بوو، کە لەجیاتی سرووودی ئینتەرناسیۆنال، سرووودی نەورۆزیان لێدابوو. بەپێی ڕاپۆرتی هاوڕێیان، ئەم کارە لە لایەن هاوڕێ شەماڵ عەلییەوە ئەنجام درابوو. ئیتر ئەم ناکۆکییە تا دەهات، قووڵتر دەبووەوە. لە بیر و بۆچوونی مندا نەبوو، ئێمە ناکۆکییەکی زۆرمان هەبێت، بەڵام ئەم کارانە، کاریگەریی خراپیان لەسەر پەیوەندییەکە دانا. ئەم باسە، واتە، پەیوەندیی ئەم دوو بنکەیە، خۆی خەریک بوو، مەترەح بێت، بەڵام کورتیی تەمەنی شووراکان بواری نەدا، بە شوێنێک بگات.
ئەم بابەتە لە دوای ڕەوەکە، لەناو ڕابەرایەتیی ڕەوتدا کرایە جێی باسوخواس. ئەگینا پێشتر بوارمان نەبوو، هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین. ئەمە بەدەر لەوەی زۆربەی ڕابەرایەتی ئەوەندە ئاگایان لە بنکەی شوورا کرێکارییەکان نەبوو.

**پرسیار:** موزەفەری محەمەدی لە بیرەوەرییەکانی خۆی (هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی شوورایی لە کوردستانی عێراق قسە دەکات_ چەند بیرەوەرییەک دەربارەی یەک ڕاپەڕین، یەک سەرکەوتن، یەک شکست)دا هەر باسی شووراکانی خەڵک ئەکات و ناچێتە سەر شوورا کرێکارییەکان! ئەمە چۆن لێک ئەدەیتەوە؟ ئەگەر بتوانی ئێستا خۆت باسێکی شوورا کرێکارییەکانمان بۆ بکەیت، واتە: لە کوێ پێک هاتن؟ چۆن پێک هاتن؟ قەوارە و قورساییان لە واقیعدا چەند بوو؟
**سەمیر نووری:** ئێمە خۆمان کۆمەڵێک کێشەمان لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا هەبوو، کەسانێکیش بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە هاتنە ناو هاوکێشەکەوە، کە نەک هەر کۆمەکێکی وایان نە کرد، بەڵکوو بوونە هۆی سەرلێشێواوی و بگرە زیادکردنی ناکۆکییەکانمان. من ئاگام لێ بوو، هاوڕێیان

ڕەحمانی حوسێنزادە و موزەفەری محەمەدی لە هەولێرن. لە کاتێکدا بنکەی شوورا کرێکارییەکان دەیان کۆمۆنیست و تێکۆشەری بزووتنەوەی شوورایییان تێدا کۆبووبووەوە، هیچ تەماسێکیان لەگەڵیان نەگرت و لە ڕاستیدا من هەر ئەو دەمە هەستم بە لایەنگیرییەکی تەواو کرد و نووسینەکەی موزەفەری محەمەدی، کە بەداخەوە من هەتا ئێستا دەستم نەکەوتووە و نەم خوێندووەتەوە، وەک باسی دەکەن و ئەوە تۆش باسی دەکەیت، هیچ شتێک لەسەر شوورا کرێکارییەکان ناڵێت. من پێم وانییە، ئەو هیچ زانیارییەکی نەبووبێ. لانیکەم دەیتوانی، لەسەر ئەم شوورایانە پرسیاری بکردایە، ئەم شوورایانە چی بوون. ئەو کەسێک لە ڕابەرانی شوورای نەسیج چۆن قانع دەکات (کە ژمارەیەکی زۆریان لە هێرشی حکوومەتی بەعسدا کوژران و زۆربەیان ژن بوون)، کە بۆچی، هیچ لەسەریان ناڵێ؟ هەر چۆنێک بێت، من پێم وایە، ئەوە کەموکورتییەکە لەو کتێبەدا و پاشان لایەنگرییە لە جەمعێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراقدا.
ئەوەی شایانی باسە، ئەو دوو هاوڕێیەی کە باسم کردن، دواتریش هەنگاوی خراپیان لە پەیوەند بە درووستکردنی حیزبەوە، لەنێو بزووتنەوەی ئێمەدا نا. من ماوەیەکی کورت پێش درووستکردنی حیزب، چاوپێکەوتنێکم وەک هەڵسووڕاوێکی شووراکان ئەنجام دا و لە ڕێگای هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ بڵاوکراوەی "کارگری امروز"م نارد. دواتر نەک هەر بڵاو نەکرایەوە، بەڵکوو هەر نازانم، بە کوێش گەییشت! کە من پێم وابوو، بە کەناڵی ئەم هاوڕێیانەدا بابەتەکەم ڕەوانە کرا. من هەقی ئەوەم هەبوو، وەک لایەنێک لە بزووتنەوەیەک خۆم قسەم بکردایە و ڕابەرایەتیی کۆمۆنیزمی کرێکاری گوێیان لە قسەکانی منیش بووایە، یان گوێیان لە قسەی چەند چالاکەوانێکی تری ئەو شوورایانە بووایە. بەڕاستی زۆر پێم سەیرە، کەسانێک خۆیان بە کۆمۆنیست و شوورایی و سەر بە چینی کرێکار دەزانن، شوورای کرێکاریی سێ ناوەندی کرێکاری پشت گوێ دەخەن و باسێکی ناکەن و دەیانەوێ مێژووی بزووتنەوەیەکیش بنووسنەوە.
ئێمە گرووپێک لە تەشکیلاتی ڕەوتی کۆمۆنیست بووین و کەسانێکی تریش هاتن بە ئێمەوە پەیوەست بوون، یان باشتر بڵێم، بەیەکەوە بۆ دامەزراندنی شوورا کرێکارییەکان دەستمان دایە کار و چالاکی. کە دیارە، ئێمە لە گرتنی دایرەی ئەمن و مەنزوومەی شیمالدا زۆر چالاک بووین و هەموومان چەکدار بووین. سەرەتا لەگەڵ ئەم هاوڕێیانە چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ کرێکارانی نەسیج و جگەرەدا ساز دا

و باسی شوورا و چۆنایەتیی کارەکانیمان کرد، کە ژمارەمان خۆی لە ٢٥_٣٠ هەڵسووڕاوێک دەدا. دواتر شوێنێکمان بۆ بنکەی شوورا کرێکارییەکان دیاری کرد. ئەو بنکەیە شوێنی کۆبوونەوە و قسە و باسەکان بوون و لەوێشەوە بە دوای کارەکانماندا دەچووین.

من خۆم بەشداریی دوو کۆبوونەوەی کرێکارانی جگەرەم کرد. یەکێکیان لەنێو ماڵەکاندا، کە خانووی کارگەی جگەرە بوون و ئەوەی تریان لە هۆڵی کارگە بەسترا و نزیکەی چوار سەعات کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا ئێمە چەندان قسە و باسی گرنگمان پێشکەش کرد و سەدان کرێکار بەشدارییان لە باسەکاندا کرد. باسی دەسەڵاتداریێتی کرێکاری باسێک بوو، من پێشکەشم کرد. هاوڕێ حەیدەر باسێکی پێشکەش کرد. هەروەها هاوڕێ ئەنەس قسە و باسێکی کرد و دواتر بەیانی دامەزراندنی شووراکەمان موناقەشە کرد، کە چەندان خاڵی لە خۆی گرتبوو، بەزۆرایەتیی دەنگ دەنگی لەسەر درا. لە کۆتاییدا شوورای کارگەی جگەرە دامەزرا و لەسەر پێشنیاری ساجیتە کە ژنێکی چالاک بوو، ڕۆژی نەورۆزمان وەک ڕۆژی خۆپێشاندان دیاری کرد. مەخابن ساجیتە دواتر بە نەخۆشی مرد و من نەم توانی، بیبینمەوە.

شوورای جگەرە یەکێک بوو لە شوورا بەهێزەکان و لە کۆبوونەوەکەدا زۆربەی کرێکارەکان بەشدارییان تێدا کرد و وەک بیتەوە خەیاڵم، خۆی لە ٥٠٠ کرێکار دەدا. کرێکارانی ژن و پیاو بەشدارییان کرد و هەندێ ژن ویستیان خۆیان هەڵبژێرن، کە فەرمانبەر بوون، بەڵام کرێکارەکان دەنگیان پێ نەدان و دواتر بە ئێمەیان وت، ئەمانە لەگەڵ حکوومەتی بەعسدا کاریان کردووە.

ئێمە ئەو ڕۆژە بەرەو کارگەی نەسیج دەچووین، لە ڕێگا لاوێکی خوێنگەرم هاتە پیرمانەوە و پێمانەوە پەیوەست بوو، ئەو لاوە زۆر بە گوڕ و تین لەگەڵماندا دەستی دایە کارکردن و زۆر تینووی بیر و باوەڕە ئازادیخوازەکانی ئێمە بوو. ئەو لاوە ئەرسەلان مەولوود ناسراو بە ئاراس (ئاراس لاوێکی تێکۆشەر و چاونەترس بوو، لە شەڕەکانی دژی حکوومەتی بەعس لە ئیزۆپ بەشداری کرد و لە خۆپێشاندانی تەمووزی ساڵی ١٩٩١ لە بەردەم پارێزگای هەولێر، کە بەرەی کوردستانی لەگەڵ حکوومەتی بەعس لە دانوستاندا بوون، بە دەستی چەکدارەکانی بەعس کوژرا و دواتر تەرمەکەی بۆ دوو ڕۆژ لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە دەستی بەسەردا گیرا) بوو، کە دواتر بە دەستە ڕەنگینەکەی لە دیواری کارگەی نەسیج نووسیبووی،

ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری، کە درێژاییەکەی خۆی لە ٥٠ مەتر دەدا و لە دووری کیلۆمەترێکەوە دەتوانی ببینی. ئاراس "ئەرسەلان" خۆی خەڵکی گەڕەکی نەسیج بوو، کە تایبەت بوو بە کرێکاران و فەرمانبەرانی نەسیج.
ئێمە زیاتر لە سێ ساڵ بوو، کاری سیاسیمان لەنێو ئەم کرێکارانەدا دەکرد و مانگرتن و ناڕەزایەتیمان ڕێنوێنی دەکرد و دەیان کرێکارمان لەوێ دەناسی و مانیفێست و ڕۆمانەکانی نینا و دایکی ماکسیم گۆرگی و ژیاننامەی لێنین و ئەدەبیاتەکانی ڕەوتمان لەوێدا بڵاو کردبوونەوە و چەندان ئەندام و لایەنگرمان هەبوون. بۆیە ئێمە ژێر پێمان سفت بوو و وەختێک ڕوومان کردە ئەم کارگەیە، چالاکەوانە کرێکارییەکان خۆیان کرێکاری ئەوێ بوون، ئەندامی ڕێکخراوی ئێمە بوون، لەوێش دەژیان و سەروسیمای ئێمەش بۆ ئەوان ئاشنا بوو و بۆ ماوەیەکی باشیش من خۆم لەوێ دەژیام و کاسە هاوسێمان بۆ یەکتر دەبرد. بۆیە ڕێکخستنی کۆبوونەوەی کرێکاران و دامەزراندنی شووراکە زۆر ئاسان هاتە دەست.
ئێمە یەکەم ڕۆژ ویستمان بچینە ناو کارگەکە، بەڵام پاسەوانەکانی بەرەی کوردستانی، کە خۆیان وتیان، ئێمە کادر و ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراقین، ڕێگەیان پێ گرتین و سەرەنجام بووە دەمەقاڵێمان. ئەوان دەیان وت، کرێکاران دەبێ لە هەفتەیەکدا، نەک ٣٥ سەعات کار، بەڵکوو لە ڕۆژێکدا چواردە سەعات کار بکەن! دیار بوو، ئەمە ئێمەی وە هەیەجان هێنابوو. ئێمە دواتر بڕیارمان دا، لەنێو قوتابخانەیەکی ناو خانووەکانی نەسیجدا کۆبوونەوە ببەستین. ئیتر لەگەڵ کرێکارەکان ڕێک کەوتین و ڕۆژی دواترمان دانا، تا ئەو کۆبوونەوەیە ببەستین و شوورای نەسیج پێک بهێنین. دوای ئەوە، تیمێک لە کرێکاران و هەڵسووڕاوانی شوورایی بنکەی شوورا کرێکارییەکان یەکەیەکەماڵەکانیان ئاگادار کردەوە (ئەمە خۆی ڕێکخستنی کرێکاران لە شوێنی ژیانیاندا بوو). بەڵام هەر وەک وتم، بۆ ڕۆژی دوایی، کە ئێمە بۆ کۆبوونەوەکە چووین، کرێکارەکان پێیان وتین، کەسانێک هاتوون و وتویانە، کۆبوونەوەکە دواخراوە و نابەسترێت! دواتر بۆمان دەرکەوت، ئەمە کاری بنکەی شوورای خەڵکی بووە و کرێکارەکان یەکێک لەو کەسانەیان دەناسی، کە ئەو کارەیان کردبوو، ئەویش کادری ئاڵای شۆڕش بوو. بەڵام کاتێک کرێکارانی نەسیج و کەسانێک، کە خۆیان بە ساحێبی مەسەلەکە دەزانی، هاتنە ناوەوە، لە چاوترووکانێکدا زیاتر لە ٤٠٠ کرێکاری ژن و پیاو ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، کە لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریدا کەم وێنە بوو.

ئێمە پێشتر ئەم جۆرە کارانەمان نەکردبوو و تەنها لە کتێبدا باسی شوورا و کۆبوونەوەی گشتی و ڕابەرایەتیی کرێکاریمان خوێندبووەوە. بەتایبەت ئێمە بەحسەکانی مەنسوور حیکمەت (شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان، بەحسەکانی شوورا و سەندیکا)مان لەبەردەستدا بوو. بۆیە دەمانزانی، چی دەکەین و شوورا چۆن پێک دەهێنین و زانیاریمان دەربارەی ئەوەی، ئاستەکانی شوورا چۆنە، شوورای پایە، شوورای گەڕەک، شوورای شار و ئەو هەرەمەی کە کاری پێ دەکرێ هەبوو. بەڵام هەر وەکوو وتم، ئەمە تەنها تیۆری بوو و تا ئەو ڕۆژە ئێمە بە پراکتیک کاری وامان نە کردبوو. دێتەوە یادم، شەش مانگ بەر لەوە، ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیان عەبدوڵا سلێمان و سوهەیلە، کە کرێکاری نەسیج بوون، بۆ گاڵتە و نوکتە باسی شوورای نەسیجمان دەکرد، چونکە پێمان وا نە بوو، بەو زووانە ئەتوانین ئەو کارە بکەین.

ئەو ڕۆژە، ئیتر ئەو ڕۆژە بوو، کە ئێمە شوورامان بەڕاستی پێک دەهێنا. هاوڕێ عەبدوڵا سلێمان، کە لە گرتنی مەنزوومەی شیمال و یەکێک لە بنکەکانی بەعسدا بریندار بوو، پێی پێچا بوو و هەر بە برینداری بەشداری ئەو کۆبوونەوەیەی کرد. سوهەیلە، مەمەخان، غەنی، ڕوقیە، شادییە، عەبدوڵا، ئاراس و دەیان کرێکاری دیکە خۆیان بۆ شوورا هەڵبژارد. بیرم دێ، ئێمە دەنگدانمان بەشکڵی ئاشکرا ئەنجام دەدا، واتە بە دەستبەرزکردنەوە، ئەمەش کارێکی زۆر باش نەبوو، بەڵام ئیرادەیەکی بۆ ئێمە درووست ئەکرد.

باسەکانی بنکەی شوورای نەسیج هەمان باسەکانی شوورای جگەرە بوون. قسە و باسێکی زۆرمان لەسەر مافەکانی کرێکاران، سەعاتکار، کرێ، یەکسانی ژن و پیاو، چۆنایەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی کرێکاری کرد. بەیاننامەی شوورای نەسیج لیستێک داواکاری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو و سەرباری ناوی ئەندامانی هەڵبژێرراوی شوورا، کە زۆربەیان ژنانی کرێکار بوون. لەوانە، سوهەیلە، شادییە، ڕوقیە، مەمەخان، بیرم نایەت، ئەگەر نەجاتیش لە ئەندامانی هەڵبژێراوی شوورا بووبێت، یان نا، بەڵام ئەمە تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم شوورایە بوو، کە ژنان بەشێک لە ڕابەرایەتییەکەیان پێک دەهێنا. شوورای نەسیج بەشدارییەکی بەرچاوی لە خۆپیشاندانەکانی نەورۆزدا هەبوو.

شوورای دەواجن، یەکێکی تر لە شوورا کرێکارییەکانی ئەم شارە بوو. ئێمە هەر لە سەرەتاوە بەرامبەر بە هێزەکانی پارتی، کە پشتیوانییان لە ئەحمەد ئیسماعیل،

خاوەنی دەواجنەکانی هەولێر دەکرد، وەستاینەوە. من نەمتوانی، بەشداریی پێکهێنانی شوورای دەواجن بم، چونکە لەو کاتەدا من لە کەرکووک بووم.
بەشێک لە کرێکارانی بەرزانی، بەتایبەت ژنانی بەرزانی، ئەو کرێکارانەی، کە حکوومەتی بەعس پیاوەکانی ئەنفال کردبوون، لەم کارگەیە کاریان دەکرد، زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی ئەحمەد ئیسماعیل بوونەوە.
ئەو کرێکارانەی بەشداریی خۆپێشاندانی نەورۆزیان کردبوو، کە ژمارەیان دە کرێکار زیاتر دەبوو، لە لایەن ئەحمەد ئیسماعیلەوە لەسەر کار دەرکران. بۆیە ئێمە بڕیارمان دا، کرێکاران بۆ مانگرتن هان بدەین، تا گەڕانەوەی هاوڕێکانیان بۆ سەرکار.
ئەو ئێوارەیە بەیاننامەیەکمان نووسییەوە (دیارە پێشتر بەشێک لە ڕابەرانی کرێکارانی دەواجن بە ئێمەیان وت، ئەگەر پشتیوانییان لێ بکەین، کرێکاران دەست لە کار دەکێشنەوە) و ئەو ڕۆژە لە کاتی تەواوبوونی ئیش و چوونەوە بۆ ماڵەوە لە ڕێگای شەقڵاوە، کە ڕێگای دەواجنی دەکەوێتە سەر، نزیکەی ٣٠ هەڵسووڕاوی چەکداری شوورایی لە ڕێگاکە ڕاوەستاین و بەیاننامەکە، کە بانگەواز بوو بۆ مانگرتن، بەسەر ئۆتۆمبیلی کرێکارەکاندا دابەشمان کرد. لەو کاتەدا ئەحمەد ئیسماعیل چاوی لێمان بوو، بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە هاتە پێشمان و داوای بەیاننامەکەی لێمان کرد، بەڵام ئێمە بەیاننامەکەمان پێی نەدا و سەرەنجام بووە دەمەقاڵێمان. ئیتر ئەو گەڕایەوە و هەڕەشەی لە شۆفێرەکان کرد، کە ڕانەوەستن، تاوەکوو ئێمە بەیاننامەیان نەدەینێ.
بۆ ڕۆژی دوایی، ئێمە ڕۆیشتینە پێش دەرگای کارخانەکە، بۆ ئەوەی کرێکارەکان بۆ مانگرتن بانگەواز بکەین. دیارە ئێمە هەر شەوەکەی پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی هەڵسووڕاوانیان گرتبوو. لەپێش دەرگای کارخانە کرێکارەکان لە ئۆتۆمبیلەکان دابەزین و وردەوردە کۆدەبوونەوە. پاسەوانەکانی ئەحمەد ئیسماعیل لەگەڵ ئێمە کردیانە دەمەقاڵێ و لەو کاتەدا مەفرەزەیەکی چەکدار، کە دوو ئۆتۆمبیل بوون، لە بەرزییەکەوە دەستیان دایە تەقەکردن بەسەر کۆبوونەوەکەدا. بەپێی ئەو زانیارییانەی ئێمە دەستمان کەوت، ئەو چەکدارانە سەر بە پارتی بوون. ئیتر ئەمانە فەزایەکی خراپیان درووست کرد و کرێکارەکانیان ترساند و کرێکارەکان ناچار چوونە ناو کارخانەوە و کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

ئەم مەسەلەیە بەهۆی هێرش بۆ سەر کەرکووک و سەرکوتی ڕاپەڕین باس نەکرایەوە و سەرەنجام وەک خۆی جێهێڵرا.
شوورای گەڕەکی سەلاحەدین، یەکێک لەو شوورایانە بوو، کە دەوری لە ژیانی ئەو گەڕەکەدا هەبوو. من بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەو گەڕەکەم نە کرد. وەک بیرم بێت، هاوڕێیانی بنکەی شوورا کرێکارییەکان دەوری جدییان لە گێڕانەوەی کارەبا بۆ گەڕەکەکە هەبوو.
شووراکانی هەولێر دەورێکی کاریگەریان لەسەر شکڵگرتنی ئۆرگانێکی نوێ لە ڕێکخستنی خەڵک و گوێدان بە ژیانی خەڵک هەبوو. بۆ نموونە، ئێمە بۆ ڕێگرتن لە دزیکردن، مەفرەزەمان بۆ خەستەخانەکان دەنارد، یان مەفرەزەمان بۆ پارێزگاریکردنی شار هەبوو، کە شەوانە ترس شاری دادەگرت و ئیمکانی دزەی پیاوەکانی بەعس هەبوو. هەروەها هەوڵمان ئەدا، بۆ گەڕانەوەی کارەبا. بەرزکردنەوەی هەندێ داواکاری، کە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان تازەبوون و لە سەردەمێکدا بوو، کە خەریک بوو لە هەموو جیهاندا هەڵمەتی نەزمی نوێی جیهان بۆ سەر ئازادیخوازی، یەکسانیخوازی و ئینساندۆستی بگاتە چڵەپۆپە.
بنکەی شوورا کرێکارییەکان، بەتایبەتی شوورای نەسیج، لە مێژووی ئەم بزووتنەوەیەدا قوربانی زۆری دا. هاوڕێیان ڕوقیە، شادییە و غەنی لە هێرشی حکوومەتی بەعسدا کوژران و هاوڕێ عەبدوڵا سلێمان سووتا و بەردەستی حکوومەتی بەعس کەوت، بەڵام بە موعجیزە ڕزگاری بوو و دواتر توانیمان بیگەیەنینە ناوچەی گوڵان و لەوێ لە لای کۆمەڵە تیمار کرا. هەروەها چەندان لاوی بزووتنەوەی شوورایی لەوانە، ڕاستگۆ، ڕەشاد و سەلاح لە شەڕ و لە کاتی بەرگری، لەو کاتەی حکوومەتی بەعس ویستی هەولێر بگرێت، گیانی خۆیان لە پێناوی ئازادی و یەکسانی مرۆڤ دانا.
دوا چالاکیی بنکەی شوورا کرێکارییەکان وتارێک بوو، من لە شاری ڕانیە بەناوی ئەم شوورایانەوە و لە یەکی ئایاردا لە باخچەی گشتیی شاری ڕانیە پێشکەشم کرد.

**پرسیار:** سەرەنجام دوای هێرشی حکوومەتی بەعس و داگیرکردنی شاری هەولێر، ئەو بەشەی ڕەوت، کە لە هەولێر بوون و ژمارەیەکی زۆری تری کۆمۆنیستەکان و هەڵسووڕاوانی شوورایی ڕوویان کردە ناوچەکانی ڕانیە و قەڵادزێ. ئەکرێ

ڕوونکردنەوەیەکمان لەسەر ئەو ڕووداوە و شێوازی کار و هەڵسووڕانتان لەو دەورەیە پێ بدەیت؟

**سەمیر نووری**: چەکدارەکانی ڕەوت، کە لە بنکەی هەولێر بوون، سەرەڕای ئەوەی ئێمە پێمان وتبوون، لە حاڵەتی خەتەردا بۆ کەنار شار بکشێنەوە، بەڵام ئەوان ئەو شەوەی هێرش کرایە سەر هەولێر، ڕووبەڕووی باندەکانی حکوومەتی بەعس ببوونەوە و دواتریش شاریان جێنەهێشت، تا حکوومەتی بەعس کۆنترۆڵی هەموو مەنفەزەکانی شاری کردبوو. ئەوان ناچار لە ناوشاردا خۆیان حەشار دابوو، دواتر چەکەکانیان شاردبووەوە جل و بەرگیان لە ماڵێک دەست کەوتبوو، کە ماڵەکە خۆیان لە شار نەمابوون، دوودوو و سێسێ شاریان جێ هێشتبوو.

ئێمە لەگەڵ چەند هاوڕێی تر بەرەو ڕانیە و قەڵادزێ ڕۆیشتین و دواتر بڕیارمان دا، قەڵادزێ جێنەهێڵین، مەگەر حکوومەتی بەعس هێرشی سەربازی بکات، ئەگینا ئێمە ناچینە ناو ئێرانەوە. دوای چەند ڕۆژ ئێمە توانیمان هاوڕێکانمان کۆ بکەینەوە، کە ژمارەیان گەییشتە نزیکەی ١٥ ئەندامێک. لە هەمان کاتدا هاوڕێیانی ترمان لە ڕانیە لەگەڵ شوورای ڕانیەدا دەستیان دایە هاوئاهەنگی و بەتایبەت بۆ شەڕ لەگەڵ حکوومەتی بەعس، کە لە ئیزۆپ گیرسابووەوە.

ئێمە دوای ئەوەی بار و دۆخەکەمان هەڵسەنگاند، بڕیارمان دا، بۆ ڕانیە بڕۆین و لەوێ بنکە بکەینەوە. بۆ ئەم کارە هاوڕێیان ڕەحیم و نەوزادمان بۆ لای کۆمەڵە نارد، بۆ ئەوەی ڕای ئەوان وەربگرین و پەیوندییەکمان لەگەڵ ڕابەرایەتی ڕەوتدا بۆ درووست بکەن، کە ئێمە نەمان دەزانی ئەوان لە کوێن. لە هەمان کاتدا من و هاوڕێ ئاراس بۆ ڕانیە ڕۆیشتین، بۆ ئەوەی جێگایەک بۆ کردنەوەی بنکەی ڕەوت دابنێین. ئێمە شوێنەکەمان دیاری کرد و گەڕاینەوە قەڵادزێ و لە هەمان کاتدا دەستمان دایە چەک پەیداکردن. هاوڕێیان ڕەحیم و نەوزاد گەڕانەوە.

کۆمەڵە لە ڕێگای بەرپرسی ئوردووگاکەیانەوە، کە ئیسماعیل بوو، بە هاوڕێکانی ئێمەیان وتبوو، لە ڕانیە مەقەڕ مەکەنەوە، وەرن ئێمە جێگەتان دەدەینێ و کۆمەکتان دەکەین و هەوڵ دەدەین، پەیوەندییەکەتان بۆ دابین بکەین. ئێمە وتمان، بۆ ئێمە قەڵادزێ لە گوڵان باشترە و ئێمە ئێستا لەنێو خەڵکداین، بۆیە بڕیارمان دا، بنکەی ڕانیە بکەینەوە. ئیتر بۆ ڕانیە گەڕاینەوە و لە بینایەکی سەرەتای شاردا بنکەکەمان کردەوە. لەو کاتەدا زۆربەی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی لە دەرەوەی شاردا بوون. دوای ئەوەی بنکەکەمان دامەزران، دوو بڕیارمان دا، یەکێکیان گرتنی

مەراسیمی یەکی ئایار بوو، دووەمیان دوو خێزان ڕۆیشتین بۆ لای کۆمەڵە داوای ئەو دوو خێوەتەمان کرد، کە قەولیان پێمان دابوو. ئەمەمان وەک پشتی جەبهە بۆ بنکەکەی ڕانیە حیساب دەکرد. لەم کاتەدا بوو هەواڵمان پێ گەییشت، کە هاوڕێیانی کۆخلان خەبەریان ناردووە، ئێمە بنکەکە دابخەین و بۆ لای ئەوان برۆین، بەڵام ئێمە قبووڵمان نەکرد و کارەکانی خۆمان درێژەپێ دا.
ئێمە نزیکەی مانگێک لەو چادرە بووین و زۆربەی کادرەکانی کۆمەڵە سەردانی چادرەکەیان کردین و لەڕاستیدا ئەوان چادرەکەیان بۆ دامەزراندین. هاوڕێیان کەمال تورک، ئیسماعیل، مام هاشم، عەلی ڕەش، دکتۆر حەمە عەلی و دەیان کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵە ڕۆژانە سەردانیان دەکردین. بەڵام من پێم سەیر بوو، بۆچی هاوڕێ ڕەحمانی حوسێنزادە سەردانمان ناکات! دواتر تێگەییشتین، لەژێر چاودێری و ڕێنوێنی ئەوان، لە دۆڵەکەی ئەو دیوەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی چەپی موتەفەریقەن، خەریکی سیمیناراتن و شتێکیان بە ناوی "هەستەوە" درووست کرد، کە وەک دواتر بیستمانەوە، گوایە هاوڕێ مەنسوور وتوویەتی، با بچن، هەستەیەکی حیزبی درووست بکەن.
سەرەڕای ئەوەی ئێمە ئەم هاوڕێیانەمان بۆ مەراسیمی یەکی ئایار لە شاری ڕانیە بانگەواز کرد، بەڵام ئەوان بەشدار نەبوون! هاوڕێیانی شوورای ڕانیە دەورێکی باشیان لەم مەراسیمەدا هەبوو. ئەم مەراسیمە لە بار و دۆخێکی بارگرژی زۆردا بەڕێوە چوو، هێزەکانی بەرەی کوردستانی ویستیان هێرش بکەنە سەرمان، کادرەکانی کۆمەڵە کۆمەکی زۆریان پێ کردین. ڕەوت هێزێکی باشی لەڕووی چەکدارییەوە ئامادە کردبوو، بەجۆرێک، کە ئەوان نەیان دەتوانی، زیادەڕەوی بکەن. حیزبەکان بەبیستنی قسە و باسەکانی ئێمە دەستیان دایە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی بایەخی قسەکانمان، بە تایبەت ئێمە باسی مفاوەزات و نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان لە مفاوەزات و تەحویلکردنی کوردستان لە سایەی هێڵی ٣٦ و ناوچەی نۆفلایزۆن بۆ کەمپی وەک ئەوانەی فەلەستینمان کرد. بۆیە کەریم ئەحمەد لەناو مەقەڕی حیزبی شیوعیی عێراقی لایەنگرانی خۆیانی کۆ کردەوە و قسەی بۆیان کرد. جەلال تاڵەبانی لە بڵندگۆی مزگەوتەکەی ڕانیەوە قسەی بۆ خەڵک کرد.
یەکی ئایار فەزای شاری بەتەواوەتی داگرتبوو. مەفرەزەکانی ئێمە بە درووشمی کرێکاری و درووشمەکانی یەکی ئایار هەموو ناوچەکانی قەڵادزێ، ڕانیە، چوارقوڕنە و دەوروبەریان داگرتبوو. ئەمە خۆپێشاندانێکی زۆر گرنگ بوو،

بەتایبەتی هەڵکردنی ئاڵای سوور لە بنکەی ڕەوت و لەنێو دڵی ئاوارەکاندا. ئەم کارە زۆر گەورە بوو، بەڵام بۆ هاوڕێیانێک کە مێژووی شووراکانیان نووسییەوە، سیمینارەکانیان پێ گرنگ بوو، نەک ئەم هەموو کارانە! ئەو هەستەیەی درووست کرا، هەتا خاڵی پشکنینی ئیزۆپ بڕی نەکرد و هەڵوەشایەوە!
من پێم وایە، ئێمە چەندە بە مەحفەلەکانی خۆمانەوە چووینە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە، ئەوەندەش هاوڕێ موزەفەری محەمەدی لەبەرامبەر شوورا کرێکارییەکان و هاوڕێ ڕەحمانی حوسێنزادە لە بەرامبەر ڕەوتدا مەحفەلیست بوون. من ئەم قسەیەم بۆ مێژوو لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیی ڕابەرایەتیی حیزبدا بە هاوڕێ ڕەحمان وت و ئەمەوێ ئەم مێژووە ڕیکۆرد بکەم.

**پرسیار:** ئایا ڕەوتی کۆمۆنیست شتێکی هەبوو، بەناوی "ئەرشیف"ەوە، مەبەستم ئەوەیە، کەسێکی دانابێت وەک بەرپرسی ئەو کارە؟
**سەمیر نووری:** پێشتر هاوڕێیان ئەمجەد و هاوڕێکانی تر سەروکاری ئەرشیف و مەخبەئی ڕەوتیان دەکرد. من ئاگایەکی وام نەبوو، کێ بەرپرس بوو، یان نا. بەڵام دوای سەفەری ئەو هاوڕێیانە بۆ دەرەوەی عێراق، هاوڕێ جەمیل ئەمین بووە بەرپرسی ئەو شوێنە و ئێمە هەرچی ئەدەبیاتمان هەیە، لەو شوێنە بوو و هەرچی ئەرشیف و سەرچاوەیەکمان هەبوو، لەوێدا بوون. من خۆم ئەو شوێنەم نەبینیبوو، بەڵام ئەدەبیات و دەزگای چاپ و چەند پارچە چەکێک لەوێدا هەڵگیرابوون.

کانوونی دووەمی ٢٠١٣

# "زیندانییەکی ئەمنە سوورەکە لە بەردەم ٩٦ پرسیاردا"
## (گفتوگۆ لەگەڵ لوقمان مستەفا عەبدوڵا)[1]

* ئەمنە سوورەکە (ئەمنی عەقاری) هەر بە ناوهێنانی، موچڕکە بە گیانی خەڵکی شەرەفمەندی پارێزگای سلێمانیدا دەهات. ئەم دائیرەیە لە هەشتاکاندا لە گەڕەکی شۆڕش (عەقاری) لەسەر ڕووبەرە زەوییەکی ١٠ هەزار مەتری درووست کراوە. لە هەندێ بەشیدا ٤ قاتە. بۆ بەرگریلێکردنی لە هەر چوارلاوە قولەی هەیە. دوو دەرگای سەرەکی هەبوو. یەکێک لەسەر شەقامە گشتییەکەی شۆڕش و ئەوی دیکە لە پشتەوە. کەمتر خەڵکی پرکێشییان دەکرد، لەم ئاستەدا بەپێ بڕۆن. ئۆتۆمبیل و پاسەکانی ڕێبوار گواستنەوە قەدەغە بوو، لەم ئاستەدا بوەستن و ڕێبوار سوار بکەن، یاخود دایبەزێنن.

* ئەمنە سوورەکە بریتی بوو لە دوو بەشی سەرەکی، یەکێکیان بەڕێوبەرێتی بوو، ئەوی دیکەیان بۆ ژن و پیاو زیندان و جێگەی ئەشکەنجە بوو. ئەم دەزگایە بەنزینخانە و تەنانەت شوێنی چاککرنەوەی ئۆتۆمبیلی تایبەت بەخۆی هەبوو. لەسەر زەوییەکی تەخت وەک درەخت هەڵچووە. لای سەرەوەی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای میللی (جیش ألشعبی) هەبوو، کە ئەویش پاڵیدابوو بە حامییەی شارەوە. لای ڕۆژهەڵاتیشییەوە گەڕەکێکی گچکە هەبوو، بریتی بوو لەماڵە ئەمنەکان. لە پاڵ ئەمانیشدا دەزگای ئیستیخبارات هەبوو.

ئێستا نیسانی ١٩٩٢ سەدان ماڵە ئاوارەی گەرمیان و کەرکووک لە کەلاوەکانی ئەم شوێنانەدا دەژین (جگە لە حامییە کە بەتەواوی تەخت کراوە).

لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا ئەم دەزگایە تا دواهەناسە بەرگری کرد، دواپێگەی دەوڵەت بوو، خۆبەدەستەوە بدات، هەموو ئەوانەی بەرگرییان لێ دەکرد، کوژران. لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا پتر لە ١٥٥ گیراوی سیاسی تێدا بوو، لە ١٩٩١/٣/٨

---

[1] ئەم چاوپێکەوتنە، کە لە ئامادەکردنی بەڕێز "حەمە فەریق حەسەن"ە، یەکەمجار لە گۆڤاری خەرمانە، ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٩٣دا بڵاو کراوەتەوە. پاشان لەلایەن بەڕێز "هیدایەت مەلا عەلی"یەوە دووبارە تایپ کراوەتەوە و لە ماڵپەڕەکان بڵاو کراوەتەوە.

جەماوەری ڕاپەڕیوی شار ڕزگاری کردن. هەتا کاتی ڕەوەکەیش ڕۆژانە هەزاران کەس لە شارەکانی کوردستانەوە دەهاتنە دیدەنی ئەم دەزگا داپڵۆسێنەرە ترسناکە، کە کوڕانی شار لە چەند سەعاتێکدا وەک بێژنگیان لێ کرد.
بۆ ڕوونکردنەوەی زێتر سەبارەت بەم قەڵایەی بەعس و گوزەرانی زیندانە سیاسییەکان، دوا ساتەکانی ئەم قەڵایە و ڕزگارکردنی زیندانییەکانی ناوی، چاومان بە لوقمان مستەفا عەبدوڵا کەوت، کە ماوەیەکی لەم زیندانەدا بەسەر بردووە.
هاوڕێ لوقمان لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٥)ە و لە ساڵی ١٩٨٦دا پەیمانگای تەکنەلۆجی بەغدای تەواو کردووە و ژنی نەهێناوە. لەم گفتوگۆیەدا بە دوورودرێژی ڕووبەند لەسەر ڕوخساری پیاوانی ڕژێم لادەبات و بە کون و کەلەبەرە تاریکەکانی ئەم دەزگا ترسناکەمان شارەزا دەکات.

**پرسیار:** کاک لوقمان کەی گیرایت؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** شەوی ٥ لەسەر ٦ی/١٩٩٠/٩ کات ١:٣٠ لە سەربان دەنووستین. بەڕۆژ ماندوو بووم، بۆیە ئەو شەوە زوو خەوم لێ کەوت. باوکم بە ئاگای هێنام و گوتی: (هیچ نییە، هاتوون بۆ من، دیسان مەسەلەی جەیشی شەعبییەکەیە هەڵیداوەتەوە). بەڵام کاتێک سەرنجم دا، حەوشەکەمان کەسێکی دیکە ناگرێ. بەپەلە خۆم کۆ کردەوە. چەند گۆڤارێکی پرۆلیتاریم لەبەردەستدا بوو، هەڵم گرتن و بۆ قاتی دووەم ڕام کرد، تاکوو لەوێوە بۆ کۆڵانی ئەودیوی ماڵی خۆمان دەرباز بم. بەڵام سەربانیان لێ گرتبووم. وەک سەگ پەلاماریان دام. یەکێکیان پێی گوتم: (ها لقمان ترید ان تنهزم؟! أبوک شیگول... یگول إهرب لقمان! موو؟)

**پرسیار:** کام دەزگایە هات بۆ گرتنت؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** بەڕێوبەرایەتیی ئەمنی بەلدە بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیی ئەمنی سلێمانی هاتبوون، تاکوو نێچیرەکەیان لەدەست نەچێ.

**پرسیار:** چۆن هاتنە ماڵەکەتانەوە؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** یەکسەر بەتوندی لە دەرگایان دا. بە مست و بە زەنگ لەگەڵ هاوارکردندا (إفتح الباب گواد! إفتح الباب گواد!) لەگەڵ هاتنە ژوورەوەدا کەوتبوونە وێزەی محەمەدی برا بچووکم و بەمنیان زانیبوو. محەمەد لەبەر ناساغی

لەخوارەوە نوستبوو. کە یەکسەر بەلێدان خەبەری دەکەنەوە، تێکدەچێ و دەمی دەچێ بۆلای گوێچکەی. تەنانەت بەتەمای نەمابوون بژی و هەر ئەو شەوە گەیاندبوویانە خەستەخانە.

**پرسیار:** ناوی ئەفسەر و ئەمنەکان دەزانی؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** یەکێکیان کورد بوو، قەڵەوێکی خڕپلانە بوو، ناوی خالید بوو. دیاربوو باوکمی دەناسی. ئەوانەی ڕۆژانە دەمانبینین، لەوێ دەوریان زۆر بوو: ڕائید ڕیاز، نەقیب ماجید، مولازم محەمەد، مفەوەز جەمال (تورکمان بوو)، مفەوەز تاریق، مولازم عەلی (موحەقیق)، مولازم باسم، نەقیب ئەحمەد، ڕائید حەسوون، عەقید خەڵەف (بەڕێوەبەری ئەمن)، زاهیر، جومعە، سەلام، نایف، ڕەحیم... هتد.

**پرسیار:** چۆنیان تەحقیق لەگەڵدا کردی؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** من و برادەرێکی دیکە (لوقمان محەمەد) ئەو شەوە پێکەوە گیراین. لە ژوورێکی ئینفیرادی دایان ناین. دوای پشکنینی گشتی، ئەو لەپێش منەوە بۆ تەحقیق برا. ئەمجا بەشوێن مندا هاتن. بە ڕاستەڕێیەکی تاریکی باریکدا بردمیان، ئەمجا پێچمان کردەوە. پاشان چووینە لای دەرگایەک. بەلای چەپدا پێچێکی دیکەمان کردەوە و خۆم لە ژوورێکی ترسناکدا بینییەوە. مێزێک، کۆمەڵێک ئەوراق و بەیان. موەلیدەیەکی بچووکی کارەبایی دەستی.... زرتەبۆزێکی لەئۆمەت نەچوو... قەنەفەیەکی درێژ.... لەبەرامبەرییەوە چەند کورسییەک. مێزێکی گەورەی ئاسن، کە چوار پێچکەی لەژێردا بوو. لەسەر زەوی و بە دیواری ژوورەکەیەوە چەند دڵۆپە خوێنێک سەرنجڕاکێش بوون. بە ئاسمانی ژوورەکەوە شێلمانێکی درێژ لەمبەر و ئەوبەری ژوورەکە لە دیوارەکان گیر بووبوو. چەند قولاپێکی ئاسن، لەوانەی لە دوکانی قەسابەکاندا هەیە، پێوەی لەحیم کرابوون. زەلامێکی زەبەلاحی سەرسپی سێ هێندەی خۆم دەبوو، هەر دەستێکی دوو هەندەی دەستی مرۆڤی ئاسایی بوو. ئەم چەتەوڵە مفەوەز جەمالی ناو بوو. وا بەناوبانگ بوو، زللە لە هەر کەسێک بدات، دەبێ گوێی بتەقێنێ! داینام و کەوتە پیاهەڵدانم: (لوقمان أنت خوش ولد! إحچی بصراحە، لاتدوخنا!). کارتۆنێکیان نیشان دام، گوایە پرییەتی لە بەڵگەنامەی ڕێکخراوەکەمان. دوایی چەند گۆڤارێکی پرۆلیتاری و دەستنووسی

چیرۆکێکی منداڵانیان پێشان دام و گوتیان: کێ ئەمانەی داوەپێت؟ منیش وتم: شەوێ، بەرلەوەی ئێوە بێن، کەسێک فڕێی داوەتە حەوشەکەمانەوە، نەم زانیوە چی تێدایە. کە ئێوەش هاتن، لەترساندا شاردمانەوە. پێی وتم: هذا خوش حچایە! إحچی! تری راح نعلگک، لا تعذب روحک! منیش وتم: هەر ئەوەندەیە کە عەرزم کردن.

سەریان خستمە سەر مێزێکی ئاسنی گەورە. مفەوەز جەمال لەدواوە کەلەپچەی کردم. دوای ئەوە بە قایشێک توندتوند شەکەتی دام. پاش تووڕەبوونێکی زۆر، بە قولاپی شێلمانەکەدا هەڵیواسیم. قاچەکانم بەحاڵ لەسەر مێزەکە مابوون. ئەمجا گوتیان: ها لقمان! تحچی لو لا؟ وتم: هەر ئەوەندە بوو، کە پێم گوتن. مێزەکەیان لەژێر پێمدا لابرد. ناوشان و جومگەکانم لەوەدابوو، لەبەریەک هەڵوەشێن. زووزوو بەدەنگی بەرز دەیان گوت: کێ ئەم نووسینانەی دایتێ، ماڵەکەیمان پێ بڵێ، ڕزگارت دەبێ و دەچیتەوە ماڵی باوکت. مێزەکەیان هێنایەوە ژێر پێم. بەڵام کە بێ وەڵام دەیانبینیم، جارێکی دیکە لایان دەبرد و ئازار شاڵاوی بۆ دەهێنام. مفەوەز جەمال زۆرم لێ تووڕە بوو، گوتی: (إبن ألگحبە إحچی! تری جماعتک کلهم إعترفوا). ئەمجا بەئاسمانەوە دەکەوتە لێدانم. کە بە بەرزاییەوە لەگەڵ نەقیب ماجیددا لە ئاستی جووتە سۆلە ئیسفەنجییەکانمدا دەمبینین، خۆشحاڵ دەبووم. بەتایبەت کە هیچیان لێ نەدەبیستم. دوای ماوەیەک چۆڕاوگەیەکی چەوری خەست لە تەوقی سەرمەوە دەهاتە خوار و لە نووکی پێمەوە دەچۆڕایە سەر زەوییەکە و چەندین تابلۆی دەنەخشاند. ئەمجا نەقیب ماجید بە مفەوەز جەمالی گوت: کارەبای لێ دە! سەری وایەرەکانی لە هەر دوو پەنجە تووتەی قاچم بەست و گوتی: (تحچی لو لا؟)، کە بێدەنگ بووم، ئیتر کارەباکەی لێ دام و بە هەموو هێزی هەندلی موەلیدەکەی بادەدا. ئەو کارەبایە وەک فڕۆکە دەیخولاندمەوە، جارێک و دووان و دە... زۆر ماندوو بووم. بێجامەکەم لەپێ دادەکەنرا و دەهاتە خوارەوە. خۆم وا نیشان دا، کەوا بووراومەتەوە. کە دایان گرتم، دەمویست، دەست بۆ دەمم ببەم، کەچی دەچوو بۆ پاشم! هەستم بە بوونی دەست و قۆڵم نە دەکرد! سڕ بووبوون. تەنانەت دوای چەند مانگێکیش گۆشتیان لە قۆڵ و مەچەکم بکردایەتەوە، هەستم پێی نە دەکرد. بە هیچ شێوەیەک نەم دەتوانی، بەرزیان بکەمەوە. نەعلەکانم بۆ لەپێ نە دەکران. کاک جەمال لە ژووری ئەشکەنجەوە تا ژووری ئینفیرادی بە شەق و شەقازلە و جوێن هێنامی. هەرچەند شەقی تێ هەڵدەدام، (٣٠_٤٠)سم بەرزی دەکردمەوە. دوای ئەشکەنجە، زیندانی حەز لە ئاو دەکات. بە هەر شەڕە شەقێک بوو، لە سەتڵی

ئاوەکەی تەنیشت سەتڵی پیسایییەکەم، چۆڕێ ئاوم خواردەوە. هەر کە گەیشتمەوە ئینفیرادی، هاوەڵەکانی دراوسێم لەگەڵم کەوتنە گفتوگۆ: کاکی برا چۆنی؟ غیرەتت بێ! هیچ نییە، چوار_ پێنج جاری ترە و ڕزگارت دەبێ. قسە نەکەی! ناوی کەس نەبەی! قۆڵەکانت بجووڵێنە! وەرزش بکە، با قۆڵت نەمرێ! شناو بکە! کاک کەمال قەرەداخی بەباشی هانی هەمووومانی دەدا و غیرەتی دەنایە بەرمان.
شەوی دوایی ئەو هاوڕێیەیان گرت، کە من لەسەری شلکوت بووم. ئیتر تەحقیقی من تەواو.

**پرسیار**: ئەدی جەنگی دەروونی هەبوو؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا***: کە پێت نایە ناو ئەو دائیرەیەوە، هەر لە زرەی زنجیرەوە، کە کردنەوەی دەرگایە، شەڕی دەروونییە، تا هاواری حەرەسەکان، تا هاواری ژووری ئەشکەنجە و زیندانییانی ئەشکەنجەدراو، کەمیی خواردن، نەبوونی ئاودەست و بوارنەدان بە زیندانی بۆ چوونە سەر ئاو. چوونە سەرئاو لە ئینفیرادی لە ٣ دەقیقە پتر مۆڵەت نادەن. ئەگەر لەوەت تێپەڕاند، هاوارهاوار دەستپێ دەکات: (فضنه... ولک فضنه.... بسرعه تری ابسطک). سەرئاو و دەموچاو شۆردن و سەتڵ شۆردن لەیەک کاتدایە. جارێکیان هاوڕێیەکیان بۆ تەحقیق بردە خوارەوە، دوای سووکایەتی پێکردنی، زۆر پێیان گوتبوو: ژنەکەت تەڵاقی داوی. ئەمە لەخۆیدا جەنگێکی دەروونی سەختە، تاکوو ورەی زیندانی تەواو پێ برووخێنن.

**پرسیار**: تەحقیق چەند دەخایەنێ؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا***: بەگوێرەی گیراوەکان، تەنانەت بە گوێرەی کاتی گرتن دەگۆڕێ. ئێمە ژمارەیەکی زۆر بووین. تا ڕادەیەک بەخێرایی تەحقیقیان لەگەڵدا کردین. تاکوو ئەوانەی لە دەرەوە مابوون و دەستگیر نەکرابوون، هەڵنەیەن. لێکۆڵینەوەی خۆم نزیکەی هەفتەیەکی پێچوو.

**پرسیار**: چاویان دەبەستنەوە؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا***: بە ئارەزووی خۆیانە. جار هەبوو، دەیان بەست، جار هەبوو نا. بەڵام یەکەم شەو کە بردیانین، لە نزیک دەرگای سەرەکییەوە پێیان گوتم: (دنگ راسک)! سەریان کردین بەژێر کوشنی ئۆتۆمبیلەکەیاندا، تاکوو پێی نەزانین،

بۆ ئەمنە سوورەکەمان دەبەن. جارێک ئەبوو دەلەف برادەرێکی بۆ تەحقیق بردبوو، چاوی بەستبووەوە، لە پلیکانەکان برادەرەکە کەوتبوو. ئەویش پێی گوتبوو: (گواد، صار لک ثلاث أشهر ما تعلمت الدربونە!)

**پرسیار:** ئەی جل و بەرگیان لەبەر دادەکەندن؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** بەڵێ! پشتوێن. قایشی پانتۆڵ، جامانە و ملپێچ، قەیتانی پێڵاویان لێ دەسەندین، جگە لە جگەرە، شقارتە، سەعات، پێناس و شتی دیکەش.

**پرسیار:** هەر لە ئەمنە سوورەکە مایتەوە؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** لە ئەمنە سوورەکەی عەقاری. بەشی زیندانی. لەسەروو بینا سوورەکەوەیە، لەپشت ماڵە مەدەنییەکانەوە.

**پرسیار:** کام هۆڵ؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** سەرەتا لە ئینفیرادیی حەوت بووم. دوایی بۆ هۆڵی ژمارە پێنج و دواتر بۆ هۆڵی ژمارە دە. دوای جەنگی کوێت بۆ هۆڵی سێ گەڕاینەوە. هەموو زیندانەکە بریتییە لە شەش هۆڵ و نزیکەی ٢٠ ئینفیرادی. زیندان دوو قاتە.

**پرسیار:** وەردیانەکان مامەڵەیان چۆن بوو؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** زۆربەیان خراپ بوون. دیارە لە شوێنی وەهادا چاوەڕوانیی بەزەیی لە وەردیان ناکرێ. تەنیا یەکێکیان تێدا بوو، لەوانی دیکە جیاواز بێ، ئەمەش بە شایەدی هەموو زیندانییە سیاسییەکان. ناوی ڕەحیم بوو. وابزانم خەڵکی بەغدا بوو.

**پرسیار:** دەنگوباسی دەرەوەتان پێ دەگەیشت؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** بەکزی دەگەیشت. برێ جاران ڕۆژنامەمان بۆ دەهات. هەروەها لەو کەسانەوە کە تازە دەگیران. بار و دۆخی دەرەوەمان هەڵدەسەنگاند.

**پرسیار:** کەسوکارت دەیانزانی لە کوێیت؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** دیارە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی شار هەوڵی دەدا، کەسوکارمان شوێن و ڕێمان پێ نەزانن، تاکوو باری ئاسایشی خۆیان بپارێزن. بەڵام ئێمە بەوانەدا هەواڵمان دەنارده دەرەوە، کە بێتاوان بوون و بەردەبوون.

**پرسیار:** کەسوکارت هەوڵی بەردانیان دای، چۆن؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** هەموو بنەماڵەیەک کاتێ کەسێکی دەکەوێتە زیندانی بەعسەوە، بە سەر و ماڵ هەوڵ دەدا، سۆراخێکی بکات... ماوە؟ مردووە؟ دایک و باوک و کەسی منیش هەر یەکە لە لایەکەوە بۆم تێکەوتبوون. بە پارە، یان بەپیاوەتی. جارێک بە باوکمیان گوتبوو: کوڕەکەت بە ٤ هەزار دینار بۆ بەردەدەین. باوکیشم پێی گوتبوون: تۆ مەچەکی کوڕەکەم بدەرە دەست، من ٦ هەزارت دەدەمێ. ئەو کەسەیش یەکێک بوو لە پیاوانی بەعس، لەو جۆرە کەسانەی لە پێناوی گیرفانپڕکردندا مامەڵەیان بە لاوانی شۆڕشگێڕ و بێتاوانەوە دەکرد. ئەو کەسەیش خۆمان خۆش.

**پرسیار:** ئەشکەنجە هەر بەردەوام بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** مرۆڤ لەو شوێنانەدا هەموو چرکەیەک، لە ژیانی ئەشکەنجەدا دەژی. شەو و ڕۆژ شەڕی دەروونیت لەگەڵدا دەکەن.

**پرسیار:** کاک لوقمان کات و جۆرەکانی ئەشکەنجەمان بۆ باس بکە؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** جۆرەکانی ئەشکەنجە زۆرن: هەڵواسین، لێدان بە کێبڵ، شەللاق، کارەبالێدان، کە لە پەنجەی پێ و سەری چۆک و زمان و گوێچکە و تەنانەت لە کۆمی زیندانیی سیاسی دەدرا. بەرلەوەی ئێمە بگیرێین، مولازم ئەحمەد ئەلدووری و ڕائید حەسوون هەبوون. دەڵێن، شەو و ڕۆژ سیاسییەکانیان بە دەرگادا، یان بە شێلمانی ژووری ئەشکەنجەدا هەڵواسیوە و خۆیان بەدیاریانەوە عەرەق و ویسکییان خواردۆتەوە، یان خەوتوون و بە هەڵواسراوەکانیان گوتووە: کە ویستت ئیعتیراف بکەی، خەبەرم بکەرەوە! کاتی ئەشکەنجەش لە ١٢ی نیوەشەوەوە دەستی پێ دەکرد بۆ ٥ بەیانی. ئەوەی ئیعتیرافی نەکردایە، دەیانبردە قەراخ شار. دەیانبەستەوە و فەرمانی کوشتنیان بۆ دەردەکرد. ئەمە بۆ تۆقاندن بوو. پاشان دەیانگەڕاندەوە بۆ ئەمن.

**پرسیار:** کام ئەمن بە ئەشکەنجە بەناوبانگ بوو؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** مفەوەز تاریق و مفەوەز جەمال. ئەمانە بە جەللادەکانی ئەمنی سلێمانی بەناوبانگ بوون. مفەوەز تاریق ٥٠_ ٦٠ ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتووە. قسەی خۆشیی (ابن گحبە) بوو. خۆشحاڵم، کە بوو بەژێر دەست و پێی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە.

**پرسیار:** ئەی ئافرەت ئەشکەنجە دەدران؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** بەڵێ، کارەباشیان لێ دەدان، تاکوو ناوی خەڵک بڵێ. زۆر جار کاری سێکسیشیان لەگەڵ دەکردن. یاخود ڕووتیان دەکردنەوە و هەموو گیانیان دەگوشین. دەستیان بۆ دەبردن و چرنووکیان لێ دەگرتن. سوکایەتییان پێ دەکردن. بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرە. ئەو کەرەڤانەیەی لە ئەمنەکەدا بوو، گەواهی ئەم ڕاستییانەن. ئەو کەرەڤانەیە پڕ بوو لە جل و بەرگی ئافرەتان. حەبی مەنع و زۆر شتی دیکەی وەک فیلمی سێکس و وێنەی فۆتۆگرافی. ئەو کەرەڤانەیە لە خۆیدا ژووری نووستن بوو بۆ ئەفسەرەکانی ئەمن.

**پرسیار:** ئەی خواردنتان چۆن بوو؟ جیرەکە بەشی دەکرد؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** دوای ئەوەی تەحقیق تەواو دەبێ، ئیتر کێشەی سەرەکیی ژیان خواردنە. چونکە زۆر کەم بوو، ١٥_ ٢٠ دەنک خورما لەگەڵ ٣ سەموونی گچکە، یاخود ٣ نانی گچکە بۆ هەرسێ ژەمەکە! ژەم هەبوو، بە تەنیا تووریان دەهێنا. یان یەکی پڕ بە کەوچکە چایەک، یاخود کەوچکی چێشت ماستیان دەهێنا. جارجارەش چایی خۆی بەنێوانیدا دەکرد. یاخود پاکەتە کەرەیەکی بچووک بۆ ٣ زیندانی. لەتاو کەمخۆراکی لەنێوان هاوڕێیاندا گفتوگۆمان کرد، تاکوو وەردیانەکان ئاگادار بکەینەوە، کە بەڕاستی برسیمانە. هەموو جارێک دەیانگوت: سەربازەکانمان لە بەرەکانی جەنگ چارەکی ئێوەیان نییە. ئەو حەلە لە هۆڵی ١ بووین. بە ژمارە ٦٦ کەس بووین، بڕیارمان دا، نیوەڕۆژە دابەش نەکەین. ئەگەرچی چەند هەلپەرست و ترسنۆکێکمان تێدا بوو، بەڵام بڕیاری خۆمان دا و سووریش بووین لەسەر داواکەمان. وەردیانەکان گەیاندیانە نەقیب ماجید، عەقید خەڵەف، تاریق و جەمال و هەموو داروودەستەی ئەمنمان لێ کۆبوونەوە: بۆ مان دەگرن؟ خواردن کەمە و بەش

ناکات. لەو دەمەدا زیندانییەکی پیر حاجی مەجیدی ناو بوو، دەستی دایە مەنجەڵی شۆرباکە، هەڵیگرت و پێشانی دان، گوتی: ئەم خواردنە بەشی ٦٦ کەس دەکات؟ کە حاڵەکەیان بینی، گەورە لە بچووک، بچووک لە بچووکتر توورە بوو. دواجار هەموو لایەک هاتنە سەر ئەو ڕایەی تاوان تاوانی بەڵێندەرەکەیە. دەستیان بە جنێودانی کرد. نەقیب ماجید گوتی: هەر ئێستا بچن، ئەو بەدرەوشتە بهێنن! ئیتر خواردنی زیاتر، نانی زیاتر، خورما و تەماتە هات. تا ماوەیەک بووژاینەوە.

**پرسیار:** ئەدی میوە هەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** میوەیان لەبری ژەمە خواردن دەداینێ، نەک بەجیا. واتە، ژەم هەبوو، نان و پرتەقاڵمان دەخوارد.

**پرسیار:** ئەدی گۆشت؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** گۆشت؟ شتێکیان دەداینێ، بەناو چلفرای بوو، یەکی بەقەدەر زەردەواڵەیەک گۆشتمان بەردەکەوت. بەڵام پێمان خۆش بوو، بۆمان نەهێنن. چونکە نانی دوو ژەممان پێوە دەخوارد. جاروباریش ملەقۆرتەی مریشک دەهات. ئێوارەکان ئەو گۆشتەی بۆ ئێمە دەهات، وەردیانەکان بۆخۆیان سووریان دەکردەوە. بۆنەکەی ئەوەندە خۆش بوو، وەختابوو، گیانمان بۆی دەربچێ.

**پرسیار:** کێ بەڵێندەری ئەمنە سوورەکە بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** عەبەی ساڵحی قیروان و کوڕەکانی. زۆربەی زیندانە سیاسییەکان بە گەورەترین تاوانباری دەزانن. بەڵام لەبەرئەوەی خاوەن پارەیە و لەسەر ڕەقەم پارە بە حیزب و لایەنەکان دەدا، ئەوا لە گوڵ کاڵتری پێ ناڵێن!

**پرسیار:** لە هۆڵی زینداندا چۆنتان کات دەگوزەراند؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لەم شوێنەدا کات شتێکی زیادەیە. وەک گای گێژە، دەبێ تێوەی ژەنی، دەنا ناڕوات. میلی سەعات چەق دەبەستێ و ناجووڵێ. لەوێ هەر یارییەک بە خەیاڵماندا هاتبێ، بۆخۆمانمان درووست کردووە. تەنانەت تەزبیحیشمان درووست دەکرد. بەیانیانمان زیاتر لەناو جێگەدا دەگوزەراند. ئێوارانیش یاریی فۆلکلۆری وەک فریفری، شەویش بە کڵاوێن و دۆمینە کاتمان

بەسەر دەبرد. جاری وایش هەبوو، دەبووە گفتوگۆ لەسەر بابەتێک ٣_ ٤ سەعاتی دەخایاند. کۆمەڵێک بیرۆکەی بەپێزی تێدا شی دەکرایەوە. هەموو یارییەکیش بەدزی وەردیانەکانەوە دەکرا.

**پرسیار:** جەژنی سەری ساڵتان چۆن بەسەر برد؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** شەوی ساڵی نوێ ١٩٩١ یەکێک بوو لەو شەوانەی لای گشت هاوڕێیان هەرگیز لەیاد ناچێ. هەفتەیەک پێشتر بەرنامەمان داڕشت و خواردنمان کۆ کردەوە. هەر یەکە و تۆزێ خورما، لەتێ نان، هێلکەی کوڵاو و تەرەپیاز و شتی وامان بۆ ئەو شەوە خستبووە لاوە. کات ١٢ی شەو پێکەوە خواردنمان دانا و بە خۆشییەوە خواردمان. ئەو شەوە جۆرەها یاری و گۆرانی و نوکتە و بیرەوەری بەرێوە چوو. ئەو شەوە بیرەوەرییە شیرین و تاڵەکانمان لە زینداندا بە ئازادی بۆ یەک درکاند. تاوناتاوێکیش بەکپی و بێدەنگی یاری "من غیر کلام" پێشکەش کرا.

**پرسیار:** ئەمنەکان بە ئاهەنگ قارس نابن؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** دیارە بۆیە ئێمەیان لەو زیندانەدا یەخسیر کردووە، تاکوو بەقسەی خۆیان تەمێ ببین. بەڵام بەدزی ئەوانەوە کاری خۆمان هەر دەکرد. گۆرانی و بەزممان هەر دەگێڕا، جگە لە موناقاشەی قووڵی سیاسی.

**پرسیار:** ڕاگەیاندنی عێراق وەهای نیشان دەدا، گوایە لە جەنگی کەنداودا سەرکەوتووە! ئێوە لە زینداندا ڕاستیتان دەزانی؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لەرێگەی ڕادیۆیەکی دەنگ دراوەوە، شەوی ١٩٩١/١/١٦ هەندێک نووستوو، هەندێک بێدار، لەپڕ گوێمان لە ئاژێر بوو، زانیمان کە قەوما. پاش ماوەیەک درێژەی ڕووداوەکە گەیشتە لامان. بۆ بەیانی ڕادیۆ نەما. بە هەڵسوکەوتیاندا دیار بوو، حاڵیان شلۆقە، بەڵام بەسەر خۆیاندا نەدەهێنا. خواوراستان برادەرێکی دیانی هەولێری بە تیتۆ ناسرابوو، گیرا. ئەو بە خۆشی و پێکەنینەوە باسی تێکشانی پێنجەمین سوپای بۆ گێڕاینەوە.

**پرسیار:** ئەمنی کورد لە زیندانەکەدا هەبوو؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لەناوەوە تەنها یەکێک هەبوو، ئەویش مولازم ئیبراهیمی خەڵکی هەولێر بوو. پاشان گواستیانەوە بۆ "أمن العامة"ی بەغدا.

**پرسیار:** لە سەرەتای ئادارەوە ڕاپەڕین لە باشوور بەرپابوو، ئێوە هەستتان پێی کرد؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** شەوێک لە شەوانی مانگی شوبات، سەعاتی ٢، پیاوێکی کامڵیان کرد بە ژووردا، جەلالی ناو بوو، لە تکریت گەڕابووەوە. بەنیازی بیستنی هەواڵێکی دڵفڕێن ئەملا و ئەولامان لێ گرت. بەڵام ئەم خاڵەیە هەیتاهەیتا دەیگوت: من ئاگام لە هیچ نییە. ئێمەش سەرمان کردە سەری: دایکت چاک، باوکت چاک، لە هەواڵەکانی دەرەوە ئاگادارمان بکەوە! ئیتر زمانی پژا و هەواڵی شکاندنی زیندانی تکریتی درکاند. لە هەمان کاتدا هەواڵی پێ داین، کە ١٧ لەسەر ٢/١٨ هێرشی زەمینی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان بۆ سەر هێزەکانی ڕژێم دەستپێ دەکات.

**پرسیار:** دوای ئەوە هەڵسوکەوتی وەردیانەکان گۆڕا، یان وەک خۆی مایەوە؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** دوای ئەوە وەردیانەکان کەمکەم قسەیان لەگەڵ دەکردین، بەڵام وەک هەڵسوکەوت هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتبوو، شایانی باس بێ. ئەوان هەرگیز دان بە دۆڕاندنی خۆیاندا نانێن.

**پرسیار:** ڕادیۆتان لە لا بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** بڵندگۆیەکی بێزارکەر بە دیواری ڕاڕەوەکەدا هەڵواسرابوو، لە ڕادیۆی لای حەرەسەکان بەسترابوو. زیاتر وەک بێزارکەرێکی دەروونی بوو. خڕەخڕ و هاژەهاژێکی سەمەرەی لێوە پەخش دەبوو. کەس لێی حاڵی نە دەبوو.

**پرسیار:** ئەدی تەلەفزیۆن؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** نەخێر نەمان بوو.

**پرسیار:** یارییەکانی کاتگوزەراندن کامیان هەبوو؟ ساحە و مەیدان هەبوو؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** تاوڵە و دۆمینە. شەترەنج و لیدۆ. تەنانەت جار هەبوو، پۆکەریشمان دەکرد. لەوانەیە پێت سەیر بێت، ئەم یارییانە چۆن دروست دەکران؟ لە ناوی سەموون و تڵپەچایی، کاتێ لەگەڵ تایدا پێکەوە هەڵمان دەشێلان و پوولی دۆمینەمان لێ دروست دەکردن. بۆ یارییەکانی ساحە و مەیدان، کە بە پلیکانەکاندا دەیان بردینە خوار، فتبۆڵێنیان پێ دەکردین. ئەوان یاریزان و ئێمە فتبۆڵەکە بووین.

**پرسیار:** گەرماوکردن هەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ئەوەی لە هۆڵەکان بووایە، حاڵی باشتر بوو تاکوو ئینفیرادی. چونکە هۆڵ قەرەباڵغە. لە هۆڵەکەدا ئاودەست هەبوو. ئەگەر ئاو هەبووایە، وەک حەمام بەکارمان دەهێنا و هەفتەی جارێک خۆمان دەشت.

**پرسیار:** لە زیندان خەوبینین هەیە؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** خەو وەک چالاکییەکی ئینسانی دیارە لەو شوێنەشدا هەیە. هەر یەکە، دنیا و خەون و خەیاڵاتی خۆی. مرۆڤ لەو جێیەدا هەموو چالاکییەکی سنووری بۆ کێشراوە، جگە لە خەوبینین نەبێ، کە دەتوانێ سنوورەکان ببەزێنێ.

**پرسیار:** کاک لوقمان بەزۆری خەوت بە چییەوە دەبینی؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** خەون بە ئازادی و ڕزگارییەوە، شادبوونەوە بە کەسوکار، بەو خەڵکەی لە پێناویدا بەویستی خۆمان ئەم ڕێگەیەمان هەڵبژارد.

**پرسیار:** ئافرەتتان لەگەڵدا بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** بەڵێ، دیارە ڕزگاریی چینایەتی لەگەڵ ڕزگاریی ئافرەتدا ئەمجا کامڵ دەبێ.

**پرسیار:** ئەو ئافرەتانە لەسەر چی گیرابوون؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لەسەر چالاکیی ڕێکخستنی کرێکاری گیرابوون و دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا بوون.

**پرسیار:** چەند ئافرەت بوون؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ئەوەندەی من ئاگادار بم، دوو ئافرەت لەسەر کاری ڕێکخستن گیرابوون. بەڵام هێندێکی دیکە لەبری برا و پوورزا گیرابوون. دوای نزیکەی مانگێک بەربوون.

**پرسیار:** ئیوە هەموو زیندانیی سیاسی بوون، یان تاوانباریشتان لەگەڵدا بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** سەرەتا هەرچییەکیان دەگرت، دەیانهێنایە لای ئێمە. دوای ئەوەی تەحقیقیان لەگەڵدا دەکرد، ئەگەر بەدڵیان بووایە، ئەوا لای ئێمە میوان دەبوو. لەم دواییەدا قاچاخچی و (تجاوز حدود) و سەربازی هەڵاتووشیان دەهێنایە لامان.

**پرسیار:** لەکاتی خۆیدا ئاگاتان لە نهێنییەکانی بەهاری ڕاپەڕین هەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** وەک سەعاتی سفر ئاگادار نە بووین. بەڵام بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنەی کە دەمان کرد و ئەو هەواڵە کزانەی دزەیان دەکرد، بۆی چووبووین، کە ڕاپەڕین بەرپا دەبێ. چونکە ئەو کوشتار و فشارەی لەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە بوو، وەک باری زهنی زەمینەی بۆ ڕاپەڕین خۆش کردبوو. بەڵام کە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ ڕاپەڕین دەستی پێ کرد، وەک ئەنجام گەیشتینە ئەو قەناعەتەی زەنگی ڕزگاریی ئێمە و هەموو خەڵکی عێراق دەستی بە لێدان کردووە.

**پرسیار:** ئەی خۆتان وەک سیاسی بیرتان لە ڕاپەڕین و هەڵاتن لە زیندان نە کردەوە؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** هەر لە خودی زیندانەکانی عێراقدا چەند جارێک هەڵاتن و دەرگای زیندان شکاندن ڕووی داوە. قارەمانان توانیویانە دەرباز ببن. ئەوی ڕاستی بێ، لە مانگی شوباتدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا باس لەوە کرا، خۆمان هەوڵی هەڵاتن بدەین. بەڵام بۆمان ئەنجام نەدرا. چونکە زانیاری تەواومان لەسەر زیندانەکە و دەوروبەری خۆمان نە بوو، لەبەر دوو هۆ: ١) زیندانەکە نوێ بوو و شوێنەکەیش بۆ هەڵاتن گونجاو نەبوو. ٢) لەنێو زیندانییەکاندا سیخوڕ زۆر بوون.

**پرسیار:** کەواتە متمانە لەنێو زیندانییەکاندا کەم بوو؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** متمانە لە کەسێکەوە بۆ ئەوی دیکە دەگۆڕێ. بۆ نموونە ئەگەر عەباس عارەب ئاگادار بووایە، بەهیچ جۆرێک قسەی وامان نە دەکرد، بۆنی سیاسەتی لێ بێ.

**پرسیار:** زیندانییان لەوێ سەعات چەند دەنووستن؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** بەپێی شوێنەکان کاتی نوستنیش دەگۆڕێ. بۆ نموونە، ئەگەر لە ئینفیرادی بیت، ئەوا ئەوەی جێگای باس نەبێ، نوستنە. بڕوا ناکەم، کەسێک بتوانێ، لە ئینفیرادی بخەوێ، بەتایبەتی لە سەرەتای تەحقیقەوە. بەڵام لە هۆڵدا، ئەگەر وەردیانەکان لێت تووڕە نەبن و نەیکەن بە هاتوهاوار، ئەوا لە نێوان ١_ ٣ شەو دەنووستین. ئەویش لەتاو سەرما و برسێتی و بێ جێگەیی و نیگەرانی، لە سەدا هەشتای کات بێدار بووین.

**پرسیار:** کەی لەخەو هەڵدەستان؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** شەشی بەیانی هەندێکمان هەڵدەستاین، بەڵام لە بێکاریدا دەنووستینەوە. هەرچۆنێ بێ، لەتاو برسێتی و بۆ بەرچایی هەر دەبوو کاتی ٧ بەئاگا بین. "بەیانیت باش!" سوننەتێکی زیندانییە و لەبیر ناچێ. کە هەڵدەستاین، ئەو بەتانییانەی هەمان بوون، قەدمان دەکردن. ڕێکمان دەخستن و هەوڵمان دەدا، چالاکییەک ئەنجام بدەین.

**پرسیار:** زیاتر بیرت لەچی دەکردەوە؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** زیندانی بیر لە زۆر شت دەکاتەوە، هەر لە خواردن و ئازادییەوە بیگرە، تا دەگاتە ماڵ، برا و باوک، ئەو هاوڕێیانەی لە دەرەوەن و ڕێبواری ڕێگای خەباتن. بار و دۆخ و دەرامەتی کرێکار و زەحمەتکێشان بەتایبەتی جێگەی مشتومڕی برادەرانمان بوو.

**پرسیار:** ئومێدی ئازاد بوونت هەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** کەسێ تووشی بوو بە تووشی جەللادەکانی بەعسەوە، دەبێ ٩٠% وای دابنێ تیاچووە. بەڵام ئێمە ئومێدمان بەو ١٠%یەی کە دەمێنێ، نە بڕابوو. دیارە ئەوەی ئێمەی وەک مرۆڤی سیاسی هێشتبۆوە، ئومێدی ئازادی بوو.

**پرسیار:** هۆڵێک چەند زیندانی تێدا دەژیا؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ئێمە سەرەتا لە هۆڵی ٥ بووین، ژمارەمان لە نێوان ١٧_٢٠ کەس دەبوون. خەڵکی نوێی بۆ دەهات و هی کۆنیشی لێ دەڕۆی. ئێمە بەدرێژایی ٦ مانگ و ٢ ڕۆژ میوانیان بووین، بەڵام میوانێکی ڕەزا گران.

**پرسیار:** هۆڵی ٥ ڕووبەرەکەی چەند بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لە سێ ژووری بچووک پێک هاتبوو. تیغەکانی نێوانیان هەڵوەشاندبوون. ڕاڕەوێک لەناوەوە و دوو ئاودەست یەکێکیان کردبوو بە گەرماو. ئەم هۆڵە ٨ مەتر درێژ و ٣ مەتر پان بوو.

**پرسیار:** لە دەرگای دەرەوە هەتا دەگەیشتە ئەم هۆڵە بە چەند دەرگادا ڕەت دەبووی؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** نزیکەی ٩ دەرگا.

**پرسیار:** هۆڵەکان پەنجەرەیان تێدا بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** پەنجەرەیەک بڕوانێتە دەرەوە نەبوو. بەڵام چوار هەواکێشی تێدا بوو. لەوێوە تیشکی خۆر جاروبار خۆی نیشان دەداین. ڕووبەریان ٥٠ بە ٥٠ سانتیمەتر بوون.

**پرسیار:** لەگەڵ پێخەفدا چۆن بوون؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** پێخەفمان ئەو بەتانییە کۆنە ئەسپێ هەڵهاوردووانە بوون، لەوەتی ئەو ئەمنە درووست کراوە، ئەوانیش هەن. ئەوانیش وەکوو ئێمە زیندانین و ڕۆشناییان نەدیبوو. لەبەر ئەوەی کەم بوو، یەکی دووان یاخود سێ دانەمان بەردەکەوت. ژێرەخەر و سەرەخەرمان هەر ئەوە بوو. زەوییەکە ڕووت بوو. ناچار دوودوو پێکەوە دەخەوتین، بۆ ئەوەی سەرمامان نەبێ. شەوێکیان مدیری ئەمن سەردانی کردین. گوتمان: سەرمامانە و پێخەفمان کەمە. ئەویش گوتی: (أحسن، حتى تتعلمون، أنتم أختياريتوا الطريق بنفسكم). بۆ ڕۆژی دوایی هەندێ بەتانی دیکە

و چەند پارچە ڕاخەرێکی پیس و دڕاویان بۆ هێنایین، کە بۆ ئێمە زۆر بەسوود بوون.

**پرسیار:** کەواتە زستان سۆباتان نەبوو؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** نەخێر نەمان بوو.

**پرسیار:** ئەی هاوینان موبەریدە و پانکە هەبوون؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** موبەریدە هەبوو، شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد. هەواکێشەکانیش سوودی چاکیان هەبوو بۆ هەواگۆڕکێ. بەڵام ناڵەناڵی موبەریدەکان هەراسانی کردبووین.

**پرسیار:** دیدەنیتان هەبوو؟
***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** دیارە لە ئەمنە سوورەکە کارێکی سەرسوڕهێنەرە، دیدەنی بۆ زیندانی هەبێ. ڕۆژێکیان پاسەوانێک بانگی کردم. لە خوارەوە مفەوەز جەمال چاوەڕوانم بوو. لەو دەمەدا بەڕێکەوت زیندانییەکی هۆڵی ٢، کە لە قاتی ژێر ئێمەوە بوو، لە کونی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی کردبوو. مفەوەز جەمال بانگی کردە دەرەوە. ئەوەندەی لێ دا، دیدەنییەکەی خۆم بیرچووەوە. کوڕێکی قۆزی باڵا بەرز بوو، جەمال زووزوو تێی دەخوڕی: سەرت هەڵبڕە! کە سەری هەڵدەبڕی، هەر چەند شەقازللەی لێ دەدا، بەقەدەر دەمانچەیەک دەنگی دەهات. ئەم چەتەوڵە دەستی بەقەدەر دەمە خاکەنازێک دەبوو! کوڕەی نیوە مردوو کرد و بە شەق کردییەوە بە ژووردا. ئەمجا پارچە پەڕۆیەکی دامێ و گوتی: چاوت ببەستە! چاوم بەست. ڕەحیم دەستی گرتم و جەمالیش لە پشتمانەوە. لە زیندانەکە چووینە دەرەوە بۆ بەشی بەڕێوبەرایەتی. ئەگەرچی وەهام خۆ نیشان دەدا، کە هیچ نابینم، بەڵام زەوی و جارجارە بیناکانی ناو ئەمنم دەبینی. لە بینا سوورەکە کردمیانە ژوورێکەوە. چەند کورسییەک، مێزێک و ئاوێنەیەکی تێدا بوو، ژوورێکی خۆش بوو. جەمال ئاگاداری کردمەوە: (ها لقمان، ترى أي حچی ماكو، بس أحوال و سلام). بەناچاری سەرم بۆ لەقاند. بۆ یەکەم جار دوای ٥ مانگ دایک و باوکم و دوو خوشکم هاتنە دیدەنیم. تێر یەکترمان ماچ کرد. هەواڵی کەسوکاری خۆمم زانی. لەو دەمەدا مفەوەز جەمال و ڕەحیمی پاسەوان بەدیارمانەوە وەستابوون و گوێیان گرتبوو. بۆ نەگبەتیی

زیندانییەکان، جەمال کوردی دەزانی. دوای چارەکە سەعاتێک دووعاخوازیم لێ کردن. ئەوان ڕۆیشتن، بەڵام دوای خۆیان بارێ شمەکیان بۆ جێهێشتم. چاکەت، بیجامە، فانیلە، یاپراخی گەڵامێو، گۆشت و مریشک، سێو و کولیچە. دیاربوو، حاڵم شڕە، بۆیە باوکم پانتۆڵەکەی خۆی دامێ. دوای ئەوە پشکنیمیان، گومرکیان کردم و بردمیانەوە بۆ هۆڵی خۆم. برادەران یەکەیەکە بە نۆرە ئەملا و ئەولایان ماچ کردم. ئەمەیش نەریتێکی جوان بوو. وەک ئەوەی ئەوان دایک و بابیان بینیبێ وەها بوو. خواردنەکەش، بۆ ئێمەی تامەزرۆ لەولاوە بوەستێ. لە هەمووی خۆشتر دایکم بەبۆنێکی زۆر خۆش جلەکانی عەترپرژێن کردبوو. تاکوو نزیکی ئازادبوونیشمان بۆنی تەسکینی بە هاوڕێکانم دەدا. لە زینداندا خاوەندارێتی تایبەتی نییە، زیندانی بەپێی پێویستی، شمەک بەکار دێنێ.

**پرسیار:** تکایە جیاوازیی نێوان هۆڵ و ئینفیرادی ڕوون بکەرەوە؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** جیاوازییەکە زۆر زۆرە. مەگەر ئەوانەی مانەوەیان درێژە دەکێشێ، ئازارەکەی بزانن. لە ئینفیرادی بەتەنیایت و قسەوباس و هەواڵ کەمتر دەبیستی و هەموو شتەکانت بۆ دیاری کراون، چوونە سەرئاو، قسەوباس.... مرۆڤ تەنیا لەو شوێنەدا کاسە. ئەگەر زۆر خۆڕاگر نەبێ، بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە. هیچ نییە، خۆی پێوە خەریک بکات و ڕۆژگاری پێ بەسەر بەرێت. زۆربەی ئینفیرادییەکان هەواکێشێکی وەرسکەریان تێدایە، بەزستانیش کار دەکات! کەچی هۆڵ هەر چۆنێک بێ، ئازادیی زیاتری هەیە، چاودێری کەمترە، چوونە سەرئاو و خۆشتن ئاساییە، چونکە ئاودەست و گەرماو هەیە، قسەوباس لە هۆڵ زۆرە، نوکتە و گۆرانیش جاروبار.

**پرسیار:** لەنێوان هۆڵ و ئینفیرادی، خوارەوە و سەرەوەدا هەواڵەکان چۆن دەگەیشتن؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** وەک هاوڕێیەک باسی کرد: (گرنگترین شت لە زینداندا "ربط الأعلامية"، واتە، گەیاندنی دەنگوباسی نێوان زیندانییەکانە. هەندێ جار هەواڵەکانی دادگاشمان پێ دەگەیشتنەوە. چۆن؟ هەر هۆڵە و چاودێری خۆی هەبوو، یان وەردیانەکان، یان لەنێوان خۆماندا هەڵمان دەبژارد. کە دەچوو، جیرەکە بهێنێ، لەگەڵ چاودێری هۆڵەکانی دیکەدا یەکترییان دەبینی، بەپەلە و لەژێر لێوەوە

دەنگوباسیان دەگۆڕییەوە. بەتایبەتی لەگەڵ هۆڵی ١دا. چونکە هەر کەسێک بە دادگا بدرایە، یەکسەر دەیانبردە هۆڵی ١ و لەوێوە هەواڵەکان دەگەیشتنە ئێمە، لە ئێمەشەوە بۆ ئینفیرادی. جۆری پێگوتنیش بە جفرە بوو. لای خۆمان هەر ژوورە و ژمارەی تایبەتی خۆی هەبوو. لەژێر دەرگاکەوە ژمارەیەکمان بانگ دەکرد، ئیتر هەر ئەو ژمارەیە دەهاتە وەڵام. جارێکیان سیاسییەکی تازە گیراویان لە ئینفیرادی فڕێ دابوو. دوای ئەوەی برادەران غیرەتیان نابووە بەر، پێیان گوتبوو: لەمەولا تۆ ژمارەکەت حەوتە. ئەویش گوتبووی: حاڵی بووم. کەچی دوای نیوسەعاتێک دەستی بە هاوارهاوار کرد: حەوت! کوڕە حەوت! ئەی هاوار حەوت، بۆ وەڵام نادەیتەوە؟! برادەرەکەی تەنیشتی ئاگاداری کردبۆوە: ئەوە چیت لێقەوماوە؟ ئەویش وتبووی: ئەوە قەدەرێکە هەر حەوتحەوتمە و کەس وەڵامم ناداتەوە! ئەویش تێی گەیاندبوو: کاکە گیان! تۆ خۆت حەوتی، ئیتر چۆن بانگی حەوت دەکەی! مرۆڤ لەو شوێنەدا وڕ و کاس دەبێ، زوو شتەکانی لەبیر دەچێتەوە و هەندێ جار تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە دەبێ.

**پرسیار:** ئەگەر ئارەزووی جگەرەکێشان، یان هەر خواردنێکتان بکردایە، کەسێ هەبوو، بە دەنگتانەوە بێ؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** مرۆڤی زیندانی چونکە هەموو شتێکی لێ یاساغە، لەبەردەستیدا نییە، ئارەزووی هەموو خواردنێک دەکات، ئەویش لە چوارچێوەی خەیاڵات و ئاخ و ئۆف و خۆزیا و بریای مرۆڤێکی پەژموردە و عەزرەتی. جار هەبوو لە نێوانماندا کرێکاری چێشتخانە هەبوو، باسی لێنانی پڵاوی سەر بەکشمیش و بریانی و تاسکەبابی و قەزاتمە و جۆرەها خواردنی خۆش و بەتامیان بۆ دەگێڕاینەوە. ڕژێنەرەکان دەکەوتنە لیک ڕشتن. بەڵام بە کەڵکی چی دێ؟ خۆ بۆ ئێمە لە خورماکە زیاتر نەبوو، کە بیخۆین. برادەران زۆریان حەز لەو یاپراخە بوو، کە لە دیدەنییەکەدا بۆیان هێنام. بڕیاریان دا، ئەگەر بەربووین، بۆ یاپراخ بانگهێشتیان بکەم، بەمەرجێ گۆشتی تێدا بێ. لە زیندان تەنیا ڕەحیم سەموون یاخود نانی زیادەی بۆ دەهێناین، ئەویش خۆمان داوامان لێ دەکرد.

**پرسیار:** باسی ئەدەب دەکرا؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** باسی ئەدەب هەمیشە لە زیندانداندا هەیە. کات هێندە زۆرە بەشی هەموو لایەنەکانی ژیان دەکات بە ئەدەبیشەوە.

**پرسیار:** باسی کام لە نووسەران دەکرا؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** زۆر نووسەر دەهاتنە سەرخوانی باسکردن وەک: حسێن عارف و شاکارەکەی. شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو، حەمەسەعید حەسەن. زۆر جار باسی جاش قەڵەمەکان دەهاتە پێشەوە و تێر جوێنی ئەدەبی دەکران. شێخ ڕەزا زۆر جار دەبووە میوانی زیندان و بە شاکارە داشۆرینەکانی هەموومانی دەخەناند.

**پرسیار:** کام بەرهەمی ئەدەبیتان بەلاوە پەسەند بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** بەلای هەموومانەوە ئەو بەرهەمانەی دیدێکی کرێکارییان هەبوایە، پەسەند بوون. وەک شیعرە بەناوبانگەکەی ئۆژین پۆتیەی شاعیری کۆمۆنەی پاریس. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا شیعری ناسکی وەک لە ڕەگەوەی بێکەس و پەشیمانی حەمەسەعید و سەربازی ونی پەشێو زۆر جاران دەگوترانەوە. جگە لەوە ڕێبواری شاعیر لای زۆربەمان دۆست و ئاشنا بوو.

**پرسیار:** تێکڕای پلەی خوێندەواریی زیندانییەکان لە چ ئاستێکدا بوون؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ئەوانەی لە هۆڵی ٥ بووین، بەشێکمان دەرچووی زانکۆکانی بەغداد و مووسڵ و سەلاحەدین بووین. هێندێکیشمان دەرچووی پەیمانگەکانی بەغدا و کەرکووک و سلێمانی.
برادەرێکیشمان بەناوی دکتۆر کامەرانەوە، کە هەتا ئازاد کراین، لە ئینفیرادی مایەوە، دەرچووی کۆلێجی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین بوو. تەنها هاوڕێیەکمان کەمی خوێندبوو. ئەویش بەباشی دەیتوانی بنووسێ و بخوێنێتەوە. ئەگەرچی بەلای منەوە پلەی خوێندن سەنگی محەک نییە.

**پرسیار:** ئەدی تەمەنیان؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ئەو دەستەیەی کە لەسەر یەک مەسەلە گیرابووین، تەمەنمان لە نێوان ١٩_ ٣٢ ساڵ بوو. واتە لە دایکبووی ١٩٧٢_ ١٩٥٥.

**پرسیار:** ڕادەی پاک و خاوێنی زیندان باس ناکەی؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** دوودوو بە نۆرە خەفەرمان بۆ پاکژکردنەوەی هۆڵەکەمان دانابوو. دەبوو هەموو هۆڵەکە بە پەڕۆی شێدار بسڕینەوە. جاروباریش وەردیانەکان دیتۆڵیان بۆ پاکردنەوەی ئاودەستەکان دەداینێ. هەموو گرنگیمان بە خاوێنی دەدا. ئەگەر یەکێک بچووایەتە سەرئاو و بە سابوون دەستی نەشۆردایە، دەکەوتە بەر لۆمەی هاوڕێیان. تەنها خاوێنی لە نەخۆشی دەپاراستین.

**پرسیار:** چ نەخۆشییەک بەزۆری لەناوتاندا بڵاو دەبۆوە؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** نەخۆشی زۆر بوو، بەتایبەتی سکچوون و هەوکردنی گەدە و ئەنفلۆنزا، کە زۆربەمانی هەراسان کردبوو.

**پرسیار:** دەبرانە نەخۆشخانە؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** مەگەر حاڵەتەکە زۆر ترسناک بووایە. هەفتەیەک یان دووان وەردیانێک ناوی نەخۆشێک دووانی دەنووسی و دەبرایە لای نوژدار، ئەویش هەر لە زیندانەکەدا. جارێکیان هاوڕێیەکمان مەجاری بۆلی خراپ تووشی نەخۆشی ببوو. چەند پاسەوانێک بردیانە خەستەخانەی شار. ناوی ئازاد سەلیم بوو. ناویان گۆڕیبوو بە هاوڕێ محەمەد. کە نۆژدار بانگ دەکات: با هاوڕێ محەمەد بێتە ژوورەوە! ئەم وەڵام ناداتەوە. پاسەوانەکە تێی دەخوڕێ: بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەویش پێی گوتبوو: ئاخر من ناوم هاوڕێ نییە! دوای لێدانێکی زۆر بەزۆردارەکی کردبوویان بە هاوڕێ و ناردبوویانە ژوورەوە!

**پرسیار:** لەو ماوەیەدا کە زیندان بووی، کەسیان کوشت؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** دەمانبیست، دادگا فلان یان فیساری بەکوشتن سزا داوە. ئیتر نەماندەزانی داخۆ جێبەجێ دەکرا، یان نا. چونکە هەواڵ هات، کە تەنفیز وەستاوە.

**پرسیار:** لەوێ، لە ئەمنە سوورەکە سزای کوشتن جێبەجێ دەکرا؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا**: محەمەد مەحمود ناوێک، لە ٨ی مارس، لە کاتژمێری ٩:٣٠ی بەیانی، برایە خوارەوە و گوللەباران کرا. ئەم برایە بزووتنەوەی ئیسلامی بوو. بە تاوانی کوشتنی (مەلا ف.) دەسگیر کرابوو.

**پرسیار**: بە هەموو ئەمنە سوورەکە چەند زیندانی تێدا بوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا**: نزیکەی ١٢٠_ ١٥٥.

**پرسیار**: سەربە کام حیزب و گرووپ بوون؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا**: زۆربەی لایەنەکانی تێدا بوو. ئێمە کۆمەڵێک بووین، پێیان دەگوتین، جەماعەتی کۆمۆنیست، کە سێ لایەن بووین: ١) دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا. ٢) ڕەوتی کۆمۆنیست. ٣) کرێکارانی کۆمۆنیست. جگە لە ئێمە: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کۆمەڵێک پێشمەرگە و ڕێکخستنیان گیرابوون. پارتی دیموکراتی کوردستان چەند برادەرێکیان. ئاڵای شۆڕش چەند برادەرێکیان.

**پرسیار**: لەم دواییەدا کارەباتان هەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا**: هەتا هاوپەیمانەکان هێرشیان هێنا، بەردەوام کارەبا هەبوو. دوای ئەوە شەوانە بۆ ماوەی چەند سەعاتێک بۆ مەبەستی ئەشکەنجە مولیدەیان ئیش پێ دەکرد. ئەگینا تا ئەو کاتەی دەرکی زیندان شکا، کارەبا نەبوو.

**پرسیار**: ئەدی ئاو؟ سەر و ڕیش تاشین چۆن بەڕێوە دەچوو؟ شانە و ئاوێنە هەبوون؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا**: ئاو، وەک کارەباکە بوو، سەرەتا باش بوو، پاشان بە سەتڵ بۆیان دەهێناین. گرەوی خێراترین ڕیشتاشین لە جیهاندا ئەمنی سلێمانی دەیباتەوە! مەکینەیەکی بێ شانە، لەتێ گوێزان، سەتڵێ ئاوی سارد، بەکێبڵەوە بەدیارتەوە وەستاون و ڕاست و چەپیان لێ گرتووی، تاکوو تەواومان دەکرد، ڕوخساری خۆمان کەلەپاچە دەکرد. ڕیشتاشین ٣_ ٤ هەفتە جارێک بوو. ڕۆژی ١٩٩٠/١٠/٢٧سەریان سفر کردین. قژمان هاتبوو، بە ئاوی سارد پاک نە دەبووەوە، لەوەدابوو، ئەسپێ تێمان بدات. زۆرمان پێخۆش بوو. ئەم سەر سفرکردنە مێژوویی بوو، هەر یەکە و لە مرۆیەکی دیکە دەچووین.

زۆر شت هەن لە زینداندا بەدڵ و گیان دەپارێزرێن و لە جێگەی تایبەتیدا دەشارێننەوە. ئێمە شانە و ئاوێنە و مووکێش تەنانەت مقەستێکی بچووکیشمان هەبوو. لەکاتی پشکنیندا بە هەمووومان دەمان پاراست. وەردیانەکان نینۆککەریان بۆ دەهێناین و ڕۆژێ دووان لە لامان دەمایەوە. چاودێری هۆڵ لێی بەرپرسیار بوو.

**پرسیار:** هەندێ لە گفتوگۆی ئەمنەکان بەتایبەت لەکاتی ئەشکەنجەدا، ئەگەر بیرت ماون؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** (گول حقيقة، تتريح نفسک! صديقک گال کل شی، ليش تتعذب نفسک؟)، (إبن گحبة، چم مرة گلنا لک إحچی، اذا ماتگول الحقيقة راح نعلگک.). دوای هەڵواسین، گیانم تێک شکابوو، نەم دەتوانی، ڕێک بڕۆم. مفەوەز جەماڵ لەدوامەوە بوو، پێی گوتم: (صار پاپای). ئەبوو دەلەف، ڕۆژێک لەسەر ئەوەی لەبەر سەرما نایلۆنێکمان بە هەواکێشەکەدا گرتبوو، زۆر تووڕە بوو، گوتی: (يا حيوان سوا هذا؟ إذا أضرب أى واحد، لايگوم إلا بالمستشفى!).

**پرسیار:** کە ئێوە دەپاڕانەوە، ئەوان چ هەڵوێستێکیان وەردەگرت؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لە هیچ کات و شوێنێکی زینداندا پاڕانەوە دادت نادات. هەندێ جار وەک تەکتیک بۆ خۆگێلکردن لەو بەڵگانەی وەدەستیان کەوتوون، پاڕانەوە یەخەت پێ دەگرێ. بەڵام گوێت لێ ناگرن، بەڵکوو پتر ئەشکەنجەت دەدەن. ئەوان سوور دەزانن تۆ ٥٠ فلست پێیە، کەچی داوای ٢٥٠ت لێ دەکەن. مرۆڤ بۆ ئەوەی درهەمەکەی لە دەست نەچێ، دەپاڕێتەوە. دەپاڕێتەوە بۆ خاتری ئەوەی هاوڕێیانی دەرەوەی زیندان بێ زیان و بەردەوام بن.

**پرسیار:** ئەبوو دەلەف کێیە؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ناوی محەمەد بوو. بەناوی کوڕەکەیەوە بانگیان دەکرد. کابرایەکی زەبەللاحی پاشەڵ زل و گێژۆکە بوو. ببووە جێگەی نوکتە و لاقرتێی زیندانییان. خۆی وەها پێشان دەدا، لە گشت زانستەکاندا شارەزایە و گاڵتەی بە ئەقڵی ئێمە دەهات. پێی دەگوتین: (راح نعدلكم و بعدين تطلعون). ڕۆژێکیان کارەباچییەکی ڕمووزنی سەربەخۆیانی هێنابوو، تاکوو هەواکێشی هۆڵەکە چاک بکاتەوە. لەسەر پەیژەکەوە داوای کەتەری لێ کرد، ئەبوو دەلەف دوای ئەوەی

ماوەیەکی چاک جانتاکەی گەڕا، نەیزانی کەتەر کامەیە. ناچار جانتاکەی بۆ کاکی کارەباچی هەڵبڕی و بەڕاشکاوی گوتی: نازانم! ئەمە ڕەنگە بەلای خوێنەرەوە ڕووداوێکی ئاسایی بێ. بەڵام لە شوێنێکی وەک زینداندا نوکتەیەکی زۆر خۆشە، بەتایبەتی بە زمانی ئەبوو دەلەف ئەوە گۆبەندێکە بۆخۆی.

**پرسیار:** بەڕاست نوکتەی تایبەت بە زیندانت لەیاد ماوە؟

***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:***

١) بەندییەک، لە ئێمە پتر تەمەنی لە زینداندا بەسەر بردبوو، گێڕایەوە: زیندانییەکیان ئەشکەنجە دەدا. کارەبایان لە چۆکی دا. لەتاوا میزی کرد بە مێزەکەدا. پێیان دەگوت: دانی پێدا بنێ! چیت پێیە، هەڵیڕێژە! ئەویش دەیگوت: بەخوا ئاگام لە مەحموودی بێ زەواد نییە! نەقیب ماجیدیش یەکسەر گوتبووی: (ها شتگول؟ أكتب محمود بى زواد! منو محمود بى زواد؟ إحچي!).

٢) جارێکیان زیندانییەک هەڵدەواسن و کارەبا لە چۆکی دەدەن، بەڵام ئەو لەبری هاوارکردن، دەستبەپێکەنین دەکات و نایبڕێتەوە. زابت تەحقیق گومانی تێکچوونی لێ دەکات. داوا دەکات، بەپەلە دایگرن. ئاو لە سەروچاوی دەپرژێنن. لێی دەپرسن: ئەوە بۆچی پێکەنیت؟ ئەویش دەڵێ: وەختی خۆی لە دێ وا باو بوو، کارەبامان بۆ دێت و ڕووناکی دەگاتە لامان، منیش پێم گوتن: بەو خوایە، کارەبا دەگاتە چۆکی من، بەڵام ناگاتە دێ! ئەوا ئێستا سوێندەکەم بەڕاست گەڕا، کارەبا گەییشتە چۆکم، بەڵام دێکەمان ئەنفال کرا.

٣) یەکێکی شێتۆکە گیرابوو، خەڵکی هەولێر بوو. پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو، بەڵام خاسییەتی ئەمن بوو، لەسەر قاچاخچێتی خەڵکیان بگرتایە، پێیان دەگوت: (تۆ تەنزیمیت). کە ئەم تاوانەشیان دایە پاڵ، ئیتر پێی دەڵێن: بۆ وێنەی سەیدلڕەئیست دڕاندووە؟ یان پێیان دەگوت: تۆ تەنزیمیت، لێپرسراوەکەتان کێیە و چاپی حیزبەکەتان لە کوێیە؟ ئەم برادەرەش لەژێر ئەشکەنجەدا گوتبووی: بەڵێ هەوم، چاپەکەشمان وا لە ماڵەوە، لە قەلای هەولێر. خێرا نەقیب ماجید و تاقمەکەی بە گرنگیپێدانێکی زۆرەوە لەگەڵ کاکی زیندانی بۆ هەولێر بەڕێ دەکەون. لەوێ دایکێکی پیر، دوو باوەڵە شکاو و بۆفییەکی کۆنیان دەبێ، هەموو شڕە و شاتاڵەکانیان فڕێ دەدەنە دەرەوە و هیچ نادۆزنەوە. ئەمجا لێی دەپرسن: کوا چاپەکە؟ ئەویش پێیان دەڵێ: چاپمان نییە، هەر ویستم بمهێننەوە بۆ ماڵەوە، تاکوو

داكە پیرم ببینم و بزانێ، لەلای ئێوە زیندانیم. چینێکی لێ دەدەن و ڕێوڕێ دەیگەڕێننەوە.

**پرسیار:** لە زینداندا پێڵاوتان لەپێ دەکرد؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لە بێتاقەتیدا وەک حەزکردن لە هاتوچۆ، یان وەک بیرەوەری، بەیادی ڕۆژگاری ئازادی لەپێمان دەکرد.

**پرسیار:** لە هۆڵ پشکنین هەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** بەڵێ، هەفتەی جارێک، یان بە دوو هەفتە جارێک. شەوێکیان لە نێوان ١٠_ ١١ی شەودا: جومعە، ئەبوو دەلەف و خالیدە شێت خۆیان بەژووردا کرد. ئەبوو دەلەف گوتی: جلوبەرگ و بەتانییەکانتان کۆ بکەنەوە! ئێمە بەتانییەکانمان بەدەستەوە بوو. ئەویش زووزوو دەیگوت: (لیفوگ، أرید الکاشی، إرفعها لیفوگ!). دوایی گوتی: هەموو لێرە کۆ ببنەوە و پێخەفەکانتان لەوێ دابنێن! حاڵێکی زۆر ناخۆش تووش هاتین، کەچی دوایی لەنێو خۆماندا بە نوکتە شکایەوە. هەر کەسێک لە جومعە نزیک دەبۆوە، تاکوو کەلوپەلەکەی لەبەردەمدا دابنێ، دەکەوتە بەر حەملەی لێدان. بۆیە کەس نەی دەوێرا، لێی بچێتە پێشەوە. ئەم دیمەنە لە زینداندا سەرنج ڕاکێشە و مانای خۆی هەیە. من گڵۆڵەیەک خوری، هی بلووزی هەڵوەشاوە و دەرزییەکم لە باخەڵدا بوو، زۆر یاساغ بوو، بە دەرزییەوە فڕێم دایە ناو نوێنەکانەوە. هاوڕێیەک لەبەر ئەوەی ناوکە خورمایەکیان لە باخەڵدا دۆزییەوە، کەوتنە تێهەڵدانی. یەکێکی دی ئێسکێکی مریشکی پێ بوو، بە هەمان دەستوور لێدانی خوارد. منیش لەسەر ئەوە لێیان دام: لەبەر بۆنخۆشی توێکڵی پرتەقاڵیان لە گیرفانمدا دۆزییەوە. شێخ حسێن تازە خۆی شۆردبوو، بەتانییەکی لەخۆیەوە ئاڵاندبوو، ئیتر هیچی وای لەبەردا نەبوو. ئەبوو دەلەف پێی گوت: دەڵێی لە سەردەمی محەمەدل عەرەبیدا دەژی! ئەویش لێدانێکی مزری خوارد.

**پرسیار:** ئەو شتانەی کە لە زینداندا قەدەغەن؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لە زینداندا هەموو شتێک قەدەغەیە، مقەست، گوێزان، هەر شتێکی دەمتیژ، شانە، کەوچک، شووشە، تەل، بەرد، دار... بەڵام ئێمە هەندێک

لەمانەمان هەبوو و دەمانشاردنەوە. وەک چەقۆ، کە خۆمان درووستمان دەکرد. دەرزی، کەوچکی نایلۆن، ئاوێنە...

**پرسیار:** گۆرانیگوتن هەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ئەو دەمانەی کە زیندان خامۆش دەبوو و هامشۆی پاسەوانەکان کەم دەبووەوە، ئەوانەی دەنگخۆش بوون، گۆرانییان دەچڕی. هەندێ جار دەبووە گەڕەلاوژە و بە نۆرە بوو، تەنها بۆ ئەوەی کات بڕەوێتەوە.

**پرسیار:** ئەی بە قورئانخوێندن قارس نە دەبوون؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لەبەر ئەوەی قورئانخوێنمان لەگەڵدا نەبوو، لام ڕوون نییە. بەڵام دەکرێ بەدزییەوە بخوێندرێ.

**پرسیار:** لەنێوان خۆتاندا شەڕتان دەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** بەڵێ، هەندێ کەڕەت ڕووی دەدا. ئەویش لە ئەنجامی پشووکورتی و کەم تەحەمولییەوە بوو. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە هەرما، بەڵام وردەوردە کەم بووەوە.

**پرسیار:** لەسەر چی شەڕ ڕووی دەدا؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لەسەر تاوڵە و دۆمینە، یان لە کاتی موناقەشەدا. هەندێ هاوڕێ چیکڵدانەیان گچکە بوو. جار هەبوو، لەسەر دەنکە خورمایەک، لەتە سەموونێک دەبووە شەڕ. ناهەقیشیان مەگرە! برسێتی چی بە ئینسان ناکات؟! مرۆڤ کە برسی بوو، ئاستی هۆشیاری دێتە خوارەوە. کورد واتەنی: برسێتیی ڕەگی هاریی پێوەیە.

**پرسیار:** بوورانەوە هەبوو؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** هاوڕێیەکمان لەگەڵ ئینفیرادی ٦دا وەستابوو، ئەم دووانە لەیەک شانەدا بوون، بۆ ئەوەی لە تەحقیقدا قسەکانیان چونیەک بێ، نزیکەی سێ چارەک پێکەوە وەستان. ئەوەندەمان زانی کاژاو بەلادا هات و ڕەهێڵ بوو! بەپەلە هەڵمان گرت و بردمانە سەر جێگاکەی. دوای نەختێک هاتەوە هۆش خۆی.

برادەرەکەی ئینفیرادی ٦ ئاوای گێڕایەوە: لەچاو تروکانێکدا، دیم، کاژاو بەلادا هات و کەوت. بێ ئەوەی بتوانم دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەم و فریای بکەوم. من لەو دیوەوە ڕەق ڕاوەستابووم، هەر ئەوەندەم پێ کرا، هاوڕێکانی دیکە، کە لە هۆڵەکەدا بوون، ئاگادار بکەمەوە. ئەگەر بشمردایە، توانای ئەوەم نەبوو، بمگرتایەتە باوەش. ئای چەند تاڵە هاوڕێی ئازیزی خۆت لەبەردەمتدا بکەوێت و نەتوانی، دابنەوێیتەوە و یارمەتی بدەیت. مەگەر ئەمە هەر لە سایەی ڕەوشتی بۆرژوادا ڕوو بدات!

**پرسیار:** هۆی سەرەکیی بوورانەوە چییە؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** دیارە لەبەر نەبوونی خواردن و پێویستییە ئینسانییەکان بوو. ئەو خواردنەی بۆ سێ ژەم وەرمان دەگرت، بەشی ژەمێکیشی نە دەکردین. ئیتر چۆن تووشی بێهێزی و بوورانەوە نابین؟

**پرسیار:** لە زینداندا کێ لە هەمووان ئازاترە؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** لە هەمووان ئازاتر ئەو کەسەیە، کە دەسگیر کرا، کەسی دیکە بە شوێن خۆیدا بۆ زیندان نەهێنێ. کەم بڵێ و لەکورتی بیبڕێتەوە. سەردار ناوێک هەتا توانییان لێیان دا و ناوی کەسیشی نەگوت. ئێمەش یارمەتیمان دا و لە بار و دۆخی ئەمن ئاگادارمان کرد. ئەوەی دەگیرێ، وا دەزانێ، دەستە و دایەرەی ئەمن زۆر زیرەکن، ڕاستییەکەی زۆر گێلن، تا ئەو ڕادەیەی زۆرمان بەڵگە پێ گیرابوو، کەچی هەتا کۆتایی نەیان زانی، هی کێیە! هەرچەندە فێڵیان کرد، کەچی خاوەنەکەیان نەدۆزییەوە.

**پرسیار:** ئەوانەی ڕێزی تایبەتییان هەیە لە لات؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ئەو برادەرانەی هۆڵی خۆمان. ڕێزم بۆ زۆریان هەیە، ناتوانم ناویان بڵێم. خەڵکی لەو شوێنەدا شیاوی ڕێزن. هەندێ نەبێ، کە کیانی ئینسانی خۆیان ون دەکەن و بەسەر خەڵکی دیکەوە دەبنە سیخوڕ!.

**پرسیار:** بەیانیی حەوتی ئازار ڕاپەڕین گەیشتە شار، ئێوە چۆن بە پیرییەوە چوون؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** ئەو بەیانییە تەقەی دوور بەئاگای هێناین. سەرەتا وای بۆچووین، ئەوانە جاشن و لەنێوان خۆیاندا تێک چوون. ئەو بەیانییە لەچاو ڕۆژانی

دیکە بەرچایی دواکەوت! دوای بەرچاییش تەقە بەردەوامی هەبوو. بەتانییەکانمان کۆ کردنەوە و لەسەریەک هەڵمان چنین، تاکوو بگەینە هەواکێشەکە و لەوێوە چاومان لەناو مدیرییەتی ئەمن بێ و بزانین چ باسە. یەکێک لە ئەمنەکان بە گەورەکەیانی گوت: (سیدی! ألمخربین فی محلة خبات). دیارە ئەو گەڕەکانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشیان لێیە، هەردەم لانکەی شۆڕش و بەرپەرچدانەوەی ڕژێم بوون. ساڵانی ١٩٨١_ ٨٢ لەو گەڕەکانە شەو و ڕۆژ خۆپیشاندان بوو. جاروبار دەنگی "ئاڕ پی جی"یش دەهات. پاشان وای بۆ چووین، مەفرەزەی "پ.م" دابەزیبێتە ناوشار و شەو فریای کشانەوە نەکەوتوون. ئێستا ئاشکرا بوون و تووشی شەڕ هاتوون. برادەرێکی دیکە وای بۆ دەچوو، هێزە هاوپەیمانەکان لە چواردەوری شار دابەزیون. لەگەڵ بەردەوامی برادەرەکەی ئێمەیش لە کونی هەواکێشەکەوە سەرنجی دەدا و هەڵوێستی ڕوون دەکردەوە. لەوێوە ناو مدیرییە، پرسگە، شەقامەکەی گەڕەکی شۆڕش، لەوێوە بەرەو خوار تا کارگەی سەهۆڵەکە و چەند ڕیزە ماڵێک لە چواردەوری ئەمنەکە دیار بوون. لەوێشەوە گۆڕستانی شێخ محێدین و گەڕەکی ئابلاخ لەگەڵ بەشێک لە بینا تازەکەی کارگەی جگەرە دیاربوو.
ئەمان لە لای خۆیانەوە تەقەیان دەکرد، ئەگەرچی تەقە لە ئەمنە سوورەکە نە دەکرا. بەردەوام هێزیان کۆ دەکردەوە و دابەشیان دەکرد، تاکوو باشتر بەرگری بکەن. دەمەوئێوارە دەنگی فڕۆکە هات. ئەمنەکان کەوتنە هەڵهەڵەکێشان: (أجت طائراتنا). بەڵام لە زەمینەوە تەقەیان لێ کردن. فڕۆکەکانیش گەڕانەوە. بەمەیش پشتیان شکا. سەربازەکانی ناو ئەمن، پۆلیس و پاسەوانەکان بەردەوام بەیەکدا دەهاتن و دابەش دەبوون. ئێوارەی ١٩٩١/٣/٧ ژن و منداڵی ئەمنەکان خۆیان بە ژێرزەمینەکانی ئەمنە سوورەکەدا کرد! ئیتر بەتەواوی لامان ڕوون بوو، کە توانای خۆڕاگرتنیان نەماوە. زووزوو لە دیوارەکەی تەنیشتمان دەدا، تاکوو هەواڵمان پێ بگات، بەڵام ئەمەیان مەترسی تێدا بوو، چونکە دەنگەکە دەگەیشتە خوارەوە بۆ لای پاسەوانەکان. بۆیە ئەو برادەرە چەند کۆکەیەکی دەکرد و ئەوانیش وەڵامیان دەدایەوە. دەنگوباسەکان هۆڵ بەهۆڵ دەگەڕان. لە هۆڵی ئێمەوە: لە هەواکێشی ناو ئاودەستەکەوە، ناو حامییە، گەڕەکی مامۆستایان، گەڕەکی ئاشتی (دوورل ئەمن)، بەشێک لە گۆڕەپانی ئامادەیی شۆڕش، بەڕێوبەرایەتی سوپای میللی (مدیریة الجیش الشعبی)، ناو حەوشی زیندانی ئەمنەکەی خۆمان دەبینران. لە بچووکترین شت یەکترمان ئاگادار دەکردەوە و بار و دۆخەکەمان هەڵدەسەنگاند.

بۆ نیوەڕۆژە، وەک پیشەی ڕۆژانەیان، چاودێر بە سەتڵەکانەوە ئامادە بوو، تاکوو خواردن بۆ هۆڵی ٦،٥،٣ بهێنێ. کەچی چەند پاسەوانێک ڕەنگپەڕیو بەچەکەوە ڕژانە ناو ڕاڕەوەکە. مولازم عەلیی تەحقیق داوای لێ کردین، بچینە سووچێکەوە و دەرگایان کردەوە. ئەوەی ڕاستی بێ زۆر ترساین. ئێمەیان لە گۆشەیەکدا خزاند و خۆیشی سێ_ چوار پاسەوانی لەگەڵدا بوو. ئەوە یەکەم جار بوو، چەک بێتە ناو زیندانەوە. جاران بەڕێوەبەریش کە دەهات، چەکەکەی لە دەرەوە دائەنا، نەبادا زیندانی پەلاماری بدات. کەچی ئەو نیوەڕۆیە دنیا گۆڕابوو. ئەو مولازم عەلییەی لە کاتی تەحقیقدا خۆی بە شێری مەیدان دەزانی، ئەو نیوەڕۆیە ڕەنگی وەک بەهێی لێهاتبوو و زمانی تەتەڵەی دەکرد. پێی گوتین: (شلونکم شباب، مامحتاجین شی؟!) هاوڕێیەکمان وەڵامی دایەوە: (سیدی! خبز کلش قلیل). باوەڕ بکەن! لەکاتی تەحقیقدا چرکەیەکت لێوە بهاتایە، وەک مشک گوێی سووک بوو، یەکسەر دەیگوت: (ها گواد، شتگول؟) کەچی ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو. برادەرەکە بۆی دووبارە کردەوە، ئەمجا حاڵی بوو. گوتی: (هلیوم ألعشا ماکو، لان الاسواگ مقفولە، إنشاء الله راح نجیبکم باچر). دوای ئەوەی شلەی کوولەکەیان لە سەتڵەکە کرد، ڕۆیشتن. بەڵام لە خۆمان دەترساین!

ئێوارە تەقە کزبوو، زۆرمان لەبەردڵ گران بوو. چونکە ئومێدی ڕزگاریمان لەو ڕاپەڕینەدا دەبینی. وەک دوایی زانیمان، بڕیاری تایبەت بۆ کوشتنی کۆمۆنیستەکان دەرچووە. تەنانەت گۆڕەپانی لای "ترای"یەکەیان بۆ ڕەمی کردنمان دانابوو.

شەوی ٣/٧ بار و دۆخی دائیرەی ئەمن شەقوشلۆق بوو. بەردەوام کۆ دەبوونەوە و هانی ئەڵقەلەگوێکانی خۆیان دەدا، دەیانگوت: (مەترسن هیچ نییە، کۆمەڵێک موخەریبن، پاکیان دەکەینەوە). کارەبا نەبوو. خۆیان کەنار دەگرت. هەبوو خۆی دەدزییەوە. گوێمان لێ بوو، چارەکە سەعاتێک عەودالی دوای ناوێک بوون، خۆی شاردبۆوە. ئەو شەوە بەڕێوبەر بەردەوام ئیعازی دەدا: (پیاوە ئازاکان... غیرەتتان بێ! خەفیفە و سوپا دەگەنە فریامان، خەمتان نەبێ!). ئێمە خەومان نەبوو، لەوەیش دەترساین، بمانکوژن. چونکە ئێمەش بەوان دوژمنین و ڕۆڵەی ئەو جەماوەرە ڕاپەڕیوەین.

ئەو شەوە خەڵەفی بەڕێوەبەر بانگەوازێکی بڵاو کردەوە: (دوای چارەکە سەعاتێک، ژمارەیەک لە ڕەفیق حیزبییەکان بۆ ناو بەڕێوبەرایەتی دێنەوە، دەرگا ڕەشەکەیان بۆ بکەنەوە!). ئەو شەوە ڕەفیق حیزبییەکانی شار ڕژانە ناو دائیرەی ئەمنەوە، تاکوو

بەرگری لە یەکتری بکەن. ئەوان وایان دانابوو، ئەم قەلا سەختە هەرگیز خۆی بەدەستەوە نادات. دوای ماوەیەک قەتارەیەک کرۆلا، کە تازەکی وەریان گرتبوون، بەشوێن یەکدا گەیشتن و دەرگایان بۆ واز کرا و لەوێ مۆڵیان خوارد. لەناو دائیرەی ئەمن و بە چواردەوریدا کەمین دابەش بوو.

**پرسیار:** ١٩٩١/٣/٨ هێرشی راپەڕین بەردەرگای بە ئەمنە سوورەکە گرت. لە دیوی ناوەوە چۆن ڕۆژێک بوو؟

***لوقمان مستەفا عەبدوڵا:*** ڕۆژی ٣/٨ لە بەرەبەیانەوە بەهێزتر لە ڕۆژی پێشوو تەقە دەستی پێ کردەوە. ئێمە ئاگادار نین، کە بەندیخانەی سەرەوە و "أمن البلدة" و هەموو مەخفەرەکان گیراون. دوایی کە جەماوەر دەوری ئەمنە سوورەکەی دا، ئەوجا زانیمان کار لەکار ترازاوە. لە بەرەبەیانەوە هاوەن و "ئاڕ پی جی" دەتەقێ. گوێمان وەها کاس ببوو، دەبووایە بمانقیڕاندایە، ئەوجا لێک حاڵی دەبووین.

سەرلەبەیانی لە کونەکەوە چاومان لێ بوو، نەقیب ماجید بە قەناسەیەکەوە لەسەر بینای مدیرییەوە وەستابوو، پاسەوانێکی لەگەڵدا بوو، بەردەوام تەقەی دەکرد. پاسەوانەکە زووزوو پێی دەگوت: (عافیە سیدی). دیار بوو، هەر گوللەیەک ڕۆڵەیەکی شەهید دەکرد. شوێنەکە ڕوانگە بوو. ئاوخواردن نەبوو. خۆمان هەندێ خواردنمان قایم کردبوو، لەگەڵ نانی کەڕوو هەڵهاوردوودا دابەشمان کرد. زۆر بەداخەوە بووین، کە نەمان دەتوانی، ئێمەی لە قەفەسنراو، بەشداریی جەماوەر بکەین و هیچمان لەدەست نە دەهات. برادەرێکی عەرەب لەگەڵمان زیندانی بوو. خەڵکی "مدینة الثورة" بوو. لەسەر "تجاوز حدود" لە ڕانیە گیرابوو. لە ژیانی خۆی دەترسا. بەردەوام لەژێر بەتانییەکەیدا هەڵدەلەرزی. دڵخۆشیم دایەوە: ئەوانە دژ بە دەوڵەتی بەعسن و دوژمنی عەرەب نین. ئەگەر ڕزگار بووین، دەتبەمەماڵی خۆمان. لای ئێمەوە شەلم کوێرم، هاوەنیان بە شارەوە دەنا. زیانێکی زۆری سەر و ماڵیان لە جەماوەری شار دەدا. ئەو بەیانییە گوێمان لە دەنگی کلیلی دەرگاکان بوو. چەند پاسەوانێک بە دوای محەمەد مەحمووددا وێڵ بوون. لە ئینفیرادی سەرەوە دۆزییانەوە. ئەو بردنەی بردیان، گەڕانەوەی نەبوو، کوشتیان. ئیتر ئێمەیش ترسمان لێ نیشت. بڕیارمان دا، ئەو خوێ و تایدەی هەمانە، وەک چەکی بەرگری بەکاری بهێنین، پڕ گیرفانەکانمان کرد. هەروەها چەند لەتە خشتێکمان لە لابوو. گوێمان لە بەڕێوەبەری ئەمن بوو، دەیگوت: با ئەو ماڵانەی لە چواردەوری بەڕێوەبەرایەتین،

به زووترین کات چۆڵی بکەن، ئێمە کیمیاوی دەرێژین!! زانیمان بەتەواوی پشتیان شکاوە و هیچیان بۆ ناکرێ و مەسەلەکە پەلەقاژەی مەرگە. لەو کاتەدا، کە برادەرێک لە کونی هەواکێشەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، هاوەنێک تەقی. ناو هۆڵەکە پڕ لە تۆز و خۆڵ بوو و بۆنی باروت هەراسانی کردین. دوای ئەو برادەرە نۆرە هاتە سەر من بۆ چاودێریکردنی دەرەوە. ئەبوو دەلەفم بینی، لە هەموویان ئازاتر هاتە بەرچاوم. لەسەر جادەکە زیکزاکی دەکرد و بەدەم تەقڵەلێدانەوە تەقەی لە جەماوەر دەکرد. هەموو کۆڵانەکان بە بلۆک گیرابوون، تاکوو ئۆتۆمبیل نزیک نەبێتەوە. بانگەوازێک لە بەڕێوەبەری ئاسایشەوە بڵاو کرایەوە. داوای لە پاسەوانەکانی دەرەوە دەکرد، بۆ ناو دائیرەکە بکشێنەوە. هەموو گەڕانەوە.

کاتی ٩_ ١٠ لە گۆشەی کارگەی سەهۆڵەکەی شۆڕشەوە جەماوەرم دەبینی، سەرەتاتکێیان دەکرد. لەمبەر جادەکەوە دەپەڕینەوە ئەوبەر و بەردەوام گوللەی گڕدار و "ئار پی جی" دەهات، ئەمنە سوورەکەی دەبێژا. کە سەیری ناو حەوشەکەم کرد، بریندارەکان دەپاڕانەوە و کەس نەبوو، بەدەنگیانەوە بچێ. تەنانەت نەقیب ماجیدیش گوێی گران ببوو. هەندێک لە ئەمنەکان لە پەنا دیوارەکانەوە لە ترسان خۆیان حەشار دابوو. هاوەنەکە لەکار کەوت. "ئار پی جی"یەک کەوتبووە لای تەنکیی ئاوەکانەوە، لە خەڵکەوە دیار نەبوو. لە گۆشەیەکی قاتی سێهەمەوە لە تەقەکردن نەدەوەستا. دیاربوو کاری خۆی کردبوو.

سەعات ١٢:٣٠ کۆمەڵێک لاوی شەرواڵ و پانتۆڵ لەپێمان دی، خۆیان بە بەردەم پرسگەکەدا کرد. زۆربەیان بێ چەک بوون. پاش نەختێک گەڕانەوە. یەک دوو شەهید و بریندارییان دا. ئەمە کارێکی هەڵە بوو. ئێمە دەمانزانی، مقاوەمەت لەو شوێنەدا زۆرە. سەیری دەرەوەم دەکرد، لەپڕ گوللەیەکی "ئار پی جی" خۆی بە ژووری پرسگەکەدا کرد و سووتاندی. تەلەفیزیۆنێکی تێدا بوو، ناڵەی کرد. زۆر دیمەنێکی جوانی هەبوو. بەردەوام یەکێکمان لەسەرەوە چاودێری دەکرد. لە گەراجی دائیرەدا ژمارەیەک ئۆتۆمبیلی جوان هەبوون، هی ڕەفیق حیزبییەکان بوون. ئەوەندەمان زانی لەو قوڵەوە بە نارنجۆک دایانگرتن. بەدوای یەکدا گڕیان تێ بەربوو. مەگەر هەر ئێمە تامی ئەو خۆشییە بزانین. چونکە ئێمە دیلێکی چارەنووس ون بووین. دوای ئەوە گوێمان لە ناڵەیەکی زل بوو. بەر دیواری هۆڵی ٥ کەوت. هەتا سەر گەچەکەی بڕیبوو. باش بوو، ئەو هاوڕێیانە سەلامەت بوون.

**پرسیار:** لەڕووی هەڵوێست و ورە و ئیلتیزامەوە، چ گۆڕانێک بەسەر ئەمنەکاندا هاتبوو؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵڵا:** هەڵوێستیان تا ڕادەیەک گۆڕابوو. ئێمە مەبەستمان بوو، بەلای خۆماندا ڕایانکێشین. بەتایبەت محەمەد ناوێکیان. کراسێکی نوێ بۆ هاوڕێیەکمان هاتبوو، بەنیاز بووین، لە بری ئەوەی لای زیندانییە ناسیاوەکان سەعاتمان بۆ بێنێ، بیدەینێ. ورەیان دابەزیبووە ژێر سفر! بێزارییان پێوە دیار بوو. ئابڵووقەکە پەرێشانی کردبوون. باری دەروونیی خۆشیان لەولاوە بوەستێ. ئیلتیزامیان وەک جاران نە مابوو. چونکە شەوی ٣/٧ ئاگادار بووین، کاتی دابەشکردنی پاسەوانەکان، خۆیان لە وەزعەکە دەدزییەوە. لە پەنا و پەسێران خۆیان دەشاردەوە.

**پرسیار:** تەحقیق و ئەشکەنجە بەردەوام بوون؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵڵا:** نەخێر! هەر هەموویان لەدەرەوەی زیندان شەڕیان دەکرد و بیری ئێمەیان نە مابوو. تەنانەت وەردیانێکمان بینی، کلیلەکانی لەشاندا بوو، سەرگەرمی تەقەکردن بوو.

**پرسیار:** ئەدی جیرەکەتان؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵڵا:** خواردن و خواردنەوە لە ٣/٧وە بڕا. واتە، ئێمە سێ ژەم بێ جیرە بووین. بەڵام لە پیرۆزیی ڕاپەڕینی جەماوەر خواردنمان هەر لەبیر نەمابوو.

**پرسیار:** ئەی ترسی ئەوەتان نەبوو، بەڕێکەوت بکرێنە بارمتە، یان بسوتێن؟

**لوقمان مستەفا عەبدوڵڵا:** دیارە ترسمان لێ نیشتبوو. چونکە جەماوەر هەڵسابوو و چارەنووسی ئەمنەکان تاریک بوو. لەوە ئەترساین، جەماوەر لەڕووی نەشارەزاییەوە بە ئەمنمان تێبگەن و زیندانەکە بدەنە بەر "ئاڕ پی جی". ئەوەی باش بوو، لەو شوێنەی ئێمەوە بەرگری کەم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا گوللە بەر دیوارەکە دەکەوت. ترسی ئەوەشمان لەدڵدا بوو، لە دواقۆناغدا وەک بارمتە بمانهێڵنەوە و گڕکانی قینی جەماوەر بە ئێمە سارد بکەنەوە. بەو حیسابەی ڕۆڵەکانیان دەبنە

قوربانی. بەڵام بەوەی باش بوو، جەماوەر ئەوەندە هاتبوونە پێشەوە، فریای ئەو نەخشەیە نە دەکەوتن.

**پرسیار:** بیرتان لە هاوکاریکردنی جەماوەری ڕاپەڕیو کردبووەوە؟ چۆن؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** دیارە زۆر بیرمان لێ کردبووەوە، بجووڵێین و هەڵوێستێک وەربگرین. بەڵام سەرئەنجام چونکە هیچ چەک و ئامرازێکی وەهامان لە لا نەبوو، دەرگای پۆڵاڕێژی زیندان بشکێنێ، بیرکردنەوەکەمان بێ ئاکام بوو.
لە دواساتەکانی هەرەسهێنانی ئەم قەڵایەدا، هاوڕێ نەریمان، کە دەنگی لە هەموومان بڵندتر بوو، ئەو لە کونی هەواکێشەکەوە چاودێری دەکرد. لەپڕ هاواری کرد: جەماوەر ڕژانە حەوشەی ئەمنەوە. بە دەنگە بەرزەکەی ئاگاداری کردنەوە: فریامان کەون! ئێمە زیندانیین و تەقەمان لێ مەکەن! ئەوانیش دڵنیایان کردین: لای ئێوە پاکسازی کراوە، ئێستا ڕزگارتان دەکەین. دەرگای زیندانیان پێ نە دەزانی، هەر لە کونی هەواکێشەکانەوە ڕێنماییمان کردن.

**پرسیار:** ئەو ساتانە مێژوویین. ڕۆژی وا هەیە، لە مێژووی گەلاندا، بارتەقای چەند سەدەیەک هەواڵ و سەرکەوتنی پێیە. ئەو ساتەمان بۆ باس بکە، کە دەرگای زیندان شکا! کێ دەرگاکەی شکاند؟
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** قەڵەم چەند بەبڕشت بێ، زمان چەند پاراو بێ، شاعیر و ئەدیب چەند بەتوانا بن، هێشتا باوەڕ ناکەم بتوانن، باسی ئەو ساتە وەختانە بکەن، کە دەرگای زیندانی تێدا شکا! ئەو جەماوەرەی هەبوو، وای دەزانی، لەگۆ کەوتوون و هیچیان پێ نەماوە.... تەقە گەیشتە ڕاڕەوەکانی زیندان، چەکدارێک هاتە لای دەرگای هۆڵەکەمان و نەڕاندی: لە دەرگاکە دوور کەونەوە! قرمەی دەسرێژ و هاڕەی قوفڵ و کێلۆن و وازبوونی دەرگای زیندان، شادییەکی حەپەسێنەری زیندانییان، مێژووییترین ساتەوەختی ژیانم، هی هەموو هاوڕێیانی ژوورە شێدارەکان. باوەشمان بەیەکدا دەکرد و ئەملا و ئەولای یەکمان ماچ دەکرد. لە ئەمنەکەیش هاتمە دەرەوە، تەقە هێشتا هەر بەردەوام بوو. وەک قازی کوێر نەمان دەزانی، ڕوو لە کوێ بکەین؟ ترسی بەرکەوتن هەبوو. بەڵام هێندەم زانی، کەسوکار بەرەو پیرمان هاتن و لەوێیان گواستینەوە. کاتێک سەرنجم دا، جادە و کۆڵانەکانی عەقاری کەسێکی دیکە ناگرێ و هەر ئێمە لەوێ نین. ئەوا ئێمەش چووینە پاڵیان.

جەماوەر ماچیان دەکردین و پیرۆزباییان لێ دەکردین. بۆ ماوەی هەفتەیەک بەردەوام میوان دەهاتن، لە خزم و ناسیاو. زۆربەیان چەکدار بوون. هەر یەکە و دەیگوت: من دەرگای زیندانم شکاند... من یەکەم کەس بووم، گەیشتمە لاتان...). تەنانەت کوڕێکی دراوسێمان گورزەیەک کلیلی هێنا و گوتی: فەرموو! ئەمانە کلیلەکانی ئەمنن. بۆ ئەوەی بڕوا بکەیت، کە من یەکەم کەس بووم، گەیشتوومەتە لاتان، بەڵام ڕێکەوتی تۆم نە کردووە. منیش گوتم: ڕاست دەفەرموون. هەموو جەماوەر هەڵسابوون... هەمووتان دەرگاکەتان شکاند. با کەس نەیکات بە موڵکی تایبەتی خۆی.

**حەمە فەریق حەسەن:** لە کۆتاییدا زۆر سوپاست دەکەم، سەغڵەتم کردی.
**لوقمان مستەفا عەبدوڵا:** منیش سوپاس.

# ساتێک لە تەمەن

## سەرگوزەشتەی نەریمان ئەمین عومەر[1]

## (یەکێک لە زیندانییە سیاسییەکانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی)

دەسپێک:

لە ساڵانی هەشتاکاندا کۆمەڵێک گەنجی چوستوچالاک، پێمان وابوو، کە ئازادی بۆ خەڵک و ڕزگاربوون بەم پارتە کلاسیکییانە ناکرێت و ئەمانە لەو پێناوەدا بەردێکیان پێ ناخرێتە سەر بەرد، بۆیە هەوڵ درا، کە دەست بە کارێکی یەکجار مەزن بکەین، ئەویش بە پشتبەستن بە هەژارترین چین و توێژەکانی کۆمەڵ، کە کرێکاران و زەحمەتکێشانە و بە فکری مارکسی بتوانین ئەم ڕژێمە سەرنگوون بکەین.
من یەکێک بووم لەوانەی کە بڕوای تەواوم بەم کارە هەبوو، بۆیە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا توانیمان، شانەی بچووکبچووک درووست بکەین و دەست بە خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بکەین.
کارەکانمان یەکجار باش دەڕۆیشتە پێشێ و بەرچاومان زۆر ڕۆشن بوو و دەمانزانی چی دەکەین. لەم ماوەیەدا چەندین کەسی تر لە شوێنی ترەوە خەریکی هەمان کاری ئێمە بوون. بۆیە هەر زوو کەوتینە دۆزینەوەی یەکتر و هەوڵمان دەدا، ڕێگاکان لەیەک بدەین و شاڕێگایەکی درووست بگرین، بەڵام هەر وا ئاسان نەبوو. ئێمە هێشتا لە شیکردنەوەی ڕووداوەکان و دانانی پلانێکی درووست زۆر ورد نەبووین، بۆیە کارکردن بەیەکەوە ئاسان نەبوو. بەڵام لە کۆتاییدا ئێمە توانیمان لەگەڵ یەکێک لە گرووپە گەورەکان هاوکاری بکەین و ڕێکخراوێکی تۆکمەمان پێک

---

[1] نەریمان ئەمین عومەر (ئاسۆ) لە ساڵی ١٩٦٥ لە شارۆچکەی قەرەداغ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. خوێندکاری کۆلێجی ئەندازیاری بەشی کارەبا لە زانکۆی سەلاحەدین بووە. بەڵام بەهۆی کاری سیاسییەوە لە خوێندن دابڕاوە.
لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە لە شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆروێژ نیشتەجێ بووە و هەر لەوێ بەکالۆریۆسی لە خوێندنی دوو زمان وەرگرتووە.
ماوەی ١٥ ساڵە کاری مامۆستایی دەکات و ئێستا لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لەو شارە لەگەڵ منداڵانی کورد و عەرەب کار دەکات.

هێنا. بەڵام مەخابن، هەر زوو ڕژێم توانی کون بکاتە ڕیزەکانمانەوە و بەشێک لە تەشکیلاتەکانمان تووشی گرتن و ڕاوەدوونان بوون.

**دەسگیرکردن:**

من و چەند هاوڕێیەکی نزیکم بەر شاڵاوەکە کەوتین و لە شەوی ٦/٥ی مانگی ٩ی ساڵی ١٩٩٠دا دەستگیر کراین و خراینە ئەو زیندانەوە، کە بە زیندانی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی ناسراوە.

دیارە باسکردنی ئەو ڕۆژانەی زیندان تەنها بەشێکە لە یادگارییە ناخۆش و خۆشەکانی ژیانی من. مێژوویەکی سەیرە بۆ من و هاوسەرەکەم (ئاواز)، کە دوای تەنها ٢٠ ڕۆژ لە هاوسەرگیری، من تووشی زیندانی بەعس و ئەویش تووشی زیندانی دەرەوە بوو. دەکرێت ئاوازیش بەشێک لەو ڕۆژە سەختانە لە کاتێکی تردا بنووسێتەوە.

یەکەم شەو زۆر سەیر بوو! چونکە تەنها من نەبووم، کە بەرەو ژوورە تاریکەکان برام. کاتیک گەیشتمە ئەوێ، برا گەورەکەم (دکتۆر کامەران) بە یەک کاتژمێر پێش من لەوێ جێنشین کرابوو. ئەو منی بینی بوو، کە هێناومیانەتە ژوورەوە، بۆیە بۆ ئێمە و خانەوادەکەمان شەوێکی زۆر سەخت و خەمناک بوو. یەک کەس بەئاسانی لەم ژوورانە ناچێتە دەرەوە، بەڵام زۆر ئاسان دێیتە ژوورەوە، چونکە تەنها یەک ناڕەزایی بەسە، بۆ ئەوەی ژیانت لەدەست بدەیت.

هەر دوای گەیشتنم بە کاتێکی کەم، گوێم لە دەنگێکی لاواز بوو، بانگی کردم: نەریمان... نەریمان! بۆ من جێگای پرسیار بوو، کێیە ناوی من دەزانێ! نا... لەوانەیە سیخوڕێک بێت و بیەوێت، شتێکم لێ دەربهێنێت، پێشتر ئەو کارەیان زۆر کردبوو. وەڵامم نەدایەوە. دەنگەکە وتی: من کامەرانی براتم!!! من یەک وەڵامم دایەوە، کە برام نییە بەو ناوەوە. بەڵام دوای چەند هاتن و بردنێک و چەند ڕووداوێکی هەر هەمان شەو، کە ئەو باسی کرد، دەرکەوت کە کارەساتەکە ئاوا بوو، ئەویشیان پێش من هێناوە و دەستگیر کراوە.

ئەو شەوە و شەوی دواتر گفتوگۆ زۆر کرا، بەڵام کارەکە لێرەدا کۆتایی نایات و ئێمە بۆ ئەو شوێنەی کە بە ئەمنە سوورەکە ناسراوە، براین. ئیتر لێرەوە ڕۆژ و شەوە درێژە سەختەکان دەستی پێ کرد.

دیارە گەر هەموو شتێ بنووسیتەوە، دەبێت نووسەرێکی زۆر بەدیقەت و دەوڵەمەند بیت لە وشەدا. چونکە هەست و نەستی ناسک و خەمی گەورە و هیوای بەربوون و چاوەڕوانیی ڕۆژانی ڕەشتر، بەڕاستی دەبێت، نووسەرێکی باش بینوسێتەوە، کە من بۆ خۆم ئەم توانایەم نییە. بەڵام هەوڵ دەدەم، بەشێک لەو ڕووداوانە بە ژیانێکی ڕۆژانە بنووسمەوە، کە هیوادارم خوێنەری بەڕێز بە مێژووی کۆمەڵێک ئینسان، کە پێیان وابوو، دەبێت، بەشێک بن لە هێزی گۆڕانکاری بەرەو باشتر، ئاشنا بێت.

### ئەمنە سوورەکە:

دیارە ئەمنە سوورەکە لە مێژووی شاری سلێمانیدا ناوێکی هێندە قێزەونە، هەر کەس لەوێ بووبێ، دەزانێ، ئەو ڕژێمە بۆ دیلکردنی مرۆڤەکان چ سەرمایەیەکی خەرج کردووە. من بۆ خۆم، کە گەیشتمە ژوورە تەنهاکەم، کە بە ناوی ژمارە حەوت ٧ ناسرابوو، هێشتا هەر لە شۆکدا بووم، ئایا دەبێت چی چاوەڕوانمان بکات؟!

کەسێک لە ژوورەکەی پاڵمدا بەتوندی هەناسەی هەڵدەکێشا و گوێم لە ئاخ و ئازارەکانی بوو. پاش ماوەیەک سەیرێکی ژوورەکەم کرد و بینیم، تەنها یەک سەتڵی سپی ماستی ٢ لیتری تێدا بوو. یەکەمجار نەمزانی ئەو سەتڵە بۆ لەوێیە، چونکە هیچی تری لێ نەبوو، تەنها زەوییەکی کاشیی خۆڵەمێشی و دیوارێکی سپی بوو، لەگەڵ هەواکێشێکی وەڕسکەر، چونکە لەو کاتانەدا بە هەموو شتێ مرۆڤ ئازار دەچێژێ.

دەنگەدەنگ وردەوردە دەستی پێ کرد. ئەوانەی پێش ئێمە لەوێ بوون، بەدوای هەواڵی تازە و زیندانییە تازەکاندا وێڵ بوون. ژمارە ٢ پرسی، چ هەواڵە؟ ژمارە ٤ وەڵامی دایەوە، کە خەڵکی تر گیراون و زیندانیی تازە هاتوون، دەبێت، ئاگامان لێیان بێت. پاشان بە منیان وت: تۆ ئەوەی تازە هاتوویت، ژمارەکەت حەوتە! من ئەم کۆدانەم نە دەزانی، ئەو زیندانییەی پاڵم وتی: لەگەڵ تۆیانە کاکە! منیش وتم: ئایە من لە ژووری ژمارە حەوتم؟ وتی: بەڵێ. بەخێرهاتن و هەواڵپرسین دەستی پێ کرد. یەکەم دەنگ، کە بوو بە ئاشنام، هاوڕێم حەسەنی کتێبفرۆش بوو. دوای هەواڵ و یەکترناسین گوێم لە خەمەکانی گرت و لەگەڵ گریانەکەیدا منیش قوڵپم دەدا، چونکە سەرگوزەشتەی ئەو زۆر سەخت بوو. بەڵام من توانیم، تۆزێک دڵی بدەمەوە و پێی بڵێم، کە ژیان بەردەوام دەبێت و خەمەکانیش ناکرێت وەها سەخت

وەربگیرێت و هێشتا لە دەرەوەی زیندان کەسی باش زۆرن، کە ئاگایان لە خانەوادە و منداڵەکانت بێت. چونکە کاک حەسەن زۆر خەمی خێزانە خنجیلانەکەی بوو، کە ئایا چۆن دەتوانن، ژیان بەسەربەرن، کاتێک، کە ئەمیان لێ دوور بێت. شەوەکان زۆر دووردوودرێژ و تاقەتپڕووکێن بوون.
ئێمە ئاگاداری شێوەی گرتنمان نەبووین و نەمان دەزانی هۆکارەکەی چییە، بەڵام تەنها دوای دوو شەو، دوای ئەوەی بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کراین، ئینجا بۆمان دەرکەوت، کە ئەمە شاڵاوێکی گەورەیە و هەموو بزووتنەوەکەی گرتۆتەوە و بەشێکی زۆر لە هاوڕێ نە ناسراوەکانمان گیراون.

## لێکۆڵینەوە:

دیارە زۆرترین زەربەیەک کە لە گرووپەکان کەوت، ئەم گرووپانە بوون: دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا، کە کۆمەڵێک کادر و ئەندامی زۆریان بەرکەوتن. ڕەوتی کۆمۆنیست، کە ئێمە بووین، لە پلەی دووەمدا دەهاتین و بەشێک لە کادر و ئەندامانمان بەرکەوتن. دواتر لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩١دا کۆمەڵێکی تر لە هاوڕێیانمان بەرکەوتن، کۆمەڵەی یەکی ئایار، کە زیاتر هاوڕێیانی کەرکووک و هەولێر بوون، کە زۆربەیان گیرابوون.
یەکەم لێکۆڵینەوە لە گەڵ من، دوای دوو شەو کرا. بانگ کرام بۆ خوارەوە، واتە، ئێمە لە نهۆمی دووەمی زینداندا بووین، کە بەشی زیندانە تاکەکانە. ٧ دانە ژووری بچووکی یەک مەتر بە دوو مەتر بوو. کە بردیانمە خوارەوە، لە ژوورێکدا ئەفسەرێک دانیشتبوو (نەقیب ماجید)، وتی، دانیشە و دەستی کرد بە پرسیار دەربارەی سیاسیبوون و ڕێکخراو و کاری دژی ڕژێم. (دیارە بەو پێیەی، کە من هیچ لە ماڵەکەمدا وەک بەڵگە نە گیرابوو، بڕیارم دابوو، کە تەنها بە نەء وەڵام بدەمەوە و هیچ شتێک نەدرکێنم). من وتم: نازانم باسی چی دەکەیت و ئاگام لە هیچ نییە و هیچ نازانم. ئەو زۆر بە توندی وتی: باشترە کە قسە بکەیت، ئەگینا پێشانت دەدەین، کە تۆ چیت و خەریکی چیت. من هەر خۆم لە بابەتەکە بێ ئاگا دەکرد و "هیچ نازانم" تەنها وەڵامی من بوو. نەقیب ماجید بە پاسەوانەکەی وت: برۆ ئەو کەسە بهێنە! من تۆزێک سڵەمیمەوە، چونکە ئەمە مانای وایە، کەسێک هەیە، ئاگاداری کار و چالاکییە سیاسییەکانی من بووە. دوای چەند خولەکێک کە ئاوڕم دایەوە، کەسێکی چاکەت و بیجامە لەبەری ڕەنگ هەڵبزرکاو و شەکەت و داڕوخاو

له بەدەنیدا دیار بوو، کرا بە ژووردا. وەک برووسکە ئاسا بەناو گیانمدا تەزوویەک ڕۆی، ئای خۆ ئەوە لوقمانە نزیکترین هاوڕێم و هەڵگری هەموو نهێنییەکانمە، هەم شەخسی و هەم سیاسی. من زۆر شپرزە بووم و خەمی لوقمانم دەخوارد، کە بۆ وایان لێ کردووە، لە نەقیب ماجیدم پرسی: بۆ واتان لێ کردووە؟ ئەو وتی: ئەمە قسەی نەکردووە بۆیە. ئیتر دوایی زانیم، کە هەموو دەوروبەرەکەمان گیراوە. کامەرانی برام لەسەرەوە، لوقمان لەخوارەوە و هاوڕێیانی تریش لەدەرەوە. هەموو ئەمانە دەزانین، بۆیە دەبووایە، کە هەوڵمان بدایە، بە کەمترین زیانەوە لەم کێشەیە بێینە دەرەوە و هیچ هاوڕێیەکی ترمان تێوە نەگلێت. هەر واش بوو، ئێمە لەنێوان خۆماندا بڕیارمان دا و توانیشمان لەمەدا سەرکەووتوو بین.

## گواستنەوە بۆ هۆڵەکان:

دیارە ڕۆژانی دەورانی لێکۆڵینەوە ناخۆشترین کاتەکانی زیندانە و ئێمە هەر لە خەمی ئەوەدا بووین، کە شتی تازە دەرنەکەوێت، تا پەروەندەکانمان بەم شێوەیە کۆتایی پێ بێت و وەک هەر زیندانییەک چاوەڕوانی دادگای بەغدا بکەین. چونکە ئەمە ئەو ڕێچکەیە بوو، کە هەموو زیندانییەک دەبووایە، پێیدا بڕوات. نزیکەی مانگێکی خایاند، تا ئێمە بەتەواوی لەم شتانە ڕزگارمان بوو. دواتر ڕەوانەی هۆڵەکان کراین. بەشێکی زۆرمان بۆ هۆڵەکانی سەرەوە، کە بە هۆڵی پێنج و شەش و سێ ناسرابوو، لەگەڵ هۆڵی یەک و دوو، کە لە خوارەوە بوو.
من لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێدا لە هۆڵی ژمارە ٥ بووم، کە خۆشبەختانە لوقمانی هاوڕێم لەوێ بوو. دیارە هەتا دەگاتە ئەم کاتە چەندین ڕووداو لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕووی دابوو، کە بە گرنگی نازانم، لێرەدا باسی بکەم.
شێوەی هۆڵەکەمان بەم شێوەیە بوو: سێ ژوور بوون، کە بەینەکانی لابرابوون، هۆڵێکی درێژ، بە درێژیی نۆ مەتر و پانیی سێ مەتر. دیارە لە تەنیشتەوە ڕاڕەوێک هەبوو، لە بەردەمیدا دوو دەستشۆری لێ بوون، کە بۆ خۆشۆردن، قاپشۆردن و سەرئاو بەکارمان دەهێنان. ژوورەکان هەواکێشیان تێدا بوو، کە بە بنمیچی ژوورەکانەوە بوون. دوو دەرگاش، کە یەکێکیان نە دەکرایەوە و ئەوی تریان بۆ هێنان و بردنی زیندانییەکان بەکار دەهێنرا. لە سەری ئەوسەری هۆڵەکەوە دەرگایەک هەبوو، بۆ ژووری ژمارە ٦، کە چەند زیندانییەکی تێدا بوو، کە دووان یان سیان بوون و لەوە زیاتر نەبوون.

له سەرەتادا لەم هۆڵە زیندانیی جۆراوجۆر هەبوون، له قاچاخچی و موستەشار و پیاوی بەساڵاچوو. هەروەها هەندێک ئێرانیمان لەگەڵدا بوون (کاک سەعید و مام عەلی) کە لەسەر هێنان و بردنی کەلوپەلی قاچاخ گیرابوون. دوای ماوەیەک ئەم هۆڵە تەنها (یان بڵێم، زیاتر) برادەران و هاوڕێیانی چەپی تێدابوو، لەگەڵ چەند کەسێکی کەم، کە جارجار دەهێنران و زۆر نە دەمانەوە و دەگوێزرانەوە.
دیارە ئێمە وەک کۆمەڵێک گەنجی کۆمۆنیست لەم هۆڵەدا هەوڵمان دا، کە بتوانین، ئەم زیندانە بکەین بە شوێنێک بۆ گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زۆر بابەتی کۆمەڵگا و دەروازە فکرییەکان و پەرە بە فکرێک بدەین، کە ئێمە لەسەری زیندانی کرابووین. چەندین گفتوگۆی چڕوپڕمان لەسەر مەسەلە گرنگەکانی مارکسیزم دەکرد و شەوانە کۆڕەکانمان زۆر گەرم بوون. ئێمە لەوێ هەموو جیاوازییە تەشکیلاتییەکانمان وەلا نابوو، بۆ ڕاسترین توێژینەوە لەسەر مەسەلە زیندووەکانی ناو کۆمەڵگا دەگەڕاین. بۆیە ئێمە کاتەکانی ناو زیندانمان بەشێوەیەکی زۆر بەسوود بەکار دەهێنا، توانیمان لە هەڵسوکەوتماندا و لە مامەڵەمان لەگەڵ زیندانییەکانی تردا پێشانی بدەین، کە دەتوانین ڕابەری کۆمەڵگا بین.
لەم ماوەیە لە زینداندا ڕووداوی زۆر خۆش و ناخۆش ڕووی دەدا، کە هەندێکیان وەک یادگاریی خۆش و ناخۆش لای ئێمە جێگایان بەجێهێشت. دیارە لەم هۆڵەدا واتە، هۆڵی ژمارە ٥ ڕۆژانە خواردنێکی کەممان بۆ دەهات، بەڵام بەهۆی مێژووی زیندانیمانەوە، ئێمە هەرگیز تەنگوچەڵەمەمان لە دابەشکردنی ئەو بڕە کەمە لە خواردن بۆ نەهاتە پێش. هەموو کات هەوڵمان دەدا، کە ڕێنوێنیی زیندانییەکانی تریش بکەین، بۆ ئەوەی کە بە یەکسانی ئەو خواردنانە دابەش بکرێن.
ئێمە لە زینداندا توانیمان، نارەزایەتی بەرامبەر بە دوو شت دەربڕین، کە ئەمە بۆ زیندان تازە بوو. یەکەمیان: کە داوای پێخەفی زیادمان کرد، چونکە زیندانەکە زۆر سارد بوو. دووەمیان: مانگرتنێکی زۆر شکۆدارمان لە بەرواری ١٩٩١/٢/١٧ بۆ زیادکردنی خواردن ئەنجام دا و توانیمان، بەڕێوەبەری زیندان بێنینە ژێر پرسیار و داواکارییەکانمان بۆ جێبەجێ بکەن.
دیارە ئێمە لە زینداندا توانیمان، هەڵسین بە بەرزکردنەوەی ورەی هەر زیندانییەکی تازە، کە دەهات. هەوڵمان دەدا، ئامۆژگارییان بکەین، کە بەهیچ شێوەیەک شت نەدرکێنن و نەچنە ژێر باری توندوتیژییەکانیانەوە و خۆڕاگر بن.

### کوڕێکی گەنجی عەرەب (عەلاء):

لێرەدا پێم خۆشە، ڕووداوێک باس بکەم، کە بەسەر کوڕێکی گەنجی عەرەبدا هات. لە هۆڵی ژمارە ٣ بووین، کە ئەم کوڕە گەنجەیان هێنا. من هەر زوو چووم بۆ لای و باسی شێوەی دڕندەیی ڕژێمم بۆ کرد و پێم وت: نابێت باسی هیچ شتێک بکەیت و خۆت بدەیتە دەستیانەوە! ئەویش بڕیاری دا، وا بکات و هیچ شتێک نەدرکێنێ. دوای چەند کاتژمێرێک هاتن و بۆ لێکۆڵینەوە بردیان. دیارە ئێمە هەندێک جار لە کاتی لێکۆڵینەوەدا گوێمان لە دەنگی هاوڕێیان دەبوو. دوای کاتژمێرێک دەرگا کرایەوە، کەسێکیان کرد بە ژووردا، هەر چەندە سەیرم کرد، نەم ناسییەوە، دوایی بە جلەکانیدا زانیم عەلایە. سەری زۆر ئاوسابوو، دەموچاوی بە هیچ شێوەیەک لە عەلا نە دەچوو. چوومە پێشەوە و وتم: عەلا! وتی: بەڵێ، ئەوە منم. نەمتوانی، خۆ ڕاگرم، ببورە! من هەرگیز نەم زانیبوو، ئەم ڕژێمە ئەمەندە دڕندەیە، بەڕاستی یەکەم جارە، لەگەڵیان مامەڵە بکەم. دیارە زۆر ڕووداوی لەم جۆرە ڕووی دەدا، ئێمە هەردەم هەوڵمان دەدا، کە پاڵپشتیی هاوڕێ زیندانییەکانمان بکەین. بەڕاستی مرۆڤی زۆر قارەمان لەم زیندانانەدا گیانیان لەدەست دەدەن.

دیارە ئێمە ڕۆژانە بەدوای هەواڵی دەرەوە بووین، هەوڵمان دەدا، کە دانەبڕێین و ڕووداوەکانی کوردستان و جیهانیش زۆر بۆ ئێمە گرنگ بوون. ئێمە کە جارجار زیندانیی تازە دەهات، هەر هەموومان وەک شاهەنگ چواردەوریمان دەگرت و پرسیارمان دوای پرسیار ئاراستە دەکرد و بەدوای وردەکارییەکانی ڕۆژانەی خەڵک و ڕژێم و جیهانەوە بووین. جاری وا هەبوو، کەسێ دەگیرا، هیچ جۆرە زانیارییەکی باشی بە ئێمە نە ئەدا. بۆ نموونە، جارێکیان شۆفێرێکی تەکسی گیرا، کە تەنها یەک شەو لامان بوو و بەربوو، دوای دوو ڕۆژ دیسان گیرایەوە، ئێمە خۆشحاڵ بووین، کە هەندێک هەواڵی تازەمان بداتێ، کەچی زۆر بەئاسانی وتی: هیچ ڕوونادات و منیش هەر خەریکی عەشقبازی خۆمم. ئێمە تۆزێک تووڕە بووین و لۆمەمان کرد.

### دووبارە لێکۆڵینەوە:

دیارە هەندێک زیندانی بەهۆی لاوازیی ئیرادەیانەوە نارۆشنییان بۆ درووست دەبێت و بڕوا بە هەندێک پەیمانی درۆ دەکەن، کە لە زیندان پێیان دەدرێت و دەبێتە مایەی قورسکردنی ژیانی هاوڕێکانیان. من بۆ خۆم جارێک بەهۆی یەکێک لەمانەوە

تووشی ئازار بووم. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١دا کۆمەڵێک هاوڕێی ئێمە (ڕەوتی کۆمۆنیست) گیران و گەلێک ڕاپۆرت و نووسراوی دیکەشیان گرتبوو، بۆیە سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئێمە دەستی پێ کردەوە. منیان بۆ ژووری نەقیب ماجید بانگ کرد و لەوێ کۆمەڵێک نوسراو و ڕاپۆرت دانرابوون. نەقیب ماجید بە منی وت: دانیشە! پاشان قەڵەمێک و کاغەزێکی سپییان پێدام. لە نزیک نەقیب ماجیدەوە یەکێک لەم کەسانە (بە ناوی...) دانیشتبوو، بۆ تەرجومە، یان ڕۆشنکردنەوەی هەندێک شت، کە بۆ ئەوان ئاڵۆز بوو. نەقیب ماجید وتی: بنووسە! من کە سەیرێکی خێرای ڕاپۆرتەکانم کرد، یەکسەر خەتەکەم ناسییەوە، کە هی هاوڕێیەکی خۆمانە، بەناوی "ئاریان"ەوە. ئیتر لەوە بێ خەم بووم، کە دەستوخەت بگۆڕم. یەکسەر بە خەتی خۆم ئەوەی (...) دەیووت، من دەمنووسی. دوایی چەند زلەیەکیان لێ دام، گوایە دەستوخەت ئەگۆڕم. منیش بێ هیچ وەڵامێک لەسەر نووسین بەردەوام بووم. دواتر نەقیب ماجید وتی: بەسە! ڕووی کردە (...) و وتی: تۆ ئەمەت پێ چۆنە؟ بۆ مێژوو ئەمە دەڵێم، چونکە ئیمکانە (...) ئەمە نکۆڵی بکات، بەڵام (...) وتی: بە بڕوای من، ئەم ڕاپۆرتە هی ئەم کەسەیە، چونکە خەتەکان لەیەک دەچن. بۆیە من لێی تووڕە بووم و وتم: تۆ چۆن شتی وا دەڵێیت، ئەوە نووسینی من نییە. دیارە لەسەر ئەمە ئازاریان دام. ئەم (...) تەنها لەبەر جگەرە، یان چایەک هەندێک جار سووکایەتی بە خۆی دەکرد و ئێمەیشی تووشی ئازار دەکرد.

**وەختبەسەربردن:**

دیارە لە زیندان کاتێکی زۆر هەیە، بۆ ئەوەی بتوانیت، زۆر شتی تێدا بکەیت. ئێمە کاتەکانمان بە یاریکردن بە دۆمینە و تاوڵەی دەستکردی خۆمان یان هی زیندانییە کۆنەکان بەسەر دەبرد. تەنانەت لە هەویری ناوی سەموون کارتی کۆنکەن درووست کرابوو، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا لەبەر کەمبوونی نان، نەمان دەتوانی، هیچ شتێک درووست بکەین. شەوانەمان بە یاری کڵاوێن و نوکتە و گۆرانی و شیعر و حیکایەتخوێندنەوە بەسەر دەبرد. قسەخۆشی باشمان لەگەڵدا بوو و دەنگخۆشی چاکمان تێدا بوو، کە جارجار خەمەکانیان دەڕەواندینەوە. زۆرێک لە کاتەکانی ترمان بە موناقەشەی باسە سیاسییەکان (هەر وەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد) بەسەر دەبرد. دیارە لەگەڵ هاوڕێکانمان هەرچی دەردەدڵی خۆمان هەیە، بۆ

یەکترمان باس دەکرد. من و لوقمان زۆر لە یەکتر نزیک بووین و توانیبوومان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا خۆ بگونجێنین و زۆر شت لای یەکتری باس بکەین.
دیارە ئێمە هەوڵمان دەدا، کە لەگەڵ یەکدی هەمیشە تەبا بین و تەنگوچەڵەمە درووست نەکەین و نەیەڵین، خەمەکانی زیندان بمانڕووخێنێ. وەک باسم کرد، ئێمە زۆر یارمەتیی یەکتر و زیندانییە تازەکانیشمان دەدا، بەتایبەتی کاتێک کە زیندانیی تازە دوای ئەشکەنجەدان دەهێنرایەوە. بە هەموو چواردەوریمان دەدا و لەشیمان دەشێلا، تا کەمێک لە ئازارەکانی کەم بکەینەوە، چونکە هەڵواسین قۆڵ و باڵی زیندانییەکانی شەکەت دەکرد و زۆر جار توانای بەرزکردنەوەی نە دەهێشتن. بۆیە پێویست بوو، لە دوای هەڵواسین، تۆزێک مەساجیان بۆ بکرایە.
لەنێو زینداندا بەڕێکردنی کاتەکان کارێکی ئاسان نییە. بەڵام ئێمە وەک کۆمەڵێک ئینسانی چەپ و کۆمۆنیست هەمیشە لە بیری ئەوەدا بووین، کە چۆن بتوانین کاتەکانمان بە کاری گرنگ و بەسوودەوە بەسەر بەرین. دیارە کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆژانەمان هەبوون، کە باسی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەهێنرانە سەر باس و لێکۆڵینەوە. ڕۆژانە چەندین کاتژمێر ئێمە شیکردنەوەی فکریی مارکسیمان بۆ هەموو دەروازەکانی ژیان دەکرد و وچانمان نە دەدا و لە هەمان کاتیشدا توانیمان، بۆ هاوزیندانییەکان بسەلمێنین، کە ئێمە دەتوانین، کۆمەڵگا بە شێوازێکی زۆر ئینسانی بەڕێوەبەرین. هەر شتێک لەناو زیندان ڕووی بدایە، ئەوە ئێمەی کۆمۆنیستەکان بووین، کە نەزەری ئینسانیمان دەدا و ڕێگەچارەی گونجاومان دادەنا، هەر لە ڕێکخستنی شوێنی خەوتن و پاکردنەوە و خواردن دابەشکردن، هەتا کۆمەککردن و یارمەتیدانی زیندانییەکانی تر لە کاتی ئەشکەنجەدان و هەتا پێدانی ئامۆژگاریی پێویست دەربارەی خۆبەدەستەوەنەدان و خۆڕاگری. لە کاتی خواردن دابەشکردندا ئەوە ئێمە بووین، کە توانیمان زۆر بە یەکسانی و ڕێکوپێکی خواردن لە هۆڵەکاندا بەسەر زیندانییەکاندا دابەش بکەین. کە زیندانیی تازە دەهات، جێگە و قاپ و پێخەفمان بۆ ئامادە دەکرد و بەپێی توانا و شارەزاییمان ڕێنوێنیمان دەکرد.

**خواردن:**

دیارە خواردن یەکێک لە گەورەترین ئازارەکانی ناو زیندان بوو، کاتێک ئەمەندەت پێ نادەن، کە تێرت بکات و بتوانیت وزەی تەواو وەرگریت. ئێمە لە کاتێکی زۆر ئاڵۆزدا گیرابووین، سەردەمی شەڕی کویت و عێراق بوو، عێراق گەمارۆی ئابووری

لەسەر بوو، خواردن تەنها لای دەوڵەمەند و پارەدارەکان هەبوو، لە زیندان بۆ ئێمە دوو بەرابەر خراپ بوو، چونکە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا، کە ئازارمان بدەن، بۆیە خواردنێکی زۆر خراپ و کەم دەهاتە ناو زیندان و دابەشکردنی هەندێک جار زەحمەت بوو، چونکە بەشی هەمووی نە دەکرد.

ئێمە لە سەتڵی ماست، قاپی خواردن و کەوچکمان درووست کردبوو. خواردن بە سەتڵی ماست دەهات بۆمان و ئێمەش وامان لێ کردبوو، کە هەر چەند زیندانییەک لەسەر یەک قاپ نان بخۆن. واتە، گرووپی بچووکبچووک درووست کرابوو و بە پێوەری بچووک و وەکیەک بۆ هەر گرووپێک خواردن دابەش دەکرا. جۆری خواردنەکان برنج و شلە، پەتاتە و خورما، هەندێک جار سەوزەشمان بۆ دەهات، یان جارجار چایان پێمان دەدا. نانەکانیش زۆر خراپ بوون، یان نانی بچووکی بازاڕ، کە لە بەری دەست گەورەتر نە بوون. دیارە هیچ کات ئێمە تێرمان بەوە نە دەخوارد، بەڵام ناچار دەبووایە، بەرگە بگرین.

هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێت، کە کاژاو جەمال لە پەنجەرەکەی ژووری ژمارە ٦ لەگەڵ نەوشیروان قسەی دەکرد، وەختێک دیم، بەلادا هات و بەسەر ئەو سەتڵە ئاوانەدا، کە ئێمە بۆ کاتی پێویست داماننابوون، کەوت و من یەکسەر ڕام کرد و کردمە باوەش و هێنامە سەر جێگەیەک. دواتر دڵم پڕ بوو بۆی و زۆر خەفەتم خوارد، کە بۆ دەبێت، مرۆڤ لە برسانا وای لێ بکرێت! هەروەها چەندین هاوڕێی دیکە لە برسانا هاواریان بوو، بە خۆشمەوە کە بەڕاستی سەخت بوو.

دیارە لە لای گرووپەکەی ئێمە (لوقمان، ئازاد، سەلیم و من) هەرگیز ڕووداوێک لەسەر خواردن نەهاتە پێش، بەڵام بەهۆی ئەوەی لوقمان قورحەی گەدەی هەبوو، هەمیشە خورمای زیادمان هەبوو، بۆ ئەوەی هەر کاتێک ئازاری دەستی پێ بکردایە، خورمایەکی بۆ هێورکردنەوەی ئازارەکەی بخواردایە.

**پاسەوانەکان:**

دەربارەی هەڵسوکەوتی پاسەوانەکان لەگەڵ ئێمە، چەندین تێڕوانین هەبوو. ئێمە وردەوردە لەگەڵ پاسەوانەکان و لەگەڵ شێوەی مامەڵەیان و تەنانەت شێوەی ئازاردانیان ئاشنا دەبووین. هەندێکیان بەڕاستی نامرۆڤبوونی خۆیان لە شێوەی گفتوگۆ و بگرە تا بانگکردن و هەتا شێوازی لێدانیشیان بە هەموو شێوەیەک

دەردەبڕی. من بۆ خۆم چەندین کەسم لەوانە باش دەناسی و ناوەکانیان لە زەینمدا یادگاریی جۆراوجۆریان جێهێشتووە.
یەکێک لەو پاسەوانانە، کە زۆر دیاربوو، ئەبوو دەلەف بوو، کە زۆر تا کەم لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوتی دەکرد. هەندێک جار قسەکانی بۆ ئێمە دەبووە جێگای گاڵتەجاڕی و نوکتە. جارێکیان بۆ ئەوەی سەرما نەیاتە ژوورەوە، هەواکێشەکانمان وەستاند و نایلۆنمان پێیاندا هەڵواسی. کارەباچییان هێنا تا چاکی بکاتەوە، لەم کاتەدا دەرکەوت، کە ئێمە فێڵمان کردووە و بە نایلۆن کونەکەمان گرتووە. ئەبوو دەلەف ڕووی کردە هەموومان و ئەم قسەیەی کرد (کە تا ئەم دواییانەش لەگەڵ هاوڕێیان زۆر جار هەر باسی دەکەین): سەیر کەن! ئەمە لە پێمدا دەبینن! ئەمە پێڵاوە، لەماڵەوە پۆستاڵێکم هەیە، ئەگەر ئەمجارە وا بکەن، ئەو پۆستاڵە ئەهێنم و بەو پۆستاڵە تێتان هەڵدەدەم و یەکسەر لە نەخۆشخانە ئەتان خەم. جا ئەم وتانە گەر بە عەرەبی و زمانی خۆی گوێت لێ بێت، زۆر هەزەلی و بێ مانا بوو! ئێمە دواتر هەر بەوە پێدەکەنین، چونکە هەر بەخاتری ئەوەی پۆستاڵەکەی لە پێدا نەبوو، ئێمە لەوە ڕزگارمان بوو، کە بچینە خەستەخانە.
ناوی پاسەوانەکان بەم شێوەیە بوو: ئەبوو دەلەف، تاریق، نایف، ڕەحیم، حەمە دەمخوار، جومعە. ئەم نایفە زۆر تووڕە و تڕۆ بوو، لەگەڵ سێبەری خۆی شەڕی ئەکرد، دەموچاویشی زۆر ناشیرین بوو. ڕۆژێک هەموو دانیشتبووین و باسی ئەم جانەوەرەمان دەکرد، لەپڕ ئاوات محەمەد پرسیارێکی کرد و وتی: کێ ئەزانێ دەموچاوی لە چی ئەچێ؟ ئێمەش هەر یەکێکمان ناوی دەعبایەکمان وت، یان شتێکی ناشیرین، کە شیاوی ئەو بێت. بەڵام ئەمانە هیچیان ئاواتیان ڕازی نە کرد و نەچووە ژێر باری ناوەکان. لە کۆتاییدا وتمان، باشە! پێمان بڵێ، دەموچاوی لەچی دەچێت؟! زۆر لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە و وتی: دەموچاوی دەڵێی جرتە. بەڕاستی زۆر پێکەنین، چونکە تەنها ئەم وشەیە قابیلی دەموچاوی ئەم بەشەرە بوو.
یەکێک لە پاسەوانەکان کە ناوی ڕەحیم بوو، بەشایەتی هەموو، بەڕاستی مرۆڤ بوو و دەیزانی مامەڵەی مرۆڤایەتی چۆنە. یادی بەخێر، هەرگیز لە یادەوەرییەکانماندا ون نابێت و لای ئێمە هەر زیندووە. ئەم پیاوە بۆ جارێکیش دڵی کەسمانی ئازار نەدا و من خۆم یادگارییەکی زۆر خۆشم لەگەڵیدا هەیە. مانگی یەکی ساڵی ١٩٩١ کاتێک کۆمەڵێک هاوڕێی تر گیران، دیسانەوە لێکۆڵینەوەی ئێمە دەستی پێ کردەوە. لەسەر بابەتێک و بۆ زانینی ماڵی هاوڕێیەک منیان بۆ لێکۆڵینەوە بانگ

کرد. دوای پرسیار و وەڵامێکی زۆر، نەقیب ماجید بە ڕەحیمی وت: لێی دە! ڕەحیم دەستی بەرز کردەوە و بە دەموچاوێکی زۆر غەمبارەوە زلەیەکی لێ دام. دواتر نەقیب ماجید وتی: بیبەرەوە شوێنی خۆی! لە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ ژوورەکە، ڕەحیم دەستێکی خستە سەر شانم و وتی: داوای لێبووردن دەکەم، دیارە بە حەزی خۆم نەبوو، ئەمەم کرد. منیش هەر بە پێکەنینەوە وتم: زۆر ئاساییە کاکە گیان، من سوپاسی تۆ دەکەم، کە ئەوەندە میهرەبانی و بەڕاستی نەک ئازارم پێ نەگەیشت، بەڵکوو بۆم ئاسایی بوو. ئێمە هەموومان تۆمان خۆش دەوێت و لە هەموو شت بووراوین. هیواداریین، کە بتوانین، پاداشتی چاکەکانت بدەینەوە. بەڵام جێگەی داخە، کە نەمان توانی، ڕزگاری بکەین، چونکە ئەو وەک بەشێک لە ئێمە بوو. هەر ئەم ڕەحیمە زۆر جار جگەرەی بۆ جگەرەکێشەکان پەیدا دەکرد، یان ڕۆژنامەی بۆ ئێمە دەهێنا و هەر کاتێک ئەو بهاتایە، ئێمە دڵشاد دەبووین و دەمانزانی، کە سووکایەتیمان پێ ناکرێت و بەئاسانی ڕۆژەکەمان دەڕوات.
حەز ئەکەم، لێرەدا شتێک دەربارەی ڕەحیم باس بکەم: ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە ڕێکەوتین، گەر ڕۆژێک بتوانین کارێک بکەین و چاکەی ئەم ئینسانە بدەینەوە، ئەوا بەهیچ شێوەیەک ڕاناوەستین. دوای ئەوەی زانیمان کە بەربوونمان نزیکە و جەماوەر خرۆشاوە، بیرمان لای ئەو بوو، دەمانزانی، خەڵک داخ لەدڵە و ڕق و کینەی خۆیان بەرانبەر هەموو ئەمانە دەرێژن، هەر لە بیری ئەم پیاوەدا بووین، بە هەر نرخێکە ڕزگاری بکەین. بەڵام بەداخەوە دوای شکاندنی زیندان و بەربوونمان، نەمان توانی، ڕزگاری بکەین. لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەدا ئەویش وەک دەڵێن: تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێ، تیاچوو، گیانی لەدەست دا. ڕێز و خۆشەویستیم بۆ گیانی پاکی، کە ئەم ڕێزە تەنها هی من نییە، هەموومان لە زیندان هەمان ڕێزمان بۆی هەبوو، هەمیشە لە یادماندا زیندوو دەمێنێتەوە.

## یادەوەرییەکی خۆشی زیندان:

ئێمە ئەو کات (کۆتایی ساڵی ١٩٩٠) لە زیندان بووین، هیوامان بە هاتنی سەری ساڵی تازە زۆر بوو، کە ببێتە ساڵی ئازادی و سەرفرازی، بۆیە هەر چەند ڕۆژێک پێش هاتنی سەری ساڵ خۆمان بۆ ئەو شەوە ئامادە کرد. ئامادەکاری ئێمە نە ڕازاندنەوەی ژوور بوو، نە هێنانی تیپی مۆسیقا بوو، بەڵام شتێک بۆ ئێمە گرنگ بوو، کە بتوانین هەموومان لەسەر سفرەیەکی تۆزێک پۆشتە دانیشین و نانێکی

کەمێک زیاتر هەبێت، بیخۆین. بۆیە چەند ڕۆژێک پێش سەری ساڵ هەوڵمان دەدا، کە هەر کەسە و لای خۆیەوە شتێک لەو خواردنە زۆر کەمە بۆ ئەو شەوە لا بدات، جا لە پارچەیەک نان بۆ خورمایەک، یان پەتاتەیەک، ئەمەمان کرد. توانیمان بڕێکی باش کە ئەو شەوەی پێ بەرینەسەر کۆ بکەینەوە. ئینجا دانانی بەرنامەی چالاکییەکان و جۆری یارییەکان و گۆرانی و نوکتە و مەتەڵ. دواتر لە شەوی سەری ساڵدا هەموو بەیەکەوە لە هۆڵی ژمارە پێنج ٥ توانیمان شەوە ئاهەنگێک ساز بکەین، کە تا ماوەیەکی زۆر جێگەی ئەو شەوە لە زەینی هەمووماندا مایەوە. بەڕاستی شەوێکی خۆشمان بەڕێ کرد و یادگارییەکی خۆشمان تۆمار کرد!

ئێمە دەنگخۆش و حیکایەتخوان و نوکتەبازی زۆر باشمان لەنێودا بوون. کوڕێکی گەنجی جوانی خەڵکی پشدەر گیرا بەناوی جەمال، کە بەڕاستی بۆ ئێمە بووە سەرچاوەی خۆشبەختی. ئەم کوڕە دەنگێکی زوڵاڵی خۆشی پێوە بوو، لە هەمان کاتدا دەیتوانی لاسایی هەموو گۆرانیبێژە ڕەسەنەکان بکاتەوە و گەر وەک ئەوانی نە وتبێ، بە بڕوای من ناخۆشتری نە دەووت و هەموو گۆرانییەکانی ئەوانیشی دەزانی. ئیتر ئەم دەنگ خۆشە شەوانە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئێمەی زیاتر خۆش دەکرد، هەرگیز بێدڵی نە دەکردین.

**ناڕەزایی دەربڕین:**

دەورانێکی زۆر سەختمان بڕی. لە مانگی یەکی ئەو ساڵەدا سەرما زۆری بۆ هێناین، چونکە ئێمە زۆربەمان لە کۆتایی هاوین گیرابووین و جل و بەرگی هاوینەمان لەبەردا بوو، ژوورەکانمان تەنها کاشییەکان بوو. بۆیە بڕیارمان دا، ناڕەزایی دەربببڕین. شەوێک لەو شەوە ساردانە، بەڕێوەبەری زیندان (نەقیب خەڵەف) لەگەڵ دەستە و تاقمەکەی خۆیان کرد بە هۆڵەکەی ئێمەدا. ئێمەیش هەموو هەڵسااینە سەرپێ و ئامادەباشیمان بۆ ناڕەزایەتی وەرگرت. نەقیب خەڵەف پرسیاری هەندێک شتی لێ کردین، ئێمەیش زۆر بە ڕاشکاوانە وتمان سەرمامانە و دەکرێت کارێک بکەن، بۆ ئەوەی ژوورەکانمان بۆ گەرم بێت، یان هەواکێشەکەمان بکوژێننەوە، چونکە تەنها ژوورەکانمان بۆ سارد دەکاتەوە. دیارە ئەم دڕندەیە وەک پیشەی خۆیان چەند قسەیەکی ناخۆشی بە تەنگەماندا دا، وەک: (ئێوە قابیلی هیچ نین، ئەوەی دەکرێت، دەبێت بۆ سەربازانی بەرەی جەنگ بێت، ئێوە تاوانبار و هەڵگەڕاوەی حکوومەتی ئێمەن، هەقتان نییە نانیش بخۆن). بەڵام ئەو لەچاوی ئێمەدا

دەیبینی، کە ناڕەزایەتی دەردەبڕین، بۆیە هەر بۆ بەیانی پڕ بەپڕی هۆڵەکەمان فەرشیان بۆ هێناین و هەرچەندە کۆن و پیس بوون، بەڵام بۆ ئێمە جێگەی زۆری گرت و بەشێکی باشی سەرمای بۆ گێڕاینەوە.

### سمێڵتاشین:

هەر لە مانگی یەکی ئەو ساڵەدا (١٩٩١) ئێمە هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک ڕیشمان دەتاشی. دیارە ڕیش تاشینەکە لەناو ڕاڕەوی بەردەم هۆڵەکەماندا بوو. چەند ئاوێنەیەکی شکاوی بچووک و ڕیشتاشێکی کۆنیان دەهێنا. من سەرەم هات و هاوڕێیان وتیان: تکا دەکەین، سمێڵیشت بتاشە! من هەرگیز سمێڵم نە تاشیبوو، پێم سەخت بوو، کاری وابکەم و سمێڵیشم گەورە بوو و هەندێک لەو هاوڕێیانە زۆر تەکلیفیان کرد، کە ئەگەر من بیتاشم، ئەوانیش دەیتاشن. بۆیە بڕیارم دا، کە بۆ یەکەمجار سمێڵم بتاشم. هەر کە چوومە دەرێ، دوای دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەستم توانی گوێزان بە سمێڵمدا بێنێ و بۆ یەکەم جار لە ١٩٩١/١/١٣دا سمێڵم تاشی. هەر کە هاتمە ژوورەوە، هەندێک وتیان: ئەوەندە گۆڕاوی، نەمان ناسیویتەوە،! من بۆ خۆم زۆر پێم سەیر بوو، کە توانیم، ئەو کارە بکەم.
ئەم سمێڵتاشینە لام بووبووە بابەتێکی گەورە، دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە هەڵچوونی جەماوەری ڕوو بدات و بەربین. بڕوا بکەن! پڕ بەدڵ حەزم دەکرد، جارێ بەرنەبین، تا سمێڵم دێتەوە. دەمگوت: ناتوانم ئاوا بڕۆمە دەرێ. پاش چەند ڕۆژێک بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەمنی سلێمانیدا چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ خانەوادەکەماندا بۆ ئێمە سازدا. کاتی من و دکتۆری برام هات. تازە سمێڵم تاشی بوو، کە چووینە دیداری ئاواز و نیاز و دایکمان، دایکم هەر بەچاوی بەفرمێسکەوە پێی وتم: کوڕم توخوا ئەوە بۆ سمێڵیان تاشیوی؟! وای! دەزانی جۆرێکە لە ئازاردانی من. منیش هەر بە پێکەنینەوە پێم وت: دایە گیان مەترسە! هەر بۆ خۆشی تاشیوومە. دایکم وتی: بە زۆر نەبوو؟ منیش وتم: نەخێر! ئینجا وتی: جا بۆ تاشیت کوڕم؟ چونکە جاران ئێمە گوێبیستی ئەوە بووین، کە لە زیندان و بۆ ئازاردانی ڕۆحی زیندانەکان، سەر و ڕیش و هەندێک جار برۆیان دەتاشین، وەک جۆرێک لە ئەتککردن، بۆیە منیش دڵی دایکمم دایەوە، کە ئەوە تەنها خۆم تاشیومە و هیچ جۆرە ناڕەحەتییەک بۆ خۆت درووست مەکە.

**هێرشی ئەمەریکا و بار و دۆخی زیندان:**
دوای ئەوەی لە ١٩٩١/١/١٧دا ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ڕژێمی عێراقیان دا و بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییان لە عێراقدا دارمان، ئەمە کارێکی زۆر سەخت و قورسی کردە سەر ئێمە لە زیندان و ژیانی ڕۆژانەمانی زیاتر سەخت کرد. ئێمە ئەوەمان باس دەکرد، کە دارمانی بنەماکانی ئابووریی عێراق تەنها خەڵک زەرەرمەند دەبێت، نەک ڕژێمەکە، چونکە زۆر بەئاسانی لە ژیانی نێوزیندانی ئێمە ڕەنگی دایەوە. کارەبامان کە بیستوچوار کاتژمێر هەبوو، بوو بە چەند کاتژمێرێک و ئاوی گەرم، کە دەمانتوانی، خۆمان پاک ڕابگرین و ڕۆژانە خۆمان بشۆین، نەما و خواردنەکانمان خراپتر بوون. لە هەمووی خراپتر، دوای ئەم وەزعە کێچ و ئەسپێ هەڵیگرتین و شەوانە و ڕۆژانە دادەنیشتین و سەتڵێک ئاومان دادەنا و ڕاوی ئەسپێمان دەکرد. ئەمە خۆشبەختی جەنگی ئەمەریکا بوو، کە لەناو زینداندا بۆ ئێمەی هێنا. هەر چەندە هەندێک خۆشخەیاڵ و خۆشبەختانە بیریان لەم کارەی ئەمەریکا دەکردەوە، بەڵام ئێمەی کۆمۆنیستەکان نەزەرمان جیاواز بوو.

هەر دوای ماوەیەکی کەم هەموومانیان ڕاپێچی خوارەوە کرد و هەر هەموومانیان خزاندە ناو هۆڵی ژمارە ١، کە لە زیندانیی هەموو جۆرە پارتەکان و خەڵکی جۆراوجۆر تێکەڵ بوو. ئێمە یەکسەر بڕیارمان دا، کە بتوانین کۆنترۆڵی خۆمان و ئەرکی بەشێک لە زیندانەکە بگرینە دەست و بتوانین نموونەیەکی ڕابەرایەتیی یەکسانیخواز و ڕێکوپێک پێشان بدەین. دیارە توانیمان جێ خەوەکان ڕێک بکەین، خواردن بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکەین و تەنانەت ڕاگرتنی پاک و خاوێنی بکەینە مۆرکێک لەناو زینداندا. دیارە نزیکەی ٧٠-٨٠ کەس لە هۆڵێکدا بووین و هەر کەسێک بە بیری جیاوازەوە، بەڵام ئێمە خۆشبەختانە توانیمان ئارامی و ڕێکوپێکی هۆڵەکە ڕاگرین.

**مانگرتن:**
هەر بە ڕابەرایەتیی ئێمە بوو، لە ١٩٩١/٢/١٧دا (هەر وەکوو لە پێشەوە باسم کرد) توانیمان، گەورەترین نارەزایەتی ڕێک بخەین و هەموو هێزەکانی تری ناو زیندان بێنینە سەر ئەوەی، لە خواردن مان بگرین و تا داواکانمان بەدی نەیات، دەست هەڵنەگرین. ئەوە بوو، توانیمان هەموو بەڕێوبەرایەتیی زیندان بهێنینە ناو هۆڵەکە و داواکانمان دەربارەی خواردن و بێ کارەبایی و پیسی سەرئاوەکان خستە ڕوو.

دیاره توانیمان که وایان لێ بکەین، خواردنەکەمان بۆ باش بکەن و کەمکەم کارەبامان بدەنێ و لانی کەم چرایەک بهێنن، بۆ ئەوەی شەوانە بەرپێی خۆمان ببینین. بەڕاستی کارێکی زۆر جەسوورانە بوو، کە ئێمە (کۆمۆنیستەکان) جێگەی دەستمان بە زیندانەوە دیار بوو.

### لێکۆڵینەوەی سێهەمین جار:

دیارە ماوەی مانگێک زیاتر ئێمە هەمووماں لە هۆڵی ژمارە ١ ماینەوە، کە بەڕاستی ڕۆژانێکی سەختمان بردە سەر، چ لە سەرما و لەبەر بێ کارەبایی و پیسی ئاودەسەکان، چ لەبەر قەرەباڵغییەکی زۆریش کە نزیکەی ٧٠ زیندانی لەم هۆڵەدا بووین. دیارە هەر لێرەدا بوو، هێشتا کە سەردانی کەسوکارمان بەردەوام بوو. هەر لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک لە کۆمۆنیستەکان دیسان گیرانەوە و ڕەوانەی زیندان کران. ڕژێم پێی وا بوو، ئەم ڕێکخراوانەی لەبەریەک هەڵوەشاندۆتەوە و ئیتر چالاکی نامێنێ، بەڵام ئەوە بوو لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک ئەندامی ڕەوتی کۆمۆنیست دوای بڵاوکردنەوەی بەیانامە و بڵاوکراوە شاڵاویان بۆ بردبوون و دەستگیر کران.

دوای ئەم ڕووداوانە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئێمە دەستی پێ کردەوە. ڕۆژێک ناوی منیان بانگ کرد، من ئاگام لەوە نییە، کە ئەمە بۆ لێکۆڵینەوەیە. بۆیە هاوڕێکانم پیرۆزبایی چاوپێکەوتنیان لێ کردم و وتیان، کەسوکارت هاتوون. کاتێک، کە بەرەو دەرەوەی هۆڵەکەیان بردم، دەبووایە بەرەو ژووری چاوپێکەوتن بچین، بەڵام ڕێگەیان گۆڕی و بردمیانە ژووری ئەشکەنجەدان. لەوێ نەقیب ماجید دانیشتبوو. من سەرم سووڕما، کە بۆ منیان بۆ ئێرە هێناوە. پاش چەند چرکەیەک نەقیب ماجید ڕووی تێ کردم و وتی: ماڵی جەمالی مامت لە کوێیە؟ دیارە جەمالی مامم یەکێک بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی تەشکیلاتیم و دەمێک بوو، بەیەکەوە کاری سیاسیمان دەکرد. جەمال بەر شاڵاوەکە نەکەوتبوو، بەڵام ناوی لەلای ئەمنەکان هەبوو و ناسراو بوو. جەمال تازە خێزانی درووست کردبوو و من هێشتا ماڵە تازەکەیم نە دەزانی و سەردانی شوێنە تازەکەیم نە کردبوو. من زۆر بەهێواشی وەڵامی نەقیب ماجیدم دایەوە، وتم: نازانم. وتی: چۆن نازانی؟ وتم: ئاگام لێی نییە و ماڵی تازەی گرتووە، نازانم لە چ شوێنێکە. نەقیب ماجید هەڕەشەی لێ کردم و وتی: هەڵتدەواسم و تێکت دەشکێنم، ئەگەر پێمان نەڵێی. من وتم: هەرچی دەکەی بیکە! من نازانم. دوای لێدانێکی زۆر وتیان: بەڵام براکەت دەڵێت، تۆ دەزانی. وتم: وا نییە، من نازانم. وتیان:

ئەو بێنن، با بزانین چی وتووە. دوای چەند دەقیقەیەک د. کامەرانی برامیان هێنا و لێیان پرسی: تۆ نەت وت، نەریمان ماڵی جەمال دەزانێ؟ ئەو لە وەڵامدا وتی: وتومە لەوانەیە بزانێ. دیارە دوای کەمێک زلە و شەق وتیان: ئەمە بەرنەوە بۆ زیندانەکەی و منیشیان برد بۆ سزادان.

دواتر بۆ هۆڵەکە بردمیانەوە و هاورێکانم سەرسوورمانیان پێوە دیار بوو، چونکە وایان زانیبوو، بۆ چاوپێکەوتنی خێزانەکەمە، نەک بۆ لێکۆڵینەوە. پاسەوانەکان وتیان: بەتانییەکانت هەڵگرە و پێشمان بکەوە! لە چاوی لوقماندا پرسیاری زۆر هەبوون، بەڵام نەم توانی، وەڵامیان بدەمەوە. بردمیانە لای د. کامەران و هەندێک هاورێی تر کە لە زیندانە تاکەکانی خوارەوە بوون. منیان بە دەرگاکەوە کەلەپچە کرد، کە نەم دەتوانی، بەتەواوی دابنیشم و بەپێوەش هەر سەخت بوو. بۆیە دەبووایە بەتانییەکان بکەمە کورسی و لەسەری دابنیشم. دیارە ئەمە بۆ سزادانی من بوو، لەسەر ئەوەی کە ماڵی جەمالم پێ نە گوتبوون. لە ماوەی ئەو ٦ ڕۆژەی کە بەو دەرگایەوە بەسترامەوە، ڕووداوی زۆر و شتی جۆراوجۆر ڕووی دا، بەپێی توانا هەندێکیان باس دەکەم.

من بووم بە هاورێی کەلەپچەکەم. شەوی دووەم بوو، کە زۆر شەوێکی ناخۆش و سارد بوو. تکەتکە دڵۆپی ئاو لەسەر سەرم و شوێنەکەم دەهاتە خوار و پلەی گەرماش لە خوار سفرەوە بوو. هەوڵم دەدام بە هەر شێوەیەک بێت، جێگەکەم خۆش بکەم و تۆزێک گەرمای بەتانییەکان وەرگرم، بەڵام ئەمە بۆ من بووە کابووس، چونکە کەلەپچەکەی دەستم لەجۆری ئینگلیزی کۆن بوو، هەر دەستم دەجووڵاند، ئەو توند و بەرتەسک دەبووە. ئەوە بوو دوای چەند کاتژمێرێک وا توند بووەوە، کە هەستم بە ئازارەکەی دەکرد. دوایی هەستم کرد، دەستم هەڵدەئاوسێ و شین دەبێتەوە، هەر دانم بە خۆمدا گرت. بەڵام دوای ماوەیەک وەها تاوی بۆ هێنام، هەستم کرد، دڵم خەریکە لە لێدان دەکەوێت. بۆیە بانگی د. کامەرانم کرد و وتم: دەستم ئاوساوە و زۆر بێ تاقەت بووم و کەلەپچەکە هەتا دێت، تەنگتر دەبێت و منیش بەرگە ناگرم. یەکسەر وتی: هاوار بکە و بانگیان بکە! ئەوە زۆر خراپە، چونکە ئێمە خۆمان زۆر لاواز بووبووین و کێشمان هاتبووە خوارێ، منیش بە قسەی ئەوم کرد و هاوارم دەستپێ کرد. دوای ماوەیەک بەدەم هاوارەکەمەوە هاتن. کە بینییان دەستم زۆر ئاوساوە و شین بۆتەوە، یەکسەر کەلەپچەکەیان بۆ

گۆڕیم و کەلەپچەیەکی تازەیان بۆ هێنام و ئیدی ئاسودە بووم. کەلەپچەی دووەم لە جۆری ئیسپانی بوو، بۆ من زۆر باش بوو.
دوای ئەو شەوە کەلەپچەکە زۆر ئاسان دەستمی لێ دەهاتە دەرەوە و توانیم هەڵسم. شتێکی زۆر خۆش بوو. هەر ئەو شەوە دەستم لە کەلەپچەکە هێنایە دەرێ و هەستام بەناو ڕاڕەوی زیندانە تاکەکاندا دەگەڕام. گوێم لێ بوو، کاک کەمال قەرەداغی هاواری کرد و وتی: کاک تەحسین یەکێک لە ڕاڕەوەکەدا دەبینم، تۆ بڵێی چاودێریمان بکەن، ئاگاتان لە خۆتان بێت! منیش بە پێکەنینەوە وتم: ئەوە منم، گوێ مەدەنێ! توانیم دەستم دەرهێنم و هەڵسم. ئیتر ماوەیەکی باش لەگەڵ هەموویان قسەم کرد. دواتر وەکوو جاران دەستم خستەوە ناو کەلەپچەکەی هاوڕێم.

## یادگارییەکانی هۆڵی ژمارە ١:

ئەو ڕۆژانەی لە هۆڵی ژمارە یەکدا بردمانە سەر، ڕۆژانێکی زۆر سەخت بوون، قەرەباڵغییەکی زۆر و جێگە و ڕێگەی زۆر تەسک، هەندێک تەنگوچەڵەمەی تری وەک پیسی تەوالێتەکان و نەبوونی کارەبا و کەمی نان. لەگەڵ ئەمانەشدا دانیشتنە ڕێکوپێکەکانی شەوانەشمان نە مابوو و جەدەل و بەحسەکان ون بوون. ئەمانە هەمووی دەرئەنجامی لێدانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە عێراق بوو، چونکە هۆڵەکانی نهۆمی دووەمیان چۆڵ کردبوو بەخاتری ئەمنییەت.
یەکەم: بەدەما خەوتن. دوای گەڕانەوەمان بۆ نهۆمەکانی سەرەوە، ئێمە کۆمەڵێک، کە خۆشبەختانە من و لوقمانی هاوڕێم بەر هۆڵی ژمارە ٣ کەوتینەوە، بۆ سەرەوە گوێزراینەوە، کە لە کۆتایی مانگی شوباتدا بوو. ئێمە زۆر خۆشحاڵ بووین، چونکە پێشووتر جێگەی خەومان زۆر خراپ بوو. حەز دەکەم، یادگارییەکی بچووک دەربارەی شوێنی خەوەکەمان بگێڕمەوە: من عادەتێکم هەبوو، دواتر لە زیندانیدا تەرکم کرد، واتە گۆڕیم، ئەویش شێوەی خەوتنەکەم بوو. من بۆ خۆم هەر لە منداڵییەوە لەسەر دەم نەبووایە، خەوم لێ نە دەکەوت، دەبووایە شوێنێکی فراوانم هەبێت، چونکە بە شێوەیەکی نارێک لەسەر دەم دەخەوتم. هەتا لە هۆڵی ژمارە ٥ بووین، شوێنمان زۆر فراوان و باش بوو، بە ئارەزووی خۆم دەخەوتم، دوای لێدانی سەربازیی عێراق لە لایەن ئەمەریکا و وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە و گوێزانەوەمان بۆ هۆڵی ژمارە ١، کە زیاتر لە ٧٠ زیندانی تێدابوو، کە خۆی جێگای

٤٠ کەس دەبوو، من و پێنج لە هاوڕێ نزیکەکانی خۆم، کە لە هۆڵی ژمارە ٥ پێکەوە بووین، دەبووایە لە پانتایی دوو مەتردا بنووستینایە.
دیارە ئەوەی پاڵم کە لوقمان بوو، لە من زویر نە دەبوو، هەرچەندە جارجار دەیووت، جێگەکەمان تەسکە، بەڵام هیچ شتێکی وای نە دەووت، کە پێی ناڕەحەت بم. دوای دوو شەو بەم جۆرە یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم بە لوقمانی وتبوو: بە نەریمان بڵێ، لەسەر لا بخەوێت، ئەگینا لێی دەدەم! بەڕاستی بۆ من شۆک بوو! بەڵام خۆشبەختانە هەر شەوی دواتر لەو شوێنە تازەیە ڕاهاتم، کە لەسەر دەمیش نەبێت، بتوانم بنووم. تا ئێستاش لەسەر لا دەنووم. دیارە من هاوڕێی ئازیزم لۆمە نەکرد، چونکە من زۆر خراپ دەخەوتم.
دووەم: بیرکردنەوە لە ڕاکردن. پێم خۆشە لێرەدا، کە هێشتا هەر یادی هۆڵی ژمارە یەکە، شتێک دەربارەی هەوڵی ڕاکردن، یان قسەکردن لەسەری باس بکەم. دیارە کارێکی زۆر سەخت بوو، بەڵام ئێمە لەوێ لە بیری ئەوەشدا بووین. هەر لێرە لە هۆڵی ژمارە ١ چەند کەسێکمان باسمان لەوە دەکرد، کە چۆن بیرێکی وا بکەینەوە و ڕێوشوێنی بۆ دابنێین. دیارە لای هەندێک هاوڕێ کارێکی زۆر باش بوو، بەڵام هەندێکی تر بەسەرشێتییان لەقەڵەم دەدا. دیارە ئێمە پێمان وابوو، کارێکی وا دەکرێ و چەند هاوڕێیەکی کۆمۆنیست و یەک دوو کادری یەکێتی ئامادەیی ئەم کارەمان هەبوو و بیرمان لە زۆر ڕێوشوێن دەکردەوە، کە چۆن و لە کوێوە دەستپێ بکەین. بەڵام هێشتا هەر لە باس و بیرکردنەوەدا بووین، کە لە یەکتریان دابڕین و هەر یەکەمان بۆ هۆڵێک گوێزراینەوە و باسەکانمان زوو کۆتایی هات.
سێهەم: نەوزادی نانەوا. پێمخۆشە لێرەدا یادی یەکێک لەو هاوڕێ ئازیزانە بکەمەوە و تۆزێک لەگەڵ یادگارییەکانیدا بژین. نەوزاد عەبدوڵا ناسراو بە نەوزادی نانەوا، کرێکارێکی هۆشیار و جەسوور، لە دەست و مەچەک و باڵ و ملییەوە هەستت بە جەسووری و خۆڕاگری ئەو مرۆڤە دەکرد. لە هەموو بابەتەکان و هەڵسوکەوتەکاندا ئەو بەشدار بوو. کەسێکی بیر تیژ و کرێکارێکی ڕۆشنفکر بوو. بەتەواوی لە ئازارەکانییەوە ئەم نیزامە سەرکوتگەرەی دەدایە بەر ڕەخنە و ئاواتی دنیایەکی باشتر و مرۆڤانەتر بوو. نەوزاد قسەخۆش و خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ و ناسک بوو و هیچ کاتێک بێدڵی نە دەکردین و لە کاتە ناسکەکانی زینداندا بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی بۆ دەچڕین. بەداخێکی زۆرەوە ئەم هاوڕێیەمان بە کارەساتێکی دڵتەزێن

دوای ئازادبوونمان لە زیندان گیانی لەدەست دا. یادی ئەم هاورێیە لای یەکەبەیەکەمان زیندووە و هەمیشە لە دڵماندا جێگەی هەیە.

### هەڵچوونی جەماوەر، شکاندنی دەرگای زیندانەکان و ڕزگاربوونی ئێمە:

هەر وەکوو باسم کرد، لە کۆتایی مانگی شوباتدا بۆ هۆڵی ژمارە ٣ لە نهۆمی دووەم گوێزراینەوە. لێرەدا ئاخر ڕۆژەکانی زیندانمان بەسەر برد. دیارە نزیکەی ١٠ تا ١٢ کەسی زیندانیی تێدا بوو، تەنها ژوورێکی سێ بە چوار مەتری دەبوو، لەگەڵ تەوالێتێکی بچووک. لەم هۆڵەدا بوو، بە چاوی خۆم بینیم، کە چۆن خەڵکی شار پەلاماری زیندانیان دا و بۆ یەکجاری ئەم شوێنەیان کردە جێگای یادەوەری بۆ هەموو خەڵکی شار و ڕەمزی سەربەرزی ئەم شارە.

بەشی کۆتایی ئەم نووسینە، کە ڕۆژانی هەڵچوونی جەماوەر و ڕزگاربوونی ئێمە و شکاندنی دەرگای زیندانەکانە، پێم خۆشە، زۆر بەوردی بۆ مێژوو باسی بکەم و بینووسمەوە.

لە کۆتایی مانگی شوباتدا هەواڵەکان زۆر بەخێرایی دەهاتن و دەنگوباسی دەرەوەمان باش پێ دەگەیشت. چونکە زیندانی تازەیان زووزوو دەهێنا و دەبرد و زۆرێکیان لەسەر سنووربەزاندن (تەجاوز حدود) دەگیران، باسی وەزعی زۆر خراپی خەڵک و برسێتی و ناڕەزایەتیی دژە ڕژێمیان دەکرد. دیار بوو، شاری سلێمانی وەک هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق جموجووڵی تێکەوتبوو. هەر وەک باسم کرد، ئێمە لە نهۆمی دووهەمدا بووین و وەزعمان لە ڕووی خواردن و پیسی و خراپی باری زیندان ڕۆژانە خراپ و خراپتر دەبوو.

لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی ئازاردا ئەو دەنگۆیانە زۆر بڵاوبوون، کە جەماوەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی بەعس خەریکی خۆڕێکخستنن و ڕۆژانە هەواڵی ئەوەشمان پێ دەگەیشت، کە بەلێشاو خەڵک لە خوارووی عێراقەوە هەڵدێن و ڕوو لە سنوورەکانی ئێران دەکەن، چونکە لەم ماوەیەدا زیندانیی تازە و بەتایبەت خەڵکانی عەرەب بۆ زیندان دەهێنران.

ئێمە وەک ئەو کۆمەڵە هاورێیە کە لە هۆڵی ژمارە ٣دا بووین، زۆر بەوردی چاودێری دۆخەکەمان دەکرد و لەم نێوەدا لەسەر ئەوە گفتوگۆ زۆر دەکرا، ئەگەر ڕاپەڕینی جەماوەری بێت و پەلاماری زیندان بدرێت، ئێمە دەبێت چی بکەین، یان چیمان لێ بەسەر دێت. ئێمە بیرمان لە زۆر شت دەکردەوە، لەوانە، گەر پەلاماریان

داین، دەبێت چ پەرچەکردارێک لە لایەن ئێمەوە بکرێت، یان ئەگەر بەر بووین و ئازاد بووین، چۆن دەستمان بە فایلەکانی خۆمان بگات و هەندێک لە بەڵگە گرنگەکان دەست بخەین، کە لە لای ڕژێم هەن، بۆ ئەوەی دوایی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئەمانە و چەندەها بیرۆکەی تر.
لە ڕۆژانی کۆتایی دەسەڵاتە دڕندەکەی بەعسدا بەرگوێمان کەوت، کە ڕژێم بەنیازە، گەر خەڵک ڕاپەڕێت، کیمیاوی بڕێژێت. ئێمە بیرمان لەوە کردەوە، کە دەبێت، ئامادەکاری بۆ ئەمەش بکەین. بۆ نموونە، خاولی تەڕ بەکار بهێنین، تا کیمیایی کارمان تێ نەکات. هەر لێرەوە حەز ئەکەم، ئەوە بڵێم، کە یەکێک لە هاوڕێکانمان یەکسەر خاولییەکی تەڕ کرد و دای بەسەر شانیدا، ئێمەش دەستمان بە پێکەنین کرد و پێمان وت: بابە هێشتا زووە و هیچ نەبووە، تا لە ئێستاوە خاولیی تەڕ بەسەر شاندا بدەین.
لە ڕۆژانی ٥_ ٦ی ئازاری ١٩٩١دا ئێمە چاوەڕێی سەردانی کەسوکار بووین، بەڵام ڕێگە نەدرا، هیچ کە کەسێک بێت، چونکە بەڕاستی هەموو شار شڵەژابوو. دیارە کەم تا زۆر ئاگادار بووین. بەڵام کاتی تەقینەوەی ڕاپەڕینی جەماوەر دیاریکراو نەبوو و پێم وابێ، کەس نەی دەزانی، چ ڕۆژ و سەعاتێک دەستپێ دەکات. ئەو دوو ڕۆژەی، کە مێژوویەکی پڕ سەروەری بۆ جەماوەر تۆمار کرد، بۆ ئێمە مایەی ڕزگاربوون و گەڕانەوە بۆ باوەشی ژیانی ئاسایی و شادبوونەوە بە خێزان و هاوڕێ و دۆستەکانمان بوو.
دیارە گێڕانەوەی وردەکارییەکانی ئەو دوو ڕۆژە، دەکرێت ڕۆمانی گەورەی لەسەر بنووسرێت. یان تەنها یادگاریی هاوڕێیانی زیندان چەندین نوسراوی بەپێز لەخۆ بگرێت. من هەوڵ دەدەم، بەشێک لەو شتە گرنگانە بۆ مێژوو بنووسمەوە.
بەیانیی ڕۆژی ٧ی ئازار بۆ ئێمە لەخەوهەڵسانێکی ئاسایی نەبوو و بە دەنگی گوللە لە دوورەوە بەخەبەر هاتین. واتە، ئێمە گوێمان لە دەنگی پێکدادانێک بوو، کە ماوەیەکی کورتی چەند کاتژمێریی خایاند و نەما. بۆ ئێمە زۆر باسی هەڵگرت، کەسێک (یان کۆمەڵێک) لە یەکێک لە گەڕەکەکانی قەراغی شار تەقەی لە سەربازانی ڕژێم کردووە و دواتر گەمارۆ دراوە و دەستگیر کراوە. یان ڕووداوێکی نادیارە و پیاوەکانی ڕژێم بۆ چاوترساندنی خەڵک تەقە دەکەن. ئێمە گوێمان لە دەنگی ئەمنەکانی ناو حەوشی زیندان بوو، بە بێتەل قسەیان دەکرد و باسی گەڕەکی خەباتیان دەکرد. من گوتم، هەر دەبێت ئەوە بێت، لە گەڕەکی خەبات (کە من خۆم

لەویٚ گەورەبووم) پێشمەرگە هاتوون و لەویٚ کەوتوونەتە شەڕ لەگەڵ پیاوانی ڕژێم (کە ئەوە وا نە بوو، بەڵکوو پێشمەرگە ئەو دەمە، هێشتا ئاگایان هەر لەوە نەبوو، کە کۆمەڵێک کەسی چەپی شۆڕشگێڕ بە کردنەوەی ئاگری ڕاپەڕین هەڵساون). لەم کاتەدا بوو، ناو زیندان شڵەژانی پێوە دیار بوو و کەسێک بەلاماندا نە دەهات و خواردنیشان بۆ نە هێناین! گوێمان لە دەنگی جموجووڵی ئەمنەکان بوو، بە ماشێنەکانیان دەهاتن و دەڕۆیشتن. ماوەیەک بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر شاردا کێشا! ئێمە بیرمان لە هەموو شتەکان دەکردەوە. دوای چەند کاتژمێرێک جارێکی تر دەنگی گوللە هاتەوە بەر گوێمان، هەم بە چڕوپڕی و هەم نزیک تر. ئێستا تێگەیشتین، کە ئەوە ڕاپەڕینە و دەبێت چاوەڕوانی هەموو شتێک بکەین، بۆ نموونە، هێرشکردنە سەرمان یان کوشتنمان. بۆیە دەمودەست بیرمان لەوە کردەوە، کە ڕێوشوێنێ دابنێین، گەر پەلامار دراین. دەبێت دەستەوەستان نەوەستین و بیرمان لەوە کردەوە، کە هەر شتێک ئێمە لەنێو چواردیواری زینداندا هەمانە، وەک خویٚ و تایت، گەر بۆمان هاتنە ژوورەوە، بیکەین بە چاویاندا و پەلاماریان بدەین. ئەوە تاکە چارەی ئێمە بوو، کە بیرمان لیٚ کردەوە. ئیتر هەتا دەهات، تەقەکان لە زیندانەکە نزیک دەبوونەوە. بۆیە هەوڵمان دا، کە سەیری دەرەوە بکەین. ئەوە بوو بە لەسەردانانی کۆی بەتانییەکان و سندووقێکی پلاستیکی کە وەک بەفرگرێکی بچووک وابوو، سەکۆیەکمان درووست کرد و چووینە سەری، بۆ بینینی دەرەوە. ئێمە لە دیوی پێشەوەی زیندانەکەمان دەڕوانی و دەمانتوانی، زۆر شت، کە لەو ناوە ڕووی دەدا، ببینین. لەوبەری زیندانەکەوە کۆڵانێک هەبوو، کە بۆ خوارەوە بەرەو شەقامی سەهۆڵەکە شۆڕ دەبووە، لەوبەری شەقامەکەوە مەرکەزی پۆلیسی سەلامی لیٚ بوو، کە دەتوانرا کەم تا زۆر ببینرێت و یەکەم شوێنی نزیکی زیندانەکە بوو، کە لێی درا و خەڵک توانی کۆنترۆڵی بکات. تا کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ ئەمنەکان لەو ناوە دەبینران و لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەدا بوون، بەڵام دیار بوو، کە کار لەکار ترازاوە و هیچیان لەگەڵ ئاپۆرەی خەڵکی ناڕازی پیٚ ناکریٚ و کات لە دوای کاتیش پاشەکشەیان دەکرد.

لەم کاتانەدا بوو، ئێمە لەناو زینداندا لە مقۆمقۆی ئەوەدا بووین، چی بکەین و چیمان لیٚ بەسەردێت. وەختێکمان زانی، چەند پاسەوانێک هاتنە سەرەوە، کە دیار بوو هەموویان شڵەژا و پڕچەک بوون، کە هیچ کات بە چەکەوە نە دەهاتنە لامان و ئێمەیش زۆر بە ئاگادارییەوە لەوانمان ڕوانی. دەرگا کرایەوە، سەوزە و چەند

نانێکیان هێنا، بە دەنگێکی زۆر لاوازی ترسناکەوە وتیان، هیچ نییە، ئەم خواردنە کەمە، بەڵام دواتر خواردنی زیاترتان بۆ دێنین و ئیتر بەپەلە ڕۆیشتن. ئێمە خۆشحاڵ بووین و هەر یەک لای خۆیەوە باسی لە شێوەی ڕزگارکردن و چوونە دەرەوەی دەکرد. ئێمە دەمانزانی کە ڕزگاربوونمان نزیکە، بەڵام چەندی دەوێ، ئەوە دیار نەبوو.

کاتژمێر ٤ی عەسر بوو، لە کاتێکدا، کە لە دەرەوەمان دەڕوانی، لەپڕ بینیمان، لە ئاسمانی سلێمانی دوو هێلیکۆپتەر دەرکەوتن! ئەمە ئێمەی شڵەژان، چونکە هێنانی هێزی زیاتر و بەکارهێنانی چەکی قورس، دەبووە هۆی ترساندن و لاوازکردنی بەرەنگاریی خەڵک. کۆپتەرەکان چەند دەورەیەکیان بەسەر شاردا لێدا و کەمێک مانەوە و دواتر ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە. بەڕاستی ئێمە زۆر لەم حاڵەتە دەترساین، بەڵام خۆشبەختانە نەیان توانیبوو، کارەکانیان ئەنجام بدەن و بە سەرشۆڕی بەرەو کەرکووک گەڕانەوە.

دەمەوئێوارەیەکی درەنگ ئیتر تەقە کەم بووەوە و شەو بەسەردا هات. ئەو شەوە ئیتر تا بەیانی لەناو حەوشەی ئەمنە سوورەکەوە شار بە هاوەن تۆپباران دەکرا و ئێمەش لە ژوور و هۆڵەکانی خۆمان بە دەنگی هاوەنەکان کەڕ و کاس بووبووین. تا بەیانی ئێمە لە چاوەڕوانیی هەڵمەتی تازەی خەڵک بووین. شەوێکی زۆر درێژ و تاریک بوو، کە هەر چرکەیەکی بە کۆتا نە دەهات و ئێمەش بەهۆی دەنگی هاوەنەکانەوە خەو نە دەچووە چاومان.

دەمەوبەیان و هەر کە ڕۆژبووەوە، پەلامارەکان بەرەو ئەمنە سوورەکە دەستی پێ کردەوە. ئێمەش هەر وەکوو ڕۆژی پێشووتر بە نۆرە لە کونی هەواکێشەکانەوە چاودێریی دۆخەکەمان دەکرد. دیارە هەر شەوی پێشووتر ئەمنەکان هەوڵیان دابوو، هەر کەسێک کە سەر بەو دەزگایەیە، بە نیازی بەرگری، لەناو ئەم فەرمانگەیەدا کۆی بکەنەوە، کە ژمارەیان زۆر بوو. ئەمانە بە هەموو شێوەیەک بەرگرییان لە وجودی خۆیان دەکرد، چونکە دەیانزانی، خەڵکی شار زۆر لێیان تووڕەیە و لە تاوانەکانیان خۆش نابێت. لەم کاتەدا ئێمە لەوە دەترساین، کە بێنە سەرەوە و قەتڵوعامی هەموومان بکەن. بۆیە هەر یەکەمان لە ئامادەباشیی ئەوەدا بوو، کە بەرەوڕووی مەرگ ببینەوە. ڕووداوەکان زۆر خێرا دەڕۆیشتن و هێرشەکان بۆ سەر ئەمنە سوورەکە توند دەبووەوە. لەم کاتەدا بوو، گوێمان لە ڕاکردن و دەنگەدەنگی پاسەوانەکان بوو، ئێمە هەموو سڵەمینەوە و ئامادەباشیمان بۆ

ڕووداوێک وەرگرت. لە ناکاودا گوێمان لە ناوێک بوو، دەنگەکان هاواریان دەکرد: محەمەد، محەمەد! لەگەڵ چەند جنێوێکی عەرەبی. ئێمە زانیمان بەشوێن کەسێکی تایبەتیدا دەگەڕێن.

پێم باشە، لێرەدا تۆزێک لەسەر ئەم محەمەدە بنووسم (کێ بوو؟ وە دواتر چی لێ هات؟): لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٩١دا کۆمەڵێک کەس بە تاوانی کوشتنی فایەقی مۆتێ گیران. لەناو ئەمانەدا کەسێک بە ناوی محەمەد مەحموودەوە هەبوو و لە زمانی کەسانێکی ترەوە گێڕایانەوە، کە زۆر خۆڕاگر بووە و لە هەمان کاتدا سەرشێتانە قسە و جنێوی بە ئەمنەکان و نەقیب ماجید دابوو و گوتبووی، کە ئێوە تەمەنتان کورتە و بەم زووانە هەمووتان کۆتاییتان دێت. لە وەڵامدا نەقیب ماجید پێی وتبوو: بەڵام پێش مردنی من، دەبێت تۆ بمری! دواتر لەو ڕۆژەدا و لە کاتژمێری ٩ی بەیانی، هاتن بەشوێن محەمەد لە هۆڵی ژمارە ٦ و بردیانە دەرەوە و گوللەبارانیان کرد. ئەمەش چ بۆ چاوترساندنی خەڵک، کە بڵێن، ئا بەو جۆرە هەموو زیندانییەکان دەکوژین و چ بۆ بەجێگەیاندنی پەیمانێکی نەقیب ماجید.

هێرش بۆ سەر ئەمنە سوورەکە بەردەوام بوو، بەڵام خەڵکی تەنها چەکی سووکی پێ بوو، بۆیە زۆر کاریگەری نەبوو. من بەچاوی خۆم بینیم، نزیکەی٢٠ تا ٢٥ کەس تەنها تەور و دار و چەکی سووکیان پێ بوو و خۆیان کرد بەناو ئەمنە سوورەکەدا، بەڵام دوای چەند خولەکێک نەیانتوانی بەردەوام بن و کشانەوە. لە کاتی کشانەوەدا چەند کەسێکیان لێ شەهید و بریندار بوون. من هەموو ئەمانەم، کە بەچاوی خۆم دەبینی، بۆ هاوڕێکانم باس دەکرد. لە کاتی کشانەوەدا وتم، ئاوا نابێت، بە چەکی سووک هیچ ناکرێت.

دوای ماوەیەکی کورت کاتژمێری ١١ بوو، هەر سەیری دەرەوەم دەکرد، لە سووچی خوارەوەی ئەمنە سوورەکەوە لەپڕ چاوم بە کەسێک کەوت (ئاڕ پی جی)یەکی بەرەو ئەمنە سوورەکە هاویشت. من لە خۆشیدا هاوارم کرد و وتم: کوڕینە تەواو، (ئاڕ پی جی) هات. هەر چەند ساتێکی کەمی خایاند، من لە کونی هەواکێشەکەوە سەیرم دەکرد، هەر لە هەمان شوێنەوە گڕێکی زۆر بەرەو لای هەواکێشەکەدا هات، دیارە هەر گوللەی (ئاڕ پی جی)یەکە بوو، دای بە خوار هەواکێشەکەدا. من لەسەر بەتانییەکان بە پشتا کەوتمە خوارەوە. تۆز و خۆڵ و پووشی هێلانەی کۆتری لای هەواکێشەکە هەر هەموو هاتنە ژوورەوە. هەموو

پەلاماری منیان دا و وتیان: پێکرا. بەڵام من یەکسەر هەڵسامەوە و زۆر بە خۆشحاڵییەوە وتم: نا نە پێکراوم، ئەوە قازیفەی (ئار پی جی)ە و ڕزگار بووین.
دیارە هەر لەو ماوەیەدا ئێمە زۆر لە ترسی ئەوەدا بووین، کە پاسەوانەکان دەستیان بە ئێمە بگات و قەتڵوعاممان بکەن. بۆیە ئامادەباشی ئەوەمان کردبوو و زووزوو ئاگادارییی دەرگا و پەنجەرەی سەر ڕاڕەوەکەمان دەکرد، بەڵام بێدەنگییەکی ترسناک باڵی بەسەر ناوزیندانەکەدا کێشابوو. ئێمە زۆر خۆشحاڵانە لە کونی هەواکێشەکانەوە دەمان ڕوانییە ڕووداوەکانی دەرەوە. دوای چەند کاتژمێرێکی کەم و نزیکەی کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بوو، لە کونەکانەوە سەیرمان دەکرد، من لەناکاو لە خواری کونی هەواکێشەکەوە، ڕێک لەژێرەوە واتە، نهۆمی ١ کە هەر دیوار بوو، هیچ پەنجەرەیەک نەبوو، کۆمەڵێک خەڵکی چەکبەدەستم بینی، یەکسەر هاوارم کرد، وتم: ئێمە زیندانییەکانین، چاوەڕێی دەرگاشکاندنین. یەکێکیان سەری هەڵبڕی و بە خۆشحاڵییەوە وتی: ئێوە ماون؟! هەر ئێستا دێین و دەرگاکان دەکەینەوە. بەڵام نازانین دەرگاکان لە کوێدان. من وتم: گەر پێچ بکەنەوە، تەنها دەرگایەکی بچووکە لە دواوە. دوای نیوسەعات هیچ دەنگ نەبوو! بۆیە من خۆم پێ نەگیرا و سەرکەوتمەوە و هاوارم لێ کردن. لە وەڵامدا ئەوان وتیان: ئێمە کۆنترۆڵی هەموو دەوروبەرەکەمان کردووە و هیچ خەمتان نەبێت! پاش ماوەیەکی کەم دەوروبەری کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ گوێمان لە دەنگی خەڵک بوو، بەرەو لای ئێمە واتە، نهۆمی ٢ دەهاتن. بەڵام بەهۆی تاریکیی ناو ڕاڕەوەکانەوە، هیچمان نە دەدی و تەنها گوێمان لە دەنگ بوو. ئێمە هەر هەموو لە سووچەکاندا خۆمان مەڵاس دابوو. دەنگێکی گەورە هاتە گویمان و وتی: لە نزیک دەرگاکەوە لاچن! قفڵەکان دەشکێنین. ئەوە بوو، بە دەسترێژی گوللە دەرگای زیندانەکەیان شکاند.
ئێمە پێشتر قسەمان لەسەر ئەوە کردبوو، ئەگەر بۆمان بکرێ، بەڵکوو دەست بەسەر فایلەکانی خۆمان و فایلدارەکاندا بگرین. بەڵام کار لەوەدا نەبوو، لەژێر ڕێژنەی گوللە و ئاگردا هیچمان بۆ نەکرا.
من کە زۆر لە خەیاڵی د. کامەراندا بووم، یەکسەر بەرەو نهۆمی ١ و بەرەو پلیکانەکان ڕام کرد. کە گەیشتمە سەر پلیکانەکان یەکەم کەس چاوم بە کامەرانی برام و خزمێکی نزیکی خۆمان کەوت. ئەو خزمەشمان ناوی حەمیدی کاک حەمەڕەشید بوو، کە زۆر جەسوورانە لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی ئازا و نەترسدا دەرگای زیندانیان شکاندبوو.

پێم خۆشە لێرەدا باسی ئەوە بکەم، لە کاتی هاتنە دەرەوەم لە زیندان، دوو کەسم بینی، ئەویش دایکم و کاک کەریمی هاوسەری پوورم بوون، کە لە دەرەوەی زیندانەکە چاوەڕێ بوون.
زۆر شتی دیکە بۆ مێژوو هەن، کە دەبێت بنووسرێنەوە. من هەوڵ دەدەم، بە پێی توانا یاداشتیان بکەم.

شوباتی ٢٠١٢

**تایپ و ئامادەکردنی: هیدایەت مەلا عەلی**

# "یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست"
## (گفتوگۆ لەگەڵ تاهیر ساڵح شەریف)

**"یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست" یەکێکە لەو گرووپە چەپ و کۆمۆنیستییانەی کوردستانی عێراق، کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هاتەکایەوە. ئەگەر لەو دەمەدا زۆربەی هەرەزۆری سازمان و گرووپە کۆمۆنیستییەکانی کوردستانی عێراق کەوتبێتنە ژێر کاریگەریی کۆمۆنیزمی کرێکاری و تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەتەوە، ئەوا ئەم گرووهە بەپێچەوانەی ئەوانەوە، نەک هەر ئەو ئاراستەیەی نەگرت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دژایەتی گشت ئەو سازمان و گرووهانەی کرد، کە بەو ئاراستەیەدا ڕۆییشتن. ئەمەش دیارترین خەسڵەت و ناسێنەرەوەی ئەم گرووهە بوو. بۆ زانیاری زیاتر و ڕۆشنایی خستنە سەر گەلێک لایەنی ئەو ڕەوتە، دیمانەیەک لەگەڵ "تاهیر ساڵح شەریف" یەکێک لە بنیاتنەران و هەڵسووڕاوانی ئەو گرووپە ساز ئەکەین.**

**پرسیار:** بەڕێز تاهیر ساڵح شەریف! پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ئەم ڕەوتە، پێمان باشە، سەرەتا باسی چۆنیەتی ئاشنابوونی خۆتمان بە کۆمۆنیزم بۆ بکەیت. ئایا تۆش وەک زۆرێک لە هەڵسووڕاوانی ئەو بزووتنەوەیە، سەرەتای کارت لەنێو "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" بووە؟ هەروەها وەک زۆربەی ئەوانە، کەوتوویتە ژێر کاریگەیی بیر و بۆچوونەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەوە؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** نەک تەنها ئاشنابوونی من بە کۆمۆنیزم، بەڵکوو ئاشنابوونیشم بە دنیای سیاسەت لە ڕێگای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە بووە. ئەو کاتەی، کە بڕیارم دا، لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەدا دەست بەکار بکەم، تەمەنم ١٥ ساڵان بوو. دژایەتیکردنی پرۆژە سیاسی و فکرییە فاشییەکانی ڕژێمی بەعس لەدژی خەڵکی کوردستان، هەموو مرۆڤێکی دانیشتووی ئەو کۆمەڵگەیەی دەکردە مرۆڤێکی سیاسی.

ئەو سەردەمەی، کە پەیوەندیم بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کرد، سێ ڕێگا بۆ دژایەتیکردن و ڕەتکردنەوەی پرۆژە دیکتاتۆری و فاشییەکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا هەبوون: یەکەم، ئەوە بوو، کە لە کاتی تووڕەبوونی گشتیی جەماوەردا

و لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان دژی بوونی هێزە سەرکوتگەرەکانی بەعس لە کوردستاندا، دەست بکەیت بە بەردبارانکردنی دامودەزگاکانی ڕژێم و پاش لە دامرکاندنەوەی کەفوکوڵی جەماوەر، تۆیش وەک هەر کەسێکی ئاسایی بچیتەوە ماڵی خۆت و درێژە بە ژیانی ڕۆتینیی خۆت بدەیت. دووەم، ئەوە بوو، کە چەک لەشان بکەیت و لە شاخدا ببیت بە پێشمەرگە. سەرئەنجام ڕێگای سێیەم هەبوو، کە لە ڕێکخستنی نهێنیی ئەو حیزب و ڕێکخراوەیەدا، کە پەسەندت کردبوو، کاری سیاسیی خۆت لە دژی ڕژێمی بەعس درێژە پێ بدەیت.

من ڕێگای یەکەم و سێیەمم هەڵبژارد. لە ساڵی ١٩٨٢دا پەیوەندیم بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد و لەگەڵ هەڵۆ مەحموود (هەڵۆ پێنجوێنی) و کەسێکی دیکەدا بە ناوی عیزەت محەمەد، شانەیەکمان درووست کرد و هەڵۆ بووە بەرپرسی شانەکە.

گەنجەکانی ئەو کاتەی کوردستان ڕوویان لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران کردبوو. کۆمەڵەی ڕەنجدەران بەهۆی هێزە چەکدارەکەی شاخییەوە، بەهێزترین ڕێکخراوەی سیاسی و جەماوەری بوو. ئەو هۆکارەی کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کردبووە هێزێکی سیاسیی جەماوەری، درووشمە درۆیینەکانی لەبارەی مارکسیزم و بەرگریکردن لە ڕەنجدەرانی کوردستان بوو. کۆمەڵە خۆی وەک هێزێکی دژی بەعس و دژی دەرەبەگ و چەوسێنەرەکانی کوردستان ناساندبوو، ئەویش لەژێر ئاڵای مارکسیزم_ لینینزمدا. ئەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو، بۆ ئەوەی گەنجەکانی ئەو کاتە، ڕوو لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران بکەن. منیش یەکێک بووم لەو کەسانە، کە دژی چەوسانەوە و دژی دەرەبەگەکان بووم و بەو هۆیەشەوە خۆمم لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا دەبینییەوە.

لە شانەکەی من و کاک هەڵۆ و کاک عیزەتدا خەبەرێک لە کاری خۆهۆشیاری نەبوو. کارەکانمان بریتی بوون لە خوێندنەوەی نووسراوە ئاستنزمەکانی کۆمەڵە و نووسینی ڕاپۆرتی مانگانە و دانی ئابوونە. لەو شێوەکارە بێزار بووبووم و بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی کتێبە ئەدەبی و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو کات بووم. لەگەڵ بەردەوامبوونم لە خوێندنەوەدا، هاوڕێیەکی ئەو کاتەم، نووسراوێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانی بۆ هێنام، کە بە دەست نووسرابووەوە. نووسینەکە لەژێر ناوی "کۆمەڵە و مەسەلەی نەتەوایەتی"دا بوو. پاشان هەمان کەس نووسینێکی دیکەی کۆمەڵەی لەژێر ناونیشانی "لە کۆنگرەی

یەکەمەوە بۆ کۆنگرەی دووەم و ڕەخنە لە شێوەکاری پۆپۆلیستی کۆمەڵە" پێدام. هەر دوو نووسینەکە کاریگەرییەکی سیاسی و فکریبیان لەسەرم هەبوو. چەند جار هەر دوو نووسینەکەم خوێندەوە و هەستم کرد، نووسینەکان لە ئاستێکی فکریی بەرزدا نووسراون و شایانی بەراوردکردن لەگەڵ باسە بێ مستەواکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا نین. ئەو دوو نووسینە بووە هۆی ئەوە، کە نەک هەر واز لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران بهێنم، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی، کە نووسینەکانی شاسوار جەلال (کاک ئارام) دووبارە بە چاوی ڕەخنەگرانەوە بخوێنمەوە. کاک ئارام لە چەند نووسینێکیدا، کە ئەو کاتە بەدەستم گەیبشتبوو، جەختی لەسەر شۆڕشی دیمۆکراتیی گەلی لە عێراقدا بە ڕابەرایەتیی کرێکاران و بۆرژوازیی نیشتمانی دەکردەوە. لە نووسینەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا ئەو بۆچوونە ماویستییانە ڕەت کرابوونەوە. ماویزم لەو ڕۆژگارە و لە ناوچەکەدا برەوی هەبوو، بەڵام کۆمۆنیزمی ڕووسی لە داچووندا بوو. تێزی شۆڕشی ماویزم بریتی بوو لە بەرپاکردنی شۆڕشی دیمۆکراتی بە ڕابەرایەتیی کرێکاران، بۆرژوازیی نیشتمانی، وردەبۆرژوازی و جووتیاران. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش لەسەر ئەو تێزە کاری دەکرد. نووسینەکانی ئارام بە زەقی ئەو تێزەیان گەڵاڵە کردبوو، کە بە بۆچوونی ئارام، قۆناغەکە، قۆناغی شۆڕشی دیمۆکراتی و ڕزگاریی نیشتمانی لە عێراق و کوردستاندا بوو. دەبووایە ئەو شۆڕشی دیمۆکراتییە لە کوردستاندا بە ڕابەرایەتی کرێکاران، بۆرژوازیی نیشتمانی و جووتیاران لە دژی ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتی دەرەبەگەکان، کە پارتی و بارزانی نوێنەرایەتیی سیاسی دەکردن، بەرپا بکرایە. کاتێک نووسینەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانم خوێندەوە، لەگەڵ بیرکردنەوەکانی پێشتری خۆمدا تووشی ناکۆکییەکی فکری هاتم. بەدوای ئەوەدا چەند نووسینێکی مەنسوور حیکمەتم بە کوردی خوێندەوە، کە بە دەست نووسرابوونەوە. نووسینەکان لە ئاستێکی تیۆریی بەرزدا نووسرابوون و ئاستی فکریی ئەو سەردەمەی منیش لە خوارەوە بوو. هەر نووسینێکیان زیاتر لە ١٠جار دەمخوێندەوە و هەر جارە شتێکی نوێی لێ تێدەگەییشتم. بیرم لەوە کردەوە کە لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان نزیک ببمەوە، تا باشتر بتوانم، لە بیر و ڕاکانیان تێبگەم. لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ کاوەی حەمە باخەوان خۆمان گەیاندە گوندی مالوومە، کە ئەو کات بنکەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی تێدا جێگیر کرابوون. لەوێ توانیمان چەند ژمارەیەکی گۆڤاری "پێشڕەو" و "کۆمۆنیست" بەدەست بهێنین. هەڵبەت گۆڤاری

کۆمۆنیست فارسی بوو، ئێمەش فارسیمان نە دەزانی، بەڵام لەگەڵ خۆماندا بۆ سلێمانی هێنامانەوە، تا کەسانی دیکە، کە فارسییان دەزانی، کەڵکی لێ وەربگرن.
پاش ئەو سەردانە، بۆ جاری دووەم سەردانی ئەو ناوچەیەم کردەوە و لە گوندی گاپیلۆن خۆم بە هاوڕێی گیانبەختکردوو ڕەحیم تلوعیفەڕ ناساند. ڕەحیم، کاری وەرگێڕانی فارسی بۆ کوردی دەکرد و لە بەشی ڕاگەیاندنی ناوەندیی کۆمەڵەدا بوو. ئەو هاوکاری ناسری حیسامی، ڕەشادی مستەفا سوڵتانی، ئەحمەد بازگری شاعیر و کەسێکی دیکە بوو بە ناوی کاک مەحموود. ئەو ٥ کەسە، کاری وەرگێڕانیان بۆ ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆی کۆمەڵە)، گۆڤاری پێشڕەو و دواتریش گۆڤاری ئەدەبیی شەبەنگ دەکرد.
ڕەحیم مرۆڤێکی بەبڕوا، ڕۆشنبیر، دڵسۆز، ئارام و میهرەبان بوو. ئەو لەدایکبووی شاری بۆکان بوو. ئەو لە خۆشەویستی فوئادی مەجید سوڵتانیدا، کوڕەکەی خۆی ناو نابوو فوئاد و کچەکەیشی ناونابوو بەهار. کە بە داخەوە هاوڕێ ڕەحیم لە کاتی کیمابارانکردنی ئۆردووگاکانی کۆمەڵەدا لە لایەن فڕۆکەکانی بەعسەوە گیانی لەدەست دا. هەر جارە، کە سەردانی ڕەحیمم دەکرد، چەند ڕۆژێک لای دەمامەوە، تا زیاتر لە بارەی بیر و بۆچوونەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە قسەم بۆ بکات.
لەپێش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا، ڕەحیم مامۆستای یەکێک لە قوتابخانەکانی بۆکان بوو. ئەو هانی دام، خۆم فێری زمانی فارسی بکەم و بەڕاستیش بووە مامۆستای من لە فێرکردنی زمانی فارسیدا. سەرئەنجام بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە و بەهۆی بەردەوام خوێندنەوەی بیر و بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت و حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، کە ئەو سەردەمە بە ناوی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە ڕاگەیاندرابوو، نەک هەر بە کۆمۆنیزم ئاشنا بووم، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی، کە دەستم قەڵەم بگرێت و ببمە نووسەرێکی ڕەخنەگریی سیاسی. ئەو حیزبە فێری کردم، کە لە ڕەخنەگرتن لە نا یەکسانیی کۆمەڵایەتی، لە چەوسانەوە و لە سیاسەتی چەواشەکارانەی سەرمایەداران و حیزب و دەوڵەتەکانیان سڵ نەکەمەوە. بۆیە ڕابردووی ئەو حیزبە هەر چۆنێک بێت و ئێستا هەر خوێندنەوەیەکی جیاوازتری سیاسی و فکری بۆ بکەم، بەڵام لە کۆتاییدا خۆم و قەڵەمەکەم بە قەرزاری ڕابردووی ئەو حیزبە دەزانم و خۆم بەخۆشبەخت دەزانم، کە ئەو حیزبە جیهانێکی فکریی نوێی بە من ئاشنا کرد. خۆم بە خۆشبەخت دەزانم، کە ئەو حیزبە نەی

هێشت، ببمە سووتەمەنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە لەدوای گیانبەختکردنی ئارام، چەند ساختەچییەکی سیاسیی سەرکردایەتییان دەکرد.

**پرسیار:** لە نیوەی دووەمی ساڵی هەشتاکاندا، کاتێک سازمانی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا دامەزرا، تۆ پەیوەندیت پێوە کردن. بەڵام لەو دەمەدا چەندین سازمان و گرووهی دیکە لە مەیداندا بوون، ئەو هۆکارە چی بوو، وای لە تۆ کرد، پەیوەندی بەو سازمانەوە بکەیت، نەک ئەوانی تر؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ و سەرەتای ١٩٨٤ گفتوگۆی نهێنی و ئاشکرای نێوان یەکێتی و بەعس دەستی پێ کرد. ئەو گفتوگۆیە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەدەبیاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، کۆمەڵێک گەنجی زۆر وازیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران هێنا، کە خۆم یەکێک بووم لەوانە و لە سەردەمی مفاوەزاتەکەدا دەستم لە کار کێشایەوە و دیارە لەگەڵ ئاشنابوونیشم بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەکردەوە هیچ هاوکارییەکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانم نە دەکرد.

گفتوگۆی سەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران (یەکێتی) لەگەڵ بەعسدا، بە پێچەوانەی ئەو درووشمانەوە بوو، کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەبارەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە بەرزی کردبوونەوە. ئەمە ناکۆکییەک بوو لە سیاسەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا، کە گەنجە هۆشیارەکانی ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە درکیان پێ کردبوو.

بڵاوبوونەوەی نووسینەکانی مەنسوور حیکمەت و بوونی گۆڤاری پێشڕەوی ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵە و بوونی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران، ئەمەش هۆیەک بوو بۆ هۆشیارکردنەوەی گەنجەکان دەربارەی ئەوە کە "بۆرژوازیی نیشتمانی و پێشکەوتووخواز" لە سەردەمی باڵادەستیی سەرمایەی مالی و ئیمپریالیزمدا ئەفسانەیە. ئەم بۆچوونەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەک پەتایەک بەناو گەنجە مارکسیستەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو بووەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەدا، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش وەک نوێنەری سیاسیی بۆرژوازیی کورد ڕەت کرایەوە.

لەژێر سێبەری بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت و حیزبی کۆمۆنیستدا، چەپێکی نوێ سەری هەڵدا. لە نیسانی ١٩٨٤دا ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بە نووسینێکی ڕەخنەگرانە لە سەر قسەکانی جەلال تاڵەبانی لە بارەی گفتوگۆیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، بوونی خۆیان ڕاگەیاند. نووسینەکەی ڕەوتی کۆمۆنیست لەژێر ناوی

"ناسیۆنال_ ریفۆرمیستی بۆرژوازی و مەسەلەی میللی"دا بوو. بەدوای ئەو نووسراوەیەدا رەوتی کۆمۆنیست چووە قۆزاخەی متبوونەوە.

لە ساڵی ١٩٨٥دا مفاوەزاتی بەعس و یەکێتی بەتەواوی بە بنبەست گەییشت و شەڕی بەعس و یەکێتی دەستی پێ کردەوە. یەکەمین کارێک، کە بەعس دژی یەکێتی ئەنجامی دا، لێدان بوو لە رێکخستنە نهێنییەکانی شارەکان. رەشبگیری، مەنع تەجەول، ئیعدامات، و خانووڕووخاندنی ئەندامانی رێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی...

سەرانی یەکێتی خۆیان لە ئێران نزیک کردەوە، کە لەو کاتەدا لەگەڵ عێراق لە جەنگدا بوو. سەرانی یەکێتی پاسداریان بۆ تەقاندنەوەی بیرەنەوتەکانی کەرکووک هێنا و لە چەند قۆڵێکەوە دەستیان بە لێدانی سوپای بەعس کرد. پاشان ئێران بە هاوکاریی یەکێتی، ئیسلامییەکان، پارتی و حسک، مەیدانی شەڕی عێراق_ ئێرانیان بۆ کوردستان گواستەوە و ئاکامی ئەوەش کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال بوو.

لە ساڵی ١٩٨٥_ ١٩٨٨ کوردستان بەگشتی بووە دۆزەخ بۆ خەڵکەکەی. شاری سلێمانی دوو مەنع تەجەولی گشتی بەخۆیەوە بینی و لە هەر مەنع تەجەولێکدا کۆمەڵێک سەربازی فیرار و خەڵکی سەربە رێکخستنەکانی شاری یەکێتی دەبوونە سووتەمەنیی سیاسەتە دڕندانەکانی بەعس. دێهاتەکان و قەزا و ناحییەکان وێران کران و خەڵکەکەیشی بەزۆر بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان ڕاگوێزران. شەقامەکانی شاری سلێمانی دەیان بازگەی قوات خاسە و قوە تەواری تێدا دانرابوو. سەدان فەوجی خەفیفە و سەقیلە درووست بوون و جاشایەتی و سیخوڕیکردن بۆ ڕژێمی بەعس، لە دیاردەیەکی شاز و نەفرەتلێکراوەوە، بوونە کارێکی ئاسایی و رۆتین لە ناو خەڵکدا. بەگشتی خەڵک لە سیاسەت و مقاوەمەتکردن بەرامبەر بە هێرشە دڕندانەکانی بەعس بۆ سەر کوردستان بێ هیوا بوو. سیاسەتکردن و خوێنی خۆکردنە کاسە، یەکسان کرابوون بە یەکتری...

لە بار و دۆخێکی ئاوهادا، چەپەکان لە خەباتکردن دژی بەعس بێ هیوا نەبوون. بەڵام چەپە پۆست کۆمەڵەی رەنجدەرانییەکان رێکخراوی سیاسییان نەبوو. تەنها رەوتی کۆمۆنیست هەبوو، کە ئەویش نوقمی پاسیڤیزم و لا سیاسەتی هاتبوو. سەرئەنجام رەوتی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٨٦دا نووسینێکی قەبارە گەورەی بە دەستنووس لەژێر ناوی "کارگەران سۆسیال_ پۆپۆلیزم و پرۆسەی بنبەستبوون" بڵاو کردەوە. نووسراوەکەی رەوت هیچ وەڵامێکی پراکتیکی ئەو بار و دۆخە نا هەموارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی نە دەدایەوە، کە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەو

ڕۆژگاره لەگەڵیدا بەرەوڕوو بوو. ڕەوتی کۆمۆنیست لەو نووسراوەیەدا ئاماژەی بەوە کردبوو، کە ئەوان بەشێک بوون لە ڕێکخراوی یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران. کارگەران ڕێکخراوێکی ماویستی بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٥ و پاش ئاشبەتاڵەوە درووست بووبوو. نووسراوەکەی ڕەوتی کۆمۆنیست هیچ داهێنانێکی فکری و سیاسیی نوێی تێدا نە بوو. نووسەرانی "سۆسیال_ پۆپۆلیزم..." تەرجەمە و کۆپییەکی جوانی وتاری "سێ سەرچاوە و سێ بەشی سۆسیالیزمی گەلی"ی مەنسوور حیکمەتیان کردبوو، بەڵام بە ناوی خۆیان بڵاویان کردبووەوە.
بەدوای ئەم نووسراوەدا، ڕەوت چووەوە قۆناغی متبوونی خۆی و لەژێر ناوی ئەوەدا، کە قۆناغەکە، قۆناغی خەباتی تیۆری و خۆ تەسقیفکردنە، خۆیان لە هەر جۆرە چالاکییەکی سیاسیی و ڕێکخراوەیی دژی بەعس دەبوارد. وەک کاردانەوەیەک بەو بێ هەڵوێستی و بێ کردارییەی ڕەوتی کۆمۆنیست، چەند گرووپێکی بچووک خۆیان بە ناوەکانی: بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان/بەرزە، کرێکارانی کۆمۆنیست، کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار ڕاگەیاند. دامەزرێنەرانی بەرزە، دکتۆر ئەکرەمی میهرداد و کاک نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا بوون و ڕەنگە کەسی دیکەشیان لەگەڵدا بووبن، بەڵام من تەنها ئاگاداری ئەکرەم و نەجمەدین بووم. دامەزرینەرانی کرێکارانی کۆمۆنیست، نازانم کێ بوون، بەڵام نووسراوەکانیان لە ڕێگای نەبەزەوە بە دەستی هاوژین عەلی دەگەییشتن و ئەویش بەدەستی منی دەگەیاندن. کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایاریش، تاهیر حەسەن و چەند کەسێکی دیکە بوون، کە ئەو کاتە من تەنها تاهیرم لێ دەناسین و لەڕێگای ئەوەوە نووسینەکانی بە من دەگەییشت. هەموو ئەو گرووپە بچووکانەش پاش ماوەیەک تووشی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە دەهاتن و نەیان دەتوانی بە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی چەپە پەرژوبڵاوەکانی دوای ساڵی ١٩٨٤ وەڵامدەرەوە بن.
بەڕاستی بڵێم، لەو سەردەمەدا دژوارترین کار، کاری ڕێکخستنی نهێنی و ڕێکخراوەیی بوو. کۆمۆنیستەکانی ئەو قۆناغە، جگە لە سەرەگێژی فکری، سیاسی و ڕێکخراوەیی، لەگەڵ دەیان گیروگرفتی دیکەدا بەرەوڕوو بوونەوە. هەڵهاتن لە سەربازی و هاتوچۆکردن بە دەفتەر خدمە، ئیجازەی سەربازی (عدم تعرض) و ناسنامەی زانکۆ و تەسنیع عەسکەریی تەزویرەوە، ڕیسکێک بوو، کە لە کارە سیاسییەکان مەترسیدارتر بوون. ئەگەر بە یەکێک لەو تەزویراتانەوە بگیرابایتایە، زەحمەت بوو ژیانت لەدەستی جەلادەکانی بەعس ڕزگار ببێت. جگە لە کێشەی

هەڵهاتن لە سەربازی، کێشەی بێکاری و گۆشەگیری لەماڵەوە و گوشاری دایک و باوک و خێزانەکانیش بۆ ئەوەی کوڕەکانیان ناچار بکەن، مل بە سەربازی بدەن، یاخود دەست لە کاری سیاسی بکێشنەوە، کێشەی سەرباری ژیانی کۆمۆنیستەکانی ئەو قۆناغە بوون.

کێشەی چاپەمەنی و کۆنترۆڵکردن و خستنە ژێر ڕەقابەی پۆلیسی هۆیەکان و کەرەستەکانی چاپەمەنیش، گرفتێکی گەورەی کاری ڕێکخراوەیی ئەو قۆناغە بوون... لەبەرئەوە، کارکردنی ڕێکخراوەیی لەو هەلومەرجەدا، بەڕاستی سەخت و دژوار و ترسناک بوو.

بەڵام بەو حاڵەشەوە، کە لە پێشەوە باسم کرد، دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا وەک ڕێکخراوەیەکی نهێنی، بوونی خۆی ڕاگەیاند و لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا زۆرترین کۆمۆنیستەکانی ئەو قۆناغەی لە خۆی کۆ کردەوە.

دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا، یەکەمین نووسراوی خۆی لەژێر ناوی "ئەزمەی ئابووریی سەرمایەداریی عێراق و هەڵوێست و تاکتیکی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ" لەساڵی ١٩٨٧دا بڵاو کردەوە. نووسراوەکەی دەستە، دەستنووس بوو. قەبارەکەی زیاتر لە ١٠٠ لاپەڕە بوو. نووسەری "ئەزمە..." سەلاح میرزا (سەلاح بالابەرز) بوو. سەلاح دەرچووی کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی مووسڵ بوو. سەلاح، کە بە ناوی خوازراوی "حەیدەر هیدایەت"ەوە نووسینەکانی بڵاو دەکردنەوە، لە دوای لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی دەستەی پێشڕەوان، تووشی نائۆمێدی لە سیاسەت بووبوو. بەو هۆیەوە وازی لە کاری سیاسی هێنابوو، لە شاری کەرکووک خەریکی ژیانی تایبەتیی خۆی بوو. برایەکی سەلاح، کە خوێندکاری کۆلێجی پزیشکی بوو، لە ئاوارەبوونەکەی بەهاری ١٩٩١دا شوێنبزر بوو. ئەوەش کاریگەرییەکی سایکۆلۆجی خراپی لەسەر سەلاح دانابوو. ڕاستی بڵێم، من و سەلاح لەپێش ڕاپەڕیندا ڕاستەوخۆ یەکترمان نە دەناسی، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە خۆمان بەیەکتر ناساند و لەسەر ڕابردووی دەستەی پێشڕەوان قسە و باسی زۆرمان کرد. سەلاح وتی: لە دامەزراندنی دەستەدا، سامان کەریم و خەسرەو سایە و چەند کەسێکی تر بەشدار بوون. مەبەستم لە باسکردنی ڕۆڵی سەلاح لە درووستکردنی دەستەدا، تەنها بەبیرخستنەوەی ئەو ڕاستییەیە، ئەگەر مرۆڤە هۆشیارەکان ئیرادەیان هەبێت و بڕیار بدەن، کە کار بکەن، دەتوانن گۆڕانکاری لە بار و دۆخەکەدا درووست بکەن، هەر چەندە بار و دۆخەکەش دژوار بێت. دامەزرێنەرانی دەستە، لە دژوارترین

هەلومەرجی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردستاندا ئیرادەیان کرد. ئەوان بار و دۆخە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی ئەو کاتی عێراقیان خوێندەوە و شیکردنەوەی دیاریکراویان بۆ هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراو کردبوو، کە کۆمەڵگەی عێراقی پێدا تێدەپەڕی.

ئەوان لە ئەنجامگیریی شیکردنەوە ئابووری و سیاسییەکەی خۆیاندا بەو قەناعەتە گەییشتبوون، کە دەبێت بەکردەوە دەست بە گۆڕینی بار و دۆخەکە بکرێت و میکانیزمی گۆڕانەکەش درووستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسییە. ئەوان سەرەڕای کەمئەزموونییان لە بواری کاری سیاسی و ڕێکخراوەییدا، بەڵام بڕیارێکی ئازایانەی سیاسی و مێژووییان دا. ئەو بڕیارەی ئەوان، هەموو پاسیڤیزم و لاسیاسەتییەکی ئەو کاتی ڕەوتی کۆمۆنیستی ڕەت دەکردەوە و بە دەستپێکردنی کاری نووسین و ڕێکخراوەیی دەستە، ڕەوتی کۆمۆنیستیش ناچار بوو، بێتە زمان و لە دژی دەستە دەست بە نووسین بکات.

دامەزرێنەرانی دەستە، لە نووسراوەی ئەزمەکەیاندا، بەڕوونی باسی ئەوەیان کردبوو، کە ڕژێمی سەرمایەداریی بەعس لە قەیرانێکی ئابووریدایە و ئەو قەیرانە دەگۆڕێت بە قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دووبارە شۆڕش و ڕاپەڕین دژ بە ڕژێمی بەعس دەست پێ دەکاتەوە. لێکدانەوە و پێشبینییەکانیان واقیعییانە بوو. سەرئەنجام، بەهۆی هەمان ئەزمەی ئابوورییەوە، ڕژێمی بەعس ناچار بوو، کوێت داگیر بکات و داگیرکردنی کوێتیش یەکسان بوو بە خۆکوشتنی یەکێک لە هارترین ڕژێمە دیکتاتۆرە سەرمایەدارییەکانی ناوچەکە، کە سەدام لەسەر لوتکەکەیدا ڕاوەستابوو.

کاتێک نووسراوەکەی دەستەم پێ گەییشت و خوێندمەوە، هەستم بە جیاوازییەک لە بۆچوونەکانی خۆم و فکرەی گەلاڵەکراو لەو نووسینەدا نە دەکرد. لە نامەیەکی تەفسیلیدا، بیر و ڕاکانی خۆم دەربارەی نووسینی ئەزمە نووسی و بۆ ناوەندیی دامەزرێنەری دەستەم نارد و بڕیاری کارکردنم لەگەڵیان دا. نامەکەم لە ڕێگای محەمەد عەبدوڵا موساوە ڕەوانە کرد و پاشان لەگەڵ عەلی عەبدلقادر و محەمەددا شانەیەکی دەستەمان درووست کرد. لەم شانەیەدا کارم کرد، تا ئەو کاتەی کە لە ساڵی ١٩٨٩دا گۆڕانێک لە هەیکەلی ڕێکخراوەی دەستەدا کرا. دوای ئەم گۆڕانە، ناوەندێکمان بۆ کاری وەرگێڕان درووست کرد.

**پرسیار:** مەسەلەی کاری وەرگێڕانی نووسراوەی مارکسیستی بۆ زمانی کوردی لە لایەن حیزبی شیوعیی عێراقی، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پاشان لە لایەن سازمان و گرووهەکانی چەپی نوێ لە کوردستان زۆر کەم دەستی بۆ براوە، بەجۆرێک ژمارەی ئەو نووسراوانە ئەوەندە کەمن، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ماوە زۆرەدا کە کۆمۆنیزم کاری کردووە، هەر هیچ نین. ئەمەوێ لەم بارەیەوە پرسیارێک ئاراستە بکەم: دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا بۆ مەبەستی کاری وەرگێڕان ناوەندێکیان پێک هێنابوو، هەروەکوو لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەت پێی کرد، کە تۆش یەکێک بووی لە پێکهێنەرانی (دیارە بەجیا لە هەر شتێک، دامەزراندنی ناوەندێکی لەو جۆرە خۆی بۆخۆی نیشانەی بایەخدانی ئەو ڕێکخراوەیە بە کاری وەرگێڕان)، ئەو ناوەندە، ناوی چی بوو؟ ئەندامانی ئەو ناوەندە کێ بوون؟ لە ماوەی کارکردنتاندا ئەو نووسراوانەی کە وەرتانگێڕان، چی بوون؟ وە کێ بوون وەرگێڕەکانی؟ توانای وەرگێڕانتان لە چ زمانێکەوە هەبوو؟ وەرگێڕانەکانتان وەک زۆربەی چەپ هەر دەستنووس بوون، وە یان نەخێر چاپتان ئەکردن؟ ئایا هیچ یەکێک لەو بابەتانەی کە ئەو ناوەندە وەری گێڕا، لە شوێنێک شک ئەبەی؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** پاش ئەو گۆڕانەی کە لە ساڵی ١٩٨٩دا لە هەیکەلی ڕێکخراوەی دەستەدا کرا، دەبوو من بە دوو کەسی دیکە بناسێنرێم. ئەو دوو کەسە ماجیدی موهەندیس و وەستا سابیر بوون. من پێشتر ئەو دوو کەسەم نە دیتبوون. نە لە دوور و نە لە نزیکەوە نەم ناسیبوون، بەڵام وەک دواتر باسیان دەکرد، ئەوان پێشتر وەک خوێندکاری زانکۆ و لە زانکۆی مووسڵدا یەکتریان ناسی بوو. بڕیار بوو، ئەوان لە عەرەبییەوە نووسراوەکانی مارکس، ئەنگڵس و لینین بکەن بە کوردی و منیش لە فارسییەوە. هەروەها بڕیار بوو، نووسینەکانی دەستە بکەنە عەرەبی. ماجید، جگە لە زمانی عەرەبی، زمانی فارسیشی دەزانی و وەستا سابیریش لە هەوڵی فێربوونی فارسیدا بوو. ئێمە ناوەندێکمان بۆ وەرگێڕان بە ناوی "گرووپی وەرگێڕانی ناوەندیی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا" پێک هێنا. بڕیار بوو، لە درێژەی کارەکانماندا چەند گرووپی دیکەی لەو جۆرە لە کەسانی زمانزان پێک بهێنین، بەڵام بەداخەوە بەهۆی شاڵاوەکانی بەعس بۆ دەستگیرکردن و ڕاوەدوونانی ئەندامانی دەستە، ئەو ناوەندە نەیتوانی، مەبەستەکانی خۆی بەدی بهێنێت و تەنها فریای ئەوە کەوتین، وتارێکی ئەنگڵس بەناوی "سیستەمی کاری کرێگرتە"، "کرێ،

نرخ و سوود"ی مارکس بڵاو بکەینەوە. وتارەکەی ئەنگڵس من وەرم گێڕابوو، نامیلکەکەی مارکسیش ماجید و وەستا سابیر کردبوویان بە کوردی. جگە لەو دوو نووسینە، هیچ کارێکی وەرگێڕانی دیکەمان نەبوو، کە بڵاو بکرێتەوە. هەڵبەت ئەو کات من لەسەر بەشێکی کتێبی "ئەنتی دۆهرینگ "ی ئەنگڵس کارم دەکرد، کە ئەویش پێش لە بڵاوبوونەوەی، دەستنووسەکەی سوتێنرا.

وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، کێشەی چاپەمەنی گەورەترین کێشەی ئەو قۆناغە لە کارکردنی ڕێکخراوەیی بوو. دیارە بیرمان لەوە کردەوە، کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و لە کاری دەستنووس ڕزگارمان بێت. پەیداکردنی هۆیەکانی چاپەمەنی وەک "تابیعە، ڕۆنیۆ، ئیستینساخ و ئۆفسێت"، کارێکی زۆر دژوار بوون. بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی ئەو هۆکاری چاپەمەنییانە، دەبوو دوو ڕێگا بگریتە بەر، یان لە دائیرەیەکی حکومیدا یەکێک لەوانە بدزیت، یان دەبوو پارەیەکی زیادە بدەی بەو کەسانە، کە لە بواری کڕین و فرۆشتنی قاچاخی ئەوانەدا کاریان دەکرد. هەڵبەت فرۆشیارەکانیش زۆربەیان گومانی سیخوڕییان بۆ دەزگای ئەمن لێ دەکران... بە هەر حاڵ، لە هەموو حاڵەتەکاندا بەدەستهێنانیان جۆرێک لە مەترسی گرتنی تێدا بوو. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، دەزگایەکی فۆتۆکۆپیمان کڕی. دەزگای فۆتۆکۆپییەکە لە بەغدادەوە هێنرابووە سلێمانی و پێ دەچوو، بە مەبەستی بەقاچاخ ڕەوانەکردنی بۆ ئێران هاتبێتە سلێمانی. ڕۆژێک هاوژین عەلی پێی گوتم: "دەزگایەکی فۆتۆکۆپیی نوێ هەیە و کەسەکەش، کە دەیفرۆشێت، کەسێکی جێگا متمانە و بێ مەترسییە و ئەو دەزگایە لە بەغداوە هێنراوە و بەمەبەستی ڕەوانەکردن بۆ ئێران کڕدراوە. بە برادەرانی دەستە بڵێ، بزانە ئەیانەوێت یان نا؟!" منیش بە محەمەد عەبدوڵا موسام وت: دەزگایەکی فۆتۆکۆپی هەیە، بیکڕم یان نا؟ محەمەد بە سامان کەریمی ڕاگەیاندبوو. سامان لەوەڵامدا وتبووی: یەکسەر بیکڕن. ڕێک نازانم، نرخی چەندە بوو، ڕەنگە هاوژین یان محەمەد و سامان بیریان مابێت. محەمەد پارەکەی بە من دا و منیش تەسلیمی هاوژینم کرد و لە کارتۆنی تەلەفزیۆنێکدا پێچامانەوە و تەسلیمی محەمەد عەبدوڵا موسامان کرد. بەو جۆرە دەستە بوو بە خاوەنی دەزگایەکی فۆتۆکۆپی و پێدەچوو، لە شوێنێکی دیکەوە تابیعەیەکیش پەیدا کرابێت، چونکە یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەی "کرێکاری کۆمۆنیست "ی زمانحاڵی دەستە تایپ کرابوو.

بەداخەوە ئەو نووسینانە هیچیان نەماون و ئەوەی کە لە لای من ماوە "ژمارە ١ی کرێکاری کۆمۆنیست" و نووسراوەی "ئەزمەی ئابووریی سەرمایەداریی عێراق" و وەڵامێکی حەیدەر هیدایەتە بە ڕەوتی کۆمۆنیست.

**پرسیار:** لە کۆتایی سالانی هەشتاکاندا، حکوومەتی بەعس شالاوێکی فراوانی گرتن و ڕاونانی بۆ سەر کۆمۆنیستەکان دەستپێ کرد، کە سەرەنجام ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و هەڵسووڕاوانی سازمان و گرووپە چەپ و کۆمۆنیستییەکان بەرکەوتن، وە لەو نێوەشدا ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و هەڵسووڕاوانی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریای گرتەوە. لەو دەمەدا تۆ وەک ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە تووشی گرتن و ڕاوەدوونان هاتی؟ ئەگەر زانیاریت هەبێ، سەرەتای ئەو شالاوەی گرتن و ڕاوەدوونانە چۆن دەستی پێ کرد؟ وە چۆن ئەو ژمارە زۆرە بەرکەوتن، کە کاریگەرییەکەی بەجۆرێک بوو، "دەستە" بەعەمەلی هەڵبوەشێتەوە؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** شالاوی گرتنەکان لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٩٠دا بوو.

لە ساڵی ١٩٨٦ یان ١٩٨٧دا بوو، ئەو دەنگۆیە بڵاو بووەوە، کە حامید سەلمان گیراوە و سەرئەنجام لە لایەن ئەمنی سلێمانییەوە گوللەباران کراوە. من نە لە دوور و نە لە نزیک حامید سەلمانم نە دەناسی و نەم دەزانی کێیە و چ کارەیە. تەنها دوو نووسینی ئەوم لە ساڵی ١٩٨٦دا پێ گەییشت، کە بە عەرەبی و دەستنووس بوون. نووسینەکان ڕەخنە بوون لە ڕژێمی سەرمایەداری لە عێراقدا و ئەوەندەی بیرم مابێت، ئەو نووسەرە لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی پۆڵباران و سەمیر ئەمیندا بوو. بەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئیعدامکردنی حامید سەلماندا، ئیتر نووسینێکی دواتری ئەو کەسە نەبینرا. چیرۆکی حامید سەلمان تا چەندە ڕاست بوو، بەڕاستی من هیچ زانیاریەکم لەوبارەیەوە نییە و ئەو زانیارییانەش لە زمانی هاوژین عەلییەوە وەرم گرتبوو.

بەڵام ئەگەر چیرۆکی حامید سەلمان ڕووداوێکی ڕاستەقینە بووبێت، ئەوا حامید سەلمان بە هەموو جیاوازییە فکرییەکانییەوە لەگەڵ چەپی سەربە مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا، ئەو یەکەمین قوربانی بزووتنەوەی چەپی نوێ بووە، کە لە پێناوی ڕزگاری و ئازادیدا گیانی بەخت کردووە.

بەدوای گرتنی حامید سەلماندا، نەجاتی موهەندیس لە ساڵی ١٩٨٩دا دەستگیر کرا و دواتر لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست دا. نەجات لە یەکێک لە بازگەکانی سەر

ڕێگای کەرکووک_ سلێمانیدا بە چەند بڵاوکراوەیەکی کوردی و فارسیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە دەگیرێت و پاشان لەژێر ئەشکەنجەی جەللادەکانی ڕژێمی بەعسدا گیانی لەدەست دەدات. نە لە دوور و نە لە نزیک لەگەڵ نەجاتدا یەکترمان نە دەناسی و پاش گیانبەختکردنی، ئەو هەواڵە بەناو بزووتنەوەی چەپی ئەو سەردەمەدا بڵاو کرایەوە، کە نەجات قارەمانانە لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست داوە و هیچ ئیعترافێکی لەسەر کەسانی ناسراوی خۆی نە کردووە. گرتنی نەجات و مقاوەمەتی قارەمانانەی ئەو لە بەرامبەر ئەشکەنجە و ئازاردا، هیچ مەترسییەکی بۆ کەسانی دیکە لێ نە کەوتەوە و هیچ ئیعترافێکی لەسەر پەیوەندییەکانی خۆی نە کردبوو.

بەدوای گیانلەدەستدانی نەجاتدا، لە کۆتایی هاوینی١٩٩٠دا، کەسێک بە ناوی فەیسەڵ، جاسووسی ئەمنی ڕژێمی بەعس دەبێت و لەگەڵ کەسانی سەر بە ڕێکخستنەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست و دەستەی پێشڕەواندا پەیوەندی دەبێت. ئەم فەیسەڵە کێ بووە و لەگەڵ چ کەسانێکی دەستە و ڕەوتدا پەیوەندی دەبێت، من هیچ زانیارییەکم لا نییە و ئەو کەسانەی کە فەیسەڵ بەگرتی دان و پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبووە، زانیاری تەواویان لە سەر فەیسەڵ و لەسەر ڕووداني کەشفبوون و دەستگیرکردنەکانیان لەلایە و دەتوانن پرسیاریان لێ بکەن. یەکەمین کەسێک، کە لە شاڵاوی گرتن و ڕاوەدوونانەکانی ئەمنی سلێمانیدا لە دوورەوە دەمناسی، کاژاو بوو. کاژاو هاوڕێ و هاوپۆلی سیاسیی فەرەیدوون حەمە ساڵح بوو. لەگەڵ کاژاودا هیچ ناسراوێتی و پەیوەندییەکم نەبوو، تەنها هەندێک جار لەگەڵ فەرەیدووندا دەمبینی و بەهۆی فەرەیدوونەوە دەمزانی ناوی کاژاوە و تەنانەت سەلامیشمان لەیەکتری نە دەکرد. لەگەڵ فەرەیدووندا خەڵکی گەڕەکێک بووین و ماڵی فەرەیدوون سەد مەترێک لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر بوو، کە یەکترمان دەناسی و قسە و باسی گەرمی سیاسیمان هەبوو. فەرەیدوون لە گرووپێکدا کاری دەکرد ناوی بڵێسە بوو. لە ڕێگای فەرەیدوونەوە نووسراوەکانی بڵێسە بە من دەگەییشتن. دواتر بڵێسە نەما و ئەندامەکانی بەدەستەوە پەیوەست بوون. کاتێک کاژاو گیرا، سەرداره بچکۆلیش گیرا. ڕاستی لەوە دڵنیا نیم، کە سەردار پێش کاژاو گیرابوو، یان بە پێچەوانەوە. هەروەها نازانم، کە سەردار ئیعترافی لەسەر فەرەیدوون کردبوو یان کاژاو. لە نیوەشەوێکدا هێزە تایبەتییەکانی ئەمن هەڵدەکوتنە سەر ماڵی فەرەیدوون و ماڵیان دەپشکنن، بەڵام خۆشبەختانە فەرەیدوون لە ماڵەوە

نابێت و بەدوای گیرانی کاژاودا خۆی دەشارێتەوە. بەدوای هەڵکوتانە سەر ماڵی فەرەیدووندا، منیش خۆم شاردەوە و ماڵی خۆمانم بەجێهێشت. پاش چەند ڕۆژێک هەواڵی گرتنی نامیق ڕەشیدم پێ گەییشت. نامیق ئامۆزامە و لە سەرەتاوە لە ڕێگای منەوە نووسینەکانی دەستەی پێدەگەییشت، بەڵام ئەو دواتر لە ڕێگای سەردار هەورامییەوە پەیوەندی بە دەستەی پێشڕەوانەوە کرد بوو. کەشفبوونی نامیق بەهۆی ئیعترافاتی سەردارەوە بوو. سەردار و هاوسەرەکەی پێشتری (سروە)، لە لایەن ئەمنەوە دەستگیر کرابوون. ئەو کاتە من نە سەردار و نە سروەم دەناسی. بەدوای ئەوانیشدا ئەمن هەڵدەکوتنە سەر ماڵی محەمەد عەبدوڵا موسا و عەلی عەبدلقادر، کە پێشتر پێکەوە لە شانەیەکی دەستەدا کارمان کردبوو. خۆشبەختانە ئەو دووکەسەش پێشتر ئامادەکارییان کردبوو. ئەو دوو کەسە هەر وەک من لە یەکەمین شاڵاوی دەستگیرکردنەکاندا خۆیان شاردبووەوە، بەڵام ڕووناک ئەحمەدی هاوسەری عەلی لە لایەن ئەمنەوە دەستگیر دەکرێت. بەدوای ئەوانەشدا ئەمن هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی ماجیدی موهەندیس. خۆشبەختانە نە ئەو و نە هاوسەرەکەی دەستگیر ناکرێن و دواتر ماجید خۆی گەیاندە ئێران. هاوکاتیش چەند ئەندامێکی ڕەوتی کۆمۆنیست دەستگیر دەکرێن، کە لە دوور و نزیکەوە منیان دەناسی. بەدوای ئەو ڕووداوانەدا گرتنی منیش حەتمی بوو. نەم دەتوانی، چیتر لەناو شاری سلێمانیدا بمێنمەوە. لەگەڵ سدیق سالح شەریفدا بیرمان لە هەڵهاتن بۆ ئێران کردەوە. گەییشتنە ئێرانیش کارێکی ئاسان نە بوو، چونکە لە بناری گۆیژەوە تا سەر سنوورەکانی ئێران ناوچەی حەرامکراو بوون و هەر کەسێکیش لە شوێنە موحەڕەمەکاندا بگیرایە، بێ سێ و دوو، بە ناوی پێشمەرگەوە دەیانکوشت. هاوکاتیش بەهۆی جەنگی عێراق_ ئێرانەوە گرنگترین ئەو ڕێگایانە، کە ناوچەکەیان بە سنووری ئێرانەوە دەبەستەوە، لە لایەن سوپای عێراقەوە مینڕێژ، یان ڕەبیەیان تێدا درووست کرابوون. تەنها چەند قاچاخچییەکی کەم هاتوچۆی ئێرانیان دەکرد و شارەزای ڕێگاکان بوون، کە نە لەگەڵ سوپای عێراق و نە لەگەڵ ناوچە مینڕێژکراوەکاندا بەرەوڕوو دەبوونەوە. دۆزینەوەی ئەم قاچاخچییانەش زۆر دژوار بوو، چونکە ئەوانیش دەترسان ڕێگای هاتوچۆکردنیان کەشف ببێت و متمانەیان بە هەموو کەس نە دەکرد. سەرئەنجام لە ڕێگای ناسراوێکی باوکمەوە، کە یەکێک بوو لە و گرووپە قاچاخچییە، بەڵێنی ئەوەیان پێ داین، کە بە ١٠٠٠دیناری ئەو کاتە بمانگەیەننە ئێران. پاش سێ شەو و ڕۆژ ڕێگاڕۆیشتن، خۆمان گەیاندە ناو ئێران و

له ڕێگای کاک شێخ محەمەد شاکەلییەوە، کە ئەو کات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان "حسک" بوو، پشتیوانی کراین و عەدەم تەعەڕوزی قەرارگای ڕەمەزان (کە پێیان دەگوت: برگە تردد)مان وەرگرت.
مانەوەمان لە ئێراندا ماوەیەکی کورتخایەن بوو، چونکە جەنگی کەنداو و ڕاپەڕین دەستی پێ کرد و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ کوردستان. سدیق ساڵحیش وەک زۆر کەسی دیکە تووشی ڕەشبینی سیاسی هات و وازی لە کاری سیاسی هێنا و خەریکی ژیانی تایبەتی خۆی بوو. منیش لەگەڵ بزووتنەوەی شووراکاندا درێژەم بە کاری خۆم دا، تا تێکشکانی یەکجاری ئەو بزووتنەوەیە.
لە ڕاپەڕیندا، هەموو ئەو کەسانەی، کە بە تاوانی کارکردن لە ڕێکخستنەکانی دەستەی پێشڕەوان و ڕەوتی کۆمۆنیستدا خرابوونە زیندانی ئەمن، لە لایەن خەڵکی ڕاپەڕیوی سلێمانییەوە ئازاد کرابوون.
ئەوەش کە بۆچی شاڵاوی گرتنەکان تا ئاستی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی دەستەی پێشڕەوان کاریگەر بوو، بە بڕوای من چەند هۆکاری هەبوو: یەکەم، ڕابەرایەتیی دەستە لە بواری کاری ڕێکخستن و ڕێکخراوەییدا ڕابەرایەتییەکی کەمئەزموون بوو. دووەم، بوونی کەسانی ڕاڕا و بێ بڕوا لە ڕابەرایەتی دەستەدا. سێیەم، نەبوونی ئیمکاناتی ئابووری و مالی بۆ دابینکردنی شوێنی نهێنیی تایبەت بۆ چالاکی کادرەکانی و نەبوونی کادری تایبەت و پیشەیی. چوارەم، پێشتر بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوەیەکی سیاسییەوە، زۆربەی دامەزرێنەران و هەڵسووڕاوانی دەستە و تەنانەت زۆربەی کەسەکانی بزووتنەوەکە، بە ڕاستەوخۆ یان بە نا ڕاستەوخۆ یەکترییان دەناسی. ئەوەش مەترسی ئەوەی لەسەر بزووتنەوەکە دانابوو، کە بە گیرانی کەسێک و چەند کەسێک، لەسەرەوە بۆخوارەوەی ئەو ڕێکخراوەیە بە ئاسانی بۆ دامودەزگا سیخوڕییەکانی بەعس ئاشکرا دەبێت و سەرئەنجام ئەوەش ڕووی دا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئەگەر دامەزرێنەرانی دەستە بێ بڕوا و بێ پرەنسیپ نە بوونایە، دەیان توانی، لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕیندا، بە هەمان ناوەوە خۆیان ڕێک بخەنەوە و درێژە بە ژیانی ڕێکخراوێک بدەن، کە لە سەخترین و تاریکترین ڕۆژە سیاسییەکاندا درووستیان کردبوو، وەک ئەوەی کە ڕەوتی کۆمۆنیست کردی و هەر بەناوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە درێژەی بە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی دا. هەرچەندە دواتر ئەوانیش بە

دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خۆیان لە باری سیاسییەوە کوشت و ڕەوتیشیان لەگۆڕ نا.

**پرسیار:** لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان گرووپێک بەنێوی "یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست"ەوە هاتە مەیدانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی کوردستانەوە، کە تۆ یەکێک بووی لە بنیاتنەرانی. ئەو گرووپە لە چ ساڵێک دامەزرا؟ بنیاتنەرانی کێ بوون؟ بیرۆکەی پێکهاتنی چۆن لەلاتان گەڵاڵە بوو؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** پێش لەوەی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست درووست بێت، بۆ ماوەی ساڵێک لەژێر ناوی "بزووتنەوەی لایەنگری شووراکان"دا درێژەمان بە چالاکیی سیاسیی خۆمان دابوو.

بزووتنەوەی لایەنگری شووراکان، ئایدیا و بیرۆکەی هاوژین عەلی (شوانە) بوو. جگە لەو، من، بەهادین ئەحمەد، ئەکرەم عەبدوڵا و وەستا ئەنوەر ئەو گرووپەمان پێک هێنابوو. ئەو گرووپە لە ئەنجامی پاشەکشەی چەپی سەربە مەنسوور حیکمەت لە شووراکان و خۆ دوورەپەرێزڕاگرتنی ئەو چەپە لە ململانێی سیاسی لەگەڵ یەکێتی و بەرەی کوردستانیدا درووست بوو. کاتێک لە بەهاری ١٩٩١دا خەڵکی کوردستان ئاوارە بوو، بزووتنەوەی شووراکانیش وەک هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکە ئاوارە بوو، هەرچەندە چەکدارەکانی بزووتنەوەی شووراکان تەنها ئەو چەکدارانە بوون، کە شەڕی دەستەویەخەیان لەگەڵ تانکەکانی سوپای عێراقدا کرد، کاتێک کە پەلاماری سلێمانییان دایەوە و سەرئەنجامیش لەو شەڕە نا بەرابەرەدا، بزووتنەوەی شووراکانیش قوربانی خۆی دا.

کاتێک خەڵکی کوردستان لە ئاوارەییدا دەژیا، سەرانی بەرەی کوردستانی لە بەغدا خەریکی گفتوگۆ بوون. لەو کاتەدا هەموو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شووراکان بیرمان لەوە کردەوە، کە خۆمان دووبارە ڕێک بخەینەوە. هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شووراکان درا. لە کاتی ئەو هەوڵەدا بوو، کە ئیرەجی ئازەرینی ئەندامی حیزبە کۆمۆنیستەکەی مەنسوور حیکمەت، وتاری "ناسیۆنالیزم لە تراژیدیای کورد"ی نووسی. ئیرەج ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی بە ڕووداوێکی کۆنەپەرستانە و بزووتنەوەی شووراکانیشی بە بزووتنەوەی مجاهیدینی ئەفغان و یۆنیتا لە ئەنگۆلا شوبهاندبوو. ئەم وتارە بووە بەهانەیەک بۆ

ئەوە، کە چەپی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەربە مەنسوور حیکمەت پشت لە بزووتنەوەی شوورایی بکات و مەیدانەکە بۆ پارتی و یەکێتی چۆڵ بکات.
ئێمە هەوڵمان دا، ئەو چەپە لەوە ئاگادار بکەینەوە، کە وازهێنان لە بزووتنەوەی شووراکان و ئاشبەتاڵکردن بەو بزووتنەوەیە، کە شەڕی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا کردووە، ئەنجامێکی ترسناکی بۆ سەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵەی ئێمە لەگەڵ چەپێکدا، کە خۆی تا ئاستی کۆیلەیەکی سیاسی و فکریی مەنسوور حیکمەت بچووک کردبووەوە، ئاسنی سارد کوتان بوو.
لەبەرامبەر ئەو چەپەدا ئێمە چارمان نەما و لەژێر ناوی بزووتنەوەی لایەنگرانی شووراکاندا درێژەمان بە چالاکیی سیاسیی خۆمان دا. ئێمە کەمایەتییەکی هەر زۆر کەم بووین، بەڵام ئەوەی پێمان کرا، بە نووسین و بەیاننامە و دواتریش بە هاندانی خەڵک بۆ کردنەدەرەوەی سوپای ڕژێمی بەعس درێغیمان نە کرد. بە ناوی بزووتنەوەی لایەنگری شووراکانەوە، بەرنامەی حکوومەتی شووراکانمان لەگەڵ پێشەکییەکی نوێدا چاپ و بڵاو کردەوە.
ئەو گرووپە گرووپێک نەبوو، کە کاری حیزبی بکات، تەنها بڕوای بە کاری جەماوەری هەبوو. بڕوای وابوو، کە دەبێت لە کوردستاندا حکوومەتێکی دیمۆکراتی شوورایی دابمەزرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان لەو کارەساتە ئابووری و سیاسییانە بەدوور بخرێتەوە، کە لەسەر دەستی پارتی و یەکێتی و بەعسدا ڕووی لە کۆمەڵگەی کوردستان دەکرد.
بۆچوونەکانی ئەم گرووپە بۆ ئەو سەردەمە ڕاست و درووست بوون و ڕەنگە کاک هاوژین عەلی بەڵگەنامەکانی بزووتنەوەی شووراکانی لا مابێت و باشتر لە منیش دەتوانێت مێژووی ئەو گرووپە ڕوون بکاتەوە، چونکە وەک وتم، درووستکردنی بزووتنەوەی لایەنگرانی شووراکان پێشنیاری سیاسی و ئایدیای ئەو بوو.
بەدوای ئەوەدا کە لە بزووتنەوەی لایەنگرانی شووراکان بێ هیوا بووین، بیرمان لەوە کردەوە، کە گرووپێکی سیاسیی کۆمۆنیستی درووست بکەین. هاوژین نەیاری ئەوە بوو. ئەو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێت نەفەسمان لەگەڵ بزووتنەوەی لایەنگرانی شووراکاندا درێژ بێت و ئەو نەفەسدرێژییەش لە درێژماوەدا ئاسۆی هەستانەوە دەخاتە بەردەمی بزووتنەوەی شووراکان. پاش ساڵانێکی زۆر و تێپەڕینی سەدان ڕووداو و ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە

کوردستان و عێراقدا، مێژوو هەق بە ڕاست و درووستی بیرکردنەوەکانی ئەو ڕۆژگارەی هاوژین دەدات.
بە هەر حاڵ، دواتر من و کەمال ڕەئووف و بەهادین ئەحمەد و ڕزگار ئەڵقەیەکی کۆمۆنیستیمان بە ناوی "ئەڵقەی پێشڕەوانی کۆمۆنیست"ەوە درووست کرد. بەیاننامەی ڕاگەیاندن و پلاتفۆرمەکەیمان نووسی و چاپ و بڵاومان کردنەوە. بۆچوونە گەڵاڵەکراوەکانی ناو ئەو پلاتفۆرمە، هەندێک کاریگەری یەکەمین بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی پێوە دیار بوو، بەڵام لە زۆر لایەنیشدا سنووری خۆی لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بەڕوونی دیاری کردبوو.
دامەزرێنەرانی ئەڵقەی پێشڕەوانی کۆمۆنیست دیسان کەمایەتییەکی زۆر بچووکی بزووتنەوەی چەپی دوای بزووتنەوەی شوورایی و ڕاپەڕین بوون. بەدوای بڵاوکردنەوەی پلاتفۆرمی ئەو ئەڵقەیە و چەند بەیاننامەیەکدا، ئەڵقەیەکی دیکەی ٥ کەسیش بە ناوی "کرێکارانی کۆمۆنیست"ەوە بوونی خۆیان لە بەیاننامەیەکدا ڕاگەیاندبوو. دامەزرێنەری ئەو ئەڵقەیە فەرهاد فەرەج بوو، کە لە ئێوارەی ١٩٩٩/١٠/١٧دا بەدەستی گرووپێکی ئیسلامی تێرۆر کرا.
پاش قسە و باس و بیروڕاگۆڕینەوە، لە ٨ و ٩ی مارسی ١٩٩٢دا، دوو بەیاننامەی هاوبەشمان بڵاو کردەوە و ئەو بەیاننامانە تا ئێستاش لای من پارێزراون. لە ٥ی نیسانی ١٩٩٢یشدا، بەیاننامەی درووستبوونی گرووپی "یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست"مان نووسی و لە ڕۆژی دواتردا چاپمان کرد و بڵاومان کردەوە.

**پرسیار:** جیاوازییەکانی ئێوە لەگەڵ باقیی سازمان و گرووهە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی ئەو دەمە بە چی لێک جوودا دەکرانەوە؟ ئێوە بۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریتان ڕەت ئەکردەوە، ئایا لەژێر کاریگەری ئەو هێڵەی دیکە، یانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوون؟
**تاهیر سالح شەریف:** لەو سەردەمەدا، ٤ گرووپ و ڕێکخراوی دیکە بە ناوی ڕەوتی کۆمۆنیست، هەستەی کرێکارانی سۆشیالیست، یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و "عصبة تحرير طبقة العاملة" خەریکی کاری سیاسیی خۆیان بوون. ئەو چوار گرووپ و ڕێکخراوەیە، نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی مەنسوور حیکمەتیان دەکردن و دواتریش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان درووست کرد. جیاوازییەکانی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست لەگەڵ ئەو گرووپ و

ڕێکخراوانەی دیکەدا، کە لەپێشەوە ناویانم هێنا، لەوەدا بوو، کە یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست بەگشتتی بۆچوون و تێزەکانی مەنسوور حیکمەتی ڕەت دەکردەوە و لەبەرامبەریشدا جەختی لە گەڕانەوە بۆ تیۆری مارکس و دەقە کلاسیکییە مارکسیستییەکان دەکردەوە. لەسەر ڕاپەڕین، بزووتنەوەی شووراکان، کێشەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان، کێشەی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا، چۆنیەتیی شیکردنەوە و تەفسیرکردنی پرۆسەی تێکشکانی شۆڕشی کرێکاریی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیا و زۆر شتی دیکە، ئێمە بە پێچەوانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسوور حیکمەت و لایەنگرانی ئەو لە عێراقدا بیرمان دەکردەوە و ئەوانەش جیاوازییەکی سیاسیی ئەبستراک نە بوون، بەڵکوو جیاوازییەک بوون لە میتۆد و جیهانبینی ئێمە و ئەواندا.

لەناو یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیستدا، تەنها هاوڕێی گیانبەختکردوو فەرهاد فەرەج، بەتوندی لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی عەبدوڵای موهتەدی و کاک ئیبراهیم عەلیزادەدا بوو، کە لەدوای جیابوونەوەکەی مەنسوور حیکمەت، ئەو دوو کەسایەتییە ڕابەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان دەکرد. کاریگەریی ئەوان لەسەر فەرهاد بەجۆرێک بوو، کە چەندین جار ناکۆکیی سیاسی لە نێوان من و فەرهاددا درووست کرد و بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی فەرهاد لە یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست.

بەڵام لە ساڵی ١٩٩٦دا دووبارە فەرهاد بە یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیستەوە پەیوەست بووەوە و لە ساڵی ١٩٩٨دا بەیەکجاری وازی لە یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست هێنایەوە و گرووپێکی دیکەی درووست کرد. جیاوازی و ناکۆکیی سیاسیی من و فەرهاد لەسەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دوای مەنسوور حیکمەت بەردەوام بوو، بەڵام ئەو جیاوازی و دوورکەوتنەوە سیاسییانە کاری لە پەیوەندیی شەخسیمان نە دەکرد و هەمیشە ئاگاداری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی یەکتر بووین.

**پرسیار:** ئیرەجی ئازەرین کاتێک وتارەکەی (ناسیۆنالیزم لە تراژیدیای کورددا) بڵاو کردەوە، دەستبەجێ لە لایەن "ڕەوتی کۆمۆنیست"ەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و لە ئۆرگانەکەیان (پرۆلیتاری)دا بڵاویان کردەوە. ئەم وتارە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سازمان و گرووهە کۆمۆنیستییەکان دانا و تێڕوانینیانی سەبارەت

بە ڕووداوەکان بەتەواوی گۆڕی. لەو دەمەدا تێڕوانین و هەڵوێستگیری تۆ چۆن بوو؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** پاش ئەوەی کە لەگەڵ بەهادین ئەحمەد و هاوڕێندا نووسینەکەی ئیرەجمان خوێندەوە، موناقشەیەکی وردمان لەسەر کرد. ئەوان کۆمەڵێک سەرنج و تیبینی فکری و سیاسیی وردیان لەسەر دا. پاشان نووسینێکی عەبدوڵای موهتەدیمان بەدەست گەییشت، کە وەڵامی ئیرەجی ئازەرین و مەنسوور حیکمەتی لەسەر ڕاپەڕین و جەنگی کەنداو دابووەوە. نووسینەکەی عەبدوڵای موهتەدی، نووسینێکی ناوخۆیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، کە پێم وایە، دواتر ڕووبەدەرەوەش بڵاو کرایەوە. ئەویش کۆمەڵێک بۆچوونی وردی لەسەر نووسینەکەی ئیرەج دابوو. منیش لەژێر ناوی خوازراوی "ئەکرەم ڕەشید"دا زنجیرە وتارێکم لە ساڵی ١٩٩١_١٩٩٢ لەسەری بڵاو کردەوە و ناوی زنجیرە وتارەکەش "ناسیۆنالیزم لە تراژیدیای کورد و چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە" بوو. دواتریش، مەلا بەختیار لە بڵاوکراوەی ئاڵای شۆڕشەکەیدا، وتارێکی ڕەخنەیی لەژێر تایتڵی "ئیرەجی ئازەرین ئازاری چەپەکان دەدات" بڵاو کردەوە. ڕاستی بیرم نەماوە، کە مەلا بەختیار لە چ ڕوویەکەوە ڕەخنەی لە وتارەکەی ئیرەجی ئازەرین گرتبوو. ڕەخنەکانی من تەنها بە وتارەکەی ئیرەجەوە نەوەستابوو، بەڵکوو هەموو هەڵوێست و ڕوانگەی مەنسوور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر جەنگی کەنداو، ڕاپەڕین و بزووتنەوەی شووراکانیش دەگرتەوە. نووسینەکان دوو بەشی لای خۆم ماون.

**پرسیار:** تۆ بەتەواوی تێڕوانینەکانی مەنسوور حیکمەت ڕەت ئەکەیتەوە، بەڵام پێت وانییە، ئەگەر ئەو نەبووایە، ڕەنگە ئێستاش ئێمە هەر لەژێر کاریگەریی بیری ماوی، ئەلبانی و دەستەواژەی عێراقی نیمچەفیئۆداڵ و کوردستانی کۆلۆنی و نیمچەکۆلۆنیدا بیووینایە؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** پرسیارێکی سەیرە!. کاکی برام تۆ بیهێنە پێش چاوی خۆت کە پلیخانۆف یەکەمین کەس بوو، تیۆری مارکسیزمی بردە ڕووسیای سەردەمی قەیسەرەوە. ئەگەر پلیخانۆف نەبووایە، پێویستیی مێژوویی کۆمەڵگەی ڕووسیای ئەو سەردەمە، ئەو کارەی پلیخانۆف و گرووپی ڕزگاری کارەکەی ئەوی دەخستە ئەستۆی کەسێکی دیکە.

پلیخانۆف، کە بە باوکی مارکسیزمی ڕووسی دەناسرێت، بووە هۆی ئەوە، کە نەوەیەکی مارکسیستی نوێ لەبەرامبەر بزووتنەوەی نارۆدنیکەکان (پۆپۆلیستەکان_ گەلییەکان)دا دروست بێت، کە بەهێزترین بزووتنەوەی سیاسیی ئەو سەردەمەی ڕووسیا بوون و پێیان وابوو، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە بچێتە قۆناغی سەرمایەدارییەوە، دەتوانرێت کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لە ڕووسیادا دابمەزرێت. ئەوان بڕوایان وابوو، کە لە ڕێگای تیرۆرکردنی سەرانی حکوومەتی قەیسەرەوە دەتوانن گەلی ڕووسیا ڕزگار بکەن و سۆسیالیزم لە ڕووسیادا دابمەزرێنن. پلیخانۆف بەپشتبەستن بە تیۆرییەکانی مارکس، شەڕێکی فکری و سیاسیی گەورەی دژی پۆپۆلیستەکان کرد. ئایا ئەوە لۆژیکییە کە بڵێین، ئەگەر پلیخانۆف نەبووایە لینینیش وەک براکەی دەبووە شۆڕشگێڕێکی نارۆدنیک و لەڕێگای تەقەکردن لە قەیسەرەوە هەوڵی دامەزراندنی سۆسیالیزمی دەدا؟ ئایا ئەوە لۆژیکییە بڵێین، نەدەبووایە لینین ڕەخنە لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی پلیخانۆف بگرێت، چونکە مارکسیزم لە زمانی پلیخانۆفەوە فێر بووبوو؟!

بەڕاشکاوانە دەڵێم، مەنسوور حیکمەت لە هەژاریی تیۆری و لە نەخوێندەواریی چەپی کوردستاندا بووبووە مەنسوور حیکمەت. بە دەیان نووسەری مارکسیستی بیانی، زۆر پێش لە مەنسوور حیکمەت ئەو باسانەی ئەویان وروووژاندووە، بەڵام بەهۆی بێ ئاگایی لەو باسانە و بەهۆی تەمەڵی چەپ و نەگەڕانەوەی ئەو چەپە بۆ سەرچاوە کلاسیکییەکانی مارکسیزم لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی نەزانینی زمانی فەڕەنسی، ئەڵمانی و ئینگلیزییەوە، ئەو چەپە، مەنسوور حیکمەتیان لێ بووبووە مارکسی سەردەم. ئەو باسانەی کە مەنسوور حیکمەت لە بارەی شۆڕشی دیمۆکراتی، بۆرژوازیی میللی و تێزی نیمچەفیئودالی و نیمچەسەرمایەدارییەوە هێنایە گۆڕێ و قسەی لەسەر کردوون، پێش لەو، داریووشی کائدپوور و گرووپی "رزمندگان در راه ازادی طبقەی کارگر" قسەیان لەسەر کردووە و تەنانەت مەنسوور حیکمەت لە نامیلکەی سێ سەرچاوە و سێ بەشی سۆسیالیزمی گەلییەکەیدا ئاماژە بە ڕۆڵی ڕەزمەندگان لە وروووژاندنی باسەکان دەربارەی پۆپۆلیزمدا دەکات. نووسینەکانی داریوش و ڕەزمەندگان لە ئەنتەرنێتدا دەستدەکەون، هەرچەندە ئەو گرووپە بەدوای ئیعدامکردنی داریوشدا لە لایەن ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە، توانەوە، بەڵام نووسینەکانیان خراونەتە ئەنتەرنێتەوە و دەتوانن پیایندا بچنەوە.

حەز دەکەم، بەڕاشکاوانە پێتان بڵێم، کە بزووتنەوەی چەپی دوای کۆمەڵەی ڕەنجدەران، لە ڕووی تیۆرییەوە لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران دواکەوتووترە و تەنانەت ٤ کەست لەو بزووتنەوە چەپەدا بەردەست ناکەوێت، کە کتێبی بەنرخی سەرمایە، ئایدیۆلۆجیی ئەڵمانی، گرۆندریسە، ڕەخنە لە ئابووریی سیاسی و ئەنتی دۆهرینگی مارکس و ئەنگلسیان خوێندبێتەوە. کارەساتی ئەو چەپە لەو نەخوێندەوارییەوە لە بواری تیۆریی مارکسدا دەستی پێ کردووە. ئەو چەپە جگە لەوەی کە چەپێکی تەمەڵ و ئاسانخوازە و بڕوای بە تیۆری مارکس نییە، لە هەمان کاتدا بزووتنەوەیەکی وردەبۆرژوازیی کۆنەپەرستە و لەڕووی کولتوری سیاسی و ئەقڵییەتیشەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا نییە، کە وەک ڕەخنەگری ئەو خۆی پێناسە دەکات.

**پرسیار:** با بێنەوە سەر کار و هەڵسووڕانی خۆتان لەنێو یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیستدا. ئایا ئێوە گۆڤارێک وە یان ئۆرگانێکتان هەبوو؟ ئەگەر بەڵێ، ناوی چی بوو؟ چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟ باسەکانی دەربارەی چی بوون؟ نووسەرانی کێ بوون؟ چۆن دەتان نووسییەوە، بە دەست یان بە چاپ؟ تیراژی چەند بوو؟ چۆن بڵاوتان دەکردەوە؟ هیچ ژمارەیەکی لێ ماوەتەوە؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** لە سەرەتای درووستبوونی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیستدا بڕیارمان دا، گۆڤارێک دەر بکەین. گۆڤارەکەمان ناو نا "شۆڕشی کرێکاری" و لە کۆبوونەوەیەکدا دەستەی نووسەرانمان دیاری کرد. من، کەمال ڕەئووف، فەرهاد فەرەج، ئەکرەمی میهرداد و حەمەسەعید عەبدولکەریمیش دەستەی نووسەرانەکەی بوون. جەبار هادی، حەمەسەعید و کەمال ڕەئووفیش کە لە بواری چاپ، تایپکردن و دیزاینی گۆڤارەکەدا شارەزا بوون، کاری تەکنیکی گۆڤارەکەیان لەگەڵ کاری نووسیندا لە ئەستۆ گرت. من بە ناوی خوازراوی "ئازاد مەحموود"، فەرهاد فەرج بە ناوی خوازراوی "بڕیار جەمال"، کەمال ڕەئووف بە ناوی خوازراوی "هیوا سابیر"، ئەکرەمی میهرداد بە ناوی خوازراوی "محەمەد کەریم" و حەمەسەعیدیش بە ناوی خوازراوی "جەمال عەلی"یەوە وتارەکانی خۆمان دەنووسی. پاش ژمارەی ٥، ئەکرەمی میهرداد دەستی کێشایەوە و فەرهادیش بەدوایدا. ئەو دەستکێشانەوەیە بە تەحریکی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، چونکە نەیانتوانی ئەو بەشەی تر لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست بکەنە دەرویشی خۆیان. حیزبی

کۆمۆنیستی کاک ئیبراهیمی عەلیزادەش بەدوای ئەوەوە بوو، لەناو چەپەکانی عێراقدا گرووپێک بۆ دژایەتیی مەنسوور حیکمەت درووست بکات و لە ناکۆکییەکانیدا لەگەڵ حیکمەتدا بەکاری بهێنێت. ئێمە ئەو نیەتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانمان ڕەت کردەوە و لەبەرامبەریشدا، کۆمەکێکی بچووک، کە بە گرووپەکەی ئێمەیان بۆ چاپکردنی گۆڤارەکە دەکرد، بڕییان.
یەکەمین خولی گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری لە ساڵی ١٩٩٣دا دەستی پێ کرد و ژمارە یەکەمی لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا بڵاو کرایەوە. سەروتاری گۆڤارەکە ئەکرەمی میهرداد نووسیبووی و منیش دوو وتارم تێیدا بڵاو کردە و فەرهادیش وتارێک، لەگەڵ چەند بەیاننامە و بڕیارنامەی گرووپەکەماندا. پاش ژمارەی ٦، لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی مالی، گۆڤارەکەمان وەستا و لە ساڵی ١٩٩٦دا، دووبارە فەرهاد لەگەڵماندا دەستی بەکار کردەوە و توانیمان گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری بە قەبارەی ٨٠ لاپەڕەی A4 چاپ بکەین و لە چاپکردنی ئەو ژمارەیەدا حیزبی کۆمۆنیست دووبارە کۆمەکی بە ئێمە کردەوە و لە ژمارەی ٨دا دووبارە گەمارۆی چاپەمەنی خستەوە سەرمان. ژمارە ٨ بە هیمەتی خۆمان، بە هەمان قەبارە و بە تیراژێکی کەم چاپ کرابوو. ئەو دوو ژمارەیە کاک ئەژی، کە برادەرمان بوو و تایپیستێکی پرۆفێشناڵ بوو، تایپی کردن.
لە خولی یەکەمدا، پرۆژەی نووسینی ئێمە بریتی بوو، لە ڕەخنەی ڕاشکاوانە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە درووشمی ستراتیژی ئەو ڕەوتە، کە لەژێر تایتڵی ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاریدا ڕایگەیاندبوو. ڕەخنە لە بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت و چەپ لەسەر پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کێشەی ڕاپەڕین و بزووتنەوەی شووراکان و کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا. هێرشی ڕەخنەیی بۆ سەر حکوومەتی هەرێم و سیاسەتە دیکتاتۆرییەکانی یەکێتی و پارتی. لە هەمان کاتدا، بەرگریکردن لە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئازادیی بیروڕادەربڕین، چاپەمەنی، پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان لەلایەک و بەرگریکردن لە داخوازییە جەماوەری و کرێکارییەکان، مافەکانی ژنان، لاوان و منداڵان لەلایەکی دیکەوە، پرۆژەی نووسینی خولی یەکەمی گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری بوو.
لە خولی دووەمدا گۆڤارەکە بۆ گۆڤارێکی تیۆری_ سیاسی گۆڕا و زیاتر باس و شیکردنەوەی تیۆری و سیاسی لەخۆ گرتبوو. لەم خولەدا ئەرکی سەرنووسەری و

بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە بەتەواوی لە ئەستۆی مندا بوو، کە بە ناوی ئازاد مەحموودەوە بەڕێوەم دەبرد و هەندێک وتاریشم بە ناوی تاهیر ساڵحەوە دەنووسی.
گۆڤاری شۆڕشی کرێکاری ٨ ژمارە و ٣ پاشکۆی لێ بڵاو کرایەوە و ئێستا ٢ پاشکۆ و ژمارەکانی ٢، ٣، ٤، ٥ لەگەڵ زۆرترین بەیاننامەکانی ئەو گرووپەم لەبەردەستدایە و هیوادارم ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێت، بتوانم لەسەر ئەنتەرنێت وەک بەشێک لە ئەرشیفی ئەو گرووپە بڵاویان بکەمەوە.

**پرسیار:** ئێوە لە چ شار و ناوچەیەکدا ئەندام و لایەنگرتان هەبوو؟ قەوارەتان چەند دەبوو؟ کار و هەڵسووڕانتان چۆن بوو؟ لەگەڵ چ سازمان و حیزبێکدا پەیوەندیتان هەبوو؟
**تاهیر ساڵح شەریف:** وەک وتم، ئێمە لەناو بزووتنەوەی چەپی دوای ڕاپەڕیندا کەمایەتییەکی زۆر کەم بووین و زۆربەش لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بوو. بەدرێژایی ٤ ساڵ تەمەنی ئەو گرووپە، هەموو ئەو کەسانەی لە مێژووی درووستبوونی ئەو گرووپەدا کاریان کرد و بەشدار بوون هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی ئەو، ژمارەیان لە بیست کەس کەمتر بوون، بەڵام بەو ژمارە کەمەشەوە کاری زۆرمان دەکرد. بەجیا لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە، کارە سیاسی و عەمەلییەکانی وەک بڵاوکردنەوەی دەیان بەیاننامەی جۆراوجۆر بەناو جەماوەردا، بەڕێخستنی مەراسیمەکانی یادی لێنین و ٨ مارس، یەکی ئایار و درووستکردنی کۆمیتەی دژی شەڕی پارتی و یەکێتی. هەروەها لە درووستکردنی یەکێتی و ڕێکخراوی بێکاراندا بەشداریمان کرد و چالاکیمان هەبوو. ئەو کارانەمان لەگەڵ گرووپ و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمەدا بە هاوبەشی ئەنجام دەدا. هەرچەندە زۆرجار لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارانەدا تووشی ناکۆکی دەبووین، بەڵام بەهەر حاڵ، کارێکی هاوبەش بوون، کە دەبووایە، قەبووڵی هەندێک دەمارگیریی ڕێکخراوەیی ئەوانمان بکردایە و تا ناسکترین ئاستی کێشەکان لەگەڵیاندا بڕۆیشتینایە. ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەش کە ئەو جۆرە کارانەمان لەگەڵ دەکردن، ڕەوتی کۆمۆنیست، هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست و یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون.

**پرسیار:** ئێوە گرووپێکتان لێ جیا بووەوە، ئەوانە کێ بوون؟ بۆ جیا بوونەوە؟ سەرەنجام ئەوان چییان کرد؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** لە ڕاستیدا و وەک لە پێشەوەش وتم، ئێمە وەک گرووپ کەسمان لێ جوودا نەبووەوە، بەڵام وەک تاکە کەس دەهاتنە ناو یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست و دواتر، یان بەهۆی کێشەی سیاسی و فکرییەوە، یان بەهۆی سەختی ژیان و گوزەرانەوە ڕێگای هەندەرانیان دەگرتەبەر و وازیان لە یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست دەهێنا. تەنها کەسێک کە لە ئێمە جوودابووەوە، فەرهاد فەرەج بوو، کە بەدوای جیابوونەوەکەیدا، لەگەڵ حەسەن محەمەد، ئارام شێخ محەمەد و کەمال قادر، ناسراو بە کەماله بچکۆل، گرووپێکیان بە ناوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست"ەوە درووست کرد و بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی "پەیڕەوی نوێ"وە دەر کرد. تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ لە کوردستان بووم، ئاگادارم ١٠ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە. بڵاوکراوەکەی ئەو گرووپە، بە بۆچوونی من، لە گشتییەتی خۆیدا، بڵاوکراوەیەکی باش بوو، کە لە ڕوانگەی چەپێکی ڕادیکاڵەوە لە دەرگای کێشە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی دەدا و هەڵوێستی لەسەر وەردەگرتن. هەر لەبەر ئەوە و لەسەر داوای فەرهاد فەرەجیش بوو، کە من بە دوو وتار هاوکاری بڵاوکراوەکەیانم کرد.

سەرنووسەری پەیڕەوی نوێ حەسەن محەمەد و خاوەن ئیمتیازەکەیشی کەمال قادر بوو. ئارام شێخ محەمەد و فەرهادیش بە ناوی خۆیان، یان بە ناوی خوازراوەوە، دەستەی نووسەرانەکەی بوون. من تەنها چەند لاپەڕەیەکی بڵاوکراوەی پەیڕەوی نوێی ئەو گرووپەم لەبەردەستدایە و هیوادارم ئەو برادەرانە هەموو ژمارەکانیان پاراستبێت، چونکە ئەوانە بەشێک لە ئەرشیف و مێژووی بزووتنەوەیەکی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان پێک دەهێنن و مێژوونووسەکانی نەوەی داهاتوو، دەتوانن وەک دۆکیومێنت بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوویەکی دیاریکراوی بزووتنەوەیەکی سیاسی کەڵکی لێ وەربگرن.

**پرسیار:** کاتێک کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پێک هات، ئێوە چیتان وت؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** پێش لەوەی ئەوان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق درووست بکەن، نامەیەکی کورتیان بە ئیمزای خەسرەو سایە، ئەحمەد موعین و نادر عەبدلحەمید بۆ ئێمە نارد. وەک دەڵێن، نامەکەی ئەوان تەنها پرسە گورگانەیەک

بوو. ئەوان لەو نامە کورتەدا، پرسیاریان کردبوو، کە بۆچوونی ئێمە لەسەر دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیست چییە؟ ئێمە وەڵامی نامەکەی ئەوانمان بە نامەیەک نەدایەوە، بەڵکوو لە گۆڤاری شۆڕشی کرێکاریی ژمارە ٤ و لە نووسراوەیەکی تاڕادەیەک درێژدا، لەژێر ناونیشانی "ڕوانگە باوەکانی بزووتنەوەکە بۆ پێکهێنانی حیزب و جیاوازییەکانمان" وەڵامی ناڕاستەوخۆی نامەکەی ئەوانمان دایەوە.

نووسینەکە من و فەرهاد فەرج نووسیمان و برادەرانی دیکەش چەند ئیزافاتێکیان بۆ کرد و بە ئیمزای ئەڵقەی ناوەندیی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست لە هەمان ژمارەدا بڵاو کرایەوە. ئێمە لەو نووسینەدا پێمان وتن، ئەو حیزبەی ئێوە لە زەروورەتێکی مێژوویی و لە ئەنجامی ناکۆکییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانەوە درووست ناکرێت، بەڵکوو لەسەر داخوازی و بەپێی ئیعازی مەنسوور حیکمەت درووست دەکرێت و حیزبێکی ئیرادەگەرییانەیە. ئێوە کە ئەمڕۆ حیزبی کۆمۆنیست درووست دەکەن، دەبێت سبەینێیش خۆتان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئامادە بکەن... حوکمی مێژوو ئەوها بوو، کە قسە و پێشبینییەکەی ئێمە لەبارەی حیزبەکەی ئەوانەوە بەڕاست دەرچوو. پاش یەک ساڵ، لە نووسراوەکەی ئێمە، بینیمان کە ئەو حیزبە چەندین ئینشیقاقی کرد و ئەوانیش بۆ هەمان دۆخی گرووپگەرایی پێش لە درووستکردنی حیزبەکەیان، بەڵام بەجۆرێکی دیکە، گەڕانەوە.

**پرسیار:** سەرەنجام هەتا کەی ئەم گرووپە کاری کرد و بۆ هەڵوەشایەوە؟ ئەی ئەو گرووپەی کە لە ئێوە جیابووەوە، ئەوان چییان کرد و تاکەی مانەوە و بۆ هەڵوەشاندنەوە (ئەگەر زانیارییەکت لەو بارەیەوە هەبێ)؟

**تاهیر ساڵح شەریف:** لەوەڵامێکی دیکەدا وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە و تەنها شتێک کە دەکرێت بۆی زیاد بکەم و وەک دوا قسەم بیڵێم، ئەمەیە، کە هەمیشە مێژوو بە پێچەوانەی خواستی ئەو کەسانەوە جووڵاوەتەوە، کە بە نییەتێکی پاک و دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی و شەخسییەوە، ئامانجیان بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە گشت بار و دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسیی کۆمەڵگەدا بووە. وەک مارکس دەڵێت: "مرۆڤەکان خۆیان دروستکەری مێژووی خۆیانن، بەڵام نەک بە ئیرادە و بەو شێوەیەی کە دڵخوازی خۆیانە، بەڵکوو بەپێی ئەو بار و دۆخ و کەرەستانەی کە لە نەوەکانی پێش خۆیانەوە بەمیرات بۆیان ماونەتەوە". ئەوەی کە

له بار و دۆخ و نەوەکانی پێش ئێمە بەمیرات بۆمان مابووەوە، لاشەی بزووتنەوەیەکی مردوو بوو، کە بە ئێمە ڕۆحی بەبەردا نە دەکرایەوە. ئێمە وەک یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیست، ئەوەی کە توانیمان و پێمان کرا، کردمان، نووسیمان و وتمان، بەڵام نە بار و دۆخی جیهانی و ناوخۆیی بۆ هەمەگیربوونی بیروبۆچوونەکانی ئێمە لەبار بوون، نە بزووتنەوەیەکی ئەقڵمردووی وەک بزووتنەوەیەکی چەپی کۆمۆنیزمی کرێکاریی پاش کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش بە ئێمە زیندوو دەکرایەوە. بۆیە مێژووش حوکمی نەمان و خستنە پەراوێزی گرووپەکەی ئێمەی دەرکرد. ئێمە قسەی خۆمانمان کرد و هەڵوێستی خۆمانمان لەسەر ڕووداوە سیاسییە گەورە و بچووکەکانی کۆمەڵگەکەمان نووسییەوە و تەنها چاودێرێکی بێ هەڵوێستیش نەبووین بەسەر ڕووداوەکانەوە، بەڵکوو لەو ڕووداوانەدا کۆمەڵێک توخمی چالاک و دەخاڵەتگەریش بووین. بەو هۆیەشەوەیە کە بە ویژدانی ئاسوودەوە و بەبێ شەرمەزاربوون، ئێستا وەکوو خۆی باسی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕابردووی گرووپی یەکێتیی کرێکارانی کۆمۆنیستتان لەگەڵدا دەکەم.

هیوادارم لەم گەڕانەوە گشتی و کورتەمدا بۆ سەر مێژووچەی ئەو گرووپە و گرووپەکانی دیکەی بزووتنەوەی چەپ، مافی کەسم پێشێل نە کردبێت. لە کۆتاییشدا سوپاسی بێ پایانم بۆ تۆ کاک سالاری بەڕێز، کە ئەو ئەرکە گرنگەت لەئەستۆ گرتووە و کار لەسەر نووسینەوەی ئەو مێژووە شاراوەیە دەکەیت. هیوای بێ لایەنی و سەرکەوتنتان لە نووسینەوەی ئەو مێژووەدا بۆ دەخوازم.

تشرینی دووەمی ٢٠١١

# "ڕێکخراوی یەکێتیی بێکاران"
## (گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد مەدحەت[1])

**"یەکێتیی بێکاران لە کوردستان" یەکێک بوو لەو ڕێکخراوە جەماوەرییانەی دەیەی نەوەتی سەدەی ڕابردوو، کە بە دەسپێشکەریی ئەفرادی کۆمۆنیستیی هاتە دامەزراندن و سەرباری هەر کەموکوڕییەک کە هەیبووبێ، خاوەن کێش و قورساییەکی بەرچاو بوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا و خاوەنی ٢٠٠٠٠ ئەندام بوو. ئەم ڕێکخراوە تەنانەت لە هاوکێشەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیشدا جێگای هەڵوێستە و لەسەروەستان بووە و لە ئاستی باڵای ئەو حیزبانەدا قسە و باس لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و چۆنیەتی پیلاندانان لە دژی بووە بە مەسەلە.**
**بۆ تاووتوێکردنی ئەم ڕێکخراوە، گفتوگۆیەکی هەمە لایەنە لەگەڵ یەکێک لە ڕابەران و هەڵسووڕاوانی ئەم ڕێکخراوە "نەوزاد مەدحەت" ساز ئەکەین.**

**پرسیار:** بەڕێز نەوزاد مەدحەت! لە چاوپێکەوتنی هاوڕێیانێکی ئاگادار لەم ڕێکخراوە، باسی ئەوە کراوە، کە ناوکی سەرەتایی یەکێتیی بێکاران لە شاری هەولێر لە یەکەمین کۆبوونەوە لە باخچەی گڵکەند لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٣٠ درووست بووە، کە نزیکەی ٥٠ کەسێک تێیدا بەشدار بووە. واتە، ئەو مێژووە بە ڕۆژی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە دەدرێتە قەڵەم. بەڵام ئەوەندەی تۆ ئاگادار بیت، پێش ئەوەی ئەم

---

[1] نەوزاد مەدحەت (گۆران عەبدوڵا) لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا ئەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پاشان ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. یەکێک بووە لەو دەیان کۆمۆنیستەی کە "حککع"یان پێک هێناوە و لە ساڵی ٢٠٠٢ دەستلەکار دەکێشێتەوە.
بڕوانامەی دیپلۆمی لە (وێب پەیج دیزاین) هێناوە و دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ماڵپەڕی دەنگەکانە. ئەندام و دامەزرێنەری ڕێکخراوی پەیوەندیی کوردی دژی جینۆسایدە. ئێستاش دانیشتووی شاری تۆرۆنتۆیە لە وڵاتی کەنەدا.

کۆمەڵە خەڵکە لە گڵکەند بۆ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە کۆ ببنەوە، بیرۆکەی ئەم کارە چۆن چەکەرەی کرد و کێ بوون ئەوانەی ئەم کۆمەڵە خەڵکەی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە ئاگادار کردەوە؟

**نەوزاد مەحمەد**: من بەدیاریکراوی نازانم پێش ١٩٩٢/٦/٣٠ چەند گرووپ و کەسایەتی لە بارەی دروستکردنی وەها ڕێکخراوەیەک قسەیەکیان هەبووبێت، یان لەو بارەوە کارێکیان ئەنجام دابێت. من بۆ خۆم لە ڕێی هاوڕێیەکەوە ئاگادار کرامەوە، کە وا بڕیارە کۆبوونەوەیەکی کراوە سەبارەت بە دیاردەی بێکاری لە باخی گڵکەندی شاری هەولێر ببەسترێت.

بەڵام دڵنیام لەوەی، دروستکردنی هەر ڕێکخراوێک، گرووپێک، حیزبێک یان هەر کارێکی تری بەکۆمەڵ، خەڵکانێک هەبوونە، ئەگەر خاوەن بیرۆکەکەش نەبووبن، بەڵام سەرەتایەک بوونە بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەیە، خەڵکیان کۆ کردۆتەوە، شوێنێکیان دیاری کردووە و... هتد.

سەبارەت بە مێژووی ٦/٣٠ و کارەکانی پێش ئەو مێژووە، وەکوو کێشەیەک لە ئامادەکردنی یەکەمین ڕاپۆرتی یەکێتیی بێکارانی هەولێر کە بۆ یەکەمین کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوەکە[1] ئامادە کرابوو. لەنووسینەوەی ئەو ڕاپۆرتەدا کاک عەبدوڵا سلێمان ئاماژەی بەوە دابوو، کەوا ئەو و چەند کەسێکی تر خاوەنی بیرۆکەی وەها ڕێکخراویک بوون. هەروەها بەرواری ١٩٩٢/٦/٢ی وەکوو دەستپێکی ئەو کارە دەستنیشان کردبوو، بەڵام لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکاران بە زۆربەی دەنگ ١٩٩٢/٦/٣٠ی بە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی بێکارانی هەولێر لە قەڵەم دا. بۆیە جەخت لە پاشناوی هەولێر دەکەمەوە، چونکە تا ئەو کاتە هیچ ڕێکخراوێکی تری بێکاران لە کوردستان درووست نەبووبوو. من بۆ خۆم بڕوام بەوە نییە، قسە و کارە لاوەکییەکانی خۆمان بکەینە بار بەسەر شانی مێژووەوە. ئەکرێت، هەموو کەسێک لەو بارەوە یادەوەری و کارەکانی خۆی بنووسێتەوە، بەڵام ئەوانە نابنە مێژووی بزووتنەوەکە، چونکە دڵنیام کاری تر و کەسانی تریش هەبوونە، قسەیەک یان کارێکیان لەو بارەوە کردبێت.

---

[1] لە ١٩٩٢/١٢/١١ یەکەمین کۆبوونەوەی یەکێتیی بێکارانی هەولێر لە قوتابخانەی ئەیوبییەی سەرەتایی بەسترا

**پرسیار:** یەکێتیی بێکاران لە کوردستان کەی و چۆن پێک هات؟
**نەوزاد مەدحەت:** پاش درووستبوونی یەکێتیی بێکارانی هەولێر، لە سلێمانیش هەوڵەکان بۆ درووستبوونی وەها ڕێکخراوێک بەردەوام بوون. ئەوە بوو، لە ١٩٩٢/١١/٦ بەیانی درووستبوونی یەکێتیی بێکارانی سلێمانی بڵاو کرایەوە. هەر دوو یەکێتییەکە پەیوەندی توندوتۆڵ و بەردەوام لە نێوانماندا هەبوو.
پاش گەیشتن بەو بڕوایەی کە دەبێت، هەر دوو یەکێتییەکە لە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری ڕێک بخرێن، لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکارانی سلێمانی، کە پێک هاتبوو لەم بەڕێزانە: حاجی ئەنوەر، ئەنوەر ساڵح، ئەکرەم چاوشین، وەستا سابیر و دیدار، سەردانی هەولێریان کرد و لەگەڵ لیژنەی باڵای یەکێتیی بێکارانی هەولێر، کە پێک هاتبوو لەم کەسانە: جەمال چاوشین، عەبدوڵا سلێمان، عەبدلڕەحمان مەولوود، گۆران عەبدوڵا، وەستا محەمەد، سالار سۆفی، سیروان عەلی، یوسف بەکر، جاسم محەمەد کۆبوونەوە. پاش سێ ڕۆژ لە گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزم و چۆنیەتی سەرتاسەریبوونەوەی ڕێکخراوەکە و کارەکانی، ئەوە بوو، لە ١٩٩٣/١/٦ بە هەڵبژاردنی ٩ ئەندام بۆ لیژنەی باڵا، یەکێتیی بێکاران لە کوردستان پێک هات و لە ١٩٩٣/١/١٠ ڕاگەیاندنەکە بڵاو کرایەوە.

**پرسیار:** ئەوەندەی من بزانم، بنیاتنانی ئەم ڕێکخراوە نەخشە و پرۆژەی هیچ سازمان و گرووهێکی چەپ و کۆمۆنیستی ئەو دەمە نەبوو، بەڵام دواتر هەر یەکە لەوانە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە نفووزی خۆی لەنێویدا پەرە پێ بدات و بە جۆرێک کاریگەریی لەسەر دابنێ، کە خۆی مەبەستێتی. ڕا و بۆچوونی تۆ لەم ڕووە چییە؟
**نەوزاد مەدحەت:** گرووپ و ڕێکخراوە چەپەکان وەکوو ڕێکخراو لە سەرەتادا، لە سەیرکەرێک زیاتر نەبوون و لەو بارەوە خاوەنی هیچ پرۆژە و پلانێکیش نەبوون، تەنانەت هەندێک لە کەسایەتییە باڵاکانی ئەو گرووپانە پێیان وابوو، ئەوەی دەکرێت، هێز و کات بە فیڕۆدانە، چونکە کەسی بێکار بەو پێیەی خاوەنی کارێک نییە و کەوتۆتە دەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، هێزێکی بێ کاریگەر و پەرشوبڵاوە لە کۆمەڵگەدا.
وەکوو تاکی سەربەخۆ لە هەموو گرووپە چەپ و کۆمۆنیستێکان بەشدارییان هەبوو. بەتایبەت ڕەوتی کۆمۆنیست، کە لەو سەردەمەدا خاوەنی تەشکیلاتی عەلەنیی خۆی بوو. ئەو کاتەی ڕێکخراوەکە گەشەی کرد و بوو بە هێزێکی دیار و

بەرچاو لە کوردستاندا، ئیتر بوو بە جێگای ساغکردنەوەی هەموو ئەو تیۆر و قسە و باسانەی کە ساڵانێک بوو، کرابوون، یان لە کتێبەکان خوێندرابوونەوە، ئەوە سەربارى گواستنەوەی مەحفەلیزم بۆ ناو ڕێکخراوەکە. بە کورتییەکەی، بوو بە حەقلی تەجروبەی بێ تەجروبەکان.

**پرسیار:** ڕایەک هەیە، پێی وایە، هاتنەکایەوەی ئەم ڕێکخراوە، بەرهەمی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کرێکارانی بێکار نەبووە. ڕەنگە ئەم بۆچوونە سەرەنجام بەوە بگات، کە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە زەمینەی بابەتیی نەبووە! ئایا تۆش هەمان بۆچوونت هەیە؟ وە یان پێت وایە، زەمینەی بابەتیی بۆ پەیدابوونی ئەو ڕێکخراوە لە ئارادا بووە و ئەوە ئەسڵە: کە کێشەیەک لە ئارادا بووە، یان نا، تەنانەت ئەگەر ئەو کێشەیە نەگەییشتبێتە ئاستی بزووتنەوەیەکی بەرچاو و هەستپێکراویش؟

**نەوزاد مەدحەت:** ئەوە ڕاستە، یەکێتیی بێکاران لە ئەنجامی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بێکارییەوە، کە خاوەنی دەیان خۆپێشاندان و نارەزایەتیی جۆراوجۆر بووبێت، نەهاتە بوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە دەڵێم، درووسترین و جوانترین بڕیارێک کە مارکسیستە نوێکانی کوردستان لە پەیوەند بە زیندووترین و بەرچاوترین کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە دابێتیان، دوو بڕیار بووە، کە بەکرداریش چوونە پشتی، یەک: کێشەی کوشتنی بەلێشاوی ژنان بوو، دوو: کێشەی بێکاری بوو. دەکرێت وەک دوو خاڵی پرشنگدار لە مێژووی مارکسییەکانی کوردستان تۆمار بکرێت.

بێکاری تا ئەوپەڕی دڵڕەقی خۆی دەستی نابووە بیناقاقای زۆربەی خەڵکی کوردستان. کۆمەڵگە هەمووی بەسەریەکدا کەوتبوو، نەک هەر کارگەکان، زۆربەی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان یان داخرابوون، یان بە چوار پێنج مانگ جارێک مووچە دەدرایە کارمەندەکانی. دەسەڵاتی کوردی نەک هەر خەریکی چارەسەرکردنی ئەو ئەزمە قووڵە نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە قووڵکردنەوەی، چ بە ئاودیوکردنی کارگە و ئامێرەکان، چ بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی گشتی بۆ پڕکردنی گیرفانی بەرپرسەکان و چەکدارکردنی حیزبەکانیان.

ئەگەر ئەم لەشکرە لە بێکاران خۆی ڕێک نەخستبوو، یان پەرچەکرداری بەکۆمەڵی نەبوو، دەبێت، ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە دەیەی هەفتا و هەشتاکان لە عێراقدا نەک

هەر سڕینەوەی شێوەکانی ڕێکخراوبوون لە دەرەوەی دەسەڵات بوو، بەڵکوو سرینەوەشی بوو لە عەقڵیەتی بەشەرەکان. بار و دۆخێک، سیاسەتی بەعس لەنێو خەڵکدا خولْقاندبووی، کە هەمیشە وەکوو تاک بیر لە چارەسەر و وەڵام بە کێشەکان دەکرایەوە. یەکێتیی بێکاران سەرباری ئەوەی هەوڵی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ژیانی بێکاران خستبووە گەڕ، لە لایەکی تریشەوە دەیویست، ئەو ئەقڵیەتی ناڕێکخراوبوونە تێک بشکێنێت و ئامرازێکی نوێی خەباتکردن بخاتە بەردەستی کۆمەڵگەی کوردستان. هیچ کەسێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست ناتوانێ، لە بەرانبەر مەرگی لەسەرخۆی کۆمەڵگەکەی بێدەنگ و دەستەوەستان بێت. ئێمەیش لەو بەرەیە بووین، کە نەمانتوانی بێدەنگ بین.

**پرسیار**: ئەگەر ئامانجی بنەڕەتیی ئەم ڕێکخراوە، بریتی بووبێت لە: "کار یان بیمەی بێکاری"، ئایا لەو بار و دۆخەدا کە حکوومەتی بەعس لە کوردستان پاشەکشەی کردبوو، کارگا و کارخانەکان لەکار کەوتبوون، کوردستان دوو جار لەژێر گەمارۆی ئابووریدا بوو، دەسەڵاتێکی دواکەوتوو، یانی، بەرەی کوردستانی ژێرخانی کوردستانی تاڵان و ئاودیو ئەکرد... چەند زەمینەی گونجاو و لەبار بۆ ئەو ئامانجە فەراهەم بوو؟ پاشان دەپرسم: ئەم ڕێکخراوە توانی کارێک بۆ کرێکارانی بێکار بکات؟

**نەوزاد مەدحەت**: کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری زۆرتر وەک درووشمێکی ستراتیژیی بێکاران نمایش دەکرا، کە ئەوە خواستی هەموو کۆمەڵگەیەکی تەندرووستە. یەکێتیی بێکاران کاری خۆی لە چوارچێوەی ئەو درووشمە قەتیس نەکردبووەوە. ئێمە بۆ بەدەستهێنانی کەمترین دەسکەوت بۆ بێکاران دەرگای زۆرێک لەو ڕێکخراوە خێرخوازییانەمان دەکوتا، کە بۆ کوردستان دەهاتن و کەم تا زۆرێک دەستکەوتمان بۆ خەڵکی بێکار هەبوو. بەڵام لە بەرانبەر ئەو هەموو خەڵکەی خۆی ناونووس کردبوو و چاوەڕوانییان هەبوو، دەتوانین بڵێین، دەستکەوتەکان هیچ نەبوون.

ئێمە بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بێکار لە ١٩٩٣/٦/١٩ بڕیاری خۆپێشاندانمان لە سلێمانی دا و لە هەولێریش بەڕێخستنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی. ئەو بانگەوازەمان تەواو دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی سەغڵەت کردبوو. هەواڵی خۆپێشاندانەکەمان بە شێوەیەک دەنگی دابووەوە، ڕۆژنامەی عێراق لە ژمارە ٥٢٦٣

له ٦/١٨ به سەردێڕێکی دیار نووسیبوی: (سبەی یەکێتیی بێکاران دژ بە پارتە بەکرێگیراوەکانی ئەمەریکا لە کوردستان خۆپیشاندان دەکات). لە سلێمانی لە ڕۆژەکانی ١٦ و ٦/١٧ دانیشتن لەگەڵ مەڵبەندی یەکێتی و بەرەی کوردستانی و پارێزگاری سلێمانی کاک جەمال عەبدول کرا. مەڵبەند رایگەیاند، کە مل بە داواکاری بێکاران نادات، سەرباری فشارێکی زۆر بۆ سەر ئەندامانی بێکاران، دەستەیەک لە هاوڕێیانی لیژنەی باڵایان پاش دەرچوونیان لای پارێزگاری سلێمانی ڕفاندبوو. پاش ئەوەی ئاگادار کرابوونەوە، کەوا خۆپیشاندانەکە ناکرێت، دوای چەند کاتژمێرێک ئازاد کرابوون.
لە هەولێریش دەزگای ئاسایش تەواوی شاری تەنی بوو و چەندین ئەندامی یەکێتییەکەمان لە کاتی بڵاوکرنەوەی بەیانامەکەدا لە لایەن ئاساییشەوە دەسگیر کرابوون. لە دانیشتنمان (من و کاک عەبدلڕەحمان وەکوو لیژنەی سەرپەرشتیکەر) لەگەڵ پارێزگاری هەولێر (کاک عەبدولموهەیمەن بارزانی) و پاش ٢ سەعات لە گفتوگۆ وتی، کە ئەگەر گەنم مایەوە، لەپاش ئەو ناوانەی کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕەوانی کردووە، ئەوە بەڵێن بێت، لە (١ _ ٧٠٠٠) بەش بە بێکاران بدەم، تەنانەت لە قسەکانیدا چەندین جار جەختی دەکردەوە، کە درۆ ناکات.
دیارە ئامادەیییەکی باش بۆ خۆپیشاندان هەبوو، بەڵام بە هۆی ئاڵۆزیی بار و دۆخەکەوە، لە دانیشتنێکدا بە ئامادەبوونی ئەم هاوڕێیانە: شاپوور عەبدلقادر، قابیل عادیل، سیروان عەلی، د. ئەمین، سەردار حەمید، عەبدوڵا سلێمان، عەبدلڕەحمان مەولوود و من، بڕیاری دواخستنی خۆپیشاندانەکەمان دا. دیارە پێش ئێمە هاوڕێیانمان لە شاری سلێمانی ئەو بڕیارەیان دابوو. ڕۆژی ٦/١٩ کۆمەڵێکی بەرچاو لەو بێکارانەی ئاگاداری دواخستنی خۆپیشاندانەکە نەبووبوون، لای بنکەی بێکاران ئامادە بوون.
لە درێژەی هەوڵدانمان بۆ چارەسەری کێشەی بێکاری و ڕێگرییەکانی حکوومەتی هەرێم لەپێش ڕێکخراوەکەمان، لیژنەیەکی سێ کەسی کە پێک هاتبوو لە: جەمال چاوشین، عەبدلڕەحمان و من دانیشتنێکمان لەگەڵ کاک کۆسرەت ڕەسووڵ سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لە ١٩٩٣/٧/٢٣ ئەنجام دا. لەو دانیشتنەدا سێ داواکاریمان خستە بەردەستی کاک کۆسرەت: ١) وەزیری ناوخۆ (کاک یوونس مەولوود ڕۆژبەیانی) مۆڵەتی هۆڵگرتن بۆ یادکردنەوەی یەکەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی بێکارانی پێ نەدەداین. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، ڕاستەوخۆ

لەبەرچاوی ئێمەدا تەلەفۆنی بۆ کاک یوونس کرد و مۆڵەتی هۆڵەکەی بۆ وەرگرتین. ٢) پەیوەست بوو بە قانوونی جەمعییاتەوە، کە پەیوەند بوو بە مۆڵەتپێدانی کاری ڕۆژنامە و ڕێکخراوەکانەوە. بۆ ئەو خاڵەش دووهەزار دیناری بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران پێ داین. ٣) کێشەی کارپەیداکردن بوو بۆ بێکاران. سەبارەت بەم خاڵە، بەڵێنی گەڕانەوەی ٢٣٣ کرێکار کە لە سەردەمی بەعس بە بیانووی جۆراوجۆر لەسەر کارەکانیان دوور خرابوونەوە، بۆ سەر کارەکانیان و دامەزراندنی ٣٠ بێکاری پێداین. بەڵام ئەم بەڵێنانە هەر لە خانەی بەڵێن مانەوە و نەچوونە خانەی کردارەوە.

هەروەها داوای ئەوەی لێ کردین، کەوا پێشنیاری خۆمان لەمەڕ کێشەی بێکارییەوە پێشکەش بکەین. ئەوە بوو، لە ١٩٩٣/٩/١ عەبدلڕەحمان مەولوود و من یاداشتنامەیەکان ئامادە کرد و لە دانیشتنێکدا بە بەشداریی هاوڕێیانی سلێمانی (کاژاو جەمال و فەرەیدوون حەمە سالح) پێشکەشی کاک کۆسرەت ڕەسووڵمان کرد. دیارە زۆری پێ باش بوو و بەڵێنی ئەوەی دا، کەوا بیخاتە بەردەستی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بەڵام ئێستایشی لەگەڵدا بێت، هەواڵێکمان لەو یاداشتە نەبیستەوە.

ئەم کارانە و چەندین پرۆژەی ترمان خستە بەردەستی نەک هەر دەسەڵاتدارانی کوردستان، بەڵکوو ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانەی کە لە کوردستان کاریان دەکرد. بەڵام ئەنجامەکەی، وەڵام نەدانەوە و خۆدزینەوە لە داخوازییەکانمان بوو.

**پرسیار**: زۆر جار ڕەخنە لە سازمان و گرووهەکان، پاشانیش لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەگیرێ، کە دەخاڵەتیان لە کاروباری ئەم ڕێکخراوەدا کردووە! بە بڕوای تۆ، سازمان و حیزبەکان مافی دەخاڵەتکردنیان نییە؟ ئەگەر نییانە، بۆچی؟ ئەگەر هەیانە، چۆن؟

**نەوزاد مەدەد**: وشەی دەخاڵەت خۆی لە خۆیدا مانای هێز دەبەخشێت، یان بە مانایەکی تر، هەست بە وجوودی هێز دەکەیت لە پشتییەوە و خۆشت لێ دەبێتە ژمارەیەکی بێ حیساب. ئەوە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانە بە مافی خۆیانی دەزانن، کەی و چۆن بیانەوێ دەخاڵەت لە ورد و درشتی کۆمەڵگە بکەن. هەرچی شتە بە عەقڵی بەشەرەکانیشەوە لە دەرەوەی دەستێوەردانی ئەوان نییە! دیارە ئەو کارەش لەژێر

ناوی جۆراوجۆردا ئەنجام دەدەن، کۆتاییەکەیشی بەرۆبۆتکردنی کۆمەڵگەیە لە خزمەت ستراتیژێکی تایبەتدا.

من بڕوام بە هیچ شێوەیەک لە دەخاڵەتکردن نییە، ئەوەش نەک هەر بۆ حیزب و گرووپەکان، تەنانەت بۆ دەوڵەتیش. لە هەر وڵاتێکدا کە پابەندی بنەماکانی دیموکراسی بێت، ڕێ بە خۆی نادات، دەخاڵەت لە کاری ڕێکخراوەکاندا بکات، تەنانەت ئەو ڕێکخراوانەی کە بودجە لە دەوڵەت وەردەگرن. دەوڵەت بۆی هەیە، تەنها داوای لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجام دراون، لەگەڵ چۆنیەتیی سەرفکردنی بودجەکە بکات، ئیدی بۆی نییە ئۆرگان درووست بکات، یان ئۆرگان هەڵوەشێنێتەوە.

من کە ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆم، بۆ هیچ لایەنێک، نە ڕەوایە و نە مافی ئەوەیشی هەیە، دەخاڵەت لە کارەکانماندا بکات. ئەگەر خۆی بە هاوخەبات و هاوبیر دەزانێت، یان هەر نزیکایەتییەکی تر، دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕەسمی و لە کەناڵە ڕەسمییەکانی خۆیەوە، کۆمەک بکات، یان پێشنیار و بۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێت. نەوەکوو بێتە ناو ڕێکخراوەکەت و لەژێر پەردەی یارییە دیموکراسییەکاندا نەیارە فکرییەکانی خۆی وەلا بنێت. ئەگەر نا، ئەوا ئەم ڕێکخراوە لەنێوان کۆمەڵێ خەڵکی تایبەت و هاوفکردا قەتیس دەبێت. لە کۆتاییشدا بە گوێرەی گەورە و بچووکبوونەوەی گرووپ و سازمانە سیاسییەکە، ئەمیش گەورە و بچووک دەبێتەوە. واتە، ئەو ئامانجەی لە بنەڕەتدا بۆی درووست بووە، لەدەستی دەدات.

**پرسیار:** زۆر جار باسی سەربەخۆبوونی ڕێکخراوێک ئەکرێت، بە باوەڕی تۆ سەربەخۆبوونی ڕێکخراوێک دەبێ چۆن بێت؟ ئایا دەکرێ بڵێین، یەکێتیی بێکاران ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بوو؟

**نەوزاد مەدحەت:** پێم وایە، وەڵامی بەشی یەکەمی ئەم پرسیارەم لە وەڵامی پرسیاری پێشووتردا داوەتەوە. بەڵام بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکە دەڵێم، یەکێتیی بێکاران ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بوو لە دەسەڵات و بە شێوەیەکی فەرمی پاشکۆی هیچ حیزبێکی سیاسی نەبوو. بەڵام بەو پێیەی، کە زۆربەی هەڵسووڕاوەکانی کەسانی مارکسی و چەپ بوون، بۆیە هەر زوو دەسەڵات و کۆمەڵگە ئێمەیان بە بەشێک لە ڕەوتی کۆمۆنیست و پاشان حککع دایە قەڵەم. دیارە دەسەڵات بە مەبەستەوە ئەو کارەی دەکرد، ئەوەش بە مەبەستی دابڕانمان لە

کۆمەڵگە بوو. ئێمە سەربەخۆبوونی خۆمان لە هەموو دەزگایەک پاراستبوو، بەڵام نەمان توانی، سەربەخۆییبوونی خۆمان لە دەخاڵەتەکانی حککع بە شێوەیەکی ئوسووڵی بپارێزین. دیارە ئەو بۆچوونەی کە لەپشت دەخاڵەتکردنی کادرەکانی حککع وەستابوو دوو خاڵ بوو:

١) ئەم حیزبە خۆی بە حیزبی کرێکاران دەزانی، هەر بۆیە حەقی مامۆستاییبوونی خۆی بەسەر هەموو تەیفەکانی تری کۆمەڵگەدا بەرەوا دەزانی.

٢) ئەو تێڕوانینەی کە پێی وابوو، ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە دەسەڵاتی بۆرژوازی نەک لە ئەحزابی کرێکاری سەربەخۆن.

لە سۆنگەی ئەو خاڵانەوە ڕەوایەتی بە خۆی دابوو، دەخاڵەت لە ورد و درشتی کارەکانماندا بکات، هەر لە درووستکردنی ئۆرگانەکانمانەوە، تا بە هەڵبژاردنەکان و گێڕانی مەراسیمەکان دەگات.

دیارە لەلایەکی تریشەوە خودی کەسە ناسراوەکانی ڕێکخراوەکەمان زمانی نووسین و وتاردانمان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ وتارە سیاسییەکانی حککع نەبوو.

ئەم بەدحاڵیبوونە لە سەربەخۆبوون و پایەکانی کاری ڕێکخراوەی جەماوەری، لەو لاشەوە بەربەست و پلانەکانی دەسەڵات لەبەرانبەرمان و وەڵام نەدانەوە بە داخوازییەکانمان، کێشەکانی ناو ڕێکخراوەکەی گەورەتر کردەوە، تا بە دوولەتکردنی یەکێتیی بێکارانی سلێمانی گەیاند.

**پرسیار:** ئەگەر بهاتبایە کرێکارێکی بێکاری کارا و دڵسۆز، کۆمۆنیست یان سەر بە یەکێک لە سازمانە کۆمۆنیستییەکانی ئەو دەمە نەبووایە، نەخشەی لە پشتەوەبۆدانراو بۆئەوەی دەنگ نەهێنێ و نەتوانێت بچێتە ڕابەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەوە، ساز ئەکرا؟

**نەوزاد مەدەحەت:** لە هەولێر هیچ کەیسێکی لەو بابەتەمان بۆ نەهاتە پێش. کەس هەبوو هیچ پەیوەندییەکی بە دونیای کۆمۆنیستییەوە نەبوو، کەچی ئەندامی لیژنەی باڵا بوو.

**پرسیار:** گۆڤار و بڵاوکراوەکانی یەکێتیی بێکاران چی بوون؟ چەند ژمارەیان لێ دەرچوو؟ نووسەرانی کێ بوون؟ باسە بنەڕەتییەکانی چی بوون؟ چۆن

دەنووسرانەوە، بەدەست یان بە چاپ؟ تیراژیان چەند بوو؟ شێوازی بڵاوکردنەوەیان چۆن بوو؟ ئایا ئەوانە شتێکی وەک ئەرشیف لێ ماوەتەوە؟

**نەوزاد مەحمەد:** یەکێتیی بێکارانی هەولێر ڕۆژنامەیەکی مانگانەی بەناوی "دەنگی بێکاران"ەوە هەبوو. یەکەمین ژمارەی لە ئابی ١٩٩٢ بڵاو کرایەوە و لە ژمارە ٧وە بوو بە زمانحاڵی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان. ١٨ ژمارەی لێ دەرچوو لەگەڵ چەند پاشکۆیەک. دەستەی نووسەرانی لە سەرەتادا ئەم کەسانە بوون: جەمال چاوشین، عەبدوڵا سلێمان، عەبدلڕەحمان مەولوود، جاسم محەمەد و من. پاش سەرتاسەرییبوونەوە، هاوڕێیانی سلێمانیش بەشداربوون. لەو هاوڕێیانەی کە لە یادمدا ماون، فەرهاد فەرەج، ئازاد، سەلام مارف و چەندان هاوڕێی تر، بەڵام زیاتر وەک نووسین. تایپکردنی هەموو ژمارەکان لەسەر شانی من بوو. وەکوو نووسین زۆربەی هەڵسووڕاوانی بێکاران لە نووسین و داڕشتنی هەواڵدا بەشدار دەبوون. دەکرێت لەو بارەوە بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێینەوە بۆ ژمارەکانی دەنگی بێکاران.

بەرەو ئایار:

بەناوی کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایارەوە دەرمان دەکرد. لە ١٩٩٣/٤/١٤دا یەکەمین ژمارەی لێ دەرچوو، پاشان چەند ژمارەیەکی تریشی بەدوادا هات. دەستەی بەڕێوەبردنەکەی لەم کەسانە پێک هاتبوو: یوسف، سەڵاح، گۆران. لە نیسانی ١٩٩٤ بە هەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو بەرەو ئایارمان دەرکرد، دەستەی بەڕێوەبردنەکەی لەم کەسانە پێک هاتبوو: عەبدلڕەحمان، سەردار، گۆران.

هەواڵنامەی خۆپێشاندان:

لە لایەن یەکێتیی بێکارانی سلێمانییەوە دەردەکرا، تایبەت بوو بە خۆپێشاندانی ٦/١٩ کە بڕیار بوو بکرێت. دڵنیا نیم، چەند ژمارەی لێ دەرچوو، بەڵام یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٣/٦/٢١ بڵاو کرایەوە. نووسەرەکانی بریتی بوون لە: سەڵاح، ئەنوەر، کاژاو، عەبدلڕەحمان و دەستەی بەڕێوەبردنی دیاری نەکرابوو.

ڕێگای کرێکاران:

زمانحاڵی یەکێتیی کرێکاران لە کوردستان (فیدراسیۆن) بوو. ئەم ڕێکخراوە (فیدراسیۆن) لە ١٩٩٤/٧/٨ لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ڕێکخراوەیەکی تری کرێکاران لەگەڵ یەکێتیی بێکاران پێک هات.
ژمارە ١_٢ی ڕێگای کرێکاران لە نۆڤەمبەری ١٩٩٤ بڵاو کرایەوە. بەو پێیەی ناوی دەستەی نووسەران نە نووسراوە، دڵنیا نیم لەوەی، دەستەی نووسەرانەکەی لە کێ پێک هاتبوو، بەڵام سەرنووسەرەکەی کاک عەبدلڕەحمان مەولوود بوو.

**پرسیار:** لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ دەسەڵات، حیزبەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان چی بوون؟
**نەوزاد مەدحەت:** لە هاوکێشە سیاسییەکاندا ئەگەر خاوەن هێزبیت، لایەنی بەرانبەر ئامادەی دانیشتن و گفتوگۆکردنی لەگەڵت هەیە. کە هێزت نەبوو، دەبێت ئاستێکی باڵا لە دیبلۆماسییەت لە خۆت پیشان بدەیت. ئەو کاتەی هێزمان ڕوو لەسەر بوو، کۆمەڵێ دەرگا بەڕووماندا کرابوونەوە، چ وەک دەسەڵات، یان حیزبە نزیکەکانی بە دەسەڵات. ئێستاش لەو بڕوایەدام، دەکرا سوودی زیاتر لەو پەیوەندییانە وەربگرین، بەڵام بەو زمان و دونیابینییەی هەمان بوو، زۆر زوو وامان کرد، دەرگاکان بەڕووماندا دابخرێن.
بەشێک لە کێشەکانمان ئەوە بووە، نە جێگاوڕێگای خۆمان لە نێوەندی سیاسی دەزانی، نە زمانی گفتوگۆ و سیاسەتکردنمان گۆڕانی بەسەردا دەهات. ئەوەندەی ببووینە کۆیلەی موفرەداتە سیاسییەکان، ئەوەندە زمانمان نەکردبووە ئامرازێک بۆ چوونە پێشەوەی کارەکانمان.
سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانمان باش بوو، بەتایبەتی کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان لە هەولێر، کە لەسەر دەستی هاوڕێیان شاپوور عەبدلقادر، قابیل عادیل تەیب[1] و شوان داودی لە ساڵی ١٩٩١ دامەزرا. ئەم هاوڕێیانە دەور و نەخشێکی زۆریان لە ناساندنی ڕێکخراوەکەمان بە خەڵکی ئاوارە و دەوڵەمەندکردنمان بە دەرس و ئەزموونەکانی خۆیان سەبارەت بە

[1] هاوڕێیان قابیل عادیل تەیب و شاپوور عەبدلقادر لە ١٩٩٩/٤/٢٨ لەناو بنکەی یەکێتیی بێکاران لە شاری هەولێر بەدەستی چەند چەکدارێکی ئیسلامی توندڕەو تیرۆر کران .

کاری ڕێکخراوەی جەماوەری هەبوو. دەتوانین بڵێین، کۆمەڵەی ئاوارەکان یەکەمین ڕێکخراوەی جەماوەریی سەربەخۆ بوو، لە کوردستان درووست بوو.

**پرسیار:** شەڕی ناوخۆ بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان خێری دایەوە، ئەی بۆ یەکێتیی بێکاران چۆن بوو؟

**نەوزاد مەدحەت:** شەڕ گەڕانەوەی کۆمەڵگەیە بۆ خاڵی سفر و دابەشکردنی کۆمەڵگەیە بەسەر بەرەکانی خێر و شەڕدا. لە شەڕدا بەشەرەکان حەوسەڵەی گوێگرتنیان نییە، تووڕە و خۆپەرست دەبن، عەدالەت و عەدالەتخوازی دەبێتە دەستەواژەیەکی سواو و بێ ناوەڕۆک. لەو سەردەمەدا دوو شت دەتوانێت جێگاوڕێگات لەنێو کۆمەڵگەدا پتەو بکات، ئەویش چەک و پارەیە. ئێمە هیچ یەک لەوانەمان نەبوو. سەروەتی ئێمە قسەکردن و ئەو ئۆتۆریتەیە بوو، کە لە ئاکامی کارەکانمانەوە لە کۆمەڵگە پەیدامان کردبوو. خێر بۆ ئێمە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی خەڵک بوو. ڕۆشنە لە شەڕدا ئەوانە نەک هەر لەدەست دەچن، بەڵکوو بە چەند فرسەخیش کۆمەڵگە لەو ئاسۆیە دوور دەکەوێتەوە.

ئێمە لە کاتی شەڕی ناوخۆدا سەرباری لەدژوەستانەوەی ئەو شەڕە بە نووسین و کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان، بە بەشداری لەگەڵ کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، پارتی کاری سەربەخۆ، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوەی تێکۆشان، دوو خۆپێشاندانی شکۆدارمان دژ بە شەڕی ناوخۆ لە شاری هەولێر بەرپا کرد. لە دووەم ڕۆژی خۆپێشاندانەکە، زیاتر لە پێنج هەزار کەس ئامادە بوون و بە شێوەکی زۆر مۆدێرنانە لای بنکەی بێکارانەوە دەستی پێ کرد و بەناو بازاڕی شێخەڵادا تێپەڕی و لای کۆتری سەلام وەستا. بڕیار بوو، هەر لەوێدا نوێنەری لایەنەکان قسە بۆ خۆپێشاندەران بکەن. پاش خوێندنەوەی ناوی لایەنەکانی بەشداربوو لە لایەن لیژنەی بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکەوە، لەپڕ خۆپێشاندەران درانە بەر دەستڕێژی گوللەی بیکەیسی و هەر لەوێدا دوو هاوڵاتی بە ناوەکانی، خالید خەلیل حەمەد ئەمین و حەمید حوسێن گیانیان لەدەست دا و ڕەفعەت ساڵح، خزر سۆفی مامەند، جەوهەر ئەنوەر عەبدلجەبار، عومەر قاسم قادر، مەعروف سوارە مەولوود و جەوهەر جەعفەر حوسێن بەتوندی بریندار بوون. بۆ مێژووش ئەوە دەڵێم، هەر لەو کاتەدا، کە

خۆپێشاندەران خەڵتانی خوێن کرابوون، ڕادیۆی حیزبی شیوعی لە هەولێر و لەسەر زمانی کاک کەریم ئەحمەدەوە خۆپێشاندەرانیان بە ئاژاوەگێڕ لەقەڵەم دا.

**پرسیار:** لەناوچەی بادینان نەتان توانی کارێکی ئەوتۆ بکەن! هۆکارەکەی چی بوو؟
**نەوزاد مەدحەت:** بادینان بۆتە حەسارەکەی شێرزاد حەسەن[1] و پارتیش دەوری باوکەکە دەگێڕێت. وەک چۆن لە شوێنێکی ئەو ڕۆمانەدا باوک دەڵێت: (گوێ بگرن... بۆ دواجار... لێرە لەم حەسارەی من، نە کوڕ ژن دێنێ و نە کچ دەتوانێ شوو بکا، ئەوەی خۆی بە کچی من دادەنێ، دەبێ لەنێو تاریکی ژوورەکەشیدا حورمەتی خۆی و من و ئەم حەسارە ڕابگرێت... ). نە ئەوانەی پێش ئێمە توانییان لە ناوچەی بادینان کارێک لە دەرەوەی بەرژەوەندییەکانی پارتی بکەن و نە ئەوانەی دوای ئێمە. پاش هەوڵ و تێکۆشانی زۆری هاوڕێ نەزیر عومەر و کۆمەڵێ هەڵسووڕاوی دیکە لە دەڤەری بادینان بۆ درووستکردنی ڕێکخراوەیەک بۆ بێکاران، توانرا لەو بارەوە بەیاننامەیەک بە ناوی "لیژنەی کاتیی یەکێتیی بێکارانی دهۆک" لە ١٩٩٣/٥/٢٢ (بەیاننامەکە بە زمانی عەرەبی بوو) دەر بکەن. ئەوە بوو پاش ماوەیەکی کورت و لە ١٩٩٣/٨/٢٥ هاوڕێ نەزیر دەرفێندرێ و لە ١٩٩٣/٨/٢٨ تەرمەکەی لەسەر ڕێی سمێل_ زاخۆ دەدۆزرێتەوە. بۆیە لەو ناوچەیە هیچ کارێکمان لەو بارەوە نەچووە پێشەوە.

**پرسیار:** ئەو دەمە یەکێتیی بێکاران لەگەڵ مام جەلال کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد. ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر داوای کێ بوو؟ کێ بوون ئەوانەی لە لایەن "ی. ب"وە بەشدارییان تێدا کرد؟ ئایا بەشدارییەکە بە ڕەزامەندیی ڕابەرایەتیی ئەم ڕێکخراوە بوو؟ باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چی بوون؟
**نەوزاد مەدحەت:** یەکێتیی بێکاران لە هەوڵی بەردەوامی خۆیدا بۆ لابردنی تەنگژەکانی پێش کاری ڕێکخراوەکە و چاککردن و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی بێکاران، هەوڵی جۆراوجۆرمان دەخستە گەڕ. ئێمە نامەمان بۆ زۆربەی کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکان ڕەوان کرد و زۆرێکیش لەو لایەنانە لە ئاستی باڵادا دانیشتنیان لەگەڵدا کردین. یەکێتیی نیشتمانی پێش ئەو دانیشتنەی مام جەلال،

[1] ڕۆمانی "حەسار و سەگەکانی باوکم"، نووسینی: شێرزاد حەسەن.

چەندین دانیشتنی ترمان لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا لەگەڵیاندا کردبوو. لە وەڵامی نامەکەماندا، مام جەلال خۆی کاتێکی بۆ دانیشتن لەگەڵمان دیاری کرد. ئەم هاوڕێیانە لە دانیشتنەکەدا بەشدار بوون: حاجی ئەنوەر، عەبدلڕەحمان مەولوود، ئەکرەم چاوشین، کاژاو جەمال و فەرەیدوون حەمە ساڵح.
قسەکانی مام جەلال بە شێوەیەکی توند و یەکلایەنە لەسەر سەربەخۆبوونی یەکێتیی بێکاران بوو. ئەو پێی وابوو، کە ئەم ڕێکخراوە سەربەخۆ نییە و سەربە کۆمۆنیزمی کرێکارییە. لە قسەیەکیدا وتبووی، ئەگەر ئێوە سەربەخۆ بن، من ئامادەم کۆمەکتان بکەم، تا ئەوەی چەکیشتان بدەمێ. لای هاوڕێیانی ئێمەوە زیاتر هەوڵ درابوو، دۆخی قسە و باسەکان بەلای بار و گوزەرانی بێکاراندا بڕوات، بەڵام مام جەلال کەمتر دەرفەتی قسەکردنی بە هاوڕێیانی ئێمە دابوو.

**پرسیار:** سەرەنجام ئەم ڕێکخراوە دوولەت بوو. هۆی دوولەتبوونەکەی چی بوو؟ ئایا کاریگەریی ئەو کۆبوونەوەیە، یان کاریگەریی عەبدوڵای موهتەدی و کۆمەڵە بوو؟ وە یان نەخێر، ئەوانە سەربار بوون و خۆی لە خۆیدا زەمینەی دوولەتبوونی ئەو ڕێکخراوە فەراهەم بوو؟
**نەوزاد مەدحەت:** لە پرسیارەکەتدا، ئەو ناو و لایەنانەی کە کاریگەریی نەگەتیڤانەیان لەسەر ڕێکخراوەکە هەبووە، ڕیز کردووە، بەڵام دەبوو، ناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییش لەو ڕیزەدا بهاتبایە. چونکە لە ڕاستیدا ئەوانیش تەرەفێکی کاریگەر بوون لەو کێشەیە و لە قووڵکردنەوەی نەک چارەسەرکردنی. ئەوان تا مەنسوور حیکمەت ڕەخنەی توندی لە هاوڕێیانی حککع نەگرت، بەهۆی تەرەفدارییان بۆ بەشێک و دژایەتی بەشەکەی تر و بەئایدیۆلۆجیککردنی کێشەکان، بە نەفەسێکی درێژەوە خەریکی قووڵکردنەوەی کێشەکان بوون.
دیارە بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەو خەتەی کە بەخەتی کۆمەڵەی دەزانن، خەتێکی زۆر لاواز بوو، پێشم وانییە، توانای ئەوەی هەبووبێت، بێکارانی سلێمانی دوولەت بکات. بەڵام دونیای سیاسەت وایە، کاتێک خۆت لە ئەزمەدا بیت، دوژمنەکەت هەر چەندە بچووکیش بێت، بۆ ڕەوابوونی شەڕەکەت تۆ گەورەی دەکەیتەوە. لەو کێشەیەشدا هەروا کرا. بەشێک لە کادرەکانی حککع بە لاساییکردنەوەی مەنسوور حیکمەت لە جیابوونەوەکەی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، چۆن لەناو حیزبدا سێ هێڵی دیاری کرد، ئەمانیش سێ هێڵیان لەناو "ی. ب. ک." دیاری کرد، وەک: ١) هێڵی

کۆمۆنیزمی کرێکاری ٢) هێڵی ناوەند ٣) ناسیۆنال چەپ. ئیتر دەبووایە، خۆت یەکلا بکەیتەوە، وەک ئەوەی کادرێکی باڵای حککع بە منی وت: تا ئێستا تۆ لەبەرانبەر کێشەی نێوان هەڵسوورپاواندا وەسەتییت، دەبێت، خۆت یەکلا بکەیتەوە، لەگەڵ کام تەرەفیت!

کاریگەریی کۆبوونەوەکەی مام جەلال لەگەڵ برادەرانی ئێمە ئەوە بوو، ڕاستەوخۆ پێی وتبوون، کە ئێوە سەربە کۆمۆنیزمی کرێکارین، ئەگەر سەربەخۆ بن، من ئامادەم یارمەتیتان بکەم. ئەو قسەیە بیانوویەکی زیاتری دایە دەستی بەشێک لە هەڵسوورپاوانی "ی. ب. ک." بۆ دژایەتیکردنی حککع و قووڵکردنەوەی کێشەکان تا ڕادەی چوونەدەرەوەی بەشێکیان لە یەکێتیی بێکارانی سلێمانی[1] و دروووستکردنی ڕێکخراوەیەکی تر بە ناوی: "ڕێکخراوی بێکاران"ەوە.

بەڵام بە ڕای من، هەموو ڕێکخراو و ئۆرگانێکی سیاسی و جەماوەری، ئەو کاتەی لە پایە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دادەبڕێت و لە کارەکانیدا پێشڕەوی ناکات و دەکەوێتە دۆخێکی بەستەڵەکییەوە، ئیتر بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەکەونە وێزەی یەکتر و تاوانبارکردنی یەکتر. کێشە و بێ تەجروبەیییەک لەمەڕ سەربەخۆبوون و نا سەربەخۆبوون و چۆنیەتی میکانیزمی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیەک بۆ بێکاران و شێوەی کارکردنی لەگەڵ دەسەڵاتدا یەخەی پێگرتبووین و وای کردبوو، لە شوێنێکی تر و جیاوازتر لەو سەنگەرەی کە بڕیار بوو، شەڕی لێوە بکەین، خەریکی شەڕ بووین لەگەڵ یەکتر. ئێمە بە هەمان سوننەتی حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانییەوە، لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیا خەریکی دابەشکردنی کۆمەڵگە بووین. ئێمە ساڵانی پێشتر چونکە لە حاڵەتی هەڵکشاندا بووین، لەگەڵ هەبوونی ڕای جیاواز و ململانێی فکرییش، جیاوازییەکان دەست و پێی نە دەگرتین و کەسیش بیری لە جیابوونەوە نە دەکردەوە.

---

[1] یەکێتیی بێکاران لە کوردستان دوولەت نەبوو، ئەوەی دوولەت بوو، یەکێتیی بێکارانی سلێمانی بوو. چونکە لەڕاستیدا ئەو کێشەیە بەو گەرموگوڕییەی سلێمانی نەگەیشتە هەولێر.

**پرسیار:** ئەو بەشەی کە جیابوونەوە "ڕێکخراوی بێکاران"یان پێک هێنا. ئایا ئەم هاوڕێیانە توانییان نموونەیەکی باشتر پێشان بدەن؟ وە سەرەنجام دەسکەوتێکی زێتر بۆ کرێکارانی بێکار بەدەست بهێنن؟

**نەوزاد مەدحەت:** من زۆر ئاگاداری وردەکارییەکانی کاری ئەو ڕێکخراوەیە نەبووم، بەڵام وەک لۆژیک لەوە دڵنیام ئەگەر کارێکی باشتر و زیاتریان لە یەکێتیی بێکاران بکردبایە، ئەوا لە ١٩٩٥/٩/١ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ئیعلانی یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتیی بێکاران لە کوردستان نە دەکرا. واتە گەڕانەوەیان جارێکیتر بۆ ناو هەمان ڕێکخراوەی پێشوو.

**پرسیار:** سەرەنجام یەکێتیی بێکاران پووکایەوە! بۆچی؟

**نەوزاد مەدحەت:** ئەو واقیعەتە سیاسی و ئابوورییەی لەسەر دەستی یەکێتی و پارتی لە کوردستان زاڵ کراوە و بۆ بەرژەوەندیی بنەماڵەیی و حیزبی خۆیان زیاتر لە دوو دەیەیە دەستیان بەسەر ورد و درشتی سەرچاوە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا گرتووە، کاردانەوەی کارەکانیان واقیعەتێکی نالەباری لەسەر زەمینەی کوردستان بەرهەم هێناوە. بوونی ئەو سیاسەتە نەخوازراوە وای کردووە، کارکردن لە دەرەوەی بازنەی ئەو دوو حیزبە ئاسان نەبێت. یەکێتیی بێکارانیش وەک دەیان ڕێکخراو و ڕۆژنامە و گرووپی تر، کە بە هیوا و ئومێدی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندرووست و یەکسان، بە شۆڕوشەوقێکی بێ وێنەوە، لەسەر ئەرک و ماندوبوونی خۆیان دەستیان دایە کار، کەچی دەسەڵات بەوپەڕی خوێنساردییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، سەرکوتیان دەکات، یان پشتگوێیان دەخات. لە دەستێکی تریشەوە دەیان ڕێکخراوەی بێ ناوەڕۆکی خۆی بە پارە و ئیمکاناتی بەتاڵانبراوی کۆمەڵگە، بۆ بەلاڕێدابردنی خەڵک قوت کردۆتەوە.

**پرسیار:** دەرس و ئەزموونەکانتان بۆ بێکارانی ئێستا چین؟ ئایا پێت وایە، لە ئێستادا پێویستیی ڕێکخراوێکی هاوشێوەی ئەو دەمە لە ئارادایە؟

**نەوزاد مەدحەت:** من بەکورتی چەند خاڵێک سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت دەستنیشان دەکەم، کە پێم وایە، خاڵگەلێکی گشتگیر و بنەڕەتین بۆ هەموو ڕێکخراوەیەکی جەماوەریی فرە بۆچوون و فکری جیاواز، ئەم چەند خاڵە لە پرۆسەی کارکردنیدا وەک بنەمایەک لەبەرچاو بگرێت:

١) خۆپاراستن و خۆدوورگرتن لە ئایدیۆلۆجیگەرایی لە کاری ڕێکخراوەکەدا.
٢) هەمیشە لە سۆنگەی بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراوەکەوە مامەڵە لەگەڵ کێشە و ڕێگرییەکانی بەردەم ڕێکخراوەکە بکرێت.
٣) بارنەکردنی ڕێکخراوەکە بە کارگەلێک، کە ئەرکی ئەو نییە.
٤) پاراستنی بنەماکانی دیمۆکراسی لە بڕیار و هەڵبژاردنەکاندا.
٥) قبوولکردنی ڕای جیاواز و گەڕان بە دوای خاڵی هاوبەشدا لە پێناو کاری باشتر و ڕاگرتنی یەکگرتوویی ڕیزی ڕێکخراوەکەدا.
٦) ڕێگەگرتن لە هەموو ڕێکخراو و لایەنێک لە دەخاڵەتکردن لە کاری ڕێکخراوەکەدا، ئەوەش لە پێناو ڕاگرتنی سەربەخۆیی تەواوی ڕێکخراوەکە و لەبەریەک نەترازانی.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەڵێم: بەو شێوازەی پێشوومان نا، بەڵام بە جیاواز لەو شێوە و میکانیزمەی لە زهنیەتی ئێمەدا بوو بۆ کاری وەها ڕێکخراوێک. ئێمە ئەو کاتەی (ی. ب. ک.)مان درووست کرد، بێ تەجروبەییەکی زۆرمان لەو مەیدانەدا هەبوو. چونکە ڕێکخراوەیەکی لەو شێوەیە بۆ بێکاران ئەزموونێکی زۆر نوێ بوو، نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکوو لە ناوچەکەشدا بە گشتی. هەروەها کوردستان لە بار و دۆخێکی زۆر نالەباردا بوو، چ لەڕووی سیاسییەوە، چ لەڕووی ئابوورییەوە.

کێشەیەک لە دونیای بیرکردنەوەی ئێمەدا هەبوو و تا ڕادەیەک ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەوەیە، هەر ڕێکخراوەیەک درووست دەکرێت، جا ئەو ڕێکخراوە لە هەر بوارێکدا بێت، زیاتر بەکاری سیاسی بارگاوی دەکرێت، پێیمانوایە، دەبێت، لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە قسەی هەبێت و گوتارەکانیشی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حیزبێکی سیاسیدا نابێت. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ ڕێکخراوێک بۆ بێکاران لە کوردستان دروست بکەم، ڕاستەوخۆ پشت بە ئەزموونی وڵاتێکی وەک کەنەدا، یان هەر وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا دەبەستم، کە بیمە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ چۆنییەتی کارکردنیان لەو بوارەدا تێیدا جێگیر کراوە.

بوونی ڕێکخراوێک بۆ بێکاران تا ئەو کاتەی کار و سەرمایە لە ئارادایە، بۆ کرێکاران و بێکاران زەروورەتێکی حەیاتییە. بێکار ئەو کاتەی بێکارە، واتە، کارەکەی لەدەست داوە، یان تازە بەدوای کاردا دەگەڕێت، لە هەردوو بارەکەدا پێویستی بە ئۆرگانیزاسیۆنێک هەیە، ڕووی لێ بکات:

١) بۆ زانینی هۆی لەدەستدانی کارەکەی.
٢) دەستنیشانکردنی تواناییەکانی.
٣) ئاسانکاری لە چۆنیەتی گەڕان بەدوای کاردا.

ڕێکخراوێکی لەم چەشنەش، بۆ کارئاسانی کارەکەی و پاڵپشتیکردنی لە بوارە جیاجیاکاندا، دەبێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەبێت. بۆ نموونە، کرێکار بۆ ئەوەی بیمەی هەبێت، دەبێت، دەوڵەت بە یاسایەک هەموو بوارەکانی کارکردن ناچار بکات، کە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە کرێی کرێکار بۆ سەندوقی بێکاری بگەڕێننەوە، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن دەوڵەتەوە هەم پشتیوانی لێ بکرێت و هەم بەڕێوە ببرێت.

کانوونی دووەمی ٢٠١٢

# بڵاوکراوە و بەڵگەنامەکان

(١)

## ئەفسانەی

## بورژوازی میللی وپیشکەوتنخواز (١)

وەرگیر : ریبوار

(٢)

## ئەفسانەی

# بورژوازی میللی وپیشکەوتنخواز (٢)

### ١_ مەقوولە و مەفهوومە بنچینەیی یەکان :
### سەرمایەداری ( بەشی یەکەم )

وەرگیر : ناسری حیسامی

(۳)


دورنمای فلاکت

و

اعتلای نوین انقلاب

تزهایی درباره اهمیت سیاسی بحران اقتصادی

همراه با

* مقدمه: جبهه‌های اصلی نبرد طبقاتی در شرایط کنونی

* ضمیمه: نظری به تئوری مارکسیستی بحران واشتباهاتی
در مورد سرمایه‌داری وابسته

اتحاد مبارزان کمونیست

(سهند)

بهمن ۵۸

(٤)

# پۆپولیزم لەبەرنامەی لانی کەمدا

## رەخنەیەک لەسەر "فیدایی یانی خەلق دەلێن چی"

مەنسووری حیکمەت

وەرگێڕ: ناسری حیسامی

(۵)


سرمقاله:
بیانیه نشریه ما
در صفحات دیگر:
* دو جناح در ضد انقلاب:
بورژوا امپریالیستی
* فدائیسم:
"خشمگین از امپریالیسم
ترسان از انقلاب"!
* رزمندگان و راه‌کارگر:
جدال بر سر تحقق سوسیالیزم
خلقی!
کارگران جهان متحد شوید!

(٦)

يا عمال العالم اتحدوا

# العمل

في سبيل ايجاد حزب شيوعي عراقي

في سبيل وحدة الطبقة العاملة

في سبيل احياء التضامن الاممي

عدد ( ١ ) تشرين الاول ١٩٨١ لسان حال فصيلة ماركسية لينينية عراقية السعر ( ٢٥٠ )

## لماذا العمل ؟

في الوقت الذي تستخدم السلطة الفاشية ابشع اساليب الاضطهاد تجاه الطبقة العاملة و الشعب العراقي جميعاً، و في الوقت الذي حرم الجماهير من ابسط الحقوق الديمقراطية و اعيد عهد العبودية و الذل . جعلت السلطة الفاشية من العراق سجناً كبيراً على كل انسان مناضل و ثوري و قيداً على كل كلمة حرة . في هذا الوقت و بالذات حينما تساق طبقتنا العاملة و كل الجماهير الكادحة افواجاً الى سوح الحرب غير العادلة و باسم الحق و الدفاع عن الامة العربية، تفتقر الطبقة العاملة الى تنظيم ثوري تمثلها في ساحة الصراع الايديولوجي و السياسي، و تدافع كذلك عن حقوق و كرامة الانسان العراقي .

لقد جردت السلطات العراقية المتعاقبة الواحدة تلو الاخرى و بالاخص السلطة الحالية، الشعب العراقي عامة من تنظيماتها، مهنية كانت ام سياسية و حاولت الحكومة جرد الطبقة العاملة من ابسط اسس الوعي الطبقي، و ذلك بخنق حرية الطبع و النشر و الاجتماعات و الاضرابات و المظاهرات و حتى قراءة الكتب، و كرست جهودها تحت تبريرات ديماغوجية و شعارات براقة للانحاء الى الشعب العراقي بان كل تنظيم مهني و سياسي خارج حدود و مفاهيم و ستراتيجية حزب البعث تعتبر خيانة عظمى تستحق الاشتراك فيها الموت تحت التعذيب الوحشي و الشنق في مجازرها المتعددة و المنتشرة في كل ثكنة عسكرية و كل مديرية أمن .

ان الطبقة العاملة لاتتمكن من الدفاع عن نفسها في اي وقت، الا اذا مثلتها منظمة ثورية جماهيرية نابعة من خضم الصراع الطبقي، منظمة تستند على مبادئ الماركسية اللينينية، و تعادي كل الاتجاهات و التصورات التحريفية .

الى ص ٦ عمود «١»

## لكي تظهر الحقائق والمطامع الرأسمالية في الحرب الدائرة بين العراق وايران

ان الراسمالية الاحتكارية قد أحكمت قبضتها على العالم اجمع منذ وقت ليست بقريب، فقد وصلت الاحتكارات الى اقصى البقاع النائية في العالم وغزت منابع المواد الاولية و الاماكن المناسبة لاستثمار رؤس الاموال و اسواق التصريف الرابحة . فلم تعد بقعة من العالم الا وقد طبعتها بعلاقاتها و اشكال استثمارها و استغلالها بالصفات و العلاقات الاجتماعية السائدة في عهد الامبريالية، وان كانت ولادة الامبريالية ترجع الى اواخر القرن التاسع عشر و بداية القرن العشرين فان الاقتصاد العالمي في هذه المرحلة القصيرة نسبيا المملوءة بالآلام و السلب و النهب و الوحشية و قد تطور تطورا لا مثيل لها، و قد خفضت اعلى الامبراطوريات و اشد الاقطاعيات رجعية و تخلفا رؤوسها شاءت أم ابت خشوعا واجلالا تجاه جبروت هذا العملاق الذي يتقدم و يتقدم، و الذى لا يتورع من استخدام اقصى الوسائل وحشية و دمارا لنيل مقاصده و بلوغ اهدافه .

ان الراسمالية في اعلى مراحلها التي تملك هذه القوة الكاسحة، لانها تعتمد على التمركز العالي للراسمال و اعلى درجات التكنيك تطورا و ان كانت اعادة التقسيم الاول للعالم ترجع الى الحرب العالمية الاولى، لكن العالم بعد الحرب العالمية الثانية تعرضت الى اشد انواع الاستغلال و ان هذه المسألة ترجع الى اسباب شتى، و لو اننا لا نتمكن في هذا العرض القصير الوقوف على تفاصيلها بدقة لكننا نذكر بان خروج مركزين رئيسيين امبرياليين من الحرب منتصرا و التي رافقت مع ابعاد اكثر من بلاد امبريالية من حلبة الصراع الرئيسي، و استخدام التكنيك المتطور و التمركز الاكثر للراسمال هذه الاسباب هي التي مكنت

الى ص ٦ عمود ٢

(٧)



ئەی جەماوەری خوێندکاری تێکۆشەر !
ئەی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی [illegible] سەقز !
[illegible] رژێم لایەنە
[illegible]
[illegible] کە
[illegible] کە دەبێت
[illegible] کە هەلۆیستی
[illegible] بوونە لەماڵترین و
[illegible] دادگاکانی
[illegible] هاوڕێ [illegible]
[illegible] رژێم [illegible] لە سەر داگرتووە ، کە [illegible]
[illegible]
[illegible] ( [illegible] ) ی [illegible]
[illegible] هاوڕێکانمان ، [illegible]
[illegible] گەورەترین [illegible] هەلۆیستی [illegible]
[illegible]
[illegible] عێراق - ئێران ،
[illegible]
[illegible] لە مێژووی
بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان و عێراق [illegible]
[illegible] تۆمار دەکات .
[illegible] ، زەحمەتکێشان ! گەلی کۆڵنەدەری کورد !
بزووتنەوەی خوێندکاران [illegible] مافەکانیان ، [illegible]
[illegible] بزووتنەوە دیموکراتیەکەتان [illegible] کردنی [illegible] و
[illegible] مێژوویی [illegible] .
[illegible] رژێم و [illegible]
[illegible] لە [illegible]
[illegible] بزووتنەوەی دیموکراتیانەی خوێندکاران !
نەمری بۆ شەهیدان !
بڕووخێت رژێمی دیکتاتۆری عێراق !
بڕووخێت هەر لایەن و کەسێک کە هەلۆیستان لادەکات !

لیژنەی ناوەندی خوێندکاران

(٨)


- کرێکارانی جیهان یەکگرن

«لە دوای ئەنفال»

بەشی یەکەم

## (٩)


کرێکارانی جیهان یەکگرن!
بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی
سیاسەتی تازەی ڕژێم لەکوردستاندا!
کۆمۆن

(١٠)



کرێکارانی جیهان یەکگرن

هەڵسەنگاندنێکی نووسراوەی

"سەرنجێک لەسەر مەیدانە سەرەکیەکانی خەباتی

چینایەتی و بەرنامەی پرۆلیتاریا

پێشڕەو

# (١١)



ئاسۆی سۆسیالیزم

ئۆرگانی کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست

ژمارە (١)

ئایاری ١٩٨٧

* سەروتار بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەوە
* لە مەسەلە تاکتیکییەکانمان
* بە پێشوازی یادی ڕۆژی یەکی ئایار
* دەربارەی هەنگاوی دژی دیموکراسی و دژی کۆمۆنیستی لەم دواییەی یەکێتی نیشتمانی ناسیونالیستی کوردستان
* ناوەڕۆکی دژی کرێکاری بڕیاری پێ (موظف) کردنی کرێکاران
* هەنگاوێکی گرنگ لە ڕێگای یەکێتی هێنانی شوراکان لە دەستی لە جێ مانە
* لە دژی جەنگ

# (١٢)



کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# بڵێسە

گۆڤارێکی سیاسی [illegible]

ژمارە ١ / [illegible]

ئەم گۆڤارەمان ناونا (بڵێسە) بەو هیوایەی کە ببێتە ئاگرێکی گەشاوەی [illegible] ئایندەبێ و بڵێسەی بەرزببێتەوە بۆ سووتاندنی [illegible] و ناڕاحی [illegible] زۆر و چەوساندنەوەی جیهانیەتی بۆ دابین کردنی [illegible] هەزار ساڵەی [illegible] ژیانێکی بەختەوەر لە سایەی یەکسانی و ئازادی و دیموکراسیدا دوور لە چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤێکی ترەوە .

ئەم گۆڤارە بە زمانێکی سادەو رەوان و تا بتوانێت بە کورتی باسەکانی بڵاو دەکاتەوە بە جۆرێک لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی کرێکاران و ڕەنجدەراندا بگونجێت .

(١٣)


کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

لە بڵاو کراوەکانی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

هۆی فەشەل هێنانی شۆڕشی
ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا ١٩٢٥ بەدواوە

لەبابە سەرەکی یەکانی ڕەخنەی
سۆسیالیستی لە تەجرەبەی شۆڕشی
کرێکاری لە شورەوی

منصور حکمت، ایرج آذرین

(١٤)

کرێکارانی جیهان ، یەکگرن!

# پرۆلیتاری

ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمونیست

ژمارە ١ ‌ ‌ ‌ ثایازی ١٩٩٠ ‌ ‌ ‌ ٢٥٠ فلس

## سەرووتار

### دەربارەی ئەرکەکانی پرۆلیتاری

کۆمونیزمی کرێکاری لە عێراقدا ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە کرێکاریە واقعیەیە کەلەمیژە پەیدابووە و زەرورەتی دەرچوونی ئۆرگانێکی سیاسی سەنتەریتی تایبەت بەخۆی خولقاندووە و خستویەتە دەستووری ڕۆژەوە.

ئۆرگانی «پرۆلیتاری» ئۆرگانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەی کرێکارانی عێراقە لێرەوە دەدوێت و ڕووی قسەی لەم بزووتنەوەیە و چینی کرێکارە. تەوەرەی کاری ئەم ئۆرگانە ئەرکی ڕاستەوخۆ دەست پێدانی خەباتێتی بۆ گەشەکردن و پتەو بوونی کۆمونیزمێکی کرێکاری بەهێز توانا لەسەر ئاستی کۆمەڵ.

جیهان بینی و سیستمی تیوری سیاسی ئەم ئۆرگانە مارکسیزمە. کارو ئەرکەکانی بە پەیڕەوی ئەم تیوریە ئەنجام دەدات.

هەر ئێستا لەم قوناغە دیاریکراوەدا خەباتی ئەم ئۆرگانە بەشێکە لە خەباتی کۆمونیزمی کرێکاری عێراق و بۆ پتەو بوون و ڕێکخستنی ریزەکانی ئەمتدادی کۆمونیستی کرێکار لەسەر پەیک ئاستی بەرینی کۆمەڵایەتی وەو پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری. وەک هەوڵ دانێک بۆ گۆڕینی دانی خەباتی سۆشیالیزمی کرێکاری بۆ پێک هێنانی و وەدەرهاتنی حیزبی سیاسی مارکسیستی خۆی ، کەیەکێتی پراتیکی حیزبی و ڕێکخراوەیی سۆشیالیزمی کرێکاری بەئەنجام بگەیەنی و توانای ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی ئەم بزووتنەوەیە بۆ خەباتی چینایەتی کرێکاری عێراق لە شکڵ و لایەنە جۆراوجۆرەکانیدا و بۆ شۆڕشی کرێکاری پەرە پێ بدات.

ئەرکێکی ڕاستەوخۆی بەردەوامی ئەم ئۆرگانە خەباتە بۆ بەرزکردنەوەی ئینسجامی فکری سیاسی مارکسیستانەی کۆمونیزمی کرێکاری عێراق وتەناھ بوونی هەرچی زیاتری جیهان بینی و سیاسەتی کۆمونیستانەی لە نێو بزووتنەوەی کرێکاریدا.

ئەرکێکی تری، تەبلیغی کۆمونیزم و مارکسیزمە، تەشهیرو هاندان دژی سەرمایەداریە، خەباتە وەك ئۆرگانێکی سەراسەری کۆمونیزمی کرێکاری بۆ گەشە سەندنی لایەنە جۆراو جۆرەکان و شکڵە ئیعترازی و ڕێکخراوەییەکانی خەباتی چینی کرێکار. عەکس کردنەوەی ڕەخنەی عەمەلی چینی کرێکارو سۆشیالیزمی کرێکاری دژی وەزعیەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، سیاسی و فکری زاڵی بورژوازیانە بەسەر کۆمەڵگەداو خەبات دژی هێزە سیاسیە چینایەتیەکانی بورژوازی و سونەتە فکری سیاسیەکانی ، بەشەکانی کاری ڕیشەیی ئەم ئۆرگانەیە.

ئەوانەن بەگشتی زەرورەتی دەرچوونی ئەم ئۆرگانەو مەوقعیەتی چینایەتی و سیستمی فکری ـ سیاسی زاڵ بەسەریداو هێلی گشتی ئەرکەکانی. لەکۆتایی ئەم نوسینەشدا هەندێ مەسەلەی موشەخەس تر لە پەیوەند بەم ئۆرگانەوە باس دەکەین. ئەوەی کە دەمانەوێت لەم نوسینەدا زیاتر لەسەری بدوێین ڕوونکردنەوەی دیدگای ئەم ئۆرگانەیە بۆ ئەرکەکان و کارە مەحوەریەکانی و ناوەرۆك و شێوە پیادەکردنی ئەو ئەرکانەیە.

بۆ لاپەڕە ٢

### بۆ بەستنی سۆشیالیزمی بورژوازی و ڕەزالەتی ئەبلەغانی دژی کۆمۆنیستی

لەئاکامی پەرەسەندنی سەرمایەداری جیهانی و هەڵ و مەرجی ئەزمەی ئابووری سیاسی ئەم تیزانە و لەبەرابەریدا گەشەسەندن و بەهێزتر بوونی بزووتنەوەی کرێکاری جیهان ، سۆشیالیزمی کرێکاری هێز توانای خۆی وەك بزووتنەوەیەکی ئەنترناسیونالیستی هێناوەتەوە مەیدان. بەبێ بەستنی سۆشیالیزمی بورژوازی و ئاسۆ ئابووریەکەی ـ سەرمایەداری دەوڵەتی ـ سۆشیالیزمی کرێکاری پەنەی لەبالوێری چینە

بۆ لاپەڕە ٧

لەلاپەڕەکانی تردا:

☆ بزووتنەوەی ٣٥ سەعات کار ‌ ‌ لاپەڕە ٨

☆ هەواڵی کرێکاری ‌ ‌ لاپەڕە ٩

☆ یەکی ئایار و مارشی سەدەیەك ‌ ‌ لاپەڕە ١٢

(١٥)

يا عمال العالم ، اتحدوا !

# البروليتاري

جريدة منظمة التيار الشيوعي

حرية ، مساواة ، حكومة عمالية

العدد ١ تموز ١٩٩٠ ٢٥٠ فلسا

## الأفتتاحية

### حول مهمات البروليتاري

ان الشيوعية العمالية فى العراق بوصفها حركة اجتماعية عمالية واقعية هى التى اوجدت ومنذ زمن طويل حاجة وضرورة اصدار جريدة سياسية تحريضية خاصة بها و وضعتها ضمن منهاج العمل.

صحيفة البروليتاري هى جريدة تمسك الحركة الاجتماعية لعمال العراق ، تنطلق منها وتخاطب هذه الحركة والطبقة العاملة. محور عمل هذه الجريدة ومهمتها المباشرة والعاجلة هى النضال من اجل أنماء وترسيخ شيوعية عمالية متينة ومقتدرة على تغيير المجتمع.

نظام هذه الصحيفة النظرى والسياسى ونظرتها الى العالم هى الماركسية. تنجز اعمالها ومهامها وفقاً لهذه النظرية.

الآن وفى هذه المرحلة المعينة، تناضل هذه الجريدة وكجزء من نضال الشيوعية العمالية فى العراق، من اجل تقوية وتنظيم صفوف الاعتراض الشيوعى العمالى على مستوى اجتماعى واسع و تقدم الحركة العمالية، وتسعى للاسراع بنضال الاشتراكية العمالية لايجاد وتأسيس حزبها السياسى الماركسى كى تحقق وحدة عملها الحزبى والتنظيمى وتنمى قدرتها لتنظيم وقيادة النضال الطبقى لعمال العراق فى ابعاده واشكاله المختلفة نحو الثورة العمالية.

احدى المهام المستمرة والمباشرة لهذه الصحيفة هى النضال من اجل ارتقاء الانسجام الفكرى السياسى الماركسى للشيوعية العمالية

الى ص ٢

## الحزب الشيوعي والعضوية العمالية

منصور حكمت

لا شيء كالتعامل بعضوية العمال فى الاحزاب و المنظمات اليسارية يوضح طابعها الطبقى و موقعها فى النضال الفعلى للطبقات . و أخيرا بعد كل الدعايات و الحركات ، كل المطالب و الشعارات و كل النشاطات التى تنجز بأسم الطبقة العاملة و مصالحها ، يطرح هذا السؤال البسيط و الواضح ، و هو هل ان المنظمات الاشتراكية تحوى العمال ام لا . هل العامل و الاعتراض العمالى يشكلان التطلعات الرئيسية لهذه المنظمات ام لا . و هل ان المنظمات و المجاميع الاشتراكية و الشيوعية التى تعمل بأسم الطبقة العاملة ، من الناحية العملية هى ميدان و وسيلة الاعتراض العمالى ام لا .

بأستثناء الحزب الشيوعى ، فأن العملنة [1] وتحول المنظمة الى منظمة العمال، ليست من اولويات ومبادئ الكثير من التيارات المسماة بالاشتراكية . تخلى الكثير منهم كليا عن فكرة الثوره الاشتراكية و آخرين ليسوا مطمئنين كثيرا لوجود البروليتاريا بمثابة الطبقة المنتجة الرئيسية فى المجتمع . الاشتراكية بالنسبة للكثير منهم ، هى الاطار العام لحب الانسانية ، تقديس الوطن ، الاستقلال الاقتصادى ، التطور الصناعى ، الديموقراطية و مثيلاتها . لذا فالاشتراكية من وجهة نظرهم خاصة" لا تجذب العامل و النضال الطبقى نحوها . كثيرون آخرون لا زالوا من اجل اعمالهم يحسون بحاجة الى الماركسية و مقولات مثل البروليتاريا و النضال الطبقى . و باشكال اخرى يرون انفسهم غير مشمولين بضرورة التحول الى منظمة عمالية . ر ' لم تزل الاوضاع السياسية غير ملائمة ، ربما لا يتوجب تحول المنظمة الى منظمة بروليتارية ، ضرورة تحول هيكلها التنظيمى الى هيكل عمالى ، ربما لم يحظى العمال لحد الان بدرجة كافية من " الوعي الطبقى " . مهما كانت الذرائع ، فأن تأريخ الشيوعية فى ايران و خاصة تأريخ المرحلة الاخيرة منها تكتض بالمنظمات " البروليتارية " و التى تتألف بشكل اساسى من متعلمى و مثقفى الطبقة المتوسطة . لاشك انهم كانوا على الاقل فى بعض المراحل متعاطفين مع العمال . ربما لو وصلت ايا منها الى السلطة ، مع ملاحظة موقعها الموضوعى الذى هو فى حاشية نضال الطبقات، و يمكنها فقط ان تكون صدفة تأريخية ، لأدى الى تحسن فى حياة و ظروف عمل العمال فى ايران . لكن اى منها لا يغير من هذا

الى ص ٧

★ الاخبار العمالية صفحة ١٢

★ الاخبار العالمية صفحة ١٦

(١٦)

## کرێکارانی جیهان ، یەکگرن !

### ئەرکە دەستبەجێکانمان ، و داواکاریە کریکاریەکان

سەرمایەدارانی ئەمریکا و عیراق و دەولەتەکانیان دەیانەویت بمانخەنە دوزەخی یەکێك لە کوشندەترین جەنگەکانی دنیای سەرمایەوە ، دوزەخی جەنگی کیمیاوی و ئەتومی بورژوازی . ئەمریکا بو پاراستنی مەوقعیەتی گەورە هیزی خوی لە جیهاندا و رژیمی بەعسی درندە و صدامی خوینریژیش بو جیگیرترکردنەوەی حاکمیەتی ئیستبدادی و عەسکەریان ، هاتونەتە سەر جنگ و بە سەدان هەزارمان لی دەدەن بە کوشت .

بورژوازی عیراق و دەولەتەکەی هەتا ئیستا دریغی یان نەکردووە لە شکاندنەوەی وەزعی ئابووری تیکشکاوی سەرمایەداری عیراق بەسەر کریکاران و زەحمەتکیشاندا ، دریغی یان نەکردووە لەداسەپاندنی چەوساندنەوە و هەژاری و برسیەتی و بیکاری لەراادەبەدەر بەسەرماندا و توانیویانە ریزی ملیونەهامان بخەنە بەردەم نەخوشی و برسیەتی و بیکاری و بی گوزەرانی یەوە ، توانیویانە سەدان هەزارمان لی بدەن بەکوشت لە جەنگی کونەپەرستانەی عیراق و ئیراندا ، ئیستاش بەمەوە ناوەستن و دەیانەویت مەئساتیکی تری ئینسانی گەورەشمان بەسەردا بهینن . ئەمە ریگەچارە و ئیدارەی بورژوازی و رژیمی بەعسە بو کومەلگە ، ئەمە واقعیەتی حاکمیەتی سەرمایە و سەرمایەداریە بەسەر ژیانی کومەلایەتی ئینسان لە کومەلگەدا .

بیزاری و نارەزایەتی ملیونەها کریکارو زەحمەتکیشی ئەم وولاتە بەرامبەر تەواوی ئەم وەزعە هەر ئیستا لەو پەریدایەو خواستی روخاندنی رژیمی بەعسی سەرمایەداران و بەرپانەبوونی جەنگ بووەتە خواستیکی گشتی یان ، لەهەمان کاتیشدا رژیمی ئیستبدادی و عەسکەری بەعس لەلایەك رووبەرووی برسیەتی و هەژاری و بیکاری ملیونەها ئینسانی زەحمەتکیشی عیراق و بیزاری و ئیعترازیانە و لەلایەکی دیکەوە دەرگیری مغاصرەی جەنگیکی گەورەو بی سەرو شوینە ، ئەم هەلومەرجە وەزعی شورشگیرانەی لەسەر ئاستی وولات هەرچی زیاتر پەرەپی داوە . لەم دەورەیەدا چینی کریکارو بزووتنەوەی کومونیستی کریکار رووبەرووی ئەرك و وەزیفەی میژووی بوونەتەوە .

بەرپابوونی بزووتنەوەیەکی کریکاری کومونیستی بەهیزە لەسەر ئاستی کومەلگە کە دەتوانی هەر ئیستا رابەری بەسەرکەوتن گەیاندنی ئالوگوری شورشگیرانە بیت لە کومەلگەدا ، رابەرو ریکخەری خەباتی چینایەتی کریکار بیت بو دامەزراندنی حکومەتی کریکاری و سوشیالیزم ، رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازانە و شورشگیرانەی ملیونەها کریکارو زەحمەتکیش بیت لە چنگی موسیبەتەکانی سەرمایەداری ئەزمەگرتوو وگەندەلی عیراق لە چنگی دەسەلاتی سیاسی بورژوازی و جەنگ و جەنگخوازی یەکانی لە چنگی هیزو حیزب و تاقمە سیاسیەکانی بورژوازی .

* * *

بو ئەوەی سوشیالیزمی کریکار بتوانیت هەرچی لیهاتوانەتر راهەرایەتی و ریکخستنی خەباتی چینایەتی کریکار ئەنجام بدات دەبی هەرچی زووترو لیبراوانەتر کەم وکوریە سیاسی و عەمەلی و ریکخراوەییەکانی خوی وەك حیزبیکی بەرینی کومەلایەتی کریکار وەلانیت . لەم بوارەدا رووبەرووی ئەم ئەرکانەین :ـ

١ـ گەشەدان بەلایەنەکانی یەکگرتوویی و ریکخراوبوونی ریزی کریکارانی کومونیست .
٢ـ ئینسجام پی کردنی هەرچی زیاتری هەویەتی سیاسی و فکری مارکسیستانەی ئەم بزوتنەوەیە .
٣ـ بەرەو پیشبردنی ئەم بزووتنە کومەلایەتیەی کریکار بەرەو پیك هینانی حیزبی سیاسی مارکسیستی خوی .
٤ـ بەهیز کردن و بەرین کردنەوەی کومونیزمی کریکاری لە دەروونی چینی کریکاردا .
٥ـ بەرجەستە کردنەوەی هەرچی زیاتر ئینتەرناسیونالیزمی ئەم بزووتنەوەیە .

# (١٧)



کریکارانی جیهان یەکگرن!
شانە حیزبیەکان و
ئاکسیونە کریکاری یەکان.
دەربارەی گرینگی ئاژیتاتور و ئاژیتاسیونی عەلەنی
منصور حکمت
لە بلاوکراوەکانی رەوتی کومونیست / حوزەیرانی - ١٩٩٠

(١٨)



ئەمنە سوورەکە

(١٩)



کرێکارانی جیهان ، یەکگرن !

بەرنامەی شوراکرێکاری یەکان بۆچارەسەری
هەژاری و برسیەتی و بێکاری

رەوتی کۆمونیست
ئازاری ١٩٩١

(٢٠)


يا عمال العالم، إتحدوا !

برنامج المجالس العمالية لمعالجة
الفقر والجوع والبطالة

التيار الشيوعي (رەوتی كومونيست)
آذار ١٩٩١

# (٢١)


يا عمال العالم، اتحدوا!

# الى الامام

جريدة سياسية تحريضية
لمنظمة التيار الشيوعي

حرية، مساواة، حكومة عمالية

العدد (١) تموز ١٩٩١ — ٢٥٠ فلساً


## الافتتاحية

ان اصدار جريدة " الى الامام " مشروع قديم لرفاق اللجنة المركزية للتيار الشيوعي وخاصة قبل انتفاضة هذه السنة حيث جرت حولها مناقشات جدية ووضعت في منهاج العمل، لكن نقص الامكانات والعمل السري والصعوبات التكنيكية ... الخ حالت دون صدورها، والان ودعم وارتباط فعالي العمال وقادتهم وهمة رفاقنا ومؤيدينا نستطيع ضمان استمرار صدورها ونملاء جزأً من فراغ غياب جريدة يومية لاعتراض العامل وهو فراغ ظاهر وقديم في الحركة العمالية العراقية وجزء من ضعف ونواقص هذه الحركة، كما ان الاستبداد السياسي للنظام البعثي المفروض منذ سنين والقمع الدموي للحركة العمالية العراقية وخنق حرية تنظيم واعتراض العمال، وضعت بدورها اعباء ثقيلة على الحركة العمالية لكي لا تستطيع تطوير فعاليتها في مجال الصحافة.

فالفترة المليئة بصراعات الحركات البرجوازية في سائر ارجاء العالم للرد على تلاطمات عالم ما بعد الحرب الباردة وفترة نمو اعتراض العامل والحركة العمالية واحتداد الصراع بين العامل والبرجوازي في عالم هذا اليوم قد طورت انتقاد الشيوعية العمالية للراسمالية ومهدت الطريق امام القوة الاجتماعية لهذا الانتقاد والتي هي حركة

الى ص ٣

## انتفاضة جماهيرية في اربيل والسليمانية



في يوم ٧ اتموز نظم اضراب جماهيري واسع في اربيل شارك فيه الالوف من ابناء المدينة من اجل الدفاع عن الحريات السياسية ومعالجة الجوع والبطالة وقد بادرت قوات الامن التابعة للنظام الى اطلاق النار على المتظاهرين واسفر هذا عن استشهاد

الى ص ٢

## تصاعد النقمة الجماهيرية ضد تصرفات الجبهة الكردستانية

على اثر امتناع الجبهة الكردستانية عن توزيع المواد التموينية ومنها حليب الاطفال التي يقدمها الصليب الاحمر ومنظمات الاغاثة الاخرى واصرارها على التصرف بها كيفما تشاء بعد رفضها لمطلب سكان "هيزاوه" بتوزيع هذه المواد التي هي اصلا من الحصص المقررة لهم من قبل الصليب، قام السكان

الى ص ٢

## نجاح اضراب عمال خياطة ژين في السليمانية

اوقف مجموعة من عمال معمل خياطة " زين " في السليمانية العمل في العاشر من حزيران هذا العام وذلك بهدف زيادة اجورهم وتحسين ظروف العمل، هذا وقد استمر الصراع بين العمال وصاحب العمل مدة شهر كامل الى ان تمكن العمال من تحقق بعض مطالبهم التي شملت :

١- الغاء الساعة الاضافية من العمل التي كانت قد فرضت على العمال غير المضربين اثناء حدوث الاضراب.
٢- رضوخ صاحب العمل لتحسين نوعية الغذاء المقدم للعمال.
٣- جعل الاجور متساوية بالنسبة لجميع العمال وزيادتها الى ٨٥ دينار
٤- القبول بصرف اجرة كاملة للعمال اثناء فترة الاجازة.

## الى متى التشرد !



منذ ما يقارب الاربعة اشهر والجماهير المشردة من شعب كردستان تعيش في المخيمات المقامة على المناطق الحدودية النائية القريبة من ايران وتركيا او في الخرائب وبقايا بيوتهم المهدمة في القرى والنواحي الحدودية وفي ظل ظروف لا تتوفر فيها ابسط مستلزمات الحياة الانسانية وبعيدة عن كل صفة حضارية عصرية. اما الى متى سيستمر هذا الحال؟ الى ان تنتهي المفاوضات الجارية بين النظام وقوى الحركة القومية

الى ص ٥

تابی ١٩٩١

کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

# پەیامی کرێکار

بڵاوکراوەیەکی سەرتاسەری کرێکارییە — نیو دینار

سالی یەکەم، ژمارە «٢» — بلاغ العامل — السنة الأولى، العدد «٢»

## کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

نیشتمان، سنور، قەومیەت هەریەکەیان چەندە عبارەیەکی پروپوچ وتاڵ وزە هراویسن بۆ کرێکار، هەر بە ڕاستی کاتێك دامێنی کرێکار دەگرن وەك كۆت و بەندی ئەسارەت لە دەست وپێی دەئاڵێن و نایەڵن لە ڕێگای ڕزگاری خۆیدا هەنگاوەکانی هەڵبهێنێتەوە تەماشا کەن ئەم ووشەیە ((سنور)) لە مەیدانی واقعیدا هیچ نیشانە و ئەسەرێکی دیار نیە. هێڵێکی دەستکرد وخەیاڵیە کە انسان ((بۆر ژوازی)) لەسەر زەوی دەیکێشێ وپاشان ئەم دیوو ئەو دیوی ئەو هێڵە دەبێتە دوو نیشتمان وانسانەکیان لێك جیا دەکاتەوە

.. بڕوانە لاپەڕە (٢)

## بڕیارنامەی کۆمەڵێك ژنی کرێکار

چەند ڕۆژێکە ئاسۆیەکی سامناك و تۆقێنەر شاری سلێمانی داگرتووە لە سایەی ئەو کوشت و هێرشانەی کە دەکرێنە سەر ـالان، و بەبێ جیاوازی نێوان ژن و پیاو گەورە و منداڵ، بەبەهانەی سزادانی تاوانباران، و ئافرەتانی ((بەد ڕەوشت)) . ئێمە کۆمەڵێك لە ژنانی کرێکار بێزاری خۆمان لەم جۆرە کارە دژی انسانیانە دەردەبڕین و ڕادەگەیەنین کە:-

١ـ ئەگەر مەسەلە سزادانی تاوانبارانی سەر بە دەزگا جاسوسی و سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی بەعسە، ئەوا ئێمە داوای دادگای ئاشکرایان بۆ دەکەین وئەبێ خەڵك بڕیاری سزادانیان بدات، وئەبێ منداڵ و کەس و کاری ئەم تاوانبارانە نەکەونە بەر ئەم هێرشانە .

٢ـ ئەگەر مەسلە سزادانی ژنانی ((بەد ڕەوشتە)) ، ئەوا ئێمە دەڵێین کە ـ ڕەوشت ـ ئەمری تایبەتی خەڵك خۆیەتی وهیچ کەس بۆی نیە بەبۆنەی ڕەوشتیەوە قتلی عامی خەڵك بکات، و لە ڕاستیدا ئەوەی پێویستە بخرێتە بەردەمی دادگا و سزا بدرێت کۆمەڵی سەرمایەدارەو ئەوەزعە ناهەموارەیە کە بۆ کرێکاران خولقاوە، نەك قوربانیانی ئەم کۆمەڵە زاڵم وچەوسێنەرانەیە .

٣ـ ئێمە داوا لە هەموو کرێکارانی ئاو چینمان لە سەرانسەری عێراقدا ، لە هەموو زەحمەتکێشان، لە هەموو ڕێکخراو و هێزە کرێکاری و شۆڕشگێڕەکان دەکەین، کە دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرز کەنەوە، و ڕێگا نەدەن ئەم ترس و وەحشەتە لە کوردستاندا هەروا جێگیر بێت، و هێزەکانی ((بەرەی کوردستانی)) بەرپرسیارن لە ڕاگرتنی ئەم وەحشیگەریە

٤ـ دەبێ تاوانبارانی ئەم جەریمەیە بە خەڵك بناسرێن و لە دادگای ئاشکرادا محاکمە و سزادرین

ئیتر سەرکەوتوو بن.

کۆمەڵێك ژنانی کرێکار ١٨/٧/١٩٩١


• سەرنجێك بە وەزعی کرێکارانی کارگەی نەسیجی موصل ل (٣)

• چەند ڕاپۆرتێك ل (٤)

• چەند گۆشەیەك لە نامەی هاوڕێیان ل (٧)

• ڕون کردنەوە ل (٨)

• هەواڵەکان

آب / ١٩٩١ — يا عمال العالم، إتحدوا !

# بلاغ العامل

جريدة عمالية عامة ، ٥٠ فلساً

ساڵی یەکەم، ژمارە «٢» — پەیامی کرێکار — السنة الأولى، العدد «٢»

## الأفتتاحية :
## الخط النضالي لـ«بلاغ العامل»

ان (( بلاغ العامل )) هي بلاغ نضال الطبقة العاملة ضد هذا العالم المقلوب، عالم يطوه الاستغلال و التناقضات و الظلم ، فلو امعنا النظر حولنا نرى ان قسما من هذا العالم غارق في الثروة بينما يعاني الجزء الاعظم منه من الفقر و البوس ، اننا نرى باعيننا تراكم الثروة و الخيرات بين ايدي مجموعة من الناس في عالمنا هذا بينما يعاني الملايين من الناس في الطرف المقابل من الجوع و الفاقة واصبحوا اسرى للامراض و الاوبئة .

ففي هذا المجتمع نرى إن من يعمل و يكد ويصيبه التعب ويخلق بيديه سائر ثروات المجتمع وتقع عليه كامل ..

.. البقية في ص (١٩)

## نص مقابلة جريدة ((عامل اليوم)) مع مارتي روزن بلات

ص (١٥)

## تقارير

ص ((١٧))

## أخبار عمالية

## قرار لجنة عمالية

استمرارا لنضالنا الممتد عبر السنين و مقاومتنا و احتجاجنا تمكنا بقوتنا الموحدة والتحالف مع باقي الكادحين الفقراء و المعدمين ، خلخلة قلعة الرأسماليه ونظام الحكم البرجوازي و سلطتها في العراق. لقد كانت الانتفاضة هو ردنا على عالم الاستغلال و البطالة و الغلاء والحياة المزرية و مجمل الاوضاع البائسة لحياتنا .

لقد اكدت قوتنا اللا متناهيه من خلال الانتفاضه بان توحيد و تنظيم قوتنا المتعاظمه قادره على انهاء مجمل اشكال الاستغلال و الاضطهاد السياسي والاقتصادي والاجتماعي و قادره في الوقت ذاته في مجرى تطور نضالنا على اقامه (( الحريه ، المساواه ، الحكومه العماليه )) لقد خرجنا من الانتفاضه بصفوف اكثر رسوخا ، لقد ترسخت تجاربنا و ازدادت استعدادنا النضالي . وفي ظرفنا الراهن و بالرغم من التراجع الاضطراري للانتفاضة الا ان نضالنا ليس في استمرار فقط بل اكتسب زخما جديدا ينبغي علينا نحن العمال، الاصرار بشكل جماعي و موحد على منجزاتنا وبدورنا و في مجرى السعي لتطوير نضالنا نعلن تمسكنا على المطاليب الفورية الاتية .

١ـ تثبيت يوم العمل بـ( ٧ ) ساعات يوميا حسب قرار العمال و يحظر المساس بذلك بأية ذريعة كانت .

٢ـ الغاء القرارات التي ترتب عليها الطرد التدريجي للعمال من المعامل الحكومية بذريعة انعدام المواد الاولية او ذرائع اخرى . ينبغي على العمال تقوية روح التضامن في صفوفهم بوجه محاولات البطالة والطرد الكيفي على صعيد معامل العراق كافة و الحيلولة

.. البقيه في ص ( ١٣ )

(٢٤)

نرخی/ ٥٠٠ فلس

# هەواڵنامەی کرێکار

بڵاوکراوەی خەبەری هەستەی کرێکارانی سوسیالیست

سالی یەکەم ژمارە -٢- سەرەتای ئەیلول -١٩٩١

## لە ژمارە یەکەوە بۆ ژمارە دوو

لە سەروبەندی چاپو بلاوکردنەوەی ژمارەیەکی هەواڵنامەی کرێکاردابووین "تەشکیلاتی هەستە" وەک بەشێک لەبزوتنەوەی چەپ لەبەرانبەر هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی مانگی ئازاردا ، یانی ئەو کارەساتەی کەووشەی "راپەرین" و "شورش" دەخراپاڵ ، کەوتە ئەزمەوە ، بەتایبەت لەبەرانبەر شێوەیەک لەهەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی کۆمۆنیستێک کەلەدەرەوەی وولات بڵاوی کردبووەوە ئەوکات رابەری رێکخستن هەم لەبەرانبەر ئەو بۆچوون و لێکدانەوە نوێیەدا هەم لەلێکدانەوەی هەڵسورانی دەورەی رابردوو و ئەرکەکانی ئاییندەیدا ، بەروبۆچونی جیاوازی دژبەیەکی پەیدا کرد ، جیاوازی و ناکۆکییەکی وا کەلەباری هەمەلی بەوە بێ ئەلتەرناتیو و دەستە وەستان دەی هێشتەوە. هەڵبەتە ئەوە شتێکی سەیرنی یە کە رابەری رێکخراوێک بێ کردەوە لەناست هەساسترین دەورانی خەباتی چینایەتی دا بمێنی تەوە ، بەڵام ئەم ئەزمەیە ئەزمەیەکی "هەستەی" و "زروتی" و "یەکیتی خەباتی" نی یە بەتەنها ، بەڵکو ئەزمەی بزوتنەوەی رادیکالی نا کرێکاریە ، ئەزمەیەکە کەمتر هەر رێکخراوەکانی ئێستا ، بەڵکو گشت ئاسۆی سیاسی و سونەتی خەباتکارانە و بیروانینی و شیوەکاری ئەم چینەی گرتۆتەوە و بەشێوەی جوراو جور لەجێگای دیاری کراودا نیشانەو کار کردەکانی خۆشی دەخاتە روو.

لەسەنگەری هەستەدا ، نموونەی سیاسەتی سوسیالیستی لەرووداوەکانی مانگی ئازاردا بوتە ئالا و هەرچەمێک بوپاسەغیزەی سیاسی و دەست نەبردن بو هەر جۆشتە کارێکی هوشیارانەو دەستشتنەوە لەبەرەو پێش بردنی ئەرکە روتینیە کومونیستییەکان. جگەلەمەش گەران بەدوای "سیاسەتی سوسیالیستی" دا "بوتە تەوەرەی ناکوکی و کێشمەکێشێکی سیاسی و بەدوای خویدا چەندین شێوازی جوراو جوری دژ بەیەکی لەبەرانبەر گشت ئەزمەی ئێستای چەپدا هیناوەتە کایەوە. ئەوشتەی لەو نمونەدا بە تەواوی

## جیاواز و هاوکاری

وەلامێک بە هێرشەکانی رۆژنامەی ((هاوکاری)) بوسەر منالانی دەست فروش

رۆژنامەی ( هاوکاری ) کە لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٦-٦-١٩٩١ بلاویوتەوە وتارێک بە ناونیشانی (( منداڵەکانتان ئەمرۆ ئاگاتان لێ بێ بێ سەیفی خوتان وکومەل دەحەوینەوە )) بلاوکراوەتەوە ، ناوی نوسەرەکەش نەنوسراوە .

کورتەی قسەکانی کاکی نوسەری بەریز ئەوەیە کە : کومەلێک منداڵ بە هوی کەم ئەرخەمی یەوە یا چاوچنوکی دایک و باوکیان لە بازاری شارەکاندا خەریکی کارن . کاری ئەم منداڵانە بە هەرزان کرین و بە گران فروشتنەوەی پێویستی یەکانی خەلکە ((بەتایبەتی ئەوشتانەی کە لە سوق مرکزی)) تەوزیع دەکرین و دەبێتە هوی گەرم کردنی بازاری رەش ، وە لە تەجرەبەدا ، و لە بەر ئەوەی ئەم منداڵانە دوورن لە پەروەردەی خێزانەکانیان ، هەربەکێکیان دەبێتە پیاوێکی قول برو ساختەچی کە شیرازەی ئاسودەیی کومەل تێک دەدەن !

( هاوکاری ) ئەوە یەکەم جاری نی یە کە بێ شەرمانە هێرش بباتە سەر دەست فروشان بەتایبەتی منالان ، و تێنەگەیشتووە چونی شیرازەی ئاسودەیی کومەل بخاتە ئەستوی ئەوان ( وادیارە شیرازەی ئێستای کومەل زور تەرازووە ! ) . هەروەک لە ناوی ووتارەکەدا دیارە ، کە ئەگەر ئێمرو ئاگامان لە منالەکانمان نەبێت ( یانی رێی کار کردنیان لێ بگرین ! ) ئەوا لە داهاتوودا خۆمان و کومەل وەرس دەکەن و دەمانخەنە مەترسی یەوە !

# کەرکوک و جەنگی تەبلیغاتی

سەرکوتی خویناوی دڕندانەی چەندین سالەی خەلکی کەرکوک لەلایەن حکومەتی بەعسی سەرمایەوە کاکردێکی دەردناکی لەسەر گیانی خەلکی ئەم شارە داناو و بەتایبەتی کوردەکان ، ئێستاش سەرەرای مالوێرانی بەشێکی خەلکی ئەم شارە نائارامی یەک و ، تارمایی دەسەلاتی رەشی بەعس ژیانی لە خەلکی ئەم شارە تال کردووە ، هەربویە بەشێکی دانیشتوانی شاری کەرکوک لەناوچەسەر سنورەکان ، ژیان لەژێر کەپرو چادرو لەتەپو تۆزو، شوێنی پیس و ناو ئەلغامدا دەبەنەسەر و ، ئاوارەی ئەو کیوانە بوون . ئەمە وەزعیکە شایەنی تەحەمول نی یە و خەلکی کەرکوک ناتوانن تاسەر بەم رەزالەتە بژین و لە مال و حالی خویان بێبەش

بکرین و مالی نیشتەجێ بونیان هەروا بە بێ شیل کراوی بمینیتەوە . هەربویە هەر نارەزایەتی یەکی ئەم خەلکە ، حەقیکی بێ ئەملا و ئەولایە ، جێگای پشتیوانی کردنە لەلایەن هەموو شارەکانی تری کوردستان و عیراقەوە و، هەر ئینسانێکی ئازادیخواز و شەرەفمەند لە جیهاندا . وە تەنها رێگەش تاکو خەلکی ئەم شارە بتوانن لە دژی ئەم وەزعیەتە و ئەو بێ شیل کردنی مانە سەرەتایی یانە یان بوەستینەوە ، خەباتی سەربەخوی خویانە و بەهاوپشتی تەواو لەلایەن کومەلانی خەلکی زەحمەتکێشی شارەکانی ترەوە یە .

ئەوان بە رێپێوان و خوپیشاندان دەتوانن لە هەموو شوێنێک ، وە دەتوانن ئەم نارەزایەتی یە دەربرن و هاوپشتی خەلکی زەحمەتکێش بولای خویان راکیشن .

بەلام بەرەی کوردستانی نوینەری رەسمی ناسیونالیزمی بورژوازی کورد ، مەسەلەی



پایەداربێت ریزی یەکگرتوی خوێندکاران

# دەنگی خوێندکاران

## صوت الطلبة



زمارە —١— ئەیلولی ١٩٦١

نرخی ١ دینارە

گۆڤارێکی فکری - رۆشنبیری - زانستی یە کۆمەڵەی سەربەخۆی خوێندکاران دەری دەکات



## سەروتار

لەگەل بە بێ بەست گەیشتنی مۆدیلی سەرمایەداری دەولەتی لە بلۆکی رۆژهەلات و تەواوبوونی جەنگی سارد لە نێوان رۆژئاوا و رۆژهەلات وە پاشەکشەی بلۆکی بە ناو سۆشیالیستی لە بەرامبەر ئەمریکاو رۆژئاوادا زەمینە یەکی ئاوا لە بار خولقا. کە ئەمریکا وەک تاکە هێزی قودرەتمەندی زال لە جیها-ندا خۆی ببینێتەوە. وە بە ناردنی هەرچی زیاتری، ئەمریکا بۆ دیزی سوپایی بۆ خسـز داسەپاندن بە سەر جیهاندا، بە لە بـەر چاوگرتنی، ئەوەی کە ئەلمانیا و یاپان وەک دوو دەولەتی ئابووری بە هێز لە بەرامبەر ئەمریکادا خەریکە گەشە دەکەن و سەر هەلدەدەن. لە هەل و مەرجێکی ئاوا دا بووکە قەیرانی (ازمە) کەنداو قلیشایەوە. وە عێراق بە داگیرکردنی کویت دەیویست رێگا چارەیەک بۆ قەیرانی قولی لە جسار نەهاتووی خۆی بدۆزێتەوە بە نرخی داسەپاندنی هەژاری و نەداری و بێکاری و برسیەتی و بێ مافی و سەرکوتی سیاسی و .... هتد.

هەموو ئەمانە بوون بە کەرەسەی خاوی ئەو راپەرینە مەزنەی کە لە بەهاری ئەمسالّ رووی دا. هەرچەندە راپەرین

← بۆ لاپەرە (٢)

## لەم ژمارەیەدا:

- ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی
- چرپە ...
- خوێندکارە دەرچووەکان دەبێت خوازیاری چی بن ؟
- ئەرکە دەستەجێکانی خوێندکارە هەلسووراوەکان
- وقت النهوض
- بە هەرەبێ -
- بە یانێکی رەش
- هۆنراوە -
- بەلگەنامەیەک
.... و بابەتی هەمەجەشنەی تر

## ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی

لایەنەکانی بێ بەستی سیاسی و بار و دۆخی شۆرشگێرانە لە عێراقدا رۆژ لە دوای رۆژ کرژتر و قولتر دەبێتەوە. راپەرین و خۆپیشاندا-نی سیاسی جەماوەری گشتی ئەم دوایی یە کە زۆربەی شارەکانی عێراقی گرتەوە، ئـەوا رووبەرووبوونەوەیەکی جەماوەری بوو دژی برسیەتی و هەژاری و بێکاری و موسیبەتەکانی کۆمەلگای سەرمایەداری. وە هەر ئەم کارە شۆرشگێرانەش، کە جەماوەری راپەریوو پێسی هەلسا و دەسەلاتی رەشی خوێناوی بەعسی فاشی تیا بنەبڕ کرد لە هەندێک ناوچەدا، ئەوا دەگەرێتەوە بۆ بێ مافی ئینسانەکان لە مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشـ-نبیریان وە ئەوەی جەماوەری راپەریویشی هاندا بۆ شۆرش کردن ئەوا دووری ئەوان بوو لە ژیانی سیاسی وولات و لە دیاریکردنی چارەنووس و سیمای ژیانی کۆمەلایەتی یان.

رووداوەکانی ئەم دوایی یەی عێراق شتێکی هەلکەوتە نەبوو، بەلکو وەک هەر راپەرینێکی جەماوەری و شۆرشێکی کۆمەلایەتی تر زەمینەی مەوزوعی و زاتی سەرهەلدانی خۆی هەبووە. گەر کە لالەبوونی جەور و ستەم و سەرکوتی سیاسی و خنکاندنی گشت دەنگێکی ئازادیخواز و دیکتاتۆری بێ پەردە و برسیەتی

← بۆ لاپەرە (٢)

(٢٦)

# برپارنامەی هاوبەشی

## «عصبە» و «یەکێتی خەبات» سەبارەت بە:-

* چارەسەری مەسەلەی ئاوارەیی

* گیروگرفتی گرانی و بێکاری

* ئاسایی کردنەوەی وەزعی کۆمەڵایەتی

تشرینی یەکەم / ١٩٩١

(٢٧)


لە دایك بوو لاپەڕە ٣

بڵاوکراوەیەکی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکارییە

عامل اليوم
نشرة أسبوعية عمالية

السنة الثانية العدد ١٩ ، تشرين الثاني ٩١

ساڵی دووەم ـ ژمارە ١٩ ، تشرینی دووەم ١٩٩١


ی مافەکانی مرۆڤی ئیتحادیەی کرێکارانی خزمەتگوزاری شارەکان لە ئەمریکا

# سیاسەتە دژی کرێکاریەکانی جمهوری ئیسلامی بە توندی مەحکوم کرد

"کرێکاری ئەمڕۆ" :

مافی ڕێکخراوبوونی ئازادانە بەرەسمییەت ناناسێ .

سەدەها کەسی لە هەڵسووڕاوانی کرێکاران ئیعدام و هەزارەها کەسیشی لێ زیندان کردوون .

بەردەوام مانگرتن و ناکسیۆنە کرێکاری یەکانی سەرکوت کردووە .

ئاستی ژیان و هەلومەرجی کاری زۆر دژواری بەسەر کرێکارانی ئێراندا سەپاندووە .

هەڵاواردن لە دژی کرێکارانی ژن کردووە بە یاسا .

بۆ لاپەڕە ٢

لە بڕیارێکی بێ هاوتادا

## ئیتحادیەی سەراسەری کرێکارانی فنلندە بە کەم کردنەوەی ٧٪ ڕازی بوو



بێ هاوتاترین خۆپیشاندانی کرێکاری لە فینلاند لە ساڵی ١٩٥٦ بەدو...

بۆ لاپ...

ڕانی کارخانەی (کف) بۆ نارەزایەتی دەربڕین

ڕانبەر بیمە نەکردنی کرێکاراندا :

## ئەمەچ وەزعێکە کە دروستتان کردووە ؟

"کرێکاری ئەمڕۆ"

کرێکارانی کارخانەی (کف) ... داروگری پێشو...

بەرخسێنم . ئەمەچ وەزعێکە کە دروستتان کردووە ؟ هەرچی یەك پەیدا دەکەم بە خێرایی سەرف دەبێت و هیچ لە دەستماندا نامێنێتەوە .

کرێکارێکی تر ووتی : مووچەی مانگانەی من "دە هەزار تمەنە" و (١٠) سەر خێزانم هەیە . من لەبەر ئەوەی کە چەرخی ژیانم بەستی ئەڕوات لە هەموو شوێنێك قەرزم وەرگرتووە و خەرجم کردووە و قەرزارم . من سێ سەهم لە کارخانەدا هەبوو کە ناچاربووم لەبەرئەوەی ناوم بۆ وەرگرتنی خانوو بنووسرێت بیانفرۆشم ، سەرەڕای ئەمەش نەمتوانی کە باقی پارەکە پەیدا بکەم لە دەستکەوتی عەرزدا بێبەش بووم .

بۆ لاپەڕە ٢

شورا ئیسلامی یەکان سەرۆك کۆمار ئاگادار ئەکەنەوە :

## هێزەکانی حیزبوڵڵا لە کارخانە دڵیان سارد بۆتەوە

مەڵبەندی خەبەری "کرێکاری ئەمڕۆ" :

شورا ئیسلامی یەکانی پارێزگای تاران بۆ جاری دووەم لە نامەیەکی ڕەسمی بۆ سەرۆك کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە معاملەی "بەشێك لە مودیرە نەزان و توندوتیژەکان" لای شورا ئیسلامی یەکان شکاتیان لێ کراوە و لە مەسەلەی دڵساردی هێزەکانی حزب الله لە کارخانەکان ئاگاداریان کردوتەوە . لە نامەیەدا کە بە بۆنەی هەفتەی دەوڵەتەوە دەوڵەت لە ئەیلولی ڕابردوودا بۆ سەرەك کۆمار نێردراوە ، سەرەڕای پشتیوانی تەواو لە دەوڵەتی هاشمی ڕەفسنجانی نووسراوە "قانونی شورا ئیسلامی یەکان "کە بەرهەمی ڕەنجی ئیمامی گەورە و ڕەوانەتو بەرهەم ... ئەحکامی نورانی ئیسلام و ...... لە مودیرانی نەزان وە یا زۆرداروە بە ئاشکرا لەبەرچاو ناگیرێن و بە بە ... نەکردنی تووند لەگەڵ ئێکدەران و گێرە ... قانونی شوراکانەوە ، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ... زیاد دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی دڵ ... دی حزب اللهی کارخانەکان (برایانی ... شورا ئیسلامیەکان) کە بە درێژایی ... ئیسلام بوون کە بەم هۆیەوە

## ضربات بۆ دامەزراندنی ئیتحادیە لە گواتیمالا

مەڵبەندی خەبەری "کرێکاری ئەمڕۆ" :

کرێکارانی ژنی دووکارگەی ئەمریکی بەرهەم هێنانی جل و بەرگ لە گواتیمالا هەوڵیان داوە تا یەکەمین ئیتحادیەی خۆیان دروست بکەن . ئەگەر ئەم کرێکارانە ئەم کارەیان بۆ بکرێت ، یەکێتی یەکەیان بۆ ٤٠ هەزار کرێکاری ئەم بەشە دروست دەکەن ، گواتیمالا یەکێکە لە مەڵبەندە یەکانی بەرهەم هێنانی جل و بەرگ ... ئەمریکی یەکان ، لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابر... بەشێك لە کارگەکانی جل و بەرگ ... گەیشتوون بە سەدان کارگە........

## کۆنگرەی ئیتحادیە کرێکاری یەکان لە بەریتانیا

"کرێکاری ئەمڕۆ"

پێش دەست پێکردنی کۆنگرە "نۆرمان ویلیس" سکرتێری ئیتحادییەکانی کرێکارانی ئینگلترە (T.U.C) لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە بابەتی سەرەکی کۆنگرە "بەشداری کۆمەڵایەتی" دەبێت ، بەشداری بەو مانایەی کە دەوڵەت و خاوەن کارەکان و یەکێتی یەکان هەرساڵە لەگەڵ یەك مفاوەزە بکەن تا داواکاری یەکانی ئیتحادی یەکان واقعی بێت مانای دەوڵەت و

بۆ لاپەڕە ٧

ئەمساڵ کۆنگرەی ئیتحادییەکان کاتێك گیرا کە ... ئیمکانی سەرکەوتنی حیزبی کرێکاران لە ... هەبووە لە لایەکی ترەوە ئاخرین ... پێش ئەم هەڵبژاردنانە بوو . لەم کۆنگرە ... لە نێوان ئیتحادییەکاندا بۆچوونێکی نزیك بە ... "واتە نزیکایەتی لەگەڵ سیاسەتە ... حیزبی کرێکاران زاڵ بوو .

لاپەڕە ٧

## خۆپیشاندانی فراوان لە دژی بێکاری لە فەرەنسا

(٢٨)



(٢٩)



# سەرهەڵدانی
# بزووتنەوەی شورایی کوردستان
# طرح و پێشرەوی
# سۆشیالیزمی کرێکاری بوو!

بریارمهدی

(٣٠)

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

پەیامی کو...
ژمارە
رۆژ

١- بزووتنەوەی کوردایەتی نە نیشتمانی یە و نە سەربەخۆیی ئامانجێتی

«مام ئەنوەر»

٢- کۆچ کردن بۆ هاندەران و هۆکارەکانی

«ئۆژین هارا»

(٣١)


خەباتی نوێ
گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە
یەکێتی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان
مانگانە دەری دەکات ...
ژمارە ١
کانوونی دووەم ١٩٩٢
ساڵی ١

(٣٢)


The workere worled of United
یا عمال عالم اتحدوا
ــــ کرێکارانی جیهان ، یەکگرن ! ــــ
کارگران جهان متحد شوید
# سەرنجی کرێکار
بڵاوکراوەی کۆڕو کۆمەڵ و ئەنجومەنە کرێکارییەکانە
ساڵی یەکەم ژمارە -٣- شوباتی ١٩٩٢
- ئەنجومەنی نیشتمانی هەرگیز ناتوانێ ...
- بەرەی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی دائیرەوە..
- حەلقەی دیناو نامەیەک
- کرێکاران ، بەتوندی لەدژی داخستنی کارگە ...
- ناسیونالیزم وشە پۆلیکی مانگرتن

(٣٣)



بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا .. دەڕوخێت جیهانی سەرمایەداری

# بانگەوازێک

## لە "گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیستی"

## یەوە بۆ تەواوی خەباتگێڕان

ئازاری ١٩٩٢

(٣٤)

# دەنگی بێکاران

ڕۆژنامەی یەکێتی بێکاران ـ هەولێر

ژمارە (١) | ئابی ١٩٩٢ | نرخی (٥٠٠) فلس

## „دەنگی بێکاران„ دەیەوێت چی بکات؟

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بردنـــــە پێشەوەی ئەرکە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی بێکاران و وەڵامدانەوە بە گیروگرفتەکانی بەردەم، گەشەو هەڵدانی جەماوەری یانەی یەکێتی بێکاران،بوونی ڕۆژنامەیە کە بەوپەڕی سەلیقەوە بەدوای یەوە لە بوارە جیا جیاکانی ژیانی لەشکری بێ ئەژماری بێکاراندا ئەخشەدانەری فراوانتربوونەوەی خەباتی جەماوەری بێکاران بێت. (دەنگی بێکاران) ئەم هۆکارە سەرەکی یەیە و دەیەوێ بەم کارە هەستێ.

(دەنگی بێکاران) زمان حاڵی بزووتنەوەی بێکاران و دەنگی هەر بێکارێکە کە تیاچوون و تیانەوەی مادی و روحی ڕۆژانە هەڕەشەیان لێ دەکات.

ڕۆژنامەی (دەنگی بێکاران) تێدەکۆشێ لە پێناو بەدەست هێنانی تەواوی داخوازییەکانی بێکاران و تەئمینکردنی ژیانیان،تێدەکۆشێ بـــۆ فراوانترکردنەوەی ڕیزەکانی یەکخستنی بێکاران و هەوڵ دەدات تەواوی بێکاران لە دەوری ئامـــانج و داخوازییە ئینسانییەکانی خۆیان کۆبکاتـــــەوە (دەنگی بێکاران) مینبەری ڕاستی و دیموکراتی هەر بێکارێکە و رێگا بە هەر بۆچوونێك دەدات لە تیرۆانینی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیەوە لەسەولی بە جێ هێنانی ئەرکە بنەڕەتییەکانی بزووتنـــەوەی بێکاران بێ و رێ بە هەر (احتکار)ێکیش دەگرێ کە دەیەوێ لاپەڕەکانی بکاتە مەیدانی تەواتێنی سیاسەتی بۆچوونی سیاسیانەی هەر حیـــزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دیاریکراو و هــەروەهــا رێ دەگرێ لە هەر بۆچوونێکی شەخسی و تاك مەیلی

بۆ لاپەڕە ٢

## بێکارکردنی زیاتر لە (١٠٠) کرێکاری (مجزرە)ی دواجنی هەولێر

لـــە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردووەوە زیاتر لـــە (١٠٠) کرێکاری (مجزرة دواجن)ی هەولێر بێکارکران بـــە بێ ئەوەی هیچ هەواڵێ کە بە دەستی (دەنگی بێکاران) گەیشتووە تەنها (٨) کرێکار ماوون کـــە (تعهد خطی) یان پێ کردوون بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ. ئەم هێرشەش بەسەر بیانووە ئەنجام دەدرێ کە گوایە (مجزرة) دائەخرێ.



* بانگەوازی کۆبونەوەی هەڵسوڕاوان و ئەندامانی یەکێتی بێکاران.. ل ٢

## دیاردەی بێکاری

بێزاری و ئیعترازی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دژی بێکاری لە سەرتاپای جیهان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیاد بوون دایە،ئەمڕۆ دیاردەی بێکاری لــــە ئاستی جیهان حاشا هەڵنەگرە،تەنانەت دواکەوتوو ترین حکومەتیش لە جیهان ناتوانێ حاشای لــێ بکات و دان بەوە نەنێ کە دیاردەی وەك دزی و کوشتن و لەشفرۆشی و تلیاك خواردن و چی ترو چی تری لە ئاستی جیهان زەقتر کردۆتەوە. دیاردەی بێکاری لە عێراقیش بەهۆی شەڕی عێراق و ئێران و شەڕی کەنداو و حساری ئابووری لەسەر عێراق زیاتر لە هەموو دیاردە سلبیەکانی تری ئەم ڕژێمە خۆی دەرخستووەو خۆی داسەپاندووە. ئەمڕۆ بەهۆی حساری ئابووری ڕژێمی بەعسی فاشی بەسەر کوردستان،دیاردەی بێکاری گەیشتۆتە ئەوپەڕی مەینەتەکانی خۆی،هەر ئەمڕۆ دیاردەی بێکاری بەرۆکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی گرتووەو لەگەڵیاندا لە دەستەو یەخەیی دان و نەماندایە. ڕۆژانـــــە هەزارەها کرێکار دەڕژێنە مەیدانی کارو زۆربەیان بێ ئومێد دەگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان،لە ولاتیش سەختی ژیان،دەیان هەزار کرێکارو زەحمەتکێشی بێکاری ناچار کردووە کە بە دەستفرۆشی و بژێنە بازاڕی دەستفرۆشان،هەر لە بەیانی زووەوە تا ئێوارەی درەنگ لەبەر خۆر بوەستن بەرامبەر بە چەند سابونێك یا چەند پاکەتێك پــــان دوو تەنەکە ڕۆن بەرامبەر بە قازانجێك کە ئەمڕۆ ســــێ یەکی پێداویستییەکانی ئێستایان دابین ناکـــات ئەم دیاردەیە هەر دەستفرۆشی پێشکەش بە بێکاران نـــەکـــردووە بەڵکو پەیبەری و دووبەرەکیشــــی

بۆ لاپەڕە ٢

(٣٥)


کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

ریپۆرتاژێکی ئاکسیۆنە ئایارییەکان لەکوردستان

لە لایەن هاوڕێ "ئاوات سعید"ەوە ئامادە کراوە

## (٣٦)



دەنگی کرێکار
ژمارە ٧
دەنگی نارەزایەتی کرێکارانی کارگەی جگەرەی سلێمانی
هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراو بوونیدایە

(٣٧)



کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# شۆڕشی کرێکاری

ئۆرگانی یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست

Prolitarian Revolution

ژمارە ( ١ ) ساڵی یەکەم خولی یەکەم کانوونی یەکەم ١٩٩٢ نرخی ١ دینار

• سەروتار:

ئاسۆی تێکوشانی یەکێتی کریکارانی کومونیست بەبونەی دەرچونی یەکەمین ژمارەی گوڤاری ( شورشی کریکاری ) یەوە

محمد کریم

• لەیادی شورشی ئۆکتوبەری ١٩١٧ ی روسیادا؛ بژی سوسیالیزم

ئازاد محمود

• راپورتێك دەربارەی مانگرتنی کریکارانی ( البسە ) ی سلیمانی

ژیان سالح

• زیاد بوونی کرێ پێ بەپێ گرانی،دا خوازی یەکی هەرئێستای کرێکارانە

ئازاد محمود

• بەیاننامەی پیکهاتنی یەکیتی بیکاران

• کارگەکانی بەرهەم هینانی بەرد گورستانی کریکارانن

• با بو چارە سەرکردنی گیروگرفتی بێکاری دەست بەکاربین

• بریارنامە دەربارەی:

* راپەرین و بزووتنەوەی شورایی ئازاری ١٩٩١

* شەری کونەپەرستانەی (P.K.K) و حکومەتی هەریمی کوردستان

(٣٨)

WORKER SOLIDARITY
*An International Worker's paper*
*August 1992, No. 1*

# هاوپشتی کریکاری

بلاوکراوه یەکی ئینتەرناسیونالیستی کریکاری یە — ژمارە ـ١ـ مانگی ئاب ١٩٩٢



## سەبارەت بە بلاوکراوەی هاوپشتی کریکاری

بریارنامەی کریکارانی شاری سلیمانی

## راگەیاندنی پیکهاتنی ...

## بەرزوبەریزبیت یەکی ئایار

## دەستگیری کریکاران

هەواڵەکان

### بو هاوریی بەریز... !

هەر وەکوو لە راگەیاندنی پیکهاتنی کومیتەی هاوپشتی لە بزووتنەوەی کریکاری عیراق لە دەرەوەی وولات" و سەرووتاری " سەبارەت بە بلاوکراوەی هاوپشتی کریکاری" هاتوە ،ئیمە لە دەرەوەی وولات هەول ئەدەین تەسویریکی تر لەبارەی عیراقەوە بدەین . لە بەرامبەر تەسویری تا ئیستای ئوپوزسیونی بورجوازی عیراقی ، تەسویری خەبات و ژیانی کریکاران ،سەرکەوتن و شکستەکانیان بو بەدەست هینانی داخوازییە سیاسی و ئابووری یەکانیان ،ریکخراو وگروپو کوروکومەلەکانیان، دەنگی رابەرانی سیاسی و عەمەلی یان و... وە بو جیخستنی مەتولات و مەفاهیمی وەك کار،سەعات کار، بیمەی بیکاری،کاری مندالان و...،بو راکیشانی هاوپشتی هاوچینەکانمان لە دەرەوەی

بو لاپەرە ٤

کریکارانی جیهان یەکگرن!

# خەباتی کرێکار

ئۆرگانی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

WORKER'S STRUGGLE

ژمارە (١١) دەورەی دووەم ئابی «ئۆگیست» ١٩٩٢

## * شێوەی "سەرنجی کرێکار" لە پێشوازی ١ی ئایاردا

ڕێبوار

## * گفت وگۆ لەگەڵ هاورێیان

سەبارەت بە

وەگەڕکەوتنەوەی " خەباتی کرێکار " ، گۆڕانکاری یەکانی ناوخۆی ڕێکخراو ، ((دەستەی لایەنگرانی "کانوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری ")) ، چەپ و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراقدا .

## * جێگا و شوێنی ڕەوتی سۆسیالیستی لە عێراقدا

ئارمان

### ڕوون کردنەوە

زنجیرەی ــ ٢ ــ ی باسەکانی " سیاسەتی سۆسیالیستی و ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری ". کە بە ناونیشانی " بارودوخی عێراق و ئەرکەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ سەروسامان دان بە بزووتنەوەی کرێکاری و مەیلی سۆسیالیستی "یە ، لەبەر ئەوەی ناوەکوئێستا لە لایەن کۆمۆنیزمی کرێکاری یەوە قسە لەسەر بابەتەکانی نەکراوە ، پێویستیان بە لێکدانەوەی تێروتەسەل و فراوان هەیە و ناکرێ لە نامیلکەیەکدا وەکو زنجیرەی ــ ١ ــ بەیان بکرێت . هەربۆیە ئێمە لە نێوخۆدا بەو ئەنجامە گەیشتووین کە بەکۆمەڵە وتارێک بەیانیان بکەین و لێرە بەدواوە لە " خەباتی کرێکار "دا بڵاودەبنەوە .

وتاری " جێگا و شوێنی مەیلی سۆسیالیستی لە عێراقدا " کە لەم ژمارەیەدا هاتووە یەکێک لە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە نە و باسانە دەناسێنین .

(٤٠)


بە رە و پێك هێنـــانــی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

خەباتی کرێکار

WORKERS' STRUGGLE

ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ژمارە(١٣) دەورەی دووەم ئاشباط. فبرایر. ١٩٩٢

پاشکۆ

حیزبی کومونیستی

کریکاری عیراق،

ئاسویەکی گەش و روون

احمد معين

(٤١)



بۆپێشەوە بەرەو پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

کرێکـــارانی جیهـــان یەکگـــرن !

بۆپێشەوە

FOR WARDS

سەرنووسەر

...اوات سـعید

ئـــازادی،یەکـــانی
حکومـــەتی کرێکـــاری

ڕۆژنامـــەیەکی سیاسی – تەحریضی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستە

... ( ١٦ ) سالی دووەم – نیوەی دووەمی ئازار "مارس" ی ١٩٩٣

نرخی دینا ڕێکە

# (١) ی ئایار ڕۆژی مارش و هێزنواندنی سوپای جیهانی کـــارە!

## سەرووتار

### بیمەی بێکاری و یەکێتی بێکاران

ا مجدغفور

...نی یەکیتی بیکاران دەست پیشکەریەکی رابەرانـــە و
...یی هەلسوراونیکە لەو مەیدانەدا بو خوی درک بونە
...رسراوی لە بەرامبەر واقعیەتیکدا کە زوربەی خەلکی
...ن و عیراق دەرگیری بیکاری و تامین نەبوونی ژیان و
و هەژاری بووە روژ لە دوای روژ تەشەنە ئەکـات
...وێکی نادیار چاوەروانی یەتی ·

...ورەتی ئەم ریکخراوە ریکخستنی ئیعترازی بزوتنەوە-

## ١٨ ی مـــارس

### حەراسیمی ڕێزگرتن لەیادی کۆمۆنەی پاریس و ڕۆژی شوراله کوردســتان

روژی ١٩٩٣/٣/١٨ بو ریزگرتن لە یادی سوری کومونارەکان و روژی شورا لە کوردستان ،مەراسیم بە ئامادەبوونـــی نزیکەی٣٠٠٠ کەس لە کریکاران و هەلسوراوانی بزووتنـەوەی شورایی لە هولی ( هونەرمەندان ) لە سلیمانی بە سروودی ( ئەنتەرناسیونال ) دەستی پێکرد · پاشان ووتاریک لەژیر ناوی ( کومونەی پاریس و یەکەمین حکومەتی شورایی کریکاران ...

گشتی یەکان و پیکهینانی شوراکان لە ناوەندە کریکارییەکان و شوینی ژیان ) دواتر راپورتیک لەسەر(جێگا و شوینـــی شوراکان لە بزوتنەوەی کریکاری عیراق دا ) خویندرایەوە· ووتاری ( یەکیتی بیکاران) و ووتاریک سەبارەت بـــە ( مەحکوم کردنی کیمیابارانی هەلەبجە ) کە لە١٦ی ئـــەم مانگەدا پینج سال تیپەری بەسەر ئەم تاوانە دژی بەشەری یەی سەرمایەداران پیشکەش کرا. لە نیوان ئەم ووتاراندا چەندین سروودی شورشگیرانە و گورانی و شیعری کریکاری دەخوینرایە-وە ·بەر لە کوتایی مەراسیمەکە لە مینبەری ئازادەوە (قسەو باس رابەرانی کریکاری و هەلسوراوانی بزوتنەوەی شورایی) دەستی پێکرد· لەم گوشەیەدا هەلسوراوانی کومونیستـــی و رابەرانی نیو کارگەکانی جگەرە و البمە و چیمەنتو سەبارەت بە دەرس و تجربەکانی شوراکانی ئازار قسەویاسیان کرد ، بو سەر لە نوی هاتنەوە مەیدانی شورا کریکارییەکان و سونەتی شورایی هەرکەس رینوینی خوی دا · قسەو باس لەســەر ویست و داخوازی کریکاران سەبارەت بە ریکخراو بون لـــە ...

(٤٢)

# یەکسانی

بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانە / عیراق

ئازادی ئافرەتان
پێوەری ئازادی
کۆمەڵگایە

EQUALITY

ژمارە (١)

تەمموزی ١٩٩٣

## سەروتار

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ئامرازی ڕێکخستنی ڕیزو توانای ئافرەتانە بە دژی هەڵاواردنی جنسی ( التفرقه الجنسیه ) بۆ وێنە ، بێ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ، وەکو کردنەوەی ئافرەتان بە دەووری جێ بەجێ کردنی عەمەلیانەی داواکاریەکانمان .

ئیمەی ئافرەتان بۆ گۆڕینی وەضعیەتمان وەبەدی هێنانی مافەکانمان پێویستە بەهرەمەندبین لە ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆمان .

ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن وەمێژوو زانست ئەوەی سەلماندووە کە ئافرەتان دەتوانن دەوری کاریگەرو سودبەخش ببینن لە کۆمەڵدا وە هیچیان لە پیاوان کەمتر نیە ، بەڵام دەبینن کە ئافرەتان گەلێك بێ مافن ، بەهرەمەند نین لەو امکانیاتانەی کە هەر ئێستا لە کۆمەڵدایە ، لە بوارە سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکاندا لە ڕیزی دواوەن بۆ نمونە ئەگەر سەر ژمێریەك بکرێ دەبینین کە ٣/٤ ی ئافرەتان لە چوار دیواری ماڵەوەن و بێ کارن و خەریکی کاری بێ بەرهەمی ناو ماڵن وە تەنها ١/٣ ی ئافرەتان لە سەر کارن وە ئەم بەشەش بە هەمان شێوە لە سەر بنەمای ئافرەت بوونیان دەچەوسێنەوە . ئەمە لە کاتێکدایە کە علم و تەکنلۆجیا گەیشتوەتە رادەیەکی وەها کە ئەگەر لە خزمەت ئینسانەکاندا بێت چی تر ئافرەتان بەند نابن بە کاری نێو ماڵ و سەرقاڵی کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دیاری کردنی چارەنووسی کۆمەڵگا دەبن .

ئەم بارو دۆخە نارەزایەتیەکی فراوانی لە ناو جەماوەری ئافرەتاندا دروست کردوە بۆ بەستنەوەی ڕیزی ئەم نارەزایەتیە ضرورەتی پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی ئافرەتان هاتوەتە پێشەوە کە دیفاع کەری ڕاستەقینە وواقعیانەی ئافرەتان بێت بۆ خەباتی نەبراوەی ئافرەتان بە بێ جیاوازی میل و بۆچوونیان وە ئەم ڕێکخراوەیە پشت ئەستورە بە کۆبوونەوە گشتی ـ

بۆ ل (٢)

## تاکەی رەشەکوژی ؟

مافی ژیان ، مافی هێشتنەوەی گیان لە لەشدا مافی هەڵمژینی هەواو بینی تیشکی خۆر هەتا و سەرەتایی ترین مافی مرۆڤە ، بەڵام وادیارە لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئێستا ئەم مافە هیواو ئاواتێکە و دەبێت خەباتی بۆ بکرێت . لە سەردەمێکی وەکو ئێستاکە تیشکی زانیست رەنگی داوەتەوە لە بوارەکانی ژیاندا ، هێشتا مافی ژیان بە مافێکی مشروع نەناسراوە . ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵگای پڕ کێشەی سەرمایەداری کە تیدا ئینسانەکان بە پێی پێوەری جۆرا و جۆر قیاسی ئەکرێن ، هەر لە سەر بنەمای ئەم پێوەرانە مافی ژیانی کەسانێك زەوت ئەکرێت لە لایەن کەسانێکی ترەوە ئافرەتیش وەکو ئینسانێکی دەرەجە دوو یان ناقص العقل واتە وەکو ئینسانێکی ناتەواو ، سەندنەوەی ئەم مافە لێ ی مەشروعیەتی وەرگرتووە لە کۆمەڵگایەك کە لە سەردەمی پێشکەوتنی بێ وێنەی علم و تەکنەلۆجیا ژیانی ئینسانەکان بە پێ ی یاسە کۆنە پەرستەکانی چەرخە ناوەڕاستەکان ئەگوزەرێن ، کوشتن و برینی ژنان بۆتە کارێکی ئاسای و بە ئاسانی و سادەی وەك ئاو خواردنەوە یەك ئەنجام ئەدرێت ئەمە لە کاتێکدا کە دەولەت بریاری قەدەغە کردنی داربرین و جار ناجار قەدەغە کردنی سەربرینی هەندێك لە گیان لە بەران دەردەکات بۆ پاراستنی ( الثروة الحیوانیة ) یان بۆ جوان کردنەوەی دیمەنی

بۆ ل (٢)

### لەم ژمارەیەدا

- دەربارەی بارو دۆخی ئافرەتانی زیندانی
- دەباکۆتابی بێتەدەرکردنی ژنانی دووگیان لەسەرکار
- مافی نیشتەجێ بوون بەندە بە حجابەوە
- بەیاننامەی ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان

(٤٣)



کرێکارانی جیهان ، یەکگرن !
جیاوازی یەکانمان
لەکوێوە سەرچاوە دەگرن ؟
ڕەوتی کۆمۆنیست

(٤٤)



پەیامی کۆمونیزم ★
ژمارە / ..... / ..... / ١٩٩

تێزەکانمان

سەبارەت بە حیزب

سامان کەریم
ج . ڕێبوار
خەسرەو سایە
هـ . ئاسۆ

(٤٥)



٧/٤/١٩٩٢

# بەرەو پێکهێنانی حیزب

نزار عبدالله

(٤٦)

لە بڵاوکراوەکانی

بۆپێشەوە
FOR WARDS

# سەبارەت بە حیزب

بۆپێشەوە لەگەڵ :
ئارام محمد ، ڕێباز نوری ، ع ٠ ن
هیوا محمد (کرێکاری بیناسازی) ،
ژاڵە ( کرێکارێکی کارگە ئەهلیەکان )

(٤٧)



یەکی ئایار، ڕۆژی هێنانە مەیدانی هێزی چینایەتیمانە
بۆ بەدەست هێنانی داخوازی یەکانمان !!
نرخی "٣" دینارە
بڵاوکراوەی
یەکێتی کرێکارانی
کارگە و پرۆژە
ئەهلی یەکان
کاسۆکرێکار
ژمارە "٣"
ئایاری ١٩٩٤
دەبێت حکومەتی هەرێم ڕێکخراوە جەماوەری یە کرێکاری یەکان
بەڕەسمی بناسێ !
سەروتار
وا یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار، نزیک دەبێتەوە، و کرێکاران لە تەواوی دنیادا خۆیان بۆ یادکردنەوە و ڕێز گرتن لەم ڕۆژە و، بەرپاکردنی مەراسیم و ئاهەنگ و ئیحتیفالی دەمە چەشنە ئامادە دەکەن. جگە لەوەش لەم ڕۆژەدا هێزی ... چینایەتیمان دەهێنینە مەیدان و بە تەواوی حاکمان و زاڵمان و سەرمایەدارانی دنیای نیشان دەدەین، کە ئەوە ئێمەین، و هێزی ئێمەیە کە ئەم دنیایەی بنیات ناوە و هەرچی تێدایە بەدەست و پەنجە و بیری ئێمە بەرهەم هاتووە و ئەوکاتەی کە وەک چینێکی ڕێکخراو هێزمان بهێنینە مەیدان، نەک تەنها دەتوانین کارخانە و کارگە و ماشێنەکانی بەرهەم هێنان بووەستێنین، بەڵکو تەواوی کارگا و کارخانەکان و ماشێنەکان و هەرچی لەم دنیایەدا هەیە، کە هی خومانە، دەیخەینەوە دەستی خومان.
لێرەش، لە کوردستان، کرێکاران خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ پێشوازی لەم جەژنە چینایەتیەمان. لە سوێنی کاروژیانیاندا کۆمیتە و دەستەی تایبەت بە بەرپاکردنی ئەم جەژنەیان پێک هێناوە و، ڕێکخراوە کرێکاری یەکان و فیدراسیونی کرێکاران وەک پێویست بە پێشوازی یەکی ئایارەوە دەچن. وا خەریکە تەواوی کارگە و شەقام و گەڕەکان سیمای جەژنێکی شکۆدار لە خۆ دەگرن.
ئێمەش کرێکارانی کارگە و پرۆژە ئەهلی یەکان لەگەڵ باقی کرێکارانی کارگە و ناوەندە خزمەت گوزاری یە دەوڵەتی یەکان. و دەست لەناو دەست لەگەڵ ئەو هاوڕێ کرێکارانە ماندا، کە ڕۆژانە بەدوای کاردا وێڵن و کاریان دەست ناکەوێ و بێکار کراون. لەگەڵ هەموو ئەو زەحمەتکێشانەدا کە ڕۆژی یەکی ئایار بە جەژنی خۆیان دەزانن، و ڕزگاری خۆیان و هەموو ئینسانەکان لە ڕزگاری چینەکەماندا دەبیننەوە، با پێشوازی لەم ڕۆژە بکەین و جەژن بگێڕین.
بەڵام ئەم جەژنەی ئێمە بە تەنها جەژنی خۆمانە، جەژنی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان و دینەکانیان و حیزبەکانیان و ڕێکخراوە زەردە فریودەرەکانیان نی یە. وە نابێت ڕێگەی ئەوەیان پێ بدەین کە چۆن لە تەواوی ڕۆژانی ساڵدا لە کارگە و سوێنی کاردا، ... دەخۆن و هێزی کارمان بە تاڵان دەبەن. ئاوایش ئەم ڕۆژەمان لێ بدزن و بچن بە ناوی ئێمەوە قسە بکەن. ئەوە ئێمەین کە دەبێت لە ڕۆژی...
نارەزایەتی بێکارکراوانی
"CARE"
بۆ ل ١١
کرێکارانی فندق "ابو سناء"
خەڵاتی دیموکراسی و مافی مرۆڤیان
وەرگرت !!
بۆ ل ٤

(٤٨)

کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

# هەواڵنامەی دژی شەڕ

بۆ پێشەوە

ژمارە ٢ لە بڵاوکراوەکانی "بۆ پێشەوە" ئۆرگانی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ٦ی حوزەیرانی ١٩٩٤

## سەرووتار

### ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی ڕابەرایەتی ڕێکخراوی کوردستانی (ح.ك.ك.ع) دەربارەی شەڕی ناوخۆی کوردستان و هەڵسوڕانی حیزب و جەماوەری لە دژی شەڕ...

لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٩٤ دا، کۆمیتەی ڕابەرایەتی ڕێکخراوی کوردستانی حیزب، کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ باس لە شەڕ و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان و دیاریکردنی ئەو هەنگاوە عەمەلیانەی پێویستە بنرێ لە پەیوەند بەم وەزعییەتەی ئێستاوە لە لایەن هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، سەرەڕای ئەو هەنگاوانەی پێشوتر باس کراوە، پوختەی ئەم باسانە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئیشارەی پێ دەکەین:

١/ شەڕی نێوان (ی.ن.ك.) و (پ.د.ك.) لەسەر دەسەڵاتدارێتی لە سایەی بێ ئاسۆیی سیاسی ناسیونالیزمی کورددا ناتوانێ ئەو موناقەسەیە حەسم بکا کە دوای شکستی هەموو هەوڵە ئیداری و سیاسیەکان دەستی بۆ براوە لە پێناو دەرچوون لە بن بەست و ئەزمەیەك کە حکوومەتی هەرێم بەرەوڕووی بووەوە. ئەمڕۆ کە ناکۆکی و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەب لە سایەی باڵادەستی ئەمریکا و ناتەبایی بلۆکی غەرب و ئەورووپادا دەچێتە پێش و خەریکی ئاڵوگۆڕ پێکهێنانە، ناسیونالیزمی کوردیش وەك بەشێك لە هێزە دەرگیرەکان هەوڵی پاراستن و تەعریف کردنی مەوقعییەتی بزووتنەوەکەی دەدا لەو ئاڵوگۆڕ و کێشمەکێشانەدا. ئەم هەوڵە لە چوارچێوەی تەوازنی پێشووی نێوان یەکێتی و پارتیدا ناچێتە پێش و شەڕ

بڕوانە لاپەڕە ٢

## بەڵێ، ناسیونالیزم شەرمەزاریە بۆ بەشەریەت!

○ سمیر نوری ○

ئێمە ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت ئەم شیعارەمان بەرز کردووەتەوە، لە سەردەمی خۆیدا زۆرێك لە ڕۆشنفکران و لایەنگرانی ناسیونالیزم دڵگرانی و بێزاری خۆیان لەم شیعارە دەردەبڕی، بەڵام ناسیونالیزمی کورد ڕۆژی دەیان جار بە عەمەلی واقعییەتی دژی بەشەری و مەئسات هێنەری بەسەرجەم خەڵکی کوردستان پیشان دەدات، سەدان جار پیشانی داوە لایەنگری کردن لەم حەرەکەیە و انتما کردنی بۆی شەرمهێنەر و داتەکاندنی ئینسانە لە ماهییەتی ئینسانی خۆی.

ناسیونالیزم هەر ئەوە نییە جەنگە قەومییەکان بەرپا دەکات و لەسەر بنچینەی ئینتمای قەومی ئینسانەکان دەکا بە گژ یەکتردا و سەدان گۆمی خوێن لە سەراسەری دنیادا بۆ بەشەرییەت دەخوڵقێنێ، بەڵکو لە ناوخۆی یەك میللەتدا کەسەکانی یەك نەتەوە دەکا بە گژی یەکتردا و تەفرەقە و دووبەرەکایەتی، ئاوارەیی وماڵوێرانی و برسێتی و شەڕ بەرپا دەکات. بەڕاستی پێویستە ناسیونالیزم وا فضح بکرێ چۆن فاشیزم و نازیزم و ئەندەمێنتالیزم لە ئەورووپا فضح کراون، انتما کردن بۆی نەنگ بێ لە کۆمەڵگەدا و کەس ڕووی نەیەت انتمای خۆی بۆ ئەم بزووتنەوەیە ئاشکرا بکات.

ناسیونالیزمی کورد هەر لە جەنگی خلیجەوە چارەنووسی زیاتر لە ٤ ملیۆن کوردی کوردستانی کردووەتە قوربانی جەنگەکانی گەردەلولو

بڕوانە لاپەڕە ٣

## ئیحتکار کردنی نەخۆشخانەکان و بڕیاری مانگرتنی دکتۆرە مقیمەکانی هەولێر

ڕۆژی ٩٤/٥/٣١ بەیاننامەیەکی ناڕەزایەتی بەناوی هەموو دکتۆرە موقیمەکانی شاری هەولێرەوە سەبارەت بە احتکار کردن و میلیشیاریزە کردنی هەردوو نەخۆشخانەی جمهوری و ڕزگاری لە لایەن هێزەکانی هەریەك لە دوو لایەنی شەڕکەر "ی.ن.ك" و "پ.د.ك"ەوە، بڵاو کرایەوە. تیایدا داوا لە هەردوو لایەنی شەڕکەر کرابوو کە ئەگەر هەتا سەعات ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، واتە ٦/١، تەواوی هێزەکانیان لە سەر بینای ئەو دوو نەخۆشخانەیە نەهێننە خوارەوە، ئەوا دەست لە کار دەکێشنەوە و مان دەگرن. بەم پێیە لە ژێر

بڕوانە لاپەڕە ٦

## بێکارکردن بەهۆی شەڕەوە

یەکێك لە ئاکامەکانی ئەم شەڕانەی دوایی چوونە سەری نرخی پێداویستییەکانی ژیان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و ترسناك، کە کڕینیان لە توانای خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و دەست تەنگدا نەماوە. لە لایەکی ترەوە، لە جیاتی کۆتایی هێنان بەم شەڕە و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی لە خەڵکی کوردستان، دەرگای سەدان کارگەی شیرینی و ساردەمەنی دادەخرێن و هەزاران کرێکار بێکار دەکرێن، و خۆیان و ماڵ و منداڵیان ڕووبەڕووی مەترسی لە برسا مردن کراونەتەوە.

## پرۆفایلی سالار ڕەشید

سالار ڕەشید یان سالح عەزیز ڕەشید (هەر لە منداڵییەوە دوو ناوی هەبووە) لە ساڵی ١٩٦٠ لەشاری کەرکوک لە گەڕەکی ئیمام قاسم لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی نالی، ناوەندی لە قوتابخانەی کاوە و دواناوەندی لە قوتابخانەی سانەویی ئیمام قاسم و ئامادەیی عەبدولمەلیک تەواو کردووە.
لە ساڵی ١٩٧٩_ ١٩٨٠ لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەکان/ بەشی فیزیا وەردەگیرێ و لە قۆناغی سێهەمیدا بەهۆی وەستانەوە لەبەرامبەر بەجەیشی شەعبیکردنی خوێندکاران، لە زانکۆ فەسڵ ئەکرێت.
لە ساڵی ١٩٧٦ لەڕێگەی ئەسعەد عەزیز سۆفی شەریف (شێخ دارا)ەوە، کە ئەو دەمە لە سانەوی ئیمام قاسم لە پۆلی چوارەمی دواناوەندی هاوپۆلی یەک بوون، بە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە پەیوەست دەبێت و پاشان لە بەرواری ١٩٧٧/٧/٢٠ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە.
کاتێک کە "کۆمیتەی ئاگر" لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨١ کەوتە بەر هێرشی گرتن و ڕاوەدوونان، سالار بەرپرسی خەتێکی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و خەتێکی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بوو، وە پەیوەندی هەر بە هاوڕێ (ئەسعەد)ەوە هەبوو. ئەگەرچی کلێشەی ڕێکخستن و ناوی نهێنیی سالار (نەسرەوت) و ئەوەی، کە پەیوەندی بە ئەسعەدەوە هەیە و تۆڕی پەیوەندییەکانی گشت ئاشکرا ببوون و لەبەردەستی دائیرەی ئەمندا بوون و ئەوەی مابووەوە و مەعلووم نەبوو، تەنها ناوی تەواوەتی ئەو بوو، بەڵام بەهۆی خۆڕاگریی هاوڕێ ئەسعەدەوە، کە سەرباری ئەشکەنجەیەکی ئێجگار زۆر ناوی تەواوەتی ئەوی نەدرکاند و لەو شاڵاوی گرتنە ڕزگاری بوو.
سالار دوای ماوەیەک لە خۆشاردنەوە و ئیختیفا، کەوتەوە هەڵسووڕان و بیرکردنەوە لە دامەزراندنەوەی کۆمیتەی ئاگر و لێکگرێدانەوەی ئەندام و شانە و هێڵە لێکپچڕاوەکانی ڕێکخستن، کە بەتەواوی لێک هەڵوەشابوونەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار سەردانی زیندانی ئەبوغرێب و مووسڵی کردووە و بۆ

پەیوەندیکردن بە هاوڕێیانی دەرەوە و ناوەندیی کۆمەڵەوە، سەردانی گوند و بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵەی کردووە.
پاشان لە کۆبوونەوەیەکدا، لە تەمووزی ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی سوورقاوشان، کە پێک هاتبوو لە: "ئازاد هەورامی، ئەحمەد کرێکار، سالار ڕەشید، عەلی بچکۆل، مامۆستا قادر، محەمەد ئەحمەد"، کۆمیتەی ئاگر (کۆمیتەی ڕێکخراوی شاری کەرکووک) سەرلەنوێ لە سێ ئەندام پێک ئەهێنرێتەوە، کە ئەمانە بوون: "سالار ڕەشید، مامۆستا قادر، محەمەد ئەحمەد"، کە هەر یەکێک لەوان بەرپرسی کەرتێک بوو، بەم ناوانەوە: "کەرتی شەهید ئەنوەر حەسەن، کەرتی شەهید سەلاحی موهەندیس، کەرتی شەهید سیروان".
بەو جۆرە دوای ئەو زەبرە گەورەیە، سالار بە دامەزرێنەرەوەی کۆمیتەی ئاگر دەژمێردرێ.
لە هەمان کاتدا ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی "یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان"یش بەهۆی ئاشکرابوونییەوە لەبەریەک هەڵوەشابووەوە. ئەم لە دامەزراندنەوەی ئەو ئەنجوومەنەشدا وەک بەرپرسی لقی کەرکووک بەشداری دەکات و بەوپێیە دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانیش.
سالار ئەندامی کۆنفرانسی دوو و سێی کۆمەڵە و ئەندامی کۆنفرانسی دوو و سێی "یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان" بووە.
لەو ماوەیەدا یەکێک بووە لە کادرە هەرە ئاکتیڤ و بزێوەکانی شاری کەرکووک و زانکۆی سەلاحەدین، کە زیاتر لە ژمارەی پۆلێکی کۆمەڵە، ئەندامی بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵە ڕێکخستووە و چەند بەرابەریش دۆست و هەواداری لەدەوری ڕێکخستنەکانی یەکێتی ساز داوە.
لەو ساڵانەدا ماڵەکەیان لە گەڕەکی یادگار گەورەترین بنکەی سووری کۆمەڵە بووە، کە هەفتانە و بەشێوەیەکی دەوری زۆربەی کۆبوونەوەکانی تێدا ئەنجام دراوە. هەرچی بەیاننامە هەیە، بە ڕۆنیۆی سەرەتایی هەر لەوێ چاپ کراوە و پاشان لە نێوشاردا بڵاو کراونەتەوە. هەرچی چاپەمەنییەکانی شاخیش هەیە، ئەوێ یەکەم مەنزڵی بووە و پاشان لەوێوە بەسەر ڕێکخستنەکانی نێو شاری کەرکووکدا دابەش کراون.
ئەو بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢ لە زانکۆی سەلاحەدین و لە شاری هەولێر دەکات و شەوانە لە بەشە ناوخۆییەکانی

خوێندکاران لەگەڵ هاوڕێیانی تریدا، کات و شوێن و نەخشەی ڕۆژی دوایی خۆپێشاندانیان دیاری دەکرد و سەرەنجام دەگیرێت و ماوەیەک لە ئەمنی هەولێر زیندانی دەبێ.
لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤ و لەدوای بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە، بەهۆی ناکۆکیی فکرییەوە، لەگەڵ ٤٥ کەس لە هاوڕێکانی واز لە کۆمەڵە و یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان دەهێنێ.
ئەم کۆمەڵە ئەندام و کادرە لە ڕێگەی سالارەوە قسەوباسیان لەگەڵ مەلا بەختیار و ئاڵای شۆڕشدا هەبووە، وە بۆ مەبەستی پێکەوە کارکردن چەندین دانیشتنیان سازکردووە، لەوانە، کۆبوونەوەی سووورداش و کۆبوونەوەی ماڵی شێخ جەناب لە سەرچنار. بەڵام لە دواکۆبوونەوەیاندا لە ماڵی مەلا بەختیار و لە گوندی تەکیەی ناوچەی قەرەداغ (کە جگە لە سالار دوو هاوڕێی تریشی تیایدا بەشدار بوون)، بەهۆی جیاوازی لە تێڕوانین و لێکدانەوەیاندا، لێک دووردەکەونەوە و کۆتایی بە پەیوەندیی نێوانیان دێت.
لە ساڵی ١٩٨٤ لە کاتێکدا کە حکوومەتی بەعس دەیەوێت بەزۆرەملێ مەشقی جەیشی شەعبی بەسەر خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدیندا بسەپێنێ، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی کۆمیتەیەک بەنێوی "لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران"ەوە پێک دەهێنن و گەورەترین مانگرتن لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان ساز و ڕابەری دەکەن و لە دژی ئەو داوایەی ڕژێم دەوەستنەوە.
ئەوەی شایانی باسە، سالار یەکێک بووە لە ئەندامە زۆر ئاکتیڤەکانی ئەم لیژنەیە و زۆربەی ئەو بەیاننامانەی کە ئەم لیژنەیە بڵاوی کردوونەتەوە، لە نووسینی ئەو بوونە.
لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ڕێکخراوی کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست/ کۆتک دادەمەزرێنن. لە هەمان ساڵدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ئەڵقەی ئۆکتۆبەر دادەمەزرێنن.
لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی شارەکانی کوردستان هەڵسووڕاوێکی شووراکان لە شاری کەرکووک بووە.
لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ساڵی ١٩٩٣ بەشداری دەکات و لە مانگی مارتی ساڵی ٢٠٠٥ بەهۆی ناکۆکیی فکرییەوە واز لەو حیزبە دەهێنێ.
ماوەی ١٧ ساڵە لە وڵاتی سویسرا دەژی و خاوەنی ڕەگەزنامەی سویسرییە.

**بەشێک لە نووسراوەکانی:**

- "ڕابەر"، دەستنووسێکی٩٠ لاپەڕەیی ناوخۆیی بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شاری کەرکوک، دەربارەی شێوازی کارکردن لەنێو جەماوەر و چۆنیەتی خۆپاراستن و بەرخورد لە کاتی گرتن و زیندانیدا.
- مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و ناکۆکییەکان و کەرتبوونی، لێکۆڵینەوە، دەستنووسێکی ٤٠ لاپەڕەیی، لەنێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شاری کەرکووک بڵاو کراوەتەوە.
- "دەوڵەت"، لینین، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ساڵی ١٩٨٢، دەستنووسێکی ٤٠ لاپەڕەیی، لەنێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شاری کەرکووک بڵاو کراوەتەوە.
- "باوەگوڕگوڕ"، گۆڤار، ٣ ژمارە، بڵاوکراوەی لقی کەرکووکی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان. ئەم گۆڤارە لە لایەن ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ٤ی یەکێتی لە بالیسان چاپ دەکرا.
- مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاریی لە کوردستان، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ/ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- شۆڕشی سۆسیالیستی و مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، لینین، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٤/٨/١.
- بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، مەنسوور حیکمەت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/٩/١٧.
- تەرحی سازماندەیی ڕابەریی حیزب، مەنسوور حیکمەت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/٩/٢٣.
- دەستووری هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی دووەمی حیزب، مەنسوور حیکمەت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/١٠/٤.
- پێشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، ئیرەجی ئازەرین، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/١٠/٤.

- دەربارەی: "بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکان"، حەمیدی تەقوایی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/١٠/١٠.
- بانگەوازی بەستنی کۆنگرەی پێنج، حەمیدی تەقوایی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/١٠/١١.
- داوەتکردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/١٠/١٣.
- بڕیاری کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە پەیوەند بە یەکێتیی هاوسەنگەری لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/١٠/١٥.
- سەرنگوونیی کۆماری ئیسلامی و ڕۆڵی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، کۆرشی مودەڕیسی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٤/١١/٢١.
- تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ، کارل مارکس، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە، ٢٠٠٤/١٢/١٨.
- نامەیەکی لینین ڕۆژێک بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لینین، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٥/٥/١٧.
- سێ سەرچاوە و سێ بەشی مارکسیزم، لینین، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە، ٢٠٠٥/٥/٢٤.
- لۆدڤیگ فۆیەرباخ و فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، فریدریک ئەنگڵس، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک.)، ساڵی ٢٠٠٥.
- ئەرکەکانی بزووتنەوەی ژنانی کرێکار لە کۆماری سۆڤێتیدا، لینین، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە، ٢٠٠٥/٦/١٧.
- دەربارەی مانگرتن، لینین، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە، ٢٠٠٥/٧/٤.
- دەوڵەت و شۆڕش، لینین، وەرگێڕانی بەشی یەکەمی لە عەرەبی و فارسییەوە، ٢٠٠٦/١/١.

- حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، مەنسوور حیکمەت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٦/١/١٢.
- بزووتنەوەی سەلبی و ئیسپاتی، مەنسوور حیکمەت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٦/١/٣١.
- مەنسوور حیکمەت کێ بوو؟ نووسینی: حەمیدی تەقوایی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، ٢٠٠٧/٧/٢٠.
- هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی مەنسوور حیکمەت، دوو بەرگ (بە قەوارەی ١١٩١ لاپەڕە)، ئامادەکردن و پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨.
- چەندین وتار و چاوپێکەوتنی جۆراوجۆری دیکەی لە سایت و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاو کردووەتەوە.
- بەرپرسی بەشی کوردیی ماڵپەڕی ئەرشیفی مارکسیستەکان لە ئینتەرنێت (http://www.marxists.org/kurdi/)ە. ئەم ماڵپەڕە بە ٥٦ زمان ئاساری مارکسی بڵاو دەکاتەوە. ئەوەی شایانی باسە، بەشی کوردیی ئەم ماڵپەڕە لە ساڵی ٢٠٠٥ هەر لە لایەن خودی "سالار ڕەشید"ەوە دامەزراوە و "کەریم مەلا ڕەشید" کارە هونەرییەکانی دەباتە ڕێوە.

**سوپاسی زۆرم بۆ ئەم هاوڕێ و دۆستانە:**

_ تەواوی ئەو بەڕێزانەی کە گفتوگۆم لەگەڵدا کردن، کە بێگومان بەبێ هاوکاری ئەوان کارەکەی من بەئاکام نەدەگەییشت.
_ نادر عەبدلحەمید، کە بۆ پەیوەندیکردن بە ژمارەیەک لەو بەڕێزانەی، کە بۆ گفتوگۆ پێویستیم پێیان هەبوو، هاوکارم بوو.
_ نووری کەریم، شلێر عەزیز ڕەشید، ئازاد ئەحمەد ئەسوەد، موئەیەد ئەحمەد، کە نێوی کتێبەکەیان بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا و لەو ڕووەوە ڕاوێژم پێیان کرد.
_ سەردار عەبدوڵا کەریم، کە نەخشەی بەرگی کتیبەکەی کێشا.
_ فوئاد سادق (ستار محەمەد کەریم)، عوسمان محەمەد کەریم، کە ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەیان خستە بەردەستم و لەو بوارەدا سوودی گەورەم لەوان بینی.
_ ئەحمەد عەلی، لوقمان عەزیز ڕەشید، نەسرەو عوسمان، کە بۆ دەستڕاگەییشتن بەو ئەرشیفە کۆمەکیان کردم.
_ زاهیر باهیر، پێنج ژمارە (١_٥) لە ئۆرگانی کاری بە پۆست بۆ ناردم.
_ تاهیر ساڵح شەریف، ژمارەیەک لە ئۆرگانی "شۆڕشی کرێکاری"ی بۆ ناردم.
_ گۆران عەبدوڵا، ژمارەیەک لە بڵاوکراوەی "دەنگی بێکاران"ی بۆ ناردم.
_ سەعید ئەحمەد، سێ نووسراوەی کۆمۆنی بۆ ناردم و لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد ژمارەیەک لە "ئاسۆی سۆسیالیزم"یان بۆ ناردم.
_ نەوزاد عەلی ئەحمەد، بەیاننامەیەکی "لیژنەی ناوخۆی خوێندکاران"م لە لای ئەو دەستکەوت.
_ عەباس شوان، ژمارەیەک لە گۆڤاری "ئەدەبی کریکاری"م لە لای ئەو دەستکەوت.
_ عەلی مەولوود، ئەکرەم غەریب و سالاری ئاسنگەر، زیاتر لە ٢٠ بڵاوکراوەیان بە هاوکاری شاخەوان ناسیح و لە ڕێگەی "سەعید ئەحمەد"ەوە، بۆ ناردم.
_ هیدایەت مەلا عەلی، بە دوو بابەت هاوکاری کردم.
_ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سەرپەرشتیی لەچاپدانی کتێبەکەی کرد.

# A History in Memories

(Interviews on History of the Left and New Communism in Kurdistan)

Edited by: Salar Rasheed